کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# دیوانی قانع

## شاعیری چەوساوەکانی کوردستان

کۆکردنەوەی:
بورهان قانع

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قانع، محمد۱۸۹۸-۱۹۶۵م،
دیوانی قانع/کوکردنه وەی: بورهان قانع.—تهران
پانیـذد، ۵۸۴ص ۱۳۸۴ ،

ISBN:978- 964-7105-39-2
فهرستنویسی براساس اطلاعات فیپا
۱. شعر کردی—عراق- قرن ۲۰ م. الف. قانع، بورهـان،
گردآورنده. ب. عنوان.
PIR ۸ فا ۹/۲۱ د۲۸۸ق ۲۵ق ۷۴۳
س/۳۲۵۶۱۳۸۴
کتابخانه ملی ایران ۹۸۶۰-۸۴ م

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دیوانی قانع

## شاعیری چەوساوەکانی کوردستان

کۆکردنەوەی
**بورهان قانع**

پانیز

١٣٩٣-٢٠١٤

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پەخشانگای پانیز

دیوانی قانع
شاعیری چەوساوەکانی کوردستان

کۆکردنەوەی: بورهان قانع
چاپی: چاپخانەی دالاهو
ئەژمار: ۳۰۰۰ دانە
چاپی هەشتەم ۱۳۹۳
تهران، خیابان انقلاب، خیابان ابوریحان، نبش وحیدنظري، پلاك ۲٦

۲۲۱۹۰۹۵۱-۶۶۴۱۵۹۸۲

nashrepaniz@hotmail.com

ISBN: 978-964-7105-39-2 شابک:۹۷۸-۹۶۴-۷۱۰۵-۳۹-۲

ناوەندی بلاو کردنەوە:
سنە ـ کتێبی میدیا ـ ۲۲۲۸۳۲۷-۹۸۸۷۱+
سلێمانی ـ خانەی چاپ و بلاو کردنەوەی چوارچرا ـ ۰۷۷۰۱۵۷۵۰٦۷

۲۰۰۰۰ تمەن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ناوەرۆک

وێنەی شاعیر .......... ١
وتەیەک لەبارەی شاعیرەوە .......... ٣
نامە گۆڕینەوە بەشیعر .......... ١٩
چەند سەرگورشتەیەکی شاعیر .......... ٢٥

ئەلف

خواپەرستی .......... ٣٩
سوورەتی واللیل .......... ٤٠
پێنجخشتەکی .......... ٤١
چەرخە کۆن .......... ٤٣
یارمەتی خوا .......... ٤٤
یاری چی؟! .......... ٤٥
پەرۆشی دڵ .......... ٤٦
شیوەنی نیشتمان .......... ٤٧
شۆخی بێ پەروا .......... ٤٨
دڵی کۆنەم .......... ٤٩
دەردیسەر .......... ٥٠
ستایشی مەریوان .......... ٥١
چاوی یار .......... ٥٢
دەردی دڵ .......... ٥٣
گلەیی لەچەرخ .......... ٥٤
قوربانی خاک .......... ٥٥
هەناسەکەم .......... ٥٦
مەیلی دولبەر .......... ٥٧
بەرگی ماتەمی .......... ٥٨
چۆنیەتی زەمانە .......... ٥٩
پێنجخشتەکی لەسەر شیعری رەشید سدقی .......... ٦٠
تێهەڵکێش بۆ پێکەنین .......... ٦٢
لەگەڵ خواجە حافیزی شیرازیدا .......... ٦٣
ریشی پان .......... ٦٥

ب

نەڵێی پاشکەوتووی .......... ٦٦
سەری زولفت .......... ٦٧
ئاردەلانیەکان .......... ٦٨
وەسفی وەهاب .......... ٦٩
تێهەڵکێش لەگەڵ خواجە حافیزدا .......... ٧٠
هەتاوی ژێر هەور .......... ٧٢
شانازی .......... ٧٣
خاکت بەنرخە! .......... ٧٤
دەرویشیی .......... ٧٥

ت

گەڵباخی .......... ٧٦
پایەی نیشتمان .......... ٧٧
وەسیەت بۆ خەنجەر .......... ٧٨
پێنجخشتەکی لەسەر شیعری موفتی پێنجوێنی .......... ٧٩
تەپڵی شادمانی .......... ٨١
دڵی نەپشکوتوو .......... ٨٢
کاکی زاڵم .......... ٨٣

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


کروزانەوە بۆ هەژار .......... ٨٤
سلاو .......... ٨٥
بێکەسی .......... ٨٦

چ

پەروینە کچ .......... ٨٧
مەجلیس .......... ٨٨

خ

لەگەڵ شۆخ .......... ٨٩
پێنجخشتەکی .......... ٩٠

د

دیتنی ئالا .......... ٩٢
دروودی پێغەمبەر .......... ٩٤
تێهەڵـــکێش لەگـــەڵ
شیعری حافزی شیرازیدا .......... ٩٥
نەگبەتی کەهات .......... ٩٦
بابنووسم .......... ٩٧
سەربازیی .......... ٩٨
ئازاروداوا .......... ٩٩
گلەیی لە ناوچاو .......... ١٠٠

ر

دڵ راگرتن .......... ١٠١
گلەیی لەچەرخ .......... ١٠٢
دڵەی خەمبار .......... ١٠٣
نامەیەک .......... ١٠٤
چوارچوار .......... ١٠٧
تێهەڵـــکێش لەگـــەڵ
شیعری حافزی شیرازیدا .......... ١٠٨
خاتوو شەیتان لەخەودا .......... ١٠٩
سوودی ولاتم .......... ١١١
لەگەڵ قەڵەم .......... ١١٣
ملوێنکی گرێی دڵ .......... ١١٥
پێنج هۆی رزگاری .......... ١١٦
میهر بەهەژار .......... ١١٧
زانست بێ نازە .......... ١١٨
ئاخ... بۆ کەرێوا .......... ١١٩

سێسێی قانع .......... ١٢٠
چەکی یەکێتی .......... ١٢١
پەیمانی سەعداباد .......... ١٢٢
بۆ تاجری شەر .......... ١٢٣
گلەیی قانع لەرۆژگار .......... ١٢٥
پێنجخشتەکی .......... ١٢٦

ز

دەستی چەرخ .......... ١٢٨

ژ

تەمەن و ئارەزوو .......... ١٢٩

س

ئەمە لـە کـاتی شـەڕی
یەکەمدا وتراوە .......... ١٣٠
بانگی ئاگاداری .......... ١٣١
نامەیەک .......... ١٣٢

ش

ئەگەر مردم .......... ١٣٣

ع

مەی نۆشیی .......... ١٣٤

غ

باغ .......... ١٣٥

ق

ئەندێشە .......... ١٣٦

ک

بەختی ئاوارە .......... ١٣٧

ل

گەردوخول .......... ١٣٨
لەگەڵ دولبەر .......... ١٣٩

م

بیری گەنجی .......... ١٤٠
پێنجخشـتەکی لەسـەر
شیعری بێکەس .......... ١٤١
پێنجخشتەکی .......... ١٤٣
خەڵوەتخانە .......... ١٤٥
بە ئارامی .......... ١٤٦

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نابینا .......... ١٤٧
خەم بەبا نادەم .......... ١٤٨
داخی دڵ .......... ١٤٩
پێنجخشتەکی لەسەر
شیعری موفتی پێنجوێنی .......... ١٥١
روو لە مەهوەشان نەک
سادەروخان .......... ١٥٣
یاری دڵروبا .......... ١٥٥
خاکی وەتەن .......... ١٥٦
کرووزانەوە .......... ١٥٨
مێژووی کۆچی ئەحمەد
موختارجاف .......... ١٥٩
تەرکی رۆح و سەر .......... ١٦٠
نەکەم چی بکەم؟ .......... ١٦١
من و یار .......... ١٦٢
دەروون تاریکەکان .......... ١٦٣
تەناسب جەلبئەکا ئەبرۆ .......... ١٦٥
هەمە زمانکارە .......... ١٦٦
خەیاڵم وایە .......... ١٦٧
جەرگی براوم .......... ١٦٨
بۆ جەنابی .......... ١٦٩
وەسیەتی دایک بۆ کچ .......... ١٧٠
ئاهـوناڵەی دەروون .......... ١٧١
تۆڵە سەندن .......... ١٧٢
بادەنۆشی .......... ١٧٣
شێرەزای کوردم .......... ١٧٤
دوچارم .......... ١٧٥
دڵی خەم .......... ١٧٦
خەراباتی .......... ١٧٧
نامەیەک بۆ شێخ
محەممەدی خاڵ .......... ١٧٨
نازانم خۆم چیم؟! .......... ١٧٩

ن

نازەنین .......... ١٨٠
سەربازیی .......... ١٨١
لەگەڵ زانین .......... ١٨٣
هەرسێکمان .......... ١٨٥
لەگەڵ بولبول .......... ١٨٦
شێرانی مەکتەب .......... ١٨٨
لەمەولا چی بکەم؟! .......... ١٨٩
بۆ کچەکان .......... ١٩٠
قانع و کەرەکەی .......... ١٩٢
هەژاری .......... ١٩٤
هۆنەری ئەم زەمانە .......... ١٩٥
خۆمان یەکخەین .......... ١٩٦
با تێبگەین! .......... ١٩٧
سۆزی شەماڵ .......... ١٩٩
جەژنی قوربان (١) .......... ٢٠٠
پەرێشانی .......... ٢٠١
ئیش کردن .......... ٢٠٣
وەسیەت بەپێی رۆژگار .......... ٢٠٤
نەخۆشم! چی بکەم؟ .......... ٢٠٦
جەژنی قوربان (٢) .......... ٢٠٨
وەسیەتنامە .......... ٢٠٩
قەڵاچۆی دوژمن .......... ٢١١
دەست پێوەگرتن .......... ٢١٣

و

شیعری تور .......... ٢١٤
لەهاتنەوەی شێخی نەمردا .......... ٢١٥
جەنگی بوریان .......... ٢١٦
تێهەڵکێش .......... ٢١٧
لاسایی کردنەوە .......... ٢١٨
چۆن نەگریم؟ .......... ٢٢٠
برا خۆش بوو .......... ٢٢١
ئەسپەکەم .......... ٢٢٢
چاوت واپەرێشانە تەواو .......... ٢٢٣

هـ

مەریوان .......... ٢٢٤
پێنج خشتەکی لەسەر
شیعری کوردێک .......... ٢٢٦

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

... بۆ چییە؟ .......... ٢٢٨
پێنجخشتەکی .......... ٢٢٩
موناجات .......... ٢٣١
تێهەڵکێش .......... ٢٣٣
چوار کەژی ساڵ .......... ٢٣٤
چاوی یار .......... ٢٤٠
نازداری .......... ٢٤١
بێقەراری .......... ٢٤٢
لە پێش چاوم .......... ٢٤٣
پێنجخشتەکی لەسەر
شیعری حەمدی ساحبقەران .......... ٢٤٤
لەسەر شیعری حەمدی
ساحبقەران .......... ٢٤٩
سەبا .......... ٢٥٣
با، پێشکەوین! .......... ٢٥٤
نەورۆزنامە (١) .......... ٢٥٥
بەهاری .......... ٢٥٧
یاری من .......... ٢٥٩
شۆخی جوان .......... ٢٦٠
کوڵمی سوور .......... ٢٦١
خەتای بێعیرفانییە .......... ٢٦٢
پێنجخشتەکی .......... ٢٦٣
ئیشی هونەر .......... ٢٦٥
پیاڵەی مەی .......... ٢٦٦
لەسەرمایە .......... ٢٦٧
فیکری لوقمانی .......... ٢٦٨
خوێندن .......... ٢٦٩
گێرەشێوێن .......... ٢٧٠
نیشتمانم .......... ٢٧١
پێنجخشتەکی لەسەر
شیعری بێکەس .......... ٢٧٢
پێنجخشتەکی لەسەر شیعری
ئەحمەد موختار جاف .......... ٢٧٥
ئەم قەرنە .......... ٢٧٧
قوربان .......... ٢٧٩
وەتەن مژدە بێ .......... ٢٨٠
لەئاهی من حەزەرکە .......... ٢٨١
نەورۆزنامە (٢) .......... ٢٨٢
پێنجخشتەکی لەسەر شیعری
حەمدی ساحبقەران .......... ٢٨٤
خۆت بناسە .......... ٢٨٨
پێنجخشتەکی لەسەر
شیعری (فەریق) .......... ٢٨٩
جەژنەکەت چۆنە؟ .......... ٢٩١
پێشکەش بە ئارامگای
شێخ مەحموودی نەمر .......... ٢٩٢
چۆنیەتی ئەحواڵم .......... ٢٩٣
جەنگی دووەم .......... ٢٩٤
بانگ .......... ٢٩٥
لە بەندیخانەدا .......... ٢٩٦
پێنجخشتەکی .......... ٢٩٧
وزەی کۆنەپەرستی .......... ٢٩٨
نەفست بە بەرزی بگرە .......... ٢٩٩
پێنجخشتەکی بۆ پێکەنین .......... ٣٠٠
پێنجخشتەکی لەسەر
شیعری مەلا ئەحمەد .......... ٣٠٣
یەکێ بۆ وەرع و سیواکە .......... ٣٠٥
پێنجخشتەکی .......... ٣٠٦
ی
تێهەڵکێش لەگەڵ شیعری
حافزی شیرازیدا .......... ٣٠٨
وەسیەت بۆ کوتەک .......... ٣٠٩
خۆت بناسە .......... ٣١٠
شانازی بە ئەدیبەوە .......... ٣١١
پەرۆشی دڵ .......... ٣١٢
سەرم ناوێ .......... ٣١٣
پێنجخشتەکی لەسەر شیعری موفتی
پێنجوێنی .......... ٣١٤
من و فلس .......... ٣١٦
تێکۆشین بۆ دەرمان .......... ٣١٧

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دلدارەکەم کوانێ؟ .......... ٣١٨
پێنج خشتەکی لەسەر
شیعری کوردێک .......... ٣١٩
نەسیم .......... ٣٢١
پێنجخشتەکی لەسەر
شیعری موفتی پێنجوێنی .......... ٣٢٢
قانع و سەری .......... ٣٢٤
قانع و دڵی .......... ٣٢٧
بەرهەمی ناوخۆ .......... ٣٣٠
وەسفی وڵاتم .......... ٣٣٢
کوڕێکم ئەوێ، کوڕێکم
ناوێ .......... ٣٣٣
ڕەسمی سەرداری .......... ٣٣٥
پێنجخشتەکی .......... ٣٣٦
پێنج خشتەکی لەسەر
شیعری خاتوو خورشید .......... ٣٣٩
باخەوانی باخ .......... ٣٤١
سەروای ئازاد .......... ٣٤٢
ساقینامە .......... ٣٤٣
ئازیز هیلاکم .......... ٣٤٧
ماڵ بەش کردن لەگەڵ
براکەم .......... ٣٤٨
من و نان .......... ٣٥١
ڕەشبەڵەک لە جەژنی
لادێدا .......... ٣٥٢
لە بارەی بەچکە
شێخەکانەوە .......... ٣٥٦
هەتیو لەرۆژی جەژنا .......... ٣٥٧
سکاڵای نەسرین لای قانع .......... ٣٥٨
قانع و شوان .......... ٣٦١
ژیانی کچ .......... ٣٦٤
شیعری بێنوختە .......... ٣٦٧
لایلایە .......... ٣٦٨
ئاخ بۆ تەمەنی جوانی .......... ٣٧٠
دەردی دڵ لای یەزدان .......... ٣٧٤
لەگەڵ دارەکەی سەرکەل .......... ٣٧٥
لەگەڵ قەڵەم .......... ٣٧٧
چۆنیەتی نەخۆشینمان .......... ٣٧٩
گۆرانی شیوەن .......... ٣٨٢
نەونەمام .......... ٣٨٤
بەری یەکێتی .......... ٣٨٦
مازوو چنینی لادێ .......... ٣٨٨
شیوەن بۆ پیرەمێردی
شاعیر .......... ٣٩٢
لەگەڵ گردی سەیوان .......... ٣٩٥
لەگەڵ شاری خورماڵ .......... ٣٩٩
خۆزگەی قانع .......... ٤٠٣
بەهار .......... ٤٠٦
ژن مارە برینمان .......... ٤١١
یەک دواندن .......... ٤١٥
لەگەڵ گەنم .......... ٤١٦
هاواری دایک .......... ٤٢٠
قانع و گۆڕی موفتی
پێنجوێنی .......... ٤٢٣
وەسیەت بۆ وریا .......... ٤٢٦
کۆتری ئاشتی .......... ٤٣٠
دلداری لادێ .......... ٤٣١
شیوەن .......... ٤٤١
دوکتۆر فوئاد .......... ٤٤٢
هەندێ تیرە و بنەماڵە .......... ٤٤٤
وتەی خەیاڵی لەگەڵ
دارتوو .......... ٤٤٧
لەگەڵ شاخی هەوراماندا .......... ٤٥٤
تەڵقینەکەم .......... ٤٥٧
ئێش و ئازار .......... ٤٥٨
دەمەتەقێی (ن) و (س) .......... ٤٦٠
هەڵبژاردن .......... ٤٦٢
شیوەنی ئاگراوی .......... ٤٦٤
سنوورەکەم .......... ٤٦٦
ئالاکەم .......... ٤٦٨

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabtt.org



| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| خەونێک لە دەروونما | .......... | ٤٦٩ | گەشتێک لە بەهەشتا | .......... | ٥١٥ |
| کار کەناری میکایل | .......... | ٤٧٣ | ژنی دوو مێرد | .......... | ٥٢١ |
| کوشتوبڕ | .......... | ٤٧٤ | لەسەر گۆڕی فایەق زێوەر | .......... | ٥٢٣ |
| کۆچی دوایی (....ئاغا) | .......... | ٤٧٦ | ئەبوو عەلای معەری | .......... | ٥٢٥ |
| لادێی و بزن فرۆشتن و | | | من و بەخت | .......... | ٥٢٧ |
| هەڵبژاردن | .......... | ٤٧٧ | کورتــەی بەســەرهاتی | | |
| هاوڕێی خراپ | .......... | ٤٨٠ | میری ڕەواندوز | .......... | ٥٢٩ |
| کۆلکــە شــێخێک و | | | کور ئەبێ چۆن بێ؟! | .......... | ٥٣٤ |
| مەلەوانێک | .......... | ٤٨٢ | ئادەمیزاد وەکو گولالەیە | .......... | ٥٣٦ |
| لەگەڵ تاوسی تانجیدا | .......... | ٤٨٤ | چیرۆکی پشیلە و مشک | .......... | ٥٣٧ |
| وەسیەت (بۆ خەنجەر) | .......... | ٤٨٦ | سکالای دڵ | .......... | ٥٤٣ |
| باسی نۆکەری پیر | .......... | ٤٨٨ | نەتیجەی خۆهەڵکێشان | | |
| تۆبە کردن | .......... | ٤٩٠ | پەشیمانییە | .......... | ٥٤٥ |
| دەستی یەک بگرن | .......... | ٤٩٣ | دوژمن بەخێوکردن | .......... | ٥٤٧ |
| شیوەن بۆ فایەق بێکەس | .......... | ٤٩٤ | خزمەتکاری خراپ | .......... | ٥٤٩ |
| کۆتر و ڕاوچی | .......... | ٤٩٦ | گفتوگۆی دوو بولبول | .......... | ٥٥١ |
| فێڵبازی ڕێوی | .......... | ٤٩٨ | قانع و باز | .......... | ٥٥٣ |
| چی لە خاکدایە؟ | .......... | ٥٠١ | جووتیار و گاجووتەکەی | .......... | ٥٥٦ |
| وێنەکەم | .......... | ٥٠٣ | سوودی گەران | .......... | ٥٥٨ |
| سەرگروشتەیەکی مێژوویی | .......... | ٥٠٤ | خۆت بگەورە مەگرە | .......... | ٥٥٩ |
| دۆستی بەئومێد | .......... | ٥١٠ | دڵی دایک | .......... | ٥٦٠ |
| ڕاپەڕین | .......... | ٥١٢ | قانع و لێفەکەی | .......... | ٥٦٣ |
| کەر و زەماوەند | .......... | ٥١٣ | تاکەشیعرەکان | .......... | ٥٦٦ |
| گلەیی لە یار | .......... | ٥١٤ | چوارینەکان | .......... | ٥٨٠ |

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## وێنەی شاعیر

وێنەکـــەم هەڵـــبگرە کـــوردە بـــا ببـــێ بـــۆ یادگـــار
بـــا بمێنـــێ یادگـــارم پاشـــی خـــۆم بـــۆ ڕۆژگـــار
کوردە ئەم سەرمە سـەرێکە پڕ لـە سـەودای نیشـتمان
چاوەکـانم بـۆ کزیـی کوردانـە ئەشـکی دێتـە خـوار
ئەم دەمەم هەر ئەو دەمەس هـاواری هـۆزم پـێ ئـەکرد
گوێم هەرئەو دوو گوێیەیە ئەیبیست سەدای گریان و زار
دەسـتەکانم هـەر بـە ئاهـ و نالـەوە ئەمـدان لـە یـەک
گەهـ لە تەپڵی سەرمەدان و گاهێ سـینەی پڕ جـەخار
پەنجەکەم ئـەو پەنجەیـە کاتـێ کـە پێنووسـی ئـەگرت
شیعری کوردیم پێ ئەنووسی هەر لە یـەک هـەتا هـەزار
دڵ هەر ئەو دەنکاڵە گۆشتەس دایمـە پڕ بـوو لـە زووخ
جەرگەکەم چەشـنی کەبابـە بـۆ کـزیی کـوردی هـەژار
لاقـەکانم هەڵـگری لاشـەی زەبـوون و پـڕ خـەمم
یا بە شوێن نانا ئـەڕۆیین یـا لـە دەسـت دوژمـن فـیرار
**قانعـا** ئـەم دەردیسـەریە هـەر بـە تـەنیا تـۆ نـەبووی
ئیشـی هـەروا داخ و دەردە،چـەرخی کـۆنی ڕۆژگـار

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



**نەبوو ڕۆژێ لە کوردستان سەرۆکێ یاخۆ خەمخوارێ**
**هەمیشە بۆ ئەبێ کوردان بەڵا و ناسۆری لێ بارێ**
**ئەگەر مردم لەسەر قەبرم بنووسن تۆخوا یاران**
**شەهیدی عیشقی میللەت بووی کەچی نەتدی پەلامارێ**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## وتەیەک لە بارەی شاعیرەوە

سەرەتای وەرزی تاڵی ژیانی ئەم شاعیرە لە کۆتایی ساڵەکانی سەدەی نۆزدەیەمەوە، واتا لە ساڵی ١٨٩٨ی زایینییەوە دەست پێدەکات. دوای ئەوەی دەربەگەکانی ناوچەی مەریوان باوکی ئەم شاعیرەیان ئاوارە کرد و مڵک و ماڵیان داگیر کردن، بەدەم ئەو لێقەوماویەوە وەکوو منالی دەربەدەرێک لە ڕۆژی ١٥ی ئەیلولی هەمان ساڵدا لە ئاوایی ڕیشێن[1] لە بناری شارەزوور، لە دوای چوارده خوشک چاوی بەدنیا هەڵهێنا.

بەو حاڵەشەوە کڵۆڵی دەستی لە یەخەی نەکردەوە، لە تەمەنی ٤٠ ڕۆژیدا باوکی کۆچی دوایی دەکات و تازە پێڕەوکە دەبێ دایکیشی دەمرێ، مامەکانی نازی ناکێشن.

### ئاخۆ منالە دەربەدەرێک، لەو تەمەنەدا چۆن ژیابێت؟!

تۆماری ژیانی ئەم منالە مەینەتدۆستە لە زەمینەیەکی دەربەدەری و پڕ لە کوێرەوەریەوە دەستی پێکرد، شەرم نییە ئەگەر بڵێین ڕۆژان لە ناو منالاندا و شەوان لەسەر تەنووران ژیانی بەسەر دەبرد. تا ماوەیەک ئینجا بەهۆی خزمێکی دووریانەوە کە ناوی ئاغا سەید حسێن و خەڵکی دێی چۆڕ بوو لە ناوچەی مەریوان پێ دەنێتە زەمینەی ژیانێکیترەوە، ناوبراو دەیباتە لای خۆی و لە حوجرە دەینێتە بەر خوێندن، بەپێی نەریتی فەقێیەتی ئەو ڕۆژگارە لە سوختەییەوە دەست پێدەکات، بەر لەوەی بە تەواوی فێری خوێندنەوە و نووسین بێت جاروبار شیعری سەرزەنشتیی دائەنا و هەر ئەمەش بوو بە بنچینەی شاعیرێتی دوا ڕۆژی. کاتی بێ ئیشی خۆی بە خوێندنەوەی شیعر و بابەتی ئەدەبییەوە ئەبردە سەر، شیعر لەو کاتەدا شەوچەرەی کۆڕی شەوانە و

---

١. هەرچەندە لە هەندێک چاپەمەنی سەردەمی ژیانیا وا نووسراوە، لە دێی کەوڵۆس لە دایک بووە، بەڵام ئەوە بۆ مەبەستێکی تایبەتی بووە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

کەرەسەی ڕۆشنبیرکردنی جەماوەر دەبێ؛ بۆیە ئەمیش یەکێک دەبێ لە سەوداسەرەکانی بازاڕی شیعر. کە ئاگری یەکەمین شەڕی جیهانی گەیشتە ناوچەی مەریوان، لەبەر ئەوەی لایەنی ئاینی لە شەڕەکەدا بەهێز بوو، زۆربەی ڕۆشنبیرە ئاینییەکانی ئەو سەردەمەی ناوچەکە ڕاستەوخۆ تێکەڵاوی شەڕەکە بوون و خەڵکێکی زۆریان لەگەڵ خۆیان ڕاپێچی ناو شەڕەکە کرد. بێ ئەوەی کە لە ئیستراتیجیەتی شەڕەکە و لایەنە سیاسیەکانی و نیازی ئیمپریالیزم و مەبەستەکانی بگەن. ئەمیش یەکێک دەبێ لەو کۆمەڵە ڕۆشنبیرە ئاینیانەی ئەو سەردەمەی ناوچەکەیان و وەکوو یەکێک لەوان بەشداری شەڕەکە دەکات. لایەنی بە ئاین بۆیاخکراوی شەڕەکە گەلێک کار دەکاتە سەر ڕێبازی بیرکردنەوەی، بۆیە ئەو سەرەتا شیعرییەی کە لەسەر سەرزەنشتکاری دامەزرابوو بەجێی دێڵێ و ڕوو دەکاتە شیعری بابەتی ئاینی و خواپەرستی، هەر وەکوو لەم نموونەیەدا دەردەکەوێ:

یا موحەممەد لێوبەبار و دڵ بە بوریانم مەکە
ئەی ڕەئیسی هەر دوو دنیا! دیدە گریانم مەکە
دەستەئەژنۆ و چاوەڕێگەی دەستی یارانم مەکە
من کە ئالی تۆم، زەلیلی باری عوسیانم مەکە
غەیری قاپی ڕەئفەتت، بۆ کەس سەناخوانم مەکە!

کە شۆڕشی ئۆکتۆبری سۆشیالیستی بە پێچەوانەی نیاز و ئارەزووی ئیمپریالیزم تای کێشی سیاسی ئەنجامی شەڕەکەی بە بارودۆخێکی سەر بە قازانجی زۆربەی گەلانی ناوچەکە کێشایەوە، سەرەتای بیرکردنەوەیەکی نوێ لە ژیانی ڕۆشنبیریی شاعیردا سەری هەڵدا. دوای ئەوە جارێکی تر دەست دەکاتەوە بە خوێندن، ئینجا هەوای گەڕان بە ناو شارەکانی کوردستاندا دەبێتە خولیای، هەر بۆیە بۆ خوێندن سنە و سابلاخ و شنۆ و سەقز و هەولێر و کۆیە و کەرکووک و سلێمانی و بیارە گەڕاوە[1]، دوا قۆناغی خوێندنی دێنێتەوە مەریوان و ئینجا بە یەکجاری دەستی لێ هەڵدەگرێ.

لە سەرەتای لاویدا دوچاری نەخۆشی تەنگەنەفەسی (Asthma) دەبێ و تا دێت لێی زیاد دەکات و، لە ئەنجامدا هەر بەو ئازارەیش سەری نایەوە.

١ . لە هەندێک لەم شوێنانەدا کەمتر لە مانگێک و یان چەند ڕۆژێک ماوەتەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی

ئەو ناکۆکیە خێڵەکیانەی نێوان بنەماڵەی شاعیر و دەرەبەگەکانی ناوچەی مەریوان، ماکێکی لەبیرنەچوونەوەی لە دەروونی شاعیردا خولقاند، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە ناو جموجۆڵی فیکری شاعیردا زیادی دەکرد. ئەمە لە لایەک، لە سەرەتای بیستەکانیشدا بەدواوە کە ناوبەناو هەواڵی پەیوەندی سیاسیانەی توندوتۆڵ و هاریکاری نێوان کۆڕ و کۆمەڵ و تاقمە سیاسیەکانی ئەو سەردەمەی کوردستانی تورکیا و کەمالییەکان دەگەیشت، بێئارامی خۆشی شاعیری دادەگرت. دیسانەوە لە لایەکی تریشەوە سەرکەوتنی شۆڕشە مەزنەکەی ئۆکتۆبر و سەرەتای بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانەی دژ بە فاشیزم لە ناو توێژ و کۆمەڵە خوێندەوارەکاندا، ئەمانە هەموو زەمینەیەکی نیشتمانپەروەرانە و نەتەوایەتییانەیان خولقاندبوو، وە پاشگەزبوونەوەی کەمالیەکان بەرامبەر مەسەلەی کورد و بەرپابوونی شۆڕشە ناوبەناو پچڕاو و یەک لەدوای یەکەکانی کوردستانی تورکیا (ئاگریداخ) بیروباوەڕی زۆربەی لاوە خوێندەوارەکانی خستە بەر مەودایەکی نەتەوایەتی و نیشتمانیانەی کاریگەر.

وا ڕێکەوت بیروباوەڕی نەتەوایەتی لەو ناوچەیەدا کە پاشکۆی ناوچە پێشکەوتووەکانی کوردستان بوو کەوتە پێش بڵاوبوونەوەی مەودای فراوانی بیروباوەڕی سۆشیالیستی، وە ئەمەش زۆرتر بەهۆی هەندێک پیاوە بەناو ئاینییەکانەوە بوو کە پروپاگاندەی ئەندێشاوییان لە دژی یەکگرتنی گەلان و ڕێبازی نێونەتەوەیی ـ ئەنتەرناسیونالیزم ـ بڵاو دەکردەوە. هەروەها پروپاگەندەی هەرەوەزیدار و دەستەی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستانی ناوخۆ و گرانی باری مەسەلەکە ماوەی ئەوەیان نەدا بیری سۆشیالیستییانە بە فراوانی بەرەو پێشتر بکەوێ. بەڵام مەسەلەی نەتەوایەتی لە بواری سیاسی ئەو ڕۆژەدا، بووە هەوێنی هەموو پارچە نووسین و قسە و باسێکی نیشتمانیانە. شاعیر و ڕۆشنبیر و مەلا و فەقێ و خوێندەوارە پێشکەوتووەکان حەزیان لە باس کردن و گێڕانەوەی بەسەرهاتی شەڕ و شۆڕ و سەرکەوتن بەسەر بەرەی ئیمپریالیزمدا دەکرد. لەم کاتەدا کە سەرەتای شاعیرێتی شاعیر بوو زۆر بە گورجی باری سەرنج و شێوەی ناوەڕۆکی شیعرەکانی لە دڵداری و ئاینییەوە گۆڕدران بۆ نیشتمانپەروەرێتی. وەکوو خۆی چەند جارێک باسی کردووە و لە پێشەکی دیوانە شیعرەکانی سەردەمی خۆیدا و لە چەند لایەکی تریشەوە لێی دواوە، کتێبێکی دەستنووسی فارسی بە ناوی (وقایع الاردلانی) دەست دەکەوێ کە باسی ڕاپەڕینەکانی تیرەی ئەردەلانییەکان دەکات بەرامبەر بە داگیرکەران، ئەمەیش ئەوەندەی تر کار دەکاتە سەر دیوی ناوەوەی

دیوانی قانع
کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org



دەروونی شاعیر و بەرهەمە شیعریەکانی. لێرەدا بە تەواوی قۆناغی شیعری دڵداری بەجێ دەهێڵێ کە ئەمە نموونەیەکی شیعری ئەو سەردەمەیەتی:

دیدەم نەونەمام، دیدەم نەونەمام
دیدە ڕاستەکەم، باڵا نەونەمام
بۆچی ناپرسی لە حاڵی خولام؟
هەتا قیامەت من هەر بە تەمام
دڵەی نازارت لە چی ڕەنجاوە؟
گەرمە مەیلەکەی ئەوسات نەماوە؟
مەیلت بۆ ساردە بە قسەی بەدگۆ؟
بە قسەی ڕەقیب مەمکە ڕەنجەڕۆ

وەیان:

مەسیح گەر بێتە سەر قەبرم بخوێنێ پێیئەڵێم: لاچۆ
دڵم پێکراوی تیری غەمزە و پەیکانی موژگانە
ئەگەر تۆ نۆبەرەی ماچێکی لێوی خۆت بە من بەخشی
مەعابد چۆڵ ئەکەم بیللا، ئەچم بۆ کونجی مەیخانە

شاعیر دوای ئەو قۆناغە دەبێتە شاعیرێکی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەر، لە بواری نەتەوایەتی و نیشتمانیانەدا بەجەرگانە دەڵێ:

ئەی وەتەن! خۆ من بە ناحەق سەرکز و ئاوارە نیم
ڕۆڵەکەی خۆتم بە پاکی دوژمن و خوێنخوارە نیم
چونکە ڕۆڵەی کوردستانم، وەحشی و پەتیارە نیم
وا مەزانە! کەوتە ڕۆژی خۆی، وەها بێکارە نیم
سەیری مەغزی دوژمنت کە، تێکەڵی خوێناوە

یان وتوویەتی:

قوربانیی ئەم خاکەیە، ئەم ڕۆحە لە بەرما
سۆزی دڵی پڕ دەردە، کە خولیایە لە سەرما
ئامادەیی مەیدانم و ئەم بەرگە کە پۆشیم
کفنە، نەوەکوو چاکەت و پانتۆڵە لە بەرما

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabar.org

هەر لە سەرەتای سیەکانەوە تا کۆتایی، دیاردەیەکی نەتەوایەتیانەی بە جەرگ لە ناو شیعرەکانی شاعیردا سەری هەڵداو جێگای خۆی کردەوە.

بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی سۆشیالیستیانە لە لایەن کاربەدەستانی حوکمی ئەو سەردەمەوە بەربەست کرابوو، بەڵام ئەوەندەی لە کەلەبەری نێوان دەزگاکانی پۆلیسەوە دەهاتە ناو کۆمەڵانی خەڵکەوە سوودی لێ وەردەگیرا و خەڵکی زۆرلێکراو و چەوساوەی ئاگادار دەکردەوە، لەو کاتەدا باس و بەسەرهاتی شۆڕشی ئۆکتۆبری سۆشیالیستی و ئامانج و لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و نەتەوایەتییەکان بە زۆری بەسەر زارەکی باس دەکران، ئەمەش زەمینەیەکی وای خولقاندبوو کە هەر تاکە شتێک بە چەند جۆرێکی جیا لەیەک لێک بدرێنەوە بەڵام بە شێوەی گشتی وەکوو مەسەلەیەکی سیاسی زیندوو خەڵکی باسیان دەکرد و بە پیریەوە دەچوون. ئەم چوارینە شیعرەی خوارەوە نموونەی سەرەتای هەست کردنی شاعیرە بە ڕژێمی سۆشیالیستیوە. شاعیر لە شیعرەکانیدا پێش پێویستییەکانی سەردەمی خۆی کەوتووە و بەمجۆرە داوای یەکسانی کردووە:

با سێقات نەبێ خانوو و سەراکەت — پارەی قاتێکیان بدە بە براکەت
دەوڵەمەند مەڵێ هەولی بۆ خۆیە — نەبوونیی هەژار، نەبوونیی تۆیە

ناتوانین قۆناغەکانی بابەتی شیعری شاعیر لە سییەکاندا بە وردی دەستنیشان بکەین. تەنها ئەوەیە لەو ماوەیەدا شیعری هەمە بابەتی وتووە. دڵداری، نیشتمانی، کۆمەڵایەتی، نەتەوایەتی هەر وەکوو لە بواری کۆمەڵایەتیدا وتوویە:

پرچ و بەرماڵ و سیواک و ڕیش و کەشکۆڵ و عەبا
بۆ سواڵن، کەی ئەمە ئەسپابی ژین و حورمەتە؟!

وەیان وتوویێتی:

دەستی مەردی توند لە ئەڵقەی کاسبی مەحکەمبکە
پوولێ ناکا هیممەتی پیرشالیار و کۆنەپۆش[1]

---

١. دوو ڕابەری ئایینی بەناوبانگن. لە هەورامان و ناوچەی شلێردا بوون.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


بەهۆی دووهەمین شەڕی جیهانییەوە بیروباوەڕی پێشکەوتوانە لە ولاتدا پەرەی سەند و ئەم پەرەسەندنەش بووە هۆی زیاتر هاندانی شاعیر لە دژی ڕژێمی دەربەگایەتی و کۆلۆنیالیزم. وەکوو وتمان ئەو ناکۆکیە خێڵەکیانەی نێوان شاعیر و چەند دەرەبەگێک گۆڕایە سەر شێوەی کێشەیەکی سیاسی دژ بە تێکڕای ڕژێمەکە. هەرچەندە مەودای بیرکردنەوەی لە کێشەی نێوان خاوەن‌ملک و ڕەعیەتەکان قووڵتر بوایەتەوە ئەوەندە هەڵوێستی بەرامبەر تێکڕای دەرەبەگایەتی توندتر دەبوو، لەم قۆناغەدا شاعیر تێکەڵ بە ئەدەبی شۆڕشی نهێنی بوو، جەمسەری فیکری بە ئەدەبی شۆڕشگێڕانەوە جۆشی خوارد وەکوو وتوویە:

کاکی مالک پێم بڵێ بۆچی ئەمە ئایینتە
خوێن‌مژینی ژێردەسەی بێدەسەلاتان دینتە
یەک قرۆشت‌دا بە ڕجعی تورک و تاپۆت گرتەدەس
تا قیامەت ئەو قرۆشە مایەکاری ژینتە

لەبەر ئەوەی کۆمەڵگای کوردەواری ئەو سەردەمە کۆمەڵگایەکی ئاینی و دەربەگایەتی بووە، سروشتی کۆمەڵگاکەمان لە ولاتێکی پیشەسازی نەچووە کە دەسەلاتی سەرمایەداران خەڵکیان چەوساندبێتەوە بۆیە شیعرەکانی بە زۆری لەگەڵ جووتیاراندا دەدوێ و بەرهەڵستی دەربەگەکان دەکات.

وەکوو وتمان لە سەرتاپای سیەکانا شیعرەکانی شاعیر بە زۆری لە ناو کەوانێکی نەتەوایەتیانە و نیشتمانیدا دەسووڕایەوە. خۆشەویستی بۆ خاک و گەلەکەی لە زۆربەی شیعرەکانی ئەو سەردەمەدا خۆی دەنوێنێ. لایەنە لە یەک نەچووەکانی شیعرەکانی شاعیر ئەوە دەگەیەنێ کە زادەی فیکری یەک سەردەم و پێویستی یەک قۆناغ و بەرهەمی یەک ئێش و ئازار نین. وە زۆربەی شیعرەکانی ئەم قۆناغەی ڕواڵەتی چەرخێکی ئەدەبی نوێی پڕ لە سیاسەت نیشان دەدات. شاعیر باوەڕی بە یەک‌گرتنی جەماوەر و سەرکەوتنی ڕژێمی سۆشیالیستی بووە، بۆیە بەم جۆرە ڕوو دەکاتەوە دەربەگ و هەواڵی شۆڕشی نهێنی دەدا بە گوێیدا و دەڵێ:

گوێ گرە قانوونی سۆشیالیستی دەنگی دایەوە
ڕۆژی مەرگت زۆر نزیکە ئەو دەنگە یاسینتە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نۆکەر و پێشخزمەت و کارەکەر و دایانەکەت
کەوتە ڕۆژی خۆی بزانە دوژمنی خوێنیتە
باخێ هێندە قایم و مەحکەم نەبووی من نەتگەمێ
دەستی ئیستعمارە هێز و کۆمەک و پەرژینتە

شاعیر دەرەبەگایەتی ـ وەکوو چینێک ـ بە دوژمنی سەربەستی گەل و پاشکەوانی داگیرکەر زانیوە، بەڵام بە شێوەی تاکەکەس پەیوەندی دۆستانە و ڕازونیازی لەگەڵ گەلێک دەرەبەگ و خاوەنملکدا هەبووە.

لە سەرەتای چلەکانەوە ـ بەتایبەتی لە ڕۆژگاری دووەمین شەڕی جیهانیدا ـ ڕێبازی سۆشیالیستی وەکوو دیاردەیەکی سیاسی زیندوو لە ناو شیعرەکانی شاعیردا دەرکەوت و سەری هەڵدا[1]، بەڵام شاعیر بەو شێوە ساکارییەی کە زۆربەی ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە ـ بەتایبەتی لادێنشینەکان ـ لێی تێگەیشتوون، مامەڵەی لەگەڵ مەسەلەی سۆشیالیستیدا دەکرد و بەپێی حوکمی تێگەیشتنی لە مەسەلەکە ـ نەک بەو مانا و مەفهوومە فراوانە گشتییەی ئەمڕۆ لە ئارادایە ـ لە ناو کۆڕ و کۆمەڵە لادێنشینەکاندا سەربەخۆ باسی دەکرد. وە لەم ڕووەوە شیعرەکانی ئەو سەردەمەی زۆربەیان لەگەڵ جووتیار و کرێکار و شوانکارە و تەواوی لادێنشینەکاندا بێ پێچوپەنا دەدوێ و پەیوەندییەکی ڕیشەداری بە ناخی ژیان و باری کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەی گەلی کوردەوە هەیە، بۆیە داوای یەکگرتنی لێ کردوون کە ئەم شیعرانەی تەعبیر لە ژیانی خۆی و کۆمەڵەکەی و پێویستی یەکگرتنیان دەکات:

یەکگرن ئەیچینی جووتیار، یەکگرن　　　یەکگرن ڕۆڵەی کرێکار، یەکگرن

شاعیر لەو باوەڕەدا بووە کە لە وڵاتێکی فرەنەتەوەدا مومکن نابێ هەموو نەتەوەکانی ناو چوارچێوەی ئەو وڵاتە وەک یەک بژین و لە ڕووی یاسای کۆمەڵایەتیەوە یەکسان بن و ئابووری وڵات بە ئابووری هەموو نەتەوەکان و وەکوو یەک بدرێتە قەڵەم و وەکوو یەک سەربەستی سیاسییان بدرێتێ، بۆیە هەمیشە لە هەڵوێستی سیاسییانەی نەتەوە سەرەکیەکانی ئەو جۆرە وڵاتانە سڵەمیوەتەوە و لە شیعرەکانیدا ئەمەی بە لادێنشینەکان گەیاندووە. لە شیعرەکانیدا تاوانی ژێرکەوتنی هەموو ڕاپەڕینەکانی

---

١. شاعیر لە ویژدانی نەتەوەکەیەوە سەیری مەسەلە نێونەتەوەییەکانی کردووە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەتەوەی کوردی خستۆتە ئەستۆی کۆنەپەرستی ناوخۆ و سەرکردایەتی خێڵەکیانە یان تاکەکەسی و بەرەی ئیمپریالیزم، وە ئیمپریالیزمی هەمیشە بە دوژمنی ڕاپەڕینی گەلان داناوە. ڕاپەڕینەکانی کوردی هەرگیز بە ڕاپەڕین لە دژی نەتەوەکانی دراوسێی دانەناوە؛ بەڵکوو بەدژی ئەو ڕێژیمانەی داناوە کە حوکمیان تیا کردووون و بوونەتە داردەستی ئیمپریالیزم. لە بارەی ئاینەوە بە شێوەی گشتی خواپەرست بووە ئینجا بەو مەفهومە فراوانەی کە باس دەکرێ یان نەو، بەڵام هەندێک هەڵوێستی ئاینی لە وڵاتدا بە بەشێک لە کەرەسەی دەست بەسەر فیکری ئازادیخوازانەدا گرتن دائەنا. هەر لەبەر ئەمەش بووە حەزی لە مەلایەتی کردن نەکردووە، هەر وەکوو لەم شیعرەدا دەردەکەوێ:

لەبەر پەستی گەلی کوردە، کەوا بێگانە زاوامە
لەسەر ئەم هۆزە چەن ساڵە بەتەنیا هەوڵ و داوامە
بە خۆڕایی لە دەستی دا سەفای ئەم زێد و ماوامە
مەلایی و خوێندەواری خو و ڕەوشتی خۆم و باوامە
بەڵام، من ئارەزووی نان و ژیانی وەک مەلا ناکەم

هاتنە پێشەوەی بازاڕی دووەمین شەڕی جیهانی ـ وەکوو باسمان کرد ـ ناوەڕۆکێکی نوێی خستە ناو شیعرەکانی شاعیرەوە، شاعیر وەکوو زۆربەی ڕۆشنفیکرەکانی هاوچەرخی، لەو باوەڕەدا بوو کە دوای کۆتایی شەڕەکە بە قازانجی بەرەی گەلان و لەناو چوونی دەسەڵاتی ئەڵمانیای هیتلەری و نازیگەری لە جیهاندا مەسەلەی نەتەوە ژێردەستەکان بەلایەکدا دەخرێ و کوردیش وەکوو یەکێک لەو گەلە ژێردەستانە بە ئاواتی ڕزگاری خۆی دەگات. هەر وەکوو لەم شیعرەدا ئاوات و چاوەڕێیی شاعیر دەردەکەوێ:

کوردە! وەرە بنوارە دەوای دەردت لە کوێیە
هەر پەیڕەوی لینینە، دەوا و چاری نەخۆشین
نابی بە کەر و عەبدی هەموو بەگلەر و توججار
لۆرد نابێ بە باخات و، گەدا نابێ بە پەرژین
ماڵ و سەر و ڕۆحم بە فیدای ئاگری سوورە
ئەو ئاگرە پڕجۆشە ئەکا ڕەجمی شەیاتین

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چەن خۆشە کە ئەو ڕۆژە بڵێسەی گڕی ئاگر
وەک بەرقی غەزەب دێتودەچێ لێرەوە تا چین
تۆڵەی من و تۆ وەرئەگرێ کوردە لە چەرچل
ئەو ڕۆژە کەوا خەتمی ئەکا شۆڕشی بەرلین

بەڵام بە پێچەوانەوە هاتە دی، بەرەی گەلانیش سەرکەوت و کەچی توندوتیژی سیاسی دژوار لە وڵاتی کوردەواریدا لە جاران خراپتر مایەوە.

لە زۆربەی شیعرەکانیدا داوای هەڵتەکاندنی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانەی کردووە کە لە دەرەوەی وڵاتەوە هێنراون و لەو باوەڕەدا بووە کە تەنیا نەریتە کۆمەڵایەتیە ڕەسەنەکانی ناوخۆ دەتوانن خزمەتی قازانج و دەسکەوتی نەتەوایەتی زۆربەی خەڵکی کوردستان بکەن، هانی پیشەکارەکانی داوە کە بەهێزی بەرهەم هێنان ڕێ لە بازاڕ و بواری بەرهەم هێنان و دەست بەسەراگرتنی بازرگانێتی بێگانە بگرن. بڕوای بە مەسەلەی خێڵەکیانە و عەشیرەتگەری نەبووە و داوای لە خەڵک کردووە لێی دوور بکەونەوە، هەر وەکوو لەم شیعرەدا بەدیارە:

بینێنە گۆڕی تارەوە ڕسوومی عەشیرەتی
فەرقی مەخەن لە بەینی غەنیدا هەتا مزۆر

وە لە بارەی مەسەلەی ئافرەتەوە ئەوەندەی بۆی کرابێ و توانیبێتی لە کۆڕ و کۆمەڵەکاندا باسی سەربەستی ئافرەتی کردووە و داوای لەناوبردنی دیاردەی ئەو بنچینە کۆمەڵایەتیانەی کردووە کە ئافرەتی کوردەواری پابەندی پاشماوەی ڕژێمی دەرەبەگایەتی لەناوچوو ماڵە باوان کردووە و چارنەکردنی گیروگرفتی ئافرەتی کوردەواری لە ڕووی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابورییەوە بە نیشانەیەکی ترسناک داناوە لە بەردەم ڕێبازی ڕاپەڕینی هاوچەرخانەی تێکڕای کۆمەڵدا. وە داوای کردووە ئافرەت لە هەموو بارودۆخێکدا لە ڕووی تیۆری و کارکردن (پراکتیک) و مافەوە سەربەست بکرێ بۆ ئەوەی گۆڕانێکی ڕیشەیی لە ناخی کۆمەڵدا بەرپا بێت. دواخستن و بەدواکەوتوویی مانەوەی ئافرەتی بە ڕێبازێکی زیانبەخشانە و پێچەوانەی بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانە و دژی دیموکراتیانە داناوە. لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا ئەم وێنانە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



دەرئەکەون. زەوی بە ملکی جووتیار زانیوە، کارگەش هینی ئەو کەسەیە کاری تیا دەکات. هەر وەکوو وتوویە:

قەزای ئەو تۆزی گاگێرەی سەپانە
لە دووسەد قەسر و کۆشکی میر و خانان
قەزای ئەو داسە ئەوساوی کە تیژ بێ
لە دووسەد بڕنەوی دەسکاری ئەڵمان

وەیان وتوویە:

وەرن کاریگەرانم هەر وەکوو شێر
دەربێنن خەزێنەی لۆردی شاران
بە میزانی عەدالەت بەشبەشی کەن
چ فەرقێکی نەبێ سالار و گاوان
بژی ئەو بیرە تیژە ئەمیە دانا
کە ڕووخانی قەلای فیرعەون و هامان

وەکوو وتمان ناکۆکی نێوان شاعیر و دەربەگایەتی لە خاڵێکی بچووکەوە دەستی پێکرد، بڵاو بوونەوەی بیروباوەڕی پێشکەوتوانەش ئەوەندەیتر مەسەلەکەی تیژ کردەوە تا گەیشتە ئەو ڕادەی بە شاعیرێکی دژی چینی دەرەبەگ و ڕژێمی دەرەبەگایەتی ناسرا. حەزی لە خوێندەواری کردووە و چەند کەسێکی لە ژیانیدا فێری نووسین و خوێندنەوە کردووە جگە لەو قوتابیانەی کە دەرسی پێ وتوون.

سەرانسەری چلەکان بە سەردەمی دەستێوەردانی سیاسی و سەرهەڵدانی دیاردەیەکی نوێی شۆڕشگێڕانە و ڕێبازی سۆشیالیستیانەی شیعرەکانی دادەنرێ. شاعیر ڕێبازی سۆشیالیستی بە بنچینەی چارەسەرکردنی هەموو گیروگرفتە نەتەوەیی و کۆمەلایەتی و ئابوورییەکانی کۆمەڵ داناوە.

**بۆیە وتوویە:**

هەڵگرن پاچ و بیل و قەڵەم — هەر لە ڕۆشنبیر هەتا شوان و سەپان
هەڵتەکێنن ئەم نیزامە بۆگەنە — دابڕێژن کۆشکی یەکسانی ژیان
ئەو دەمەش ڕۆڵەی پرۆلیتاری کورد — دەبنە ڕابەر بۆ وڵاتی کوردستان

کتێبخانەی دیجیتاڵی

ئەو کێشە نەتەوایەتیەی کە شاعیر بڕوای پێی بوو، وەکوو فەلسەفەیەکی بونیادنەرانە سەیری دەکرد و بە حەتمیەتی قۆناغێکی فیکری دادەنا بۆیە وتوویە:

ئامادەیی مەیـدانم و ئـەم بەرگـە کـە پۆشـیم
کفنە، نە وەکوو چاکـەت و پانتۆڵـە لـە بـەرما

چەند جارێک لەسەر ئیشوکاری دەوڵـەت لابـراوە، بەشـداری کۆمـاری مـەهابادی کردووە، لەوێوە پارچە شیعرێکی بێنوختەی بە نامە بۆ خواڵێخۆشبوو فایـەق بێکەسـی دۆستی ناردووە کە لە سەرەتاکەیدا دەڵێ:

کاکـە! سـەلامم لـە هاودڵـدارم لە مام و کەس و گەورە و سەردارم
ئەلحمـــدولیلا ئـــالا هەڵـــکرا مـاوەی دەردی دڵ ئەمڕۆکـە درا

لە سەرەتای پەنجاکاندا دەستی کرد بە چاپ کردنی هەندێک لـە شـیعرەکانی بـە هاریکاری چەند دۆستێک لەوانە: مامۆستا عەلائـەدین سـەجادی و شـوکور مسـتەفا و کاک برایم ناوێک و... توانی پێنج بەند لە شیعرەکانی بە شێوەی دیوانی جیاـ جیـا و قەوارەی تایبەتی چاپ بکات، وەکوو گوڵاڵەی مەریوان، باخچەی کوردستان، چوارباخی پێنجوێن، شاخی هـەورامان، دەشـتی گـەرمیان... ڕووی لـە زۆر خـاوەنپـارە نـا کـە یارمەتی چاپ کردنی پاشماوەی شیعر و نووسـینەکانیتـری بکـەن؛ بـەڵام بەداخـەوە کەس یارمەتی نەدا. لە ژیانیدا نەفسبەرز بووە و هەر لەسەر ئەو نەفسبەرزیـەش بـووە کە زوو زوو لەسەر ئیش و کار لابراوە. لـە ژیانیـدا مامۆسـتای قوتابخانـەی ڕەسمـی و کرێکاری و مەلایی و جووتیاری و ئاشەوانی و فەرمانبەریتی بچووک و وردەواڵەفرۆشی کردووە، بەڵام لە هەموویان زۆرتـر ئاشـەوان بـووە. لـە دێـی جافـەران و سێوسـێنانی قەرەداخ و دارۆخانی ناوچەی شلێری سـەر بەقـەزای پێنجـوێن مامۆسـتای قوتابخانـە بووە. لە سورداش و هەڵەبجە کاتب بووە لە دایەرەی تەموینـدا. لە ناوچەی قەڵاچواڵان و ملەکەوە و ئاواییەکانی پشـتە و شـەمێران و دەربەنـدیخان و سەنگەسـەر کرێکـاری دایەرەی ئەشغاڵ و کشتوکاڵ بووە، لە بناری شارەزوور قوڵچی دارستان و لە کەولۆس و سەرکان و ناڵپارێز ئاشەوان بووە. لە شارەزوور و ناوچەی مەریوان ناوبـەناو مەلایـەتی کردووە، لە سلێمانی و سیتەک و بانیبنۆک و سەیدسادق و نزارە و شیوەگوێزانی شلێر دەرسی کوردی و ئاینی لە قوتابخانە ڕەسمیەکاندا وتۆتەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بنەماڵەکەیان بنەماڵەیەکی ئاینی و دەسەڵاتداری مامناوەندی بووە و باب و باپیری ئیرشادیان کردووە، بەڵام سەرەتای ژیانی ئەم و کۆتایی دەسەڵاتی بنەماڵەکەیان یەکانگیر بووبوو. باوکی لە ساداتی کابلی مەریوان و دایکی لە شێخەکانی کەولۆس بووە لە بناری شارەزوور.

لە سەرەتای سییەکان بەدواوە شیعرەکانی شاعیر وەکوو پێشڕەوێکی ئەدەبی شانبەشانی ڕیزی پێشەوەی بزووتنەوەی نیشتمانی کورد ڕۆیشتووە.

لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا لە نووسین و شیعردانان سارد بۆوە. لە کۆتایی پەنجاکاندا چەند جارێک تووشی ئاڵۆزی و ناڕەحەتی بووە. لەوانە بە حەپسی بردوویانە بۆ بەندیخانەی بەسرە و لەوێوە بۆ عەمارە و هێناویانەتەوە بۆ بەغدا.

لە ساڵی ١٩٦٠دا ماڵی لە شاری سلێمانی ئەبێ و لە بەندیخانەی سلێمانی وانەی کوردی نووسین بە بەندییەکان دەڵێتەوە، لە سەرەتای شەستەکان بەدواوە تووشی دڵشکاوی و ئازاری دەروون ئەبێ و ئەچێ بۆ ناوچەی شلێر لە قەزای پێنجوێن. لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٣دا بەهۆی باری ئاڵۆزی ناوچەکەوە لەگەڵ دانیشتوانی چەند دێیەکدا ڕەو ئەکەن و ئەچنە ئەوبەر سنوورەوە، هەر ئەوشەوە لەوبەر سنوورەوە ئەیگرن و لەگەڵ وریای کوڕی ئەیانبەن بۆ بەندیخانەی قەجەر لە تاران و ماوەیەک لە بەندیخانە ئەیانهێڵنەوە، لە کاتی ئەو بەندییەدا نەخۆشییەکەی زۆری بۆ دێنێ و هیوابڕاوی ژیان ئەبێ و بەمجۆرە باسی بەندیخانەکەی دەکات:

ئاخرین ماڵی ژیانم کونجی بەندیخانەیە
ئەم کەلەپچە مەرهەمی زامی دڵی دێوانەیە
زۆر دەمێکە چاوەڕوانی زرزڕەی زنجیر ئەکەم
سەیری ئەم زنجیرە کەن وەک زێوەری شاهانەیە
بووکی ئازادیم ئەوێ خوێنم خەنەس بۆ دەستوپێی
حەڵقەحەڵقەی پێوەنم بۆ پلپلە و لەرزانەیە
گەرچی دوژمن وا ئەزانێ من بە دیلی لاڵ ئەبم
باش بزانێ کونجی زیندانم قوتابیخانەیە
بیری ئازادیم لە زیندانا فراوانتر ئەبێ
قوربەسەر ئەو دوژمنە هیوای بە بەندیخانەیە

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

گـرتن و لێـدان و کوشـتن عـاميلى ئازادييـه
تۆپ و شەستير و كەلەپچە لام وەكوو ئەفسـانەيە
چـاوەڕوانی شۆڕشـێکم عالـەمێ ڕزگـار بکـا
میللەتم بـۆ ئـەو مەبەسـتە کـردەوەی شـێرانەیە
چەکی شۆڕشگێڕی من نووسین و بـیر و بـاوەڕە
ڕاپەڕینـە، هەڵـمەتە پـڕ نەعرەتـەی کوردانەیـە
گەر بە ئـازادی نـەژیم مـردن خەڵاتـە بـۆ لەشـم
نۆکـەری و سـەردانەواندن کـاری نامەردانەیـە
**قـانعم** ئەمـڕۆ لـە زینـدانا بـە ئـازادی ئـەژیم
سەدهەزار لەحنەت لەوەی وا نۆکـەری بێگانەیـە

کە لە بەندیخانەی قەجەر بەردەدرێت، دەگەڕێتەوە بۆ ناو ئەو بارە ئاڵـۆزەی تیایـدا دەرباز بووبوو. جارێکیتر دێتەوە ناوچـەی پێنجـوێن و لـە سـەرەتای بـەهاری ساڵـی ١٩٦٥دا بە ماڵەوە لە دێی لەنگەدێ لە ناوچـەی شـلێر نیشـتەجێ دەبـێ، وە هـەر بـە هەمان نەخۆشی لە ١٩٦٥/٥/٧دا لە تەمەنی ٦٧ ساڵیدا بەدەم گۆشـەگیرییەوە کـۆچی دوایی دەکات. تەرمەکەی لە گۆڕستانی شێخ ئەوڕەحمان کە گۆڕسـتانێکی بچووکـە و کەوتۆتە بەری ڕۆژئاوای دێی ناوبراوەوە نێژراوە. لە سـەر سـێ پارچـە بـەردی مەرمـەڕ کورتەیەکی مێژووی ژیانی و ئەم چوارینە شیعرەی خۆی لەسەر نووسراوە:

نەبوو ڕۆژێ لە کوردستان سەرۆکێ یاخۆ خـەمخوارێ
هەمیشە بۆ ئەبێ کـوردان بـەڵا و ناسـۆری لـێبـارێ؟
ئەگەر مـردم لەسـەر قـەبرم بنووسـن تـۆ خـوا یـاران
شەهیدی عیشقیمیللەتِ بووی، کەچی نەتدیپەلامارێ

گەلێک نووسـینی بـەچاپنەگەیشـتووی لـە سـەردەمی ژیـانی خۆیـدا فـەوتاوە و گەلێکیتریشی دوای خۆی لەناو چووە. لەوانە بەندی دووەمی پاشمەرگەکەی. جگە لە نوسین سێسەد فلس پارەی لە شوێن بەجێ ماوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

**بەماڵەوە ئەم شوێنانە گەڕاوە:**

دۆلاشی مەریوان، کانیسانان، کالی خواروو، کالی سەروو، نێ، کەولۆس، بانیبنۆک، نەوێ، جافەران، سێوسێنان، نەوتی، دارۆخان، وەلانە، بەرزنجە، سادەوا، پێنجوێن، بانە، نەنۆر، شیوەگوێزان، تەیمەز، هەڵەبجە، سورداش، بۆکان، مەهاباد، سەریاوەرە، قەلادزە، ناڵپارێز، سەرکان، شانەدەری، سلێمانی، کەرکووک، قەڵبەزە، سەیدسادق، نزارە، بناوەسووتە، لەنگەدێ.

لەپاش کۆچی دوایی، بەشی یەکەم لە شیعرەکانی کە ناوی گولالەی مەریوان بوو لە چاپ درایەوە، لەگەڵ بەشی یەکەمی پاشمەرگەکەی چاپ کرا، بۆ چاپی شیعرەکانیتری رووومان لە زۆر کەس و دەزگای خاوەنپیشەی ئەدەبی نا[1] کە بۆمان چاپ بکەن؛ بەلام بەداخەوە نەیان کرد و یارمەتیان نەداین. سالی ١٩٧٤ بەهۆی بەڕێز مامۆستا د. ئیحسان فوئادەوە بەڕێوەبەرێتی گشتی رۆشنبیری کوردی داوای زۆربەی شیعرەکانیان کرد و لە قەوارەیەکی مامناوەندیدا چاپیان کرد. ئەم کتێبەی ئێستا لەبەردەستدایە هەولێکی زۆری بۆ دراوە تاکوو کۆ کراوەتەوە و نووسراوەتەوە و بەچاپ گەیشتووە. بەو هیوایەی کەلەبەری خزمەتێکی ئەدەبی پڕ کردبێتەوە.

شاعیر زۆر حەزی لە سەیران و گەشت و ناو گوڵ و گوڵزار و سەوزایی کردووە، لە زستان بێزار بووە، هەمیشە شەیدای دیمەنی گوڵ و وەرزی بەهار و شنەی شەماڵ و دیمەنی ولاتی کوردستان بووە هەر وەکوو لەم شیعرەدا دەردەکەوێ:

ئەیوەتەن! باخچەی تەبیعیت کافیە بۆ جەننەتم
مەنزەرەی سوبحی جەمالت، شافیە بۆ میحنەتم
تۆ تەبیبی دەردی دلمی، بۆیە ڕوو لە سیححەتم
لا دەبا بۆنی وەنەوشەی چیمەنت سەد عیللەتم
لێوبەبار و دەستەئەژنۆ، سەرکزیی کوردانمە

پلە بە پلەی شیعرەکانی، ڕوخسار و ناخی ژیان و باری کۆمەلایەتی ئەو قۆناغانەی تیادا دیارە کە تیایدا ژیاوە و پیایاندا ڕۆیشتووە. ناوەرۆکی شیعرەکانی ئاوێنەی واقیعی تالی ژیانی خۆی و کۆمەڵی کوردەواری هاوچەرخی خۆی نیشان دەدات. بەلام ڕوخساری تەکنیکی شیعرەکانی هەر لە ناو چوارچێوەی شیعری کلاسیکی و

١. بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی و کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کێشەکانی عەرووزدا ـ هەر وەکوو لەو سەردەمەدا باو بووە ـ دادەڕشت. **قانع** شاعیرێکی نەتەوەیی و تاڕادەیەک بەجەرگ بووە و بە تەنگ گەل و نیشتمانەکەیەوە بووە، هەژاری و دەستکورتی ئەم شاعیرە بەڵگەی نەفس بەرزێتی بووە، چونکە ئەگەر یەکێک ویستبێتی یارمەتی ژیانی بدات لێی وەرنەگرتووە. بۆیە لە شیعرێکدا وتوویە:

لە تۆزی ئاشەدا غەرقم لە تەوقی سەر هەتا ئەژنۆم
بەڵام چەند خۆشە ئەو تۆزە، کە هەر خۆم ئامێرم بۆ خۆم
نە ترسی ئەمری مافەوق و نە مەحکوومی بەراتی تۆم
لەسایەی زەحمەتی قاچ و سەر و شان و دەس و ئەستۆم

زۆرجار بە شەوان کۆڕ ئاسایی لەماڵەکەیا کۆ دەبوونەوە و دەستی دەکرد بە خوێندنەوەی شیعری ساکارو لەڕوو کە داکۆکی لەسەر قازانجی جووتیارەکان دەکرد. ئەو شیعرانەی کە دەچوون بەگژ دەرەبەگایەتیدا لە کۆڕی شەوانە و دانیشتنی مزگەوت و بەربەڕۆچکەکاندا بۆ خەڵکە هەژارەکانی دەخوێندەوە. زۆربەی شیعری ئەو شاعیرانەی کردووە بە پێنجخشتەکی کە پەیوەندی فیکری و ئایدیۆلۆژی لەگەڵیاندا بووە. کردەوەکانی بە ڕێبازی فیکریی خۆیدا دەڕۆیشتن.

هیوادارم بەم پێشەکیە تا ڕادەیەک شاعیرم بە خوێنەران ناساندبێ و بە لە چاپدانی شیعرەکانیشی کارێکی بەکەڵکم کردبێ.

بورهان قانع-١٩٧٩

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## نامە گۆڕینەوە بە شیعر

پرسیارێکی مێژوویی، لە پایەبەرز موحەممەد ئەمین زەکی‌بەگ

**قانع**/ ژین/ ژمارە ٥٨٤ی ساڵی ١٩٣٩

ماموٚستای زانا سەرچاوەی عیرفان
تەئریخنووسەکەی خاکی کوردستان
یاخوا هەر بژیت تا دێر زەمانە
بۆ خزمەت کردن ئەم کوردستانە
ئەجدادی خۆمان نەبوو لە بیرمان
نەمانئەزانی باو و باپیرمان
زیندووت کردەوە حاڵ و ئەحواڵمان
هاتینە ڕیزی دراوسێ ماڵمان
گشت کەس ئەزانێ کە کوڕی کێیە
باو و باپیری خەڵکی کام دێیە
ئێستەش بەندەی خۆت لە قەرەداغم
بۆ دیتن ئاسار دڵ پڕ لە داغم
هەیکەلی گەورە لە دەربەند گەورە
نازانین شەرحی حاڵی چ دەورە
ئایا ئەم پیاوە کوردستانییە؟
یاخۆ عیسەوی یا عیبرانییە
مەمنوونی لوتفین بۆمان مەعلووم کەیت
ئەم گرێ زلە لە دڵمان لابەیت

وەلام: وەلامی پایەبەرز ئەمین زەکی‌بەگ ژین ژمارە ٥٨٧ لە ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٣٩

لە رۆژنامەی ژین لە سێی رەمەزان
هەشت شیعرم[١] بینی زۆر شیرین و جوان
پێنج شیعری ئەوەڵ شایستەی شوکرە
سێ شیعری دوایش پرسینی فیکرە
ئەڵێن: هەیکەلی دەربەندی گەورە
نازانین چییە و هینی چ دەورە
عولەمای ئاسار بۆ ئەو تیمسالە
ئەڵێن پاشماوەی چەند هەزار ساڵە
قرالی ئاکاد نارامسین ناوێک
چل‌وحەوت عەسرە هەڵسا بە تاوێک
بۆ شەڕ هاتە سەر لۆلۆ و گۆتوو
لە قەرەداغدا داوا گەرم بوو
لە دوای شەڕ لۆلۆ و گۆتوو ئەشکێنێ
مەلیکساتونی دەرئەپەڕێنێ
باسی ئەو شەڕە و ئەو بگرە و بەردە
نووسراوە یەک‌یەک لەسەر ئەو بەردە
چەکی ئەو حەلە تیر و کەوانە
لە لای هەیکەلدا دیارە نیشانە
وەک دار تاشیان ئەو شاخە گەورە
کردیان بە تیمسال لە دەربەند گەورە
لە دوای سی عەسرێک ساسانی هاتوون
زۆر تیمسالیان بوو، بە دەستەلات بوون

١. شیعرەکەی مامۆستا قانع نۆ بەیتە کەچی بە هەڵە هەشت بەیت هاتووە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەمەتەقێی شیعری لە نێوان **قانع** و گەلێک لە شاعیرەکانی هاوچەرخی خۆیا بووە و تەنانەت هەندێکیشیانی نەدیبوو، بۆ نموونە مەدهۆشی شاعیر بەرلەوەی **قانع** ببینێ لە ڕۆژنامەی ژیندا لە سلێمانی ئەم شیعرە بڵاو دەکاتەوە:

بیستبووم **قانع** هەیە و شاعیرە     فەیلەسوفێکی زانا و ماهیرە
هەر کەشکۆلێکم ئەکەوتە بەرچاو     یا، گۆڤارێکم ئەدی ناوبەناو
بە شیعری **قانع** ڕەنگین کرابوو     لای هەموو کەسێ تەحسین کرابوو
گەلێ شیعریشیم لای خۆم نووسیبوو     زۆرم لاجوان بوو، خۆیشم نەدیبوو
هەر ئەموت خۆزگە ئەم شەمامەیە     بۆنی وا خۆشە ڕەنگی کامەیە؟
بەرێکەوت وابوو، خۆی هات بەوێدا     بە بێ‌تاقەتی ئەڕۆی بە ڕێدا
وتیان: ئەوەتا، مژدەمان بەرێ     منیش سەرێکم کێشایە دەرێ
کە دیم، زەلامێک زەبەلاح و بەرز     چلکن خواروخێچ وەک سێوی‌بن‌عەرز
گڕی تێ‌بەردەی بۆسۆی لێ نایە     زۆر پەشیمانم، خۆزگە نەمدیایە
درۆ بۆ بکەم! قسەی ڕاس خۆشە     کە دیم وامزانی دەمارفرۆشە
تێرتێر پێکەنیم بەم سینەمایە     وتم چۆن شاعیر ئاوا ئاوایە؟
ئەم هۆنراوانە هی ئەم پیاوەیە     ڕاستە کە خەزنەش لە کەلاوەیە!!
هاوڕێیەکی خۆم لێم هاتە پێشێ     وەختەبوو گوێچکەم لەبن دەرکێشێ
وتی: هەی نەفام! دەمی خۆت بگرە     ڕەخنە لە سیمای شاعیران مەگرە
شاعیر کەی لەمە چاکتر ژیاوە؟     نابینی پاکی بە خەم فەوتاوە

پیرەمێردی ڕۆژنامەنووسیش ئەم تاکە دێڕە شیعرەی لە کۆتاییەکەیەوە نووسیبوو:

ڕەخنە لە کاری خوایی مەگرە     بۆچی پیرەمێرد لەو پۆشتەترە؟

وەڵام:

**قانعیش** بەم شیعرانە وەڵامی دەداتەوە:

برای خۆشەویست یاری نەدیدەم
شاعیری بەرزی زۆر پەسەندیدەم
لە برادەران بۆ منت پرسیبوو
لە ناو گۆڤارا شیعرت نووسیبوو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


منــت نــەدیبوو، کــە ئایــا چــۆنم
پێــت نــەزانیبوو کــە کەولــەکۆنم
نووسیبووت، هەرگیز بۆسۆی لـێ نایـە
زۆر پەشــیمانم خۆزگــە نەمدیایــە!
بەڵێ، ڕاسـت ئەکـەی هەمیشـە ڕووتم
چلــکن و پڵــکن وەک مەڵــکەمووتم
هــەتا شــاعیری کوردســـتانت بم
دەبــێ هــەر شــڕ و شــیتالانت بم
بـۆچی براگیـان هـەر فاسـۆن پیـاوە؟
قۆنــدەرەی تــازە خــاوەنی نــاوە؟
کــراس و کــەوا خــادمی هــۆزە؟
مێـزەری زلـە هـۆی بـەرزی کـۆزە؟
بـرای شـیرینم! خـۆ تـۆش شـاعیری
زیــرەک و زانــا تــەواو مــاهیری
مادامێـک کـە خـۆت گەوهەرفرۆشـی
بـۆ کـزیی شـاعیر بـۆچ تێئەکۆشـی؟
شاعیر وەک دەهۆڵ لە دوور دەنگخۆشن
لــە نزیکــەوە دارێکــی بۆشــن
بـاوەجود ڕووتـی هـیچ عـەیبی نییـە
کـە پـارە نـەبوو، دەسـەلات چییـە؟
پارە بـە جۆرێـک دێتـە دەس ئینسـان
شـاعیر ئـەو پـارە ئـەکا بـە سـندان
شــاعیر بــۆ پــارە هــیچ ناکــا پەلــە
ئـارەزووی شـاعیر هـەر بـەرزیی گەلـە
کام شاعیرت دی دەس و چاو پاک بوو؟
لیباسـی بـەری فاسـۆنی چـاک بـوو؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەعدی فەیلەسووف تەواو دنیا بوو
مامۆسای هەموو شاهـ و گەدا بوو
بە پێخاوسی لەم ماڵ بۆ ئەو ماڵ
ئەسووڕایەوە، سا بە هەر ئەحواڵ
هیچ کەسێک نەیوت بۆچ سەعدی ڕووتە
بۆچی ناشیرین وەک مەلـکەمووتە
ئیتر با بەس بێ برای شیرینم
منیش هەر ئەڵێم: یاخوا نەتبینم!

***

جەژنە پیرۆزە[1]

جەژنت پیرۆز بێ، بە گیپەی کولاو
بە گۆشتی قەلەو، بە هەلمی پلاو
هێند تامەزرۆ بووین، ئێمەی دوورەچێشت
هێشتا نەکولابوو، دەنکمان نەهێشت

وەلام:

لە تۆش پیرۆز بێ برای کرێکار
چێشتم نەدیوە نە پار نە پێرار
هێندە بزانە کاکی خاوەن چێشت
لە دنیا دەرچوو بۆ ئێمەی جێهێشت[2]

---

١. ئەم شیعرە هی مامۆستا هەژارە و لە بۆ کوردستاندا ئاوا هاتووە:
قانعی شاعیر پێش جەژنێک هەڵیپێچام دوو بەیتی جێژنە پیرۆزەی بۆ بنووسم تا لە کارتێکدا چاپی کا و بیفرۆشێ، منیش ئەم دوو بەیتەم نووسی:

جەژنت پیرۆز بێ کوردی زگ قوپاو          دەرخۆنە لاچێ، دەرکەوێ پلاو
هێندە تامەزرۆ بووین ئێمەیدوورەچێشت          هێشتا نەکولابوو، دەنکمان نەهێشت

٢. لە دەستنووسێکدا لای کاک موحەممەدی مەلا کەریم بەمجۆرە دەستمان کەوت:
ئەو کەسەی ئێمەی بەم دەردە گەیان          لە دنیا دەرچوو تۆپەکەی تەقان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



**قانعم ئەسپی خەیاڵم چەندێتر سەرگەرم ئەبێ**
**مشتەری ئەشعارەکانم قەڕنێتر بێشـەرم ئەبێ**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## چەند سەرگوروشتەیەکی شاعیر

ـــ **قانع** رووخۆش و نوکتەپەزێر و قسەلەڕوو بووە. لە هەر کۆڕ و کۆمەڵ و کۆبوونەوەیەکدا بەشداری کردبێت بە زوویی دەرکەوتووە و ناسراوە، کردەوەکانی و قسەکانی سەرنج ڕاکێش بوون. ئێستا لەم بەشەدا هەندێک بەسەرهاتی بچووکی باس دەکەین کە پەیوەندی بە واقیعی ژیانیەوە هەیە:

ـ **قانع** منداڵ دەبێ و بێ دایک و باوک شەوانە لەسەر تەنووران ڕۆژی دەکردەوە، لەگەڵ کۆمەڵێک منداڵی وەک خۆی لە کۆڵانێکا لە دێی دۆڵاش کە نیشتەجێی باب و باپیری دەبێ، یاری دەکات. ئاغا سەید حسێنی خەڵکی چۆڕ بەوێدا بە سواری دەڕوات و ئەسپەکەی پێ بە خانۆچکەی منداڵەکانا دەنێ و دەیڕووخێنێ. **قانع** دەست دەکات بە گریان. پیاوێکی بەساڵاچوو کە لەبن دیوارەکەدا دانیشتوو دەبێ، بە ئاغا سەید حسێن دەڵێ: ئەو منداڵەی دەگری موحەممەدی کوڕی شێخ قادری شێخ سەعیدی دۆڵاشە. ئاغا سەید حسێن دادەچڵەکێ و دەڵێ بۆچی بەم شێوەیە وەکوو بێکەسێک دەژی. پیاوە پیرەکە دەڵێ: پاش لێقەومانیان بەدەست دەرەبەگەکانەوە ڕایان کردە بناری شارەزوور، کە شێخ قادر عەمری خوای کرد ئەمیش بە بێکەسی هێنایانەوە بۆ دۆڵاش و مامەکانیشی نازی ناکێشن. ئەویش دەڵێ: بەرزی کەرەوە و بیدە دەستم. لە کابرای وەردەگرێ و بە سواری دەیباتەوە بۆ دێی چۆڕ هەر لە ناوچەی مەریوان. ئینجا **قانع** خۆی ئەیگێڕایەوە و دەیووت: لەبیرم دێ ئاغا سەیدحسێن بە دەستی خۆی بە ئاو و سابوون لە ناو تەشتێکدا شۆردمی و دەستێ جلی تازەی منداڵانەیان بۆ هێنام کردمە بەر و زۆری پێ نەچوو لای مەلا لە قوتابخانە دایانانم. ئەمە بوو بە سەرەتای فەقێیەتی و خوێندەواریم و تەنانەت لە شیعرێکدا وتوویە:

هەزار ڕەحمەت لە ئارامگاهی بەرزی سەیدی چۆڕی
کە منداڵ بووم بە لوتفی خۆی مەساری ژینمی گۆڕی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ـ **قانع** بە فەقێیەتی سەرێک لە مەریوان دەداتەوە و دەچێتە دیاری کەلاوە ڕووخاوەکانی دێی دۆلاش لەسەر بەردێک دادەنیشێ و هەناسەیەکی سارد هەڵدەکێشێ و دەڵێ:

ئەگەرچی پەرتەوازەی ئەم دیارەم    خڕیداری دۆلاشی مەهرِوخانم[1]

یان هەر بەو هەناسەساردییەوە دەڵێت:

وەتەن![2] خاکت بە موژگانم ئەکێلم    لەبەر تەحسیلی عیلمە جێت ئەهێڵم

وەیان کە ستایشی گوێزەبەیخان[3] دەکات دەڵێ:

ئەگەر زاهید دڵی زەوقی تیایە    دەبا بێتە نیساری گوێزەبەیخان
کە دۆلاشم هەموو بوو بە کەلاوە    چ زەوقی تیا نەما، خاکی مەریوان

لە کاتێکدا لە شاری کۆیە فەقێ دەبێ بیری ناوچەی مەریوان دەکاتەوە دەڵێ:

مەریوان فیکر و هۆشم هەر بە تۆیە    دەروون ڕێش و سەراسیمەم لە کۆیە

ـ لەگەڵ مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسدا دۆستایەتیەکی زۆر بەتینیان دەبێ، لە سەرەتای شەستەکاندا دەبێ، فەقێ تایەر ناوێکی خزمی **قانع** دێت بۆ لای و داوای لێدەکات نامەیەک بۆ مامۆستا مەلا عەبدولکەریم بنووسێ بەڵکوو لە حوجرەکەی مزگەوتی گەیلانی لە بەغدا وەری بگرن و بخوێنێ. ئەویش ئەم چوارینە شیعرە فارسیەی سەعدی وەکوو لای خوارەوە دەگۆڕێ و بۆ مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی دەنێرێ:

---

١. بە مانای مەریوانە.
٢. مەبەستی لە مەریوان بووە.
٣. هاوینەهەوارگەیەکی سروشتییە کەوتۆتە پشت ئاوایی دۆلاشەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ای کریمی کە از خزانەی علم  گبر و ترسا وظیفەخور داری
طاهر ما کجا کنی محروم  تو کە با یابەها نظر داری

- ڕۆژێکیان ڕێی دەکەوێتە تەکیەی شێخێک لە ناوچەی شلێر، لەو کاتەدا شەکر و چا دەگمەن دەبێ، شێخەکە بە **قانع** دەڵێ: بە زمانی ئێمەوە کاغەزێک بۆ خان بنووسە لە دارۆخان، بەڵکوو نەختێک شەکر و چا بۆ تەکیە بنێرێ. ئەمیش ئەم چوارینە شیعرەی سەعدی هەر بە فارسی دەگۆڕێتە سەر باسەکەی خۆیان.

روی بر داروخان و می گویم  هر سحرگاه کە باد می آید
ای کە صندوق قند و چا داری  هیچت از بندە یاد می آید

- ماڵی لە دێی کەولۆس دەبێ ئەچێ بۆ دیدەنی مەلایەکی برادەری بۆ هەوار موبارەکی لێکردنی. تەنها سەگێکی دەبێ، بەدیاری دەیبات بۆ مەلاکەی هاوڕێی. هاوڕێکەی زۆر سەری سووڕ دەمێنێ و لێی دەپرسێ ئەم سەگەت بۆچی هێناوە؟ ئەویش دەڵێ لەبەر دوو هۆ: یەکەم هیچ نەبوو بەدیاری بۆت بهێنم و دووهەمیش ئەم سەگە نان دەخوات منیش نانم نییە بیدەمێ!

- بە ڕێبواری ڕێی دەکەوێتە دێیەک، زستان دەبێ شەو لە مزگەوتی دێکە دەمێنێتەوە، گەلێک گوێ لە قسەی دانیشتوانی مزگەوتەکە دەگرێ. مەلای دێکە قسە بۆ خەڵک دەکات دەڵێ: هەرکەس بە ئانقەست چڵە پووشێک لەسەر خەرمانی یەکێکیتر هەڵبگرێ یان بەبێ پرسی خاوەنەکەی بیکات بە ژێر دیانیا لە قیامەتدا حەفتا هەزار ساڵ لە ئاگردا دەیسووتێنن. **قانعیش** خۆی پێ ناگیرێ دێتە وەلام:

(مامۆستا لەسەر چڵێک پووش حەفتاهەزار ساڵ زۆرە)

- خزمێکی شاعیر کچێکی خۆی دەدات بە مەلای دێکەیان کە مەلاکە زۆر بە تەمەن گەورە دەبێ. **قانع** بە خزمەکەی دەڵێ: بۆچی ئەمەت کرد؟ ئەویش دەڵێ: لەبەر ئەوەی کوڕەکەم بکات بە خۆی. واتا کوڕەکەم وەکوو خۆی فێری خوێندەواری بکا. ئەمیش دەڵێ: پەلەت نەکردایە، هەر کات کوڕەکەت گەورە بوو، ئەبوو بە خۆی!! واتا ئەبوو بە مەلاکە.

بەو مانایە گوایە جیاوازی نێوان کوڕە نەخوێندەوارەکە و مەلاکە تەنها گەورەیی تەمەنە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- کۆمەڵێک لە دۆست و برادەرانی **قانع** پێی دەڵێن دووکانداری بکات ئەویش دەڵێ:

ئەگەر خوا بزانێ دووکانی کلاوفرۆشتنم هەیە ئادەمیزاد بەبێ سەر دروست دەکات.

- مەلای دێی نەوێ دەبێ لە بناری شارەزوور، لەو کاتەدا هەرکەس بەرازێکی بکوشتایە گوێچکەکانی بۆ بەلگەیَ ڕاستی ببردایە بۆ لای مدیری ناحیە بەرامبەر بە گوێچکەی هەر بەرازێک چارەکە دینارێکی وەردەگرت. ئەویش ڕۆژێکیان دەچێ بۆ لای ناوچەداری مدیری ناحیەی خورماڵ لە شارەزوور چەن گوێچکە بەرازێک لە ناو دەسەسرێکدا لەسەر مێزەکەی دادەنێ و مدیریش تەماشایەکی سەر و سیمای دەکات، دەبینێ مێزەری سپی و پشتێنی سەوزـ کە نیشانەی شێخیەتیە ـ سەری سوور دەمێنێ کە چۆن ئەم مەلایە دەست لە گوێچکە بەرازەوە دەدات کە بە پێی فەرمانی شەریعەتی ئیسلام گلاوە؟! لێی دەپرسێ ئەمە چییە؟ ئەویش دەڵێ ئەمانە گوێچکە بەرازن هێناومن بۆ ئێوە پارەکەم بدەنێ، مدیرەکە پێی دەڵێ تۆ مەلای و شێخیشی چۆن ڕاوە بەرازت کردووە و بەرازت کوشتووە؟ **قانعیش** پێی دەڵێ قوربان خۆم ڕاوم نەکردوون. من مەلای دێکەم خەڵکی ئاوایی ڕاویان کردووە، ئەو گوێچکە گەورەیەیان لەجیاتی سەرفیترە وەرم گرتووە و، ئەو ناونجیەیان لەجیاتی سەرقەڵەمدانەی دوعا و ئەو بچووکەشیان مردووشۆرانەیە. مدیرەکە دەمودەس دەزانێ ئەمە هەبێ و نەبێ قانیعی شاعیرە.

- نەخۆش دەبێ لە خەستەخانە دوکتۆر پێی دەڵێ نابێ بە هیچ جۆرێ جگەرە بکێشێ، چەند جارێک دوکتۆر سەری لێدەدا هەموو جار دەبینێ هەر خەریکی جگەرە کێشانە، ئینجا دوکتۆرەکە پێی دەڵێ: مامۆستا تکات لێدەکەم وەکوو ناتوانی جگەرە نەکێشی، بۆ ئەوەی زیان بە تەندروستیت نەگات کە دووکەڵەکە هەڵدەمژیتە ناو دەمت قووتی مەدە، لە دەمتەوە بیکەرەوە دەرەوە. ئەویش بە دوکتۆرەکە دەڵێ منیش تکایەکم هەیە، جەنابیشت کە نان دەخۆی دوای ئەوەی پارووەکەت بە تەواوی جوو قووتی مەدە، تفی کەرەوە.

- بۆ ئەوەی ئەو لایەنە خورافیاتانەی تێکەڵ بە ئاینی ئیسلام بوون کەمیان بکاتەوە ڕۆژێکیان لە دێیەکی مەریوانەوە دەچێ بۆ دێیەکیتر و سواری گایەک دەبێ، چەند جارێک دەکەوێتە خوارەوە، کە نزیک ئاوایی دەبێتەوە دەیناسن دەچن بە پیریەوە و پێی دەڵێن: مامۆستا بۆچی ڕات نەسپارد ولاخێکت بۆ بنێرین سواری ببی و ئیتر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوەندە لە سواری ئەم گایە نەکەویتە خوارەوە، ئەویش دەڵێ: مەبەست ئەوە نییە بە سواری بێم یان نە! بەڵام ئاخۆ ئەم گایە لەم دنیایەدا و لەم ئاواییەی خۆمانە و لەم ڕێگا پان و پۆڕەدا ئەمە حاڵی بێ، ئاخۆ سبەینێ لەسەر پردی سیراتدا چی بکات؟

ـ لەساڵی ١٩٥٦ دەچێ بۆ دەربەندیخان، لەو کاتەدا چەند کۆمپانیایەک خەریکی بەستەکەی دەربەندیخان دەبن، مامۆستا کەریم زەندی هاوڕێی لەو کاتەدا ئەفسەری کارگوزار و پەیوەندی یەکێک لە کۆمپانیاکان دەبێ، ئەمیش لە پارچە کاغەزێکی بچکۆلەدا تەنیا ئەم ڕستەیەی بۆ دەنووسێ:

(یا کەریمی کارساز مەدەدێ)

مامۆستا زەندی دەمودەس دێت بۆ لای و تێدەگات بە شوێن ئیشا دەگەڕێ دەیکا بە پاسەوانی بلدۆزەرێکی شکاو بە ڕۆژانەیەکی باش.

ـ **قانع** لە دێیەک مەلا دەبێ و کۆمەڵێک کۆلکە فەقێی دەبێ، ڕۆژێکیان فەقێکانی پێی دەڵێن دوعای دەمبەستی گورگمان فێر کە، ئەمیش ئەم دوو دێڕە شیعرەیان پێ ڕەوان دەکا:

ئادانـــــە، دانـــــە، دانـــــە  گورگیش سەگی هەردانە
بـە گالـۆک و بـە گۆچـان  دەم گورگبەسین لە حەیوان

فەقێکان ئەمە لای خەڵکی ئاوایی ئاشکرا دەکەن و خەڵکەکە لەسەر ئەمە لێی زویر دەبن گوایە گاڵتەی بە دوعای دەمبەستی گورگ کردووە.

ـ برادەرێکی بە تەلاق سوێند دەخوات پێی دەڵێ: تۆ هەرگیز نابیتە خاوەنی دوو دینار پارەی خۆت، ماوەیەکی بەسەردا تێ دەپەڕێ، ڕۆژێکیان لە ئۆتۆمۆبێلێکدا بەناو بازاڕە بچکۆلەکەی سەید سادقدا تێدەپەڕن، چوار دیناری پێ دەبێ لە ناکاو چاوی بە کوڕی برادەرەکەی دەکەوێ بە شۆفێرەکە دەڵێ: زەحمەت نەبێ نەختێک لێرەدا ڕاوەستە، بانگ لە کوڕی برادەرەکەی دەکات پارەکە لە گیرفانی دەردێنێ و دەڵێ: سڵاوم بە باوکت بگەیەنە و پێی بڵێ تەلاقەکەی کەوت چونکە ئەم چوار دینارە هینی خۆمە.

ـ فەقێ دەبێ و سەرەتای شاعیرێتی و تازە بە **قانع** ناوبانگی پەیدا کردبوو، دەچێتە دێی سادەوا لە مەریوان تەماشا دەکات حوجرەی فەقێکان چۆڵە، لە یەکێک ئەپرسێ فەقێکانی ئەم دێیە لە کوێن؟ کابرا پێی دەڵێ قانیعی شاعیر هاتووە، لە ماڵی ئاغا میوانە و هەموو فەقێکانیش بەو بۆنەیەوە بانگ کراون بۆ دیوەخان. ئەمیش لە دڵی خۆیا

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

دەڵێ: ئاخۆ ئەم قانیعی شاعیرە کێ بێ؟! ئـەویش دەچێ بـۆ دیوەخـان بـۆ بینـینی **قانعەکـە**! دەچێتـە ژوورەوە و سـڵاو دەکـا، تەماشـا دەکـا فەقێیـەک لای ژوورووی هەموانەوە لەسەر دۆشەکێک دانیشتووە و ئەنیشکی لەسەر سەرینایەک داداوە و ئاغای دێکەش لە تەنیشتیەوە لەسەر چۆک دانیشتوە، فەقێکانی ئاوایی و دەسـت و پێوەنـدە نزیکەکانی ئاغاش بەریزە دانیشتوونَ، هەر کە دەچێتە ژوورەوە ئەمە ئەبینێ فەقێی خۆ بە **قانع** ناونراو دەناسێتەوە، ئەمیش دوای سڵاوکردن پەلاماری دەستی فەقێکە ئەدات و دەسـتی دەگوشـێ و پێـی دەڵـێ: مامۆسـتا **قـانع** بـەخێر بێیـت! زۆر تامـەزرۆی چاوپێکەوتنت بووم، فەقێکەش **قانع** ئەناسێ و لە هەوەڵەوە ڕەنگی تێـک‌ئـەچێ، بـەڵام کە **قانع** بەو جۆرە دەست و ماچی لەگەڵ دەکات، فەقێکە دێتەوە سەر خۆ و لە لاشانی خۆیەوە دایدەنێ و دەڵێ: ئەم فەقێیە زۆر دۆسـتمە دەمێکـە نەمـدیوە، حـەز دەکـەم لەلای خۆمەوە دابنیشێ. **قانعیش** دەڵێ: ئەم مامۆسـتا قانیعـە ئێسـتا میـوانی ئێوەیـە ماوەیەک مامۆستام بووە و دەرسی پێ وتووم. ئینجا ئاغا و فـەقێ و خەڵـکەکە داوا لـە میوانی بەناو **قانع** دەکەن کە هەندێک شیعریان بۆ بخوێنێتـەوە، ئـەویش تـاک و تـەرا شیعری ئەم و ئەو دەزانێ و تێکەڵیان دەکات. **قانعیش** پێی دەڵێ مامۆستا **قانع** ئەگـەر ئیجازە بفەرمووی شیعرەکانی ئەو ساڵەی بەدەرس پێت وتم هەموویم لەبەر کردووە بـا بۆ دانیشـتوانی بخوێنمـەوە. ئـەویش دەڵـێ فـەرمووە. **قـانع** چەنـد پارچـە شـیعرێک دەخوێنێتەوە و کۆڕەکە گەرم دەکات. دوای نان خواردن دەیانەوێ بڕۆن، ئاغا وڵاخێک بۆ میوانە بەناو قانیعەکە زین دەکات و خزمەتکارێکیان دەخاتـە گـەڵ، کـە لـە ئـاوایی دەرچوون میوانی بەناو **قانع** بە **قانع** دەڵێ دەبێ تۆ سواری ئەم وڵاخە بیـت چونکـە بـۆ **قانع** زین کراوە. ئەویش دەڵێ کەوابوو با وڵاخەکـە بگەڕێتـەوە و هـەردووکمان بـەپێ بڕۆین و بە سەربەستی قسە بکەین.

- ڕۆژێک لەگەڵ هاوڕێیەکیا ڕێیان دەکەوێتە ئاوایی گۆخلان لـە ناوچـەی شـلێری پێنجوێن، کەوا و سەڵتەی لەبەرا دەبێ و مێزەری سپی مەلایانەی بەسەرەوە دەبێ، کە دەچنە هەیوانی مزگەوتەکە خەڵکی ئاوایی ئەوەنـدەی کـە لـەوێ دەبـن زۆریـان پـێ ناخۆش دەبێ، وا دەزانن ئاغای دێکەیان ناردوویێتی بـە زۆر ببـێ بـە مـەلایان و ئـەرک بکەوێتە سەریان. **قانع** لە ساردی خولکی خەڵکەکە تێدەگات و پێیان دەڵێ: براینە بۆ ئەوە نەهاتووم ببم بە مەلاتان، ڕێبوارم، بەڵام زۆر ماندووم ئەگەر گوێدرێژێکم بـۆ پەیـدا بکەن پێی بڕۆم بۆ دارۆخان ئەوا خێرا بەجێتان دێلم، خەڵکەکە دەکەونە خۆ بۆ ئـەوەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

گوێدرێژی بۆ پەیدا بکەن، ئینجا لەو کاتەدا خەڵکەکە خەریکی پەیداکردنی گوێدرێژەکە بوون ئەویش ڕووداوەکاتە هاوڕێکەی و ئەم نیوە شیعرە دەڵێ:

«چاوەڕوانی لوتفی کەر کەین، تا ئەگەینە ئارەزوو»

ـ لە کاتی یەکەمین شەڕی جیهانیدا فەقێ دەبێ لە ناوچەی مەریوان و خەڵکێکی زۆر بە ناوی ئاینەوە دژی لەشکری ڕوسیای قەیسەری چەک هەڵدەگرن و داکۆکی لەسەر لەشکری عوسمانییەکان دەکەن، کۆمەڵی مەلا و فەقێیانیش بارەگایەکی تایبەتیان دەبێ و لە چیایەکدا دەبن، زستان دەبێ ئاگرێکی گەورە دەکەنەوە و شەو بە دەوری ئاگرەکەدا لێی ڕادەکشێن. لە نیوەشەدا تەقەی تفەنگ و پەلامار بردنی لەشکری ڕوس خەڵکەکە بەئاگا دێنێتەوە: قانع لە نزیک ئاگرەکەوە خەوتبوو، پێڵاوەکانی نیوەسووتاو دەبن و وەختەبێ هەردوو پێی بسووتێ، کە بەئاگا دێتەوە لەبەر ئازاری قاچی بێپەروا بەرەو بناری چیاکە ـ واتە ڕووبەڕووی لەشکری ڕووسەکان ـ ڕادەکات، بەو نیازە کانی و ئاوێک دەبێ خۆی بخاتە ناوی و قاچەکانی سارد بێتەوە، کە خەلکەکە ئەمە دەبینن و وادەزانن بۆ سەر لەشکری ڕووس پەلامار دەبات. بە جارێک دەس دەکەن بە سەڵەوات لێدان و شوێنی ئەکەون، لەشکری ڕووس کە ئەم هێرشە ڕووبەڕووە دەبینێ ناچار دەکشێتە دواوە، بۆ سبەینێ سەرکردەی عوسمانییەکان دەبیستێ کە فەقێیەک بۆتە هۆی شکاندنی لەشکری ڕووسەکە. بانگی دەکات و گوایە لەسەر ئەو ئازایەتیە خەلاتی دەکات.

ـ زاتێکی گەورە قانعی خۆش دەوێ نامەیەکی بۆ دەنێرێ و لە نامەکەدا دەنووسێ بچۆ بۆ فلان دێ، لە ماڵی فلان کەس برنجمان هەیە تەغارێک برنج بەرەوە، ئەویش گوێدرێژێک دەخوازێ و دەچێ بۆ دێی ناوبراو، کە دەچێتە ماڵ برادەرەکە پێی دەڵێن هەفتەیەک دەبێ هەموو برنجەکەیان بردۆتەوە. وەرزی بەهاریش دەبێ شەو دادەکاتە ڕەهێڵە و باران. گوێدرێژەکە لە حەوشەی ماڵەکە دەردەپەڕێ و ڕادەکات، ئەمیش هەرچەن بە شوێنیا دەگەڕێ لەبەر تاریکی شەو و ڕەهێڵەی بارانەکە نایدۆزێتەوە، کە ڕۆژ ئەبێتەوە تەماشا ئەکا لە قەراخ ئاواییدا گورگ خواردویێتی. ئەمیش شیعرێکی سوپاسنامە بۆ زاتەکە ئەنووسێ پێویست بە بلاوکردنەوەی شیعرەکە ناکات.

ـ لە دێیەک ئاشەوان دەبێ و شەوێک کارگوزارێکی سیاسی ڕێی ئەکەوێتە ماڵیان و تاکو نیوەشەو دائەنیشن و باسی چەندان جۆر بابەت و مەسەلەی نیشتمانی دەکەن. لە کاتی خەوتنا کارگوزارەکە پێی دەڵێ: مامۆستا قسەکانتم زۆر پێ خۆش بوو، بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قسەکانتا دیارە لایەنگری کۆمەڵەکەمانی. ئەمیش پێی دەڵێ: کاکی برای وادیارە لە ئێوارەوە لە قسەکانم تێ نەگەیشتویت، چونکە قسەکانی من ئەوە ناگەیەنێ لایەنگری ئێوە بم، بەڵکوو ئەوە نیشان ئەدات کە ئێوە لایەنگری من بن!

ـ خاوەن‌مڵکێک **قانعی** زۆر خۆش ئەویست، چەند جارێک پێی دەڵێ: حەز ئەکەم پارچە زەویەکت بۆ تاپۆ بکەم، **قانع** بە گەرمی بەدەم داخوازییەکەیەوە ناچێ، ڕۆژێکیان خاوەن‌مڵکەکە پێی دەڵێ: پێم ناڵێی بۆچی من ئەمەندە حەز دەکەم پارچە زەویەکت پێ ببەخشم تۆ ناتەوێت؟ ئەویش پێی دەڵێ: من نامەوێ لەبەر خاتری پارچە زەوییەک ببم بە موستعمەرەی قسەکانت.

ـ جارێکیان لای شێخە ئیرشادێک دائەنیشێ و لە دڵەوە بەینیان ناکۆک دەبێ، لەو کاتەدا کابرایەک بە هەڵەداوان خۆی دەکات بە ژوورا و دەستی شێخ ماچ دەکات و دەڵێ قوربان کوڕەکەم مار پێوەی داوە، پارویەکی دەمەجووی خۆتم بدەیتێ بیخەینە سەر جێی گەستنی مارەکە بەڵکوو لە بەرەکەتی جەنابتانەوە چاک بێتەوە. بەر لەوەی شێخ قسە بکا **قانع** بە کابرا دەڵێ: نانت هێناوە شێخ بۆت بجوێ؟ کابرا دەڵێ نەخەیر. ئەمیش دەڵێ: سەیرە هەر یەکێک مار بیخوات و شێخ پاروویەک نانی خۆی بۆ بجوێ و بیداتێ چۆن دەریدێنێ. ئەمە لە شێخەوە دوورە نانی خۆیت بۆ بجوێ، بڕۆ نانی خۆت بێنە. شێخەکە بەمە ئەمەندەی‌تر دڵگیر دەبێ و داوای ئاشت بوونەوە لە **قانع** دەکات.

ـ جارێکیان لە خانەقای شێخێک دائەنیشێ، کۆمەڵێک سۆفی و مورید دەورە لە شێخ ئەدەن، شێخ ڕوو دەکاتە یەکێک لە سۆفیەکان و دەڵێ: دایکە هاڵیا مەنەن واتە دایکە هاڵیا ماوە؟ ئەویش دەڵێ بەڵێ. خەڵکەکە بێدەنگ دەبن و شێخ دەڵێ جنۆکەیەکمان هەیە مێردەکەی مردووە و لە هەوارگەی ئەم سۆفیەدا کەپرێکی غەیبی بۆ خۆی دروست کردووە، **قانع** ماوەیەک دەنگ ناکات، دوای ئەوە ڕوو دەکاتە هەمان سۆفی و دەڵێ: ئەجیل زارەبین مەنەن واتا ئەجیل زارەبین ماوە؟ کابرا دەڵێ بەڵێ، ئینجا **قانع** بە شێخ دەڵێ: پێت بڵێم ئەجیل زارەبین چییە؟ شێخ دەڵێ بەڵێ، **قانع** دەڵێ جنۆکەیەکمان هەیە ژنەکەی مردووە و لە ناو باخی ئەم سۆفیەدا ژوورێک خانووی غەیبی بۆ خۆی کردۆتەوە. ئینجا منیش بۆ ئەوە هاتووم بۆ خزمەتتان بەڵکوو ئیجازە بفەرمووی دایکە هاڵیای لای جەنابتانی لێ مارە بکەین و هەردوو لایان ڕزگاریان بێت. شێخ بە شەرمەوە سەری دائەخات. دوای نەختێک دەچێتە دەرەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- لە ماڵی ئاغایەک دەبێ، ئاغاکە تانجییەکی ئازای دەبێ و دەڵێ: **قانع** ئەم تانجیە زۆر سەیرە لە ڕاکردنا زۆر ئازایە، دەگاتە کەروێشک بەڵام نایگرێ. ئەوە چاری چییە؟ ئەمیش دەڵێ چاری ئاسانە، داوا بکە کەروێشکێکی زیندوو بگرن و لەبەرچاو تانجیەکە کولێرەیەک ببەستن بە ملیەوە و بەرەڵای کەن. ئینجا هەرکات چاوی بە هەر کەروێشکێک کەوت وا ئەزانێ کولێرەیەکی بە گەردنەوە بەستراوە. بۆ بۆن کولێرەکەوە هەر ئەیگرێ. ئاغا ئەڕەنجێ بەڵام نایخاتە خۆ.

- فەقێ دەبێ لە مەریوان، لەو سەردەمەدا پەیوەندییەکی بەتین لە نێوان کۆمەڵی مەلاو فەقێیان و دەربەگەکانا دەبێ. دەرەبەگەکان ئامشۆی حوجرەی فەقێکان دەکەن، شەوانە بە یاریی گۆرەویبازی و دامەو ڕیزکێن و ئەم جۆرە شتانە شەویان ئەبردە سەر. ڕۆژێکیان لەسەر بانێک لەگەڵ یەکێک لە ئاغاکانا دائەنیشێ و دامە دەکەن، لە کاتی یاری کردنەکەدا ئاغاکە وەکوو بیەوێ گاڵتە بە **قانع** بکات پێی دەڵێ: ئەو بەردە بخۆ! واتە ئەو داشە ڕیزینە بخۆ. پێدەکەنێ.. **قانع** تێدەگات دوای یارییەکە تەختەی دامەکە لادەبات و پاش نەختێک دەڵێ: جەنابی ... خان با دامەکە بکەینەوە! ئەمجارە **قانع** لەجیاتی داشی چیلکە پشقلەبزن دائەنێ. هەرچەن ئاغا دەڵێ یان چیلکە یان شقارتە دابنێ، بە قسەی ناکات. کە دەس دەکەن بە یاری کردن **قانع** دەڵێ جەنابی خان زەحمەت نەبێ ئەو پشقلە بخۆ... ئاغاکە ئەزانێ کە تۆڵەی خۆی لێ کردەوە یاریەکە تێک ئەدات.

- لە دێیەک ئاشەوان دەبێ دێکە دوو ئاغای دەبێ، ڕۆژێکیان لای ئاشەکەی دەبێ، فەرمانبەرێکی گەورەی ئەوکاتە لەگەڵ کۆمەڵە سوارێکدا بەوێدا تێدەپەڕن، نایناسن... فەرمانبەرەکە بانگی ئەکا و دەڵێ: ئاوەرە ئاشەوان... ئەمیش دەچێتە پێشەوە، پێی دەڵێ: تۆ پیاوی کێی؟ - مەبەستی فەرمانبەرەکە ئەوە دەبێ بزانێ ڕەعیەتی کام ئاغایە- ئەمیش دەڵێ پیاوی کەس نیم.. دەڵێ چۆن پیاوی کەس نیت؟ دەڵێ باش! تەنیا پیاوی خۆمم. فەرمانبەرەکە تووڕە دەبێ و دەڵێ چۆن پیاوی خۆتی؟ ئەویش دەڵێ بۆچی جەنابت پیاوی خۆت نیت؟ منیش وەکوو تۆ پیاوی خۆمم. دوای چەند جارێک لێی دووبارە دەکاتەوە، کە هەر بەمجۆرە وەڵامی ئەداتەوە ئینجا تێدەگات کە ئەمە **قانعی** ئاشەوانە. داوای لێبوردنی لێدەکات.

- ئاشێکی دەبێ، چەند تابلۆیەکی جۆربەجۆری نووسیبوو، لە شوێنە جیا جیاکانی ئاشەکەدا هەڵیواسیبوون، وەکوو لە دار توویەکی نووسیبوو جێگای کەر بەستنەوە. لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

دارێکی‌تری نووسیبوو جێگای دانیشتن. لەبەر هەیوانی ئاشەکەی نووسیبوو جێگای باراش خستن... بەمجۆرە... ڕۆژێکیان کۆمەڵێک ئاغا و بەگزادە و وردە کوێخا و... لە ڕاوە کەروێشکەوە دێنەوە لائەدەنە ئاشەکە و ماندوو دەبن، ئەیانەوێ ئیسراحەتێک بکەن، هەموویان بە کۆمەڵ ئەچن لە سێبەری ئەو دارەدا دائەنیشن کە لێی نووسراوە جێگای کەر بەستنەوە... **قانع** کە ئەمە ئەبینێ دەست دەکات بە پێکەنین و دەڵێ: وەجاخزادەکان! تەشریف بێنە سێبەری ئەم داری ترە ئەویا جێگای ئێوەمانان نییە. ئینجا ئەوانیش تابلۆکە ئەخوێننەوە بە شەرمەوە دەست دەکەن بە پێکەنین.

ـ لە سەرەتای سییەکاندا ئەچێ بۆ بەغدا جلوبەرگێکی زۆر شڕۆڵانەی لەبەرا دەبێ، سەفەری ئەوکاتەش بە شەمەندەفەر ئەکرا، لێی تێک ئەچێ نازانێ بەیانی چەند شەممەیە. تەماشا ئەکا دوو سێ ئەفەندی سەریان کردووە بە یەکا و ڕۆژنامەیەک ئەخوێننەوە، ئەمیش بۆ ئەوەی بزانێ چەند شەممەیە و چەندەی مانگە لێیان دەچێتە پێشەوە سەربەسەر ڕۆژنامەکەدا شۆڕ دەکاتەوە بۆ ئەوەی بزانێ چ ڕۆژێکە... یەکێ لە ئەفەندیەکان ئەیەوێ گاڵتەی پێ بکات ئەیدوێنێ. کە ئەکەونە گفتوگۆ ئەکەونە ناو کێشەی زمان شوناسیەوە... ئەکەونە پرسیارکردن لە یەکتر... **قانع** پێیان دەڵێ ئەگەر ئێوە زمانی خۆتان عەرەبی ئەزانن، مانای ئەم چوارینە شیعرە عەرەبییە چییە؟ لەوێدا بە دستاوبردی ئەم چوارینە شیعرە بە وشە کوردیە و لە قاڵبی عەرەبیدا دائەنێ:

وگویژات گوییات بژورات شارنا     مع ازمر ومکرون ودول هنارنا

وآوکاوی ساردی سرضنار بهاوینن     وداس وتور، وپاچ مشارنا

بەڵام پیتە کوردییەکانی وەکوو «گ، چ، پ، ژ...» ئەگۆڕێ بە پیتی عەرەبی... ئەوانیش زۆر بیری لێدەکەنەوە... لێی تێناگەن، بەڵام داوای لێدەکەن شیعرێکی‌تری بەمجۆرەیان بۆ بنووسێتەوە، ئەویش زۆر تەڕدەستانە ئەم شیعرەی تریان بۆ ئەنووسێتەوە:

مضی زستان سرد اتی الله بهارا     فنفرح هومان من دشت ام لشارا

منا یجوت جوتا بهیستر وکاجوت     منا یکیش دارا، بکول ام حمارا

پاش سەرنجێکی زۆر هەر لێی تێناگەن، ئینجا داوای لێبوردنی لێدەکەن.

ـ مەلای دێیەک دەبێ لە بناری شارەزوور، خەڵکی ئاوایی هەموو ڕۆژ لە مزگەوت داوای لێ دەکەن حەدیسیان بۆ بخوێنێتەوە. ئەمیش بێزار دەبێ ڕۆژێکیان دەڵێ:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیمامی باوکی پشیلە بەمجۆرەی وتووە: واتا ابا هریرە ئەم حەدیسەی گێڕاوەتەوە گوژالکی کوڕی ڕێوی، واتا حنظلة بن ثعلب، قوڕاوی کوڕی شووتی سیل بن حب حب. بەمجۆرە ئەوانیش ئەڵێن مامۆستا ئەم ناوانە چین؟ ئەویش ناوەکانیان پێ دەڵێ، خەلکەکە دڵیان لێی سارد ئەبێتەوە و ئەچن مەلایەکی‌تر دێنن.

ـ لەگەڵ خزمەکانی لە دێی کەولۆس لەسەر چەند وردە بابەتێکی ئاینی ئەبێتە ناخۆشییان، دێی کەولۆس بەجێ دێڵێ. لەپاش ماوەیەک مەلایەکی برادەری دێت بۆ ماڵیان و داوای لێدەکات کاغەزێکی بداتێ بۆ شێخەکانی کەولۆس کە بیکەن بە مەلای خۆیان، ئەمیش کاغەزێکیان بۆ ئەنووسێ لە کاغەزەکەدا دەڵێ: بەو ناو و نیشانەی خۆمتان دەرکرد ئەمە بکەن بە مەلای خۆتان. بە حیسابی ئەم مامۆستایە کەرەکەی جەجاڵ گوێچکەکانی لێرەوە تا شام درێژە، ئەمە بۆ ئێوە زۆر بەکەڵکە.

ـ جارێکیان لەگەڵ برادەرێکدا هەر یەکەیان باسی ڕۆژێکی ڕەشی خۆیان دەکەن... برادەرەکەی دەڵێ من لە سووریا بووم تەنیا ١٥٠ فلس پارەم پێ بوو، ئەمیش دەڵێ منیش لە بەغدا بووم ١٤ فلسم پێ بوو.

ـ لە ساڵی ١٩٦٣ لە دێی سیف دەبێ لە ناوچەی مەریوان، بە فیتی ئاغایەکی دێکە شەو دایەرەی سازمان دێن و لەگەڵ وریای کوڕی دەیانگرن. لەو کاتا ئەیخەنە ناو ئۆتۆمبێلەکەوە، پرسیار دەکات بۆ کوێمان ئەبەن؟ کابرای ئەفسەر دەڵێ تۆ نەخۆشی ئەتبەین بۆ لای دوکتۆر. لە ئۆتۆمبێلێکی سەرگیراودا ئەیبەن بۆ تاران، ماوەیەک لە بەندیخانەی قەجەر بە حەپسی دەیهێڵنەوە، کاتێک ڕزگاری دەکەن لە بەندیخانەکەوە سواری ئۆتۆمۆبێلێکی‌تری دەکەن، بە ئەفسەرەکە دەڵێ: زەحمەت نەبێ بۆ کوێمان ئەبەن؟ ئەفسەرەکە پێی دەڵێ: بۆ میوانخانە واتا ئوتێل، ئەمیش دەڵێ : ئەمە حاڵی لای دوکتۆرمان بوو، دەبێ حاڵی ئوتێلەکەمان چۆن بێ؟

ـ لە ساڵی ١٩٥٤دا لە دەوروبەری هەڵبژاردنەکەدا لە پێنجوێن دەبێ، مدیر ناحیەیەک لە پێنجوێن دەبێ چەند جارێک دەیگرێ و بەرەڵای دەکات. ڕۆژێکیان ئەیەوێ بە سەفەر بچێ بۆ ناوچەی بەرزنجە، دەچێتە لای مدیر و پێی دەڵێ: جەنابی مدیر بەگ ئەمەوێ بە سەفەر بچم هەفتەیەکم پێ ئەچێ ئەگەر لەم هەفتەیەدا گرتن و مرتن هەیە ئەوا با نەڕۆم.

ـ لە ساڵی ١٩٥٩دا بە فیتی ... ناوێک تێوەگلاو بە حەپسی بردیان بۆ عەمارە، ماوەیەک لەوێ ئەمێنێتەوە، مێخەکەیەک لە پێی دەرهاتبوو کە چەند جار بەتایبەتی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چوو بۆ لای دوکتۆر چارەی بکا چارەی نەئەکرا، لە بەندیخانەکە مێخەکەکە هەڵدەوەرێ، کە هاتەوە نامەیەکی سوپاسنامەی بۆ ... نارد، زۆر سوپاسی تیا کردبوو، نووسیبووی ئەگەر لوتفی جەنابت نەبوایە ئەو ئازار و مێخەکەیەم هەرگیز لە کۆڵ نەئەبۆوە.

- لە پێنجوێن بە کاک عومەرێ حاجی عەبدولا کە زۆر دۆستی دەبێ، وتبووی فەردەیەک خەڵووزمان بۆ بکڕە، چەند ڕۆژێکی پێ ئەچێ کاک عومەر بۆی ڕێ ناکەوێ بیکڕێ، ڕۆژێکیان پێی دەڵێ: بۆچی خەڵووزەکەی ئێمەت لەبیر چۆتەوە؟ ئەویش دەڵێ: مامۆستا خۆ ئێوە هەمیشە نان و ترێ و تەماتەی کاڵ دەخۆن ئەمانە خەڵووزیان بۆ چییە؟


- کە لە بەندیخانەی تاران لەگەڵ وریای کوڕی بەرەڵا دەبن، بە ڕێکەوت ئەو ڕۆژە شەکراوی کوڕی پاشا دەبێ. هەریەک لە حەپسیەکان پاکەتێک شیرینییان ئەدەنێ، ئەمیش وەری ناگرێ، ئەفسەری بەندیخانەکە تووڕە دەبێ، دەڵێ: ئەمە دیاریی شایە لە هەموو شتێک شیرینترە. ئەویش دەڵێ چەندە لای جەنابت شیرینە ئەوەندە لای من تاڵە.

- لە ساڵی ١٩٤٢دا، ڕێی ئەکەوێتە دێیەک لە ناوچەی شلێر، بە لای ماڵێکدا ئەڕوات تەماشا دەکا کۆمەڵێک خەریکن گۆزە و دەرخۆنە دروست دەکەن. ئەویش ئەم دێڕە شیعرە لە تەنیشتی گۆزەڵەیەک ئەنووسێ:

ئاوی گۆزەڵەی خاکی کوردستان — خۆشترە لە ئاو سەرچاوەی لوبنان

- مەلا عەلی شمشێر کوڵ گێڕایەوە وتی: لە ساڵی ١٩٥٤ لەگەڵ **قانع** لە بەندیخانەی سلێمانیەوە ناردینیان بۆ هەڵەبجە، **قانع** بەڕێکەوت ئەو ڕۆژە لە بەندیخانەکە ڕیشی تاشی بوو. لە ناو ئۆتۆمبێلەکەدا دوو کابرای سۆفی ئێرانیش کە سنوریان شکاندبوو بە حەپسی لەگەڵمان بوون و کەلەبچەیان لەدەستا بوو. پۆلیسەکان کەلەپچەکانیان لەدەست سۆفیەکان کردەوە، کردیانە دەستی من و قانع. لەوێدا **قانع** دەڵێ: ڕیش تەنیا ئەمڕۆ بەکار هات کە من نیمە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



بە کوفری تێمەگەن ئەشعاری وردم

هەمووی پەند و دوڕ و مەرجانە بۆتان

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org



## خواپەرستی

وەرە، بـاوەڕ بکـە، کـوردە! خوایـە خـالقی دانـا
بە تەنیا لەفزی کاف‌ونـوون[1] جـەمیعی ماسـیوای دانـا
ئەوەندە ڕەحمەتی زۆرە، گوناحی وەحشی مەحوۆ کرد
ئەوەندە خاوەنی قەهرە کە دینی سەند لە بـەر سیسـا
لە سفرەی نیعمەتی تێرن، تیـور و جنیـی و ئینسـان
لە خەتی ئەمری دەرناچن، سەما و هـەور و خـاک و بـا
نمونـەی شـیددەتی قـەهری خوایـە ئـاگری دۆزەخ
نیشانەی لوتفی یەزدانە، بەهەشت و کەوسەری ئـەعلا
کە مەیلی بێ بە بت‌تاشێ ئەدا کوڕ میسلی ئیـبراهیم[2]
وەیا کوڕ نووح[3] بـەبێ دیـنی ئەخاتـە غـەرقی نـەجینا
لە بیم و دەهشەتی خوایە کە ئاو ساتێ سـکووت ناکـا
بەبێ ئەستوون هەڵیداوە لە سەرمان گونبەدی خـەزرا
وەیـا تـۆ عاقڵـی، لازم بـە وەعـز و تەربیـەت ناکـەی
بە ئەقڵی خۆت تەماشا کە لە سونعی ڕەببی بێ‌هـەمتا
ئەگەر خۆ دڵ‌ڕەقی و باوەڕ بە شـیعری **قـانعی** ناکـەی
لەبەر تەسکینی قەلبی خۆت، بڕۆ پرس کە لە لای مەللا

***

---

١. مەبەست لە (کُن فَیکون)ە.

٢. مەبەست ئازەری بت‌تاشە کە حەزرەتی ئیبراهیم لای ئەو گەورە بوو.

٣. کوڕی نووح پێغەمبەر کە لە فەرمانی باوکی دەرچوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## سوورەتی وەللەیل

سوورەتی وەللەیلە باسی زوڵفی شاهەنشا[1] ئـەکا
(صاد) جلوەی چاوی کاڵـی حـەزرەتی والا ئـەکا
دەستی من دامێنی تۆ یا حەزرەتی خەیرولبەشەر
من سەگی ئەومە کە مەیلی سوورەتی (طـه) ئـەکا
بۆ نیشانەی عیززەتی، یاسین بەبانگی بەرز ئەڵـێ
باسـی میعراجـی شـەریفی (الـذی اسـری) ئـەکا
بێ تەماشا کە لە دەشتی عیززەتا، بۆ قوربی حەق
کەی تەلیفۆن، یاخۆ تەلسز، کاری وا خێـرا ئـەکا؟
چاو لە قونجانێ لە خاکۆ، گەییە عەرشـی بارەگـا[2]
دەک فیدای ناڵی بوراقت بم، کـە کـاری وا ئـەکا
مەحزی خەرقی عادەتە شاهم[3] کە چوو بۆ لامـەکان
وەرنە هەر لا مەیلی خۆی بێ دیدەنی ئەعلا ئـەکا
غەیرە مەحسوورە عەزیزم باسی میعراجی ڕەسـوول
گەر ئەرستوو بێ بەیانی وەسـفی کـا، بێجـا ئـەکا
قانعی ئوممێدی ڕەحمی تۆی نەبێ، بـێ تۆشـەیە
ڕۆژی مەحشەر، ڕوو لە لوتفی حەزرەتی والا ئـەکا

***

١. مەبەستی لە حەزرەتی محەممەدە (د.خ.)
٢. شەوی میعراجە.
٣. دیسان مەبەستی حەزرەتی محەممەدە (د.خ.)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پێنجخشتەکی قانع لەسەر شیعرێکی خۆی کە بە ناوی دەردی دڵە

ئەی وەتەن! هێندە پەشێوم فکری دڵ، دڵ دەرئەکا
دڵ بە جارێ تف لە دووسەد خەزنە و دولبەر ئەکا
جۆگەلەی زووخاوی جەرگم وا لە چاوم سەرئەکا
ئەی وەتەن! دەردت لە دڵما زامی سەد خەنجەر ئەکا
**بۆ برینی جەرگی لەتلەت، ئێشی سەد نەشتەر ئەکا**
سەیری باغ و لالەزاری پڕ گوڵ و پڕ نیعمەتت
سەیری تاڤگەی ئاوی ساردی گوڵشەنی پڕ سەروەتت
بێ تەماشای دارستانی پڕ بەها و شەوکەتت
چۆن بە قوربانت نەبم، بۆ مەنزەرەی پڕ قیمەتت
**دڕک و داڵت تف لە لالە و سۆسەن و عەنبەر ئەکا**
مێرگەنەخشینت بڕژێ بۆ ئالفی چینچینەکەی
هەر بڕژێ قەندیل وَ ئاکۆ لووتکەیی بەفرینەکەی
هەردوو کوێستانت بڕژێ بۆ سۆسەنە ڕەنگینەکەی
گەرمیانت دەک نەنالێ بۆ هەوا شیرینەکەی
**قامەتی گەورە کچانت گەپ بە نەیشەککەر ئەکا!**

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

کـەی قەڵـەم هێـزی هەیـە باسـی بکـا یاتاخەکـەت؟
کەی زمان نوتقی هەیە بۆ خـاکی وەک شـێرداخەکەت؟

ڕۆحـــی ئێمــە بولبولــە بــۆ نــەرگس و گوڵــباخەکەت
دووشـِـەتان و قەڵـبەزەی بـەفراوی شـاخ و داخەکـەت

**بێدرۆ وەڵلا لە ئاوی زەمزەم و کەوسەر ئەکا!**

هێندە مەستم ئەی وەتەن! فەرقی نییە بـەزم و خەتـەر
دێتە پێش چاوم وەکوو یەک جۆشی هەڵپەڕکێ و چەمـەر

نامـەوێ بمکـەن بـە شاهـــ و بچمـە ڕوتبـەی تـاجوەر
ئەی وەتەن! خاکت بە حۆری دەستکەوێ بۆ تاجی سەر

**تازە کێ مەیل و خەیاڵی تاج یا ئەفسەر ئەکا؟**

ئەی وەتەن! وەڵلا وە بیللا غوولی کێویی تـۆی فرۆشـت
هەرزەیی و ئەخلاقی پەستی جنن و دێوی تۆی فرۆشت

بێسەر و بێخاوەن و بـێمـاڵ و خێـویی تـۆی فرۆشـت
ئەی وەتەن! داخی گرانم ئەو کەسەی تۆی دا بـە شـوو[1]

**دیققەتی ڕیشی ئەدەی عەینەن لە جادووگەر ئەکا!**

***

---

١ . لە ژێرنووسەکەی شیعری «دەردی دڵ» وا نووسراوە: «ئەی وەتەن! داخی گرانم دێڵـەڕێوی دێڵەڕێوی تۆی فرۆشت» کە واتە بە پێی هاوکێش بوون لەگەڵ خێویی، دێـوی، کێـوی، ڕێـوی دروستترە. جیا لەمانەش لەنگی و ناتەبایی ئاوا، لە قانع بە دوورە. ن.ب.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## چەرخە کۆن

سەیرکەن چەرخی کۆنە چلۆن شاڵ و جاو ئەکا
دوژمن بە ڕۆحی سێبەر، مەیلی بە هەتاو ئـەکا
پیرەژنێ وەهایە بە سەد مەکر و چابلووس
خۆگیرە، خۆفرۆشە، لە گشت کەس سڵاو ئەکا
بەم پیرییە چ منالە، لە بۆ ڕەنگی ئاڵ و واڵ
ڕەنگ ڕێژە کووپەکانی، لە کللەی شـکاو ئـەکا
گاهێ سەری لە هیچەوە، ئەیداتێ تەخت و تاج
گاهێ سەری لە تاجەوە، بە تەپلـی دڕاو ئـەکا
کەبابچییەکی چشۆخە؛ بەڵام دڵ ئەدا لە سیخ!
قیمـەی کەبابـەکانی، لـە جـەرگی بـڕاو ئـەکا
قانع بە دەستی چەرخەوە وا مات و سەرکزە
بێهێـز و بـێتەکانـە لـە مـاری کـوژراو ئـەکا

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


## یارمەتی خوا

له بیسمیلا تەڵەب کە عیززی عوقبا — له بیسمیلا تەڵەب کە ئیشی دونیا
لناوی وەحدەت و یوونس له زک حووت — بە ئاسانی نەجاتی بوو لە دەریا
به ناوی حەق بە گوڵ بوو ناری نەمروود — لە ناوی خالقۆ بوو دەستی بەیزا
ئەگەر ناوی خواوەندی نەکا ئیش — چلۆن حوشتر لە بەردی سەخت پەیدا
به تەیرێکی زەعیف و بێ پەڕ و باڵ — هەزار ئەسحابی فیلی خستە ئەفنا
ئەفەوتێنێ هەزاران چەشنی قاروون — بە ئەسکەندەر ئەبەخشێ تەختی دارا
له خوانی ڕەحمەتی حەق جیرەخۆرن — هەزاران وەحشی و نادان و دانا
بە ناوی زاتی پاکی خۆی موحەققەق — هەموو سەر سوورەتی قورئانی دانا
لە لای زاتی خوا، هیچ نانوێنێ — چ شێخ **قانع**، چ کەیخوسرەو، چ کیسرا!

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## یاری چی؟!

کچ لە دووی کوڕ ناگەڕێ، هەر کوڕ بە کچ حاشا ئـەکا
ئەو کچـە مەعسـوومە ناحـەق سـەرکز و ڕیسـوا ئـەکا
کوڕ ئەگەر حـەزکا لـە کـچ، جـا وردەوردە دێتـە لای
گوفتوگۆی شـیرین و جـوان و پێکـەنین بـەرپا ئـەکا
چۆنی خانم؟ بەسیە تا کەی هەر لە ماڵی بـاب ئـەبی؟
هاوسەری تـۆ زۆر مناڵـە، جـووتی خـۆی پەیـدا ئـەکا
ساڵێتر گەر شوو نەکەی ئینجا ئەڵـێن پێـت پیرەکـچ
ئـەو دەمـە پـیرێ لەگەڵـتا، مامەڵـە و سـەودا ئـەکا
لاچۆ باوکم، من لە کوێ و شووکردنی ئێستام لە کـوێ؟
هاوسـەری مـن، لـەم ولاتـە کـەی خەیاڵـی وا ئـەکا؟
گەورە کچ! بنواڕە بۆ مـن، تـو سـەری بـاوک و بـرات
وا دڵـم بـۆ تـۆ تـەواوی شـین و واوەیـلا ئـەکا
با مـن و تـۆ پێکـەوە پـەیمانی یـەککـەوتن بـدەین
جـا، بـزانین کـێ بـە دڵ پەیمانەکـە ئیمـزا ئـەکا
وا بنووسین: یا وەسڵ بـۆ یـەکتری یـا خـاکی گـۆڕ!!
هەرکەسێ داوات بکا، بـێسـوودە، خـۆی ڕیسـوا ئـەکا
بۆ منیش ملکی بەهەشت پڕ بـێ لـە حـۆر و بمـدەنێ
گەر دڵم بۆی ڕاچـەنێ دووسـەد کـەڕەت بێجـا ئـەکا
موختەسەر، بەم جـۆرە فێڵـە، کـار ئەقـەومێنێ تـەواو
ئـەو کچـە بێچارەیـە تووشـی هـەزار غـەوغا ئـەکا
هـەر کچـێ ئـەم وەسـیەتەم بگرێتـە دڵ تـێناکـەوێ
یاری چی؟ سەد تف لە چارەی داکـەخۆگێیی وا ئـەکا!

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پەرۆشی دڵ

ئەی کوردی سەراسیمە! لە هەر ژوور و لە خوارا
وەی سەرکز و ئاشوفتە، لە دێهات و لـە شـارا!
من چۆن نەگریم! هێندە کز و خوار و زەلیلـی
سەر تا بە قەدەم غەرقی لـە نـاو تـۆز و غوبـارا
ئەی کۆمەڵی کوردانی هونەروەر چ عەجایـەب
بێ ڕەونەقن ئەمڕۆ، لە هـەموو سـووچ و کـەنارا
کوێستانی وەتەن خوێنە بـرا، ئەمـڕۆ شـەتاوی
پارەی جگـەری کـوردە گولاڵـەی لـە بـەهارا
کوا غیرەتی مەردانە، لە بـۆ کـاکی عەشـایەر؟
کوا جورئەتی شێرانە، لـە نـاو چـیخ و دەوارا؟[1]
زۆر عەیبە لە بۆ لاوی وەتەن، بـەرگی چـویتلی[2]
بێگانە لەگەڵ خوشکی لەسەر، خۆی لە حەسـارا[3]
**قانع**! بەسە ئەم شینە، بە تەنیا و بـەبێ کـەس
خۆکردە نە خواکردە، کە هەر کـوردە لـە تـارا

***

١. لێرەدا داوای ڕاپەڕینی لە ڕەشماڵنشینەکان کردووە.
٢. ئەو کەسانەن کە بە ناز پەروەردە دەکرێن.
٣. مەبەستی لە دەسەڵاتدارێک بووە کە خۆی دابووە دەست بێگانە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# شیوەنی نیشتمان

هەوری بەختی کوردستانە، شیوەن و گریـان ئـەکاا
ناڵەناڵــی کوردەکانــە جــەرگ و دڵ بریــان ئــەکا
دەنگی قیژوهۆڕی خەڵقە دێت لەژێر چەرخی زەمـان
ئاهی مێردکـوژراوی کـوردە عالـەمێ وێـران ئـەکا[1]
دووکەڵی قرچەی دەروونی بێجل و بەرگ و ژیـان
بوو بە هــەور و وا بەســەر کێوانــەوە، سـەیوان ئـەکا
هێندە جاری بوو لە چاوی کوردستان فرمێسکی خەم
بێ تەماشا کەن! هەزاران تانجەڕۆ و سـیروان ئـەکا
بۆ حەلالە ماڵی کورد و بـۆچی فـەرزە کوشـتنی؟[2]
دەک خەجاڵەت بێ درۆزن![3] چۆن وەهـا پـیلان ئـەکا
کەس نەڵێ لافاوی ئاوە، ئاوی سووری (شیوەسوور)
خوێنی ئاڵی بەندی جەرگـە، شـیوەنی بابـان ئـەکا
**قانعی** فیکری بە جارێ سەرف ئـەکا بـۆ هۆزەکـەی
نەک وەکوو یارۆ[4] خەیاڵی سەرفی چا و قلیان ئـەکا

***

---

١. لە ڕووی نوسخە دەسخەتییەکەی نووسراوەتەوە.
٢. لە نوسخەی دەسخەتەکەیا بەمجۆرە بووە.
٣. مەبەست لە زاتێکی گەورەی ئاینییە.
٤. خاوەن دیوەخانێکی بەدەسەلات، کە دەمی لە نیشتمانپەروەرییەوە دەدا و کرداری نەبوو.

دیوانی قانع
کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


## شۆخی بێپەروا

خوا ڕەحمێ بە حاڵم کەی لە دەس ئەو شۆخە بێپــەروا
کە سوڵحی ناکرێ بۆ من بە دووسەد مەحکەمەی کــوبرا
ئەوەندە وەحش و سەرمەستە، بەمل سەد لاشەیی کــوژراو
وەکوو ئاهووی بەدەس هاتوو، بە خەمزە و نــازەوە ئــەڕوا
ســــبەینێ ڕۆژی میزانـــــە، دیـــارە قـــاتلم کێیـــــە!
لە ناڵی کەوشی تێفکرن، کە دوێنــێ پێـی بــە دڵـما نـا
ئــەوا دووبــارە قوربانــە، لــە بــۆ کوشــتاری عوششــاقی
هــەزاران تــیری برژانگــی لــە نــاو قەوســی بــرۆی دانــا
ئەجەل! تۆ بمکوژە و گــۆڕیش دەبا زوو ڕێزەڕێــزەم کــا
کە بەڵکوو بم بــە خاشــاکی بــەری دەرگانەکــەی لــەیلا
تەماشای ڕوومەتی تۆ کەم، ئەخوێنم سوورەتی (والشّمس)
بــە یــادی زوڵــفی پــڕچینت، لــە (واللّیــل إذا یغشــا)
بــەبێ ســـوود و نەتیجــە **قانعــا** وەک نــەی ئەناڵــێنێ
لە گــوڵ هــەرگیز نــەبینراوە، وەفــا بــۆ بولبــولی شــەیدا

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## دڵی کۆنەم

دڵـی کۆنـەم خەیاڵـی وایـە دەردی تـازە پەیـدا کـا
بە پشتی کۆمەوە ئەقڵی گوزەشتەی کۆنی ڕیسوا کـا
بە پیری فێر پلاو خواردن ئەبم، دەس بۆ دەمم نابـەم
خەیاڵی خاوە، چۆن کۆتر هەوای نەخچیری عـەنقا کـا[1]
لە کێوی بێسـتوونی عیشـقەدا فـەرهادی بەدبـەختم
وەلەو شیرینەکەم مەیلی دڵـی پـەروێزی کیسـرا کـا
بەسەرهاتم وەکوو مەجنوونە، ئەمما عیشقی پیرئـاموز
بەدیانی کەوتۆ و عاشـق، لـە بـاتی عیشـق بێجـا کـا
بناغەی زوهدی تێکدام و، وتی من گـەر مەسـیحیش بم
کڕیدارم ئـەبێ مـەیلی تەجـەللای نـووری عیسـا کـا
دەسمبرد سوخمەکەی لابەم، تەماشای باخی سینەی‌کەم
وتی: ئەی بێ‌ئەدەب! عاسیی لە جەننەت چۆن تەماشاکا؟
ئەزانێ یار بێ‌مەیلـە، ڕەقـیبی بەدگوهـەر پـەی‌پـەی
خەیاڵی وایە ئەربابی مەی و مـەی‌خـوارە ڕیسـوا کـا
ئەگەر **قانع** لە لافی عیشقەدا کەللەی بەجۆشـش بـێ
هەزار مەجنوون و سەنعانیش بەزەوقی شیعری شـەیداکا

***

---

١. باڵندەیەکی خەیاڵییە، کە زۆربەی شاعیرە کلاسیکییەکان لە شیعردا بەکاریان هێناوە.

دیوانی قانع
کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



## دەردی‌سەر

١

سەرم دەردی‌سەری تووش بوو، کە دوێ ڕوانـیم بـە دولبـەردا
دڵم سەهوێ گرانی کرد، کـە خـۆی بـەر شـیپی خەنجـەر دا
بە ئەقڵی خۆم قیاسی چـاوی ئـەو شـۆخەم بـە ئەختـەر کـرد
بە عیشوە چاوی بـەرزۆ کـرد، هـەزار جـوێنی بـە ئەختـەر دا
مەلای بێ شۆڕش و زەوقیش بە عەزمی پەندی بـۆ مـن هـات
کە یـاری دی لـە مـن بـەدتر، دڵـی بـەر نـووکی نەشـتەر دا
وتم بولبول بە دیـنی خـۆت گوڵـت پـێ جوانـە یـا کوڵـمی؟
بە بـانگی ئاشـکرا بولبـول دووسـەد تەعنـەی لـە شەسـپەڕ دا
سوئالم کرد کـە بـۆچ چـەرخی فەلـەک وا شـێت و شـەیدایە
وتـی: مـن تـیری بـرژانگم لـە جـەرگی بـورجی ئـەخزەر دا
بە شمشـێری بـرۆی جـەرگی لـەتوکوت کـردم و فـەرمووی:
هەتا قەوسی بـرۆی مـن بـێ، چ ئیشـت هـەس لـە مینبـەردا
بـە چـاوی بـێ‌غـەرەز کاکـە تەماشـای شـیعری قـانع کـە
هەموو وەک لەعلە تێکـەڵ بـن، لەگـەڵ ملـوێنکی گەوهـەردا

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ستایشی مەریوان

ئەم خـاکی مەریوانـە وەکـوو جەننـەتی خـەزرا
پڕیە لە مەلەک، یەعنی خەجێ و فاتم و عـوزرا[1]
ئـەم خـاکی مەریوانـە وەکـوو خولـدی بەرینـە
ئەم خـاکی مەریوانـە وەکـوو عەرشـی موعـەللا
ئـەم خــاکی مەریوانــە، بــرا، کــانی ســەفایە
ئــەم خــاکی مەریوانــە وەکــوو زروەیی ئــەعلا
ئاو سارد و هەوا سووک و فەرەحبەخش و عەتردار
بۆخۆشترە دڕکی لە دووسەد نەرگسـی شـەهلا
پیــاوانی هــەموو ژیــر و ژنــانی هــەموو ئــاقڵ
پـیرانی هــەموو ڕەنــد و منالــی هــەموو دانــا
مەستانەسیفەت سەف ئەبەسن گـەورە کچـانی
زێبەنــدەترن، کاکــە لــە ســەد تاوســی زێبــا
یاخود بە مەسەل کەبکی دوڕی[2] جیلوەفرۆشـن
بێباک لـە هـەر تانـە، وەکـوو دایکـی مەسـیحا
گوڵزارە هەموو دەشت و دەر و شـەربەتە ئـاوی
گۆیا تۆ ئەڵێی زەمزەمـە، یـا کەوسـەری ئـەعلا
کانی کەرەم و مـەخزەنی ئەسـراری سـەداقەت
یا وەک سـەدەفی پـڕ لـە دوڕ و دانـەیی یـەکتا
بۆ زامی خەفەت، مەرهەمـە سـەیرانی مـەریوان
پــڕیە لە وەتەنخواهــ وەکـــوو قانـــعی دانـا

***

۱. ناوی ڕەمزی سێ کچی شۆخی ناوچەی مەریوانن.
۲. جۆرە کەوێکی ڕەسەن و جوانن، بە زۆری لە کوێستانەکاندا دەژین.

دیوانی قانع
کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# چاوی یار

چاو لە عیشقی چاوی مەستی، حەز لە هەر پەروین ئەکا
دەم بە یادی لێوی زەوقی تاڵیی خۆی شیرین ئەکا
من بەبێ ئومێدی وەسڵی بێستوونە مەسکەنم
ئەو بەبێ پەروێز و شێرۆ، نازشی شیرین ئەکا
داغمەی دەردی فیراقت، شینە بۆیە شین ئەکەم
بوردەباری باری میحنەت، شین نەکا، چۆن شین ئەکا؟
بولبولی گولزاری کولمی تۆ کە ڕووحی عاشقە
کەی خەیاڵی ژاژوپەڕ، یا سۆسەن و نەسرین ئەکا؟
چینی زوڵفی خاوی چین‌چینت بخەیتە گەردنێ
گەپ بە لەعلی ئاودار و تف لە چینی چین ئەکا
تۆ کە قەسری جەننەتە ڕووت، فەرموو سا بۆ ڕووتی ڕووت
ئودخۆلووها قانعین، ئەگریجەکەم پەرژین ئەکا
گەر ڕەقیب مەنعم بکا بۆ گیان‌فیدایی قاسیدت
ڕوستەمی مەیدانی عیشقت، چۆن بە گوێی گورگین ئەکا؟
ئەی شەهەنشاهی سەریری تەخت و هەر حوسن و جەماڵ
حەیفە بۆ تۆ حاکمی چاوت دڵم خەمگین ئەکا
هاتفێ دوێنێ وتی پێم: (طوبی لک) یا قانعی!
تۆ شەهیدی یاری، واعیز سەهو ئەکا تەڵقین ئەکا

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## دەردی دڵ

ئەی وەتەن! دەردت لە دڵما زامی سەد خەنجەر ئەکا
بۆ برینی جەرگی لەتلەت، ئێشی سەد نەشتەر ئـەکا
چۆن بە قوربانت نەبم! بـۆ مـەنزەرەی پـڕ قیمـەتت؟
دڕک و داڵت تف لە لالە و سۆسـەن و عەنبـەر ئـەکا
گـەرمیانت دەک نەناڵـێ بـۆ هـەوا شـیرینەکەی
قامەتی گـەورە کچـانی گـەپ بـە نەیشـەکەر ئـەکا[1]
دوو شەتان و قەڵبەزەی بەفراوی شـاخ و داخەکـەت
بـێدرۆ وەڵـلا لـە ئـاوی زەمـزەم و کەوسـەر ئـەکا
ئەیوەتەن! خاکت بە حوڕڕی دەسکەوێ بۆ تاجی سەر
تازە کـێ مـەیل و خەیاڵـی تـاج، یـا ئەفسـەر ئـەکا
ئەی وەتەن! داخی گرانم ئەو کەسەی تۆی دا بە شـوو[2]
دیققەتی ڕیشی ئەدەی، عەینەن لە جادووگـەر ئـەکا
ئەی وەتەن! نانت حەرامە بۆ ئـەوەی ڕۆژی مەسـاف
کـۆ لـە تـەییارە و بریقـەی نێـزە و پەیکـەر ئـەکا
ئـەی وەتـەن! یـاخوا بژیـت بـۆ ئیفتیخـاری قـانعی
قانعیش یاخوا بژی، چـون سـنعەتی گەوهـەر ئـەکا!

***

---

١. قامیشی شەکر.
٢. لە دەسخەتەکەیدا ئەڵێ: داخی گرانم دێڵە ڕێوی تۆی فرۆشت.

دیوانی قانع
کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

## گلەیی لە چەرخ

سەیری چەرخی چەرخە کۆنە، چۆن بە ناڕاستی گەڕا
ڕەحم قەت ناکا بە موفلس، شەرم قەت ناکا لـە شـا
نیمچە سووڕی دا لەسەر مەیلی مەلا، مفتی هەژار
لای بە لای شێخی تەریقەت کردەوە بوو بە هەرا
ئێستەکەش وا هاتە سەر بـازاڕی قـووەی کارەبـا
زیکـری زاهیـد تێکەڵـە، باسـینەما، باسـی نـەما
ڕوو لە لوقمانی زەمانە وەرگـەڕێ ئـەیکا بـە کـەر
کلکی کەر بەرزۆ بکا، ئەیکا بە لوتکـەی ئاردبـەبا[1]
کەوتە سەر باری غەزەب، چەن پادشای‌کرد بە هەتیو
هاتە سەر باری کەرەم، چەن هیچ و پووچی کرد بە شا
گێژەڵـووکە و گـەردەلوولی دا بەسـەر قاجارییـا
کەوکەبی سەد ناسری هاویشتە نـاو گێـژی فـەنا
بۆ برووزی جەوهـەری ڕێـوی ئەفـەوتێنێ پڵـنگ
پشتی شێری کرد بە جێگەی نیشتنی دێڵـە بـەبا
هێندە عەکس و دوون‌پەرستە بۆ نەبوونی **قـانعی**
ڕیشەکێشی کرد بەجارێ، دەبدەبەی شێری خـوا

***

١. چیایەکی بەرزە لە کەناری شاری بانە لە کوردستانی ئێران (کە خۆیان پێی‌دەڵێن ئاربەبا)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## قوربانی خاک

قوربانیی ئـەم خاکەیـە ئـەم ڕۆحــە لــە بــەرما
سۆزی دڵـی پـڕ دەردە کـە خولیایـە لـە سـەرما
ئامادەیی مەیدانم و ئـەم بەرگـە کـە پۆشـیم
کفنــە! نــەوەکوو چاکــەت و پانتۆڵــە لــە بــەرما
کورد کوردە، هەموو فیکری دڵم ڕۆژی سکوونەت
کورد کوردە، هەموو وێردی زمـانم لـە سـەفەرما
هێندم بە کـزی دیـوە لـە ئـەربابی ویلایـەت
خەونم نییە ئەسڵەن، لە دووسەد گێژی خەتـەرما
من هات کە نەبینم سەفی لاوانی وەتەن‌دۆسـت
خێرێ نییە ئەسڵەن، لە هەموو نـووری بەسـەرما
بۆ دەفعی عەدوو، نامەوێ شمشێر و کڵاوخود
دوژمـن بـە خـوا غەرقـە لـە خوێنـاوی جگـەرما
من هیچم کە لێ نایە، مەگەر هەر وەکوو **قانع**
شیوەن بکـەم و لیتـەیی ئـەم خاکـە بـە سـەرما

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## هەناسەکەم

هەناسەم هێندە مەغرووورە لە بارەش مەرحەبا ناکا
بەغەیرەز دڵ کە مەسکەنیە، خەیاڵی ماسیوا ناکا
ئەزانی! چاوی تۆ دایم لە خوێنی دڵ منا مەستە
بە بیماری ئەمێنێتۆ، پزیشک هەرگیز دەوا ناکا
حەنا سابت نییە رەنگی، وەفا هەر خوێنی دڵ زانی
لە پەنجەی دولبەرم بروانە، قەت مەیلی حەنا ناکا
ئەوەن تینووم بە لێوی تۆ، بە شیریش گەر لەتوکوت بم
تەسەللامە[1] بە ئاوی تێغ و رۆحم حەلوەلا ناکا
سەفارەتخانەکەی قەلبم بە قووەی جازبەی ئەبرۆت
تەلێفونخانەیە لازم بە قووەی کارەبا ناکا
ئەگەر حوسنت بە عامی بێ، منیش‌وا شێت و شەیدا نیم
بە شوعلەی رۆژ، پەروانە سەما هەروەک چرا ناکا
ئەگەر قانع بە ئوممێدی ویسالت بێ، چ بێ‌سوودە
لە گوڵزاری کەواکب، کەس گوڵاوی پڕ بەها ناکا

***

---

١. تێغ کە وەستا دروستی دەکا لە کوورەدا ئاوی دەدا، واتا شاعیر تەنانەت بە ئاوی ئەو تێغەش فێنکی پێدەگات.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## مەیلی دولبەر

گوڵ کە مەیلی دولبەری بێ، مشتەری پەیدا ئەکا
دڵ کە کەوتە عیشقبازی، زاهدێ ڕیسوا ئەکا
ماڵەکەم دارالجنونە، خەستەخانەم بۆ ئەبەن؟
عیشق دەردێکە کە دووسەد سەر تەبیب شەیدا ئەکا
بمکرێ چەرخی زەمانە گەر لە خەم سەهوی زلە
بۆ مەتاعی بێبەها، کێ مامەڵە و سەودا ئەکا
بۆیە عوریان ناگەڕێم، داوێن ئەگەر پڕ بێ لە خوێن
ڕەنگی ئاڵ و واڵی لێوی دولبەرم پەیدا ئەکا
ناوێرم هەرگیز خەیاڵی لێوی تۆ بگرم لە دڵ
چون وتارت هێندە تاڵە، دڵ تەواو ڕیسوا ئەکا
گەر تەماشای جێدەمی تێغی برۆی خۆی کا لە دڵ
عاشقی ئەبرۆی ئەبێ، هەر خۆبەخۆ هەیجا ئەکا
قانعی چون کەوتە فیکری دولبەری کوشتی بە خەم
کوشتەیی یارە لە گۆڕا، دەردی دڵ ئینشا ئەکا

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

## بەرگی ماتەمی

بۆیـــە دڵ دایم لیباســـی ماتـــەمی وا لـــە بـــەرا
خانەخوێیـــە، نـــاڕوا دووکـــەڵ لـــە ماڵـــی بـــێدەرا!
گەر سەرم دانێم لە ڕێت، ئەوسا خەلاسی مـوددەعیم
کێیە دەعواچی لەگـەڵ لاشـەی کـوژاوی بـێسـەرا؟
قەت خەفەت ناخۆم بە لۆمەی دوژمن و تانەی ڕەقیـب
میوەڕن، کەی بەرد ئەخا هەرگیز بـە داری بێبـەرا؟
زەوقی دڵ مەئلووفی تاڵـە، هێنـدە تاڵـی چەشـتووە
نابینێ لەززەت لە شەهدی وەسڵ، یـاخود شـەککەرا
خۆم پەنای چالاکی عیشقم خست لەدەس هیجرانی یار
لەم مەقامـە کوشـتە کـەمتر وا لـەدەر، تـا سـەنگەرا
تا فوارەی خوێنی جەرگم، قرمـە کاتـە حـەوزی دڵ
نـانوارم جـارێتـر، هـەرگیز بـە حـەوزی کەوسـەرا
زوهدی قانع بـۆ بـەجێهێنـانی ئـەمری حـەق نییـە
بۆ تەسـەللای دووری ئـەبرۆی یـارە، وا لـە مینبـەرا

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## چۆنیەتی زەمانە

بێحەیایی باوە ئەمڕۆ، قوڕ بەسەردا کا حەیا
کەندەڵان سەربەرز و شادە، خۆی بشارێتۆ چیـا

گوڵ ئەگەر ئەقڵی ببێ، قەت سەر لە خاک ناکاتە دەر
چونکە ڕۆژی دڕک و داڵە و گەرمی بازاڕی گیـا

با، لە هەورا سەرنیگون بن مانگ یا ڕۆژی جوان[1]
شەمشەمەکوێرە ئەڵێ: من نامەوێ شوعلەی (ضیا)

ئەی فەلەک! ڕاستۆ نەبی، بۆ ڕێکوپێکی دەورەکەت
گورگ ئەبێتــە شــوانی ڕان و دز ئەبێتــە ئــەولیا

نێرە گاجووتێ ئەبەیتە ڕیزی لوقمانی حەکیم
فەیلەسووفێکیش ئەخەیتە ژێر چەپۆکی ئەشقیا

تۆ بە مێروولەی زەعیف ئیشی سلێمانی ئەکەی
خاتەمی مۆری نگینت کردە دەست دێـوی هــەیا[2]

***

١. لە دەسخەتەکەیدا نووسراوە: ... بن بەدر یا شەمسی مونیر
٢. تەنیا لەبەر قافیە و کێشی شیعرەکە دانراوە، ئەگەرنا دوورە لە ماناوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پێنج‌خشتەکی لە سەر شیعری ڕەشید سدقی

بە کوێری بمخەنە چۆڵـێک لـە دەشـتی بەسـرە و فـاوا
وە یا کۆلکێشـی زاڵـم بم، لـە چۆڵـی وشـک و بـێ‌ئـاوا
بناڵـێنم بـە دڵـتەنگی، لــە ژێـر بـاری نــەبینراوا
سەر و پێ ڕووت و برسـی، مـل لـە ئەڵـقەی ئاسـن و داوا
**لەسەر ئەسپی ئەجەل بگلێم لە گەرمە و گوژمەیی تاوا**

چ سەرخۆشم لە ئەم ڕەنجەی لە ژینی خۆمەدا بردم
ئەگەر دیققەت لە ئیشم کەی، ئەزانی گیان‌فیدای کوردم
گەلێ پێم خۆشە ئەم شەرتە، لە دڵ خۆمـا کـەوا کـردم
ڕەفیقی بەد ئەبـەد ناکـەم، لـە خاکیشـا کـە مـن مـردم
**ئەجەل چاکی گریبانم ئەگەر بگرێ لە ناکاوا**

لە ڕێی خـاک و وڵاتـا، خـۆم ئەفـەوتێنم بـە مـەمنوونی
کە من سـۆزم لـە دڵـدا بـێ، چ موحتـاجم بـە مـەجنوونی
وەرە! گوێ ڕاگرە لەم شیعرە، دیقەت دە لـە مـەزموونی
بفـەوتێ بـا نـەمێنێ لاشـەکەم بـڕوا بـە مـەحزوونی
**بە لافاوی جـەفا سـەرکا، بخنکـێ بـا لـە گێژاوا**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەرە سەر سەیری چەپگەردیی زەمانـە و گەردشـی دەووار
چ لازم مـن بـەیانی کـەم بـە واتـە یـاوەکوو ئەشـعار؟
نە هەرجارێ بلێم، سەدجار وتوومە و هەر ئەڵـێم ناچـار
زەمانـە وا لەگـەڵ دوون و لەگـەڵ ئینسـانی کـەچڕەفتـار
**وەکوو شێرێکی خونخوارە، لەگەڵ ئینسانی داماوا**
لەسـەر ئەسـپی خـەیالاتم، ئەگـەر بگلێمـەوە ئەمـڕۆ
بـە سـەرگەردانیی و شـێتی، ئەگـەر بخولێمـەوە ئەمـڕۆ
لە زامی جەرگی پـڕ خـوێنم، ئەگـەر بکولێمـەوە ئەمڕۆ
بە چـاکی سـینەوە پـێم خۆشـە مـن بتلێمـەوە ئەمـڕۆ
**نەوەستم بـا لەبـەر ئاسـانەکەی ئینسـانی ناپیـاوا**
دڵـم ڕازی بکـەم باشـە، بـە ئێشونێشـی خـار و خـەس
لە دنیادا بـڕۆم دەرچـم، هـەتاکوو خـوا ئەڵـێ پـێم بـەس
لە داخ ئەم چەرخە زۆردارە، ئەوا سووتام وەکوو قەقنەس
سەری خۆم هەلگرم وەک شێت، ئیتر بۆچی مـنی بێکـەس
**نەسووتێم و نەهاڕێم، تۆزەکەم نەدرێ بەدەم باوا؟**
وەکوو دەروێشی بێمەسکەن، لەسەر نـێم تـاجی ڕیسـوایی
ئیتر هـیچ گـوێ نـەدەم قـانع! گـەدایی یـاخۆ پاشـایی
دەف و کەشکۆڵ و کەڵپۆس و لەسەر ئـادابی شـەیدایی
لـە هـەرد و دەشـت و کۆسـارێ، بناڵـێنم بـە تـەنیایی
**بە زامی سینەوە سیدقی، لە گێژی بەحری خوێناوا**

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## تێهەڵکێش بۆ پێکەنین

سەیری مەنجەڵ کەن چلۆن پڕیە لە چێشت
خـاک بـر سـر کـن غـم ایـام را
سەد تفم لێ‌کەن لەسەر یاپراخ و گۆشت
مـا نمـی‌خـواهیم ننـگ و نـام را
دوێنـێ دەرگـای مەتبـەخم لـێ داخـرا
خـاک بـر سـر نفسِ بـدفرجام را
ئـاگری لۆقەنتـەچی بـوو، ئافـەرین
سـوخت ایـن افسـردگان خـام را
غـەیری حەڵـوا تـامی دەم شـیرین ئـەکا
کـس نمـی‌بینم ز خـاص و عـام را
دوێنـێ یـەک گیپـەم لـە گیپەخانـە دی
کـز دلـم یکبـاره بـرد آرام را
چۆن فیدای باجی مەجێی چێشتکەر نەبێ
هـر کـه دیـد آن سـروِ سیم‌انـدام را
**قانعـا!** بـا ئێسـتە بـێ‌نـانی؛ بـەلام
عاقبـت روزی بیـابی کـام را

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## لەگەڵ خواجە حافیزی شیرازیدا

ئەگەر شەو بێتە سەر جێگەم، کەوا تاقەی کراس غارا
بە خال هندوش بخشم سمرقند و بخارا را [1]
وتم پێی کوێ بەدڵ تۆیە؟ بەعیشوە پێکەنی و فەرمووی:
کنار آبِ رکن‌آباد و گلگشت مصلی را
سەر و زلف و برۆ و چاو و خەت‌وخاڵ و لەبی لەعلت
چنان بردند صبر از دل چو ترکان خوان یغما را
نە تەنیا من لە ڕەمزی تاقی میحرابی بڕۆت ناگەم!
کەکس نگشود و نگشاید بە حکمت این معما را
سەلامم کرد لە یاری خۆم وتی: هەی ناعەلەیک ئەبلەهـ
جواب تلخ می‌زیبد، لب لعل شکر خارا
کە حوسنی یووسفم بینی، سەعاتەن بۆم موحەقەق بوو
کە عشق از پردەی عصمت برون آرد زلیخا را
بە میسلی شەکر و چا بێ‌یەک سەفایان لێ‌نەبینراوە
جوانان سعادتمند و پند پیر دانا را
ڕەواجی دەفتەرت قانع ئەبێ مونکیر چلۆن بیبا؟
کە بر نظم تو افشاند، فلک عقد ثریا را

***

١. شیعرە فارسییەکان هەر بە ڕێنووسی فارسی نووسراوەتەوە.

دیوانی قانع
کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


تاکوو ئێستا یاری من بوو، ڕووی بە ناحەق وەرگەڕان
چیست یاران طریقت، بعد از این تدبیر ما؟
واعیزا! ئەمڕۆ لەبەر چی مەنعی مەی‌نۆشیم ئەکەی؟
روی سوی خانەی خَمّار دارد پیر ما
شێتی عیشقم گەر بە زوڵفی مشکبۆی قەیدم بکا
عاقلان دیوانە گردند، از پی زنجیر ما
ئەی سەنەم! سەرتابەپا تۆماری دەرسم مەدحی تۆس
زین سبب، جز لطف خوبی نیست در تفسیر ما
ئاهی سەردم تیر و چەوتیی قامەتم هەروەک کەوان
رحم کن بر جان خود، پرهیز کن از تیر ما
ئەی ڕەقیب! بۆچی بەهانەی بێ‌ویسالیم تۆ ببی؟
کاین چنین رفتەست از روز ازل تقدیر ما
بۆچی بێ‌ڕەحمی عەزیزم؟ خۆت بپارێزە لە جۆش
آه آتش‌بار و سوزِ نالەی شبگیر ما[1]
بەعدزین **قانع** لە شوربی مەی، دەمێ غافڵ نییە
چون خراباتی شد آن یار طریقت، پیر ما

***

١. لە نووسخەیەکی دیوانی حافزدا نووسراوە: آه آتش ناك سوزد، سینەی شبگیر ما

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ڕیشی پان

بێقەزا بێ مامە سۆفی تا بێ ڕیشی پان ئەکا
(قُل) بە فل حالیی بووە، چی ئیدیعای ویژدان ئەکا؟
خەڵکی گەییە جەلبی ڕۆح و ئەو خەریکی شانەیە
حەز لە تەزبیحی گلێن و، خڕنووک و قەزوان ئەکا
وا دراوسێ کەشفی مانگ و ڕۆژ ئەکەن، ئێمەش شوکور
کاکە دەروێش[1] وا خەریکە، کەشفی دۆڵەی نان ئەکا
مامۆساکانمان[2] ئەڵێن زۆر سوننەتە سواری بە کەر
هەر کەسێ سواری بە فۆرد کا، خۆی شەریک شەیتان ئەکا
ئەو[3] بە تەییارەی نەفاسە تەی ئەکا ڕێگەی ولات
ئەم[4] بە سواری کەر خەیاڵی سووریە و لوبنان ئەکا
کافرە سەگبابەکان[5] کەی سنعەتە تەلسز ئەکەن؟
حەمدولیللا کوردی ئێمە قوولینە و تەیمان[6] ئەکا
**قانعا!** بێسوودە، یا شێخ دوژمنی پێشکەوتنە
هۆش و بیر و یەکیەتی، دەردی ولات دەرمان ئەکا

***

---

١. مەبەست لە هەندێک لە شێخە ئیرشادکارەکانە.
٢. مەبەست لە هەندێک لە کۆلکەمەلاکانە.
٣. جیهانی دەرەوە یان زانستی مرۆڤ.
٤. کۆمەڵگای کوردەواری.
٥. پیشەکارانی ئەورووپا دەگرێتەوە.
٦. پیشە دەستییە دواکەوتووە سەرەتاییەکانی خۆمانە.

دیوانی قانع
کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ب

## نەڵێی پاشکەوتووی

تۆ نەڵێی پاشکەوتووی، ئـەی کوردەکـەی ناکامیـاب!
قەت بە سووکی تێمەفکرێ، ماڵوێرانـەی دڵخـراپ
تاکوو من بووم، ڕوستەمم بوو، ڕۆژی حەملە و کەشمەکـەش
سەرکزی گـورزی گـرانی بـوون هـەزار ئەفراسـیاب
ئەو مەقام و نەزمە من بووم، کێ لە شـەئنی هەڵئەسـا؟
هەر لە نوحۆ دەسبەدەس، تا هاتە دەورەی ئینقیلاب
ماجەرای کاوەم بـەیان کـەم، بـەردی ڕەق ئەتوێتـەوە
چی بەسەر خاکی عەجەم هێنا، لـە شـۆر و ئیزتـراب
یا کەریم خانم چلۆن بووا من نەڵێم تـۆ خـۆت بلـێ!!
چۆن لە خاکی فارسەکانا، کەوتە سەر قەهر و عیتاب
یەزدیجوردم، یەزدی کوردانە، ئـەبێ چـۆن ون ببـێ؟
کێ هەتاوی بۆ ئەشـارێتۆ لـە ژێـر پـەردەی نیقـاب؟
**قانعـا** باسـێ لـە حالـی گیـو و گـۆدەرزم بکـە
تا لە داخا دڵ بـە جـارێ نەبووەتـە لوولـەی کـەباب

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## سەری زوڵفت

زوڵفت وەکوو مار و سەری زوڵفت چزی عەقرەب
پەرچەم وەکوو ساڵداتی عروسـن بـە مورەتتـەب
سـاقی وەرە ئەمـڕۆ بـە فیـدای چـاوی خومـارت
بۆم تێکە قەدەح لـەبزەڕی گـوڵنـاری لەبالـەب
برژانگی لەسەر سەفحەیی دڵ، نووکی قەڵەم بـوو
زووخاوی دڵی پڕ شەرەرم چەشـنی مورەککـەب
غایب نەبووی ئەی دۆست، لـە دڵـما بـە دەقیقـە
گەرچی بە ئەمەل جارێ نـەبوو بم بـە موخاتـەب
بۆ بەزمی سەفای مەیکەدەکەی عاشقی ڕووی تـۆ
خوێنی جگەرم بۆ مەی و، دڵ ئالـەتی مەشـرەب
تەخمین‌کەری ئەم چەرخە وتی: چاوی ئەسێرەس
غەرقی عەرەقی خەجڵەتی خۆی ماوەتۆ کەوکەب
بڕوانــە چلــۆن قــانعی بەدبــەخت بــەبێ ســوود
هەر لەحزە ئەکا تەجرەبـەیی یـاری موجـەڕڕەب

***

دیوانی قانع
کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ئاردەڵانییەکان

لازمـە شـەرح و بـەیانی کۆمەڵـی عـالیجـەناب
خانــەدانی ئــاردەڵانی، خــاوەنی تێــغ و تــەناب
باسی بابا ئەردەڵانت بۆ بکەم! چۆن پیاوێ بـوو؟[1]
ساکنی گوڵ عەنبەر و یەک حـاکمێکی کامیـاب
تایەفەی گۆرانە ئەسڵی، خەڵکی خاکی شارەزوور
پایتەختی شاری زەڵمە، شاهیدی قەولم کیتـاب
یادگـاری پاشــی خـۆی نـاوێ (کلۆڵــە) بــێدرۆ
پاشی ئەو (ئەلیاس) و (خدر) و (بابلۆ)ی خاوەنعیتاب
مونزیرێک و دوو حەسەن، خدرێکیتر، ئەلیاس دوو[2]
مستەفاخان و، عەزیز و ئەحمەدی عاشق ڕوبـاب[3]
ئینقـرازی ئـاردەڵانی، هــیچ نـەبوو ئـیللا غــروور
قەهری هیچوپووچی زۆر و کیبری بێحەدوحیساب
**قانعـا** باســێ لــە حالــی کوردەکــانی (تالشــی)
بێنە پێشو تا بـزانن، چـاک بـوون یـاخۆ خـراپ؟

***

---

١. لە چاپە کۆنەکاندا نووسراوە: (... چۆن زاتێ بوو)
٢. ئەم ناوانە لە کتێبی «وقائع آل اردلان»ەوە وەرگیراوە.
٣. نازناوی «عاشق ڕوباب» بوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## وەسفی وەهاب

ئەی خالقی سەماوات! سوڵـتانی ڕەبـبی ئـەرباب
بێئیحتیاجی وەسـفی، موسـتەغنیی لـە ئـەلقاب
گەر مەیلت بێ بە عاسیی فیردەوسی پێئەبەخشی
یاخۆ ئیرادە فەرمووی، دۆزەخ ئەدەی بە ئـەحباب
بـێ قیمـەت و بەهایـە، ئـەلتاف و نیعمـەتانت
لە قەبزەی دەستی تۆیە، ئەرواحی جەمعی ئەحزاب
سوڵتانی بەڕ و بـەحری، بـێ کەشـتیی و تـەیارە
دێنیتـە دەر لـە بـەردی خـاراو ئـاوی میـزاب
تـاقی ئەکەیتـەوە دڵ ئـەیووبی بوردەبـارت
ڕوخسەت ئەدەی کە شەیتان بۆی چێتە کونجی میحراب
بۆ کیمیایی وەسڵت، لـە کـونجی میحنـەتئاباد
سەد وەک نەسیر و لوقمان بێنەشئەبوون لەسیماب
قانع بە زمانی کوردی، مەدحی خـوای ئەنووسـێ
تا کەس نەڵێ بە کوردی نەکراوە وەسفی وەهاب[1]

***

١. شاعیر لەم بەیتەدا چووەتە مەیدانی حاجی قادری کۆیی.

دوانی قوخ
کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



## تێهەڵکێش لەگەڵ شیعری خواجە حافیزدا

وا ئـەزانم دولبـەرم ئەمـڕۆ بـە نـازۆ دێتـە لام
مـن نیـابم فرصـت بهتـر بـده جـام شـراب
من لە مۆدەی عومری خۆما تاقە ئەمشەو فـاریغم
موسـم عـیش اسـت و دور سـاغر و عهـد شـباب
خەو حەرامە تا سەحەر، ئەی ئاشقی ئاشوفتەحاڵ
غمـزەی سـاقی ز چشـم مـی‌پرسـتان بـرد خـواب
تـالعم ئەمشـەو بـە کامـە و یـار لـە لاما حـازرە
اینکه می‌بینم به بیداری‌ست یـارب یـا بـه خـواب؟
دڵ بە ئومێدی ویسالی عەتری لێوی وەک گوڵت
در ضمیر برگ گل خوش مـی‌کـنم پنهـان گـلاب
لێوی‌ئاڵی چەشنی لەعل و دانی هەروەک گەوهەرە
خـوش بـود ترکیـب زریـن جـام بـا لعـل شـراب
ناڵەناڵـی حـافیز و قـانع لەگـەڵ یـەک تێکەڵـن
می‌رسد هر دَم به گـوش زهـره، گلبانـگ و ربـاب

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له عەیشا وەختە بوو گیان بێتە سەر لەب[1]
کـــه آمـــد ناگهـــان دلـــدارم امشـــب
له نوێژی شـێوەوە مـن شـێت و شـەیدام
بحمـــدالله نکـــو کـــردارم امشـــب
بـــەراتی چەنـــد ساڵـــەم، ئـــارەزوو بـــوو
رســـید از طـــالع بیـــدارم امشـــب
وەکوو من کێ دەبێ موحتاجی حوسنت؟
زکـــات حســـن ده، حـــق دارم امشـــب
درەخـــتی ئـــارەزووم، وا پـــڕ ســـەمەر بـــوو!
ز بخـــت خـــویش برخـــوردارم امشـــب
ئەترســـم قـــانعی ئـــاگرێکی تێچـــێ
از ایـــن شـــوری کـــه در ســـر دارم امشـــب

***

١. لەب بە مانای لێوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## هەتاوی ژێر هەور

ئەمەلی میللەتی کوردانە، هەتاوی بە نیقاب
دووڕی ئەسراره عەزیزم، لە مەقاماتە خیتاب
وەکوو ڕۆژ ڕوونە برا، تازه چ لازم بە خەفا
کچ کە خۆی نەرموڵەتیف بوو، چتەوەقوع بە حیجاب
ئیش کە کەوتە دڵی عام و بە تەواوی چووە مەغز
تازە ئەو ئیشە چ لازم بە بەیانات و کیتاب!
ئارەزوو وەختێ کە هات کونجی دڵی کرد بە سنوور
خۆبەخۆ نەشئە ئەدا، بێسەمەرە شوربی شەراب
غەشی تێکەڵ نییە هەرگیز، بە سەداقەت وەتەنی
کێ لە بۆ فەوتی کوڕی بابی نەبوو، دڵ بە کەباب؟
مشتری مەرگە کەسێ دوژمنی خاکی وەتەنە
گەر بڵێن بۆچی نەبووی کاکە؟ ئەڵێ چی بە جواب؟
**قانعا!** شیعرت هەموو نوختە بە نوختە گوهەرن
مەگەر یەکیەک بە نەزانین، بڵێ بەم بەزمە خراب

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## شانازی

تۆ نەمردووی ئەی سەلاحەددینی ئەییوبی لەقـەب[١]
هەر بژی ئەی فەخری کورد و حاکمی ملکی عەرەب
تاکوو تۆ بووی لاوەکانی کوردستانم دەرئـەچوون
بۆزەکانی ملکی شام و خەرجی بـازاڕی حەلـەب
زیندوو بووبووینۆ بەجارێ، شارسانی و دێنشـین
ڕەعیەت و شوان و سەپانم، کەوتبوونە سەر تـەرەب
ئێستە بێتۆین، بۆیە وا بێڕەونەق و جلوە و جەلاین
بووین بە گاڵتەجاڕی خەڵق و کەوتووینە بەر عەتەب
وەرنەوە ئەی نیشتمانی با هەموو عەهدێ بکەین[٢]
بۆ فەنای دوژمن بەجارێ بێینە مەیدانی غـەزەب
من ئەزانم هەر سەعاتێ دەس بدەینە مـوددەعی
ئێمە هەروەک ئاگرین و ئەو وەکوو کۆگای (حَطَب)
**قانعـا** بـۆ کوشـتنی نیشـتمانفـرۆش ئامـادە بـە
خواهـ شێخی بایەزید و خواهـ نەفسی بوولەهەب

***

---

١. وەرگیراوە.
٢. لە دەسخەتەکاندا بەم جۆرەیە: وەرنەوە ئەی میللەتی کوردی دەبا عەهدێ بکەین.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## خاکت بەنرخە!

کوردە وەسفی کوردستانت، خۆشترە تا سەد کیتاب
سیاچەمانە خۆشترە بۆ تۆ هەتا چـەنگ و ڕوبـاب
شۆڕشی قەلبت ببیٙ و گویٙ ڕاگری بۆ دەنگی نـەی
جەرگی بەدگۆی کوردستانت، هەڵئەقرچیٙ وەک کەباب
دەنگی شمشاڵ و خرۆشی دەف، بگاتە هەر دڵـیٙ
حاسڵی (کَشْفُ‌القبـور)ە، ڕۆشنە زومرەی عـەزاب
ئافەرم بۆ تۆ وەتەن، وا خاک و خۆڵـت گەوهـەرە
غەیرە مەحسوورە تەعامت، زۆر و بیٙحەد و حیساب
من لە دنیادا هەوارم ماڵە گەورە و شێرە بیٙ[1]
ڕۆژی مەحشەر چاترم بۆ دەفتەر و نامە و کیتـاب
مامۆسـاکانمان ئەڵـێن: دنیـا نموونـەی ئـاخرە
تیٙبفکریٙ خۆت ئـەزانی کێیـە حـازر بـۆ عـەزاب
سابتت کرد **قانعا**! کوردان لە گشت کەس چاترن
مژدە بیٙ بـۆ کوردەکـانی هـەرزەکاران و شـەباب

***

١. دوو هەوارگەی هاوینە هەوارین لە ناوچەی شلێر لە پێنجوێن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## دەروێشیی

دوێنێ دەروێشێ وتی: کەفبەدەف و دەفبەتەرەب
دەبــە دەب دەب، دەبــە دەب دەب، دەبــە دەب
وتم: ئەی ئەحمەقی ئاشوفتە! وەتەن چۆڵە، وتی:
دەبــە دەب دەب، دەبــە دەب دەب، دەبــە دەب
هەرچی هەوڵم لەگەڵ ئەو بەچکە سەگادا ئەیوت
دەبــە دەب دەب، دەبــە دەب دەب، دەبــە دەب
وتم وا چاکــە لــە فکــری خۆیــەوە بــۆی دەربــێم
بە مروووری گــەلێ ئــەییام لــەناو بــەم دەبــە دەب
دەفم هەڵگرت و بە حەی‌حەی دەسی شێخم ماچکرد
وتم لێدەن بە عمــوومی لــە مــەقامی دەبــە دەب
من و شێخ و ژن و دەروێش هەموو تێکەڵ بووین
شێخ لە فکری ڕەپی‌سووری، من‌و دەوریش دەبەدەب
**قانعا!** بەسیە، موحەققەق بە، دووسەد وەک من و تۆ
تەرک ناکەن بە یەکێ بەزم و مقــامی دەبــەدەب

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




## گەڵباخی

ئەی میللەتی گەڵباخی زەدەی دەستی نەدامەت!
ئەی مەنشەئی ئیحسان‌وکەرەم، بەحری سەخاوەت!
کوا ڕەونــەقی دێرینــە لەســەر بــەزمی عەباســت؟
کوا شۆڕشی مەیدانی عەلی شـێری شـەجاعەت؟
کوانێ قولی و کوا ئەســەد و کوانــێ موحەممــەد؟
هەرسێ خەلەفی یـاری خـوان کـانی کەرامـەت
تا دوێ بوو یەقین مەسکەنی تۆ خاکی زەهاو بـوو
بۆ ئێســتە وەهــا مــاتی لــە ژێـر بـاری سیاسـەت
کوا کەشمەکەشی دەشتی کرن خوتتەیی شـێخان
ئەفسووســە لــە بــۆ ئێــوە، هــەتا ڕۆژی قیامــەت
ئەو وەختە نەبوو توخمی نیفاق و شەڕ و شـۆڕش
بۆیە کە هــەموو دوژمــنی خــۆت هاتــە ئیتاعــەت
بــۆ ســەرکزیی ئــەم هــۆزە دلێــرە وەکــوو قــانع
ڕوو زەرد و سەر ئەفگەندە لە ژێر باری قەباحـەت

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پایەی نیشتمان

مەسنەد هەیە ئەمما، بە هونـەر ئەقڵـە مـەقامات
شـێخی هەیــە لاکــن، بــە عیباداتــە کــەرامات
دڵــپاکی لەگــەڵ هاووەتــەنت لازمــە کــوردە
حـوببی وەتـەنت ڕوکنـە لـە ئـەرکانی عیبـادات
بۆ سوودی وەتەن، خزمەتی خەڵکی وەتەنت کـە
(حـبالـوطنی) تۆشــەیە بــۆ ڕۆژی مجــازات
ئەم ئەمرە لەســەر کـوللی کەسـێ لازمـە ئـەمما
هێندێ بە بەدەن، هێندێ بە پوڵ، هێندێ خەیاڵات
بۆ ئیشی وەتەن، دەوڵەتی خۆت سەرفی وەتەن کە
کەی نەقسی ئەبێ عیلمی مەلا، قەت بە سوئالات؟
زەحمەتنییە لای ئەهلی ئەدەب، زەحمەتی میللەت
کەی تاڵە لە بۆ دەفعی ئەلەم، حەببی دەواجـات؟
ئوستادی غەزەل حەیفە ئەگـەر غـەیری ئـەدیبی
دەفتەر بگرێ، جەم ببەسـێ شـیعر و غـەزەلیات
**قانع!** کە تۆ بۆ دایکـی وەتـەن خزمـەتێ ناکـەی
ڕاستۆ بە بـڕۆ مزگـت و دەس کـە بـە موناجـات!

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


## وەسیەت بۆ خەنجەر

ئەگەر خەنجەر[١]! بە خەنجەر پارەپارەت کەن لەسەر دەعوات
نەڵێی ئۆف! هەر بڵێ ئۆخەی، کەوا ئاواتەکەم پێکهات!
گەرەکتە وارسی من بی، حەیاتی جاویدانیت بێ
حەیاتی جاویدی ڕۆڵە، بە چاکی بۆت بکەم ئیسپات
لە ڕێی خاکی وەتەن کوژرای، شەهیدی (فی‌سبیل‌الله)ی
شەهیدیش زیندووە دایم، بە نەسسی زاهیری ئایات
لە کەسبی کاسبی شێخ بە، لە سنعەتدا وەکوو غەربی
بە گفتوگۆ کوڕی شاری، بە زەحمەت وەک کوڕی دێهات
لە ئەقلیمی هونەرمەندی، لە ملکی نیکتەدۆزیما
یەکێکتان جێگەدارم بێ، کە زووتر دەست بە مەتڵەب کات

***

١. ناوی یەکێک لە کوڕەکانیەتی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پێنج‌خشتەکی لەسەر شیعری موفتی پێنجوێنی

ئەی کوردە دەبا بەس بێ ئیتر باری ڕەزالەت!
حاسڵ کە لە ئەم عومری خەساراتە نەدامەت
گوێت شل مەکە تۆ، بۆ وتەیی پووچ و سەفاهەت
**ئەی سەر بەسە، تاکەی لە سەرت ماوە جەهالەت؟**
**چاو هەڵبڕە نەختێ، بەسە ڕەفتاری قەباحەت!**

سەد داخ و دووسەد دەردە کەوا عومرت بە بادە
تۆ سەرکز و داماو و هەموو دوژمنت شادە
لەم سوودە خسووسیتە کە بێ‌سوودە، دە لادە!
**حەیوانی ئەگەر، جێ‌لەوەڕی خۆشت مرادە**
**یا، گەر بەشەری بێرە سەفی عیلم و درایەت!**

بڕوانە لە ئەحواڵی هەموو عیلم و شەریعەت
تێکۆشێ لە بۆ کەشفی هەموو بەحری حەقیقەت
نوقسانی ئەبێ چی بێ برا عیلمی تەبیعەت؟
**کەی کوفرە ئەگەر فێری ببی سنعەت و حیکمەت؟**
**کەی مەنعە لە تۆ هەردوو بە ئاسار و بە ئایەت؟**

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

پیـاوێ نـەنوێ، دائیمـە هـەر زیکـری خـوا کـا
ڕۆژ ڕۆژوو و قورئان و بە شـەو بانـگ و سـەڵا کـا
باوەڕ مەکە قـەت نانـێ بـە ئـەم جـۆرە پـەیا کـا
بـایع نییـە خـالق، کـە رزق بـەیع و شـیرا کـا
ئاسـانە ببـارێ بـە دوعـا، نـەبووە بـە عـادت

ناسراوی وڵاتـانم و چـاک دیـارە کـە مـن چـیم
بێسوود و بەبێ کەڵکم، وەکوو توێکڵـی دار بـیم
چـون بـێهونـەرم مـوددەتی ئـەییام بـە برسـیم
تەعقیبی غەرەز ناکەم و دوژمن بـە کەسـێ نـیم
نادانــە نــەقیزەی ئــەوێ، دانــا بــە ئیشــارەت

ئەی کوردە! هەموو شیوەنی من گشتی بـە تۆیـە
بـۆ تۆیــە کــە قــانع جگــەر و قــەلبی بەسـۆیە
بڕوانـە لـە ئەشـعارم ئەگـەر هۆشـت بـە خۆیـە
مفـتی! غـەزەلت تـۆ بی و خـوا، کـامی درۆیـە؟
بەس خۆت کە بەجێی تانە و تەکدیر و مەلامـەت

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## تەپڵی شادمانی

با بنووسم شیعری کوردی، تاکوو خەڵکی تـێ بگـات
شیعری کورد شیرین‌ترە، تا شەکر و هەنگوین و نـەبات
من بە هیوا بـووم، کـە تەپڵـی شـادمانیم لـێ بـدەن
چەندە مەئیووسم لە حاڵی خۆم، کە بۆچ دەنگی نەهات
ئاوڕی دەورم ئەدەم، هەر کەس بە دەردێ موبتەلاس
یەک لە برسا هار و هاج و یەک لە ترسا زیـز و مـات
چونکە وا نارێکـە کۆمـەڵ، تـا ئەبـەد سـەر ناکـەون!
دەوڵەمەند گوێ شل نـەکا بـۆ ناڵـە و فـەریادی لات
تۆ لە دنیادا نەجاتی چوار کەسـی وەک مـن نـەدەی
پـێم بڵـێ ڕۆژی قیامـەت چیتـە ئەسـپابی نـەجات؟
تـۆ پزیشـکی حـاڵزان و مـن نـەخۆش و دەردەدار
چاکە ئینسافت ببێ، کاتێ کـە خـۆم خسـتە پـەنات
**قانعا!** گەر تـۆ بـە ڕاسـتی خزمـەتی هـۆزت ئەکـەی
چاوەڕوانی قەت نەکەی بۆ بەخشیش و مووچە و بەرات

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## دڵی نەپشکووتوو

بڕوانە چ بێ ڕەحمە لەگەڵ ئاشقی مەبهووت
تینوومە بە یەک قەترە، لە لێوی وەکوو هارووت
سرووەی سەحەری هات و هەموو خونچە بە گوڵ بوو
خونچەی دڵی من یا دەمی تۆ بۆچی نەپشکووت؟
ئیعجازی مەسیحایە، لەبی لەعلی درەخشان
سیحر و هونەری بابلە، دووچاوی بە جادووت
چوونی منی بێچارە لە بۆ مەعبەد و مزگەوت
بۆ دیتنی میحرابە، کە تەشبیهە بە ئەبرووت
بۆ قیمەتی تۆ تاجی کەی و تەختی سولەیمان
کێشانە بکەن، سووکە لە ناو تایی ترازووت
قانع کە وەها قانعە بەم بەختە ڕەشەی خۆی
چون نیسبەتی هەس، بەختی ڕەش و نوختەیی هیندووت

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کاکی زاڵم

زاڵـــم وەرە بـــۆ خـــاتری خنجێـــری دەبانـــت
بـــۆ خـــاتری ئـــەو بڕنـــەوە کردووتـــە لـــە شـــانت
ترساوم لە ئـەو لوولـە دەمانچـەی سـەری ڕانـت
بمبەخشە بە سندوقی سـەری خـۆت و کوڕانـت
**بـەس هەڵـمژە خوێنـاوی سـەری کاریگـەرانت!**

ڕەبـبی کچەکـەت هەڵـبگرن، بـۆ پـەنی شـاران
ساقی بێ ژنت، گشت شەوێ بۆ مەجلیسی یـاران
خۆت و کوڕەکەت توند بکەنە مەحبەسـی تـاران
تا دەستت نەبێ جارێکیتر، هـەر وەکـوو جـاران
**یاڕەببی بە میراتت کەوێ ئالف و دانت!**

مام حاجی! ئـەتۆش لابـە کەشـیدەی فڕوفێڵـت
تێر نابێ بە هیچ چشتێ، یـەقین دیـدەیی لێڵـت
با بەس بێ سـەلەم کـردنی نـاو هۆبـە و خێڵـت
ڕاستی کەرەوە فیکری دڵـی چـەوت و چەوێڵـت
**لە خوام گەرەکە کـۆ نـەگرێ گـەنجی دوکانـت!**

...م من و تۆ، هەردوو کـوڕی کـوردی هـەژارین
هەردوو وەکوو یەک لارەمل و سەرکز و خـوارین
هەردوو وەکوو یەک دەربەدەر و بێکەس و کارین
یـا زادەیی دێهـات، وەیـان ناوچـەیی شـارین
**بۆ حوکمم ئەدەی؟ چاوگەیی ئەفساد و خیانەت!**

پۆلیس! بە فیدای فیشەکەکەی شـان و ملـت بم
هەر خۆم بە فیدای قۆندەرەکە و قاچ و قولـت بم
قوربـــانی زکـــی برســـی و عینـــوانی زلـــت بم
دەس هەڵگرە لەم زوڵمە نەوا چـەنگ و ملـت بم
**ئـاهی مـنی مەزلـووم، مـەهاوە سـەری شـانت**

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کرووزانەوە بۆ هەژار

هەژار! ڕەببی نەجاتت بێ، لـە ئـەم حالـەی پەرێشـانت
غەنی! تۆش بێرە سەر باری سەخا، دەسـتم بـە دامانـت
خوا ئەو چاوە هەر ڕوون کا، تەماشای حالی بێدەس کـا
ڕەزیل! ڕەببی بە تیری چاوی خۆت بێ نووکی موژگانت
براکـەم! بـاو و بـاپیرت هـەموو مـردن ئـەتۆش ئـەمری
کە تۆش مردی بە تۆچی زێڕ و زیو و دوڕڕ و مـەرجانت؟
تەماشای حالەتی خۆت کە، ئەبێ حالت چ نـاخۆش بـێ
لە کاتی غەرغەرەی سینەت، کە ڕۆحـت دێتـە لێوانـت!
دەسا یادێ لە حاتەم کە چ نـاوێکی لـە شـوێن جـێ مـا
ئـەتۆ دنیـا وەهـا بگـری، مەگـەر مـەرگ بێتـە میوانـت
مەنازە قەت بـە فیرعـەونی، ئەمـە میسـرێکی زۆر کۆنـە
کـە ئەمـڕۆ هاتـە ژێـر حوکمـت ئـەبینی داد و دیوانـت
کە تۆ **قانع** بە دەم هیچت نەهێشت و خۆت بە چاک دانا
ئەگـەر ئـەربابی دنیـا بی، چلـۆنی تـۆ و ئیمانـت؟!

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## سڵاو

کوردستان! سەد سلام لە کوێستانت
مەرحەبا، مەرحەبا لە گەرمیانت

سەر و ماڵم فیدایی ئەیبوبت
گیانی من بێ بە قۆچی قوربانت

کوانێ جەمشید و ڕوستەمی زاڵت؟
کوا کەریم خان، خانی خانانت؟

کوانێ شێخ قادر و شەریف چەلەبی؟
کوا چەچەی سەفشکێنی مەیدانت؟

کوردستان! تۆ بەهەشتی عەدنانی
سەد وەکوو قانعی سەناخوانت

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بێکەسی

له وان و ئەرزرۆمۆ تاکوو شامات — هەموو دڵتەنگ و پەست و بێدەنگ‌ومات
لەبەرچی ڕۆژی هیوای کوردستانم — نەبوو جارێ بڵێن ئۆخەی کە هەڵهات
لەبۆ هەرکەس هیوایەک ئارەزوو بوو — لە بۆ کوردان نەبوو هیوا و فتووحات
بە بیری هیچ و پووچم وام تەمایە — کە تازە دابنێم بونیادی باخات
لە بۆ ئێمە نەبوو، قەت ئینقلابێ — کە بەڵکوو سەرکەوین، تەی کەین مەقامات
بناغەی زیندەگانیمان لە دەس چوو — وەکوو قانع نە دینمان بوو، نە تاعات

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



## پەروینە کچ

کوڕ بەبێ شک هەوری تاڵە، هەر وەکوو پەروینە کچ
کوڕ وەکوو خاشاک و خارە، سۆسەن و نەسرینە کچ

بۆ نەخۆشی دەردی ئاشق، دوکتەری شافی کچە
کوڕ وەکوو هەنگی دڕندە و شانەیی هەنگوینە کچ

خوێن ڕژانن مەیل ئەکەی؟ فەرموو وەرە سەر سەیری کوڕ
دڵ بەڕەحم و لاشە نەرم و نازک و ڕەنگینە کچ

کوڕ کە زۆر چاک هەڵکەوێ، فەرهادە یا مەجنوونی شێت
کچ لە پەردەی عیسمەتا، لەیلایە یا شیرینە کچ

کچ کە کەوتە ڕاوەکوڕ، ئاسانە کوڕ گرتن لە لای
بازی تەڕلان و تەوار و واشە و شاهینە کچ

گەر حەوا نەبوایە ئێستەش ئادەمی بوو بێوەجاخ
بۆ زیادی ئادەمیزاد، مایەیی تەئمینە کچ

هەرکەسێ مەیل و خەیاڵی حیفزی ئیسلامێ بکا
بۆ بەخێوی باخی ئیمان هەر وەکوو پەرژینە کچ

کچ کە وەختێ کوڕ ئەبینێ **قانعی** پەیدا ئەکا
جا کە وابوو کوڕ بە هیچ و قابلی تەحسینە کچ

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## مەجلیس

مەجلیس کە نەبێ بەزمی، لە من هیچ و لە تۆ پووچ
دولبەر کە نەبێ شەرمی، لە من هیچ و لە تۆ پووچ
با چا لە دەما، مەی لە خەما نەشئە ببەخشێ
ساقی کە نەبوو عەزمی، لە من هیچ و لە تۆ پووچ
دڵخۆش مەبە بەو وەعدە کە دوێ وەعدەی ئەدا پێت
وەعدە کە نەبێ جەزمی، لە من هیچ و لە تۆ پووچ
برپاوە لە ڕێی چاوی ئەتۆ سەد سەری عاشق
سەر بێ کە نەبێ تەرمی، لە من هیچ و لە تۆ پووچ
دڵ وەک سەدەف و میحنەتی ئەم خاکە دوڕی ئەو
دڵ زۆرە نەبێ گەرمی، لە من هیچ و لە تۆ پووچ
ئەو پارەپەرستە، کە سەری **قانعی** ئەبڕی
پێی بێژە نەبێ شەرمی، لە من هیچ و لە تۆ پووچ

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


## لەگەڵ شۆخ

ئەی دولبەری قەد عەرعەری سەرداری هەموو شـۆخ
مـەحبووبی هـەموو عالـەم و نـازداری هـەموو شـۆخ
یــەک نیکتـــە لـــە ئەســـراری نەزاکـــەت بنوێنـــە
وەک بەختی ئەمن، ڕەش بکە بـازاڕی هـەموو شـۆخ
تـــۆ دولبـــەری عـــەییاری لـــە بـــازاڕی تەماشـــا
باجگیری لەهـەر سەڵـتەنەت و بـاری هـەموو شـۆخ
تیری نیگـەهی چـاوت، ئەگـەر مـەیلی عـەدەم بـێ
وێـرانی ئـەکا یـەک نیگـەهت شـاری هـەموو شـۆخ
ئوسـتادی قـەدەر ڕەسمـی قـەدی تۆیـە لـە دەسـیا
بۆیـە کـە وەهـا لـەتلەتـە پـەرگاری هـەموو شـۆخ
زوانــەی گــڕی دووریتــە دڵ و جــەرگمی ســووتان
بـێباکـە دڵـم بـۆ شـەرەری نـاری هـەموو شـۆخ
مەستانەســـیفەت ڕوو ئەکەمـــە چـــۆڵ و بیابـــان
خۆم دوور ئەخەمۆ ئەمڕۆ، لـە ئاسـاری هـەموو شـۆخ
بـــێتامـــە بـــرا، شـــیعری مـــن و نیکتـــەیی قـــانع
بـــازاڕی نـــەما دەفتـــەر و ئەشـــعاری هـــەموو شـــۆخ

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پێنج‌خشتەکی

بۆ وەتەن، بێشەی شێرانم، حەسرەتا سەد ئاخ و داخ!
بۆ ڕەواجی کوردەکانم، حەسرەتا سەد ئاخ و داخ!
بۆ سەعیدی نەوجەوانم، حەسرەتا سەد ئاخ و داخ
بۆ سوارەی شەمزینانم، حەسرەتا سەد ئاخ و داخ!
**بۆ براکانی شیمالم[1] حەسرەتا سەد ئاخ و داخ!**

ئەی وەتەن! کوا ڕەونەقی عەسری سەلاحەددینی تۆ؟
ئەی وەتەن! کوا نەعرەتەی سەد ڕوستەم و گورگینی تۆ؟
ئەی وەتەن! کوا کۆهکەند یا لەنجەیی شیرینی تۆ؟
ئەی‌وەتەن! کوا شەوق و عەیش و سۆسەن و نەسرینی تۆ؟
**بۆ براکانی شیمالم حەسرەتا سەد ئاخ و داخ**

چۆن نەناڵێنم لە داخی گەردشی چەرخی زەمان؟
کوا شکاک و کەلوڕ و کوا دەبدەبەی بابانیان؟
قوڕبەسەر خۆم، دەربەدەر خۆم بۆ دەماخی کوردەکان
هەر بڵێم چاکە هەتاکوو ڕۆژەکەی ئاخر زەمان
**بۆ براکانی شیمالم حەسرەتا سەد ئاخ و داخ!**

---

١. ئەم شیعرە لە سەرەتای سییەکاندا وتراوە، بۆیە لە جیاتی وشەی کوردستان، شیمال بەکار هێنراوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شێر کە هات گیرۆدە بوو، سەد نەعرەتە و ناڵەی بەهیچ
ئاقڵێ گوێی لێ نەکەن، فیکری دووسەد ساڵەی بە هـیچ
باخی بێنەرگس عەزیزم! سەد گوڵی ژاڵەی بە هـیچ
شین ئەگەر دڵ پڕ نەکا، سەد شۆڕش و گاڵەی بـە هـیچ

**بـۆ براکـانی شـیمالم حەسـرەتا سـەد ئـاخ و داخ!**

ئەی وەتەن! بۆ بووی بە شـاری مـۆر و تـاری عەنکـەبووت
ئەی وەتەن! بۆ بێ سەفا و بەزمی لەبەر چی ڕووت‌وقووت؟
ئەی وەتەن! ئێمە نمەک‌گیری ئەتۆین وەک مەلـکەمووت
واین لە حەپسی ئەجنەبیدا، دەستەدەستە و تاق و جـووت

**بـۆ براکـانی شـیمالم حەسـرەتا سـەد ئـاخ و داخ**

**قانعـا!** تـەنیا تەماتـە چـی بـە چـی‌کـەی قوڕبەسـەر!
ئەم وەتەنمانە لەدەس چوو، کەوتـە دەس ئێلـی قەجـەر
یەک‌یەکێ گەر ئەهلی دڵبن، دەرکران و دەربەدەر
تۆش بە ناهەق خۆت ئەخەیتە مەهلەکە و بەزمی خەتەر

**بـۆ براکـانی شـیمالم حەسـرەتا سـەد ئـاخ و داخ**

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



## دیتنی ئاڵا

سەد شوکور وا من نەمردم، تا کە دیم ئالایی کورد[1]
کەوتە بەر چاوم بە بەرزی، سوورەت و سیمایی کورد
باز بوو، دوورابوو دیدەی نەرگسی شەهلایی کورد
مژدە بێ ئەمڕۆکە بەر بوو، چاوی پڕ بینایی کورد
**هەر بژی ئالایی کورد و پێشەوای زانایی کورد**

بانگ کەنە ئەرواحی پاکی ئاردەلانی نەڕەشێر
یا بڵێن کاوە لە کوێی؟ ڕۆژێ هەزار یادت بەخێر
بێننە بەرچاوی خۆتان، هەڵمەتی زەندی دلێر
هەر بڵێن ئەم شیعرە ئەهلی کۆهسار و گەرمەسێر
**هەر بژی ئالایی کورد و پێشەوای زانایی کورد**

چەن زەمانێکە ئەسیر و ژێر چەپۆکەی عالەمن
سەرکز و بێقیمەتی بەرچاوی زادەی ئادەمن
دیلی زیندانی نەزانین، مەستی بادەی ماتەمن
بانگ کەنە یەکتر هەمووتان چونکە ئەمڕۆ بێخەمن
**هەر بژی ئالایی کورد و پێشەوای زانایی کورد**

١. لە کاتێکدا کە لە کۆماری کوردستان و شاری مەهاباددا بوو، ئەم شیعرەی داناوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قەت لە بیرت دەرنـەچێ کـوردە، زرەی زنجـیری پێـت
تـۆ تەماشـا کـە، لـە دەس بێگانـەکان چـی هاتـە ڕێـت
کوانێ بابی گۆڕ غەریب و مامەکەی بێشـوێن و جێـت؟
کوردە چۆن تۆ دڵبرینی، شل کە بۆ ئەم شـیعرە گوێـت
هەر بژی ئالایی کورد و پێشـەوای زانـایی کـورد
نەوبەتــە، باراشــت لێکــە، ئاشــی گــێتی کەوتــە گــەڕ
شـێر نەترسـاوە لـە بـەزم و شۆڕشـی مەیـدانی شـەڕ
گوێ نەدەی هەرگیز بە هاشە و هووشــەیی ئـەربابی زەڕ
هەڵگرە ئەم دەستە شیعرە و دابنــێ سـەد سەولـی تـەڕ
هەر بژی ئالایی کورد و پێشــەوای زانـایی کـورد
خانەقین مـژدەی ئـەدا، ئەمـڕۆ بـە دیاربـەکر و هـەرات
پێچەوانــەی دەوری پێشــوو ڕۆژ لـە شـیمالۆ هـەلات
سەیری تیشکی کە چلۆن ڕووناکی خسـتە سـەر وڵات؟
ئـەم وتـارە بـیری دڵ بـێ، چاکـە بـۆ ڕێگـەی نـەجات
هەر بژی ئالایی کورد و پێشــەوای زانـایی کـورد
سـەد شـوکور، وا ئـەرزڕۆم و وان و بتلـیس و چـەچان
دەسـتی دایـە دەسـتی هـەرکی، کـوردی زازا و بـەبان
شـاری خـەرپووت و جـەزیرە و مەنتیقـەی بـەرزانیان
با بە بەستە و چەپلە بێـژن، دەم بـە دەم شـام و بـەیان
هەر بژی ئالایی کورد و پێشــەوای زانـایی کـورد

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## دروودی پێغەمبەر

یـا ڕەسووڵەڵـڵا غـەریقی گێـژی عسـیانم، مـەدەد!
بۆ فجوور و فیسق بێشک، مەعدەن و کانم، مـەدەد!
بێ بـە هانـامۆ دەخیلـە، ڕۆژەکـەی (هَـل مَـن مَزیـد)
چونکە سوختی دۆزەخە، سەرتا بـە دامـانم، مـەدەد!
چۆن نەگریەم بۆ خەجاڵـەتبـاریی و شـەرمەندەگیم
گوێلەمشتی نەفسی شووم و مەکری شەیتانم، مەدەد!
گەر شەفاعەت چاری دەردی من نەکا مەعلوومـە لام
ملبەتەوق و دەستبەستەی قەهری ڕەحمانم، مـەدەد
خـۆ خـوا فەرموویـەتی: (لاتَقنَطـوا مِـن رِحمتـی)
مژدە بۆ ئەهلی شـەقایە و مـن ڕەئیسـیانم، مـەدەد!
ئینتیـزاری هـەوری لـوتفی ڕەحمـەتم بـۆ قـەترەیێ
با سەگیش بم موستەحەقی لوقمەیێ نـانم، مـەدەد!
چـاوی ئومێـدم ببـێ تـۆزێ لـە بـۆ ڕۆژی جـەزا
ڕووی هیواکەم وایە عەبدی شاهی مەردانم، مـەدەد!
ئاهــ و ناڵــەت بــۆ ڕیایــە **قانعــا** ســوودی نییــە!
قوڕ بپێوم هەر لە ئەژنۆم، تـا بەسـەر شـانم، مـەدەد!

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## تێهەڵکێش لەگەڵ شیعری حافزی شیرازیدا

شفا و لالەم وەهایە ڕۆژی میعاد        ز خوبی روی خوبت خوبتر باد!

دڵێ خاڵی لەسۆزی عیشقی تۆ بێ        همیشه غرق در خون جگر باد!

خوا تیری موژەی ئەو دڵفریبە        دل مجروح من پیشش سپر باد!

ئیلاهی هەر بمێنێ لێوی هەرتا        مذاق جان من زو پُرشِکر باد!

لەبۆ من هەر دەقیقە تازە عیشقێ        ترا هر ساعتی حسن دگر باد!

لە بۆ بازی شکارەندازی چاوت        دل شاهانِ عالم زیر پشر باد!

بە وەڵڵا قانعی موشتاقی ڕووتە        ترا بر حال مشتاقان نظر باد!

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



## نەگبەتی کە هات

کــوردە! بڕوانـــە عالـــەمی ئیجـــاد
هەر لـە مەبدەئـەو، هـەتاکوو میعـاد

نەگبــەت و کرمــی ئـەم وەتەنمانـە
کەس نەبوو غەیری شێخەکەی ئیرشاد

هەر لە نەفعی خسوسی خۆی کۆشـا
تاکوو گووی کردە دەفتەری ئـەکراد

یـا خەلیفـە بـە غـەیری ...ن...یـن
چی زیاد کرد لە هیمـەتی ئوسـتاد؟

مەترەق و کوولەکە و دەف و مەششاک
کـۆ ئـەکاتۆ گـەلێک بـە خـاتر شـاد

کەر ئەکا چەن هەزار هەر وەک خۆی
تاوەکوو خۆش بژی بە مەیل و مـراد

بۆچی وات‌کرد بە میللەتی مەزلووم؟
مل‌قەوی دایکـی فیتنـە و ئەفسـاد!

**قانعـا**! بـەزمی شـێخ وەکـوو ئـاگر
هەڵگرا، تـازەچی ئەکـەی فـەریاد؟!

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## با بنووسم

من کە کوردم، با بنووسم دەفتەر و دیوانی کـورد
تا بەڵەد بن ئەو کەسانە موددەعین، میزانی کورد
هەر کەسێ ئەسپی ئەجەل تاودا لەسەر عەرسەی فەنا
پێ بنێتە بەزمگاهـ و مەعرەکەی مەیدانی کورد
کێ ئەڵێ نەمچەشتووە نووکی ڕمی کوردی نژاد
ڕانی دەرخـا تـا ببیـنم داغمـەی شـێرانی کـورد
قوڕ بپێوێ دایکی ئەو شەخسە ئەڵێ من موددەعیم
چۆن خەلاسی بۆ ئەبێ هەرگیز لە دەس مەردانی کورد
ئاشکرایە هەولی کورد ئەمڕۆ بە بانگی بەرز ئەڵێم
بێن تەماشا کەن عەزیزم مەکتەب و عیرفانی کـورد
سەیری لوبنان و گەڕانی چین و ماچین بۆ بکـەم
تا ببێ بەفراو و مێرگ و چیمەن و کوێستانی کـورد
مەزهەری لـوتفی خوایـە خـاکی کـوردان **قانعـا!**
تۆ ئەزانی چی بنووسی دەفتـەر و دیـوانی کـورد

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## سەربازی

کە هاتــە باســی نــامووس و هونــەر بــێقیمەتــە ئــەولاد!
لە پێی عیزز و شەرف فەرزە سەر و ماڵت بدەی بــەرباد!
لە عیشقی تاقە خاڵێ بوو لە چاهی غەبغــەبی شــیرین
کە ئێستاش جۆشی هەرماوە ئەساسی شۆڕشــی فــەرهاد
لەبەر چی وا لەسەر خاکی وەتەن خۆمان بە کوشت نادەین؟
کە تەنها تاقە بــاخێکی ئــەژی ســەد جەننــەتی شــەدداد
لە بیرم دێ شەوێ بولبول بە نەغمەی پڕ مەقام ئــەیوت:
کەسێ کەللەی بە شۆڕش بــێ لــە نــەنگ و عاریــە ئــازاد
لە داری پیرمەســوور و پیرەمەنســوورت چ نــەفعێ دی؟
لە قەبری مامە شاکە و سۆفی ڕیش سوورت چ دیئیمداد؟
دە کوردە بەســیە بێهۆشــی وەرە گــوێ ڕاگــرە بــۆ مــن
بزانــە شــیعری مــن نــافعترە بــۆ تــۆ لــە ســەد ئوســتاد
بە وەڵلا کوردە من ئەمرم لە پاشان هەر ئەڵێن هــەیهــای
ئەدیبێتر وەکوو **قانع** لە کــوێ بــێ داد و هــەی بێــداد!؟

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ئازار و داوا

بێ تەماشا کە براکەم کردەوە و ڕەفتاری کورد
جا سەری خۆت باش لە قوڕ نێ بۆ دڵەی خەمباری کورد
چۆن نەناڵێ دڵ لە داخا، چۆن نەگریێ چاو بە خوێن؟
چۆن نەبرژێ دڵ بە دەردی گەرمی بێتیماری کورد
چوویتە سەر کورسی براکەم! کوردی چی و نیشتمانی چی[1]
خۆت بە خۆشی و خۆش بژی، مەنواڕە بۆ زاماری کورد!
ڕۆنی سەر، سابوونی لۆکس، قۆندەرەی سوور و سپی
بەستە بۆ تەگبیری هۆزی برسی و بێکاری کورد
دەستی من داوێنی تۆ، دیوارەکەت باش بۆیە کە
با بە شەو سەرمای نەبێ مندالی بن دیواری کورد
حەوشەکەت باخچەی نەبێ کۆمەڵ بەچی ڕزگار ئەکەی؟
وێسکی نۆشی گیانی خۆت کە! چاکە بۆ ڕزگاری کورد
تۆ بە دەم هیچت نەهێشت و سەد وەکوو گاندیت شکان[2]
ئافەرینم بارەکەڵلا، تێغی جەوهەرداری کورد
کاتێ تەشریفت لە ناو جۆلانەکەت خۆت ژیر ئەکەی
گوێ نەدەی هەرگیز بە ناڵە و ئایوئۆی بیماری کورد
وا نزیک جەژنە سەراپا جل لە بۆ خێزانەکەت
با، ملی بشکێ حەماڵ و ڕەنجبەر و جووتیاری کورد
دەی تەلەفۆن کە، بزانە منحەکەت وەرناگری
خوا ئەکا خۆت خۆش ئەبی، بمرێ هەموو هوشیاری کورد
**قانعا** خۆ تۆ لە لای خۆی تەرکی نووسینت ئەکرد
وا بزانم پێت ئەنووسێ، ناتەواوی کاری کورد

***

١. لەم شیعرەدا سەرزەنشتی خەڵک و ڕۆژگاری کردووە.
٢. مەبەستی لە دەسەڵاتدارێکی بەدەم نیشتمانپەروەرە.

دیوانی قانع
کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## گلەیی لە ناو چاو

### ڕۆژنامەی ژین ژمارە «٦٧٦» ساڵی ١٩٤٢

مردم و جارێ بە خۆشی سەیرێ کوێستانم نەکرد
عومر ئەوا هەشتایە هێشتا وەسڵی جانانم نـەکرد
من هەمیشە سەیری پایەی‌بەرزی ئەعدای خۆم ئەکرد
بۆ قەسەم جارێ تەماشای شانسی کوردانم نەکرد
فرســەتم نــادا زەمانــە دادی بەدبــەختی بــدەم
پڕ بە دڵ جارێ فوغان و شــین و گریـانم نـەکرد
عالەمی جاهل ئەسـیری مفتـەخۆری مـل‌قـەوین
ئافەرین بۆ خۆم بە ئەمری مامە ڕیش‌پـانم نـەکرد
مودەتێ بیرم وەها بوو، بۆ مەعیشەت بێمە هەوڵ
ئاخری نامووس نەیهێشت، ئیشی شێخانم نـەکرد
تا قیامەت حەسرەتە، بۆ عومری پووچ و بێ‌سەمەر
جارێ وەک هاوماڵەکانم سەیری لوبنـانم نـەکرد
کاری دنیام بۆ نەهات و دینیشم بەردا لە دەسـت
خزمەتی دینم نەبینی و ئیشی نیشـتمانم نـەکرد
من بە مەیلی خۆم نەچوومە گەرمیان و شارەزوور
بووم بە کوردی هەردوو جەژنە و ژینی کوێستانم نەکرد
**قانعا!** خۆ تـۆ بـە تـەنها سـەرکز و ئاشـفتە نیـت
من لەبەر تەرکی ئەدەب، ئیزهاری یـارانم نـەکرد

***

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



## دڵ ڕاگرتن

بەخیلی بۆ دەبەی کاکە بە هاوسەر؟ | بە ناحەق بـۆ یەشـێنی دڵ بـرادەر؟
دڵت با پڕ لـە پشـکۆ بـێ وەلـێکین | بە زارت ئـاو بـڕێژە وەک سـەماوەر
غەریب‌ئازاری ئیشێ قوڕە، نەیکـەی | مەکە گۆڕت بەپشکۆ، خۆت سەمەندەر[1]
بە تاڵی مووی موحیبەت فیل ئەبەستیی | بە زۆر بەن ناکرێ کۆتر بـە وەروەر[2]
ئەگەرچی خەڵکی تاڵە، تۆ شەکر بە | چخۆشە پێکەوە چای تاڵ و شەککەر
جەزای چاکە، بە چاکە، چاکە چاوم | بەدیش بی، چاکەچاکە، کاکی سەروەر!
کە تۆ خوا پێی عەتا کردی گەلێ ماڵ | مەڕێژە قینی خۆت هەرگیز بە ڕەنجبەر
وەکـوو **قـانع** بناغـەی فیتنـەجۆیی | لە کەللەت با نەبێ، شـێری دلاوەر!

***

١. گیانلەبەرێکی وردە لە ناو کوورەی ئـاگری ئاسـنگەرەکاندا دەژی، لـە ئـاگر دوور کەوێتـەوە دەمرێ.
٢. جۆرە دەمانچەیەکە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## گلەیی لە چەرخ

وا دیسان گەردوون هاتە قین و قار    باران ئەرژێنێ، وەک هەوری بەهار
ئاخۆ کام وڵات ئەکا یەختەسار    یا کام دڕک و داڵ ئەکا بە گوڵزار
ئیشـی هـەر وایـە دەورانی غـەددار

ساڵێ من دەم وشک، تۆ تێراو ئەکا    ساڵێ وشکە دێم، بە بەراو ئەکا
ساڵێ باش فەلا نانبڕاو ئەکا    ئاها، کە فەلەک شاڵ و جاو ئەکا
لەسـەر هـیچ بـارێ نـاگرێ قـەرار

کا ئەدا بە سەگ، ئێسقان بە بارگیر    پیرەژن بۆ کوڕ، کچ ئەدا بە پیر
پارە بۆ ڕەزیل، دەسبڵاو فەقیر    وەحشی بە دڵخۆش، عاقڵمەند زویر
فەلەک هەی نەژیت، لە ڕووی ڕۆژگار!

چەندە قین و قار ناحەق ئەنوێنێ    دڵی چەند هەزار بێ هیچ ئەشکێنێ
پشت لە پیاو ئەکەی، ناپیاو ئەدوێنێ    بە چۆلەکەی حیز، واشە ئەڕفێنێ
دەک پشتت شکێ چەرخی چەپکـردار!

تۆ هەر ئەو چەرخەی قەیست مەجنوون کرد    کەللەی فەرهادت بە جامی خوون کرد
چەن نەوجوانت تۆ سەرنیگوون کرد    خاکی کوردانت وە بێستوون کرد
سینەی خوسرەوت دڕی تـا بـە خـوار

**قانع** لەدەس چەرخ چەپگەرد چی ئەکەی؟    هانا و هاوارت، بۆ لای کێ ئەبەی؟
ئەگەر ڕاست ئەکەی تێکۆشە سادەی    ئەم ڕێگە دوورە، بەڵکوو بکەی تەی
بـۆ کـوردی مەزلـووم بکەویتـە کـار

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## دڵەی خەمبار

ئەی دڵەی خەمبار بەسیە، تا بە کەی گریـان و زار؟[1]
تـازە بـێسـوودە خەیالـی مەسـکەن و یـار و دیـار!
بێسەلیقە هەوری نەگبەت وا لە بـەختم جـەم بـووە
تاوە تەرزەی مەینەتی پەیپەی لەسەر ئەڕژێتە خوار
ئەی دڵ ئاخر خۆشی چیتە؟ چونکـە وا عـارت نییـە
با برینت هەڵکەنم، تا بێتە سـۆ وەک زەخمـی مـار!
کوا ڕەفیقی هەمدەم و هەم هەمجلیسـی هۆدەکـەت
قوڕبەسەر خـۆی کـوا جـەمالی دولبـەری زێبانیگـار
کوا خڕەی خڕخاڵ و زێڕ و گۆشـەوارەی نـوقرەیین؟
کـوا بریقـەی لاچـەناخ و کوانـێ کێشـی لفکـەدار؟
کێ هەیە شەو بێتـە پاڵـت، بـۆنی عـەتری بتگـرێ؟
کێ بـە بـاڵا وەک چنـاری تـازە خەڵـفی نەوبـەهار؟
کێ بە خەمزەی چاوی مەستی مەرحەباییت لێ بکا؟
کێ بە ڕەمزی تاقی ئەبرۆ جەلب ئەکا سەبر و قـەرار؟
**قانعـا!** خـۆت و دڵـت، هـەر قـوڕ بپێـون دەمبـەدەم
تۆ لە داخی ئەم زەمانـە و، ئـەو لـە بـۆ دیـداری یـار

***

١. بە بۆنەی کۆچی دوایی خێزانی گەورەیەوە دایناوە.

دیوانی قانع
کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## نامەیەک بۆ ت.ب. مەریوانی نووسراوە[1]

ئەی موشفقی دێرینە لە هەر کار خەبەردار
ئەی عاشقی دیوان و غەزەل‌بازیی و ئەشعار
ئەی مەرهەمی زامانی دڵی خەستە و خەمبار
داماو و سەراسیمە لە دەس گەردشی دەووار
**یادی وەتەنت لازمە تا ماوە بەهار**

مەشهوورە کە بەم فەسڵە ئەڵێن فەسڵی گوڵانە
وادەی تەرەب و شادیی و تەفریحی دڵانە
بولبول بە نەوا مەدح و سەناوێژی چڵانە
وەختی فەرەح و بەزمی هەموو پیر و جوانە
**گوڵ مەست و فەلەک مەست و زەوی مەستی جنوون کار**

شەونم وەکوو دوڕ، دانە لەسەر دانە تکاوە
یا خەرمەنی ئەڵماسە لەسەر لالە ڕژاوە
ژاڵە وەکوو بووکە، کە بە گوڵ سوامە دراوە
خوێنی دڵی عاشق لەسەر ئەم خاکە پڕژاوە
**سەحرا و کەژ و کێو و چەمەن قرمز و گوڵنار**

---

١. تایەر بەهجەت لە شیکاگۆ. چەند نامەیەکیان لەگەڵ قانعدا بە شیعر ئاڵوگۆڕ کردووە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دامـێنی چیـا بـەرگی زومـوڕڕەت لـە بەرایـە
چڵ تاجی گوڵی سووری شکۆفەی لە سەرایە
دووکانی چەمەن، حەسحەسی قازی لە دەرایـە
دارانی جیهـان، پـاکی سەراسـەر لـە بەرایـە
**بـادام و بـەڕ و پەڵـت و دەوەن، بـێبـەر و بـەردار**
تووڕک وەکوو عاشق لە هـەموو داریٚ ئەناڵـێ
بـۆ وەسڵـی گوڵـە، بولبـولی بێچـارە ئەناڵـێ
خاشـاکی دەری بـاخی بـە چـاوانی ئەماڵـێ
وەک قاتلی گـیراوە لـە بـۆ سـووچی ئەلاڵـێ
**بەخ بەخ لە هەوا، وەی لە زەوی، هەر وەکوو گوڵنار**
لافـاوە بـە لێشـاوە لـە هـەوراز و لـە تـەختا
شەوبۆیە، کە خۆشبۆیە لە بن دەربەنی سەختا
لاولاوە کە پێچراوە بـە قـەد شـاخی درەختـا
قەقبەی کەوی دڵگەرمە، لە بێوەخت و لە وەختـا
**هـەیهـەی چ زەمانێکـە لـە بـۆ نەفسـی خـەتاکار**
گەردنکەچی نەسرینە وەنەوشەی چەموچیمەن
ژاژ و پەڕی شەوبۆیە، لەگەڵ عەنبەر و سۆسەن
سەروە کە وەهـا تێکەڵـە بـالای لەگـەڵ بـەن[١]
فیردەوسە برا، خاک و دەرودەشتەکی مەوتـەن
**سەیری‌کە چ حەشرێکە، لە بێـروون و لـە نـاو شـار**

١. بەن: مەبەست دارەبەنە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەفسەف، بە سەفا گەورەکچی تازەڕەسیدە
لەنجـە ئەفرۆشـن، وەکـوو ئـاهووی ڕەمیـدە
وەک حووریی ڕزوان و لـە جـەننات گوزیـدە
بۆ کوشتنی عوششاق گەهێ قەددی خەمیدە
**تـیری نیگـەهی چـاوە بـە دڵ ئەیخەنـە سـەرکار**
عالەم بە یەکا دێن و دەچن، هەر وەکوو مەحشەر
یەک‌یەک بە مەسەل مانگ و یەکێ هەر وەکوو ئەختەر
هێندێ گوڵە ئەمما چ گوڵێ؟ وەک گوڵی شەسپەڕ
لوقمانی زەمان شێت و نەما هۆشـی لـە سەرسـەر
**ئەگریجەیی چین‌چینە، بە هەڵـقە وەکـوو ڕەش‌مـار**
بەزمە، تەرەبە، دانسە، لە هەر دەشت و سەراوێ
ڕەقس و فەرەح و کەیفە، لە هەر گەنج و پیاوێ
مەی خواردن و پەخشانە، لە هەر کاڵ و کولاوێ
وێنەی قەدی یارانە، لـە هـەر دیـدە و چـاوێ
**دەستی کوڕی خۆش‌بەزمە، لەسەر گـەردنی دڵـدار**
**قانع**! بەسە لەم بابـە ئیتـر فاشـی فەسـاحەت
قەد قامـەتی مزگـەوتی هـەتا ڕۆژی قیامـەت
دەک ڕانی شکێ واعیزی دڵ‌وشکی نەدامـەت
فەوتانی لەدەس کوردی سیەهـچارە سەیاحەت
**گـیرۆدەیی نـاو داوی هـەژاری بـێ‌خـەتابار**

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## چوار چوار

چوار شتن ئەمڕۆکە بوونــە نەگبــەتی کــوردی هــەژار
جەهل یەک، بێئەقڵی دوو، دڵپیسی سێ، داوا چوار
مەنعی پێشکەوتن ئەکەن لـەم خاکمانـە چـوار گـرۆ
خان یەک، سـەردار دوو، بـەگزادە سـێ، ئاغـا چـوار
نایەڵن بۆ خـۆم ڕەحـەت بم، سـەربەخۆ تـاوێ بـژیم
ئەجنەبی یەک، مامە دوو، ئەقتاعی سێ، کوێخا چوار
من لە داخی سەرکزیی ئەم میللەتـە چـوار دەردمـە
سیل یەک، مالاری دوو، چاوکوێری سێ، ئیسقا چوار
یادگاری ڕەنجی پەنجەی کوردەکانە چـوار ئەسـاس
قەسر یەک، ئاراس دوو، شـامات سـێ، بەغـدا چـوار
فەخرە بـۆ مـن ئیعتیـزاز و حورمـەتی چـوار تایەفـە
زەند یەک، گەڵباخی دوو، شیروانی سێ، میدیا چوار
باز بووم باڵی شکانم، چـوار بـەڵای نەحسـی خـراپ
خانەقا یەک، تەکیە دوو، عەممامـە سـێ، عابـا چـوار
چوار سیفەت مەوجوودە بۆ من بۆیە هیچ کەس نایەوێم
**قانعی** یەک، شیعر دوو، ڕووخۆشی سێ، مـەلا چـوار

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

## تێهەڵکێش لەگەڵ شیعری حافزی شیرازیدا

کاکی چاچی بە یادی چاوی نیگـار    یک دو ساغر شراب نـاب بیار
چاوی وەک ڕۆژ و ئەبروانی هـیلال    در میـان مـه آفتـاب بیـار
شۆڕشی دڵ لە کەللـەما جـەم بـوو    نغمـەی بـربـط و ربـاب بیـار
ئـاوێ بێنـە کـە دڵ بسـووتێنێ    یعنـی ایـن آتـش چـو آب بیار
چونکە گوڵ داعمـەی لـە بولبولـدا    بـادەی نـاب چـون گـلاب بیار
شۆڕشـی وشـکی زاهیـدی لابـەن    قُـل‌قُـل شیشـەی شـراب بیـار
خێروشەڕ هەرچی‌هەس، بەدەس‌فەردە    گر خطا هست و گر صواب یـار
من کە هات شێت‌وسەرکەش‌وڕەندم    تـا بـه کلـی شـوم خـراب بیـار
مژدەیی وەسڵی یار بـە قـانع دەن    گر گناه هست و گر صـواب بیار[1]

***

---

١. لە دەستنووسێکی حافزدا وا نووسراوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


## خاتوو شەیتان لە خەودا

ئەمشەو کە بەختم هاتە سەر، شیرین جەمالێ وەک قەمەر
فنجانی مەم، قەد نەیشەکەر، پرسی لە وەزعی من خەبەر[1]
هات زوو بە زوو کردی سەلام، باڵا نەمامێ خۆش کەلام
وتم: عەلەیکوموسەلام، ئەی دولبەری شیرین سیەر
حۆریت وەیا جنی و پەری؟ سەروی وەیا نەیشەکەری؟
هێندە ئەزانم دلبەری! باڵا بە چەشنی لەیلوپەڕ
تۆ سۆسەنی یا دەستەگوڵ؟ یا داری مێخەک و سمڵ؟
ڕێگەت غەڵەت کرد یا بە دڵ، هاتیتە لای دێوانە سە؟ر
چاکی؟ چلۆنی؟ گیانەکەم! شەوقی دڵی بوریانەکەم
باخی گوڵ و ڕێحانەکەم، چۆن بوو کە هاتیتە سەمەر؟
فەرمووی غەریبی دڵ بە خەم: بێ‌ماڵ و ملک و بێ‌درەم
گەر بێمە سەرباری کەرەم، بێ‌فەرقە خاک وەیا گوهەر
هەڵسام لە بۆ ئیکرامی ئەو، بۆ ئافەتی ئینعامی ئەو
منیش کردم سەلامی ئەو، ڕوانیم لە پێی تا تەوقی سەر
دڵم بە ترس و شەرمەوە، دەروون بە ئاهی گەرمەوە
چاوم لە تەوقی سەرمەوە، پێم نا لە ئیشی پڕ خەتەر
کە دەستم خستە سەر ملی، گوشیم دوو لاڕانێ شلی
گەستم دوو چاوی پڕ کلی، وەخت بوو کە ڕۆحم بێتە دەر

---

١. لە خەویا شەیتان لە بەژنی شۆخێکدا ئەبینێ و ئەمەش یەکێکە لە شیعرە سەرەتاییەکانی. واتا لە کۆتایی بیستەکاندا دایناوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


بە نازەوە لێم هاتە دەنگ، مەکە و لاچۆ لێم کەوتـە جـەنگ
ڕوانـیم کـە ئـەو گـۆڕا لـە ڕەنـگ، وەک پادشـاهی تـاجوەر
فەرمووی: دەلا ئەی بێحەیا! نەشـێخی شـێخ بی یـا مـەلا
نـە زاهـدی، نـە ئەشـقیا، نـە شـاعیرێکی پـڕ هونـەر
نـە ڕەنـدی، نـە قەلەنـدەری، نـە فارسـی، نـە بەربـەری
کـوردێکی پڕدەردیسـەری، بـێقیمـەتی وەک تـووری تـەڕ
کۆنـە فـەقێی مالانگـەڕی، لار و درێـژ و بـێفـەڕی
کەی هاودەمی سەوڵی تەڕی؟ هۆشت لە کوێیە بێخەبـەر؟
وتم: خـانم لـە ڕێـی خـوا، ڕەحمـێ بفـەرموو بـۆ گـەدا
تـۆ پادشـا، مـن بـێنـەوا، بەسـیە ئیتـر نـاز و کـەدەر
زانی کە من شێتی ئەوم، دانیشـت لەسـەر جێگـەی شـەوم
حەرامی کرد خورد و خەوم، ئەو شەمع و من چەشنی فەنەر
دامکەند شەواڵی گوڵزەڕی، دەرکەوت سـورینی مەرمـەڕی
زاهیر بوو خەزنەی پڕدوڕی، هەیهەی! چ گەنجێ کەوتەدەر؟
هەستایە پێ حەیتەی زەلام، لەو مەقسەدەی کردی سـەلام
تێکەڵ بە یەکتر بوون تـەمام، وەک خەنجـەر و کـالانی زەڕ
ئەو کوێرەمارەی سەگدەمە، هێنـدە لـە خـۆی خاترجەمـە
ئەتوت بە مۆری مەحکەمە، نووسراوە بۆی بـێ شـۆڕ و شـەڕ
وەک گورزی دەستی لەندەهوور، تاوێ لە دەر، تاوێ لە ژوور
دڕی پەردەی گوڵباخی سوور، کردی بە شـیوەن و چەمـەر
کاتێ کە هەستام لەم خەوە، ڕوانیم کە هێشـتا هـەر شـەوە
کردم لە بـۆی شـین و کـەوە، قـوڕم پێـوا تـا تـەوقی سـەر
**قانع!** تۆ تەنیا و پڕ خـەمی، بـێ عەشـرەت و بـێ هـاودەمی
سەدکا زیـاد بی هـەر کـەمی، کۆتـا کـە باسـی بێسـەمەر

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## سوودی وڵاتم

سوودی خاکی کوردستانم چەن هەزاران دەرهـەزار[1]
بۆت بنووسم کـاکی کـوردم، میـوەیێکی بـێ‌شـومار
تـووتن و گـەنم و بـرنج و هـەرزن و زەرڕات و جـۆ
گەنمەشامی و دێمیلە، هـەم داروجـان و گسکەشـار
باسـخ و نـارنج و لیمـۆ، پرتـەقاڵ و هـەم تـرێ
کاڵەک و شووتی و ترۆزی، کوولەکە و سەوزە خـەیار
چۆنەر و سلق و شویت و بامیـە و کـونجی و پـەموو
شـێلم و مـاش و تەماتـە، باینجـان و کالیـار
نـۆک و نیسـک و پەڕشـە و پاقلـە و پەتاتـە و لۆبیـا
سێو و هەرمێ، قۆخ و قەیسی، گوێز و کشمیش و هەنار
کـاهو و پیـاز و کەلـەرم و تـەرخون و بـن‌عەرزیلـە
کاشمـە و کـوڵ و بنـاو سوورهەڵاڵـی لانـزار
مێو و سنجوو و کێکف و ژاڵـە و گزیچـار و شـەهێن
گۆیژ و چواڵە و داربەڕوو و پەڵک و بەلاڵووک و چنار

---

١. لە نوسخە دەسخەتەکاندا بەو جۆرەیە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

داری بی پێـنج تایەفـەن، لازم نییـە ناویـان ببـەم
خاوەنی سـیی بەرهـەمی خـاوەن ڕەواجـە مـازوودار
گزگل و خڕنووک و مازوو، پانکە و سیچکە و کەڵـنج
ڕِـۆزە خووگـە و هـەمزەئاغا، هـەوربردوو و شـاخدار
بەرگـەڵاو و تسـقل و سـەوزالیی و نیسـکە و گـرێ
کـارگ و قژگـە و دەمووکـە، سێفەڵـووکەی ئـاودار
جەوت و شۆکە، زۆلەک و شینکە و بەڕوو و هەژگـوگەڵا
هەم گەزۆ و زووخاڵ و پیفـوو، چاکترینیـان بـارەدار
**قـانعی** کاسـب نییـە، بۆیـە کـەمی لـێ زانیـوە
بـۆ ئـەوانی تـر بپرسـە لای پیـاوی کاسـبکار

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## لەگەڵ قەڵەم

قەڵەم! قوربانی نووکـت بم، دە بێـرە فەسـحەت و گوفتـار[1]
وەکـوو حاتـەم دە بشـکێنە خەزێنـەی جەوهـەری ئەسـرار
لە بەحری عیلمـی وەحدەتـدا، نـەدەی لافی هونەرمەنـدی
نە جێگەی ئەقڵـە بـۆ بـیر و نـە ڕێگـەی نوتقـە بـۆ گوفتـار
کە هەر ئەقڵێ خەیاڵـی کـرد، لـە بـەحری فیکـرەدا خنکـا
کە هەر نوتقێ بەیانی کرد، ڕزا وەک جێگـە گەسـتەی مـار
قەڵەم! هۆشت بەسەرخۆ بـێ، نـەنازی قـەت بـە دووزمـانی
زمانـت لاڵـە لـەم باسـە، نەنووسـی شـەوکەتی جـەبار
فەقەت سا دەی بە چۆکـا بـێ و بـڕێژە گەوهـەری تـەحریر
بنووسە وەسف و ئەوسـافی ڕەسووڵـی ئەحمـەدی موختـار
لە عەرسەی کاغەزا لنگ دە، بـە چـالاکی وەکـوو ڕەفڕەف
لەسـەر مەیدانـەدا زوو وەرگـەڕێ هـەروەک مـەلی باڵـدار
قەڵـەم مەردانـە نـوتقی دا، جـوابی دامـەوە فـەرمووی:
بە هیچ ئەقڵت ئەشێوێنی! خەرافـەت بـۆ ئەکـەی ئیزهـار؟!

---

١. شیعری سەرەتای لاوێتی واتا لە سەرەتای بیستەکاندا.

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەسێ وابێ لە نووری حەق بە دەستی حەق جیا بووبێ
چ موحتاجە بە تەعریفی من و تۆ و یاوەر و ئەغیار
کەسێ وابێ بەسەر پەنجەی موبارەک مانگ دوولەت کا
وەیا ئاهوو لە خزمەتیا بە زمانی پاک بکا هاوار
کەسێ وابێ کە دار خورما لە بن دەربێت و بێ بۆ لای
کەسێ وابێ کە زیخی چەم لە دەسیا بێتە ئیستیغفار
کەسێ وابێ کە جەننەت چاوەڕوانی مەقدەمی ئەو بێ
کەسێ وابێ کە سەد (روح‌الامین) بۆی بێتە خزمەتکار
ئیتر موستەغنییە قانع لە تەحریراتی عەمرو زەید
سکووتت لازمە هەرتا بنووسی دەفتەر و ئەشعار

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ملوێنکی گرێی دڵ

وا ســەرم دووبــارە گــەردولوول ئــەکا بــۆ دەردیســـەر
لای نــەدا تــاوێ لەســەر دەردیســەری و گێــژی خەتــەر
بــۆ موقدەمــەی خەیاڵــی وەسڵــی ڕۆحــم دەرئەکــەم
عەزمی هێندە جەزمە حاکم، خۆی وەها بوو بە چەپەر[1]
نووکی موژگانی ئەمەنــدە خــوێنی جــەرگی چەشــتووە
سڵ ئـەکا ئەمـڕۆ لـە سـووریی سوورهەڵاڵـی بەرکەمـەر
جا کە وابوو هەر زەمانێ تـیری عیشـوەی خسـتە کـار
دابـڕێژین ئەشـکی خـوێنین، چاکـە بـۆ دەفعـی زەرەر
جوملە موستەغنی لە عیشقن، بۆیە گوێ نادەن بە خـەم
نەرگس و سەرو و سـنەوبەر، سۆسـەن و نەسـرینی تـەڕ
بەندی جەرگم بۆ دەزوو، عوقدەی دڵـم بـۆ دەنکەکـەی
بۆ ژمـارەی فیرقـەتی دولبـەر لـە شـەو هـەرتا سـەحەر
**قانعــا** گرپــەی دڵــت وا ئــاگری بــەردا قەڵــەم
دەردی دڵ ئەمجا بەچی ئیزهار ئەکەی خاکـت بەسـەر!

***

---

١. چەپەر: واتە بەرید.

دیوانی قانع
کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پێنج هۆی ڕزگاری

سەیری ئەم پێنجە، دەوایە بۆ دڵی کوردی هەژار
ئەفسەر و پێشمەرگە و ئاڵا و تفەنگ و خواربار
کورد هەتاکوو خاوەنی ئەم پێنجە بێ قەت نانەوێ
لاو و خوێن‌گەرمی و چەک و فیکرە و سوپاهیِ‌بێ‌شومار
دەستی یەک‌بگرن وەکوو زنجیر ئەبەد ژێر ناکەون
مەنگوڕ و موکری و شلێر و گەرمیان و کۆهسار
کۆمەڵانی کوردەواری ئەمڕۆ یەکیان گرتووە
کاسب و جووتیار و پاڵە، پیشەساز و خوێندەوار

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## میهر بە هەژار

سەردەسە ژێردەسەی هەژار و فـەقیر
مەی‌فرۆشە بە بزن و گێسک و چـتیر[1]

ڕەعیـەتی سـەرکز و فـەقیر و هـەژار
مەیخــەرە حــەپس‌خانــە و زنجــیر

تـۆ خـوا دەسـتی قـودرەتی پێـدای
مەیشـکێنە سـەری فـەلا بـە گزیـر

نە تەڕی کە بە ئاوی فەحش و جوێن
نــە بســووتێ بــە ئــاگری تــەزویر

وەکوو تۆ حاکمی بە مـل ئـەو و ئـەم
حــاکمی تۆیشــە پادشــاهی قــەدیر

بێ‌مرووەت مەبە! لە حاسـتی شـوان
تێک‌ئەدا قەهری حەق، سەرا و سـەریر

ئەی گەدا! تۆش خەفەت مەخۆ بە نەبوون
چون خراپتر لە فـەقرە نـاری سـەعیر

تۆ برای چاک بـە، شـیعرەکەی **قـانع**
وا بزانــە نەســیحەتە و تــەگبیر

***

---

١. چتیر: بزنی دووساڵە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## زانست بێ‌نازە

برا مەغروور مەبە هەرگیز بە جەوهەر ‌ ‌ ‌ ‌ مەنازە قەت بە تەحریر و بە دەفتەر
درەختی فەزل غەیرەز بێنەوایی ‌ ‌ ‌ ‌ نەبینراوە کە قەت بێنێتە بەر، بەر
لە ملکی زیرەکی کەی داری ئومێد؟ ‌ ‌ ‌ ‌ روا و بەخشی بە خاوەن‌ملک سێبەر؟
بەبێ سوودە برا هەوڵ و تەقالام ‌ ‌ ‌ ‌ چلۆن دێ خوێن لە ڕەگ مردوو بەنەشتەر؟
دەکێ دی شاخی ئاهوو سێوێ بگرێ؟ ‌ ‌ ‌ ‌ وەیان ژیرێ نەبێ بۆ نانێ موزتەر؟
زەمانە هیچ بەخێوکەر بوو بە عومری ‌ ‌ ‌ ‌ فەلەک هەر دوون‌پەرست و سپڵەپەروەر
ئومێدی پیاوەتی کردن بە غەیرە ‌ ‌ ‌ ‌ وەکوو کون گرتنی زامە بە نەشتەر
فەلەک هەم یاوەری پیاوێکە بێ‌شک ‌ ‌ ‌ ‌ نەزانێ فەرقی حوشترخا لەگەڵ کەر
لە چز دووپشک چەدەرمانێک ئەبینی؟ ‌ ‌ ‌ ‌ لە **قانع** هەر ئەوەندەش زێڕ و گەوهەر

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ئاخ... بۆ کەرێ وا

هەی بۆ کەرێ قەڕابە سەر، دەشت تەی‌کەرێکی باسـیەر
گوێ کورت و پان و نێرەکەر، کولـکن کلـۆک و بارەبـەر
بۆ ڕێگەڕەو بەرقی فەلەک، وشـتر زمـان و دەم دەڵـەک
لـــوولاقی ڕانی وەک دمـــەک، ئۆترۆمـــۆبێلی ڕەهگـــوزەر
هاشر مەگیر و خۆش خەرام، بەرز و درێـژ و هـەم زەلام
هەم جۆشکێن و تیژ و ڕام، چابوک وەکوو شـەمەندەفەر
شێری عەجەم، ئەسپی عەرەب، بیجادە چاو و خۆش‌لەقەب
سافی وەکوو جامی حەلەب، توند و گـەڕۆک و کاریگـەر
تووکی سپی وەک باڵی بەت، بۆ تەڕدەماخی چەشنی شەت
ڕێگیر و ڕاست و بێ‌غەڵەت، دایم لە کۆهـ و دەشـت و دەر
ماکـەر فریـب و حەیتـەزل، دایم بـەبێ کورتـان و جـل
گەهـ ڕووسپی گاهێ خەجل، هەم زەنگ لە مل، هەم بارەبەر
بێ عەیب و جوان و پۆزەڕەش، هەم گوێ‌درێژ و بارکەش
یـاڵ مـاین و ئـاوازە خـۆش، ئەسـتوورەمل، پارێنەسـەر
کلکی کلاقەی سەر کەفەڵ، ڕەنگ دێز و تووکن وەک چەقەڵ
دوو هێلکەگون تووری پفەڵ، دەنگ و سەدا سۆفی نـەزەر[1]
سەر ڕەشکەکا، ئەشکەوتە لووت، وەک بەعزێ ئاغا ڕووت‌وقووت
بۆ **قانعی** چاکتر لە جووت، بێ ترس و لەرز و بـێ‌خەتـەر

***

---

١. سۆفییەک بووە لە ناوچەی مەریوان.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

## سێ سێی قانع

سـێ شـتن ئەمـڕۆ لـە دنیـا بـێوەجـاخ و جێگـەدار
شـاعیران یـەک، عالمـان دوو، نیشـتمانی کـوردەوار
سێ شـتن لـەم دەورەدا، هـیچ شـۆرەت و ناویـان نییـە
عـەیبی دەوڵـەتمەند و شـیعری **قـانع** و مـەرگی هـەژار
وەک پـلاوی خانـەقا ئیسـمێکی بـێ جسـمن بـرا
یەک مرووەت، دوو سەخاوەت، سێ وەفای عەهد و قەرار
سێ نەخۆشـی کەوتـە دنیـا، هـیچ دەوا و چاریـان نییـە
کیبر یەک، بـەرتیل دوو، سـێ موخلسـی پـارە و دینـار
سـێ مـەتاعی پڕبـەها ئەمـڕۆ تـەواو بـێقیمـەتن
یەک شیعر، دوو ڕاستی، سـێ حورمـەتی خـاک و دیـار
بـێوەفـایی لازمـەی سـێ تایەفـەن لـەم کاتـەدا
دولبەران یەک، کورسی دوو، سێهەم گوڵی خونچەی بەهار
سێ کەسن هەرگیز بە مەیل و ئارەزووی خۆیان نەگـەن
**قـانعی** یـەک، برسـی دوو، سـێ بولبـولی دێوانـەکار

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


## چەکی یەکێتی

چەن خۆشە ئەو زەمانە لە کوێستان و خوار و ژوور
فەرقی نییە لە بەینی برا و خوشک و خاڵ و پوور
چەن خۆشە ئەو نیزامە، سەراسەر هەموو وڵات
یەک ڕەنگ و یەک مەبەست و یەک ئاوات و پڕ لە نوور
چەن خۆشە ئەو وڵاتە کە جووتیار و ڕەنجبەران
تیایا ئەبن بە خاوەنی حوکم و سوپای جەسوور
چەن خۆشە ئەو زەمانە کە کوێستان و گەرمیان
یەکسەر ئەبێتە جونبشی دەریای هێزی سوور
ئەی لاوی کوردا! بە بیر و باوەڕی کوردانە یەکگرن
بورکانی ئاگرین بن، لە ڕووی دوژمنی غروور
بینێنە گۆڕی تارەوە ڕسوومی عەشیرەتی
فەرقی مەخەن لە بەینی غەنیدا هەتا مزوور
سنعەت بکەن بە هێز و گریکی وڵاتەکەت
ڕازاوە کەن شەقام و تەلار و قەسر و قسوور
لە تۆی دەروونی خاکەوە دەربێنە ڕۆنی ڕەش
خلتەی دەمارەکانی بپاڵێون بۆ بلوور
شۆڕش بکەن لە ڕووی نەزانین و جەهلەدا
تۆوی نیفاق و ئەجنەبی دەرکەن هەتا سنوور
(هاوکاری) کەن بە مەرج و بناغەی ژیانی گەل
تەوحیدی فکرە، شەرتی ئەساسە، نزیک و دوور
شادم بە ئەو زەمانە کە بە داشدیاری ڕەنجبەران[1]
وەرزێر ئەنێتە گەردنی ئاغا، گوریسی سوور

***

١. لە دێڕە شیعرێکی لاهوتییەوە وەرگیراوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پەیمانی سەعداباد

دوژمنان لەم ڕۆژەدا فیکری چەپەڵیان خستە کار
کەوتە خۆ کۆنەپەرستی، بۆ قەلاچۆی کوردەوار
ڕێبڕانە، کوردقڕانە، کێو و کەژ خوێناوییە
فیتنە وەک ئاگر ئەبارێ، بۆ گەلانی شۆڕەسوار
چەک لەشان بوو میللەتی کورد، بۆیە دوژمن کەوتە خۆ
کەوتە جرت و فرت و پەیمان بەستنێکی نالەبار
شاری سەعدابادی بەدفەڕ بوو بە مۆڵگەی دوژمنان
کوندەبوو، شمقارە کوێر و کەمتیاری لانزار
سێبەسێ کۆ بوونەوە، وا ئەنجومەن ڕازایەوە
بۆ قڕانی میللەتی کورد، مۆر کرا عەهد و قەرار
پاڵەپەستۆی مەینەتە ئەمڕۆ بەسەر کوردا گەلا
نیشتمانی کوردی کردە جێگە ڕاو و کاروزار
عەهدی سەعدابادی شووم و حوکمی پۆلیسی ڕزیو
مەزبەحەی خوێن ڕشتنی، بۆ کوردستان هێنایە کار
میللەتی کورد چەندەها پیلانی وای نا گۆڕەوە
چاوی ناترسێ لە نێزە و هایوهوتی بێشومار
ئەنقەرە و تاران و بەغدا مەنبەعی زوڵم و ستەم
قوڕ بە سەرتان، میللەتی کوردە ئەتانکا یەختەسار
هێزی میلەت شۆڕشێکی حەقڕەوا دێنێتە ڕوو
تۆڵە وەرئەگرێ لە سەعدابادی لانەی گورگە هار
قوڕ بپێوێ دوژمنی سێ قۆڵی بۆ دوارۆژی خۆی
تەخت و تاراجی دەڕێنێ، لاوی کوردی هوشیار

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بۆ تاجری شەڕ

ئەی دوژمنی گەل، تاجری شەڕ، جەبری[1] ستەمکار!
ئەی مێردەزمەی شانی هەموو ڕەنجبەر و جووتیار!
ئەی بێبەزەیی! چەشمەیی ئەفساد و خیانەت
ناپاکی بەبێ ڕەحم و جەفا کردە و خوێنخوار
لایەنگری ئەم جورئەتی تۆ، حوکمی ولاتە
دوژمن بە هەموو فیکری گەلیی، نۆکەری دۆلار
بێشەرم و بەبێ پەردەیە ئەسراری حوکمڕان
خوێناوییە نینۆکت سەرەک دەوڵەتی سەگسار
تۆ نۆکەری واڵستریت، گەلیش خاوەنی بازوو
حەمباڵی دەری عەرشی، لەقی فیتنەیی بێبار
بۆچی ئەکوژی؟ خوێن ئەمژی، بۆ مەبەسی خۆت
ئەدزی و ئەبڕی، ماڵ و سەرم، ناحەزی بەدکار[2]
چاوت کەرەوە! خاکت بەسەر، سەیری جیهان کە
سەیری کە چ شۆڕێکە لە ناو چینی کرێکار؟!

---

١. مەبەست لە سالح جەبرە و لە ساڵی ١٩٤٨دا وتراوە.

٢. ئەم دێڕە لەف و نەشرە.

كتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

ئاگـا بـەرەوە! شۆڕشـی گـەل وا لـە مەچەکـدا
ئاڵـۆزە سـەری حوکمـت، چ دێهـات و چ ناوشـار
ئیسـلاحی وڵات نابـێ، بـە زینـدان و بـە کوشـتن
ئیسـلاحی وڵات بەنـدە لەسـەر بەنـدی زەوی و زار
حەددی چییە (پەیمانی حەرب) چاری نـەخۆش کـا
تیمـاری نـەخۆش بەنـدە لەگـەڵ چـارەیی بێکـار
هێـزی نییـە (بـارود) کـە دەرمکـا لـە نـەزانین
تەسـبیتی جـەهل بەنـدە لەسـەر سـێبەری ئـەغیار
بـەمجۆرە ئەبـەد تێـر و تەسـل نابـێ وڵاتـت
هـەرزانی نـرخ، بەنـدە لەسـەر سەربەسـی بـازاڕ
میراتگری ئەو حوکمـە، ئـەبێ چـاوی لـە کـورد بـێ
تـا ڕۆڵـەیی کـورد، تـەختی نـەپێچێتۆ سـەرەوخوار

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# گلەیی قانع لە ڕۆژگار

دیسان دێمە سەر نووسینی ئەشعار — دەردی دڵی خۆم چاک ئەکەم ئیزهار
قــەرارم وابـــوو نەیەمـــە گوفتـــار — بەڵام نایەڵێت چەرخی چـەپکـردار
ئــەبێ بنووســـم یــەکێ لـــە هــەزار

تەماشا ئەکەم چەرخەکەی گەردوون — کەر ئەکا بە شـا! شـا ئەخاتـە تـوون
چەندە نەوجەوان، ئـەکا سـەرنگوون — لەیلێ بۆ ئەغیار، شیوەن بۆ مەجنون
کەی وەها ئەبێ کۆنـەی بـەدکردار؟!

سەرداری سەر تەخت، ئەکەی بەبێ سەر — بــێسـەر ئەبەیتــە ڕیــزی تــاجوەر
خوێنی چەن مەزڵووم ئەدەی بە هەدەر — بەرگ ئەدەی بە مەڕ کیر ئەدەی بە کەر
ئافــەرینت کـــەن، دەوری ڕۆژگـــار

من هەر زوو زانیم کە دوونپەرستی — تۆیش بە وێنەی من، بێبادە مەستی!
دایم خزمــەتکار ڕەزیــل و پەســتی — شەو و ڕۆژ خەریک کەڵەک و بەستی
بەڵــکوو فــەقیرێ بخەیتــە ژێـر بـار

چەرخ! داوەشێی، بێ خانومـان بی — لە مـن خراپتـر تـۆ سـەرگەردان بی
گیرۆدەی دەردی بەبێ دەرمـان بی — نــانخۆری دەرگــای خانــەقایان بی
بـبی بـە عیـبرەت لــە بـازاڕ و شـار

چەرخە دەک پیربی! وەک منت پیرکرد — بە کەس ناوێری منت ئەسـیر کـرد!
هەسیرەی منت لە گۆمـا گـیر کـرد — منت کرد بە شێت، ئەحمەقت ژیر کرد!
وەعـدەی مـن و تـۆ دیـوانی غـەففار

گاجووت ئەکەیتە سەردەستەی ئەعیان — ئەدەی بە ڕێوی نەعرەتـەی شـێران
یــابوو ئەبەیتــە ڕیــزی ســـەرداران — تاکەی چەپگەردی، ماڵت بێوێران؟!
ئەکەی بە پیشــەنگ دیڵـە کـەمتیار!

ئەگەر من وەک تـۆ ئیشـم لار بوایـە — لە ژێر سایەی من جوو موختار بوایە
شەکی شوانان گا و سـەرقەتار بوایـە — شێری سەفشکێن کز و خوار بوایـە
ئەتکردم بـە پـەن لـە دێهـات و شـار

***

www.rabari.org

## پێنج خشتەکی

با خۆم بێدەنگ بم دڵ دێتە وتـار     دەرد هەڵئەڕێژێ وەک ئاوی بـەهار
پێویستە بڵـێم، یـەکێ لـە هـەزار     نالەم لە دەستی تۆیە ئـەی زۆردار
ئیتر واز بێنە لـە دەسـتەی هـەژار!

زۆردار! بۆ نییتە ڕێگەی ئاشـنایی؟     بـۆ نییـە لـە دڵـتا ترسـی خـوایی
ئەگــەر هــەژاری بێتــە ئـاوایی     دڵـی مەشـکێنە لەسـەر خـۆڕایی
بـەس تـا ئێـوارە بیبـەرە بێگـار!

هەی خۆت وەکوو خۆت ئەمە ئیمانە     تەما بکەیتـە، ئـەو سـەر و شـانە؟
ڕاسـتم پـێبڵـێ: بـەبێ بەهانـە     بۆ سوورانەی ژن، یـاخود پووشـانە
لەسەر یـەک ئانـە ئەیکەیتـە هـاوار

لەسەر هیچ و پووچ دڵی مەشکێنە     بۆ قازانجی خۆت ئەو مەڕەنجێنـە
بۆ بێدەستەڵات بەخشش بنوێنـە     جوێنی پێ مەدە و وازی لێ بێنـە
زۆری لـێ مەکـە و مەیبـەرە بێگـار

با تـۆ خـۆت نەڵـێی ئەمـە دیـارە     چ لە ناو دێکـان، چ لـە نـاو شـارە
بچـووکی تۆیـە و چـاری ناچـارە     مەڵێ من ئاغـام، ئـەویش هـەژارە
بـۆ نۆکـەری مـن کـردی کردگـار

بـڕۆ بپرسـە، لای پیـاوی زانـا     چ لـە مزگـەوتا، یـا لـە دووکانـا
بۆت دەرئەکەوێ، هەس لە قورئانـا     خوا ئەم دونیایەی بـە ڕێکـی دانـا
دەستی ئیستعمار تۆی کرد بە زۆردار

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بچیتە سەیران لەم باخ بۆ ئەو باخ　　بازەڕاو بکەی لەم شاخ، بۆ ئەو شاخ
ژێردەستەکانت هەڵبکێشن ئاخ　　کەی باشە کە تۆ بە شادی و دەماخ؟
خۆش ڕاببوێری لە قەسر و تەلار

توخوا ئاغای خۆم مەیکە بە گاڵە!　　بۆ تۆ فاسۆن و من کەوام شاڵە؟
ڕاستم پێ بێژە ئەمە حەلاڵە　　من لە کەلاوەی کۆنی چەند ساڵە
هەر بناڵێنم بەیان تا ئێوار؟

هەوڵ، تێکۆشین دایم تەقلەدەو　　نە ئارامم بێ، نە خواردن، نە خەو
هەڵمەتێ بۆ ئەم، هەڵمەتێ بۆ ئەو　　چۆن خوا هەڵئەگرێ بە ڕۆژ و بە شەو
لە تاو برسییەتی هیچ نەمبێ قەرار؟

تۆش پلاو و گۆشت خۆت و میوانت　　کورسی و مۆبیلە بۆ دیوەخانت
دەمانچە لە پشت، بڕنەو لە شانت　　لەسەر ئارەزووی خۆت و خێزانت
لێدەن لە بەزمی شادی و عوود و تار؟!

دەوڵەمەند! لابە عارەق و ویسکی　　لەگەڵ هەژارا بێرە شەریکی
تا کەی دووروەواز؟ تا کەی تەریکی؟　　ئاخ ڕۆژێ ئەمدی، دنیا بە ڕێکی!
گشت وەک یەکئەبوون، گەدا و پارەدار

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

## ز

### دەستی چەرخ

جانا گلە مەکـە، ئەسـلا لـە چـەرخی بەدمـەجاز
چـەن عـاقلانی زەمـانی، هێنایـە گـیر و گـاز
قـانوونی چـەرخ و ڕەسمـی زەمانـە وەهـا بـووە
جاهیل بە کـام و شـادۆ، ئـەدیبان بـە ئاهـ و ڕاز
مەسنەد بەدەستی حەققە، هەموو ئیشێ هەر بـەوە
بیکا بە شـێتی کێـوی وەیـان ژیـرێ وەک ئـەیاز
فـــەرهادی نابـــەکام ئەنێریتـــە بێســـتوون
خەسرەو لە ملـک و مـاڵ، ئەپۆشـێ کـەوای نـاز
چەن ئاڵوگۆڕی کرد، بـە سـلێمان و ئەهریمـەن
تەرویج ئەدا بە شەمع و بـە پەروانـە سـۆز و سـاز
قابل نییە هەرگیز بـە هونـەر نانـێ دەس کـەوێ
ناکـا لـە دەشـتی جـەهل فـەتاوای چلـی پیـاز
قانع مەتاعی مالی کـە هـەموو شـیعر و نیکتەیـە
مەر قوڕ بپێـوێ کاکـە، لـە بـریتی دەمـاخ و نـاز

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



## تەمەن و ئارەزوو

عومرەکەم باریک و کورتە، ئارەزووم پان و درێژ
فیکرەکەم فیکری ئەدیبە و سوورەتیشم گێژ و وێژ
ئاوی لافاوی خەیاڵم، هێندە ساف و ڕۆشنە
ئاویاری خۆی ئەکا، بێفەرقە لای هەوراز و لێژ
بێ تەماشا کە لە کوردا، دائەپۆشێ شیعری من
پژدەر و گۆران و سۆران، جافەتی و شیروان و گێژ
گەر لە نیکتەی خامەکەم دیققەت بکەی، ئیقرار ئەکەی
سەربەسەر یاقووتی سوورە و شەوچراخی شوعلەڕێژ
شەخس وەختێ عالمە، عالم بە هەر ئەشیا ببێ
بێسەواد وا تێئەگا، زانین هەمووی دەسنوێژە و نوێژ
**قانعا** مونکیر ئەگەر فیکری کولی ئامادە کا
بێنە دەر تێغی زمانت هەر وەکوو شمشێری تیژ

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org



## ئەمە لە کاتی شەڕی یەکەمدا وتراوە

عاجز مەبە هەرگیز لە چەپی چەرخی ئابنووس
گشتی بە دەستی فەردە مەقامات و چارەنووس
باری کە مەیلی هەس، بە خراپ بوونی مەملەکەت
ئەسپابی زاهرییە ئوردووی تورک و ڕووس
ئایا لە حاڵ و لە حوکمی سولەیمان شارەزای؟
یاخود لە وەزعیات و لە ئەعمالی فەیلەقووس
گشت مەست و ماتی خاکن و بێدەس لە هەر خیتاب
نە پارە کار ئەکات و نە زمانی چاپلووس
کەی مەرهەمی جەراحەتی زۆرابە تورکستان؟
ڕۆستەم چ سوودی دی لە شجاعاتی گیو و تووس؟
ناحەق نیسار ئەکا دڵ و ڕۆحی ئەسیری عیشق
نازی بە بیمی خەڵک، سەفایی کەنار و بووس
یا شیعری **قانعی** چ تەنەعوم بە **قانعی**
چون بێڕەواجە لە لای برادەرانی لووس و پووس

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بانگی ئاگاداری

دە کوردە! گیانەکەم بەزم و سەفا بـەس
سەفای پڕ زەحمەتی باری جـەفا بـەس
بـە دیـنم بـتپەرسـتی عـارە بـۆ دیـن
دەسا پەرسینی ئـاوی کـانی بـا[1] بـەس
بزانــە چــۆن ئەچیتــە ڕیــزی هاومـاڵ
بەبێ قـازانج! ئیتـر حـاو و حـەوا بـەس
برای کوردم! کە خـۆت نـاو نـا منـەوەر
بزانــە بـوغزی شـەرعی مسـتەفا بـەس
مەکەن هەرگیز خەیاڵی ژێردەسی خەڵک
دەسا کۆشش لە هەر کاری فـەنا بـەس
دە داوای حەقی خۆت کە و هیچ مەترسە
لە دڵ دوژمن ئیتر شەرم و حـەیا بـەس
تەجەمموع باعیسـی تەشـکیلە بـۆ تـۆ!
لەگەڵ هاوماڵەکەت، حەرب و وەغا بـەس
ئەگەر هات ئەجنەبی لوتفت لەگەڵ کـات
بە پـارە ئەتکـڕێ، عەقڵـی هـەبا[1] بـەس
ئەگەر **قانع** ئەتۆش مەردی لـە مەیـدان
بەسە، هەجوی هەموو قەوم و بـرا بـەس

***

١. ناوی یەکێکە لەو شەخسانەی نەخۆشیان ئـەبرد بـۆ سـەری بـەنیازی ئـەوەی تـاکوو چـاک بێتەوە.
٢. لە نوسخەی دەسخەتییەکەدا بەو جۆرە نووسراوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## نامەیەک

جەنابا! نامەکەت هات و گەیشتە دەس منی بێکەس
منت دانا بە کوردێکی هەژار و بێکەس و بێدەس
ئەگەرچی تۆ ئەنووسیی، ئاشەوانی فەخرە لام قوربان
کە چون ئەشعاری پڕ مانا و کەلامی گەوهەرینم هەس
ئەتۆ سامان و پارەی زۆر و کۆشکی بەرز و ڕەنگاوڕەنگ
منیش بێقەوم و بێعەشرەت، قەسیدەی ئاگرینم هەس
ئەتۆ ملک و سوارە و چەک، هەتا خۆت ماوی هەرماوی
منیش بۆ کورد دڵوجەرگ و دەروونێکی حەزینم هەس
ئەتۆ خنجێر و شمشێر و ڕەم و نێزەت لە مەیدانە
منیش هەڵبەستی پڕ مانا و پەندی مەرهەمینم هەس
هەموو سامانی دنیا پێشکەشی تۆ بێ وەجاخ‌کوێری
منیش شابەیتی ئاودار و هەزاران ئافەرینم هەس
کە تۆ مردی بە یەکجاری ئەبیتە مشتێ خاک و خۆڵ
منیش دوای مردنم ئینجا، بزانە دەوری ژینم هەس
ئەتۆ نازت بە شەستیر و چەک و دینار و باخاتە
منیش نازم بە کوردان و بە کورد بڕوای مەتینم هەس

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



## ئەگەر مردم

ئەگەر مردم وەتەن لاوانی تۆ خـۆش[1]!
ئەگەر هیتلەر نەما، گـاوانی تـۆ خـۆش!
موخەییەر بم لە بەینی تۆ و بەهەشتا
لە جەننەت دوورئەبم، سەیرانی تۆ خۆش!
هەموو حۆری موبارەک بێ بە زاهید
لە بۆ من هەر کچ و غیلمانی تۆ خـۆش!
بە من چی سەیری باخ و قەسری لوبنان
وەتەن سەحرا و کەژ و کێوانی تۆ خۆش!
ئەگەر دنیا نەما یەکسـەر بـە جـارێ
وەتەن‌گەرمیان و هەم‌کوێستانی تۆ خۆش!
ئەگەر نەفعی خسوسیت تیا نـەمێنێ
موبارەک بێ وەتەن، دەورانی تۆ خۆش!
ئەگـەر خـۆ قـانعی ئەمـڕۆ نـەمێنێ
وەتەن! ڕەببی وەتەن‌خواهانی تۆ خـۆش!

***

١. بەر لە کۆتایی دووەمین شەڕی جیهانی وتراوە.

کتێبخانەی ئەلیکترۆنی
www.rabari.org

٤

## مەی‌نۆشیی

لە مەی‌نۆشیم ئەگەر مەنعم بکەن مەئموورەکانی شـەرع
شکاتی خۆم ئەبەم بـۆ لای حـەکیمی حـاڵزانی شـەرع
بە ڕۆژوو بووم، بڕۆم دی وامەزانی مانگە، بـۆم دەرکـەوت
ئـەبینم شۆڕشـی مانگـە، لـە نـاو دیوانـەکانی شـەرع
ئەگەر زاهید تەنەففور کـا لـە سـەیری ڕوومـەتی ئاڵـت
ئەبێ تووشی جەزای خۆی بێ، بە ئەمری ئامیرانی شەرع
خەیاتەی زوڵفی دووتا کرد، کە یەعنی لا لە جادەی دین
لە نەفییۆ بردی بۆ ئیسپات، هەموو فەرمانـەکانی شـەرع
لە شەوقی سەفحەکەی کولمی، ڕەشیی ئەگریجەکەی تاتای
خەیاڵم هاتە سەر وەسفی هەموو نەقڵ و بـەیانی شـەرع
ئەلا ئەی ئافەتی دڵ ئەمڕۆ بـۆچی بـێ‌مـرووەت بـووی؟
مەگەر بیمت نییە ئەسڵەن، لە ئەمری حاکمـانی شـەرع
لە بۆ تەحسینی مەسنووعی خـوا وەک چـاوی تـۆ نابـێ
لە ناو دووسەد کتێبخانـە و کتێـب و دەفتـەرانی شـەرع
لە باخی فیکـری میللـەت تـازە نێـژرا دارەکـەی ئومێـد
ئەترسـم ڕیشەکێشـی کـەن، بـرا بێکارەکـانی شـەرع
ئەفەوتێنێ حقووقی ئێمـە بـۆ نـەفعی خسووسـی خـۆی
درۆی زلزل ئەکا بۆمـان، بـە زمـانی سـاحیبانی شـەرع
بە مەستی **قانعی** هـات و بـە مەسـتانە بـە چۆکـا هـات
لەسەر دەردی دڵـی ئیجـرا ئـەکا ئەمڕۆ بـەیانی شـەرع

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## غ

### باغ

بولبولی دوێنێ بە گەرم ئەیخوێند لەسەر دیواری باغ
یەعنی عاشق بێن تەماشا کەن گوڵ و گوڵزاری باغ
دوێنێ یار وەعدەی بە باخی پێ ئەدام ئەمڕۆ ڕەقیب
مەنعی واکردم نەبینم، هەر لە دوور دیواری باغ
من خەیاڵم بوو بە بێزۆ بۆنی خونچەی گوڵ بکەم
بەختەکەم هێندە زەعیفە، دەس نەکەوت بۆم خاری باغ
چونکە شیعر و قافیەم لەم بەزمەدا بێوسعەتە
باخ ئەگەر بۆ من نەبێ، خۆ حازرە گریان و داخ
با بناڵێنم لە داخی ئیشی چەرخی کاری پووچ
بۆ نەبوونی بازە ئەمڕۆ، ئیتیفاقی پۆڕ و زاغ[1]
وەرنەوە با پێشکەوین ئێمەش وەکوو بێگانەکان
فیکری میللەتپەروەرانم خەینە پێش وەک شەوچراغ
ئەی منەوەر ئیهتیمامێ بۆ تورەققی خاکەکەت
ژینی هۆزت کەی بە گودلەس یا سدارە و بۆیمباغ
زاهیدا خۆ تۆ گەد و گیپاڵ و ڕیشی وەک خوریت[2]
.........................................

***

---

١. مەبەست لە دوو وڵاتە.

٢. پاژی دووهەمی ئەم شیعرە داکووتووە و بە دەستەوە نییە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

## ق

### ئەندێشە

بێسوودە ئیش بە غەیرەز خەیاڵی حزووری تـاق
بێکـارە کـار لـە کـاری خـەیالاتی پـڕ مـەراق
حـاکم کـە قازییـە، بـە قـەزایاتی سـەرِ ئـەزەل
بێسوودە سەعی لە تەسخیری خوراسان وە یا عـیراق
نەقدی ئەمەل ئەگەر بە سەداقەت دەغـەڵ نـەبێ
موستەغنیە لە مەحەک یا، لـە زاخـی پڕ سمـاق
میـزانی حـوکم کـە بـە مـەقامات و تەجرەبـەس
دەخلی جیایە بەسەر لە شەم و سەمع یـا مـەزاق
هێندێ بەشەر کە قابلە، ئەیـداتێ تـەخت و تـاج
هێندێ بە نانی وشکەوە ئەکێشـێ بـەلایی شـاق
بـاری کـەرەم ئـەدات بـە سـولەیمان سـەرووەری
ئەیووب ئیمتیحان ئـەکا، بـە تـەکالیفی لایـەتاق
جۆگەی خەیاڵە دێتە دەر لە بناوانی کـونجی دڵ
سولسـی هەیـە بـە ملـکی مەقالاتـەوە مـەزاق
بێسـتان و باخـە عـەزیزم خـەیالاتی شـاعیران
بێخۆفی نەقس و بردنی خەڵک، بێ کەسری جووتوتاق
ئـەیوانسـەرایی خاسـە، دەروونی دڵـی ئـەدیب
ڕووتـە لـە تـەکالیفی شمشەکێشـی یـا سـیواق
قـانع کیفایـەتی حاڵـی ئەتۆیـە بـە سـالمی
بەخشـیویە پێـت خـوا، بـەیانات و قـەلبی سـاق

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



## بەختی ئاوارە

ئـەی لـە بـەختی عاشـقی ئاوارەکـەت ڕژد و چـرووک
ئەی کە زیددن ئیش و کارت، سەر گران و شێوە سووک
گـەر بـە نـازۆ بێتـە سـەر بـاری کـەرەم، بـۆ عاشـقان
سەد کەرەت بێجا ئەکا، شێخ ڕوو ئەکاتـە سـەر سـلووک
کوشتەگانت گەر شیکایەت کەن، لە دەس جەور و جەفات
مۆر ئەکەن بۆیان قەباحـەت، قـازیی و مفـتی و ملـووک
مـن بـە دەور و پشـتی یـارا ئایەتولکورسـیم ئەخوێنـد
ئەو بە عیشوە پێی وتم، لاچـۆ، هەتاکـەی نووکـەنووک؟
شێخ ئەگەر بۆی شـێت نـەبێ، مەعلوومـە بـێویژدانییـە
چۆن بە دایم شۆخ و شەنگە، بـەر میسـالی تـازە بـووک
تـانوپۆی بەنـدی دڵ و جـەرگی بـەجارێ هەڵـچریم
وەختێ ڕەمزی چاوی خستە هاتوچۆ هەر وەک مەکووک
**قانعـا!** ڕەنـدی بـەجێ بێڵـە، لـە بـۆ گـەنجی وەتـەن
تۆ لە عیشقت چی بە کەللەی پووچەڵ و گوێی پڕ لە تووک؟!

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

ل

## گەرد و خول

دەخیلە ساقیا هەستە، بە چوستی بێرە گەردوخول
دەمێ با چا لە دەمدا بێ، دەمێ قاوە، دەمێکیش مول
لە کەللەم تەم ئەکا دوودی هەناسەی سەد وەکوو فەرهاد
لە دڵما شۆڕشئەنگێزە، بناغەی حاکمی بابل
لە بیرم دێ ئەیا واعیز (نَعَم) بووی ڕۆژی ئیستیفهام
منم (قالوا بلی) وێرد و کەچی تۆ پێم ئەڵێی باتل
من و تۆ پێکۆ وەستا بووین لە شارستانی ئەرواحا
لە پێش چاوم وەکوو دوێنێ بێ وایە مەسئەلەی قابل
لە پشتی باوە ئادەمدا تەکانم دا لە بۆ سەبقەت
موقەددەر باڵی توند بەستم وتی: (قِف أیُّها العاجِل)
بنۆشە جامی مەی کوردە بە یادی تەختەکەی جەمشید
لە ئەیووبیش بەئاگا بە، هەتاکوو پێت نەڵێن غافل
مـن و یار و دڵ و سەبر و نیشات و **قانعی** بەدبەخت
هەموو زددین بە یەک وەک شێخ و بەخشش، عالم و جاهل

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## لەگەڵ دولبەر

ئـەی دولبــەری ئافــاق نــە تــەنیا مــن و بولبـول
شــــەیداکەری دەورانی، چ هوشـــیار و چ غافــل
ســـەودازەدە و شـــێت و پەرێشـــانی فیراقـــین
ئـەم عالـەمی ئیمکانـە، چ مـەجنوون و چ عـاقڵ
چاوت کە لە هەر لەحزە دووسەد نەرگسی پەس‌کرد
وێرانی ئـەکا مولـکی خـیرەد، بـابی تـەوەککول
ئەی مەنزەری ئـەنواری حەقیقـەت بـە نەزاکـەت
شاگردە لەسەر سیحری بـرۆت، مورشـیدی بابـل
پێکراوە بەسەد تیری برۆت جـەرگی هونەرمەنـد
بێچارەیـە ئـیللا بـە تەتـەر، پێچـی سەلاسـل
دەستی تەرەب و قەلبی تەڕ و کەللەیی پڕ شەوق
هەر سێ بە فیدای خاڵی لەب و پەرچەم و سونبول
سەفسەف کە دەوەستن بە تەمەنا سەفی عوشاق
گـەر ڕوو نەکەنـە تـاقی بـرۆت مـوجرم و بـاتڵ
خـوێنی دڵـی عاشـق کـە ڕژا داوێـنی گرتـی
تەئسـیری ئـەوە قـانعی وا کـردووە بـە بولبـول

***

www.rabari.org

م

## بیری گەنجی

دوێنێ بە ئەمەل مالکی ئـەملاکی قەجـەر بـووم[1]
خاوەن دەهەزار چاوش و ئـەرکان و نەفـەر بـووم
سەحرایی و شەستیر و جەبەل‌تـۆپ و شـنەیدەر
گشت مەحکەمی عەڕادە لەسەر بەزمی سەفەر بووم
گاهــێ لـە دلا ڕوو لـە تـەرەف بـەلخ و بوخـارا
گەهـ مایلی تالانی هـەموو تـورک و تەتـەر بـووم
قەڵخانی سەری سەرکەشی ئەم خەڵکە شکا یـەک
مەنسووری خوا، خاوەنی شمشێری زەفـەر بـووم
گاهــێ لـە ڕەوش سەڵـتەنەتا، خـادمی قورئـان
گاهــێ بــە درۆ واعیــزی گورگینــە لەبـەر بـووم
گەهـ ڕەند و گەهێ مەست و گەهێ ناتقی‌هوشیار
گەهـ بولبولی شەیدا لە هەیاهووی چەمـەر بـووم
عالەم وەکوو گۆڕێ کە لە نێو مێرگ و چەمەن بـێ
بەهرام‌سیفەت، حازری چەن تـیر و تەبـەر بـووم
فیرعەون کە لـەلای سەڵـتەنەتم بەچکـە شـوانە
مووساسیفەت و ڕوو لە تەرەف ناری شەجەر بـوو
وەختــێ کــەرێ زەڕرانی ئــەمن داچڵــەکیمۆ
هەر **قانعە**کەی قوڕبەســەری پـڕ لـە زەرەر بـووم

***

١. لە بیرکردنەوەیەکی ڕاگوزاریانەی گەنجیدا ئەمەی بە دلا هاتووە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پێنجخشتەکی لەسەر شیعری بێکەس

به مووناسەبەتێکی تایبەتییەوە کراوە (١٩٦٣)

سەد شوکور ئەمڕۆ تەواوی من لـە زانـین بـێبـەریم
دەک موبارەک بێ ژیانم، چونکـە مامۆسـتای کـەریم
سەدکەڕەت ئۆخەی کە دووری فەلسەفە و کوێرەوەریم
تووشی لافـاوی عـیلم بـووم و بـەڵام زوو دەرپـەڕیم
سـواری پـاپۆڕی جـەهل بـووم و بـە ناویـا تێپـەڕیم

چەن زەمانێکە ئەخوێنم تا وەکوو خۆم کرد بـە پـەن
بـیر و هۆشـم لا نـەمابوو بـۆ فیـداکاری وەتـەن
سەرسەرینە[1] جەژنە ئەمڕۆ، بێن هەموو کۆمەڵ بکەن
سەد شوکور ئۆخەی نەجاتم بوو لە باسی عیلم و فەن
نـامگرن جـارێکی تـر، ئـەمجا لـە کـەیفا هەڵـپەڕیم

هەرگیزا و هەرگیز خەیاڵی ژینی سەربەستی مەکەن
تـف لـە عـیلم و زانیـاری، بـێن و زوڕنـا لـێ بـدەن
کاتێ هاتن جرتی زل زل[2] جاربـەجار جووتـە بخـەن
گەرچی تا ئێستا وتوومە تـێ بگـەن زوو پـێ بگـەن
بەو قسانەم ئێوە قەت بڕوا مەکەن، سەگ بووم وەڕیم

چەندە خۆشە پیاو کە کەربێ، چون کەری پیاو دەرئەخا
سەیری کاروانی کەری کەن، جاشی خۆی چۆن بەرئەخا
هەر نەزانینە کە سواڵەت! پێشی سەد گەوهەر ئـەخا
خوێندەواری شێتییەَ هەر جەهلە ئینسـان سـەرئەخا
گەر لەمەودوا نـاوی عـیلمم بـرد بـزانن سەرسـەریم

---

١. مەبەستی لە کۆمەڵێک بووە.
٢. چەند کەسێکی دیاریکراو لە ناو کۆمەڵەکەدا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زەنگی بەدناویم لـە نـاو ئـەم کۆمەڵـەی کـوردا زڕی
چون بە دەسمایەی ژیـانم بـیری نیشـتمانیم کـڕی
چونکـە تێکۆشـام هـەتا پـەردەی نـەزانینم دڕی
**هێندە تەعقیبی حەقم کرد تـاکوو نـانی خـۆم بـڕی**
**سووک و ڕیسوا بووم لە ناوا، گـیرۆدەی ئاخرشـەڕیم**

زوانی خـۆت بگـرە دەخیلـە لـەو وشـانەی وا حەقـە
چونکە مەشهوورە کە حەق لای بێتەمیز تاڵ و ڕەقە
چـاوی زانـا وا لـە داخـا خـوێن ئـەڕێژێ ئەبڵـەقە
**چاکە زانیم حاڵی عاقڵ، نەفیە، حەپسـە، یـا شـەقە!**
**هـەر کتێبـێکم هـەبوو دوێنـێ لـە داخانـا دڕیم**

هەر منداڵ بووم بۆ وەتەن خۆم خستە ناو گێژی خەتـەر
تـازە زانـیم پولـێ ناکـا فەلسـەفە و شـیعر و هونـەر
بێپشوو کاکە منـیش کەولـی کـەریم وا کـردە بـەر
**پیـاوی زانـا عەقڵـی دانـا زانی بـۆی ناچێتـە سـەر**
**بەرگی نادانیم لەبەر کـرد و لـە حەپسـی دەرپـەڕیم**

زەنگی زانـاییم لـە داخـا شـەرتە قـەت زڕڕەی نەیـە
باڵـی زانیـاریم شـکابێ، تـا ئەبـەد فـڕڕەی نەیـە
هێندە بێدەنگ بم سەگی دەرگانەکـەم وڕڕەی نەیـە
**شەرتە کەر بم، بارە گوێزم لـێ بنـێن خـڕەی نەیـە**
**با دەمێکیش زۆر و کەم، وەک بێخەمێ بۆ خۆم بژیم**

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پێنج‌خشتەکی

ئـەی وەتـەن! دایم خـەریکی شـیوەن و گریـانتم
ئەی وەتەن! سـووتاوی زامـی دەردی بـێدەرمـانتم
گـەر خـوا بـۆم کـا بـە وەڵـلە گیـان‌فیـدای لاوانـتم
ئەی وەتـەن! شـێواوی حاڵـی قـەومی بـێسـامانتم
**دائیما سەودازەدەی دەسـتی خـەم و هیجـرانتم**
خۆم ئەزانم چەن کەسـاس و دڵبـرین و ڕەنجـەڕۆم
خۆم ئەزانم چۆن دوچاری زامی پڕ ئـێش و بەسـۆم
با بزانن یەک بە یەک ئەفغان و تورک و فارس و ڕۆم
کۆهـکەنـدی بێسـتوونی فیـــرقەتی شـیرینی تـۆم
**بۆیـە دایم بـێ تـەوەققوف، جـان بەلاگـەردانتم**
ئەی وەتەن! وەڵڵا لە بووکی یـەک شـەوە زێبـاتری
تـۆ لـە دووسـەد کیمیـا و زێـڕ و گەوهـەر چـاتری
بۆ خوماری کەلە بێشـک تـۆ لـە مـەی سـەهباتری
تـۆ بـە مومتـازی لـە فیردەوسـی بـەرین ئـەعلاتری
**بۆیــە وەک بولبــول هەمیشــە تـالبی گریـانتم**

www.rabari.org

ئەو کەسەی تەنیا و بە بێکەس ڕۆڵەڕۆی بێ هەر منم
خەمفرۆش و خەمکڕ و یا خەم بە کۆی بێ، هەر منم
گەر بەڕاستی بێ تـەواوی یـا درۆی بـێ، هـەر مـنم
گەر لە دنیا تاقـەتی ئـەحزانی تـۆی بـێ، هـەر مـنم
**وا موقیمم ئەی وەتەن، وەک شاخی هـەورامانتم**

گەر دەمیشـم هەڵـدروون، دڵ ناڵـە و ئـەفغان ئـەکا
چاو بەبێ فکری دەروون چۆن فێرە خۆی گریـان ئـەکا
دار و بەردی هۆدەکەم، هەر زیکری یا کـوردان ئـەکا
عیشقی میللەت وا لە دڵما هێـرش و جـەولان ئـەکا
**ئەی وەتەن! بۆ تۆ بفەوتێم قۆچەکـەی قوربـانتم**

من وەکوو ئەسکەندەرم کەوتوومە ناو گێژی مـەمات
ئەی ئەرستۆی خوێندەواران! غیرەتێ بۆ ڕێی نەجات
ئەی وەتەن! وەک بەعزێ کەس گوێنادەمە هاتونەهات
گەر لەگەڵ یادی ئەتۆدا سەرفی کەم موددەی حـەیات
**وا ئـەزانم مونسـی سـەد کەوسـەر و عـەدنانتم**

**قانعـا!** نـەزمت پەشـێوە، داخەکـەم فاییـەی چییـە؟
مـن ئـەزانم هـەوڵ و دادت بـێسـەمەر داری بییـە
هەرچی هاوارێ ئەکەی، لای بێتـەمیز هـەر فیفییـە
بـاوەڕت بـێ ئـەی وەتـەن! لافـم لـە ئەشـعارا نییـە
**شاعیرێکی گیانفیدای، ئاو و هـەوای نیشـتمانتم**

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## خەڵوەتخانە

لـە خەڵـوەتخانـەدا هـەرگیز خەیاڵـی دڵـڕوبا ناکـەم
بە ڕوتبەی خۆم ـ کە فەردی میحنەتم ـ کەس ئاشنا ناکەم
ڕسـوومی عیشـق نازانـێ چ هـەرزە و ڕەنـدە پەروانـە
لە دوورۆ ڕۆح ئەکەم پێشکەش، لە مەجلیس خودنوما ناکـەم
بـە فیکـری هـیچ و پـووچم وام تـەما بـوو دڵ بپـارێزم
لە چاوی تۆم کـەوێ دولبـەر، خەیاڵـی بـێبـەقا ناکـەم
هەتا جامەی کفن نەبڕی، کەوای عیززەت لەبـەر ناکـەی
ئەگـەرچی ڕەسمـی ئەییامـە، کراسـی بـێکـەوا ناکـەم
هەتا دەستی ئەجەل کۆمەک بەکارم بێ لە دەستی خەم
لە بۆ دەفعی بەلا و میحنەت، لە کۆمەک مەرحەبا ناکـەم
چ فـەرقێکی نییـە لای مـن، گـەدایی یـاخۆ پاشـایی!
کە هەر دوو هەر ئەمانەت بن، خەیاڵی تەختی شا ناکەم
چ خۆشە هەڵترووشکانێ، لە گۆشـەی شـاری خامۆشـان
کـە وابـوو، ئـارەزووی ژیـنی جیهـانی بـێبـەقا ناکـەم
خەیاڵـی حـوری وا شـاری دڵـی یـەکجارە داگـرتم
وەکوو بولبول منـەتباریی گـوڵ و سـروەی سـەبا ناکـەم
بە ڕەحمەت بێ، کە ئوستادم شەوێ بۆ تەربیەم فـەرمووی
ئەگەر مـن **قـانعم** نـاو بـێ، چ بـێئـەمری خـوا ناکـەم!

***

www.rabari.org

## به ئارامی

که تۆ مەئمووری کاکی خۆم به ئارام — مەڵێ من مەیلی خۆمە و پیاوی ئاغام
دەس ئاگرسێنی ئاهی ڕەعیەتی کـز — ئەسووتێنێ خەزێنە و ملـکی پاشـام
ئەوی تیری دوعای مەزلووم بپێکـێ — نەپێکراوە به تـیری ڕوسـتەمی سـام
لە شەستیری نزوولەی سەر سبەینێ — بترسە و قەت مەڵێ من پیاوێ ئازام!
ئەگەر چاکەت لەگەڵ بێتۆشەیێ کـرد — لە وەختێ تر مەڵێ من یـارۆ کـابرام
ئەگەر **قانع** به گوێی شیعرت نەکەم من — به دینم بێحەیا و مەهتووک و ڕیسوام

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## نابینا

ئەی لە کونهی زاتـی پاکـت کـوێر و نابینـا مـنم
وەی لە بازاڕی سیفاتت بـێسـەر و سـەودا مـنم
گـەر خواناسـیی وەهـا بـێ پێشـەواکان کردیـان
قوڕبەسەر خۆم، لەم زەمانە هەرزە و ڕیسـوا مـنم
هەرکەسێ بۆ خۆی تەریقی حەقشوناسی گرتە پێش
کەس‌نەناس و بەش‌بڕاو و سـەرکز و شـەیدا مـنم
(لـیس للأنســان إلا ماســعی) نەمگرتــە گــوێ
بۆیــە ئێســتە موســتەحەققی ئـاگری عوقبـا مـنم
ئاگری هەوڵم بەجۆش و هەڵمەتی حیرسم گران
دائیما غەرقی خەیالـی، پـووچ و بـێمـەعنا مـنم
واعیزێ گەر خێری خۆی وەعزم بدا من پێی ئەڵێم
ژاوەژاوت لابــە واعیــز! مفتیـــی و مــەلا مـــنم
موژدە بێ ئەی **قانعـا** ڕەحمـی خـودا بـۆ عاسـیە
جا، کە وابوو موستەحەقی ڕەحمەتی عولیـا مـنم

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

## خەم بە با نادەم

کە من خەمخۆری یارانم، یەقین قەت خەم بە با نادەم
وەکوو تووتی شەکر خۆرم، چ مەیلی خۆم بە کا نادەم
وەکوو جێ پێ، بەبێ بان و دەر و دیوارە کاشانەم
کەلاوە کۆنی وێرانەم بە قەسری پادشا نادەم
کە من ئوستادی سەرمەشقی وەفادارانی عالەم بم
دڵی خاوێن و بێکینەم، بە زوهدی پارسا نادەم
منی بولبول بناڵێنم لە کوردستاندا بۆ گوڵ
شەهادەی مەکتەبی عیشقم بە ئیمزای ئەورووپا نادەم
لە گۆشەی زاویەی خەمدا، بگریەم بۆ بەجێماویم
دوڕی فرمێسکی گریانم، بە لوولووی شەوچرا نادەم
دڵی خونچەی نەپشکووتم لە سینەی تەنگ با تەنگ بێ
هەناسەی عەتری ئەفکارم، بە سروەی بای سەبا نادەم
ئەلا ئەی عاشقی فلس و فیداکاری مەڕ و مێگەل
بزانە قەدری مەعنای خۆم، بە پارەی نارەوا نادەم
ئەوا پاراوی جەرگم کرد، بە یەکجاری لە خوێنی دڵ
شەرابی خوێنی خۆم **قانع** بە بیرەی بێبەها نادەم

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## داخی دڵ

نــەما ترســی زەمــانی زوو، ئیتــر داخــی دڵ ئــەڕژێنم
بە هێزی مەعریفــەت ئەمــڕۆ ســوپاهی جــەهل ئــەڕفێنم
بە سەربەستی ئەوی دەردی دڵــم بــوو، زاهــیر ئــەنوێنم
لەمــەولا خانــەقا نــاڕۆم، بــە مــەولا تۆبــە ئەشــکێنم
**حەقی ئەم کوردە بێچارە، لە چاودا بەستی ئەستێنم**

دڵم زۆر خۆشە ئەمڕۆکە، ئەخوێنم بــێ‌خــەم و بــێ‌هــەم
لە کووچە و شار و بازاڕا، لەسەر هەر چیمەن و هەر چەم
دەشەرتە ملقەوی بێ‌خێر! ئەبێ بنچینەکــەت دەرخــەم
هەموو فێڵ و قوماربازیت، ئــەبێ یەکســەر بــەیانی کــەم
**ئەگەر سەد دەفعە ماچی کەی قوڕی ژێر کەوش و داوێنم**

زەمــــانێکی فراوانــــە، ئەنۆشـــم شـــەربەتی تاڵــــی
دەروونم پــڕ لــە ئەشــعار و لــە ترســا دەفتــەرم خاڵــی
شوکور ئێستاکە کوکوومــە، بــە چەشــنی کــۆتری ماڵــی
کەوای پەستییو نەزانینم دڕی و یــەک دەفعــە دامماڵــی
**بــە لافــاوی خــەیالاتم، نــەمامی عــیلم ئــەڕوێنم**

خەم و دەردی زەمانی زوو، وەها چاکــە کــە بــەر بــادەم
لە سایەی عیلمەوە شانێکـ، لە شانی شـێخی عولیــا دەم
بەسەر چوو دەوری مەحکوومی لە بۆ حوڕڕی تــەقالادەم
لە پیری کۆن و پاشکەوتووی وەکوو خۆم، لازمــە لا دەم
**کوڕانی پێ‌گەیشتووی مەکتەبم ئەمڕۆکــە ئــەدوێنم**

کتێبخانەی ڕابیتاڵی
www.rabari.org

ده یاشێخ سەد ئەسەف بۆ تۆ، نەما شەوقی دڵی خۆشت
مەحاڵە تازە ڕامم کەی بە مەکر و حیلەیی بۆشت
بفامە قوڕبەسەر، چاوت هەڵێنە وا لە کوێ هۆشت؟
ئەگەر تۆ ئەهلی دینی! خوێنی عالەم بۆ ئەکەی نۆشت؟
**وەرە سەیری دڵی من کە، کە چەندە پاک و خاوێنم**

خەیاڵم وایە تا ئەو ڕۆژە ئەمرم حوڕڕ و سەربەس بم
بە ڕۆح دوژمن بە ئەخلاقی ڕەزیل و پیاوی ناکەس بم
دەسم ببڕن لەسەر نووسین، لەسەر حەق خۆشە بێدەس‌بم
لەسەر ئەم پارچە شیعرانە، ئەگەر گیراوی مەحبەس بم
**دەمێکە حازری دار و شەلاخ و ئەزیەت و جوێنم**

لە ڕۆژێکۆ لە دایک بووم، بە پاکی بووم و خوڵقاوم
بەڵام چی بکەم؟ بە زنجیری ئەسارەت بەند و خنکاوم
وەتەن! سوێنم بە کوێستانت، لە ڕووی دنیا هەتا ماوم
وەکوو ماسی بە سەربەستی، غەواسی گێژ و بن ئاوم
**لە بنکی بەحری فیکرا گەوهەری عەنتیکە دەردێنم**

لە هەر لا شۆری مەجنوونە، بزانە حوسنی لەیلایە
کە چون هەرکەس بە ئومێدی ویساڵی یارێ ڕیسوایە
دڵی من بۆ تورەقی کوردستانە شێت و شەیدایە
بە دەستێ چەپڵە لێدەم داخەکەم دەنگ و تەقەی نایە
**گەلێ کەس وا ئەزانن، خەو ئەبینم یان ئەڕاوێنم**

سەرم گەرمە و بە بانگی بەرز ئەڵێم، ئەی میللەتی هوشیار!
تەماشا کەن لە ئەوزاعی زەمانە و چەرخی چەپ‌کردار
مەڵێ باوکم وەها ژیاوە، منیش هەروا ئەکەم ڕەفتار
فلیمی سینەما چەرخە ئەگۆڕێ ڕۆژی سێسەد جار
**دەچی بکەم کەس بە گوێم ناکا، کە ئاغا نیم و مسکێنم**

***

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پێنجخشتەکی لە سەر شیعری موفتی پێنجوێنی

لە سایەی عیززەتی نەفسم لە پاشا مەرحەبا ناکەم
لە ئەربابی کەرەم دوورم، بە کەس خۆم ئاشنا ناکەم
کراسی چەرمی خۆم ئەدرِم، سوالی سەرکەوا ناکەم
**ئەگەرچی لەحزەیەک دەرد و خەم و قەهرم بە با نادەم**
**ئیلاهی زۆر شوکور، ئومێدی نانێ من لە شا ناکەم**

لە تۆزی ئاشەدا غەرقم، لە تەوقی سەر هەتا ئەژنۆم
نە ترسی ئەمری مافەوق و نە مەحکوومی بەراتی تۆم
بەڵام چەن خۆشە ئەو تۆزە، کە هەر خۆم ئامیرم بۆ خۆم
**لە سایەی زەحمەتی قاچ و سەر و شان و دەس و ئەستۆم**
**لە بۆ کەس چاو لەبەر نیم و خەیالی ڕێی ڕیا ناکەم**

براکەم فرسەتە ئەمڕۆ بڵێ بەو یاری دێرینم
لەسەر هەر دینێ من ئەمرم، ئەویش هەر بێتە سەردینم
کە چون شێرانەیە فیکر و خەیالی زیندەگی و ژینم
**لەبەر تالی زەمانە و شەربەتی ئەشعاری شیرینم**
**هەتا ئەم دوو تەعامەم بێ، خەیالی شەکر و چا ناکەم**

چ خۆشە، تا ژیانت بێ لە لای کەس کەچ نەکەی گەردن!
عەرەق بڕژێ لە ناو چاوت، لە ڕێگەی کاسبی کردن!
بە شەرتێ سەر بە سەربەستی، لە مەیدانا بەدەر بردن
**بە شالی خاکەکەم ڕازیم و ئەیپۆشم هەتا مردن**
**لە فاسۆن و گەبەردین تا ئەبەد سەڵتە و کەوا ناکەم**

لەبەر پەستی گەلی کوردە، کەوا ڕەنج و تەقالامە
لەسەر ئەم هۆزە چل ساڵە، بە تەنیا هەوڵ و داوامە
بە تالانی لە دەس دەرچوو، سەفای ئەم زێد و ماوامە
مەلایی و خوێندەواری، خوو و ڕەووشتی خۆم و باوامە
کەچی من ئارەزووی نان و ژیانی وەک مەلا ناکەم

لە داخ ئەم چەرخە کەچبازە هیلاک و سینە چاک چاکم
وەکوو تەیری هەڵۆ لێی دا، کز و خەڵتانی ناو خاکم
بە بێهۆشی ئەسووڕێمۆ، ئەڵێی سەرگێژی تریاکم
وەها غەرقی مەراقی پڕ جەخاری کاری ناپاکم
ئەگەر خۆم بم بە لوقمان سەد یەکێ دەردم دەوا ناکەم

دەشەرتە شەرتی مەردی بێ، لە دنیا تا حەیاتم بێ
نە هیوای سەرقەڵەمدانە و نە ئومێدی خەلاتم بێ
لەسەر ئەم حاڵەتی خۆمە، ئەگەر بێتو سوباتم بێ
بە ئومێدم بە سەربەستی لە حەشریشا نەجاتم بێ
لە دنیادا کە هیچ کەس تووشی ئازار و بەلا ناکەم

قەناعەت چاکە، وا چاکە بساچێنم بە شۆرباوێ
کەوای تاقەی منەت لابەم، لەبەر کەم شاڵ یا جاوێ
لە بۆ دانەی تەماعکاری، نەکەومە گێژی هیچ داوێ
ئەگەر شیعرێ بڵێم و نەشری کەم، هیچم لە کەس ناوێ
لە فیکرا پەیڕەوی مەرحوومی زاتی شێخ ڕەزا ناکەم

هەزاران ئافەرین مفتی! لە ڕەفتار و لە ئایینت
بەوەڵڵا حەیفە تۆ بمری و برات هەڵکاتە تەڵقینت
لەگەڵ توتنچی تێکەڵ کە، دە قانع شیعری ڕەنگینت
ئەگەر مفتی یەکێ پەیدا نەکەی هاودەرد و هاودینت
بڵێ تا هەم شکاتی گەردشی چەرخی لە لا ناکەم

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ڕوو لە مەهوەشان نەک سادەڕوخان

گەر نەڵـێن دێوانەیـە یـەک شۆڕشـێ بـەرپا ئەکـەم
حوکمی چەرخی کەچمەدار و گونبەدی خـەزرا ئەکـەم
ئارەزووی وەسفی قەدی، قەدعەرعەری زێبـا ئەکـەم
حەز لە لە پێچی لارەپێچـی فاتـە و سـەلما ئەکـەم
**حەز لە لەنجە و وردە ڕەوتی ئامینە و عوزرا ئەکەم**
هەر کەسێ ئەربابی عیشقە خـۆی لـە سـادە لائـەدا
من کە مفتی عیلمی عیشقم، دوێنـێ فتـوام وا ئـەدا
ڕەئفەتی شیرین بە شـێرۆ، زەحمـەتی کیسـرا ئـەدا
گـەنجی بـاداوەر لـە گێـژی بـەحرەدا بـەربا ئـەدا
**عاشـقانە حـەز لـە نـاز و نازشـی تووبـا ئەکـەم**
لابە گودلە، ئیش لە پەرچەم، بێ زرەی پۆیلە و بلوور
شەق لە لێوی بێخەزێم و کولمی بێسووراوی سوور
قۆڵ بەبێ خرخاڵ و زێڕ و سینە بـێ ملـوێنکی مـوور
نامـەوێ بـۆرە زەلامـێ وەک سـەپانی شـارەزوور
**مەیلی گوارە و پلپلەی بانی سەری مینـا ئەکـەم**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پەلکە شۆڕم دەسکەوێ، چیمە لەسەر بێ پرژوباڵ؟
سەد کەڕەت خوا بیبڕێ، ڕوومەت بەبێ سپیاو و خاڵ
عیشقی سادە ساردە بێشک هەر وەکوو ئاشی بەتاڵ
هەر زڕەی لەرزانەیە، دەروێش ئەخاتە بەزمی حاڵ
**ئیشتیهای خەمزە و نەزاکەت، ئای‌وئۆف و لا ئەکەم**

کوڕ کە ڕووت‌وقووتە ئەسڵەن، هیچ مەزە و تامی نییە
بێ قەتار و گوار، چەناخ و سلسلە شەوقی چییە؟
داری لیمۆ هەر کچە، بێمەمکە کوڕ داری بییە!
بۆ یەکێ لێی تێ بگا لەم شیعرە، وەسفی کافییە
**حەز لە زیڕەی سەرسەرینی، ڕابعەی ئاغا ئەکەم**

وەرنە سەر سەیری نەزاکەت یارەکەی جیلوەفرۆش
تازەبووکی بانەیی، یاخۆ لە شێخی کۆنەپۆش
گەر بە نازۆ چاوی دەرخا، خانمی دڵ پڕ خرۆش
شێخ بە ڕیش و مێزەرۆ سمتی چلۆن نانێتە کۆش؟
**ئەهلی وەرعم، لێک سەیری، وەلوەلەی دنیا ئەکەم**

بۆیە خۆشە خەڵوەتی، تەنیا زڕەی لەرزانە بێ
کچ وەکوو شەمعی منەوەر، کوڕ وەکوو پەروانە بێ
گەهـ لە بەزمی بۆسەبازی، گەهـ مەیی پەیمانە بێ
خەڵوەتێکی چۆڵ و خاڵی، وەک عیبادەتخانە بێ
**قانعم ئەمڕۆ خەیاڵی دولبەری فەردا ئەکەم**

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## یاری دڵڕوبا

دڵم زنجیر ئەکەم ئەمما، لە یـاری دڵڕوبـا چـی بکـەم؟
ڕەگم وشکە وەکوو پووشە، لە قووەی کارەبا چی بکـەم؟
کە من پێم پڕ لە خاری میحنەتە هەرتاکوو بـەر ئـەژنۆم
قەدەم ئەنداز ئەکەم بۆ لات، لەگەڵ کەوشی وەسا چی‌بکەم؟
لە ڕۆژ بێزارم و مەحرەم بە من هـەر تـاریکی شـەو بـوو
کە سێبەر هەر ڕەقیبم بێ، لە ڕۆژی ئاشکرا چـی بکـەم؟
سـواری ڕەوڕەوەی مـەرگم، ئـەچم بـۆ بـەزمگاهی گـۆڕ
ئولاخی عاریـەم نـاوێ، لـە مەیـدانی فـەنا چـی بکـەم؟
دەمێ کـوژراوی ئـەبرۆتم، دەمـێ خنکـاوی ئەگریجـەت
ئەبێ تاوێ خەمێکم بێ، لە یـاری بـێ‌بـەقا چـی بکـەم؟
بـە ئـاوی تێغـی ئـەبرۆت، شـۆریا جـەور و گوناحـانم
لە ڕێوە جەننەتە جێگەم، لە دیـوانی جـەزا چـی بکـەم؟
خەیاڵم بوو لەسەر ئەمری بـرام تـەرکی مەعاسـی کـەم
ئـەبینم خـۆی ڕیابـازە! لـە تاعـاتی ڕیـا چـی بکـەم؟

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabarr.org

## خاكى وەتەن

ئەی خاكی وەتەن! قورِبەسەر و بێسەر و پا خۆم

بۆ بێهونەری ئەهلی وەتەن، شـێتی جـەفا خـۆم

جێماوە وەتـەن، بـۆ وەتـەنم غـەرقی فـەنا خـۆم

پەستر لە هەموو هاوسـەر و هاومـاڵ و بـرا خـۆم

**دورکەوتە و ئاوارە لە هەر سەیر و سـەفا خـۆم**

ئەی خاكی وەتەن! بۆچی نەما غیرەتـی شـێران؟

ئەی خاكی وەتەن! بۆچی نـەما بـەزمی دلێـران؟

کوا سەڵتەنەتی عێلی بەبە و شـاکەل و شـیروان؟

بۆ مەسـلەخی پـڕ خـوێنی ئەسـیران و هـەژاران

**دەک لاڵ و کەڕ و کوێر و کز و شێخ و مەلا خۆم!**

ئەی کاغـەزی تـەرفیعی وەتـەن! بـۆچی دڕاوی؟

ئەی ڕەونـەقی بـازاڕی وەتـەن بـۆچی نـەماوی؟

ئەی خەنجەری شێرانی وەتەن! بۆچی شـکاوی؟

ئەی خاكی وەتەن! چونکە وەها خەستە کـراوی!

**گەر شینت نەکەم، ڕووڕەشی دیوانی جەزا خـۆم**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بـۆ سـەرکزیی ئـەم هـۆزە دڵ و جـەرگ بڕینـە
بۆ شینی وەتـەن چـاوی خـیرەد پـڕ لـە گرینـە
بـێشـێریە ئەمـڕۆ کـە وەهـا بێشـە حەزینـە
نـووری بەسـەری ئـەهلی هونـەر تانـەیی شـینە
**بێ ئالەت و شمشێر، لە مەیـدانی وەغـا خـۆم**
ئەی خاکی وەتەن! بۆچی وەها کوێرە وەجاخت؟
پەژموردە وو بێڕەنگە، هەموو چیمـەن و باخـت؟
پڕ لە ستەم و جەورە یەقین، دەربەن و شـاخت؟
ئەی خاکی وەتەن! وێردی شەو و ڕۆژە لە داخت:
**بۆ بێکەسیی ئەم خاکە، دەسا بەندی بەلا خۆم**
**قـانع**! وەرە ئـەمجارە، دە غـەوغایێ بـە پـا کـە
بۆ خاکی وەتەن فەرزە بـە دڵ ڕۆح بـە فیـدا کـە
پیراهــەنی بــەدناوی، بــە نامووســی کـەوا کــە
سەف بگرە بە کـوردان و لـە چۆپیـوە سـەما کـە
**ئەو وەختە بڵێ خاوەنی هەر بەزم و هەرا خۆم**

***

www.rabari.org

## كرووزانەوە

خوا كەی بێ كەوای تازە لەبەر كـەم؟
وەیا پارەم ببـێ عـەزمی سـەفەر كـەم
خوایـا تـۆ كـە قازانجـت نـەدا پـێم
بە ناحەق بـۆ ئـەبێ دایم زەرەر كـەم؟
خوایە! من ئەبێ تا كـەی بـە زیللـەت
تەماشای دەستی ئەتراك و قەجەر كەم
خـوا پـارەی لـە بـۆ پیـاوی ڕەزیلـە
كە من ئازام ئەبێ هەر قوڕ بەسەر كەم
بــرا تــازە تەمامــە بم بــە یــارۆ
هــەتا گیرفانــەكانم پـڕ لـە زەڕ كـەم
لە كوردم قەت نەدی ئەنساف و بەخشش
لەمەولاوە ئەبێ خزمـەت تەتـەر كـەم
هەموو ڕۆژێ جـەزام سـفری مەعاشـە
لە ڕێی ئیشا ئەگەر خوێنم هەدەر كەم
سـەعاتێك چـاوش و تاوێـك مـەعاون
گەهێ‌چێوكێش و خۆم هاومل بەكەر كەم
گەهێ نەوبەت نـەهار و گاهـێ لـەیلی
گەهێ سفتە بەهەر ئـەدنا نەفـەر كـەم
كە من كوڕ ئادەمم جەننەت بە جۆیـێ
لە داخ **قانع** ئەبێ مەیلی سـەقەر كـەم

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## مێژووی کۆچی ئەحمەد موختار جاف

وەرن یاران تەماشا کەن، لە چاوی پڕ لە گریانم
چلۆن قرچەی دەروونم دێ، چلۆنە جەرگی بوریانم
لە باتی من بلێن بولبول نەخوێنێ قەت بە مل گولدا
کە چۆن تازە لە دەس دەرچوو، ئەساسی کەیفوسەیرانم
فەلەک ڕەحمی ئەگەر ماوە، دەسا با خوێن ببارێنێ
مەلەک ناموسی خۆی دەرخا، هەموو بێن بۆ عەزاخوانم
ئەترسم گەر بڵێم شێرم نەماوە، کەس نەکا باوەڕ
ئەگەرچی شاهیدە بۆ من خرۆشی بێشەڵستانم
ئەیا زومرەی ئەسیری خەم! ئەوا خەم هات بەسەر خەمدا
وەرن با قوڕ بەسەردا کەین، لە بۆ ئەحواڵی کوردانم
ئەگەر دیققەت لە حاڵم کەی، ئەزانی زەربەیەکی قورس
زهوری کرد، لەسەر خۆم و ڕەفیقی ئەهلی نیشتمانم
وەتەن ئەمڕۆ بە گریانۆ، لە بۆ تەئریخی وای فەرموو
شکا ئەژنۆم، دڕا جەرگم، نەماوە نووری چاوانم[1]

***

---

١. ئەم نیو دێڕە بە ڕێنووسی کۆن بنووسرێت، دەکاتە ساڵی کۆچی دوایی ئەحمەد موختار جاف.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

# تەرکی ڕۆح و سەر[١]

تا حەیاتم بێ لە دڵما، شەرتە میهرت دەر نەکەم
**ڕۆژپەرستم، تا بمێنم سوجدە بۆ ئەختەر نەکەم**
شەرت و عەهدە مەیلی گەرمت قەت لەلام ساردۆ نەبێ
**تا سەرم نەدروونە جاو و زیارەتی مەحشەر نەکەم**
وشکە سۆفی ڕیش بڕاوە، واعیزی سەر مینبەرم
**چۆن لە داخی غەیری ئەبرۆت تەرکی هەر مینبەر نەکەم؟**
گەر وەکوو مەجنوون لە کێوی نەجدەدا خۆم داگرم
**شەمشەکوێرەم کە ڕوو بۆ شەمسەکەی خاوەر نەکەم**
گەر لە لێوی لەعلی ئاڵت قەترەیێکم دەسکەوێ
**ڕووڕەشم گەر تەرکی ئاوی زەمزەم و کەوسەر نەکەم**
نووکی موژگانی لە خەنجەر تیژترە بۆ قەتڵی من
**چۆن بە جارێ تف لە شیر و خەنجەر و نەشتەر نەکەم؟**
عەرزی یارم کرد کە بۆچ پەرچەم لەسەر ڕوخسارتە
**پێی وتم بەزمە! لەسەر چی عوود لەسەر مجمەر نەکەم؟**
هەر شەوێ دولبەر بەنازۆ ڕوو بکاتە مەنزڵم
**ڕەببی لاڵ بم گەر لە ڕێیا تەرکی ڕۆح و سەر نەکەم!**
یار بە ئیستیهزازەوە فەرمووی **قانعا** ماوی شوکور!
**لافی میهری تۆ درۆیە، من ئەبێ باوەڕ نەکەم!**

***

---

١. ئەم شیعرە قانع و ئەحمەد موختار جاف بە یەکەوە دایانناوە، نیوەی یەکەمەکان هی قانعە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## نەکەم چی بکەم؟

که من بۆم دەس‌نەدا ڕەندی دەسا تەقوا نەکەم چی‌بکـەم؟
ئەسیری زولفی تاتاتم، که واوەیـلا نەکـەم چـی بکـەم؟
له کونجی سۆمعەی زوهـدم، هـەزاران شـێخ شـاگردمه
له شێخ بەدتر هەموو سەرفی قەدی تەرسا نەکەم چی‌بکەم؟
ئەڵێن مەجنوونێ زوو شەیدا بە باڵای سەولی لـەیلا بـوو
منی شەیدا فیدای باڵات، ئەگەر لەیلا نەکەم چی بکـەم؟
نـه مـەحویم تـا کـه مـەحوۆ بم، نـه نـالیم تـا بناڵـێنم
به شۆری شیعری شیرینم، فەلەک شەیدا نەکەم چی بکەم؟
له ئەوسافی سـەلاحەددین قەڵـەم مانـدوو بـووه ئـەمجا
ئەگەر وەسفی خەرافاتی کوڕی کیسرا نەکەم چی بکەم؟
خەیاڵم وایـه بـیری دڵ، لـه عـوودی سـینەما دەرخـەم
لەبۆ ئەم هۆزه جێماوه، دەنگێ بەرپا نەکەم چی بکـەم؟
له گۆشەی باخی کوردستان هەزار **قانع** بـه بولبـول بـوو
له باتی باخەوان ئەمڕۆ، که خۆم ڕیسوا نەکەم چی بکەم؟

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## من و یار

ئەلا ئەی مەستی عاشق‌کوژ، مەکە مەنعی دڵی زارم
ڕەقیبی بەخت بەرگەشتە، هەمیشە وا لە پێوارم
منم مەحبووسی زنجیرت وەکوو یۆسف لە میسری عیشق
لەبەر غەمزەی کەمان‌ئەبرۆ، وەکوو ئەییووبی بیمارم
کە دیم گوڵزاری گۆنای ئەو، وتم بەخ‌بەخ چ باخێکە!
وەکوو بولبول لەسەر گوڵدا، وەها زار و بریندارم
بە گۆشەی چاوی مەخموورت، شکا قفڵی قەراری من
تەواو دەرچوو لە دەست عەقڵم، کە وێڵی دەشت و کۆسارم
بەحەمدیللا کە خوێنی دڵ، ڕەنگی دا ناخوونی دولبەر
ئەڵێن پەنجەی حەنارەنگە، نەزەر کە، جەرگی بیمارم
بە ئیستیهزا وتی مەحبووبی من یاری غەزەلبازە
ڕەقیب سا دەی بناڵێنە، لەبەر لێشاوی ئەشعارم
لە تەبعی سست و فیکری کول، ئەبێت چۆن شیعری خۆش‌دەربێ؟
لە قانع قەت نەدەی تەعنە، بزانە کۆنە عەییارم


***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## دەروون تاریکەکان

بە مازۆر گیان‌فیدای پارەم، بە عەقڵم یەک لـە حاجیـانم
سـەلەم دادانی نـاو لادێم، دەلیلـە خەڵـکی شارسـانم
کەشـیـدەم داوە، سـیواکم وەکـوو دانـەی فەقیرانــە
خڕەی تەزبێحەکەم دیارە، کـە مـن شـاگردی شـەیتانم
بە فـێڵ و دەس بڕینیشـم، نزیکـە بمبـە حـاجی شـێخ
وەرە بنوارە، سەیرم کە! کە چەنـدە شـێخی ڕیش‌پـانم
دڵـم زۆر لـێ ئـەدا ئەمـڕۆ، بـڕۆم گاجووتـێ بـڕفێنم
سەگێ بکوژم، کەرێ بـدزم، کـەوا بـوو مـن لـە ئاغـانم!
ئەگەر بێ ڕەنجبەرێکم بێ، ئـەبێ نـاوی بنـێم سـەگباب
کە چۆن خۆم بـاپیر ئاغـام و کـوڕی خـانی قـولی‌خـانم
تەماشای تای ترازوو کەم، دڵم زۆر خۆش ئـەبێ کـوردە
بـە حۆقـەی ئەسـتەموڵ چشـتێ بکێشـم بـۆ براکـانم
بە گەز شا بیکرم چاکە، بە گەز شـام و حەڵـەب بیـدەم
ئەمـەم زۆر چاکــە بـۆ ڕۆژی حیسـابی دیـن و ئیمـانم
کە بێتە باری دەم‌بـازی و قسـەی زل‌زل لـە مەجلیسـدا
وەکـوو قـانع بـە قوربـانی، شـوانی هـۆزی کـوردانم

***



هەتا ماوم ئەبێ بۆ عیززەتی ئەم خاکە دەعوا کەم
خەڵاتی دوژمن و خەرقەی خیانەت قەت لەبەر ناکەم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## تەناسب جەلب ئەکا ئەبرۆ

بە غەیرەز تۆ ئەگەر مەیل و مەرامی دڵ بــە دولبــەر دەم
ڕەبی دڵ تووشی زەخمێ بێ، کە هەر بەر نووکی نەشتەردەم
هەتا دەستی ئەجەل کۆمەک بە کارم بێ لە دەفعی خەم
ئەگەر سەر بەرمە بەر قەیسەر، سەرم بەر شیپی خەنجەر دەم
هەتا گوڵ‌گوڵ ببێ کفنم، بە زووخی جەرگ و خـوێنی دڵ
لە زەمزەم جێم بوێ گیانا، چلۆن مەیلم بە کەوسەر دەم؟
نەسیمی سوبح ئەگەر دوودی هەناسەی فیرقەتت بێنــێ
دەماخم وشکە وەک واعیز، ئەگەر لووتم لە شەسپەڕ دەم
گــەلێ مــەمنوونی بــەختم بــووم بــە لاری هاتــە دنیــاوە
تەناسب جەلب‌ئەکا ئەبرۆ، چلۆن قەت سەر لە مینبەر دەم
سەرم دانا بــە بــەردی ئاســتانەت پێــی گــوتم ورد ـ ورد
خوا هەڵناگرێ دیزەی گەڕا و بەر دەنگــی گەوهــەر دەم
وەها مەســتی خــەمم **قــانع** لەســەرخۆ چوونــە ئــەوزاعم
مەگەر ڕۆژی قیامەت دەفعەیی یادێ بــە مەحشــەر دەم

***

www.rabari.org

## هەمە زمانکارە

آمد صبا در صبحدم، شەق‌شەقِ دریدە کرد غەم[1]
آورد بوی آن صنم، (بُشری لکم یا ذوالقلم)
ئەڕای چە لەیلی خوەی نەبوو؟ بەرشی جەتەن ئەروام بەزوو
چەبکەم؟ ئەیژم هەی باوکەڕوو، ز داغ آن نازك‌قدم
گێل‌گێل بنم چوخ تاسەمە، بە خولای چ کارم ڕاسەمە
گاڵە بەغەل گیچ کاسەمە، فریاد زان ماهی حرم
چەپەڵ کەلەورە دەرپەڕی، یاوابنو دەرەو مەڕی
چون‌خەر بە وێنجەی تەڕ زەڕی، فیشاندوم کردەی عەلەم
بزێرزۆ، بزڕزوێن، بزۆ مزاڵی کاکە شێخ
واتم پەنەت، گێرە چەنەم، (فبعت روحی بالکرم)
بۆ خەت پەری دالکت قەمەر، گل گونەرەنگ، ئاهو سیەر
سمیت قلبک حجر، گۆناتە ساوی گوڵ بەدەم
کەنی وە قورحانی مەلا، کەفتم لە داخت لاوەلا
گیرۆم بەرەو شای کەربەلا، تامی برانت در عدم
بووشە وە یار نازەنین، ئەڕای چە ناکەتا گرین
ئەز قیل و چاقم پڕ گرین، کرتوپە باری بو درەم
دەوار سەواریکی مەزن، وەک **قانعی** دڵ پڕ گەزن
کناچە و باخی وەرخەزن، ڕمای ڕمۆ ئەز داغ و هەم

***

١. ئەم شیعرە لە چەن زبان و زاراوەی جۆراوجۆر پێکهاتووە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## خەیاڵم وایە

خەیاڵــم وایــە زوڕنایــەک لەســەر شــاخ و چیــا لێــدەم
قۆڵی بێعـاری هەڵماڵـم، لـە بـەزمی بـێحـەیا لێـدەم
لە کەللەم تەم ئەکا دوودی هەناسەی سەد وەکـوو فـەرهاد
بـە یـادی شۆڕشـی شـیرین، قوڵـنگی بـێبـەها لێـدەم
کەمن ئوسـتادی مـەجنوونم لـە عیلمـی شـێتیا ئـەمجا
لـە کێـوی نەجـدەدا خۆشـە، کـە لافی بارەگـا لێـدەم
سەبا مژدەی بەمن دا، من بە گوڵ، گوڵ بردی بۆ بولبول
دەبـا عـوودی موبـارەکبـادی بـۆ بـادی سـەبا لێـدەم
چ دەستێ بـوو خـوا ئەمـڕۆ گرێـی بەدبـەختی لابـردم؟
بـە بەسـتە چەپڵـەڕێزانی یـەدی بـەیزا دەبـا لێـدەم
بە ڕەحمەت بێ دەهۆڵکوت[1]، وەسیەتێ چاکی بۆ کردم
وتی: بـا بـەزمی هەڵـپەڕکێ، بـە یـادی کیبریـا لێـدەم
منیش وەک **قانعی** ئەمڕۆ، لـە گـردی مامـەیارەی خـۆم
ئەبێ زوڕنـایی خۆشـبەختی بـە شـەوقی پادشـا لێـدەم

***

---

١. لە نوسخەیەکی دەسخەتیدا بەمجۆرە نووسراوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

## جەرگی بڕاوم

سەیری کە، چ سەیریێکە! کـزەی جـەرگی بـڕاوم
بڕوانە چلۆن کەیلـە، لـە خـوێن پـەردەیی چـاوم
زامــداری خــەم و میحنــەتی ئەییامــە هــەناوم
ســەمتوورە بــرا دەنگــی دڵــی پــڕ لــە زوخــاوم
**پەروانەســیفەت عاشــقی ئــەنواری چــرا خــۆم**
**دێوانەسیفەت ڕوو لـە کـەژ و شـاخ و چیـا خـۆم**

تاوێ وەکوو فەرهاد و دەمێ هەر وەکوو مـەجنوون
گەهـ ڕەندی خەرابات و گەهێ چەشنی فەلاتوون
گەهـ حاتەمی دەوران و گەهێ سوالکەری مەمنوون
گەهـ لاڵی بەبێ زمان و گەهێ شاعیری مەوزوون
**تـەنیا و بـەبێ یـاوەر و بـێ پشـت و پـەنا خـۆم**
**بێجەوهەر و بێقیمەت و پڕجورم و خـەتا خـۆم**

نەمدی بە حەقیقـەت یـەکێ ئـەربابی وەفـا بـێ
یاخود بـە سـەداقەت کەمـەکێ پیـاوی خـوا بـێ
بۆ شەخسی نـەبێ، نـەفعی عمـوومی لـە دڵا بـێ
بۆ بێکەس و بێدەست، وەکـوو بـاوک و بـرا بـێ
**هەر من لە خەما، دەربەدەر و بێ سەر و پا خـۆم**
**زنجیر لە مـل و بەسـتەیی نـاو داوی بـەلا خـۆم**

ئەم عالەمـە بـۆچ وا لـە حـەنای یەکـدی خـراپن
بـۆ دوژمــنی بــێدەســت و فیــداکاری جــەنابن
عاشــق بــە مــەی و زەمزەمــە و عــود ڕوبــابن
دەرهــەق بــە فــەقیرانی وەتــەن پــڕ لــە عیتــابن
**سەدجارە ئەڵێم قوڕبەسەر و پەست و گەدا خـۆم**
**وەک قـانعی بەدبـەخت، برینـداری جـەفا خـۆم**

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بۆ جەنابی[1]

ئەگەر خوێنم بڕێژن شەو لەسەر جێم
زمانم دەربکێشن تاکوو بەرپێم

بەدەست دەستاڕی نانی دوژمنم کەم
لە حەپسی زاڵمی ئەم دەورە بڕزێم

بە زستانا لە ناو بەفر و سەهۆڵا
فەلاقە و ئەزیەت و دارکاری بکرێم

بە هاوینا بەبێ ئاو و بەبێ نان
بە کوێری بمخەنە سەحرایەکی دێم

بە دەرزی کێوی گوێژەم پێ بکێڵن
ئەوەی هاتۆتە سەرزارم هەر ئەیڵێم

لەوەم پێ چاکترە بچمە ولاتێ
کەکەس نەمناسێ خۆم کێم و کوڕی کێم

ئەگەر **قانع** لە لای ... بەهەشت بێ
خەجاڵەت بم، ئەگەر جارێکی‌تر بێم

***

---

١. وەڵامی زاتێکی گەورە دەداتەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

## وەسیەتی دایک بۆ کچ

کچم! ڕۆڵەی کزۆڵـەی بـەردەباریم! چرای ڕووناکی بێدەستی و هەژاریم!
کچم! پارچەی نـەژاکاوی زەمانـەم! نەتیجەی ئیهتیمامی خوێنـدەواریم!
وەرە، گوێ ڕاگرە بۆ پەنـدی دایکـت فەرەحبەخشی، دەروونی بێقەراریم!
کچم هۆشی حەیا و ناموسی خۆت بێ نەکەی کارێ زیاد کەی دەردی کاریم
نەخۆی هەرگیز فریوی سـادەڕوویان نەبیتـە هـۆی زیـادی شـین و زاریم
کچم، هوشیاری خۆت بە تاکوو مـردن وەکوو من بـە، زرنگـی و هوشـیاریم
کچم، وەڵلا هەمووی داخـی کچانـە نەخۆشین و کـزی و بـێئیختیـاریم
نەتـەنها وەسـیەتم بـۆ تۆیـە ڕۆڵـە فیــداکاری کچــانی کــوردەواریم

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ئاهـ و ناڵەی دەروون

ئەی‌خوا چی‌بکەم لە داخی بەختی ناهەمواری خـۆم؟
وا سەرم شـێواوە ڕێگـا نابەمـە سـەر کـاری خـۆم
دڵ چلۆن نەپسێ لە داخی دەستی ناعەدلی زەمان
نایەڵێ دەستێ ببەم بـۆ مەرهـەم و تیمـاری خـۆم
قەت لە ئێش و جەوری دوژمن، ئاخوداخێکم نەبوو
من ئەناڵێنم لە دەستی جەوری هاودڵـداری خـۆم
هەر نەزانێ تۆ ئـەبینی، خـاوەنی شـەئنێکی بـەرز
من لە دەس زانینە پەستم، تف لە هەر هوشیاری خۆم

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabati.org

# تۆڵە سەندن

به سه‌رما ڕامه‌بووره کاکی زاڵم! له ده‌ستی زوڵمی تۆ، وێرانه ماڵم
به شه‌و ئێشکچی ماڵی خان و ئاغام به ڕۆژ کۆلکێشی پووش و دڕکوداڵم
ئه‌گه‌ر ڕاکه‌م له بۆ ملکی یه‌کێ‌تر له‌وێشدا قوڕبه‌سه‌ر هه‌ر عه‌ینی حاڵم
له ده‌س قانوونی پیسی میر و ئاغا له هه‌ر لا بم، به ده‌س زوڵمۆ ئه‌ناڵم
ده زاڵم نۆره‌مه، خۆت ڕاگره بۆم بچێژه شه‌ربه‌تی گورز و گۆپاڵم
به ته‌نیا چاو له قونجانێک بزانه ئه‌سێنم حه‌قی زوڵمی چه‌ند ساڵم
حه‌قی جووتیار و پاڵه و ڕه‌نجبه‌رانم حه‌قی چه‌وسانه‌وه‌ی خۆم و مناڵم
به‌زه‌بری کوتکی کاوه مێشکی ئه‌پژێ قه‌واره‌ی پووچه‌ڵی زوحاکی زاڵم
چ خۆشه بێته دی ئامانجی به‌رزم! ئیتر کۆشک و ته‌لاری میر نه‌ماڵم
چ خۆشه هێزی ڕه‌نجبه‌ر ڕابماڵێ قه‌لا و زیندانی ئاغای به‌دفه‌ساڵم!
چ خۆشه من بڵێم: ئاغا چ کاره‌ی؟ بڵێ ئه‌مڕۆ له گومرکدا حه‌ماڵم!!
چ خۆشه میر به عینوانی کرێکار بڵێ: ئیشت نییه‌؟ ئه‌مڕۆ به‌تاڵم!
چ خۆشه **قانعا** بێ‌خۆف و ئه‌ندیش بڵێیت زاڵم له کوێیه، من زه‌واڵم

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بادەنۆشی

که دولبەر بادەنۆشی کا، ئەبێ مـن خزمـەتی مێـو کـەم
به شەو ئاودێری باخات و به ڕۆژ دەفعی چڵوچێـو کـەم
ئەوەندە یاس و بێزارم لە چەرخ و ئـەهلی ئـەم چەرخـە
ئەبێ تەقلیدی مەجنوون و، خەیاڵی ژینی سەر کێو کەم
چ ڕۆژێکــە خــوا ئەمــڕۆ کــە هــاواری برینــداریم
نەوێرم بانگی بۆ هەڵدەم، بـە بۆڵەبۆڵـی ژێـر لێـو کـەم؟
موقەددەر باڵی توند بەستم، دەری کـردم لـە نـاو یـاران
مەگەر ئەمجا بـە ناچـاری ڕەفیقـی جنیـی و دێـو کـەم
کە باخی ئـارەزووم ئەمـڕۆ نـەبێ زاهیـد لـە مەحشـەردا
ئیتر بۆچ ئارەزووی باخی هەنار و قەیسـیی و سـێو کـەم
خەیاڵـم وابـوو گۆچـانی نەسـیحەت هەڵـگرم بـۆ ڕان
وەکوو موسا لە دەشتی ئەقدەسا، شوانانە هەر عێـو کـەم
شـوعەیبێکم نـەدی شـەرتی شـوانیم بـۆ بـەجێ بێنـێ
ئیتر بۆ خزمەتی ڕانی، بەبێ سـوود و بـەبێ خێـو کـەم؟
چ خۆشە **قانعی** ئەمـڕۆ، لـە دەشـتی وەحـدەتا وەک تـۆ
بە هیوای جەژنی سەربەستی، لە خوێنی جەرگ پارشێو کەم

***

www.rabari.org

## شێرەزای کوردم

هەموو کەس شارەزای من بێ، کە شێر و شێرەزای کـوردم
بـە دایم گـوێ بـەراوازی، دەلیـل و ڕەهنومـای کـوردم
خوا نەیکا ئەگەر دەردێ زهـووری کـرد لـە کوردسـتان
وەکوو قـۆچی خەلیلولـلا، بـە قوربـان و فیـدای کـوردم
فیدایی من لە بۆ کـوردان، خسووسـیی قـەت نـەبینراوە
بچووکی بەگلەر و شێخ و مەلا و شاهـ و گـەدای کـوردم
ئەجـەل دەسـتی مـن و داوێـنی تـۆ فریاکـەوە زوو بـێ
بە خۆم و ڕۆحمـۆ حـازر، لـە بـۆ ڕەددی بـەلای کـوردم
چ باخێ پڕ لـە گـوڵ، هـەرگیز نـەبینراوە بـەبێ بولبـول
منی سەودازەدەش وەک بولبولی شاخ و چیـای کـوردم
لە خزمەت با بەجێ مابم، بە تەیرێ هەر ئـەبم مـەعلووم
کەوابوو هودهـودی شـەهری سلێمانی سـەبای کـوردم
لـە سـووتانا چ بـێباکم، کـە چـون پـاش مـردنم **قـانع**
لە چاوی ئـەهلی دانشـدا، وەکـوو ڕۆح تووتیـای کـوردم

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## دوچارم

برا! وەڵڵا بە دەردێ وا دوچارم / بەبێ ئارام و سەبر و بێقەرارم
ئەگەر گریام لەبەر بێهۆشی کوردان / مەکەن مەنعم کە چۆن بێئیختیارم
تەماشای خۆم ئەکەم یەکجار هەتیوم / لە شەرق و غەربەدا بێ خەمگوسارم
بە ئەحواڵت قەسەم، ئەی کوردی سەرشێت / منیش وەک تۆ، بەبێ بادە خومارم
چلۆن نەگریم بە چاوی خۆم ئەبینم / کە بەدگۆ دێتە سەیری جۆیبارم؟
هەزاران ئینقلابم هات بە سەردا / کەچی من هەر خەواڵوو و بەردەبارم
مەڵێن قانع نەزان و زۆربڵێیە / لە قەبریشدا بەوەڵڵا ئینتیزارم

***

www.rabari.org

## دڵی خەم

دڵ کە خاڵی بێ لە خەم، مـن ئـەو دڵـە وێـران ئەکـەم
کەللەیێ گەر تـەم نـەکا، ئـەو کەللـە بـەردباران ئەکـەم
ڕوو بە ئەشکی خوێن نەنەخشێ، سیمی سادەم بـۆ چییـە؟
جەرگ ئەگەر داخی نەبێ، ئەو جەرگمـە بوریـان ئەکـەم
ئەشکی چاوم، ڕەنگ و ڕووی شـۆریمەوە و بـردی تـەواو
ڕووی سپیم فرمێسکە، بۆیـە مـن وەهـا گریـان ئەکـەم
قـەت لـە پیریمـۆ مەزانـە، مننەتـە گـەردن کـەچیم
بۆ تەشەککور ڕەمزی ئـەبرۆت، قامـەتم گۆچـان ئەکـەم
خۆشە تەرکی چاکوبەد، یاری لەگەڵ هیچکەس نەکـەی
تەرکی گوڵ بۆ تەرکی خاری سەرزەدەی دامـان ئەکـەم
قۆچی ئەمڕۆ بـۆ سـواری مەحشـەرە و حیفـزی وجـوود
مـن لـە دیـوانی جـەزادا، ڕۆح و دڵ قوربـان ئەکـەم
زوڵفی ئەو نـازداری خۆمـە ڕێ نـەدەن بێتـە بەهەشـت
شەرتە **قانع** تەرکی دووسەد کەوسـەر و ڕیـزوان ئەکـەم

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## خەراباتی

شەوێ پیری خـەراباتی، ئیشـارەی جـامی مـەی کـردم
تەماشا کە! لە ئەم لوتفە، حەواڵەی تەختی کـەی کـردم
لە چۆڵی جەهلەدا، خنکاو و تینوو بێ سـەر و پـێ بـووم
بە ماسی بـەحری زانـینی، بـەبێ تـەنکاو و پـەی کـردم
لـە عیلمـی بادەنۆشـی تێپـەڕیم بـۆ زاریـی و شـیوەن
بە ئوستادی کەمانچە و عوود و تار و سـاز و نـەی کـردم
کلیلی باخی دا دەستم، کە چوومـە نـاو گـوڵ و گولـزار
لە لەرزە و شانەکسکێی بەفر و سەرمای مانگی دەی کـردم
وەها فێری مەلەی کـردم لـە بـەحری وەحـدەتا ئەمـڕۆ
لە گۆرانی بە باڵای چەشنی سەرو و مەمکی بەی کـردم
چ ئومێدی بـوو یـاڕەببی بـە تـەنیا یـەک نـەزەر **قـانع**
بە سوڵتانی خـەیالات و بـە شـاهی شـاری ڕەی کـردم

***

www.rabari.org

## نامەیەک بۆ شێخ محەممەدی خاڵ

فیدای خاکی بەری پێت بم، زیابەخشی دڵ و دینم
بناغەی مەنبەعی عەقڵ و ئەساسی عیزز و تەمکینم
سەداقەت عەرز ئەکەم قوربان، ڕیا وەسفێکی مەزجوومە
لە شەوقی ئارەزووی وەسڵت، خەریکی عەددی پەروینم
بە یادی شەهدی ئەلفاز و شوعاعی وەجهی نوورینت
هەموو ئانێ خەریکی خوێندنی (والنجم) و (والتین)م
لە ڕووی لوتفۆ ئەگەر یادی غولامی ئاستانەت کەی
لە خانەی کوولی هیجرانت ئەسیری دەستی فەرزینم
مەدەدکارم نەبێ لوتفی سولەیمانم لە ئەییاما
لە مەکری ئەهریمەن بێشک زەلیل و مات و غەمگینم
ئەگەر ئەنفاسی عیسا یاوەری عەزمی ڕەمیمم بێ
وەکوو تەیرەن عەبابیلە، خەنیمی فیلی بێدینم
لە کێوی بێستوونی ئێوەدا بڕوانە ئیستقبال
سەفینەی موددەعی گومکا شەپۆلی شیعری شیرینم
ئەگەرچی بێژەنی حەپسم لە زیندانی غەم و دەردا
بە قووەی هیممەتی ڕوستەم، خدێوی چین و ماچینم
کە من مەقبوول و مەنزووری حوزووری حاجیشێخزادەم
محەممەد عەبدەم و شاگرد جەمالی دین و ئایینم
لە نەجدی جەعفەرا قەیسی بەد ئیقبال و بەدبەختم
کڕیداری هەوای سابوونکەرانی شۆخ و ڕەنگینم

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## نازانم خۆم چیم؟!

خەتای بەختە کە من دێوانەکارم
ئەگەرنا، بەش بە حاڵم هووشیارم

بەقوربانت نەبم ئەیچەرخیسەرشێت!
دە بۆ یاوەر نەبووی جارێ بە کارم؟

ئەگەر مورغم پەڕ و باڵم لە کوێیە؟
ئەگەر وەحشیم لە کوێیە مێرغوزارم؟

ئەگەر بەردم چلۆن هەر شەو لە لایێ
ئەگەر دارم لە کوێیە بەرگ و بارم؟

ئەگەر ئینسانم ئەیچەرخی جگەرسۆز
ئیتر ڕەحمت ببێ بۆ حاڵی زارم!

ئەوا عومرم لە چل دوانی زیادە
نەبوو جارێ ببیتە خەمگوسارم

کە من مردم لە پاش مردن ئەڵێن پێم
ئەسەف بۆ **قانعی** شیرینوتارم

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ن

## نازەنین

ئـەلا ئـەی نـازەنینی شـۆخی شـۆخان!
غەزالـە تاقەکـەی سـەربەندی کوێسـتان!
مـەکانت کـونجی دڵـمە، زۆر نزیکـی
لەبـەر چـی نابییـەی ئـاوازی گریـان؟
بە خەم گەر بمکوژی، ئـەو وەختـە شـادم
کـە خـاکێکم ئـەبم بـە تـۆزی دامـان
ڕەقیـب بۆیـە ئـەزانێ مـن لـە لاتم!
کـە بولبـول دائیمـا، هـا لـە گوڵسـتان
لە کوشتن چۆن ئەترسم ڕۆژی سەد جار؟
کە لێوی تۆیە چەشمەی ئاوی حـەیوان!
دڵ و گیانم بە پێشـکەش قاسـیدت کـرد
خراپـی کـرد، هەواڵـی دای بـە هـەرزان
زەمانـە ئـیش و کـاری هـەر بـە عەکسـە
چ نیسـبەت **قـانع** و عیشـقی جـەوانان؟!

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## سەربازیی

سەر لە بۆ سەربازی چاکە، نەک لە بۆ چەتفەی گران
دڵ لە بۆ خەمخۆری چاکە، نەک لە بۆ میهری کچان
چاو ئەگەر فرمێسکی خوێنین دانەڕێژێ بۆ وڵات
دەک بە کوێری هەر بمێنێ تا وەکوو ئاخر زەمان
دەم ئەگەر هاواری هۆزی خۆی نەکا پڕ بێ لە قوڕ
سینە وەک کۆتر نەناڵێ، دائیما پڕ بێ لە ژان
بۆیە شانم پێ ئەوێ، باری خەمم بۆ هەڵگرێ
یا زمانم بۆیە چاکە، ببڕێ وەک تێغی دەبان
بۆ جلیتبازی قسە و مەیدانی فێڵ و دەس‌بڕین[1]
شەهسوارێکم بە چەشنی ڕوستەمی مازەندەران
بێتە سەر باری کەرەم یەک دانە جۆ نادەم بە کەس
خۆم بە جۆیێ ئەیفرۆشم، ئاو و خاکی نیشتمان
من بەدەم میللەت‌پەرستم، خزمەتی کوردان ئەکەم
خوێنی بابیشم ئەڕێژم، بۆ تەماعی یەک قەران

---

١. کێشانەن بۆ مامۆستایەکی نیشتمانپەروەر.

www.rabari.org

ئافـــەرینم بارەکەڵـــلا ئیشـــی خۆمـــە چـــاوڕاو
دوو دڵ و سێ‌دولبەر و چوار مامەڵە و پێنج شەش‌زمان
تاوێ گاندیم بۆ وەتەن تەرکی هەموو خۆراک ئەکـەم
تاوێ شێخی خانەقام و تاوێ جـەردەی سـەر مـلان
تـاوێ ئـەمبینی ئەفەنـدیم، عـەتر و سـابوونم هەیـە
لەحزەیێ سەیرم ئەکەی شێخ و مەلا و ڕیشێکی پان
هەر شەوێ پارەم ببێ تەقلیدی سەد خەییام ئەکـەم
هەر سەعاتێ مەی نەبوو، بەرماڵ و شانە و تەیلەسـان
تاوێ کوردم، ڕانک‌وچۆغە و مێزەر و پەستەک لەبـەر
گاهێ شەپقە، گەهـ قەڵەنسوو، گاهێ خوودەی سەرگران

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## لەگەڵ زانین

چـاکی؟ چلـۆنی؟ مەرحـەبا زانـین بـۆ پێشـکەوتنت هـەزار ئافـەرین
باوەڕم هەیـە بـە سـیدق و یـەقین هەر تۆ پێش ئەخەی کۆمەڵی بێتین
**ئافـــەرین زانـــین! هـــەزار ئافـــەرین**
شێرە گەرچـەکت کـرد بـە کارەبـا ئاسـن و دارت وەک کـەر بـار ئـەبا
بـێتـەلت وشـە شارەوشـار ئـەبا ئافـەرین لـە تـۆ، زانـین مەرحـەبا
**ئافـــەرین زانـــین! هـــەزار ئافـــەرین**
برێشکەی شەخستکرد بە پەنسلین جگـەر بەترشـت کـردووە بـەکنین
چەن هەزار شێخت خستە زار و شین ڕوو لە سقووتن گشت مات و حەزین
**ئافـــەرین زانـــین! هـــەزار ئافـــەرین**
زانـین تـۆ وەحشـی دێنیتـە زمـان دڕندەی سەر کێو ئەکەی بە ئینسـان
کوڕی فەیلەسووف، بێتۆ وەک حەیوان ئەسـووڕێتەوە کـۆلان بـە کـۆلان
**ئافـــەرین زانـــین! هـــەزار ئافـــەرین**
لە دوو پارچە دار سـنووقێ ئەکـەی دەنگی ڕۆژهەڵات بۆ مەغریب ئەبـەی
گەرچی جارجارێ زەرەریش ئەخەی مشتەکۆڵ لە دەم هـەژاران ئـەدەی
**ئافـــەرین زانـــین! هـــەزار ئافـــەرین**
بـە بۆنـەی تـۆوە زک هەڵـئەدڕن نەخۆشی نـاوزک لـە ڕیشـە ئەبـڕن
زنجـیری زوڵـمی زۆرداری ئەچـڕن دەوڵەت بە دەوڵەت، شاربەشار ئەفڕن
**ئافـــەرین زانـــین! هـــەزار ئافـــەرین**

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

ئاشـــکرایە تـــۆ شـــتێکی چـــاکی هـــۆی ســـەرکەوتنی دیـــار و خـــاکی
لـــە گڵـــۆپ چـــاتر بـــەرز و ڕوونـــاکی لـــە پێشـــکەوتنا ســـواری چـــالاکی

**ئافـــەرین زانـــین! هـــەزار ئافـــەرین**

بەڵام ئـەی زانـین لـێم زویـر مەبـە توو سەر ئەرستۆ لـێم دڵـگیر مەبـە
حەزئەکەم گەنج بی، هەرگیز پیر مەبە لابە خزمـەتکار، شـا و وەزیـر مەبـە

**ئافـــەرین زانـــین! هـــەزار ئافـــەرین**

***

هەر تۆش ئەسپابی خوێن ڕژانـدنی هەر تۆش ئەسپابی مێشک پژاندنی
هـەر تـۆش واسـتەی ژن قیژانـدنی هەر تۆش واستەی خـاک بێژانـدنی

**کەلەبچـەی دەسـتی کۆمەڵـی بـێ تـین**

شەستیر ڕێکئەخەی وەکهەوریبەهار گولله ئەڕژێنێ لەسـەر تـا بـە خـوار
هەزاران ئەکوژێ وەکوو گـەڵای دار بـە بۆنـەی تـۆوە زۆر ئـەکا زۆردار

**کەلەبچـەی دەسـتی کۆمەڵـی بـێ تـین**

گشت خەتای تۆیە ئاهی دڵی تەنگ گشت خەتای تۆیە لەڕووی گێتیجەنگ
تۆ بێدەسەڵات ئەگۆڕی لـە ڕەنـگ ماڵی خەڵک ئەخۆن بە لوولەی تفەنگ

**کەلەبچـەی دەسـتی کۆمەڵـی بـێ تـین**

قونبەلـەی زەرە تـۆ هێناتـە کـار بە یەک قونبەلە ئەسووتێ چەن شار
ئەکەی بە مردوو چەن کچـی نـازار چاک وێران ئەکەی بەرکۆشک و تەلار

**کەلەبچـەی دەسـتی کۆمەڵـی بـێ تـین**

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## هەرسێکمان

مـــن و شـــیعر و گـــەدایی پێکـــەوە بـــووین
بە تەحقیق هەرسێ هی یەک بووک و یەک شووین
مـــن و شـــێخ و مـــەلا هەرســـێ بەوەڵـــلا
بەهەشتمان دا بە شەکر و بـۆ سـەقەر چـووین
مــن و ســۆفی و بـــزن هەرســـێ بەڕیشـــین
لە ڕیشمان تـێ بفکـرین هـەر وەکـوو جـووین
مــن و کەروێشـــک و بـــەگزادە لـــە ترســـا
سـەر و گـوێ نـزم دایم هـەر وەکـوو بـووین
مـــن و دێوانـــە وو حـــافز لـــە بـــۆ نـــان
هەمیشـــە قیـــل و قـــال و حـــاو و حـــوو حـــووین
مــن و ســەرکار و مــیر بــێ ئــیش و کــارین
کــە بۆیــە بــێوەفــا و بــێشــەرم و ئابــڕووین
مـــن و شـــێخ زادەکـــانی ئیســـتەکانێ
لە پاش چەندێک! لە هەی تور و لە هەی تووین

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabart.org

## لەگەڵ بولبول

ئـەی بولبـولی بـێدانـە! مـن و ئێـوە هـەژارین
هەردوو وەکوو یەک مونتەزیری فەسڵی بـەهارین
تۆ چەشنی من و من وەکوو تۆ بێکەس و کـارین
دامـاو و کـز و دەربـەدەری کووچـەیی شـارین
**یـا بەنـدی قەفەسـخانە وە یـا وێڵـی دیـارین**
من قوڕبەسەری دەستی فەلەک، چەرخی جـەفاکار
تۆ دڵ بە خەمی دەردی گوڵ و خونچەیی گوڵزار
مـن دەربـەدەری فیتنـەیی جاسووسـی خـەتابار
تۆ بێپەڕ و بێبـاڵ، لـە دەس زوڵـمی لقـی خـار
**هەردوو بە یەکۆ چاکە بڵـێین، دیـل و هـەژارین**
تـۆ شـێتی دڵ و مـن بـە هیـوای بـەرزی وڵاتم
تۆ مەستی گوڵ و من بە فیدای عـەزم و سـوباتم
بـەمجۆرە ئـەڕۆم، شـەرتە هـەتا مـاوە حـەیاتم
تـا دەس نەکەمـە گـەردنی ئـاواتی نـەجاتم
**رووم نایـێ بڵـێم زادەیی شـێرانی شـکارین**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مـن شـیوەن و گریـان و ئـەتۆ شـۆڕ و تەرانـە
تـۆ بـەزمی سـبەینان و منـیش ئـاهی شـەوانە
مـن بـۆ وەتـەنی بێکـەس و تـۆ دانـە وو لانـە
بنوارین لە بۆ سـووڕی کـەچی چـەرخی زەمانـە

**بێ سوچ و خەتا، بۆچی وەها بـێبەشـی یـارین**

ئەی بولبولی هاودەردی خەفەتباری دەروون ڕێـش
تۆش هەر وەکوو من، بێکەس و بێیاوەر و بێخوێش
هەردوو وەکوو یەک پەست و بریندار و جـەفاکێش
کەی بێ کە برینی دڵـی هـەردوو ببـێ سـاڕێش

**بـێبـاک بڵـێین ئێمـە لـە نـاو گـێتی دیـارین**

**قانع** من و تۆ و بولبول و خەم چەشنی برا بـووین
بۆ یەکتری، ئەم چوارە تەواو پشت و پـەنا بـووین
هەریەک لە بۆ ئەو سیانیترە، زۆر بـەوەفا بـووین
بۆچی من و خەم ئێستە لە ئەو دوانە جیا بووین؟!

**بولبول لە گوڵ و گوڵ لە چڵ و ئێمە لە خارین؟!**

***

كتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabart.org

## شێرانی مەکتەب

ئێوە ئەی شێرانی مەکتەب! واسیتەی ژینی منن
واسیتەی ژیــن و ژیــان و ڕۆحــی شــیرینی مــنن
کۆمەڵی ئــەولادەکانم، وان لــە زولــماتی جــەهل
تاقە ئێــوە خوێنــدەوار و نەسلــی نــووڕینی مــنن
موددەعی گەر بێ خەیاڵی نام و نەنگی من بکات
بۆ ویقایەی حیفزی نەنگم، ئێــوە پــەرژینی مــنن
ئاسمــان نابــێ خەیاڵــی بەرتــەری و زیــادی بکــا
ئاسمـــانی ئاسمـــانم، ئێـــوە پـــەروینی مـــنن!
سەد کە دێم و بێبەراوم من لە کوێ (قورفە) لە کوێ؟
تێبفکــرین تۆخــوا مــەئمووری تــەخمینی مــنن
مەرهەمە تەسکینی زام و دوکتەرە دەفعــی بــەلا
بۆ دڵی پڕ ئــێش و زامــم، ئێــوە تەســکینی مــنن
گەر وەکوو **قانع** لە بۆ تەرفیعی من کۆشش بکەن
لاوەکانی خۆشەویســتم! کۆڵــەکەی دیــنی مــنن

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


## لەمەولا چی بکەم؟!

منم کەمتر هەژاری خاکی کـوردان    ئەنووسم کۆمەڵی ویژدان و عیرفان
وەرن! کوردینە گوێ بگرن لە قەولم    کتێبێ‌تر ئەڵێم، وەک باخ و بێسـتان[1]
لە وەعز و مەوعیزە و ئەشعاری‌میللی    لە تەعریفی وڵات و ئاو و کوێستان
لەفەزلی گەورەیی و ڕەسمی‌بچووکی    لە تەعلیمی مناڵ و ئەهلی عیرفـان
لە چاکی ئیتیفاق و کۆمەکی یـەک    لەهەڵگرتن چەک و وێستانی مەیدان
لە باسی کاسبی و تەعلیمی نووسین    لـە ناسـینی نـژادی داک و بابـان
لە کۆشش کردنی ئەفکاری میللـەت    لە ئەوزاعی مەلایی و باسی شێخان
منم **قـانع** بـە تـەنیا و بـە بێکـەس    خوا هەڵسن لە خەو لاوانی نیشـتمان[2]

***

١. مەبەستی لە گولستان و بووستانی سەعدییە.

٢. لە نوسخەی دەسخەتییەکەیدا بەو جۆرەیە.

www.rabari.org

## بۆ کچەکان[1]

ئێمە کە کچین، دولبەری دڵداری جیهانین
خونچــەی چەمــەنی بــاخی گوڵــی کــوردانین
ئەستێرە لە ڕووی ئێمــە چلــۆن خەجڵــەتی نابــێ
ڕۆشــنتر و پــڕ نــوور، وەکــوو مــانگی جــوانین
وەسڵی حــەرەمی ئێمــە لــە بــۆ خــادمی کــوردە
بۆ بێهونەری خاکی وەتەن! نەسسـی حـەرامین
بێقیمەتــە لای ئێمــە، یــەقین بــەرگی چــویتلی
عاشق بە هونەر، مەستی غەزەب، تێغـی دەبـانین
شەق لەو کوڕە وا دەس بەخەنە و مەیلی حەمامە
قوربــانی کــوڕی سەرکەشــی کــوردانی زەمــانین
وەختێ بەسەفا سەف ئەبەسین ڕۆژی ســەیاحەت
مایل بە کــوڕی کــوردی وەکــوو شــێری ژیــانین

***

ئێمە کە کچــین، قوربەســەر و مــات و حــەزینین
بــۆ بێکەسـیی ئــەم خاکــە، جگــەر زام و بــرینین
ئەی کۆمەڵــی گــەنجانی موســەمما بــە منــەوەر
بۆ مەرگی وەتەن، ئێمە هەموو ئەلبیســە شــینین

---

١. بە زمانی کچەکانی **قانعەوە** وتراوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چۆن ئێوە هەموو بێخەم و بێبیری ولاتن؟
ئێمە بە غەزەب، دڵ بە خەم و دیدە گرینین
سەد کاشکێ لەجێی ئێوە، سەفی ئێمە بوایە
ئەتدی! کە چلۆن حازری مەیدانی یەقینین
داخمان ئەوەیە ئێمە ژن و ئێوە پیاون
ئێوە بە هونەر مەستی مەی و ئێمە مەتینین
هەر ڕۆژێ کە ئێوە بە ئەمەل سەیر و سەفا کەن
ئێمە هەموو بۆ ئێوە خەریک زاریی و شینین
ئێمە کە کچین هەر بە کچی عاجز و پیرین
داماو و سەراسیمە و بێشەوق و ئەسیرین
**قانع**، بە هەموو تەبعی غەزەلخوانیی خۆیو
شاهیدە کە وا ئێمە هەموو مات و زویرین
ئەفسووسە کە ئێوە کوری مەیدانی نیزاعن
زۆر یازوخە بۆ ئێمە، خەریک نان و هەویرین
شێر دەرچێ لە غابات، خوای نێر و خوای مێ
لاکن ئەمە زۆر عەیبە، کە بێپشت و زەهیرین
دوێنێ کچێ ئەیوت بە کچانی وتەنی کورد:
ئیعلانە ئەیا هەرچی کە پیرین و سەغیرین
ئەم دەرپێ لە پێمانە، لە پێی بێهونەری خاک
ئەم ئیشە لە سەرمانە، لەسەر بەددڵ و ناپاک

***

## قانع و کەرەکەی

کــەرێکم بــوو، چ کــەر؟ وەک بــا و بــۆران
کــەرێکم بــوو، چ کــەر؟ بارکێشــی دەوران
کــەرێکم بــوو چ کــەر؟ چەشــنی ســەیارە
کەرێکم بوو، چ کەر؟ وەک شێری مەیدان
کــەری نــووحی نــەبی، بــاپیری ئــەم بــوو
لەگەڵ گوێدرێژی عیسا، خــاڵ و خــوارزان
بە لاشە بــەرز و زک ئەســتوور و ســەر زل
کەفەڵ گورج و پەراسوو چیخ و گوێ پــان
شــەقاودار و دووشــانە بــەرز و مــل قــنج
کلــک شــۆڕ و ســپی تــووک و قــەوی دان
لە کەوشی ســم، هــەتا لاری ڕەفیســگەی
خەتێکی موستەقیم بێ کەســر و نوقســان
شەوێ پــێم وت: چلــۆنی یــاری دێــرین؟
ئــەوا ســەرما بــزووت، دەســتم بــە دامــان
ئیتــــر زســــتان و کــــاتی دارکێشــــانە
وەکــوو ســالانی پێشــوو بێــرە جــەولان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نە نانم هەس، نە شەکرم هەس، نە چایی
نـە بـەرگی خـۆم و ژیـنـی بـاقی خێـزان
هەموو، هەر چـاوەڕوانی هیممـەتی تـۆین
بنـــرکێنی بــە بـــارۆ و بێیتـــە مەیـــدان

***

**وەڵامی کەرەشین:**

وتـی قـانع! ئەسـەف بـۆ بـێ‌حـەیاییت
حـەیا زۆر خۆشـە بـۆ پیـاوی بـەویژدان
بە کام جێ؟ کام گەوورِ؟ کام ناڵ و بزمار؟
بەکام ڕەشووە و جل و جل‌بەند و کورتان؟
ئەمـە چـل ساڵـە مـن بارکێشـی ئێـوەم
بـە خـەو نەمـدی جەواڵـی ئاڵـف و دان!
وەسای ناڵبەندی من وەک تـەیری عـەنقا
نـــەبینراوە، لـــە ڕووی دەورانی دەوران
بە ئەو ناڵـە قەسـەم، نەتـدا لـە ژێـر پـێم
بە ئەو جۆیـە قەسـەم، نەمنایـە ژێـر دان!
قەسـەم بـەو گـازە نەمـدیوە بـە عـومرم
بە ئەو چەکوشە، کە نەمدی مەر لە لێـدان
ئـەبێ خێـــرم نـــەبێ غـــەیری زەڕە زەڕ
ئەگەر وردیشی کەی، ئـەعزام بـە گۆچـان

***

## هەژاری

گەدایی سەیرە! ئەی یار و ڕەفیقان
گەهێ پۆشتە بە پینە و گاهێ عوریان

گەهێ توورە لە ئەولادی لە برسا
گەهێ داوا لە حاجی بۆ لەتێ نان

براکەم! دەولەمەندیش وا ئەزانێ
گەدای بۆ ئەو دروستکرد زاتی یەزدان

بەبێ ڕەحمە لە دەرحەق پیاوی بێدەس
فریوی خەلق ئەدا، وەک بەچکە شەیتان

گەدای بەستەزمانیش، هێندە ڕووتە
نە نانی هەس، نە بەرگی هەس لە زستان

لە هاوینا لەبەر بێگاری ئاغا
بە خەمناکی ئەژی و ئەخزێتە ناولان

کەچی کوێخا ئەچێ، دەستی ئەکێشێ
بە گریە و زاری ئەیکێشێتە مەیدان

ئەمەش ڕووناکە، کوێخا چەشنی تانجی
بە دەم کەرویشکی بۆ ئەگرێ لە سەرلان

ئەوەی ناموسی بێ، نابێ بە نۆکەر
ئەوی ئینسافی بێ، ناچێتە دیوان[1]

ئەوەی ویژدانی بێ ناچێتە لای میر
ئەوی ڕەحمی ببێ، ناچێتە لای خان

چخۆشە زگبەبرسی، پێ بە بێکەوش
بە مەرجێ ڕوو نەکاتە شێخ و قوربان!

گەدا بی یاخو پاشا بی، هەر ئەمری
ئیتر کلکەلەقێ بۆچی لە دیوان؟!

ئەگەر پیاوی وەرە! ئارەق بڕێژە
بنرکێنە وەکوو شێر، بێرە مەیدان

قەزای ئەو بێڵە، ئەو ئەیدا بە هەردا
لە دووسەد بڕنەوی دەسکاری ئەڵمان

قەزای ئەو داسە ئەو ساوی کە تیژبێ
لەسێسەد خەنجەر و شمشێری زۆر جوان

قەزای ئەو تۆزی گاگێرەی سەپانە
لە دووسەد عەتر و قەسری میر و خانان

ئەگەرچی **قانعی** زۆر زۆر هەژارە
بەحەمدیللا، بە کەس ناڵێ، بەڵێ خان

***

١. مەبەستی لەوانەیە کە خزمەتکاری دەکەن و لە دیوەخانی ئاغادا دەست بە سینگیانەوە دەگرن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## هۆنەری ئەم زەمانە

هۆنــەری ئــەم زەمانــە بێــدەنگن بۆیە میللەت لە پاش و، پێ لەنگن
تەزحیــە[1] لازمــە لەســەر شــاعیر چونکە ڕۆحــی ڕەوانی فەرهــەنگن
خوێندنــە، وابــرایی هێنــا پــێش دوور لە تالان و کوشتن و جەنگن
ئــەو کچانــە کــە ئیســتە ئــەیبینی چەندە نــازدار و نــازک و شــەنگن
حەیفە وا پۆل بــە پــۆل لــە بێگــارا زەرد و ژاکــاو و زیــز و بــێ ڕەنگــن
پاڵـــەوانی بـــەهێزی کاریگـــەر بۆچی وا گشت مەلوول و دڵتەنگن
سەیری پیرانی تێگەیشــتوو کــەن هەر ئەڵێی گێژ و لێــوەیی بــەنگن
بۆچی هەندێ لــە زنجــەدا خنکــاو هەندێ دڵخۆش لەکۆشک و ئەوڕەنگن
گەر تەماشــای دەس‌ودەم و چاوکــەی ئــادەمیزادە پــاکی یــەکڕەنگــن
بۆ لە ژینا گەلێ بە مەیل و مــراد؟! دەســتەیێ گــیری ڕۆزیی تــەنگن
بــۆچی نــادانی دەولەمــەن،ژیرن؟! بــۆچی زانــای بــێنــەوا نــەنگن؟!
ئەی دەسەی خوێندەوار و پاشکەوتوو کۆ بنۆ، یەکگرن وەکــوو هــەنگن
شان ئەکەن، شار ئەکەن، ئەگەن بە مراد بۆچی ئیتــر زەعیــف و بــێڕەنگــن

***

١. تەزحیە (تفحیە): شرۆڤە کردن؛ شی کردنەوە (ن. ب.)

كتێبخانەی ڕابەری www.rabari.org

## خۆمان یەکخەین

با وزەی ئەتۆم و هێزی کارەبا
یەک بخەین بۆ ئاوەدانی کوردستان
نەک لە پێناوی شەڕ و شەڕخوازیا
بێتە مەیدانی قەلاچۆ و بۆردمان
با تەوژمی فیکر و زانین و هونەر
یەک بخەین بۆ پیشەسازیی نیشتمان
نەک لە پێناوی خیلافی ئارەزوو
ببنە بورکانێک، لە مەلبەندی ژیان
هێزی بازووی چینی زەحمەتکێشی کورد
فێری پێشکەوتن بکەین چەشنی گەلان
نەک لەبەر داخوازی تەنیا چەند کەسێ
کەونە کێشە و هەلمەت و یەکتر شکان
دەنگی جووتیاران و وەرزێری ولات
کەینە پێشرەو بێنە جونبش بۆ جیهان
نەک لە ژێر یاسا و ڕێژێمێکی شەلا
دیل و دەس‌بەسراو و پێوەند بێ، تەکان
با ڕژێم دانێین لەبەر سوودی هەموو
ئاشکرا بێ سوودی بۆ پیر و جوان
نەک بە زەبری حوکمی پۆلیسی و بە چەک
کۆت لە پێ کا دەس کەلەبچە، بێوچان

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## با تێبگەین

ئەی کوردە! بەسە قوڕبەسەری و شۆڕشی ناڵین!
تا کەی بە کزی و لارەملی، عاجز و غەمگین؟
سوودێکی نییە بتپەرسی و خزمەتی (چەرچل[1])
ڕاستۆ بە دەسا ڕوو کەرە دەربارى ستالین
ئەو دەسبڕە چەن ساڵە بڕی دەستی من و تۆ
ڕەببی لە بنا دەستی بڕن! کافری بێدین
چەن ساڵە کە تۆ فێڵ و درۆی (چەرچل) ئەبینی
نەتناسیوە هێشتاکوو کە ئەو خێڵە لەسەر چین
گشت زاڵم و زۆردار و هەموو خوێنمژ و دەسبڕ
دوژمن بە گەلی کورد و هەموو قابلی نەفرین
ئەو کۆمەڵە بەدکارە، لە بۆ نەفعی خسووسی
پاماڵی ئەکا حەققی هەموو میللەتی بێتین
ئەتکا بە کەری باری عەجەم گاهێ بە ناحەق
یا حوشتری ژێر باری عەرەب تاوێ بە سەد قین

---

١. مەبەست (وینستۆن چەرچیلە)ی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا لە سەردەمی شەڕی جیهانی دووهەمە. (ن. پ.)

www.rabari.org

کوردە! وەرە بنـوارە، دەوای دەردت لـە کوێیـە!

هەر پەیڕەوی لینینـە، دەوا و چـاری نەخۆشـین

نابی بە کەر و عەبدی هـەموو بەگلـەر و توججـارِ

لۆرد، نابێ بـە باخـات و گـەدا نابـێ بـە پـەرژین

سواڵ ناکا لە کەس، سواڵکەرێ یا بەچکەگـەدایێ

کوڕ ئاغا لەسەر تەخت و لە ناو دۆشـەکی زێـڕین

خـوێنی مـن و تـۆ ناکەنـە پیاڵـە لـە بـۆ ئاغـا

بیخواتـەوە ئاغـات، وەکـوو شـەربەتی شـیرین

ماڵ و سـەر و ڕۆحـم بـە فیـدای ئـاگری سـوورە

ئەو ئاگرە پـڕ جۆشـە، ئـەکا ڕەجمـی شـەیاتین[1]

چەن خۆشە کـە ئـەو ڕۆژە بلێسـەی گـڕی ئـاگر

وەک بەرقی غەزەب دێت و دەچێ، لێرەوە تا چین

تۆڵەی من و تۆ، وەرئەگرێ کوردە لە (چـەرچل)

ئەو ڕۆژە کە وا خەتمی ئـەکا، شۆڕشـی بـەرلین[2]

***

---

١. ئیشارەیە.

٢. بەر لە کۆتایی دووەمین شەڕی جیهانی وتراوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## سۆزی شەماڵ

دای لە دڵ سۆزەی شەماڵێک وەک نەسیمی بەربەیان
دێتە مێشکم هاژەهاژێ، وەک فوارەی قەڵبەزان
جاڕی دا بولبول لە گولشەن، ئەی گرۆهی عاشقان
سەف بپێکن ڕاوەسن پیاو و ژن و پیر و جوان
**مەیلی بێداری ئەکا، بەختی خەواڵووی کوردەکان**
دێتە گوێم دەنگێ، بە عەقڵم دەنگی بەزم و شادییە
نەوبەتی کەیف و دەماخ و عوشرەت و ئازادییە
بێستوونە کوردستان و ڕەنجی کورد فەرهادییە
مەرجی خوسرەو وا تەواو بوو، فیکرەکەی بەربادییە
**قەتلی سەد شێرۆ ئەکا، شیرینی دایکی کوردستان**
شۆڕی شیعرم وا دیارە شۆڕشێک بەرپا ئەکا
دەشتی وشکی ئارەزوورم، ملکی ڕەی ڕیسوا ئەکا
شۆری کەللەم زاهیدی ڕیش وەک خوری شەیدا ئەکا
هەر بژی شێری وەتەن، بێشەی وەتەن ئەحیا ئەکا
**سەرکەوە لاوی وەتەن! تۆش بێرە ڕیزی هەندەران**
**قانعا** سەد مژدە بێ، لاوت هەموو هەستان لە خەو
چاوی شۆری و باڵی هەڵکرد، داسی تیژ کرد بۆ درەو
تێئەکۆشێ، فەرقی ناخا ڕۆژە یاخود نیوەشەو
تەرکی کرد دڵپیسیی و خۆخۆریی و ئادابی کەو
**سەد شوکور وا کوردەواریش هاتە ڕیزی هاوسەران**

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

## جەژنی قوربان

وەرە قوربان لە سەیری جەژنی قوربان — سەماوەر پڕ لە نـار و خانـە بـێ نـان
بە هـەر جـۆرێ بـرنج پەیـدا کـراوە — لەگەڵ نەختێ کەرەی دێی کانیسانان
بەڵام زۆر حەسرەتە[1] بۆ ڕانـە گۆشـتێ — فیدای چێشتی بکەی وەک قۆچیقوربان
نەفەرمووی گیسکەڵێ، یا قەڵغە کۆنێ — ئەبێ بزنێ زەلام بێ و نەختێ ڕیشپان
بە مێزەر هەر وەکـوو حـاجی درۆزن — لە ڕیشا هەر وەکوو شێخانی (کۆلان)
لە مەیدانی حبووبی میسلی سـۆفی — وەکوو دەروێش، قەمچی ڕەشبەعنوان
لە ئادابی سـوالا شـێخی سەرسـەوز — درۆزن بـێ وەکـوو خـانی مـەریوان
کە وەختێ بێتە سەر مەیدانی ئەشعار — وەکوو **قانع** غـەزەلبـاز و سـەناخوان

***

١. لە دەستنووسێکدا نووسراوە: وەلاکین داخەکەم.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پەرێشانی

ئـەی کـوردی خەفـەتبار و بریـنـدار و پەرێشـان
ئەی میللەتی بێپشـت و بـەبێ یـاوەر و عوریـان
جێماوی لەگـەڵ نـەوعی بەشـەر، تـاقمی یـاران
ماڵداری بەبێ مـاڵ و سـەری بـێسـەر و سـامان
**ڕاستۆ بە لە خەو، سەیرێ بکـە عالـەمی ئیمکـان**
کوردینـە! ئیتـر خزمـەتی ئـەغیار هـەتا کـەی؟
شوێن کەوتنی بێگانـەیی خونخـوار هـەتا کـەی؟
دڵپاکی لەگـەڵ عـەقرەبی چـزدار، هـەتا کـەی؟
هەڵگرتن و مـاچ کـردنی ڕەشمـار هـەتا کـەی؟
**عالەم هەموو خەندان و ئـەتۆش زاریـی و گریـان**
کوردینـە! وەرن، حاڵـی بـبن زاریـی و شـینم
بـۆچ وا بەخـەم و قوڕبەسـەر و مـات و حـەزینم
وا مـن ئـەمرم بـۆ وەتـەنم دیـدە گـرینم
لـەم حاڵـەتی مەحکوومیـە بێـزار لـە ژیـنم
**هاوارە، دە سـا غیرەتـێ! ئـەی کۆمەڵـی شـێران**

ئەی کوردی ستەمدیدە! هەتا کەی لە مەلالا
بێگانە لەسەر نیعمەتی تۆ، وا لە جەلالا؟
بەو خوێنە قەسەم، جارییە ئەمڕۆ لە شیمالا
بێخوێن نییە سوودت، لە جواب و لە سوئالا
**گەر مەردی، وەرە حازرە سەربازیی و مەیدان**
سەد خۆزگە بەوەی مرد و نەما ناوی لە کایە!
بێخەم لە خەمی هاموەتەن و باوک و برایە
دووبارە دووسەد خۆزگە بەوەی غەرقی فەنایە
نازانێ کە ئەوزاعی زەمانە لە چ دایە
**سا من چ بکەم؟ دەربەدەر و بێکەس و حەیران!**
خۆمن بە تەمای تاجی کەی و تەختی قەجەر نیم
خاوەنقەڵەمم، ساحیبی شمشێر و سوپەر نیم
دانیشتووی سەرماڵم و سەییاحی سەفەر نیم
چی بکەم! وەکوو یارانیترم بێسەرودەر نیم
**تا ڕۆح لە بەدەنمایە، ئەنووسم خەمی کوردان**
ئەی کوردی جەفادیدە! بەسە قەیدی ئەسارەت
نادان بە کوتەک حاڵی ئەبێ، دانا بە ئیشارەت
ئەم شینی منە بگرە لە دڵ، مەیدە بە غارەت
تا کەی! بە کزی و لارەملی، بەند و نەزارەت؟
**هەیهاتە، دە هەیهاتە، ئەیا جەمعی دلێران**

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئیش کردن

کوڕی کوردم! خەریک بن بێنە فرمان — لە گۆڕ نێن تەمبەڵی و بێکاری جاران
عەرەق بڕژێ لەسەر خاکا لەبەر پێت — لە ڕێی ئیش کردنا بۆ بەرگ و بۆ نان
مەڵێ عەیبە! مەڵێ ناچم لە بۆ کار! — مەڵێ ئاواتمە سەردان و سەیران
برام! عەیبی نییە شوانی و سەپانی — ئەبەخشن فەخر و شانازی بە ئینسان
بە سەربەرزی بژی تا ماوە ژینت — نەکەی ملکەچ لەبەر کۆشکوتەلاران
کرێکارێکی خاوەن هێز و بازوو — مەچەک ماندوو بکا تاکوو ئێواران
بە هێزی باوەڕ و شان و دەماری — بە دەسبێنێ ژیانی خۆی و خێزان
سەپانێکی هەژاری پێپەتی و شڕ — کەخاوەن غیرەتە وەک شێری مەیدان
بە سەربەرزی لەبەر تیشکی هەتاوا — درەو کا بەرهەمی ڕەنجی لە هەردان
قەزای هێزی لەشی جووتیاری مانوو — لە دووسەد بۆمب و تانکوتۆپی شاران
ئەمانە خزمەتن نەککوشتن و جەنگ — هەزار لەحنەت لە کوشتار و لە تالان
ئەمانە بەردی بنچینەی ژیانن — ئەمانە خوو و ڕەوشتی پیاوی ئازان
خەڕات و پینەچی و دارتاش و جۆلا — هەموویان پەیکەری فەخرن لە بۆمان
نموونەی پیشەسازیی ئەم وڵاتەن — لە خزمەت کردنا زیادن لە هەموان
ئەگەر پێشکەوتنت لا فەرزە قانع — دە فەرموو هەستە زوو کە بێرە مەیدان!

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

## وەسیەت بە پێی ڕۆژگار

ئـەی ڕۆڵـە نـەبی تـالبی ئینسـانیی و ویـژدان
زینهار نەکەی مەیل و هەوای خوێندن و عیرفـان
خۆت کەڕ کە لە هاوار و سەدای شیوەن و گریان
گەر تۆ ئەتـەوێ ڕێـت بدەنـە مەجلیسـی پیـاوان
**دیوانە سیفەت، هەرزە ڕەوش، ئەحمەق و نـادان**

ئەو شەرتە لەگەڵ بابت ئەکەی نەیبەی هەتا سەر
...ن بـە عـیلم عەدئـەکرێ ...ی بـە جەوهـەر
...ی ئەگەر، دەس بکەوێ فـەخرە لەسـەر سـەر
ئەم وەعزە لەلات چا بێ وەکوو دانـەیی گەوهـەر
**... و ... و ... و ... بـــە لــــە مەیــــدان**

ئەی ڕۆڵە! ئەگەر بەختت ببێ سمتت قـەوی بـێ
چاوت کەژەڵ و مەست و زل و ڕوو لە زەوی بـێ
پشتت کەمەکێ نەرم و شـل و پـان و نـەوی بـێ
بڕوانـە چلـۆن بـەختی بـەدت ڕام و کـەوی بـێ
**...ی ئـەبێ موعتەبـەر و نەجمـە لەسـەر شـان**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەی ڕۆڵە! ئەگەر چوویتە سەرا و مەجلیس و نادی
خۆت دانێ بە یەک سەرسەری و هەرزە وو عادی
بــیرێ بکــەرۆ بــۆ ڕەوش و عیلمــی ...ی
دانیشــە لەســەر کورســی، بخـۆ بـادەیی شـادی
**جرتێ بکەنـە بـۆ فـەرەحی ئەشـرەف و ئـەعیان**

دەستی مـن و دامێنـت هـەتا مـاوی نـەفام بـە!
دوژمن بە هونەر، دۆسـتی نـەزانین و عـەوام بـە!
بۆ مەسڵەحەتی خۆت، لەگەڵ (جەمعی مەرام) بە
گەهـ پیاوی شەڕ و گاهێ بە خەمخۆری سەلام بـە!
**دێوانــە بــژی، مەســت و ســەفادیدە و ڕەنــدان**

ئەی ڕۆڵە! ئەدەب نرخی نییـە مەیکـە بـە پیشـە
لەحنەت لە شیعر یا لە هونەر کەی ئەمـە ئیشـە؟
ئاوازی دەهۆڵ دەنگی لە دوور خۆشە، کـە نیشـە
ڕۆژگــار لەگەڵــت نایــە و زەماوەنــدی کەریشــە
**قانع بە، بە بەدبـەختی وەکـوو دەسـتەیی یـاران**

***

www.rabari.org

## نەخۆشم! چی بکەم؟

وەرن یاران لە سەیری چەرخی دەوران
بزانن چۆن ئەژی دەستەی فەقیران[1]
چەم و قۆپی و دەر و دەشت ملکی ئاغاس
خوا داویە بە حاجی ماڵ و دووکان
کەژ و کێو داخڵی ئەوراقی ملکە
لەسەر ماڵە بەر و بەردەرک و کۆڵان
شەقامیش ڕێگەیە و نابێ تیا بی
ئەمەش مەعلوومە نابێ چیتە سەر بان
لە بۆ تەکیە بڕۆم دیوانە خێرا
بە شیر و زەرگەوە لێم دێتە مەیدان
بڕۆمە خانەقا سۆفی بە توندی
بە گژما دێ دەڵێ: لا، شێتی نادان!
خوا وا من نەخۆشم ئێستە چی بکەم؟
کە بێجێگەم لە ڕووی ئەرز و لە ئاسمان
لە کوێدا ڕاکشێم هەر تاکوو ئەمرم
بەبێ شۆربا و بەبێ ئاو و بەبێ نان
بەڵام شوکری خوا ئەو ڕۆژە ڕۆیی
فەقیر بەشبەش کرابوون، چەشنی حەیوان
لە سایەی ... و ... و هەر وەکوو شێر
ئەڕێژم خوێنی دوژمن سەهل و ئاسان

---

١. لەم شیعرەدا باسی نەخۆشێک دەکات لە ناو ڕژێمی سەرمایەداریدا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



چ کۆتــێ بــوو لــە پێــی بــاپیری منــدا
هــەر ئــەو کۆتــە ئەنێمــە لاقــی مــیران
بــە ئــەو پەتکــەی کــە خنکــانی براکــەم
ئــــەخنکێنم هـــــەزار ئاغـــا و خانـــان
بـــــە هێــــز و کۆششــــــی کاریگـــــەرانم
قـــەڵای پـــۆڵا ئەبێتـــە گـــەردی بانـــان
تـــەواوی ڕێـــک ئەوەســـتێ بـــەرز و نزمـــی
ئـــەوی کۆنەپەرســـت بـــێ دێتـــە ئامـــان
چ خۆشە دەستی ڕەنجبــەر ڕای‌ئەکێشــێ
لـــە قەســـرا قاســـەیی ئاغـــا بـــە تـــالان
وەرن کاریگـــەرانم هـــەر وەکـــوو شـــێر
دەری‌بێـــنن خەزێنـــەی لـــۆردی شـــاران
بـــە میـــزانی عەدالـــەت بـــەش‌بەشـــی کـــەن
چ فـــەرقێکی نـــەبێ ســـالار و گـــاوان
بەسەر چـوو دەوری ئیسـتعماری بۆگـەن
وەکوو سەگ هەڵوەرێ و ڕوو بکاتە ئاسمـان
بـــژی ئـــەو بـــیرە تیـــژە ئەمیـــە دانـــا
کە ڕووخـانی قـەڵای فیرعـەون و هامـان
بـــژی کـــاکی ...یـــن بـــۆ نیهـــادی
لەگـــەڵ دەســـتەی فـــەقیران و هـــەژاران
ئەگـەر بـۆ خـۆت نـەبوو **قـانع** مەترسـە
نەوەت سەربەست ئەژی بێ زەجر و لێدان

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.tabiri.org

## جەژنی قوربان

وەرە قوربان لە سەیری جەژنی قوربان
که سەیری وای نەدیوە ڕوویی دەوران

لە شەوالا وتـی پـێم دایکـی منـداڵ
موهەییا بە لە بۆ تـەجهیزی قوربـان

نەوەک ئەم جەژنی ڕابوردووم بەسەر بێ
بە کاسەی ڕەش لەگەڵ کۆشێ منـالان

بەوەللا سیی غەرام ڕۆنم ئەوێ لێـت
لەگەڵ مشتێ برنجـی بـێ دڕ و دان

چڵێ پیاز و لـەوێچێ نۆکـە ڕەشـکە
دوو سێ دانە هەڵووژەی کۆنی ساڵان

نەڵێی هەرزن هەیە بۆ نانی جـەژنت
کولێرەی جۆم ئەوێ بۆ نـانی دیـوان

ئەمانە پێم وتی نەیخەیتە پشتگوێ
ئەگەر نایکەی ئەڕۆمۆ بـۆ مـەریوان[1]

وتم: خانم لە ڕێی جوانی و لەقای خۆت
عەفوو فەرموو بـڕ و بیـانووی فـراوان

که من ناوی مـەلایی تـەوقی ملمـە
چ تەکلیفێ ئەکەی ئەی شێتی نادان

ئەگەر من موقتەدیر ڕۆن و بـرنج بم
بە **قانع** چۆن ئەبم مەشهووری دەوران؟

خولاسە، هاتە سەر چنگ دایکی منداڵ
لە چاوی بەد بەدوور بێ، دێوی مەیدان

تـەکانی دا هەڵـیگرت کلکـە بێڵـێ
گەهێ زرمە لەسەرمۆ، گاهێ ناوشان

لە زرمەی لیس و قیژە و باوکەڕۆی من
شڵێزان خەڵک و بەرئاوسێ هـەموویان

سوئالیان کرد: چییە ئەم زرم و کۆیە؟
وتم: فریا کەون ئـەهلی موسوڵـمان

که حاڵیبوون لەسەر ئەسپابی جەژنـە
بـرنج و ڕۆنیـان پێـدام بـە ئیحسـان

دە جەژنی وا نەیدا خوا بە هیچ کەس
موبارەک با نەبێ تا خـەتمی دەوران

***

1. ماڵی باوکی خێزانەکەی لە مەریوان بووە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## وەسیەتنامە

ڕۆڵە! وەسیەت بێ کە مردم سەیری ئەم ئەشعارە کە
حەفتەیەک جارێ تەماشای شۆری ئەم گوفتارە کە
بابی خۆت ڕەفتاری چۆن بوو تۆش هەر ئەو ڕەفتارە کە
ڕوو لە قازانجی عموومی و پشت لە خاوەنپارە کە
بێرە مەیدانی دلێری هەر وەکوو شێری ژیان
جەرگی دوژمن هەڵدڕە و ببڕە وەکوو تێغی دەبان
ڕۆڵە لافی فەیلەسووفی لێ نەدەی هەرگیز بە دەم
نۆکەری هەرگیز نەکەی بۆ حاکمی ڕۆم و عەجەم
چی لە دڵتایە مەترسە بیخە سەر نووکی قەڵەم
گوێ نەدەی ڕۆڵە بە جەور و ئێش و ئازار و ستەم
ڕاپەڕە و بانگێ بدە بۆ خزمەتی کوردیزمان
بەرخی نێر بۆ سەربڕینە نەک لە بۆ دۆشین و ڕان
ڕۆڵە! دایم چاوەڕوانی هەڵمەتی شێرانە بە
دوژمنێکی زۆڵە کوردی نۆکەری بێگانە بە
هەر بە هیوای دەنگدلێری و ژینی سەربەستانە بە
کەوتە ڕۆژی خۆی خەریکی تۆڵەیی دوولانە بە
ڕۆحی شیرینت دەرێنە بۆ دەوای دەردی گران
ڕووکەرە قەندیل و ئاکۆ هەر بڵێ یا نیشتمان!!

www.rabari.org

کەڵوور و سوورسوور و گەشکی و شاری کرماشانەکەت
بەختیاری و مەنمی وو هەم شاکەلی و شیروانەکەت
مایبدەشت و باجەلان و سانی هەورامانەکەت
پژدەر و بلباس و هەرکی و جافەتی و گۆرانەکەت
**دەس بە دەس یەکتر گرن بۆ یەکتری وەک پشتیوان**
**تێبکۆشین بۆ ژیانی کورد و خاکی کوردستان**
ڕۆڵەکەم! خوێندن بخوێنە مەکتەبە دەرمانی کورد
تێگەیشتن مەرهەمە بۆ زامی بێسامانی کورد
لاپەڕەی مێژوو ئەزانێ چۆن بوون شێرانی کورد
باسی بابائاردەلان و زەندیی و بابانی کورد
**ئەورووپا نووسیویە بۆ تۆ یەک بە یەک وەک داستان**
**تۆش بە چاکی ڕایگەیەنە بۆ نەخوێندەی کوردەکان**
ئەو ژیانە کەی ژیانە وەک کەوی بەندی قەفەس
ژێر چەپۆکەی ڕافزی بی و ژێردەسەی پیاوی تەرەس؟
پەت لە مل بی و ڕاتبکێشن هەر وەکوو تانجی و مەرەس
نامەوێ ئەو جۆرە ژینە دەک خوا نەیدا بە کەس
**قەفقەفی حەلقەی کەلەبچەت هەڵبڕە وەک پاڵەوان**
**خۆت و منداڵت بە کوشت دە بۆ ڕەواجی کوردستان**

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## قەلاچۆی دوژمن

با هەموو جووتیار و پاڵە و ڕەنجبـەران
یەکگرن تـا دەبنـە هێـز و پشـتیوان
هەڵگرن یەکسەر دروشمـی هاوبەشـی
بـێ جیـاوازی لەسـەر ڕەمـز و نیشـان
هەڵگرن پاچ و چەک و بـێڵ و قەڵـەم
هەر لە ڕۆشنبیر هەتا شـوان و سـەپان
هەڵـــتەکێنن ئـــەم نیزامـــە بۆگەنـــە
دابـــڕێژن کۆشـــکی یەکســـانی ژیـــان
تێکی بشـکێنن وزە و ئامـانجی بـەگ
تەفروتوون کەن، ڕیشەکێش‌کەن میروخان
کاکی کۆلاک دەس لە گەردن هەڵبەسێ
تا بڵێن ها! یـەکێتی دەسـتی شکان
ئەرز و ئاو بۆ چینی جووتیـاری هـەژار
بەرهەمی نۆش کا وەکوو نۆشی گیـان
ئێوە شۆڕشگێڕ بـن پێشـڕەوتان هەیـە
یەکێتی چەن کۆشکی شاهانەی ڕمـان
کۆمەڵـــی سۆشـــیالیزم بنیـــات بنـــێن
تـــاوەکوو ببنـــە نموونـــە بـــۆ جیهـــان
کۆمەڵێک بن پڕ لـە بـڕوا و یەکیـەتی
ئاگرێـــک بـــن بـــۆ گیـــانی زاڵـــمان
نۆکــەر و ســـەرمایەداری چـاوچنۆک
شاربەدەر کەن، دەربەدەر کەن بێ‌وچان
ئەو کەسەی خوێنی ئەنۆشین وەک شەراب
سەرنیگون کەن بیکەنە پەندی زەمـان

کتێبخانەی کوردستانی
www.rabari.org

قەت لە بارووت و گولە و شەستیر و خوێن
سڵ نەکەن تا ئەچنە هەوارگەی گـەلان
ئێـــوە بنچینـــە و بناغـــەی کۆمەڵـــن
نـەزری شـانی ئێوەیـە ئـەرکی ژیـان
تێخرۆشێن، تێبکۆشێن، کۆڵ نـەدەن
تا بـە زۆر بیهێننـە دەس مـافی ڕەوان
نوکی پاچ و بیری ورد و هێـزی لـەش
ببنـە بورکانێـک لـە گیـانی دوژمنـان
ڕێکی خەن یاسا و نیزامـی هاوبەشـیی
با بـڕووخێ شاهـ و تـەختی خائینـان
بەگلـەر و سـەرمایەدار و خـان و مـیر
پەت بکەن، ڕایـانبکێشـن بـۆ نـەمان
ئەو حەلەی کاتێ وڵات ڕزگـاری بـوو
پیاو و ژن، پیر و جوانتان شان بە شان
هەوڵ بدەن بۆ ئاوەدانی و مەعریفـەت
تاکوو بێنە ڕیزی پێشکەوتووی جیهان
ئەو دەمەش ڕۆڵەی پرۆلیتـاری کـورد
دەبنــە ڕابــەر بـۆ وڵاتــی کوردســتان
کاشکێ یاسـایەکی تـازەم مـن ئـەدی
پڕ لە سوود بێ بۆ گەل و بۆ نیشـتمان
چارەنووست خۆت ئەبێ دیاری بکـەی
نەک تەمایەر بی کە بۆت کەن هەندەران
**قانعا**، سـا تـۆش لەگـەڵ لاوانی کـورد
ڕوو کەنە مەیدان وەکوو شـێری ژیـان

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## دەست پێوەگرتن

کوردە تۆ دینت وەک جاری جاران	دەم‌کەم قۆریە سوور سوبح و ئێواران
پێت خۆشە گیزەی سەماوەر شەوان	گەڕەک بە گەڕەک بڕوا تا کەیوان
هەر چاییت بێ، گوێ مەدە بە نان
کەسبی ساڵێکت چوار پێنج دینارە	یا کرێی جووتە، یا پارەی دارە
یا عەمەلەی هەرد یا هی ناوشارە	دەخیلە مەڵێ: چارم ناچارە
مەیدە بە شەکر شێتی ماڵوێران
کوردە کوڕەکەت کە بێ‌کەوایە	ژنەکەت ڕووتە و ئەڵێی دەعبایە
گەوڕەکەت چۆڵە و بێ گا و مانگایە	سوێندت بۆ ئەخۆم کە خەتای چایە
دەک ئاگرت تێچێ سەرتا بە دامان
باو و باپیرت پیاوی خوا بوون	سەد ئەوەندەی‌تۆ، خاوەن‌دەزگا بوون
دایم خزمەتکار دەستەی گەدا بوون	بۆیە وا سەربەرز دین و دنیا بوون
نەبوو لە ماڵیان قۆری و شەکردان

***

www.rabari.org

## و

### شیعری تور

کو... کو...کوردم، ز... زوانم، له... له... لاله، ته... تـەواو
نه... نەزانی، م... م... ماڵی، ک... ک... کـردم، خ... خـراو
ڕ... ڕەفیقم، س... سواری، ب... ب... با بـوون و منـیش
ڕ...ڕ... ڕۆژی، مه...مه...مەیدان، ک... ک...کەر دێنمه تـاو
بۆ نەجاتی هۆ... هۆ...هۆزم، له... له... باتی ت... تفـەنگ
س... سیواک و ڕ... ڕ... ڕیش و که...که... کەشکۆڵی شکاو
له... له... لای خۆم، مه... مەلام و نه... نه... نەمزانی شـتێ
غەیری باسی مه... مه...مار و قه... قه... قەور و حه...حەساو
فه... فه... فیتره و زه...زەکات و یه...یه... یاسینی نەخۆش
ئـ... ئـ... ئاگر، جه... جەحەنەم، ب... بڵێسەی به تـه ...تـاو
پ... پ...پردی س...سیرات و هه...هه...هەنگوینی بەهەشت
حو... حو... حوری ج...جوان و مه...مه...میوەی ته...تەواو
د... درێژی جه... جەجاڵ و کو... کو... کورتـانی کـەری
کو...کو...کوشتن مه... مەسیح و عه...عه...عاسای ب...بنـاو
ئـ... ئـ... ئیشکی مـ ... منال و گـ... گـ...گرتن شه... شەوه
هه... هه... هاڵی ژ... ژنان و ب... ب... بونی به... بـه چـاو
ئه... ئەمانه بـه... بـەیانم کـه... کـه... کـردن بـه شـیعر
له منالی خه... خەریک بووم، هـه... هـەتا بـووم بـه پیـاو
قانعـا شـیعرت بـه سـافی قیمـەت و نرخـی نییـه
تـۆ تەماتـه کـه بـه لالـی نـاوی خـۆت خەیتـەوه نـاو

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## لە هاتنەوەی شێخی نەمردا

تاکوو عەتری گوڵشەنی پڕ سەوسەنی پەیدا نەبوو
دەوری گێتی پڕفەرەح وەک یەسریب و بەتحا نەبوو[1]
تا سوارەی پەرچەمی نەڕژایە سەر سەفحەی جەمال
کاتبی بادی سەبا پڕ نەشئە و شەیدا نەبوو
تا نەهەنگی دڵ بە قوولابی موژەی ئەو[2] دەرنەهات
(مجمع البحرین)ی سینەم شەق وەکوو دەریا نەبوو
تا لە نێو تانەی[3] مەحاقدا بوو برۆی چەشنی هیلال
خونچەیی دڵ، عەینی پێتەختی سولەیمان، وا نەبوو
تا لەسەر گوڵ تۆپی کولمی وا نیقابی لا نەدا
زوڵمەتی دونیا میسالی (لیلةالأسرا) نەبوو
تا لە دەربەندی دەروونم خاری حوزنی هەڵنەکەند[4]
دەشتی سنگی بازیانم، (جنةالمأوا) نەبوو
تا لە بازاڕیا فەلەک، مەحموود و خەزنەی جەم نەکرد
جەژنی قانع مونحەسیر بە (قُم فَأنذِرها) نەبوو

***

١. لە دەسنووسێکدا نووسراوە: (مینا)
٢. لە دەسنووسێکدا نووسراوە بە (حەلقەی زولفەکانت)
٣. تانە: ئەو شارەی هیندستانە کە شێخ تیایدا بەند کرابوو
٤. لە دەسنووسێکدا نووسراوە: (هەڵنەهات)

## جەرگی بوریان

براکـــەم حالـــەتم گریانـــە ئەمـــڕۆ
دڵ و جـــەرگم تـــەواو بوریانـــە ئەمـــڕۆ
بە یەک لەحزە دووسەد حاڵم ئـەگۆڕێت
تەماشـــای حاڵـــەتم ســـەیرانە ئەمـــڕۆ
لـــە بـــاخی مەزرەعـــەی ئیقباڵـــی لارم
لە خەم کۆکۆ وەکـوو خەرمانـە ئەمـڕۆ
ئەوەندە پەستە بەختی شوومی نەحسـم
لە بـەختم واعیـزیش شـەیتانە ئەمـڕۆ
گرفتـــارم بـــە دەرد و بـــێ‌پزیشـــکم
تـەداویم هـەر خـەم و گریانـە ئەمـڕۆ
ستارەی بەختی نەحسـم وا لـە گۆمـا
لـــە عـــەقرەب تـــالیعم میزانـــە ئەمـــڕۆ
خەمم تـاج و سـەراپەردەم نەخۆشـین
دەروونی دڵ عەجـەب وێرانـە ئەمـڕۆ!
وەکوو قـانع خەیاڵـی گـەورەییم بـوو
کەچی ئێستە خـەمم بـۆ نانـە ئەمـڕۆ!

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## تێهەڵکێش

عاشقی دڵبەخەم! نەکەی هەوا و خەیاڵی خورد و خەو!
بادەی دلگشا بجو، تازە بە تازە، نو بە نو
کاتێ کە یارت دێتە لات لە گێژی خەم ئەتدا نەجات
بوسە ستان بە کام از او، تازە بە تازە، نو بە نو
چیتە لە سیحری ساحیری، یا وشکە زوهدی زاهیدی
بادە بخور بیاد، او تازە بە تازە، نو بە نو
تۆ هەر دەمێ مەرارەتێ، ئەو هەر شەوێ نەزاکەتێ
نقش‌ونگار و رنگ و بو، تازە بە تازە، نو بە نو
قانع ئەگەر موشەڕڕەفی حزووری یاری خۆت ئەوێ
قصەی حافظش بگو تازە بە تازە نو بە نو

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

## لاسایی کردنەوە

کوردینـــە! ڕۆژی شـــادییە، هـــەموو دە بێنـــە هـــاتوچـــوو
وا دەردی دڵ شـــوکور نـــەما شـــادی بکـــەن بـــە زووبـــەزوو
چۆن شادییێ لە خۆشی دڵ وەک جۆشی مەنجەڵ بێتە کوڵ
زورنـــا بـــە عاعاعـــا عـــەعا، دەهـــۆڵ بـــە بـــوو بـــەبوو بـــەبوو
نەشئە بخاتـــە دڵ هـــەموو حـــەیوانی مـــاڵ و دەشـــت و کێـــو
بـــزن بـــە بابابـــا بـــەبا، پـــەپوو... بـــە پـــوو پـــەپوو پـــەپوو
پاســـاری بێتـــە جیکـــەجیک، قـــالاو بـــە قاقـــا قـــا قـــەقا
مامر بە قرتە قرتە قـرت، جوجکـە بـە جـو جوجـو جوجـوو
منـــاڵ بـــە پـــش پـــش پـــش و گوربـــە میـــاو میـــاو میـــاو
کوڕگەل بە چخ چخ چخ و سەگەل بە حوحوحو حوحوو
هەڵپەڕکێ‌کەر بە تەپ تەپ و شومشاڵ بە هـاژە هـاژە هـاژ
گۆرانی‌بێژ بە وەی وەی وەی، سەرچۆپی‌کێش بە هو هوهوو
دەفیش بە پـەو پـەو پـەو پـەو و تاسـیش بـە زڕ زڕ زڕ زڕۆ
دەمانچە تەق تەق تەق تەق و تفەنگ بـە تـوو توتـوو توتـوو
ئەسپی سوارە حی حی حی، هێسر بە لووشە لووشە لـووش
کۆتر بە گوم گوم گوم گوم و کەڵەباب عـو عـو عـوو عوعـوو
مـــەڕۆ مـــەڕۆ مـــەڕۆ بڵـــێن، کـــوڕان بـــە کیـــژی نـــازەنین
لاچـــۆ لاچـــۆ لاچـــۆ بڵـــێن، کچـــان بـــە شـــەرم و ئابـــڕوو
ســـوارە بـــە زرمـــە زرمـــە زرم، منـــاڵ بـــە قیـــژە قیـــژە قیـــژ
عودیش بە دی دی دی دی دی، خۆشی بخاتـە دڵ هـەموو
پیانۆ بە دن دان دن دن و کەمانچە جی جی‌جـی جـی‌جـی
شاور بـە فـڕ فـڕ فـڕ فـڕ و بـۆقیش بـە قـو قوقـوو قـو قـوو
لەقلەق بە لەقلەق لەقلەق و هێ‌هێ‌هێ‌کەر بە هێ هێ‌هێ
**قانع** بە هەی‌هەی هەی‌هەی و سۆفی بە هوو هوهوو هوهـوو

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



برا بن غایەتان یەک بێ، برایی غایە یەکبوونە
ئەوەی کۆمەک بە فیکرت بێ، لە هەر لابێ براتانە

كتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabati.org

# چۆن نەگریم؟

کوردە چۆن نەگریم هەمیشە بۆ کزیی و داماوی تۆ؟
چۆن قوڕی عالەم بەسەر خۆدا نەکەم بۆ ناوی تۆ؟
ڕەنگی زەردی جەرگی تۆیە من ئەسووتێنێ تەواو
شیعری من دەرمانی دەردە بۆ دڵەی زاماری تـۆ
خوێنی تۆیە شەربەتی ڕۆژی جلووسی ئەجنـەبی
سەیری دوشمن کە لە شار و کووچە و بازاڕی تـۆ
سەوزەگیای کارێزی پاشا مێشـکی بـاپیری منـە
ئیستە وا فەرشە لە ژێر پێی دوژمنی خوێنخواری تۆ
ڕۆحی بابانە لە گرد و مەقبەرەی سەیوان ئەڵـێت
ڕۆڵەکانم! کێیە ئەو خەیمە لە ژووری شاری تـۆ؟
لاوی کـوردم! مردنـت زۆر چـاترە تـا ژیـنی وا
ئەجنەبی بێت و لە گۆیژە بێت بە فەرمانداری تـۆ
خوێنی هاوخوێنت ئەڕێژی نۆکەری ئەگریتـە دەس
هەی سەگم بەردایە زێـڕ و لـیرە و دینـاری تـۆ!
یادگاری هۆزی (مـاد)ە داوەشـێی بـۆ مامەڵـەت
لاپەڕەی مێژوو ئەنووسێ لەعنەت و ڕەفتـاری تـۆ
**قانعا** گوفتـاری تـۆ شـیرینە یـا شـەکر و نـەبات؟
کەتمی ناحەق بۆ بکەم شیرین‌تـرە گوفتـاری تـۆ

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## برا خۆش بوو

برا، خۆش بوو مەریوانم کە جێگەی جانیجانان بوو[١]
نە جێگەی خەڵکی بێکارە و نە جێگەی جەوری دەوران بوو[٢]
مەساحەت گاهـ و مەیدانی درەتفێ[٣] (جنةالمأوا)
زەل و زوزی زرێبارم[٤]، بە عەینی باخی ڕیزوان بوو
نەسیمی سوبحی سەرمارۆ[٥] هەناسەی بەردی قاراوا[٦]
سەری گۆڵبەندی میراجی[٧] تەماشاگاهی کەیوان بوو
گوڵاڵەی دەشتی دۆلاش[٨] و وەنەوشەی گوێزەبەیخانم[٩]
لە چاوی بەد بەدووری کەی، وەکوو فیردەوس و غیلمان بوو
لە ئەربابی مەلا پرسن، کە بەخشش تا چ ئەندازە؟
لە شێخ پرسن، لە بۆ بێتین، چلۆن مەیدانی ئیحسان بوو؟
لە برقەی خەنجەر و، ورشەی ستارخانی لە مل پیاوا
وەکوو جەولانی ڕوستەم بێ کە حەربی ملکی تووران بوو
لە بۆ ئەربابی تەوقیع و بەجێ هێنانی موحتاجی
درۆ ناکەم ئەگەر بێژم لە دنیا کانیسانان بوو
بە تۆ چی **قانعا**، ڕۆژێ نەبوو بۆ تۆ بە کامی دڵ
لە سایەی جەهلی خزمانۆ لە بۆ تۆ حفری نیران[١٠] بوو

***

---

١. لە دوو نووسخەی دەسخەتیدا بەو جۆرە نووسراوە.
٢. لە دەسخەتێکدا نووسراوە: نە جێگەی تورکی ورمێ و نە جێگەی فورسی تاران بوو.
٣. دێیەکە لە مەریوان.
٤. گۆلە ئاوێکی گەورەیە و کەوتۆتە ناوەڕاستی دەشتی مەریوانەوە.
٥. دوو چیای بەرزن لە مەریوان.
٦. هەمان سەرچاوە.
٧. کوێستانێکی هاوینەهەوارییە کەوتۆتە ڕۆژئاوای مەریوانەوە.
٨. دێی ماڵە باوانی ئەسڵی شاعیرە کە ئێستا کەلاوەکانی بە ئاستەم ماوە.
٩. کانی و ئاوێکی سازگارە.
١٠. لە نوسخەیەکی دەسخەتیدا وا دەخوێنرێتەوە کە بەمجۆرە نووسرابێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

## ئەسپەکەم

ئــەی بــرادەر! گــوێ گــرن بــۆ تاریفــاتی ناتــەواو
یــابوویێکم هــەس چ یــابوو؟ مــۆخ و قــووە تیــا نــەماو
پاشو دیبەک، چاو تەنوور و گوێ وەکوو گوێدرێژی پیر
کەللـە دێـو و بـێ‌دیـان و سـینە وەک دەربـەی شـکاو
لاشە وەک گامێش و ڕۆحی زۆر بچوکتر بـوو لـە مـێش
پەیگەشـل، بـن‌کلـک فـل، حەیتـەزل و سـابرێن گـاو
قەت لـە عـومری خـۆی سـەعاتێ قالـبی سـاغی نـەبوو
ناوکــەڕێش و هالــەدار و جەوشــەن و کەللــە مقــاو
زین پەلاس و ڕەشوە بـەن‌قـەن، قوشـقونی تالـی دەزوو
هەڵئەکێشێ ئاهـ و نالــە ئـەو بـۆ نەخــتێ کـای ڕزاو
کایـەنی خالـی و خەوالـە ئـاخوڕی پـڕ بـوو لـە هـیچ
وەک ژنـێ بێـزوو بکـا بێـزووی ئـەکرد بـۆ چـۆڕێ ئـاو
مـن بـە سـەریۆ یافـەتاحم بـوو کـە ئـەو سەرسـم نـەدا
ئـەو لـە ژێـرۆ یـا ڕەزاقـی بـوو لـە بـۆ سـۆس و دەسـاو
ڕۆژی نـەورۆز کردمــە لامــاڵ تــا جــەمامی دەربچــێ
ئەووەڵــی پـاییز لەســەرخۆ گەییــە کــانی بـۆ سـەراو
**قانعــا** ئــەم ئەســپە چاکــە بێنــە مەیــدانی گــرەو
گاهێ ڕەوت و گاهێ وێرغە، گاهـێ نەرمـە و گاهـێ تـاو

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## وا پەرێشانە تەواو

دڵ بـه عيشـوەی نـازی چـاوت وا پەرێشـانە تـەواو
بێڕەواج، بێقیمەتـە مانـنـدە سـەرچاوگەی زووخـاو
ڕۆژی ئەوەڵ کەوتمە ناو حەڵقەی کەمەندی زوڵفی تـۆ
قـەتعی ئومێـدم بـڕی ئەوسـا لـە عـومری ناتـەواو
لەهجەیی شەکر فشاندت مەستی کردم وەک شـەراب
هەی فیدای باڵات بە جارێ عەقڵ و هۆش و ڕۆحوچـاو
هاروتی چاهم، ئەسیری سەرجەزای حوسـنی ئـەتۆم
شل‌کە حەڵقەی تای تەنافی زوڵفەکەت تا گەم بە ئاو
ڕووتەڕووت بۆ ڕووتیڕووت دەرخە هەتا ڕۆت بۆ نەکەم
ڕووت ئەگەر بۆ ڕووتی ڕووت دەرخەی چلازمیە هـەتاو؟!
بەزمەتـەی زامـی دڵـم ئـەمجارە وا مەحکـەم بـووە
گەر بە شمشێری بـڕۆت بکـرێ لـە بـاتی نەرمەسـاو
**قانعـا** یـارت بـە نـازۆ پێکـەنی و ڕوانی لـە بـۆت
پێشکەشی کە تۆ بە خەندەی شام و بەغدا سەر تەواو

***

www.rabati.org

## هـ

### مەریوان

مەریوانــــە مـــەکانی مەهرِوخانـــە[1]
مەریوانـــە وەکـــوو بـــاخی جینانـــە
مەریوانــە بەهەشـــتی ڕووی زەمینــە
مەریوانـــە کـــە نایـــابی جیهانـــە
برا سەرچەشمەکەی وەک سەلسەبیلە
بە عەینی خاکەکـەی فـەردی زەمانـە
لـە نـاو ئـەو دەشـتەدا گـۆلی زریبـار
نموونــەی چــاوی لــەیلی عاشــقانە
هەوایێ موعتەدل، کوێستانێ پڕ گـوڵ
بـــە مـــل بـــاقی ولاتـــا ئاسمانـــە
بەهەشــتە ئـاو و خـاک و بـا و ئـەرزی
کچـــانی حـــوور و کـــوڕ غیلمانیانـــە
ئەمە زۆر فـەخرە بـۆ خـاکی مـەریوان
موئـەریخان ئەڵـێن: جێـی ئاردەڵانـە
ئەمیرحـەمزە و[2] هەڵـۆخان[3] و قوبادبـەگ[4]
یەکایەک جێگە دەستیان تیـا نیشـانە

---

١. قانع هەستی ناوچەگەری زۆر بەتین بووە، لەم کاتەدا کە ناوچەی مەریوانی لاواندۆتەوە.
٢. ماڵەکەی لە مەریوان بووە و خۆی لە باقوبە کوژراوە.
٣. کوڕی کەریم خان، کوڕەزای سورخاب شای ئەردەڵانییە.
٤. کوڕی فەیروزە، کە پێی ئەڵێن بابائەردەڵان بەڕەگەز (مامۆیی)یە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جەنابی ناری[١] فەرمووی خـاکی ئێمـە
قـەدیم تـا ئێسـتا جێگـای شـاعیرانە
خەیاڵی و[٢] شێخ سەعید و[٣]خاتو خۆرشید[٤]
مەلا ئابی[٥] کە شیعری چـەن جوانـە؟!
فەریق و ناری هەردوو بەحری عـیلمن
لـە گشـت لایـە هونـەرهایان عەیانـە
بە فارسی و عارەبی و **کوردی** و تورکی
بـە چـوار زوانـە، ئـەدەبیاتیان بەیانـە
لـە قـەرەنی پێشـووا کـاری مـەریوان
موحەققـەق خـارجی شـەرح و بەیانـە
زمان کوا قـووەتی شـەرحی ئـەدا کـا؟
قەڵـەم کـەی قـابلی ئـەو داسـتانە!!
بە هیچ **قانع**! هەموو وەسف و سەناکەت
کـە ئێسـتا مەنزڵـی بێگانەکانـە...

***

١. مەلا محەممەدی بێلوو، مەشوور بە کاکەحەمە کە شاعیر بووە.
٢. شاعیرێکی کۆنی مەریوانییە لە دەوروبەری سەدەی دەیەمی کۆچیدا ژیاوە.
٣. کوڕی شێخ محەممەدی دۆلاشی مەریوان، لە نەوەی کابل و باپیری قانعە.
٤. کچی شێخ مـارفی کەولـۆس و لـە سـاداتی تەڕەتەوەنـە، لـە شـاری سـنە لای فاتمـەخانی ئەردەڵانی خوێندوویەتی و شاعیر بووە.
٥. ناوی شێخ محەممەد بووە و زانایەکی ئایینی و شیعردۆست بووە.

## پێنجخشتەکی لەسەر شیعری کوردێک

هەوای سەر شاخ و کوێستانم پزیشکی دەرد و عیللەتمە
خوا ئاوا بێ ئەم خاکە، کـە مایـەی ژیـن و سـیحەتمە
دە ڕەببی کوێری کەی هەرکەس، لەسەر فەوتانی جەنەتمە
**نیشانەی تیری زیللەت بێ، ئەوی بـەدخواهی میللەتمـە**
**دە غەرقی گێژی نەگبەت بێ، ئەوی دوژمن سەعادەتمە**

بە دەسـتی خـۆم نییـە وەڵـلا لـە دیـوانی خـوا کـوردم
لە ناو شێخ و بەگ و میر و مەلا و شاهــ و گـەدا کـوردم
تەماشای جەوهەری مـن کـەی ئـەزانی ئاشـکرا کـوردم
**بە کـوردی بـووم و خولقـاوم هـەتا ڕۆژی جـەزا کـوردم**
**لەســەر ئــەم بیرمــە ژیــنم ژیــانێکی حەقیقەتمــە**

فیدات بم کوردە بۆ خاکت! چ بێعەیبە و چەنێ دڵگیر!
ئەگـەر خاکـت نەسـووتێنن بـە نـاری حیلـە و تـەزویر
بەهەشتێکە کە ئیحتیاجی نییە هەرگیز بە جۆگەی شیر
**وەتەن زۆر خۆشە قـەدری بـێنیهایـەت نایەتـە تـەقریر**
**لە لای عالەم کە دۆزەخ بێ بڵندتر سـەد لـە جەننەتمـە**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


تەماشای پیرەمەگروون کە دەماخی چەندە سەربەرزە
لە باخاتی تەبیعەتدا گولالەی سەد هەزار تەرزە
تەماشای ئایەتی خوا کەن لە ئەوسافی وەتەن ڕەمزە
**بە بورهانی کەلامی حەق بە دڵ حوببی وەتەن فەرزە**
**کەسێ مونکیر بێ بەم قەولە نەزانینی لەسەر خەتمە**

وەتەن! دێوانەکەی خۆتم، بەلاگەردانی بەرپێتم
ئەگەر بێتوو قبوڵم کەی بە دڵ سەربازی سەرڕێتم
جگەرسووتاوی لاوانی بەبێ ماڵ و بەبێ جێتم
**لە باخی عیشقی میللەتدا فیداکاریی نەکەم شێتم**
**فیداکاری لەسەر ڕێی هێرشی سەیلی موحەببەتمە**

چ خۆشە زەحمەتی زۆر زۆر لە پاشان ڕەحمەتی تیابێ!
چ شیرینە دەوای تاڵی بە شەرتێ سیحەتی تیابێ
نەبوونی خۆم و ئەولادم قبووڵە عیززەتی تیابێ
**بە ڕۆح کێشانی خۆم ڕازیم ژیانی میللەتی تیابێ**
**بەبێ ژینی وەتەن، ژینم ژیانێکی مەزەللەتمە**

خوا! بۆ خاتری جەمعی وەتەنخواهانی دڵپاکان
بە خوێنی ناحەقی کوژراوی ئەشکەوتان و بنبەردان
بە حەققی حەزرەتی پێغەمبەر و سیی جزمەیی قورئان
**بژی کورد و بمێنێ تا قیامەت خاکی کوردستان**
**بە عەونی ئەو خوایە، خالقی فیکر و تەبیعەتمە**

***

www.rabari.org

## ... بۆ چییە؟

من کە ڕۆڵەی کوردەکانم تـورک و تـارم بـۆ چییـە؟
تـا بـرای پشـتیم ببـێ یـاری لـەمارم بـۆ چییـە؟
تا کلاشی بەنچنی ژێر مەحکـِەمی خـۆم دەس بـدا
قۆندەرەی تەسک و تروسک و لار و خوارم بۆ چییە؟
تا کتـێبی وەسـفی خـاکی کوردسـتان ئینشـا ببـێ
وەسفی (رکن‌آباد) و نـەهری (رودبار)م بـۆ چییـە؟
تا سەبیلی زەرد و سووری فیتکـەدووری خـۆم ببـێ
فلتەفلـتی نێرگەلـە و تـۆپی سـیغارم بـۆ چییـە؟
شەربەتی هەرمێ لەت و دۆشاوی شۆکەم دەس کەوێ
ئارەق و تریـاکی هـەر وەک ژەهرەمـارم بۆ چییـە؟
نەی کە شومشالـە عـەزیزم، سـەد گرامـافۆن ئـەژی
سۆزی شومشالم ببێ مـن عـوود و تـارم بـۆ چییـە؟
ڕانک‌وچۆخەم دەس کەوێ، چیمە لە فاسۆن و حەریر؟
جـاوی خۆمالـیم ببـێ چـیتی توجـارم بـۆ چییـە؟
(بانی‌خێلان) ئاوەدان بـێ بـۆ قەلـەم بـۆ کوردەکـان
تـازە ئیتـر ئـووچی پیسـی بـەدنیگارم بـۆ چییـە؟
تا ببێ بـەفراو و مێـرگ و چیمـەن و ئێلاخـی خـۆم
ئاوی سوێر و دڕکە زەردەی گەرمەسـارم بـۆ چییـە؟
تا تەماشای قامـەت و لەنجـەی کچـی کـوردم ببـێ
حـۆریی و غیلمـانی سـۆفی مفتـەخوارم بـۆ چییـە؟
تـا هـەزاری نیکتـەگۆ وەک **قـانعی** پەیـدا ببـێ
دەفتـەری ئەفسـانە کـۆنی پـڕ لـە عـارم بـۆ چییـە؟

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پێنج‌خشتەکی

کوردســـتانە بێشـــەلانی شـــێرەکەی مەیدانمــە
خـــاک و بـــادی نیشـــتمانە بێشـــکەیی لاوانمــە
کوردستانە مەکتــەبی ویــژدان و هــەم عیرفانمــە
دڕک و دالــی کوردســـتانە سۆســـەن و ڕێحانمــە
**گەرمەســێری کوردســـتانە شــەربەت و فنجانمــە**
کێــو و کوێســـتانی ولاتــی کوردســـتانە جەننــەتم
خاکی خاوەن‌ڕزقی کوردە دایکــی پــڕ شــەفقەتم
ئاوی سارد و نانی زۆر و نیعمەتی بــێ زەحمــەتم
کەی وەکوو خەڵقی لە خاکی خەڵکەدا پڕمیحنەتم
**هــەر ئەڵــێم ئــاوا بــێ یــا ڕەب (جنةالعـدنان)مــە**
قەسری فیردەوسی بەرینە باخی هەنجیر و هەنار
خاوەنی حەوز و حەیات و مەرمەڕ و جۆگــە و چنــار
کەوسەرم جۆگەی دەڵێنە[1] یــا بنــاری ســەرچنار
چەمچــەماڵ و بازیــانم مەســکەنی شــیرین‌ســوار
**بێ تەماشای شارەزوور کە چاڵی دەغـڵ و دانمــە**

---

١. جۆگایەکی گەورەیە لە شارەزوور.

www.rabari.org

فەخری ڕازی بی بەبێ‌کەس حورمەت و قـەدرت نییـە!
سەد کوڕت‌گەر بێ کە خۆت ماقووڵ‌نەبی سوودی چییە؟
ملکی بـێ‌خـاوەن عـەزیزم هـەر وەکـوو داری بییـە
با کەوانیش خۆش بپێکێ موزتـەڕی لۆیـێ ژییـە
**کوا پیـاوێ تـێ بگـا لـەم شـیعرە بـێ‌مەعنانمـە**

**قانعم** ئەسپی خەیاڵم چەندێ‌تر سـەرگەرم ئـەبێ
مشتەریی ئەشعارەکانم قەڕنێ‌تر بـێ‌شـەرم ئـەبێ
ئەی ئەسەف! هەرتاکوو بەردی ڕەق تەواوی نەرم ئەبێ
چەن فەقیری دڵ خەیالی داخلی سەرتەرم ئەبێ
**من ئەبێ چی بکەم کە ئێستە ئارەزووی مەیدانمە؟**

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## موناجات

یــا موحەممــەد لێوبــەبار و دڵ بــە بوریــانم مەکــە
ئەی ڕەئیسی هــەر دوو دنیــا دیــدە گریــانم مەکــە
دەستەئەژنۆ و چاوەڕێگــەی دەســتی یــارانم مەکــە
من کــە ئــالی تــۆم زەلیلــی بــاری عیســیانم مەکــە
**غەیری قاپی ڕەئفەتت بۆ کەس سەناخوانم مەکە**

ئەی شوعاعی شەمس و کەوکەب شوعلەیی ئەنواری تۆ!
زینەتی (جنّــات عــدنٍ) شــوبهەیی ڕوخســاری تــۆ!
ئەی بوراق و تاج و ڕەفـڕەف خەلعەتی ئەنواری تــۆ
ئەی مەسیحا چاوەڕێگەی نوقتــەیی گوفتــاری تــۆ!
**بەشبڕاو و بــێنســیبی لوتــف و ئیحســانم مەکــە**

ئــەی خــولامی بارەگاهــت قەیســەر و دارا و جــەم
ئەی لە دیــوانی جــەزادا شــافیعی جوملــەی ئومــەم
مەسنەدی ئەوڕەنگی بەزمت کەوتە ژوور لەوحولقەلەم
ئینتیزاری فەیزی لوتفی تۆن هەموو عورب و عەجــەم
**غــەیری ئــالی تاهرینــت دەســتەدامانم مەکــە**

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

تۆ کەلیم و تەکیەگاهت عەرشی ئەعزەم میسلی تـوور
قاب قەوسینیٚ لە بەینا ما بـە تێکـەڵ نـوور و نـوور
باعیسی تەزیینی قەسر و جەننەت و سیمایی حوور
ڕۆژی مەحشەر چۆن بە باریٚ نەگبەتۆ بێم بۆ حـزوور؟
**سـا لەبـەر خـاتر حسـێنت دڵ پەرێشـانم مەکـە**

واسـیتەی نـوتقی بـەعیر و موقتـەدایی مورسـەلین
شاتری مەیدانی فەزڵت سەد وەکوو ڕووحول ئەمین
ڕێزەجۆیی خوانی لوتفـت سـەد هـەزاران عـاکفین
یـا ڕەسولەڵـلا بـە حـەقی ئـال و بـەیتی تـاهرین
**سەرکز و ئاشفتەحاڵی دەسـتی شـەیتانم مەکـە**

مەخزەنی ئەسراری غەیب و ڕەهبەری ڕێگەی هودا
خـاکی ڕێگـەت (کحـل مـازاغ البصـر) بـۆ ئـەنبیا
شـارقی بـورجی نبـووەت شـاهبازی کیبریـا
ڕەحمی خێرت بیٚ بە **قانع**، گیانـە تـۆ و زاتـی خـوا
**کوا خەڵاتی موستەحەقم؟ ڕووت و عوریانم مەکـە!**

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## تێهەڵکێش

توخوا زوڵـف خـەناوی زەمـانی وەسڵـت کامـە؟
إنــی رأیــت دهــراً مــن هجــرک القیامــه
ئیزهاری عیشقبازی تا کەی بکەم بـەبێ سـوود؟
لــیس دمــوع عینــی هــذا لنــا العلامــه
مـن ئیمتیحـانی بـەختم ئەکـەم، وەلـێ ئـەزانم
مـن جـرب المجـرب حلـت بـه الندامـه
ئەی دڵ لە یاری بێمەیل، بێمەیل، بە چونکەڕاستە
مـن بُعـدها عـذاب، فـی قُربهـا ندامـه
سۆفی دەڵێ بەبێ ڕەنج ویساڵی دولبـەرم هـەس
والله مــا رأینــا حبــاً بــلا ملامــه
دوێنێ لە بەختی من یار چارشێوی شـەرمی لادا
کالشمس فی ضـحیها تطلـع مـن الغمامـه
قانع لە عیشقی چاوی عاشق بە پیاڵـە مـەی بـوو
حتــی یــذوق منــه کأسـا مـن الکرامـه

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

## چوار کەژی ساڵ[١]

پایز:

ئەی وەتەن! پـایز بـەخێر بـێ چونکـە ئێسـتا باومـە
گەرم و ساردی فەسڵەکەت عەینەن دڵەی شـێواومە
بارِەشت ئاهی دەروون و هـەورت هـەر وەک چاومـە
نمنمـی بـاران ئـەبارێ وەک تکـەی زووخاومـە
**شاخ و داخی تۆ نموونەی جـەرگی هەڵـقرچاومە**
گێژەڵووکەی سەر ملانت وەک هەناسەی پـڕ گـرین
تەم لەسەر کوێستانەکانت دووکەڵی قـەلبی حـەزین
ساردی ئەشکەوت و موغارەت وەک دەروونی پڕبرین
پووشی وشکی دەشتەکانت بەندی جـەرگی ئـاگرین
**بەرگـەرِیزانی درەختـت عومرەکـەی فەوتاومـە**
ئەی وەتەن با پێکەوە هەڵـکەینە سـەر گریـان و زار
تۆ لە بـۆ گـەنجانی لادێ و مـن لـە بـۆ لاوانی شـار
تۆ لە داخی هەڵپەڕین و من لـە داخـی عـوود و تـار
ئەشکی خوێنین دابڕێژین، هەر وەکوو هەوری بـەهار
**گەر حەیام بێ خوێنی جەرگم شەربەت و شەکراومە**

---

١. بە داخەوە لە کاتی خۆیدا شیعری هاوینەکەمان لە لا ون بووە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




ئەیوەتەن! کوا نەعرەتە و نرکە و گوڕەی شێرانەکەت؟
کوانێ قانوون و نیزام و دەبدەبەی بابانەکەت؟
بۆچی گومبوو عیلم و عەقڵ و سەنعەت و عیرفانەکەت؟
جاهل و مادونی خەڵکن سەربەسەر خێزانەکەت؟
**ئەی وەتەن! سا گوێ گرە لەم شیوەنە لێشاوەمە**

ئەی وەتەن! هێندێ بە ناوی تۆیەوە جاسووسی تام
ئەی وەتەن! بەعزێ لە داخی تۆیە بوو بە پەندی عام
فیکری خۆمت بۆ بەیان کەم موختەسەر ئاخر کەلام
شەرتە تا تۆ بی حەرام بێ زیارەتی (بیت‌الحرام)
**شارەزوورە جێی سەعی و مەروە و سەفا و پڕ تاوەمە**

ئەی وەتەن! خۆ من بە ناحەق سەرکز و ئاوارە نیم
ڕۆڵەکەی خۆتم بە پاکی دوژمن و خوێنخوارە نیم
چونکە ڕۆڵەی کوردستانم وەحشی و پەتیارە نیم
وا مەزانە کەوتە ڕۆژی خۆی، وەها بێکارە نیم
**سەیری مەغزی دوژمنت کە تێکەڵی خوێناوەمە**

هۆزی کورد! یاخوا نەمێنم بۆ هەناسەی سەردتان!
بۆ خەم و ئاهی دەروون و بۆ دڵەی پڕ دەردتان!
بۆ لچی وشک و بەبار و ڕەنگ و ڕوومای زەردتان
دوور لە خۆی بێ‌شوێنە مەجنوون چۆڵە شاخ و هەردتان
**شیوەنم سەرمەشقە کوردە بۆ وەتەن کێشاوەمە**

ئەی وەتەن! تۆ مەملەکەت بووی کەی وەها وێرانەبووی؟
کەی ئەسیر و ژێر چەپۆکەی دوژمن و بێگانە بووی؟
بەینی بەینەڵلا وەتەن هەرتا کە بووی مەردانە بووی
عەسری پێشوو بێشەلانی کۆمەڵی شێرانە بووی
**من کە نارۆم خۆشی عەسری ئاردەلانت داوەمە**

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

ئەی وەتەن! ناو بردنت بۆ من یەقین شێتانەیە
شێرەکەت بۆ پارە ئەمڕۆ خادمی بێگانەیە
من کە بێ پارەم دووسەد کۆشش بکەم ئەفسانەیە
ئەی وەتەن خەڵکی ئەڵێن پێم **قانعی** دێوانەیە
**ئەی خوا چی بکەم لە بۆ ئەم میللەتە فەوتاوەمە**

***

زستان:

ئەی وەتەن! زستانی ساردت وەک هیوای کوردانمە
ڕووت و قووتی دارەکانت وەک گرۆی لاوانمە
بۆ کلێڵەت قوڕ بپێوم وەک قوڕی سەر شانمە
بەفر و باران و بلووکەت هەر وەکوو گریانمە
**تۆ خەریکی مردنی بۆیە منیش دواگیانمە**
خوێنی گەرمم ساردە بێشک هەر وەکوو بەفراوی تۆ
دڵ وەکوو یەخبەندی تۆیە بۆ نیشانە و ناوی تۆ
ڕۆحەکەم بۆ دەرنەچێ بۆ گوڵشەنی فەوتاوی تۆ
ئەی وەتەن چۆن دانەمێنم وا کز و داماوی تۆ
**کوردە سادەی بێن بگریەن شیوەنی نیشتمانمە**
ئەی وەتەن سەد حەسرەتا بۆ غیرەتی عەهدی قەدیم
بۆ سەلاحەددین و عادل، بۆ قوباد و بۆ کەریم
کوانێ نەعرەی ڕوستەمت؟ کوا بێژەنی بێترس و بیم؟
شێرەکانت مردن و بێکارەکان ساغ و سەلیم
**نەگبەتە دوچاری شانی کورد و کوردستانمە**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەی وەتەن! هیچ خەم مەخۆ ڕۆژێ ئەبێ بۆ ئاخری
دەستی بەیزا دەرکەوێ، سیحری نەمێنێ سامیری
چون سەراسەر جەوهەری، نەک جەوهەری هەر ئاگری
کێ ئەڵێ دەشت و دەر و کێو و کەنەک داناگری
**ئەمڕۆ با وابێ براکەم، چون نەوەی شێرانمە**
هۆزی کورد! تاکەی بە غەفڵەت؟ تا بەکەی مەستن لەخەو؟
تا بەکەی خۆخواردن و دوژمن بە یەک وەک هۆزی کەو؟
ڕۆژی ڕووناکت لەبەر چی تاریکە وەک نیوەشەو؟
گاهێ چاوەڕوانی ئەم بی و تاوێ خزمەتکاری ئەو؟
**ئەی وەتەن! تۆڵەت بە ئەستۆی فیتنە و دووزوانمە**
جەهل دوورانی دوو چاوی بازی تەڕلانی تەوار
کوردەکانی خستە پاش بێگانە وو تورک و تەتار
هەر زەمانێ چاوی بەر بوو کوردی ڕەندی هوشیار
جا تەماشا کە لە لرفەی پیادە وو هەڵمەت سوار
**شاهیدی ئەم ئیددیعامە دەبدەبەی بابانمە**
**قانعا**! میللەت هەموو کوێرە! ئەبێ کێ بەرکەوێ؟
میللەتێ جێماوی گشتە ئێستەکە چۆن سەرکەوێ؟
کوردی جێماو چۆن لە ناو عەللامەکانا دەرکەوێ؟
ئەی خوا ئاهـ و نزوولەی خاکەکەم مەحشەر کەوێ!!
**جا ئەزانی کێیە ڕووڕەش بەردەمی یەزدانمە؟!**

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەهار:

ئەی وەتەن! دیسان بـەهارە و ئـارەزووی سـەیرانمە
مـەیلی هـاژەی قەڵـبەزەی بـەفراوی کوێسـتانانمە
ئیشتیهای بـۆنی گـوڵ و گـوڵسۆسـەن و ڕێحانمـە
ئـــارەزووی ســـەرکەوتنی لاوانی کوردســـتانمە
**گەرچی بۆ جەهل و نەزانین، شـۆڕش و گریانمـە**
ئیشتیهای سروەی نەسیمی سوبحی سەر کۆسار ئەکـەم
سـەیری خاڵـی ئـاڵ و واڵـی ئـاهوویی تاتـار ئەکـەم
ئەی وەتەن وەختم بە یـادی تۆیـەوە ئیمـرار ئەکـەم
بیر لـە ئـەییامی زەمانـەی زەنـدیی و قاجـار ئەکـەم
**دەردەکەم دەردێ گرانە و دەردی بـێدەرمانمـە**
ئەی وەتەن! باخچەی تەبیعیت کافییە بـۆ جەننـەتم
مەنزەرەی سـوبحی جـەماڵت شـافییە بـۆ میحنـەتم
تۆ پزیشکی دەردی دڵـمی بۆیـە ڕوو لـە سـیححەتم
لا ئـەبا بـۆنی وەنەوشـەی چیمـەنت سـەد عیللـەتم
**لێوبــەبار و دەســـتەئەژنۆ ســـەرکزی کوردانمــە**
ئەی وەتەن! بەرلین بە نۆکەر سۆسەن و نەسرینی تۆ!
لۆندەر و پاریس فیدات بن بۆ هـەوای شـیرینی تـۆ!
کەی قەڵەم تەحریر ئەکا شەرحی گوڵی ڕەنگینی تۆ؟
بـۆنی عـەتری خسـتە دنیـا نەرگسـی نـوورینی تـۆ
**ڕەببی ئـاوا بـێ وەتـەن، چـون (جنةالعـدنان)مـە**
هۆزی کورد ئەمڕۆ بـەهارە! کـەی بـەهاری ئێمەیـە؟
کـەی وەتـەن گوڵـزار و بـاخ و لالـەزاری ئێمەیـە؟
کەی سلێمانی و هەڵـەبجە و کۆیـە شـاری ئێمەیـە
خۆرنشین ڕەنگـزەردە، گـۆیژە دەردەداری ئێمەیـە!
**کوێر نەبووم، ئەیلوولە تانەی سەرپەڕەی چاوانمـە**

قەسری قاجارە لە جەرگم زامی سەختی کارییە
بۆ براکانی شیمالم ئەشکی ئاڵم جارییە
ڕۆڵەڕۆمە بۆ شۆکاک و کار و پیشەم زارییە
سووری خوێنی لوڕ لە هەوری ئاسمانا دیارییە
**ڕۆژی ئەمڕۆ یادی ڕۆژی وەیسە و پیرانمە**

دوێ لە قەبرا نەوجوانێ تازە نەوخەت هاتە دەر
ئاوڕێکی دا، نواڕی بۆ سەراسەر دەشت و دەر
نەعرەتەی پێکا و بە دوودەس دای لە سینە و تەپڵی سەر
بۆچی وا پاشکەوتووە کوردی دلێری پڕ هونەر
**ئەم وڵاتە بێکەسە کەی خاکەکەی جارانمە؟**

ئەی وەتەن! بێشەوق و زەوقی، ئیشی بێئەولادییە
بێستوون بێنازە ئەمڕۆ، کاری بێفەرهادییە
ڕەببی خوسرەو کوێر و کەڕ بێ وا لەسەر بێدادییە
بۆ هەموو کەس دەورە دەورەی حوڕڕیی و ئازادییە
**ئەی خوا تا کەی ئەسیریی خەلعەتی نیشتمانمە؟**

ساقیا! سا دەی بە یادی چاوی دولبەر بێنە مەی
بۆ فەرەج تێکە لە سەریەک بێرە گەردش پەیبەپەی
قەت مەخۆ ئێشی زەمانە، بیرکەرۆ کوا تاجی کەی؟
کوانێ گورزی قارەمان و دەبدەبەی شێرانی ڕەی؟
**قانعا** ئەمڕۆ و سبەینێ نەوبەتی گۆڕانمە

***

www.rabari.org

## چاوی یار

مەستی چاوی یاری خۆت بی تا قیامەت، غەفڵەتە
مردنی ئەو مەستییە زۆر چاتری هەر سیحەتە
گۆشەگیری زاویەی عیشقم، لە ئاوێنەم چییە؟
چونکە عەکسی خۆم ئەبینم بۆ خەیاڵم کەسرەتە
پاشی سەدخەرمانی خەم هەر خۆشەچینی مەینەتم
بۆ خەڵەی ئومێدەواری عیشقی یارم ئافەتە
خۆ زەمانەش وەک منە هەر حەز بە تەنیایی ئەکا
نابینی بێوەجهە دایم دوژمنی جەمعییەتە
بۆ سەری وەعدەی ویساڵت هاتوچوو مەردی ئەوێ
ڕۆیینت بۆ پێشۆ جورئەت، بۆ دواوە زەحمەتە
پیاڵە گەردنکەچ ئەبێ بۆ شیشە و هەروا ئەڵێ:
ئەی مەلا! گیرندە بۆ بەخشندە چەن پڕمەینەتە!
ئاوێنەم بۆ ڕۆشنی پێ‌لازمە نەک بۆ عەکس
ماڵی تاریک بێچرایێ چاتری سەد سوورەتە
وا لە پیریدا چەمیتۆ **قانعا** لادە لە عیشق
ڕیش لە دەشتی عیشقبازی بێبەها و بێقیمەتە

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## نازداری

چاوەکەم! مەغروری هەروا یان خەتای نازارییــە؟
نازە، وا ئاڵۆزە چــاوت؟ یــا لەســەر خونخوارییــە؟
خەم لە من دێوانەتر بوو شۆڕشی دڵــمی کــە دی
دەردی دڵ دەردێ گرانــە و عیلـلــەتێکی ســارییە
ئاوڕی شان و بەرۆکی خــۆم ئــەدەم شــەیدا ئــەبم
چون بە ئەشکی خوێنی جەرگم قرمز و گوڵنارییە
ناتوانێ پێ لــە ئەشــکی خــۆی بنــێ، تێپــەڕ بکــا
مەشرەبی عاشق لەسەر ڕەسم و مــەقامی هارییــە
من بەشوێن دڵما گەڕام، شوێنی بەخوێن دۆزیمەوە
چۆن لە ڕاوچی گومئەبێ سەیدێ کە خوێنی جارییە
**قانعی** بۆیە لــە هیجــرا خــەو لــە چــاوی ناکــەوێ
قاعیدەی حەسحەس وەهایە کەوتە شەو بێدارییە

***

www.rabari.org

## بێقەراری

فیراقـــی یـــاری نـــازدارە ئەساســـی بـــێقەراریمـــە
خـەزانی عـومری بـێمایـەم لـە فەسڵـی نەوبەرهاریمـە
فەلەک وا تەفرەقەی کردم لەسەر جێگە و مەقامی خـۆم
نە هـەر جـارێ کـە ئـەمجارە ژمـارەی سـەد هەزاریمـە
زەمانـــە وا چـــرای بـــەختی کوژانوومـــۆ بـــە یـــەکجاری
ئەڵێ تۆشـەی قەبرسـان و شـەوی جومعـەی مەزاریمـە
لە تـاریکی خـەم و دەردا سروشـکم ڕێ بـە کـۆش نابـا
بـــە واژوونـــە بەســـەر شـــانا فـــوارەی ئەشـــکباریمە
ئەگەر وەعدەم بە مەحشەر پێ بدا دولبەر گەلێ شـوکرم
لەســـەر پـــردی سیراتیشـــا خەیاڵـــی ئینتیزاریمـــە
بە هیجرانت ئەگەر قەتڵم نەکەی بێمیننەتە ئەی شـۆخ
لە وەسڵا ڕۆح ئەبێ پێشـکەش بکـەم گـەر لافی یاریمـە
پەیاپەی بەندی دڵ دەردێنێ، خۆیشم قەت لە خۆ ناگەم
کـە چـون مـن دائیمـا مـەیل و خەیاڵـی سەنگسـاریمە
تەنەببیهـ گەر نەبم هەرگیز مەکەن مەنعم بە زەخمی دۆس[1]
بـــە دیـــنم **قانعـــا** عەینـــەن نیشـــانەی کوردەواریمـــە

***

١. مەبەست لە دۆستە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## لە پێش چاوم

لە پێش چاوم هـەموو عالـەم بـە چەشـنی پەڕەکاییێکـە
سـەرم گەرمـە لـە مەسـتیدا چ دەربەسـتی کڵاوییێکـە!
هەموو ملکی بەلا و میحنەت بـە تـەنیا ملـک و تاپۆمـە
کەسێ وا بـێ لـە نـاو شـارا چ دەربەسـتی سـەراییێکە؟!
بە غەیرەز خەم کە خواردنمە نـەهار و شـام و بـەرقلیان
لـە ئـەنعامی خـوا حیسسـەی ئـەمن تـەنیا نیگاییێکـە
لـە ئاسمانـا بـەلایێ بـێ لـە پێشـا دێتـە ماڵـی مـن
بـەلای غـەیب لەگـەڵ منـدا عەجایـەب ئاشـناییێکە
بە چەن زەحمەت یەکێ هاودەم ئـەبینم تێگەیشـتووبێ
کـە وەختـێ دێتـە گفـتوگـۆ لـە بـەختم نێرەگاییێکـە
ئەوەنـدە یـاس و بێـزارم لـە عالـەم چۆلـییە جێگـەم
سەفی نەگبەت لە چوار دەورم بە عەینی وەک سوپاییێکە
دەخیلت بم لە دەس میحنەت فیرارت قەت نەبێ هـەرگیز
لە بۆ دەفعـی خـەم و غوسسـە بـەلا پشـت و پەناییێکـە
ئەیا ملهوڕ بـە مـەهتووکی مـەفکرە سـەرکزی بـێدەس
کـە چـون دەرمـانی چـەن دەرد و بـرینی زل گیاییێکـە
لـە دوورۆ پـێم ئەڵـێن قـانع پیـاوێکی مـلئەسـتوورە
بە دیقەت بێن تەماشا کەن کە هەر فرمێسک و ئاهێکـە

***

## پێنج‌خشته‌کی له‌سه‌ر شیعری حه‌مدی ساحیبقه‌ران

شـوکری خـوا کـه پـه‌رده‌یی میحنـه‌ت دڕایـه‌وه
پــه‌ترۆی بــرینی عاشــقی شــه‌یدا کولایــه‌وه
دووبــاره جه‌ژنــه ئــاگری عوشــره‌ت کرایــه‌وه
**بولبول به خه‌نـده دێـت و ده‌ڵـێ ده‌ی[1] بڕایـه‌وه**
**شـاخی دره‌خــتی عـومره شـکۆفه‌ی ژیایـه‌وه**

جۆش و خرۆشی هه‌وره کـه وا هاتـه زار و شـین
نه‌عره‌ی سـه‌دایی به‌رقـه ئـه‌نرکێنێ ئـه‌و بـه‌قین
سه‌یرانی سه‌یره گوڵاڵه به دوو چـاوی پـڕ نمـین
**ته‌قلیـــدی دیـــده‌کانی مـــنی کـــردووه زه‌مـــین**
**هه‌ر کوێره‌شـیوه کـه چه‌شمـه‌یی تێـدا ژیایـه‌وه**

سوڵــتانی بــه‌فری شــاخه په‌رێشـان و ماته‌مـه
ئۆردووی سه‌هۆڵ‌و زوقمه کلیله‌ی هه‌موو خه‌مـه
ڕۆژی نــه‌جاتی وه‌حشــیی و ســه‌یرانی ئاده‌مـه
**نــه‌ورۆزه، جه‌ژنــه، بۆیــه چراخــانی عاله‌مــه**
**یـا، ئـاگره لـه عـومری شـیتا[2] چـوو کوژایـه‌وه**

١. یه‌کەم مانگی زستانه، به فارسی.
٢. شیتا (شتا): زستان (عربی)یه.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


دارانی لانـــزارە هـــەموو هاتنـــە زمـــان
کێکف[1] بە سۆز و سازەوە بانگ ئەکا لە ئەرخـەوان[2]
بڕوانـە سـووچی بـاخ لـە سـروەی بـەری بـەیان
**عەرعەر لە لەنجەدایـە، لـە ڕەقسـایە سـەروەکان**
**بەرگی چەمـەن لـە ڕەنگـی زومـوڕڕەد کرایـەوە**
نرکەوگوڕەی شەماڵە کە هات چەشنی شێری نـەڕ
چووزەی بنی درەختە لە دوژمن کە کەوتـە گـەڕ
کوڕ ناخەڵەف نەبوو کە نەترسـا لـە شـۆڕ و شـەڕ
**خەیرولخەلەف نیهالی لـە جێدایـە سـەوز و تـەڕ**
**دارێ بــە بــەفر و بــادی زمســتان شــکایەوە**
ئــازیزە بانــگ ئــەکا بــە ســەدایێکی نەرمــەوە
بڕوانــە بــۆ چنــوور لــە شــاخا بــە ســەرمەوە
بـەم پەسـتیەش ببینـە گـرەوی لـێ ببەرمـەوە
**گوڵ دەستی یاسەمینی لـە ملـدا بـە شـەرمەوە**
**فـەرمووی زەمـانی بولبولـە بـا بێتـە کایـەوە**
ئـەییامی تۆڵەسـەندنی سوڵـتانی نەوبەهارییـە
ئـەم ڕۆژە ڕۆژی مێـوە کـە زنجـیری دار بییـە
کوانــێ وەنەوشــە لــە کــوێدایــە دیـار نییـە؟
**وا تێدەگـەم لـە بـەزمی چەمەنـدا چـرا چییـە**
**لالــە کــە ڕۆنی شــەونمی کــردە چرایــەوە**

---

١. ناوی درەختن.
٢. ناوی درەختن.



تەرسا میساله یارۆ کە زەنناره‌کە زولـفیە
کۆگای گەنجە ڕوومەتی ڕەشمارە‌کە زولـفیە
حەڵـقەی تـەنافی گـەردنی دڵـدارەکە زولـفیە
**بۆ گەردنی عوششاق هەمیشە بەهارە کە زولـفیە**
**عوقـدەی سـیاهی دەمـی ڕیـاحین کرایـەوە**

ئـەم بۆنـە بـۆنی یـارە ئەگـەر بـۆنی گـوڵ نـەبێ
ئەو تاجە تـاجی شـایە شـکۆفەی لـە چـڵ نـەبێ
ئەم خـاک و خۆڵـە پـاکی عـەبیرە سمـڵ نـەبێ
**قـەترانی تـێ تکـاوە ئەگـەر داخـی دڵ نـەبێ**
**یـا سـورمەیە بـە دیـدەیی نـەرگس کشـایەوە**

شەوبۆ و سوور هەلالە ئیشـارە لـە یـەک ئەکـەن
سەرو و چنار و پەڵکە کە سوجدە لە یەک ئەبەن
ئەمـڕۆ لــە لالــەزاری ســەفادایە یاســەمەن
**هەنگامی وەسڵە شەسپەڕ و مینا بە یەک ئەگـەن**
**پـەردەی زەفافـە قـەوس و قـەزەح ڕاکشـایەوە**

بڕوانـە چـاوی هەورکـە جـۆش و خرۆشـی کـرد
دارانی سـەرکڵاوە هـەموو سەوزەپۆشـی کـرد
گەنجی چیا بەجارێ گوڵاڵـەی لـە کۆشـی کـرد
**لیمۆ قەدەح لە چاوی تورنجـە کـە نۆشـی کـرد**
**بەدمەست و سەرکەشە بەشی نەرگس نەمایـەوە**

ئـاخر نەفەسـیە کلیلـە کـە تـەرکی کـەلام ئـەکا
زستانی ساردە وداعی لە خـاس و لـە عـام ئـەکا
نۆبەی بەهارە براکەم حوکمی خۆی بە کـام ئـەکا
**گەردن‌کەچە وەنەوشە لـە زەنبـەق سـەلام ئـەکا**
**نیلۆفـەرە بـە قەهقەهـە لێـوی کرایـەوە**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاتێ کە هـەور گرتـی سەراسـەر هـەموو زەویی
تاڵانی بەفری کـرد چ لـە بـەرزی، چ نێـو نـەویی
سـوور هەڵـگرا گوڵاڵـە لـە شـادی کـە تێگـەیی
**بووکانــە ئەرخەوانــە لـــە تــارایی پەمبــەیی**
**خــوێنی دڵــی بــە خـەمزەیی شـیرین تکایـەوە**

ئـەو خاتـەمی نگینـە کـە سـەنرا لـە ئەهرەمـەن
دووبـارە کەوتـە دەسـتی سـولەیمانی یاسـەمەن
سارێشی کرد بـرینی بـە بـای شـەماڵ دارەبـەن
**چـەترێکی بـێبـەرە کـە درەختـانی نـارەوەن**
**خێـوەت کـە دووبـەرە نییـە سێبەر بـە لایـەوە**

ئـاهووی مێرغـوزارە لەسـەر بـەزمی هـاتوچـوو
هەردەم لەگەڵ گەوزەن وکەڵ و گۆر ڕوو بـە ڕوو
پۆپـەی گڵـووک ئـەخۆن بـە مـەرام و ئـارەزوو
**گریـەی عینـەب بـە باوەشـی بادامـەوە وەکـوو**
**تفلـێکی شـیرەخۆرە بـە بـەر مـەمکی دایـەوە**

سۆفی بە خۆت و ڕیشەوە خۆت لادە مـەگرە ڕێ
بڕوانـە بـەزم و شـۆر و سـەفایە لـە شـار و دێ
تۆش وێردی خۆتبگۆڕە وەرە سەرباسی مێ و یـێ
**هەر عەتری بیدمشکە نەسیمی سـەحەر کـە دێ**
**نـەی دیتـە ڕەقـس و لەنجـە ئەخاتـە کایـەوە**

جەننەتشکێنە کاکە هەموو کێو و دەشـت و دەر
حـــووریٔنگینـــە بـــرا نـــازی یـــاری ســـیمبـــەر
تەئسـیر ئەکاتـە ڕۆح و ئـەبرژێ هـەموو جگـەر
**خوێنی ئەمەندە گەرمە گوڵـی ئاتەشـی سـەحەر**
**لوئلــویی شـــەونمی لـــە مـــەزاقا توایـــەوە**

www.rabari.org ديجيتالّى

ئامــــادەیی گــرتنی داوێــــنی یــــارە دڕکـــەزی
گەنجێکی چواردە ساڵ و تـەڕ و تازەیـە کـەچی
سەردانەواوی سـەلامە کـە وەختـێ چنـاری دی
**پەســتی مــرادی حیکمەتــە بــالای شــۆڕەبی**
**وەرنــــە جوانـــە قامـــەتی بـــۆچی چەمایـــەوە**
بڕوانــە کێــو و کــەژ هــەموو گوڵــزارە دامــەنی
خونچــە بــە شــۆری بولبــولی مشــتاقە پێکــەنی
هێلانـــەدۆزە پـــۆڕ و ئەپرســـێ لـــە مەڵـــبەنی
**کـــەو کۆهســـاری گرتـــووە ســـەحرایە مەســـکەنی**
**هودهود بە تـاج و حـاجی بـە شـان و عەبایـەوە**
وا، جاڕی دا چەمەن کـە گەیشـتم بـە ئـارەزووم
شاباشی گوڵ ئەکەم، لە نەبوونی زسـتانی شـووم
کۆتر ئەڵێ لە شوێنی جووتی خۆمە هـاتوچـووم
**تـــەبریکی ســالــــی تازەیـــە بـــازەمرادی بـــووم**
**هاتۆتــە دەر لـــە خەڵــوە بـــە ڕیشـــی ڕیایـــەوە**
**قـانع** کـە کەوتـە شـیعر، لـە شـیعری دەقایقـا
چۆن ڕاستە ڕاسـت ئەڵـێ لـە مـەقامی حـەقایقا
گوڵدەستە شیعری حەمدی یە فایق بەسەر شەقایقا
**حەمــدی نــەبێ خولاســە لــە جــەمعی خــەلایقا**
**عــومرێکی تــازە لــەززەتێ تــازە بــە شــایەوە**

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## لەسەر شیعری حەمدی ساحێبقەران

تاوێ وەک سۆفی بە ڕیش و شانە و سیواکەوە
لەحزەیێ مەستم بە قەندە و ماشە و تریاکەوە
ڕۆژێ بێهۆشم چ حەقمە من بە پیس و پاکەوە
**وەک هەوا کەوتوومە گێژی گونبەدی ئەفلاکەوە**
**ڕەبی بیبینم وەکوو کیسرا بە سینەی چاکەوە**

هەرکەسێ ئەربابی دڵ بێ جەرگی دایم لەتلەتە
بێ تەماشای بێ دڵیش کە چۆن لە ناز و نیعمەتە
سەیری چەرخی چەرخەکۆنە چۆن خەریکیزەحمەتە
**بۆ کەسێ تا سەر وەفاداری نەبوو بێمروەتە**
**سەیری ئەسکەندەر ئەکەی ڕۆیی بە مشتێ خاکەوە**

پیرێ پاشا بوو فلانی ئەمرۆ وا بۆی دەرچووە
دوێ گونی گونداریَ ئەبڕی ئەمڕۆ خۆی بێگونبووە
حەق بە حەق نادا زەمانە هەر تەبیعی بەدخووە
**چاکە دایم هەر لە پێناوی خراپا ون بووە**
**گەوهەری دەریا بە دایم وا لە ژێر خاشاکەوە**

www.rabari.org

مەیلی بێ سوورێ ئەدات و تۆ ئەخاتە ڕیزی مـیر
ڕۆژی میرێکش ئەخاتـە نـاو فەلاقـە و دار و گـیر
ئەبلـە دایم خـۆش دڵ و پـڕ خەمـە دانـا و ژیـر
**هەر شکستی ئەهلی مەعنای مەتلەبە دەورانی پیر**
**ڕەش ئەخاتە سـەر سـپی پیسـی ئەکاتـە پاکـەوە**

چی بکا عاقل بە بـێدەس سـەرکز و **قـانع** نـەبێ
شەهد و شەککەر تاڵە لای من بۆ خەمم نافع نـەبێ
نەفسی بەدکارم لەمەولا گـەر تـەواو تـامع نـەبێ
**ئینتیقامی خۆم ئەسێنم جەهل ئەگەر مانع نـەبێ**
**شـــوعلەیی ئـــاهم ئەنێمـــە خەرمـــەنی ئیدراکـــەوە**

من کە جەرگی‌خۆم‌کەباب و خوێنی دڵ وەک‌شەربەتە
ئەو قورەی پێواومە بۆ خۆم تاجی فەخر و عیزەتە
چونکە مەشهوورم بە **قـانع** کافیـە ئـەم سـەروەتە
**خەرقەیی شاهـ و عەسای مووسا لە لام بێ‌قیمەتە**
**فەخری ئێمە وا بە کەوڵ و پۆســت و دارمەشـاکەوە**

من کە گیرۆدەی زەمانم پێم بڵێن بۆ کوێ هەڵـێم
قەت نەبوو بووکی مەرامی خـۆم بنێمـە باخەڵـێم
خۆ هەمیشە هەر وتوومە و ئیستەکەش دیسان ئەڵـێم
**عیبرەتە ئەربابی غیرەت تێ بگەن من چی ئەڵێم**
**ئەهلی عیسمەت حەپسە سەربەستی بەلای بێ‌باکەوە**

بۆ نەما مەیدانی شۆڕش بۆ نـەما بـەزمی غـەزەب
بۆ شکاو بەسرایە ئەستۆ سەربەسەر دەستی تـەرەب
کوا ئەمیری دەنگ دلێر و حاکمی عالی نەسـەب
**بۆ نەمانی دین و غیرەت هیمەتی کورد و عەرەب**
**وا بەسەر لەوحـەی کیتـابی حەسـرەتی ئەتراکـەوە**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەیری ئەم خۆلیایە کەوتە مێشکی کوردی دەربەدەر
غیرەتی ئەربابی هیمەت، بۆ فلس چوو بە هـەدەر
خوێنی ئەولادی ئـەڕێژێ بـۆ تـەماعی پـڕ زەرەر
**قەومەکانی ڕوپیەخۆرم پێمئەڵێن ئەی قوڕبەسەر**[1]
**کەر بەجۆ بمرێ شەهیدە سەگ بە گۆشتی لاکـەوە**

قەت نەبوو لەم هۆزەدا هەرگیز نیشـانەی مەکرەمـەت
گشتبەجارێ غەرقیحرس و بێدڵی و پرمەشغەڵەت
کۆمەڵی خزمانی من، بێجەوهەر و بێمەعریفەت
**لاتن و لۆتی و نەفامن بـۆ نیشـات و مەنفەعـەت**
**دەبنە قوربـانی سـەگێ بێشـک بـە بـاب و داکـەوە**

هەرچی ئەم چەرخە ببینێ شیوەنی پڕ خەم ئەکا
تا دەمی ئەگرێ هەمیشە زەم لە بـانی زەم ئـەکا
چاوی عیبرەت بینی دانا ڕۆژ لە ڕۆژتر تـەم ئـەکا
**تا دەبێتە ملکی ئـەربابی حەمییـەت کـەم ئـەکا**
**ئـــاگری تـــاجر ئەنێتـــە خەرمـــەنی مەلاکـــەوە**

شەرت و عەهدە عزەتی نەفسم بەسەد گەوهەر نەدەم
سەر لە پێناوی دڵا نەڕوا ئەبێ قەت سـەر نـەدەم
غەیری ئالی پاکی حەیدەر دڵ بە هیچ دولبەر نـەدەم
**شەرتە تا ڕۆژی قیامەت دەس لە ئەژنۆ بەر نەدەم**
**سەر لە قوڕ نێم بۆ سەیادەت بەو دڵەی خەمناکـەوە**

بۆ نەژاکێ گوڵ لە گوڵشەن بۆچی گەش بێ ئەرخەوان
چۆن لەسەردا دانەڕێژێ خوێنی هەوری ئاسمـان
بێژە بولبول لاڵ و لەنگ بێ قەت نەخوێنێ بەربـەیان
**بۆ دلێری حەزرەتی مەحمود مەمدوحی جیهـان**
**تاقەیەک گوڵ بوو بە فەرقی پیری ئەحمەد کاکـەوە**

---

١. قافیەکەی دەسکاری کراوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabati.org

داد و بێــداد و فوغــانم بــۆ نەکــەم بــا هــەر بکــەم
قورِ بپێوم هەر لە تەوقی سەر هەتا نووکی قــەدەم
دووبەدوو وەک جێگەداری خوسرەو و جەمشیدیجەم
**بۆ دوو مەحموودخان ئەمیری سەرحەدی ڕۆم و عەجەم**
**بوون بە ئەسحابی قورەیش و چوونە سیلکی چاکەوە**

سا قەڵەم هەڵبگرە **قانع** بێرەنووســین عەنقــەریب
هەر بڵێ خەتمە بە حەمدی سەروەری پۆلی ئــەدیب
حەمدیا فەرمووتە ئەمڕۆ میسرەعێکی دڵ فــەریب
**ساڵی تەئریخێ دەنووسێ ئالی کاک ئەحمەد غــەریب**[1]
**کەوتــە عالــەم دڵ حــەزین و دیــدەیی نمناکــەوە**

***

---

١. بە پیتی ئەبجەدی دەکاتە ١٢١٧ کۆچی بە ڕێنووسی کۆن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## سەبا

ئەوەی مەحرەم بە دەردم بێ سەبایە
ئەوەی دەس خاتە سەر شانم عەبایە
کراسێکی سەبووریم کردە بەر خۆم
گڕی جەرگم سووتانی هەر کەوایە
تەپوکۆی دووکەڵی دڵمە لەسەر سەر
ئەڵێی تاج و نیشانەی پادشایە
چەواشەی چەرخی چەپگەردە ئەنیسم
لە بیری خەم نەچووم هەر وەک برایە
فەلەک بەردی بەسەرما دا پزیسکەی
لە تاریکی شەوی بەختم چرایە
کە من ملکی نەبوونی ملکی خۆمە
لە پێش چاوم هەزار کیسرا بە کایە
هەتا دوڕڕی نەفیسی نیکتەخۆش بێ
مەڵێن قانع لە دنیادا گەدایە

***

www.rabari.org


# با پێشکەوین

کوردە بڕوانە کە دنیا چۆن خەریکی سەروەتە
ڕەببی تۆ ڕاستۆ نەبی وا ئیش و کارت غەفڵەتە
کوردە شەرمی زەند و باباڕدەلانت ناتگرێ
هۆزی نارێک و درۆزن[1] سوودی دەرد و زیلەتە
قومبەلەی زەڕیی و تەیارە و ڕادیۆت دیوە بە چاو
تەمێ خوارد نابی کە تۆ ڕەفتارەکەت هەر وەحشەتە
گوێ لە یاری پڕ گەزاف و پڕ درۆ مەگرە بە هیچ
چون شەریکی کردنی پیاوی درۆزن نەگبەتە
تۆ لەگەڵ هاوتیرەکەت دەس ناگری تا سەرکەوی
گەر بە تەنیا هەوڵی خۆتە ئارەزووت زۆر زەحمەتە
وا بزانم وا ئەزانی جوانیی و لوسی بەسە
میللەتێ تۆ سەردەسەی بی قوڕبەسەر ئەو میلەتە
هەر کەسێ لافی درۆی لێدا وتی دڵسۆزتم
تەجرەبەیکە جا ئەزانی چۆن خەریکی تەفرەتە
پرچ و بەرماڵ و سیواک و ڕیش و کەشکۆڵ و عەبا
بۆ سواڵن کەی ئەمە ئەسپابی ژین و حورمەتە
لاوی‌کورد خوێندن بخوێنە یەکیەتی و ڕاستیت بێ
جا ئەزانی کییە قابل تەخت و تاج و دەوڵەتە
**قانعا** هاوار ئەکەی ئەمما چ کەس گوێ ناگرێ
زەربی تەمسیلە ... بەر ئاگرت بێ قیمەتە

***

[1] . درۆزن، مەبەستی لە زاتێک بوو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## نەورۆزنامە

لاوی کورد! جەژنی نەورۆزە ئەمڕۆ کاتی کشتوکاڵتە
کاتی سەیری دۆڵ و شیو و سەرکەژی خاڵخاڵتە
تا بە کەی هەر ئارەزووی دانیشتنی ناو ماڵتە
تا بە کەی کۆڵکێشی خەڵق و پووش و دڕکوداڵتە؟
**هۆشی نانی خۆت ببێ ئەوڕۆ کەوا سەرساڵتە**
چاوی نووستن هەڵبڕە و بنوارە دەشت و کۆهسار
خۆت و گاجووتت بەجارێ بچنە مێرگ و مێرغوزار
تۆ بە زۆر و هێزی بازووت، ئەو بە شانی پڕ دەمار
بەرگی زستانی فڕێدە و هەڵسە بۆ سەر ئیش و کار
**راپەڕە ئەم ڕۆژە ڕۆژی خزمەتی منداڵتە**
بێنە سەر مەیدانی غیرەت بۆ ژیانی نیشتمان
دەستی یەکبگرن بە هیممەت پشتی یەکبگرن جوان
دەنگی ئازادی و برایی با بگاتە ئاسمان
سەیری ئەم شاخ و چیایە چۆن بە چاوی چاوەڕوان
**چاوەڕوانی هەڵمەتێکی ڕەنجی شان و باڵتە**
لاوی خوێنگەرمم! درەنگە بێنە بەزمی هاتوچوو
تێ بکۆشن بۆ وەتەن هەرتا دەرێنن ئابروو
چاوێ بەرزۆ کە و ببینە حاڵی خاکت زووبەزوو
نیشتمانت کانی زێڕ و زیوە بۆ دەستەی عەدوو
**تۆ کە نانی جۆت ببێ ئەو ڕۆژە جەژنی ساڵتە**

هەڵکە باڵی نیشتمانی بـیری میللـی بێنـە سـەر
خوێنی بەدگۆی نیشتمانت زوو بڕێژە بـێخەتـەر
تا بە کەی پەستیی و پەشێوی ئەی گرۆهی پڕهونەر؟
وا دراوسێ سواری با بوون چوونە ناو کوورەی قەمەر
**تـۆ تـەریق نابیتــەوە کـوردە ئەمـە ئەحواڵــتە؟**

وا بەهارە سەرکەوە بۆ سەر ملـە و ئـێلاخ و گـرد
ئاوڕێکی دەوری خۆتدە و تێبفکرێ دەستوبرد
بێنـە بـەرچاوت نموونـەی میوەهـاتی زبـر و ورد
گەر بەچاوی نیشتمانی سەیری خاکی خۆتت‌کرد
**ئەورووپا موحتاجی میوەی وشـکی ئـاڵ و واڵـتە**

لاوی خوێن‌گەرمم! بزانە خاکەکەت هەر نیعمەتە
حورمەتی خاکت بزانە، موسـتەحەققی حورمەتـە
مەعدەنی زیو و تەلایـە، کـانی دوڕڕ و سـەروەتە
پێت بڵێم ئـەم خاکـە کامـە تـا بـزانی جەننەتـە
**یادگـاری هـۆزی مـاد و زەنـد و پـووری زاڵــتە**

کوانێ لاوی تۆڵەسێنم بۆچی ئەمڕۆ گـوم بـوون؟
کوانێ شێری شێرشکارم ڕێگەیان گوم کـردوون؟
کوانێ سوارەی ڕەوەشێنم بۆ لە تیپـا دەرچـوون؟
داخـی داخـانم وتـەن ئـەولادەکانت نووسـتوون!
ئەو کەسەی قوربانی تـۆوە بـێ **قـانعی** بـێماڵــتە

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەهاری

ئەمـرۆ کـە مـوسمی سـەیرانی نەوبەهارییـە
ئەمـرۆ کـە ڕۆژی دەسـتەیی یـاران و یارییـە
ئەمرۆ کە ڕۆژی زەوقە لە ئـەربابی ئـەهلی دڵ
ئەمـرۆژە ڕۆژی قەهقـەهی جـامی خومارییـە
ئەمرۆ کە ڕۆژی عـەیش و نیشـاتە لـە عالـەما
ئەمرۆ کە ڕۆژی جەژنی هـەموو کوردەوارییـە
دامـانی کێوەکانـە لەسـەد ڕەنـگ ئـاڵ و واڵ
سـەربەندی شـاخەکانە، بـە گـوڵ نادیارییـە
فەڕاشی بای شەماڵە چەمەن زێب و فەڕ ئـەدا
زوورڕاعـی هـەوری تاڵـە خـەریک ئابیارییـە
هەر خونچەیە بەکەیف و دەماخە لەسەر چـڵا
هەر بولبـولی هـەزارە ئـیش و کـاری زارییـە
هەر دەنگی دەفە بە عەیشەوە واحەسرەتا ئەڵێ
هەر ڕەنگی کەفە لە نەهج و مەقاماتی نارییـە
هەر گوێیە پڕ ئەبێ لە سەماعی ڕوباب و نـەی
هەر نەفسە زل ئـەبێ لـە شـەرارات و هارییـە

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

هەر مێشکە پڕ ئەبێ لە خەیاڵی وەتەن وەتەن
هەر کوردە کەڕ ئەبێ کە چلۆن دەردی کارییـە
هەرکەس لە ژینی خۆی بە تەواوی موفەڕڕەحە
ئیللا کە ئیشـی کـوردە کـزی و بەردەبارییـە
زەڵمە[1] ئەسیری جەور و نـەزانین لـە عالـەما
شەڵمە[2] کە ئەشکی حەسرەت و ناڵینی جارییە
تـاجی نگـین و عیززەتـی بـەربادە تانجـەڕۆ[3]
سـیروانە ئەشـکی خـوێنی بەلێڵـی فوارییـە
کوێسـتانی کوردسـتانە بەگریانـەوە ئەڵـێت
ئەی، وای، ئای، هـای، چ دەردێکـی کارییـە!
**قانع** لە حەسرەتی خزمانی کوردە هەر ئەڵێت
ئەمکارە کاری کـوردە نـەوەک کـاری بارییـە

***

---

١و ٢ و٣. سێ ڕووبارن لە هەورامان و شارەزوور.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## یاری من

یـاری مـن جیلوەفرۆشـە دڵـی غـەدداری هەیـە
سەری سەرپۆشی کەتان و چاوی بەخوماری هەیـە
قۆڵی قۆڵبەندی تەلا، چاوی کلە، لێـوی شـەکەر
دەم سەدەف، شیری برۆی جەوهەری خونخواری‌هەیە
ژێرچەنەی لـەعل و عـەقیق و ملەوانـەی زێـڕین
گۆ لە مل، دیدە بە کل، پەرچەمی ئاوداری هەیـە
پێ بە پامووری فەرەنگی، چ خۆشە وەختی زەفـاف
ناز و نووزی شەوی وەسڵی وەکە ئەسراری هەیـە
قەرەزوڵفی وەکوو ڕەش‌مار و سەری زولـفی حـەفی
لێو چلێو؟ بەرگی گوڵ و دووپەڕی گوڵناری هەیە
**قانعـا** قـوڕ بەسـەرت بـۆ غـەزەل و ئەوسـافت
عیشقبازی بۆ کەسـێ چاکـە کـە دڵـداری هەیـە

***

www.rabari.org

## شۆخی جوان[١]

دڵ دەڵێ یاری تەڕ و شۆخی جوانم گەرەکە
دۆشەکی نەرم و شل و دەستەملانم گەرەکە
نەزەری دوور و خەیاڵی پڕ و پووچم ناوێ
خەمی ئەبرۆی سیەهی حەڵقە کەوانم گەرەکە
مەکر و ئەفسوونی ئەم و ئەو لە نەزەرما هیچە
بۆقی نەی، دەنگی دمەک، ساز و چەقانم گەرەکە
داو و تەزویری درۆزن بە چ کارم نایەت
زیرەزیرِی شەوی تاریک و نیهانم گەرەکە
لابە تەزبیحی دووسەد دانە لە بۆ ئیشی ڕیا
قەهقەهی خونچەدەم و چاوی جوانم گەرەکە
گەر بڵێن کەیفی ئەتۆس هەرچیت ئەوێ حازرەبۆت
سمتی خرتی شلکی دوختەری خانم گەرەکە
قانعی وێردی شەو و ڕۆژی ئەمەس هەر ئەیلێت
ڕوومەتی سوور و خڕی ئافەتی جانم گەرەکە

***

١. ئەم شیعرە قانع و مەحموود خانی کانی‌سانان بەیەکەوە دایانناوە، نیوەی دووەمەکان هی قانعە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کوڵمی سوور

تا شوعاعی کوڵمی سوورت دەرکەوێ شەسپەڕ چییە؟
یا لە بەینی دوگمەوە سینەت ببێ مەڕمەڕ چییە؟
غەمزەبازی ئاسکەکەی دەرگانەکەت گەر ڕووبدا
تازە ئەسپیی هاڵەدار و یا ئولاخی لەڕ چییە؟
پەرچەمی بۆ عەنبەری زوڵفت ئەگەر زاهیر ببێ
نەرگسی بێبەرگ و ڕووت و سۆسەنی بێفەڕ چییە؟
شاهبازی چاوی مەستت چنگ بخاتە سەیدی دڵ
مشگرە یا کوندەبوو یاخۆ شەهێنی گەڕ چییە؟
گەر بەیازی عارزت دەرخەی لە ژێر چارشێوی ڕەش
بەفری کوێستانی چ جیلوە تەرزەلووکەی تەڕ چییە؟
وەختێ عاشق مەستی دەردی دڵ ئەبێ باکی نییە
تازە بەدگۆیی ڕەقیب و فیتنەیی پڕ گەڕ چییە[1]؟
**قانعی** گەر بێ جەماڵی دولبەری خۆی دەسکەوێ
پوولەسوورەی بێڕەواج و دەرهەمی بێزەڕ چییە؟

***

---

١. بە پێی دەستنووسەکان نووسراوەتەوە.

www.rabari.org

## خەتای بێعیرفانییە

باری نەگبەت تا بەکەی لەم جادەیی عوریانییــە؟
بۆ هەموو کەس ئەم زەمانــە نەوبــەتی ئینســانییە
غیرەتی کوردی نەمێنێ وا نــەما قــەدری وەتــەن
کێ فرۆشتی ماڵی بابی قەت بە ئــەم هەرزانییــە؟
چاوگەکەی خاکی وەتەن پڕ بوو لە زیخی مــوغرزی
با بە قەنناتی ســەداقەت دەربــدەین ئــەم کانییــە
بیر کەنۆ، بۆ خــاتری جەمشــید و ئــەییوبی وەلی
بۆچی دەس هەڵناگرن لەم بێســەر و ســامانییە؟
هەرکەسێ بۆ خۆی بەجارێ بوو بە پیاو و هاتە ڕیــز
ئێمە پەستین گشت، خەتای بێمەکتەب و عیرفانییە!
فیکری کوردی ئینحیساری دوو شتە و هیچێکی تــر
یا کەری پیــاوی نەفامــە یــا خــەریک شــەیتانییە
**قانعی** هەروەختێ ئەمرێ هیچ نەخۆشــینی نییــە
غەیری زووخاوی نەزانی و وەرهــەمی کوردانییــە

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پێنج‌خشتەکی

ئەی وەتەن! یەعقووبی تۆم و یووسفم لێ‌گوم بووە
ئەی وەتەن! بەدناوی تۆم و ئابڕووم بۆ تـۆ چـووە
کێ فرۆشتیتی بە وەڵڵە نانی (خوێڕی) خواردووە[1]
ڕیشی نامەردی درێژە سـادقە بەچکـەی جـووە[2]
**ئەی خوا هەستێ لە خەو ئەم بەختە حیزەی نووستووە!**
ئەی وەتەن! کەی خۆش ئەبێتۆ زامی پڕئێش‌وبەسۆت؟
عەیبی بێ‌خێویت نەبێ، هەر زێڕ و زیـوە تـان‌وپـۆت
دێتە مێشکم کـوللی ڕۆژێ دەنگـی نالـە و ڕۆلـەڕۆت
شەرتە ڕۆحی خۆم و سێ‌کوڕ کەم بە قوربانی لە بۆت
**کێ ئەڵـێ ئـەم بێشـە چۆڵـە شـێرەکانی نووسـتووە؟!**
دوژمنان بۆچی بە ناحەق هەر خەریکی هـات‌وچـوون
خۆی لە من چاکتر ئەزانێ ئەو لەگەڵ کورد بـووک‌وشـوون
ناخەنە خۆیان دە چی بکـەم بـێ‌حـەیا و بـێ‌ئابـڕوون
بەچکە شێری نیشتمانم شێرەزای شـێرانی زوون
**ڕشتنی خوێنی عـەدوو بـۆ کـورد بـە ئیرسـی هـاتووە**

---

١. وشەی ناوکەوانەکە لە دەستنووسەکاندا کوژاوەتەوە.
٢. مەبەستی لە پیاوێکی ئاینیی بەدەسەڵاتە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

ئەی وەتەن دیقەت لە حاڵی تۆ ئەکەم عەیبت نییە
ساحیبی ڕزق و کەرامەت خاکەکەت فیردەوسییە
تۆزە عەیبێکت ببێ هیچ تر نییە بێعیلمییە
پێم بڵێن ئەی عاقڵانی کوردستان وەجهی چییە...
**لاوەکانی کوردستانم شانیان کز کردووە؟**
گەر لە شارێکدا یەکێکمان ڕوبعە دینارێک ببا
یا بە نانی خۆیەوە ئیشێ لە بۆ خەڵکی بکا
بابی خۆی بۆ سەر بڕێ ڕازی نییە با بیشیخوا
خۆی ئەڵێ هەرکەس کە نانی کێ بخوا شوکری بکا[1]
**ناڵێ ئەم ڕوبعە لە کوێیە و کێ لە بۆمی ناردووە**
کەی لە ئیستیهلاکی خورما عانەیێ نێورایە ژوور؟
یاخۆ پارەی ...انە خەرج کرا بۆ شارەزوور؟
خۆشە لای ئەبلە و نەزان دەنگی دەهۆڵ و دەشتی دوور
با کەمیش بێ تۆ مەنووچیهر و ئەویش وەک سەلم و توور
**یەک وەلەو کەم بێ براکەم، چاکە هەر نیوەی دووە**
**قانعا!** تا کەی بەشێتی بۆ وەتەن تەگبیر ئەکەی؟
بێنەتیجە بۆچی بۆ مردوو وەها تەقریر ئەکەی؟
یا لە بۆ ئیبرازی جەوهەر خۆتە وا تەحریر ئەکەی؟
دەک درۆماڵی بشێوێ شەرتە تۆش تەزویر ئەکەی!
**داکەوە بۆخۆت لە کونجێ چیتە لەم هاتوچووە**

***

---

١. لە هەندێک دەستنووسدا نانی جۆ نووسراوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ئیشی هونەر

تێبفکرێ کـە سەراسـەر هـەموو ئیشـم هونـەرە
ڕەمز و مەعنای کەلامم بە حەقیقـەت گەوهـەرە
هیممـەتم عالییـە ئـەمما چ بکـەم کیسـەتەهی
بـازی تـەڕلان و تـەوارە کـە بـەبێ بـاڵ و پـەڕە
خەو لەگەڵ ئەشکی خەما هـاتوو لـە چـاوم ڕۆیی
نەگـەڕاوە، بـە گومـانم لەگەڵـی هاوسـەفەرە
نیگەهی چاوت ئەگەر جەرگی منی کون‌کون کرد
تیری موژگانـت حـەکاک و بـۆ عـەقیقم جگـەرە
لـە بیابـانی فـەنا، بـۆ سـەفەری مڵـکی عـەدەم
پێبەسەر، سەر بە قەدەم لێدە بـڕۆ، بـێخەتـەرە
سەگ مەگەسوار لە دەوری سەگەکەت دێمە تەواف
خاکی ژێر پێی سەگەکەت بۆ مەگەسی دڵشەکەرە
سینەکەت خاڵییە **قانع**، دڵـەکەت شـوێنی نییـە
لای چ شۆخێکە دڵت ئێستە وەهـا بـێئەسـەرە؟

***

www.rabari.org

## پیاڵەی مەی

خوا دولبەر کە بێڕەحمە لەبەرچی قەهری بوسیارە؟
دلم وەک تەیری بێباڵە و بە دەس تفلۆ گرفتارە
خەمی دەوری وەها داوم نییە ڕێگای فیرارم قەت
لەهەر سەحرایێ دانیشم، خەیالم چەشنی دیوارە
ڕەقیب! داخی دەروونت بێ کە ناڵەی پڕ لە دەردم بوو
نەخۆشی خستە ڕووی دنیا ئەڵێن چاوانی بیمارە
بە گەرمی لەرز وتی عالەم ئەسووتێنم بە یەکجاری
لە داخ ئەم بەختە نووستوومە کە بەختی خەڵک هوشیارە
لە لێقەومانەوە زانیم کە سەرگەردانی زۆر چاکە
بناغەی مەجلیسی بەزمە پیاڵەی مەی کە دەووارە
زووخاوی جەرگ و تاریکی دەروونم ڕەش وەکوو زوڵفی
چ خۆشبەختم لە هەرلا بم ڕەفیق و مونسم یارە
لەسەر مەشقی برۆی تۆوە وەسا شمشێری ڕاکێشا
لە جەرگی من درا بۆیە کە گۆلی جەوهەری دیارە
خەلایق مات و حەیرانن بە نەفخەی ساعیقەی دووریت
وەلێ **قانع** بە ئاوی لێوی تۆیە زیندوو و هوشیارە

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## لە سەرمایە

لە سەرمایە، لە سەرمایە، لە سەرما شۆر و غەوغایە
لە گەرمانا ئەگەر ما پێم بڵێن پیاوێکی ڕیسوایە
تەبیعەت حوکم ئەکا مەجنوون ئەبێ هەر دەسبەئەژنۆ بێ
ئەگەر لەیلی ببێ ئەمجا ئیتر بۆ شێت و شەیدایە؟
لە هەر خاکێ کەڕ و کوێر و بەڵەک لابەی لە ناوانا
ئیتر ئەو خاکە کەی هەرگیز پەرۆشی بۆ مەسیحایە؟
بڵێن یادی بەخێر بێ، حاتەمی تەی سفرەکەی لابا
کە برسی تێر بکەن ئەمجا خەیاڵی چی لە دڵدایە؟
ئەبێ یۆسف گەلێ مەمنوونی قانوونی غەرامی بێ
کە ئاوێنەی جوانی ئەو دڵی شۆخی زولێخایە
وەیا کوێخا ئەگەر شوان و سەپان و پینەچی دەرکا
لە دێکەیدا، ئیتر لای کێ ڕەئیس و مامە کوێخایە؟
بە سەربەستی مەترسە پێ لە دەریای قووڵی بێپەی نێ
ئەگەر ناخوا[1] لەگەڵتا ڕاس ئەکا دڵپاک و ئاشنایە

***

---

١. کەشتیوان.

www.rabari.org

## فیکری لوقمانی

گەرچی خۆم شێتی زەمانم فیکرەکەم لوقمانییە
وەحشیی و سەرمەست و گێژم خولقەکەم ئینسانییە
گەر حەسەد لابەی خەیالم سەد ئەرستوو پەست ئەکا
قەت لە زاهیر تێمەفکرێ سوورەتم شێخانییە
هەر بەوا بمزانیایە کاکی کوردم کەوتە ژێر
لاوی خوێنگەرمم[1] خەریکی ئیشی ناو کۆڵانییە
مردنم چاکە عەزیزم بێژەنی خوسرەونژاد
ئیستە مەحکوومی چەپۆکی جوولەکەی کاشانییە
کوانێ ئەو بازە چریکەی سەد شەهێنی کەڕ ئەکرد؟
بۆچی لەقلەق خۆی ڕەئیسی چەشمە و سەرکانییە
ناوی قانون و عەدالەت وەک پلاوی خانەقا[2]
ئیسمی بێ جیسمن سەراسەر کردەیی شەیتانییە
چون زەمانە خۆی هەڵە و سەییارە تەبع و ئارەزووی
**قانعیش** گاهێ عیراقی، گاهـگاهـ لوبنانییە[3]

***

١. لە دەستنووسەکەدا (بەچکە سوڵتانم)ـە...وە مەبەست لە زاتێکە.
٢. لە چەند دەستنووسێکدا بەمجۆرەیە.
٣. ئەم نیوە دێڕە لە سەردەمی ژیانی خۆیدا دەسکاری کردووە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## خوێندن

تۆ کە بـابی، کوڕەکـەت عیلمـێ بخوێنـێ چاکـە
عالەمی جاهل لە لای مـن بـە مەسـەل خاشـاکە
وەرە بنـوارە لـە کـوردا ئـەوە وا عیلمـی نییـە
حـاملی کوولەکـە و زەرگ و دەف و مەشـشـاکە[1]
بەرلەوا عیلمی حەق و شەرع و حەدیس و قورئان
جـا لـە پاشـا لـە سـەنایع بـە دڵـت کـام چاکـە
پینەچی گەر بەتەزەللوم لە وەتـەن دووڕۆ کـەوێ
لـە هـەموو لایـێ بـە سـایەی عەمـەلۆ بـێباکـە
کـوڕی پاشـا لـە غـەریبی بـە ئومێـدی نانـێ
وا پەشـێوە کـە ئەڵـێی گێـژی خـەمی تلیاکـە
ئـەوی عیلمـی هەیـە دایم بـە دەمـاخ و شـەوقە
ئـەوی عیلمـی نییـە چـاوی بـە ئەبـەد نمناکـە
**قانعی** چون عەمەل و عیلمی نییـە بـێئەسـەرە[2]
سەد هەزار دەفعە ئەڵێ خۆزگە بەوەی حەککاکە

***

---

١. ئەمانە کەرەسە و کەلوپەلی سواڵ کردن بوون.
٢. لە نووسراوێکی کۆندا بەمجۆرەیە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

## گێرەشێوێن

سەر کە خاڵی بێ لە فیکری میللەتی قەت سەر نییە
دڵ کە گەرمی تیا نەبێ قەت قابلی دولبەر نییە
پیاوەتی ئەمڕۆ بە نووکی خامەیە و نوتقی زمان
ئیددیعا موحتاجی شیر و ئەسڵەحە و خەنجەر نییە
بۆ عرووجی نیشتمان و ئەخزی حوڕڕییەت سەفەر
کوردە ئەمما کام سەفەر! سەیرانی سەر بەربەر نییە[1]
شێر لە خوێنی خۆی گوزەشتی کرد و نەعرەی هەڵبڕی
ڕێوی ئەمری کرد کە نۆبەی نەعرەتەی حەیدەر نییە
گێرەشێوێنێ[2] کە نەیهێشت سووڕی ڕاستی قەت بدەین
خۆی بنەی بێکار و ئیشە قەت خەتای سەرپەڕ نییە
کەمتیار هەروا لەسەر فیکری ... قیمەت بکا
سەد پڵنگ لەتلەت کرێ ئەو داخڵی دەفتەر نییە
وا چەقەڵ باوی نەما ئێسقانی مرداری بڕا
قانعی بۆچی لە فیکری نانی بێ پرگەڕ نییە

***

١. لە شوێنیترا تەنگیسەر نووسراوە.
٢. ئیشارەیە بۆ گەورەیەکی هەڵەکار.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


## نیشتمانم

وەتەنی ئێمە نان و خوانی هەیە    وەتەنی ئێمە لاوەکانی هەیە
چەن‌هەزاران تفەنگچی مووئەنگێو    چەن‌کوڕی سەفدڕی جیهانی هەیە
چەن هەزار نازەنینی بالابەرز    چەندە هەر وەک پەری کچانی هەیە
هەر منالێ کە هاتە هەشت و نۆ    ئارەزووی یەکیەتی گەلانی هەیە
هەرچی بابی هەیە لە کوڕ چاکتر    ئارەزووی خوێندنی جوانی هەیە
کوڕ لە بابی، بە هەڵمەت و سورعەت    بێ‌شک و شوبهە سەد چەنانی هەیە
چەن سواری هەیە کە شێر ئەدڕن    چەندە بێ‌باک و سەرگرانی هەیە
عەیبی ئەم کوردە گەر ببێ ئەمەیە    **قانعی** سست و بێ‌زمانی هەیە

***

www.tabari.org

## پێنج‌خشته‌کی له‌سه‌ر شیعری بێکه‌س

ئه‌ی وه‌ته‌ن! ئه‌مجاره نه‌مرم به‌م دڵه‌ی نه‌سره‌وته‌وه
گه‌ر نه‌جاتم بوو له‌ ده‌س ناوچاوی لار و چه‌وته‌وه
بۆ نه‌جاتی تۆ به‌ وه‌ڵڵا ده‌چمه‌ گێژی مه‌وته‌وه
**ئه‌ی وه‌ته‌ن! مه‌فتوونی تۆم و شێوه‌تم بیر که‌وته‌وه**
**وه‌ختی به‌ندیی و ئه‌سارەت پێ به‌ ته‌وق و کۆته‌وه**

تۆ نه‌ڵێی من بێوه‌جاخم، قه‌ت خه‌یاڵی وا نه‌که‌ی
تیر و تانه‌ی سارد و سڕ هه‌رگیز له‌ لاوانت نه‌ده‌ی
قه‌ت مه‌فه‌رموو ڕۆڵه‌کانم نووستوون، وا (ظن) نه‌به‌ی
**من له‌ فیکر و بیری تۆ غافڵ نه‌بووم وا تێنه‌گه‌ی**
**حه‌پس و تێهه‌ڵدان و زیلله‌ت تۆی له‌ بیر بردۆته‌وه**

ده‌سته‌ دۆعای تۆیه‌ به‌ خوا ئه‌و که‌سه‌ی وا زاهیده
نووکی خامه‌ی شاعیرانت بۆ زه‌لیلیت شاهیده
ده‌م به‌ ده‌م هه‌روا ئه‌ڵێ بۆ تۆ ئه‌وه‌ی وا عابیده
**به‌و خوایه‌ی لامه‌کان و بێشه‌ریک و واحیده**
**عه‌شقی تۆ جۆرێ له‌ دڵما ئاگری کردۆته‌وه**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


هێندە سەرگەرمە کوڕت کاتێ کە سەر دێنێتە دەر
پێ لە خوێنی خۆی ئەنێ، دەربەس نییە بۆ ڕۆح و سەر
ئاگری تێ چوو بەجارێ کەوتە سەر شین و چەمەر
**ئاگرێکی وا هەزار ساڵ ئاوی بڕژێنیتە سەر**
**قەت گڕ و کڵپە و بڵێسەی تا ئەبەد ناکوژێتەوە**

ئەی وەتەن! پارەپەرستی بوو کە ئێمەی کرد بە پەن
ڕۆژهەلات و ڕۆژنشینت تانەمان وا لێ ئەدەن
تۆش نەڵێی ئێمە ئەزانین خەزنەکەت بۆ کوێ ئەبەن!
**باسی مەحزوونی و کەساسیی خۆت نەکەی توخوا وەتەن**
**چونکە بەو باسە برین و زامەکەم ئەکولێتەوە**

لاوەکەم! نووکی قەڵەم دڵ دوژمنی پێ هەڵدڕە
گەر قەڵەم شیوەن نەکا خەڵفە نەمامێکی زڕە
ئەی وەتەن! حەلقەی کەلەبچەی دەستوپێت ساهەڵچڕە
**ماتەمینی تا بەکەی؟ دەی پێکەنە و سەر هەڵبڕە**
**مفتەخەر بە شۆرەتت وا عالەمی گرتۆتەوە**

مژدە بێ وا چاوی کردۆ کۆمەڵی لاوانی تۆ
سەیری مێژوو کە و بخوێنە دەفتەر و دیوانی تۆ
بێنە بەرچاوت ئەساسی دەبدەبەی بابانی تۆ
**نەگبەتی لاچوو سەعادەت بۆتە پشتیوانی تۆ**
**کەوکەبی بەخت و فریشتەت بەرزە ئەدرەوشێتەوە**

ئەی وەتەن! تۆ خۆشی دڵم و هێزی ئەژنۆ و باڵمی
تۆ چرای ڕووناکی دەردی ژینی ترش و تاڵمی
بێدرۆ تۆ تاجی فەخر و سێبەری ئیقباڵمی
**گەرچی بەینێکە زەلیل و دیلی دەستی زاڵمی**
**نەوبەتی شادیتە ئەمجا ناحەزت لێک بێتەوە**

ئەی گەلی پاشکەوتوو! بەسیە شینی بێهەڵمەت چییە؟
بێتەکان سەد ساڵ بگریەی بێسەمەر داری بییە
هەر نەمامێ تۆ بە خوێن ئاوی نەدەی دڕکی زییە
**لافێ میللیەت بە دەم لەم عەسرەدا کەڵکی نییە**
**ڕۆژی هەولە هەر بە هیممەت گوێ هونەر ئەبرێتەوە**

ئەی وەتەن! من بولبولی گوڵزاری کوردستانتم
بێتە ڕۆژی سەربڕین سەربازی ڕووی مەیدانتم
ڕۆحەکەم پێشکەش ئەکەم وەک قۆچەکەی قوربانتم
**بەسیە تەعنەم لێ مەدە هەر ڕۆڵەکەی جارانتم**
**هێندە حیلمت بێ هەتاکوو دەست و پێم ئەکرێتەوە**

باڵی هەڵماڵی لە ڕێتا سەربەسەر شاهـ و گەدا
هەرکەسێ بۆ خۆی بە تەنیا سەر لە ڕێی سڕتا ئەدا
گوێ گرە بۆ خوار و ژوور چۆن گشت ئەڵێن لەم کاتەدا
**شەرتە شەرتی پیاوەتی بێ گەر خوا دەستم بدا**
**دوژمنت پەت کەم وەکوو سەگ بیخەمە ژێر پێتەوە**

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پێنج‌خشتەکی لەسەر شیعری ئەحمەد موختار جاف

لە جێی تەییارە کوردینە کڵاش ئەسپی سەفەرتانە
تەریق نابیتەوە کوردە کەوا کەر بارەبەرتانە؟
لە باتی تاجی ئازادی بە تۆپەڵ قوڕ لە سەرتانە
لە خەو هەستن درەنگە میللەتی کورد، خەو زەرەرتانە
هەموو تەئریخی عالەم شاهیدی فەزڵ و هونەرتانە

لەگەڵ تۆمە دە گوێت لێبێ هەتاکەی بەندیی و مەحکووم؟
هەتاکەی فیتنەیی یەکتر هەتاکەی نەگبەتی مەشئووم؟
لە ئازادی ژیانی خۆت هەتاکەی بێبەش و مەحرووم؟
دەسا تێکۆشێن ئەی قەومی نەجیبی بێکەس و مەزڵووم
بە گورجی بیبڕن ئەو ڕێگە دوورەی وا لەبەرتانە

وەرن بۆ مەرهەمی زام و برینی جەرگی کون‌کونتان
بەجارێ دەس بە یەک بگرن کوڕ و پیاو و کچ و ژنتان
هەتاکوو تەوقی مەحکوومی هەموو لابەن لە گەردنتان
بخوێنن چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تێغی دوژمنتان
هەموو ئان و زەمانێ عەینی قەڵغان و سوپەرتانە

برا ئەم بێشەیە بێشەی هەزاران شێری پڕقینە
ئەگەر دیققەت لە خاکت کەی ئەزانی خاکی زێڕینە
ئەمە میراتی بابانە کە وا ئێستاکە خەمگینە
بەخۆڕایی لە دەستی بەر مەدەن ئەم خاکە شیرینە
کە تۆزی وەک جەواهیر سورمە و کوحلی بەسەرتانە

تەماشای شیوەنی من کەن ئەیا ئـەی پۆلی هاوفـەردان
چلۆن ئەگریم بە کوڵ بـۆ لاوی لێقـەوماوی بـن بـەردان
وەرن گشت بێنە سەر ڕێگەی برایی هەر وەکوو مـەردان
**بەسەر خاکا ئەگەر نازیش بکەن هەقتانـە ئـەی کـوردان**
**تەماشـای سـێبەری ئـەم شـاخ و کێوانـەی لەسـەرتانە**
بـە خـوێنی خـۆت و ئـەولادت چ خۆشـە ئابـڕوو بکـڕن
بـە وەڵـڵا حەیفـە بـۆ ئێـوە لـە نـاو یارانـەدا بـزرن
لە ڕێگەی مشتە خاکێکتان بەجارێ یەک بە یەک بمرن
**بـەبێ قـەدری بـە سـەریا ڕامـەبوورن حورمـەتی بگـرن**
**گوڵاڵەی سـووری ئـەم سـەحرایە خوێنـاوی جگەرتانـە**
مەکەن مـەنعم کـە دایم ئـیش و کـارم زاریـی و شـینە
وەکـوو پیـاوی بـرا مـردوو سـەدام هـەر ئاهــ و ناڵـینە
ئـەوا شـێتم لـە داخ پاشـکەوتنی ئـەم خاکـە شـیرینە
**دەمێکـە ئـەم وڵاتـە پەسـتی بـێعیلمـی و نەزانینـە**
**لـە سـایەی عیلمـەوە ئەمـڕۆ ئیتـر نـۆرەی زەفەرتانـە**
دەخیلە دەستەدامانم لە دەس خۆت بەرنەدەی فرسـەت
نەڵێی لابە، بە من چی با نەکەومە کێشـە و زەحمـەت!
بەبێ زەحمەت نەبینراوە براکـەم ڕەحمـەت و نیعمـەت
**زبانی حاڵی ئەحمەد هەر ئەڵێ: وریا بن ئـەی میللـەت[1]**
**بـزانن بـەردی ئـەم سـەحرایە ئەڵـماس و گوهەرتانـە**

***

١. لەبەر کێشی شیعرەکە دەسکاری قافیەکە کراوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


## ئەم قەڕنە[1]

ئـەم قەڕنـە کـەوا خەڵـکی ئەڵـێن قـەڕنی ژیانـە
دەورەی هونــەر و یەکیــەتی و بــەرزیی گەلانــە
زانــین لــە بروزدایــە، نــەزانین لــە نەمانــە
گۆیــا بــە درۆ ڕۆژی ســەفا و ســەیری جیهانــە
**وەڵــلاهی ئەڵـێم ڕۆژی خــەم و دەردی گرانــە**

بڕوانــە یــەکێ مەســتی مــەی و مــاتی خومــارە
هێنــدێکیش ئەڵـێی خیلقەتەکـەی میچـی قومـارە
هێنــدێ بــە قەزاگێــڕی ســەری فلــس و دینــارە
هێنــدێ بــە ڕەزالــەت لــە هــەموو گـێتی دیـارە
**هێنــدێکیش ئەڵـێی جۆکــەری دەورانی زەمانــە**

ســەیری کــە یــەکێ مــەیلی لەســەر گـایینی نێـرە
یــەک یــەک بــە پــڕ و پــیرەژنی بێکەســە فێـرە
یــەک برســی و دامــاوە یــەکێ پۆشــتە و تێــرە
یــەک دەوڵــەمەنی گــوو نەکــەری بـێ دڵ و خێـرە
**ئەم جامیعــە ســەد ڕەنگــە ئەڵـێی کـانیی ژنانــە**

ئوستادی ئەدەب خـۆی بـە ئەبـەد مەسـتی شـەرابە
بــۆ پۆکــەر و بــۆ دانــس دڵ و جــەرگی کەبابــە
بــۆ هووشــە و فیشــاڵ عەجــەب عــالی جەنابــە
شــێخ و بــەگ و مــیران و مــەلا پــاکی خراپــە
**دەک دەستی غەزەب هەڵگرێ ئەم دەور و دوکانە**

کــوڕ بــابی ئەســووتێنێ لــە بــۆ تاکــە قــەرانێ
بـابیش کـوڕی خـۆی سـەر ئەبـڕێ بـۆ لەتـە نانـێ
ئاغــا وەکــوو شــێرە لــە بــۆ تــالانی شــوانێ
زانــا بــە دووســەد حیلــە ئەفــەوتێنێ نــەزانێ
**هەی خۆت وەکوو خۆت چەرخی ستەمکاری زەمانە**

---

١. لە ساڵی ١٩٤٤دا وتراوە.

www.rabari.org

نـادی کـه بـه قـانوونی ئـەدەب شـوێنی پیـاوە[١]
جێگـەی هونـەر و فەلسـەفە و عیلمـی تـەواوە
بڕوانـە چلـۆن ئیسـتە وەهـا زەنگـی زڕاوە
مەیخانـەیی مەخسووسـە لـە هـەر لایـێ کـراوە
**لـەو جێگـە چ هەرزانـە شـەرەف، بـیرە گرانـە!**
ئوسـتادی م ... م چ بڵـێم ئیشـی چلۆنـە
بـێ خوێنـدن و زانینـە بـە دەم وەک ئەدیسـۆنە
ئەو خوێندنە ئەو خوێندی نـە ئەحـداس و نـە کۆنـە
عـەتر و وەزەنی و ئاوێنـەو و سـابوون و ڕۆنـە
**بڕوانـە ئەڵـێی گـەورە کچـی خـانی کچانـە**
...ی کـە لـەلای دەردی ئەڵـێن پیـاوی خوایـە
سـەرمێزەری دینـداری و شـانی بـە عەبایـە
بـۆ دەفعـی خـەم و خوسسـە وەکیلـی فوقەرایـە
شەرعی نەبـەوی هـەر لـە کـن ئـەو ڕێـک و ڕەوایـە
**...ە وە یـا ...ە خـەریک ...ن و ...نـە**
بڕوانـە لـە ئەحواڵـی مـدیرانی ئیـداری
بـۆ گـرتنی بـەرتیل وەکـوو تـانجی شـکاری
دانیشـتوویی سـەرمێز و هـەموو مەسـت و خومـاری
سـەربۆز و زکـئەسـتوور وەکـوو ورچـی نـزاری
**...م ...................................نـە**

***

١. له چاپی یەکەمی شیعرەکانیدا نووسراوە ئەوجێ... بەڵام لە دەستنووسەکاندا بەمجۆرەیە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## قوربان

ئــەوا دووبــارە قوربانــە دڵــم قوربــانی قوربانــە
فـوارەی ئەشـکی چـاوانم وەکـوو بـارانی نیسـانە
نەبوو دوکتۆرێ زانـا تـێبگـا دەردم چ دەردێکـە
تەواو بێزارم ئەمڕۆکە لە دەس دەرمـانی کوێرانـە
مەسیح گەر بێتە سەر قەبرم بخوێنێ پێی ئەڵێم لاچۆ
دڵم پێکراوی تێغـی غـەمزە و پـەیکانی موژگانـە
ئەگەر تۆ نۆبەرەی ماچێکی لێوی خۆت بە من بەخشی
مەعابد چۆڵ ئەکەم بیللا ئەچم بۆ کونجی مەیخانە
گەلێ ڕەنجم لەڕێگەی خۆشەویستیدا بەفیڕۆچوو
لە دەوری ئاگری دووریت کڕووزام چەشنی پەروانـە
بە تیشکی چاوەکانت ئاگرێ بەربۆتە نـاو جـەرگم
نەسیمیش هەرزەئاسایە و لـە دیـدارم پەشـیمانە
گروفتاری شەوی ئەگریجەتم کوا ڕۆژی ڕووت قوربان
مەتۆرێنـە دڵـم توخـوا تەماشـا چەنـد پەرێشـانە
بە بینینت لە دوورۆ **قانعم** کـوا بـەژن و بالاکـەت
دریغ بۆ بێوەفایی تۆ، ئەسەف بۆ عومری پیرانـە!

***



www.rabari.org

## وەتەن مژدە بێ

وەتەن مـژدە بـێ پارشـێوکەرانە تــاریکی نــەما بــەرەو بەیانــە
شۆر و غـەوغایێ لـە نـاو گەلانـە ئەڵێن وا دەورەی ژینی کوردانـە

**نـازانم ڕاســتە یـان خــەوم دیـوە**

بیســـتم درۆزن تــەواو فــەوتاوە فیشــاڵ و درۆی قــەدری نــەماوە
زەنگــی بــەدناوی لــە عـام زڕاوە دەستەی بێدرۆ ئەمڕۆ لـە نـاوە[1]

**نـازانم ڕاســتە یـان خــەوم دیـوە**

فەلسەفە و زانین کەوتە ناو کوردان بوو بە فیکری دڵ سەربەستیێنیشتمان
کەس تێناکۆشێ بۆ ئیشـی زیـان[2] مالـی یـەکتری نابـەن بـە تـالان[3]

**نـازانم ڕاســتە یـان خــەوم دیـوە**

ئەمــڕۆ ڕۆژێکــە ڕۆژی فــەقیرە کۆمەڵــی هــەژار بــەڕا و بــیرە
پارەپەرســـتیش مــات و زویــرە چەشنی ڕاوکەری بێشیر و تیرە

**نـازانم ڕاســتە یـان خــەوم دیـوە**

بڵـێن بـە یـارۆ[4] لابـا بەرماڵـی لەسەری دەرکـا فیکـری بەتاڵـی
هەر قوڕ بپێـوێ خـۆی و منـاڵـی چونکەهۆزیکورد چاویانهەڵماڵی

**نـازانم ڕاســتە یـان خــەوم دیـوە**

***

---

١. مەبەست لە کۆمەڵێکی سیاسی نەتەوایەتی بووە.
٢. لە دەستنووسێکدا نووسراوە ...... بۆ حۆری جوان.
٣. بەپێی چەند دەستنووسێک نووسراوەتەوە.
٤. مەبەستی لە زاتێکی گەورەی بنەماڵەیەکی ئایینییە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## لە ئاهی من حەزەر کە

دڵــی کۆنــەم خــەریکی تــازە دەردە
سوروشکم گەرم و ئاهم خەیلیٚ‌سەردە

بەحەمدیللا تەناسب هەس لە بــەینا
لە خەم تاقم، لە حوســنا یــار فــەردە

وەکوو قەوس‌وقەزەح هەڵدێین لە وەســڵا
لــەبی ئــاڵ و لــەبم پــڕ بــار و زەردە

عەجەب ماوم کە دوو(ضد) پێکۆ نابن
کەچی باڵای وەکوو گوڵ، قەلبی بەردە

وەکوو حاتەم لە بەخششدا بە ئەعــدا
لەبەر چی وا لە بەختی ئێمــە ڕژدە؟

وتم ئەی گوڵ لە ئاهی من حەزەر کــە
وتی عەنقا چ خۆفی هەس لە جەردە

لــە دەشــتی عیشــقبازی یــار، قــانع
عەجەب شــیرین‌ســوارێکی نەبــەردە

***

دیجیتاڵی
www.rabari.org

## نەورۆزنامە

موبارەک بێ بە سەربەستیی کە ئەمڕۆ جەژنی لاوانــە
موبارەک بێ بە دڵخۆشیی کە جەژنی مـیر و گاوانـە
موبارەک بێ کە ئەم نەورۆزە جەژنی میللەتی کوردە
موبارەک بێ بە دڵخۆشیی کـە جـەژنێکی قەدیمانـە
برا ئـەم ڕۆژە ڕۆژێکـە کـە جـەژنی میلـلـەتی کـوردە
برا ئـەم ڕۆژە ڕۆژێکـە کـە فـەخری هـۆزی کوردانـە
لە نەورۆزا بوو کەیخوسرەو چووە سەر تەختی ئێرانی
هەر ئەم نەورۆزەیە ڕۆژی جلووسی شا(کەریمخان)ـە
لە نەورۆزا بوو کاوە مێشـکی زوحـاکی کـە دەرهێنـا
هــەر ئــەم نەورۆزەیــە ڕۆژی فتوحــاتی هەڵــۆخانە
لە نەورۆزی هەزار و بیست و پێنجی هیجریا بوو خـۆ
لە شاری (زەڵم) خانئەحمەد چووە سەر تەختی شاهانە[1]
قڕی خستە قزلبـاش و شـکانی هێـزی تەهماسـیب
تەماشـای بەنـدی مێـژوو کـە بـە ڕوونـاکی نومایانـە
دەسا گوێ ڕاگرە میللەت کە چۆن ئیستاکە دامـاوی
لە داخی سەرکزی تۆیـە کـە **قـانع** جـەرگی بوریانـە
دەســا چاکــت بــەلادا کــە لــە مەیـدانی فیـداکاری
بەرامبــەر دوژمنــت هــەردەم بنرکێنــە بــە شــێرانە
دەسا ڕاستۆ بن ئەی میللەت! هەتاکەی ماتوبێهۆشن؟
لەبەر چی خاکی نیشتمانت لە بۆ تۆ کونجی زیندانە؟

---

١. لە کتێبێکی دەستنووسی فارسیەوە وەرگیراوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەبەر چی لاوی خوێنگەرمت پەشێو و مات و بێڕەنگە؟
لەبەر چی گەنجی هوشیارت لە بۆ تۆ جەرگی داخانە؟
لەبەرچی کەوڵی خۆت ئەمڕۆ وەکوو ڕێوی بەکوشتیدای؟
بە ...تی خۆتە سووتاوی تـەداویت سـەهل و ئاسـانە
برا بن، پشتی یەک بگرن لە دڵ دەرکەن ڕقی یەکتر
بـرا بـن بـۆ خـەمی یـەکتر، بناڵـێنن بـە مەسـتانە
برا بن، غایەتان یـەک بـێ، بـرایی غایـە یـەکبوونـە
ئەوەی کۆمەک بە فیکرت بێ لە هـەرلا بـێ براتانـە[1]
دە میلەت مەجلیسێ ڕێخەن بەلام ئەو مەجلیسە حورِبێ
نەوەک مەجلیسێ بێقیمەت لە ژێر دەسکاری بێگانە
بلێ لاوێ وەکیلم بـێ کـە هـاوبیر و کـە هاوخوێنـە
بلێ لاوێ وەکیلم بـێ لـە بـۆ مـن هـەر لـە گریانـە
بلـێ لاوێ وەکـیلم بـێ وەتـەن نەفرۆشـێ بـۆ پـارە
بلێ لاوێ وەکیلم بێ کە وەک من جـەرگی داخانـە
بڕووخێ مەنهەج و قـانوونی ئیسـتعماری ئینگلیـزی
بڕووخێ بـەزمی ئـەقتاعی بـڕووخێ نـەهجی میرانـە
بڕووخێ شەرت و پەیمانی عیراقی و ئێرانی و تورکی
بـــڕووخێ پارلـــەمانێ کـــە دەســـکردی شـــەیتانە
دە **قانع** سەرکەوە بۆ سەر منـارەی بـەرزی ئامانجـت
لەوێـدا بـانگی گشـتی دە و بلـێ وا ڕۆژی کوردانـە[2]

***

١. لە دیوانە چاپ کراوەکانیدا نووسراوە: ئەوەی کۆمەک بە بیرت بێ.
٢. ڕۆژی کوردانە، ڕۆژی نیشتمانە: بە هەردوو جۆرەکە لە دەستنووسەکاندا هەیە.

www.rabati.org

## پێنجخشتەکی لەسەر شیعری حەمدی ساحێبقەران

ئەی وەتەن! بەینێکە پەستی مـوژدە بـێ دەورانتـە
خـــوێنی کـــوژراوانی کۆنـــت بۆیـــەیی هەیوانتـــە
گوێ لـە هـەرلا ڕاگـری هـەر گوفـتوگـۆی لاوانتـە
ئەی وەتـەن ڕۆم و عەجـەم موشـتاقی کوردسـتانتە
ئیفتیخـاری میللـەتی کـورد شـەوکەتی عینوانتـە

ئەی وەتەن! چاوت نەترسێ قەت لە غاز و تۆپ و تانگ
وا قەڵەم بۆت پێگەیشت بـۆ تـۆ ئـەکا هـاوار و بانـگ
با بخنکێ کاکی بەدگۆ دووکەڵـی دە و بیخـە قانـگ
بەستە سەربەرزی سبەینان و شەوانت ڕۆژ و مانـگ[1]
وەک نیشان و ئیحترامی سینگ و نەجمـەی شـانتە

کەی قەڵەم ئـەتوانێ باسـی تـۆ بنووسـێ یـا زمـان؟
چۆن ئەتوانێ سەدیەکێ باست بکـا بـۆ مـن بـەیان؟
ئەی تەبیعەت! ئافەرین بۆ کردەوەت، بـۆ کوردسـتان
بەرقئەدا و ئەڕژێ وەکوو ئەمواجی گەوهەر چەشمەکان
ئـاوە یـا ڕۆحـی ڕەوانی چەشمـەیی حەیوانتـە

---

١. لەبەر تێهەڵکێشەکە دەسکاریی قافیەکانیان کراوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاتــێ قــاپی گوڵشــەن و باخــاتی تــۆ ئەکرێتــەوە
قەڵــبەزەی ئــاوت بــە ڕووی شــاخانەدا ئەڕژێتــەوە
زامــی جــەرگی عاشــقانت پــەی‌لەپــەی ئەکولێتــەوە
**ئاوە یا نوورە لە عەکسـی خـۆر کـە ئەبریسـکێتەوە؟**
**ئــەهلی حیکمــەت وا ئــەزانن دوڕڕەکــانی کانتــە**

سەد وەکوو لوبنان و بــەرلین بـۆ قەزاگێـڕی سـەرت
سەد هەزاران (جەوهەری) قوربانی تۆزێ جەوهـەرت
ڕۆژی تەنگانــەش ئــەبینم شــاخەکانی ســەنگەرت
**گوڵ‌گوڵی سوور و سپی خاڵخاڵی خاکی گەوهەرت**[1]
**پــۆدرەی ڕوخســار و ســورمەی ڕیشــتنی چاوانتــە**

خەزنەیێکی دەسـتی قـودرەت کـردویّتی بـۆ هــەژار
ڕوو لە هەر لایێ ئەکەم هەر گوڵشەن و هــەر مێرغـوزار
کۆهســـارت گـــەرمیان و گـــەرمیانت کۆهســـار
**عاشـقی ڕەنگـی خـەزانی تۆیـە بۆیـە دێ بــەهار**
**فەسڵی هاوین گەرمـە مـەیلی بەفرەکـەی زسـتانتە**

ئەی‌وەتەن! جێی نووری حەقی تۆ بە چەشنی کێوی‌توور
سەدهەزار مووسات هەیە هەریەک وەکوو دەریایی نـوور[2]
دەخڵ و دانت گێتیی پڕ کرد جا نزیک بێ یاخود دوور
**چونکـە عــەمماری زەخــیرەی کائیناتــە شــارەزوور**
**شــەهربازاڕ خــوانی میوانــە و لەبــەر میوانتــە**

---

١. لەبەر تێهەڵکێشەکە دەسکاریی قافیەکانیان کراوە.
٢. ئەم دێڕە بە چەند جۆرێک نووسراوە کە ئەمە جۆرێکیانە.

دیجیتاڵی www.rabari.org

گەر خەیاڵی تۆ بکەم فەوری لە دڵ خـەم دێتـە دەر
ناوی تۆ بەم دەم ئەبێتە چاوگـەیی شـەهد و شـەکەر
سەیری دەشتی تۆ ئەکەم چون چاکە بۆ زامی جگەر
**باسی میـوەی تـۆ ئەکـەم بۆیـە قەڵـەم هاتۆتـە بـەر**
**بەسـتەکانم بەسـتەیی ئـەهلی دڵ و عیرفانتـە**

گشتی شووشەی زێڕ و زیوە باخە باخەی گەنم و جۆ
تـۆ بەهەشـتی ئـەم جیهانـەی بـێ‌گـەزاف و بـێ‌درۆ
بـیرە وو ویسـکی شـکێنە جامۆڵـەی پـڕ بـەفر و دۆ
**پلپلـە و لاگـیرەیی زێـڕینی جـوانی قـەومی تـۆ[1]**
**زڕزڕە و پشـتێنەیی بـەردینی قـەد شـاخانتە**

کێـو و کوێسـتانت سـەراپا قرمـز و گوڵـنارییە
شـیوەڵ و دەشـت و نـزارت ئـاوی سـافی جارییـە
سەد منی بولبول لە بۆ گـوڵ ئـیش و کـاری زارییـە
**ئاسمـان و شـاخی بـەرز و پـانی ئـەرزت دیارییـە[2]**
**ماڵـی کوردیـت و ئـەوە دیـواری حەوشـە و بانتـە**

داخەکەم بـۆ ئـەو دەمـەي لاچـێ لـە نـاوا دوودڵـی
لاوی خوێن‌گەرمم بزانـێ و دەس نەداتـە سەرچڵـی
جا تەماشای خاکەکەت کەو بێرە سەر سەیری گوڵی
**پەیکوڵی[3] تـا قەسـری شـیرین ڕاکشـاوە بـێ‌کوڵـی**
**دەشـتی قەنـدیلت درێـژە بـۆ چراچـی وانتـە**

---

١. لەبەر تێهەڵکێش کردنەکە دەسکاری قافیەکەی کراوە.
٢. لەبەر تێهەڵکێش کردنەکە دەسکاری قافیەکەی کراوە.
٣. ناوی شاخێکە لە ناوچەی وارماوا و قەزای هەڵەبجە کە بە زنجیرە تـا قەسـری شـیرین درێـژ بۆتەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



سەیری کێوی ئەزمڕ و گـۆیژە چلـۆن خۆیـان نـوان

بۆ گوڵ و باخچەی لە خۆیی پشتی لوبنانیـان شـکان

داری زەرد[1] زەرد نابـێ ئەمـڕۆ تـا نەچێتـە ئاسمـان

**پیرەمەگروون تاجی شاهانەی بـە سـەربەرزی فـڕان**

**تـەم دەمـاوەن داگـرێ مـەحجووبی هەورامانتـە**

کوردە بێخەم هەڵسە سەرپێ، ڕوو کەرە شادی و دەماخ

نەونەمامت پێگەیشـت و هاتـە بـەر وەک داری بـاخ

دەســتەئەژنۆ دانەنیشــی و هەڵبکێشــی ئـاخ و داخ

**خەتی دیوانی شکستەی گرد و لووتکەی بەرزی شاخ**

**ڕۆشــنە بــۆ ســەربەخۆیی تــوڕڕەیی فەرمانتــە**

ڕەمـزی حەمـدی **قانعـا** نـازانی تـۆ مـەعنای چییـە

ڕوو ئەکاتە ئـەو کەسـەی غایەپەرسـت وەک لۆتییـە

باوەجود گوێی هەڵکەنی داناچڵەکێ سـوودی چییـە

**جاروبار حەمدی گلەت گـەر لـێ بکـا ناحـەق نییـە**

**جەردە ڕامـەگرە نەڵـێن خەڵـقی کـە جـانی جانتـە**

***

١. ئەو شاخەیە کەوتۆتە نێوان سلێمانی و قەرەداغەوە.

www.rabari.org

## خۆت بناسه

له ئەمڕۆ لازمه هەرکەس بزانێ خۆی که کـوڕ کێیـه
یەقین هەرکەس نژادی خۆی نەناسێ بێسەر و پێیه
کوڕی بێ ئەسڵ وا چاکه به چەشنی گورگی ناو گەله
دەریکەی با وەتەن چۆڵ کا نیشانەی زۆڵیەتی پێیـه
برایی ئیشـێ زۆر چاکـه دەخیلـت بم بـەجێی بێنـه
ئەلف چون ڕاسـته ئـازاده ئـەوی بـاری هەیـه تێیـه
بەوەڵڵا کاکه بۆ تۆمه ئەگـەرنا مـن حـەقم چـی بـوو
بڵـێم لاده لـه ئـەو شـاخه، وەره لێـرۆ بـڕۆ ڕێیـه
به ناحەق باخەوان کەی خزمەتی داری نەناسی کـرد
هـەتا مـەعلووم نـەبوو ئایـا زقوومـه یـاخۆ هەرمێیـه
نەڵێی بەخوا به گوێی ناکەم وتاری گشتی بێسـووده
هەتا مەعلووم نەبێ ئایا کـه ئـەم شـێخ **قانعـه** کێیـه

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org





## پێنج خشتەکی لەسەر شیعری فەریق[1]

بــرا ئـــەزانم دەســـتت بەتاڵــە     دڵـت پـڕ لـە خـەم مـاڵ و مناڵـە
بـیرت هـەر لـەلای زەڕات و گاڵـە     قانع بـە ڕاسـتی مەیکـە بـە گاڵـە
لـــە داخـــی خـــوا حاڵـــم بـــێ‌حاڵـــە

هەر خۆی خوایە هەرچی کە ئەیکا     بە هەرکەس بەشێ زۆر یا کەم ئەدا
هیچ عەیب ناگیرێ لە کـاری خـوا     عالــەمی خولــقان ڕزقیــان ئــەدا
بــۆ هینــدێک مــەنێ ڕزقــی یــەک ساڵــە

بۆ یەکێ دەوڵەت بێ‌حەدوحیسـاب     بۆ یەکێ نـانی وشـکی پـڕ عـەزاب
بۆ هیندێ بێ‌سووچ پڕقین‌وعـەتاب     بۆ یەکێ پـلاو خۆرشـت و کـەباب
بــۆ هێنــدێ گــەنم، بــۆ هێنــدێ گاڵــە

قەرار نـاگرێ لەسـەر هـیچ کـارێ     هێنـدێ موحتاجـە بـۆ کۆڵـەدارێ
هیندێ تێر نابێ بە سواڵـی شـارێ     بـۆ دەسـتەیێ تـر وەهـا ئـەبارێ
وەک بــەفر و بــاران، وەک بــای شەماڵــە

یەکێ بۆ نانێ ئەخەیتە حەی‌حـەی     ئەدەی بە یەکێ تەختی جەم‌وکەی
یەکێ لە برسا زەردئەکەی وەک‌بەی     چـایی شـیرین و پـلاو پەیاپـەی
بـــۆ یـــەکێ ئەڵـــێی کـــەری جەجاڵـــە

ئەڵبەت من و تۆ دوژمـنی خـواین     یان‌وا هەڵئەگرین چون‌شێخ‌ومەلاین
بە تەنیا و بێکەس بێ‌خزم و بـراین     هەرچەندە تەواو کوردستان گـەڕاین
خــوا ئــەو خــوا و مــاڵ هــەر ئــەو ماڵــە

---

١. **فەریق:** ناوی مەلا ڕەسوولە، خەڵکی دێی «قۆخەمامۆ»یە لە نێوان شلێر و بانەدا، لە مـەریوان فەقێیەتی بەسەر بردووە و دیوانێکی شیعری کوردی و فارسی و عەرەبی هەیە؛ بـەڵام بـە چـاپ نەگەیشتوون، شاعیر ئەم شیعرە بە نامەیەک بۆ قانع ئـەنێرێ و ئـەویش لـە وەڵامـدا ئـەیکا بـە پێنج‌خشتەکی.

خواردنی فیلێ ئەدا بە یەک مۆر هیچ جیا ناکاتۆ لە سپی و لە بۆر
ڕۆژیم نەدیوە نە کەم و نە زۆر ئەوا من مەلام ئەڵێم بە هەر جۆر
خۆ قانع ئەدیب فیکر و خەیالە

غەرقی نیعمەتە هەرکەس بێدینە بەشی دینداریش شین و گرینە
بە خۆت سوێنتەدەم ئەمە شیرینە؟ لیباسی هەندێ فاسۆنی شینە
جوو ئەنەخشێنێ وەک گوڵی ژاڵە؟

گوێم بۆ ڕاگرە پادشای بێباک گیرام خرابتر بمخەیتە ڕووی خاک
دەردی دڵی خۆم ئەڕێژم سەرپاک ئەدەیبە بەعزێ قۆندەرەی زۆرچاک
منیش چمچمە یاخۆ مەشکاڵە

خوا من و تۆ بێینە گفتوگۆ محاکەمە کەین ڕاست و بێدرۆ
من کە دامەزک بۆ نانێکی جۆ ئاخر بە کام ڕوو کڕنووش بەم بۆ تۆ
سەد جار بە خۆت سوێند حاڵم بەدحاڵە

جەبرەئیلم کوشت یان کابەم سووتان خزمەتم نەکرد بە شەرع و قورئان
چەندەم بۆ خوێندی سوورەی(الرّحمان) بۆچی یەزید بووم حسێنم فەوتان
ڕووی تۆ لە حەنام ئەوەندە تاڵە؟

مزگەوتەکانت سەرپاک ڕووخاوە هەرچ پیاو تۆ بێ چاک لێیقەوماوە
هەمیشە داماو بێ نان و ئاوە نازانم خەزنەت بۆ کێ داناوە؟
مەلاکانت ڕووت لنگ وەک چەتاڵە

هەرتۆ عالەمت خستە گیر و داد شیرینبۆ خوسرەو تەشوێ بۆ فەرهاد
بەشکردن وایە؟ هەی داد و بێداد! وادەی من و تۆ، ڕۆژەکەی میعاد
شەرت بێ لە حەشرا بیکەم بە گاڵە

سەدجار قووڕانم بە هەناسەی سارد بۆ مشتێ هەرزن، بۆ لەوێچێ نارد
وتم بینێرە کە تۆ هەر نەتنارد ئیتر میکایل تەلاقی بۆ خوارد؟
کە بەشم نەدا لە بەڕووە تاڵە

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## جەژنەکەت چۆنە

جەژنەکـەت پـیرۆزە کـوردە یـاخۆ شـین و زارییـە؟
سەرخۆشی کوردە لە جەژنت یـاخۆ دەردت کارییـە؟
پرشنگی خوێناوی جەرگـە یـا گوڵاڵـەی ئـاڵ و واڵ
پیرمـــەگرووونت سەراســـەر قرمـــز و گوڵـــنارییە؟!
جەژنەکەت کەی جەژنەکوردە؟ جێگەی ڕاوی‌ڕۆستەمت
ئێستە جەولانگاهی غەیرە و دوژمنی خوێن‌خوارییە؟
سەرخوەشم ئەمڕۆ بە بانگی بەرز ئەڵێم ئەی هۆزی‌کورد
جوولەکەش جەژنی فەتیری خـۆی ئـەکا بـێ‌عارییـە
کەی ئەوە جەژنە بە دیدەی پڕ لە ئەشک و ئاهی دڵ
تـک‌تکـی فرمێسـکی چـاوت یـەک‌لەسـەریەک‌جارییـە؟
گەر بە تەنیا چێشتە جەژنت سەد کەڕەت خوا بیبڕێ
جـەژنی ئـازادی مەرامـە و مەنهـەجی بـێ‌دارییـە
**قانعـا!** پـیرۆزە جـەژنت چونکـە ئەمـڕۆ لاوەکـان
یەک لە یەک چاکتر خەریکی خوێندن و هۆشیارییە

***

www.rabari.org

## پێشکەش بە ئارامگای شێخ مەحموودی نەمر

کەس نەڵێ ئەم بێشە چۆڵە و ئـەم زەعیمــە مـردووە
قارەمــانی بێچووەشـــێری کوردســـتانە نووســـتووە
پێت بڵێم چی کردووە بـۆ خزمـەتی کـوردی هـەژار
لاپەڕەی مێژووی بە خوێنی ئاڵی خۆی نەخشـاندووە
یـادی ئاوباریـک و وەیســە و دەربـەن و تاریـدەرت
شاهیدە بۆ تۆ لەگەڵ کورد چەنـدە ڕەنجـت بـردووە
ئێستەکەش ئـاواتی تۆیـە پەیـڕەوی کـوردی هـەژار
نامرێ هەرگیز لـە دڵـدا فیکرەکـەت هـەر زینـدووە
پەیکـەری ژینـت سەراسـەر شۆڕشـە و کوردایـەتی
تاکە سەرمەشقی ژیـانی؛ گـەرچی کۆچـت کـردووە
بـەم تــەقالا و شــۆڕش و ئازایــەتی و مەردانەیــەت
تـۆ پــەیامی مردنــت بــۆ دوژمــنی کــورد نــاردووە

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## چۆنیەتی ئەحواڵم

بەناو مەشهووری ئافاقم کەچی هەر ئاهـ و ناڵینمە
وەکوو پیاوی برامردوو لە برسا زاری و شینمە
دەمێ خەم بۆ کەوا کۆنە و دەمێ بۆ نانی جۆینمە
ئومێد و واسیتەی ژینم گەدایی و مردووشۆرینمە
**(کوتەک) دۆعا ئەکا بۆ نان و خۆیشم ڕەببی ئامینمە**

هەتا ئەو ڕۆژە ڕۆژی بوو ئەمن سواڵ و گەداییم کرد
بە دڵ نەفرەت لە کەسبی عالی و ئیشی فەلاییم کرد
لە ڕێیان وا ترازانم کە هەر مەیلی مەلاییم کرد
نە وەک خەڵقی بە سووک بیگرم تەواوی خۆم فیداییم‌کرد
**کەچی ئیستە هەر ئاواتی کولێرە و چێشتی نیسکێنمە**

لە پایزدا درۆی زلزل هەتا نانێ بە دەس بێنم
بە زستانا ئەبێ قورئان لە باوەش نێم و بیخوێنم
بە شەو وەک دز لە بازارا کە بزەڵکوو وەعدە بستێنم
بە سەد فێڵ و ڕیا فلسێ لە دووکانداری دەربێنم
**دە کرمۆڵ بم کە چۆن ئیشی وەها ڕەفتار و ئاینمە**

لە پاش چەن ساڵ شارەوشار ئەزانم جاهیل و دوونم
بە خۆم زۆر چاک ئەفامێنم بە شێتی چەشنی مەجنوونم
بەبێ ئەقڵی لە لام وایە فەریدی ڕوبعی مەسکوونم
گەداییم وایە بۆ نانێ بەقەد سەد لیرە مەمنوونم
**دەشینم بۆ بکە کوردە کە ئیستە نەوبەتی شینمە**

دە واعیز دەک خەجاڵەت‌بی کە وا ئەم عالەمەت فەوتان
لەبەر نەفعی خسووسی خۆت سەراسەر عالەمت خنکان
ئەگەر **قانع** دەسی بڕوا بەسەرتا سەرزلی مل‌پان
ئەبێ ریشت لە بن ببڕێ و ببیتە عیبرەتی دەوران
**عەداوەت من لەگەڵ تۆدا ڕقی سالانی پێشینمە**

***

www.rabari.org

## جەنگی دووەم

برا شۆڕێ لە سەرمایە عەیانە
کە ئەم شۆرە شەڕی بەینی گەلانە
دیارە هەوری ئەمڕۆ خوێن ئەبارێ
ئەجەل میوانی سەرپاکی جیهانە
بڵێ با کاکی ... قوڕ بپێوێ
نەما ناز و گروشمەی خانمانە
ئەمە بەردێکە نادان خستیە بن گۆم
کە دەرنایەت بە فیکری عارفانە
چ خۆشە بەرز و نزمی دێتە میزان
... ژێر دەستەیی کاکی شوانە
چ حەددی هەس کە ...ی هەجوی من کا
بڵێ لادێییە و قانوون‌نەزانە
ئیدارە شاخ و داخە و نادی ئەشکەوت
دەوەن مەیخانە و دار پشتیوانە
بەسەر من سوێند ئەخوا کاکی ...
کە چون نەعرە و سەدای بۆمباردمانە
ئەوانەی ئێستە پەست و بێ‌ڕەواجن
لە سووچ و قوژبنا وەک شێری لانە
بە زگ برسی، کلاشی بەن لە پێ کەن
تفەنگیان هەڵگرن بێ نان و ئانە
حەیاتی چەن هەزار کۆرپە نەجات دەن
بە تۆز و خۆڵ و چڵک و **قانع**انە...

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بانگ

ئـەی گرۆهـی برسـی ئەمـڕۆ ڕۆژی تێکۆشـینته
ڕۆژی تۆڵـە سـەندنی خـوێن خـواردنی دێرینتـە
باڵی لێهەڵماڵە وەک شێر بێرە مەیـدانی خـەبات
ڕووکـەرە ئاغـا کـە ئاغـا دوژمـنی خوێنینتـە
لێدە نەعرەی دەنگدلێری ڕووبەڕووی زوڵم و سـتەم
هـەر بڵـێ ئـەی کـاکی مالـک بـۆچ ئەمـە ئایینتـە؟
تا بە کـەی زۆرداری و چەوسـانەوەی چـینی هـەژار
خـوێن مـژینی کۆمەڵـی بـێدەسـتەڵاتان دینتـە
یەک قرۆشتدا بە ڕجعی تورک و تـاپۆت گرتـە دەس[١]
تـا قیامـەت ئـەو قرۆشـتە مایـەکاری ژینتـە
باخێ هێندە قایم و مەحکەم نەبووی مـن نەتگـەمێ
دەسـتی ئیتسـتیعمارە هێـز و کۆمـەک و پەرژینتـە
گـوێ گـرە قـانوونی سۆشـیالیزمی دەنگـی دایـەوە
ڕۆژی مـەرگت زۆر نزیکـە ئـەو دەنگـە یاسـینتە
نۆکـەر و پێشـخزمەت و کارەکـەر و دایانەکـەت
کەوتـە ڕۆژی خـۆی بزانـە دوژمـنی خوێنینتـە
خۆت لە مـن باشـتر ئـەزانی بـاوی زۆرداریـت نـەما
عوودەکـەی ئەمـڕۆ سـبەینێ شۆڕشـی ناڵـینتە
ورگت شۆڕ کرد واتئەزانی هەر بـە ورگ ئەبڕێتـەوە
دەی بتۆپـە ڕۆژی ئەمـڕۆ ڕۆژی هەڵـەرزینتە
داسی دەسـتی چـینی جووتیـارە ئەنێتـە گـەردنت
تێـر بگریـە چونکـە ئەمـڕۆ ڕۆژی گریـە و شـینتە
بەند بە بەند قانوونی ئیسلاحی زەراعـی دێتـە پـێش
فـەخرە بـۆ مـن، بـۆ جـەنابت ئایـەتی تەڵـقینتە

***

١. مەبەست لە سەردەمی عوسمانلییەکانە.


کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

## لە بەندیخانەدا

ئـاخرین ماڵـی ژیـانم کـونجی بەندیخانەیـە[1]
ئـەم کەلەپچـە مەرهـەمی زامـی دڵـی دێوانەیـە
زۆر دەمێکە چاوەڕوانی زرِزرەی زنجیر ئەکەم
سەیری ئەم زنجیرە کەن وەک زێوەری شاهانەیە
بووکی ئازادیم ئەوێ خوێنم خەنەس بۆ دەستوپێی
حەڵقەحەڵـقەی پێـوەنم بـۆ پلپلـە و لەرزانەیـە
گەرچی دوژمن وا ئەزانێ من بە دیلیی لاڵ ئـەبم
بـاش بزانـێ کـونجی زینـدانم قوتابیخانەیــە
بـیری ئـازادیم لــە زینــدانا فراوانتــر ئــەبێ
قوڕبەسەر ئـەو دوژمنـە هیـوای بـە بەندیخانەیـە
گــرتن و لێــدان و کوشــتن عـاملی ئازادییــە
تۆپ و شەستیر و کەلەپچە لام وەکوو ئەفسـانەیە
چــاوەڕوانی شۆڕشــێکم عالــەمێ ڕزگــار بکــا
میللەتم بـۆ ئـەو مەبەسـتە کـردەوەی شـێرانەیە
چەکی شۆڕشگێڕی من نووسین و بـیر و بـاوەڕە
ڕاپەڕینـە، هەڵــمەتە پـڕ نەعرەتـەی کوردانەیـە
گەر بە ئـازادی نـەژیم مـردن خەڵاتـە بـۆ لەشـم
نۆکــەری و ســەردانەواندن کــاری نامەردانەیــە
**قـانعم** ئەمــڕۆ لــە زینــدانا بــە ئـازادی ئـەژیم
سەد هەزار لەحنەت لەوەی وا نۆکـەری بێگانەیـە

***

١. لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٣دا لەگەڵ وریای کوڕی لە تاران حەپس دەبێ و نەخۆش دەکەوێ و هیوابڕاوی ژیان دەبێ، لە کاتێکدا ئەم شیعرانە دادەنێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پێنج‌خشتەکی

بـەردەڕێژە بـا جـوان بـێ هاوسـەری گەوهـەر نییـە
پارە و ملک و مەعاش و خەزنە وەک جەوهـەر نییـە
شاری رەی بۆ ڕۆستەمە جێی ڕەحمە و ئەسمەر نییە
**سەر کە خاڵی بێ لە فکری میللیەت قەت سەر نییە**
**دڵ کە** گەرمی تیا نـەبێ قـەت قـابلی دولبـەر نییـە

تێپـەڕی دەوری تفـەنگ و لەشـکر و گـورزی گـران
یـەکێتی پێویسـتە ئەمـڕۆ بـۆ بڵـندی نیشـتمان
بـا بـزانن هـەر لـە شـاوە تـا گـەدا و مـیر و شـوان
**پیاوەتی ئەمـڕۆ بـە نـووکی خامەیـە و نـوتقی زمـان**
**ئیددعیا موحتاجی شیر و ئەسلەحە و خەنجەر نییـە**

کوا دلێرێ هیچ نەترسـێ خـۆی بخاتـە نێـو خەتـەر
هەڵـبکاتە سـەر فغـان و گریـە و شـین و چەمـەر
تـاجی ئـازادی لـە بـن بـەحری خـەما بێنێتـە دەر
**بـۆ بڵـندی نیشـتمان و ڕاوی ئـازادی سـەفەر**
**کوردە ئەمما کام سەفەر سەیرانی سـەربەربەر نییـە!**

بـازی ڕۆحـی کاوەیـە ئەمـڕۆ لـە نـاوا هەڵـفڕی
ڕۆسـتەمی زابـولزەمـینی کفـنی خـۆی وا دادڕی
سەدوەکوو فەرهادی کەلهوڕ پەردەی جەرگی خۆی‌دڕی
**شێر لە خوێنی خۆی گوزەشتی کرد و نەعرەی هەڵبڕی**
**ڕێوی ئەمری کرد کە نۆبەی نەعرەتەی حەیدەر نییە**[1]

***

---

١. ئەم پێنج‌خشتەکییە لە سەر شیعری «گێرەشـێوێن»ی خـۆی دایـناوە، دیـارە کـە ناتـەواوە. ئەسلی غەزەلەکە ٧ بەیتە؛ بەڵام خشتەکییەکە لە سەر ٤ بەیتی دانراوە. (ن.ب.)

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

## وزەی کۆنە پەرستی[1]

جووتیاری ئەم وڵاتی ئێمەیە دوچاری خەم بـووە
گـــیرۆدەی هــەژاری و غــەرقی ســتەم بــووە
ئاغا بە نـووکی نێـزەوە و پاڵپشـتی حـوکمی ڕۆژ
خـوێنی هـەژار و بێکەسـی پێخـۆری ژەم بـووە
ئەمـڕۆش بــە پێچەوانــەی ئـاواتی ئــەم گەلــە
دوژمن لە کوردەواریا خـەریک زیـل و بـەم بـووە
ئاغـا خــەریکی شــادی و ئاهــەنگ و خواردنــە
ڕەنجی فەلاحی ماندووە لە ناو کۆشکی جەم بووە
ڕازاوەیــە و جوانــە هــەموو دیوەخــانی مــیر
خانووی فەلاحی قوڕبەسەریش نوقمی تـەم بـووە
خـەڵاتی نۆشـە ڕەنجـی فـەلا بـۆ بـەگی ...س
ڕەنجی هەژاری دزیـوە ئەگـەر زۆر و کـەم بـووە
بێگار و خەرج و سەرانە هەموو عـورف و عـادەتن
سـوورانە ئـەرک و بـاری گـرانی ئەڵــەم بـووە
قانوونی ئەم زەمانەیـە، گـەرنا بـە یـەک سـەعات
کۆشکی جەنابی میرە کە وا تـەختی چـەم بـووە
دیوانی میر و مامەڵەی کچی جووتیاری قوڕبەسەر
زۆر سەیرە شەرمی نـەماوە بـە بـازاڕی زەم بـووە
نیزامــی ئێســتەیە باڵــی فــەلاحی جەڕانــدووە
گەرنا دیاری بۆ بەگ و میر مـەرگ و سـەم بـووە
**قانع** بە ئاشـکرا بـە ڕەش و ڕووتـی کـورد ئەڵـێ:
باوی نـەماوە ئـەم نیزامـە، دوچـاری وەرەم بـووە

***

١. ساڵی ١٩٤٣ لە مەریوان وتراوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## نەفست بە بەرزی بگرە

کوردە بە خوا عەیبە بۆ تۆ قەت سوئالی کەس مەکە
خۆت حەواڵەی تیر و تانەی عالـەمی ناکـەس مەکـە
بـۆ دزی بۆڵـیٚ تـریٚ یـا لێفـە کـۆنێکی دڕاو
خۆت بە ناحەق موستەحەققی، گرتن و مەحبەس‌مەکە
مینـەتی بێگانـە وەڵـلا بـیٚ‌درۆ دڕکـی دڵـە
تۆیش دڵت ڕازی بە زەخم و ئێشی خار و خەس مەکە
گەر لە ئەوەڵ دەفعەوە ئەم فرسەتە نەفعی نـەبیٚ
میوە ئاخری خۆشە، مەیلی بەرسیلەی زووڕەس مەکە
من ئەزانم ئیتتیفاقە عامـە بـۆ دەسـتەی وەتـەن
ئەی ڕەئیسی بەعزیٚ کوردان! قەت وەتەن بیٚ‌دەس مەکە!
فەرزە بۆ شاهـ و گەدا کۆشش لە بۆ خاکی وەتەن
کاکی ناتق خۆت لە بەحسی خاکەکەت ئەخرەس مەکە
تۆیش وەکوو **قانع** لەلای میللەت‌پەرست قەدرت ببیٚ
ئیش و کاری هەر هەتیوی هـەرزە و بێکـەس مەکـە

***

ڕابەری دیجیتاڵی www.rabari.org

## پێنج‌خشته‌كی بۆ پێكه‌نین

بــرا داخـــی دڵــــم هێنــــده بــــه‌تاوه
كـه ئه‌سڵـه‌ن شـه‌رم و عـه‌یبم لا نـه‌ماوه
ده گوێ شل كه لـه بـۆ ئـه‌م خووگـه‌ڕاوه
كراســــێكم هه‌یـــــه گشـــــتی دڕاوه
**لــه داوێــن تــا یه‌خـــه‌ی پینــه كــراوه**

هـه‌زار خۆزگـه‌م بـه ئـه‌و ده‌ورانی پێشـوو
كـه خـامی تـازه بـوو هـیچ نه‌مـدووریبوو
به‌ڵام بـیرم نییـه یـه‌ك گـه‌ز بـوو یـا دوو
ئه‌مـه نـۆ سـاڵ و نـۆ مانگـه بـه مێـژوو
**كـه ئـه‌م پارچـه لـه بـه‌رما هه‌ڵـدووراوه**

به خوێن سوور بوو ئه‌گه‌رنا ئه‌سڵـی شـینه
ته‌ماشا كه‌ن كه چڵـكی چـین بـه چینـه
له تـۆ پرسـیار ئه‌كـه‌م ئـه‌م ژینـه، ژینـه؟
وه‌كوو دێوجامه گـوڵ‌گـوڵ بـوو بـه پینـه
**ئــه‌جووڵامۆ بـــه زبـــری نه‌رمـــه ســـاوه**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەکــوو چــەرمی دەباخانــە بــە بۆنــە
ڕەش و لــۆچلــۆچ بــە وێنــەی هیزەڕۆنــە
درۆ ناکــەم بــە کــۆنی هێنــدە کۆنــە
لە بــیرم نایــە ئەسڵــی چــی بــووا! چۆنــە!
**لــە خامــە یــا بلــووری یــا لــە جــاوە!**
یەکێتر وای نــەدیوە چــەرخی گــەردوون
بــە بــارانی بــەهاران خــەیلێ مــەمنوون
وەکــوو چارۆگــەکانی پورکــە خــاتوون
بە خەو نەیدی سپون[1] و ســونکە ســابوون
**هەمیشــە چــاوەڕوانی تەشــت و ئــاوە**
بــە شــانم تــا بڵــێی بــارێ گرانــە
پــەڕۆی ئاردماڵــکی[2] لای ئاشــەوانە
لــە دەســت ئالۆشــەکەی ماڵــم وێرانــە
بــە ڕۆژ ئەســپابی فیــزی چایخانــە
**بــە شــەو لێفــەی منالــی ڕاکشــاوە**
لــە کــاتی دەخلــەدا هــۆڕ و خــەرارم
لەبــەر بــۆنی لــە مــەجلیس شــەرمەزارم
لـــە ڕۆژی تـــۆف و بارانـــا دەوارم
بــە زســتانا لــە جێــی زوخــاڵ و دارم
**بـــە هاوینانـــە چـــەتری خۆرەتـــاوە**

---

١. سپون: گیایەکی کوێستانییە، لە لادێدا پاش وشک کردن و کوتاندن، بۆ جل شۆردن بەکار دەهێنرا.

٢. ئاردماڵک پارچە پەڕۆیەکە بۆ سڕینی دەورووبەری بەرداش.

وەکوو تەوقی غەزەب ناوی لیباسە
وەکوو گەوهەر لە ناوا کەس‌نەناسە
لەبەر ئەم دەردەیە حاڵم کەساسە
ئەزانم تاکوو ئەمرم هەر کراسە
**ئەڵێی بۆ کفنەکەم زەمزەم کراوە**

ئەگەر خاکم ببێ و باخێ بنێژم
وەیا خانووم ببێ و خشتێ بپێژم
لەبەر بێ‌ئیشییە وا گێژ و وێژم
ئەگەر ئیشم ببێ و عارەق بڕێژم
**چ ئیحتیاجم بە بەرگ و نان و ئاوە؟**

وەرە بنواڕە ئەی هاودەردی هۆشیار
نەجاتم دەن لە دەست بێگاری زۆردار
هەتا بۆ خۆم بکەومە کاسبی و کار
ئەگەرنا ڕەنجی ڕۆژێکی کرێکار
**بەرامبەر چەن کراسێ دانراوە**

هەتا کەی وا زەلیل و قوڕبەسەر بم؟
هەتاکەی بێ‌مەکان و دەربەدەر بم
هەتا کەی گیری داوی پڕزەرەر بم؟
ئومێدم وایە ئیتر کاریگەر بم
**نەجاتی خۆم بدەم لەم بەند و باوە**

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پێنجخشتەکی لەسەر شیعری مەلا ئەحمەد[1]

سەیری ئەم خولیایە کەن شاعیر کە کەوتە زەمزەمە
ژینی چەشنی ژینی گورگە، گاهێ تێر، گا ژەمژەمە
خۆی لە شا زیاتر ئەزانێ گەرچی دایم پڕ خەمە
**تەوسیەی هەر هۆنەرێ بۆ هۆزی ئیستە هەردەمە**
**خووی لەگەڵ هۆنراوەی یەک بێ یا نییە یا زۆر کەمە**

تاوێ سەیری حاڵەتی کە پیاوی خاوەن نیعمەتە
ڕۆژێ بڕوانە لە حاڵی، ئیش و کاری زڵلەتە
کردەوەی پیشان ئەدا ڕەفتاری یەک‌یەک زەحمەتە
**کاتێ دێتە سەر قەڵەم (فۆڵتێر) لە لای‌بێ قیمەتە**
**کردەوەیشی بۆ براکانی بە چەشنی ئەرقەمە**

کاکی شاعیر! تۆ سەری خۆت، لێم مەیەرە سەر مەساف
شیعرەکانت زۆر جوانە و کردەوەت پووچ و خەلاف
شۆڕەسوارێکی لە دەشتی هووشە و لاف و گەزاف
**یا مەڵێ، یا وا بە یاخۆ جار بەرجارێ ئیعتراف**
**فەرموو ئەمنیش موستەحەققم بۆ هجوومی ئەم زەمە**

گاهێ شاعیر چەشنی بۆقلە خۆی تەواوی گیف ئەکا
کەوتە ناو بەحری خەیاڵۆ چەندە شاتە و زیف ئەکا
گاهێ بۆ ئەدنا بەراتێ چەند گەدا تەعریف ئەکا
**وەک حەکیم ئەنواعی دەرمان و دەوا تەوسیف ئەکا**
**بۆ نەجاتی خەلق و خۆیشی وەرهەمی بێ‌مەرهەمە**

---

١. مەلا ئەحمەد، کوڕی بەهەشتی قازی پێنجوێنە، کە ناوی زەوقییە.

www.rabari.org

خـۆی لـه کۆلانـا ئـەژی نەفسـی ئەخاتـه ئاسمـان
گوێ لە شیعری نـاگرن هـەر خۆبـەخۆ دێتـه بـەیان
خۆی بە چاکتر دائەنێ و پەستتر لەگشتئەهلی زمـان
**کردەوەی خۆی بێتە پێش چاو تەواو لیی دێتە زوان**
**وەی چ غەدارە، چ خوێنمژە، وەی پەنا بە خوا لەمـە**
وەسیەتێکت بۆ ئەکەم شـیرینتری شـەهد و شـەکەر
سەد دەخیل ئەم وەسیەتەم بگرە لەگوێ ئەیپڕهونـەر!
جارێ واز بێنە لـە تانـە و عـەیبی هـۆزی قوڕبەسـەر
**کاکە تۆ نەفست لە گێـژی خودپەسـەندی بێنـە دەر**
**جا بە دەس بگرە دەسـێ، بێـژە بـە دەم لادە لەمـە**
خۆت لە دیوانی خـودادا بـۆچ ئەکـەی وا ڕەنجـەڕۆ؟
عەیبی هۆزت بۆ ئەخەیتە بەردەمی دڵ پـڕ لـە سـۆ؟
من ئەزانم چـی لـە کـونجی ... دڵـت دایـە بـێدرۆ
**گەر ئەتۆ ڕاستت ئەوێ بەخوا ئەوەی فەرمووتـە خـۆ**
**بـۆ بـژی و یـا ئافـەرین و خـۆ نیشـاندانـە ئەمـە**
باسی جوودی حاتەمم لاکـەن تـەواو ئینکـار ئەکـەم
یـانی بڕوانـە کـە نوتـق و فەلسـەفە ئیزهـار ئەکـەم
**قانعـا** بـەم حالـەتە دەورانی خـۆم ئیمـرار ئەکـەم
گەر بڵێن زەوقی ئەتۆش هـەروا بلـێ ئیقـرار ئەکـەم
**چۆن بە خۆم بوختان ئەکەم ئەمڕۆ کە موودەی عالەمـە**

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## یەکێ بۆ وەرع و سیواکە

عەجایب شوکری حەق ناکەی لەسەر ئەم نیعمەتە چاکە
وەرە سەیر و تەماشا کە کە چـاوت چەنـدە ڕووناکـە
ددان‌سـازێ بـە چـەن لـیرە ددانـت بـۆ دروسـتکاتۆ
ئەڵێ ڕەحمەت لە بابی بێ، دەست و کاری گەلێ‌پاکە
ئەگەر کوێر بی بە سەد لیرە حەکیمێ چاکت ناکـاتۆ
بـە بەخششـیا بزانـە خـوا خـوایی بێکـەس و تاکـە
هەموو ئەنعامی پێ داوین هەتا شوکری بەجێ بێنین
ئەگەر مەیلت بە قلیانە و ئەگـەر مـەیلت بـە ترپاکـە
دروستی کردووە دارێ لە بـۆ ئەسـپابی دنیـا و دیـن
یەکێ نەی بۆ سەفا و بەزم و یەکێ بۆ وەرع و سیواکە
لە لای ئەدنا پیـاوی خـوا، چ نەوشـیروان، چ گاوانـێ
لە لای حەق ئەم هەموو دنیا بە قەد یەک زەڕڕە خاشاکە
کە تۆ وا واعیزی **قانع** لە بـۆ خـۆت، بـۆچی بـۆ دنیـا
دڵت پڕ ئاهـ و ناڵینە، دووچـاوت سـوور و نمنـاکە؟

***

کتێبخانەی ڕابەر
www.raban.org

## پێنج خشتەکی

بــرا بڕوانـــە لـــەو جێیـــە هەرایـــە
یـــەکێ ڕووتـــە، یـــەکێ وەک پادشـــایە
یـــەکێ پێخاوســـە و یـــەک بـــێکەوایـــە
زەمانـــێ ســـەیرە، دنیـــا ســـینەمایە
**فیلمـــی پـــڕ لــــە جـــەورە وا لـــە کایـــە**

یەکێ خاوەن تـەلار و کۆشـک و دووکـان
یـــەکێ بـــێخانومـــان و لات و بـــێنـــان
یەکێکیش گەلفریـوە چەشـنی شـەیتان
ئـــەوی ئاغایـــە یـــا ئەعیانـــە یـــا خـــان
**هەزار کەس سەربڕێ هـیچ دەنگـی نایـە**

وەرە با بۆت بەیان کەم سـەد بـە دەفتـەر
کە داینـاوە لـە ڕێگـەی خاکەکـەی سـەر
گەلێ کوژران بە شمشـێر و بـە خەنجـەر
لەبـــەرچی وا کـــە گـــەنجانی هونـــەروەر
**بـــە ملیـــۆن وێڵـــی شـــاخان و چیایـــە؟**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

براکــەم بــێ تەماشــام کــە کــز و دژ
دوو چاوم پڕ لە ئەشک و مووی سەرم گـژ
چلـۆن ئەڕژێتـە بـەر پـێ قەفقـەفی قـژ
لـە دەسـتی جـەوری زۆردارانی خـوێنمژ
**هــەزاران عــەدلی کیســرا بــێ غایــە**
وەرن ئـەی بـەشخـوراوانی بـەبێ دەس
دڵت بۆچی سـووتاوە چەشـنی قەقنـەس
ئەگـەر ئێـوە بـبن کێـی تـر ئیتـر هـەس
شــەقی زۆردارە ئەمــڕۆ هــۆزی بێکـەس
**وەکوو ئاشـی خـەواڵوو بـۆ دەنگـی نایـە؟**
لـە وەزیـر و لـە جووتیـار و لـە گـاوان
لـە دەروێـش و لـە سـۆفی تـا منـاڵان
لـە گشــت لا ڕۆڵـە ڕۆیـە و ئاغـا ئامـان
نەوەک لایەک نە دوو لا بەڵـکوو هـەموان
**لە چـوار گۆشـەی جیهانـدا هـەر هەرایـە**
بــــرا! زامـــی دڵـــم وا هاتـــەوە ســـۆ
نـــەبوو جـــارێ بڵـــێم ئۆخـــەی، وتم ڕۆ
هەموو کەس هەر وەهایە نەک مـن و تـۆ
لەســـەر ڕێگـــەی چ قانونێکـــە ئەمـــڕۆ
**ئـەوی بـێدەوڵـەتە سـووکتـر لـە کایـە**

***

www.rabari.org

## ی

### تێهەڵکێش لەگەڵ شیعری حافزی شیرازیدا

ئەمرۆ لە مڵکی حوسنا، مەعلوومە شەهریاری
شاید کە عاشقان را کامی ز لب برآری

ڕەحمێ بە حاڵی من کە چون زامی دڵ بەسۆیە
بر بی‌دلان مسکین تا کی جفا و خواری؟

تا کەی میسالی خاڵت بەدبەخت و دڵسیا بم
تا چند همچو زلفت در تاب و بی‌قراری؟

وا چاکە شەرحی دەردی جەفات تەواو بەیان کەم
گر شمەیی بدانی شاید کە رحمت آری

وا مەستیی چاوی تۆ بووم سەرسام و لێوەکارم
تا زندەام نورزم این هوشیاری

یاخوا بەخێر بێ ئەمرۆ شەماڵ دیاری هێنا
از بوستان وصلت بوی امیدواری

عەبدێکی حەڵقە لە گوێم، ڕازیم بە زەجر و داخت
ور می‌کشی بە زورم، ور می‌کشی بە زاری

بازاڕی عیشقبازی چەن پارچەیەکی واتیا
دلهای هم چو آتش، لبهای رودباری

بۆ پانیازی قاسید ڕۆحم نیساری ڕێتە
سر بر نیارم از خاک از روی شرمساری

ئاخر بە حاڵی **قانع** ڕەحمێ بفەرموو قوربان
تا چند ناامیدی؟ تا چند خاکساری؟

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## وەسیەت بۆ کوتەک[1]

ئەی کوتەک تۆ کە کوڕی کوردی ئەبێ کوردی بی
مەمکوژە کاکە نەڵێی هەر لە دەسەی بردی بی
وەسیەتە ڕۆڵە، لە گوێی بگرە وەکوو حەڵقەیی زێڕ
بۆ بڵندی وەتەنت ڕۆح بە کەف و هەردی بی
گەر گەیشتی بە مەعاش و بووی بە مەئمووری یەکێ
نەفرۆشی وەتەنت، هەر بە هیوای مەردی بی
گەر دووسەد دەفعە لەسەر خاکی وەتەن حەپست بکەن
کۆڵ نەدەی بەڵکوو ئەتۆیش جارێ ببێ نەردی بی
ڕۆڵە گەر تێغ و تفەنگ، هات و بە کارت نەدەها
وەکوو بابت بە قەڵەم، نوتقدەر و فەردی بی
ڕۆڵە کورد ئیرسی نییە نازش و ناز و ڕەحەتی
دائیما نارەحەت و سەربەخەم و دەردی بی

***

---

۱. ناوی یەکێک لە کوڕەکانی خۆی بووە، بەڵام کینایەیە بۆ هەموو منداڵە کوردێک.

دیوانی قانع
www.rabati.org

## خۆت بناسە

عەیبە بۆ تۆ کە نەسلی کوردانی
حورمەتی خاک و باد نازانی
قاقەزت بێ بە تورکی ئەینووسی
یا زمانی زەبوونی ئێرانی
کەی عەرەب قاقەزی بە تورکی بوو؟
یا عەجەم کەی بە ڕەسمی عیمرانی؟
مشتە بۆ دۆم و پینەچی دەرزی
هەم عەلافیش قەپانی کێشانی
تۆ ئەبینی خەیات، شەش درەمێ
وەک مقەس دابنێ لەسەر ڕانی؟
یا فەقێ سووزن و کەفەی کۆپان
یا مەلا وردە پیتی سەلمانی
ئەمە هەرکەس خوا لەسەر ئیشێ
بە کەرەم ڕەحمی کرد و خولقانی
**قانعا**، قەت بە خۆت نەبی دڵخۆش
تۆیش یەکێکی لە خزمی کوردانی

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## شانازی بە ئەدیبەوە

شـــیرینتر و سوڵـــتانی مەقالاتـــە ئـــەدیبی
سـیحرە، هونـەرە، کەشـف و کەراماتـە ئـەدیبی
حـوببی وەتـەن و خزمـەتی خەڵـکە ئـەدەبییات
داخـل بـە سـەف و دەفتـەری تاعاتـە ئـەدیبی
بۆ بووکی وەتەن خشڵە یەقین شـیعری ئـەدیبان
لایـەق بـە سـەنا و مـەدح و مەقاماتـە ئـەدیبی
گەهـ شۆرە، گەهێ وەسفە، گەهێ هەجوی بەخیلە
گەهـ وێـردە، گـەهێ زیکـر و موناجاتـە ئـەدیبی
بۆ ئـەهلی هونـەر دوڕی گـرانمایـەیی مـەحزە
لای بـێ هونـەر و عـەقڵ خەرافاتـە ئـەدیبی
تاجی سـەری ئەبیاتـە لەسـەر تـەختی نیگـارش
ئوسـتادی هـەموو شـیعر و غەزەلیاتـە ئـەدیبی
دوێ پیری ئەدەب هات و وتی **قـانعی** بەدبـەخت
لـەم عەسـرە ئەڵـێن بـەزمی سـەفاهاتە ئـەدیبی

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

## پەرۆشی دڵ

منی بولبول ئەگەر گوێی دڵ لە نالەم تـاوێ خالـی بـێ
خوا بەختم لە ئەو بـەدتر گـیرۆدەی تـرش و تالـی بـێ
لە وەسفی ئەگریجەی خاوت، ئەگەر شیعرێ بە دلما بێ
لە تەئسیری ڕەشی زولفت ئەبێ دڵ هـەر زوخالـی بـێ
نەبوو جارێ لە لاما دابنیشـێ دەس لـەمل یـەک کـەین
مەگەر داخت لەگەڵ جەرگم ڕەفیقی ملک و مالـی بـێ
من و تۆ سـێبەر و خـۆرین، کـە تـۆ هـاتی ئـەبێ بمـرم
ئەزانی قاعیـدەی عیشـقە کەسـێ لـەم بابـە حالـی بـێ
هەموو زەخمی بەدەن کووچەی دەر و دیو چۆن نەبێ یاران؟
کەسێ پێکـراوی پـەیکانی کـەمانی پـووری زالـی بـێ؟
دیواری مەحبەسم شەرق و جنـوب و غـەرب و شـیماڵە
بـەچی ئیـبرا ئـەبێ مـوجریم، خـەتاباری منالـی بـێ؟
ئەوەندە نەقشی لێوی تۆ لە جەرگ و دلمەدا جێی گرت
ئـەبێ خـاکی مەزاریشـم لـەباتی سـوور، ئالـی بـێ
بە چاوگێڕان و دووزوانی لـە **قـانع** قـەت نـەدەی تەعنـە
بەیانی خەم بە چاو و دەمئـەبێ هـەر کـوێر و لالـی بـێ

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## سەرم ناوێ

سەرم ناوێ کە فیزی بەگلەری و سەرداری بنوێنێ
دەمم ناوێ کە تیکەی زلزلی تەنهایی بگلێنێ
دە ڕەببی کەڕ ببێ گوێیێ نەبیسێ شینی هاوخوێنی!
خوا ئەو چاوە هەر کوێر بێ کە چاو بۆ خەڵقی هەڵبێنێ!
لچێ خوێنی فەقیری پێ‌مژن یارەببی دابڕزێ!
زمانێ بەد بڵێ هێندە بماسێ خێوی خنکێنێ!
دە بەسراوی کەلەبچەی دەستی زاڵم بۆ نەبێ دەستێ
کە ئەو دەستە بەشی بێ‌دەستەڵاتێ بگرێ، بڕفێنێ؟!
لە کۆتی حاکما ڕەببی بمێنێ تا دوا عومری
قول و قاچێ کە بۆ هاواری خەلقی سستی بنوێنێ
وەرە بنوارە، کاکم لافی خەمخۆری منی لێدا
کەچی بۆ تاکە یەک ئانە، سەری سەد وەک من ئەشکێنێ
نەبوو دەستێ لە کوردستانەدا بێ‌پارە و ئوممێد
کە پشتی بێ سەر و پێیێ بە دڵسۆزانە بخورێنێ
نیزامی عالەمی هێندە بەلاری دێتە بەر چاوم
ئەگەر سەد جارە پینەی کەن ئەپچڕێ و تازە نامێنێ
مەگەر دەستی تەبیعەت وەرگەڕێ و بیخاتە سەر باری
کە ڕیشەی ئەهلی ئەم عەسرە بە دەستی جەور دەربێنێ
لە پاشان دایکی ئەم خاکە، کوڕێکی تازە پەیدا کا
ئەویش تێکۆشێ وەک **قانع** براکانی بلاوێنێ

***

ڕابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org


## پێنج‌خشتەکی لەسەر شیعری موفتی پێنجوێنی

مەعلوومە لە لای ئەو کەسە وا ئـەهلی حـەیا بـێ
گەر پیرە وە گەر گەنجە، ئەگەر شاهـ و گەدا بـێ
نابێ سەری بەرزی بـە منـەت کـۆم و پەسـا بـێ
قـانع دەسـی مـن دامـێنی تـۆ تـا وەکـوو مابـێ
عەمرت لـە حـەیاتا، عەمـەلت سـنعەتی چـا بـێ
کێ بێ لە جیهان ڕشتەیی ناموسی بـەجێ بـێ؟
چـاوی لـە دەسـی پـیرەژنی بێکەسـی دێ بـێ؟
ئومێدی دڵی سەرقەڵەمەی پوورە خـەجێ بـێ
نانێ کە بەگەڕ دەس بکەوێ گووی سەگی تێ بێ
سەگ لێت بوەڕێ و پیرەژنیش دەم بە دوعا بـێ
هەرکەس لە جیهان خاوەنی خولـقێکی شـەریفە
یـاخود کـوڕی مەیـدان و هونەرمەنـد و حەریفـە
گوێ ڕاگرێ بـۆ نەشـئەیی ئـەم شـیعرە زەریفـە
مەشـهوورە حـەیا قەترەیـەکی شـۆخ و لەتیفـە
هەرکەس کە گـەڕا، لازمـە ئـەو قـەترە تکـا بـێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باوەڕ مەکە هەرگیز بە مەقامات و بە عیشقی
بۆ جەلبی قلوبە کەرەم و ڕەئفەت و ڕفقی
ڕۆژی دوو هەزار تۆبە بکا زاهیرە فسقی
**مەهتووکە لە لای من بەشەرێ باعیسی ڕزقی**
**کەشکۆڵ و دەف و مێزەر و مەششاک و عەبا بێ**

سا بێ لە بناگوێی مەبڕە سەرزلی ملپان
دوڕانە بڕۆ بێهونەر و واعیزی مالان
گەر باوەڕم پێ ناکەی بە سیی جزمەیی قورئان
**ئەم سنعەتە مەکروهە لە بۆ کەس نییە قوربان**[1]
**بۆ ئەو کەسەیە وا بە درۆ پیاوی خوا بێ**

تۆزاوی و ئارداوی، ئەڵێی بەردە لە ئاشا
سک شۆڕە وەکوو هۆڕێ کە خنرابێ لە ماشا
سەدچاکەی لەگەڵ کەی کەچی بەدگۆیە لە پاشا
**باپیری منیش خیلقەتی گەر وا بووە حاشا**
**تا ڕۆژی ئەزەل نامەوێ، لەو جەددە ئیبا بێ**

مەیتێ بکەوێ دێنە سەری یەک یەک و کۆکۆ
بۆ گرتنی میرات هەموو گریە و ڕۆڕۆ
**قانع** بەسە ئەم باسی پەڕۆی پیسی بە بۆسۆ
**مفتی کە وەها بێئەدەبە، مەنعی نەکەی تۆ**
**پەردەی دڵەکەی ڕەنگە لە سەد لاوە دڕا بێ**

***

---

١. مەبەست لەو کەسانەیە کە بە ناوی ئایینەوە دەگەڕێن و سواڵ دەکەن.

## من و فلس

ئـەی فلـس وەڵڵـە لـە داک و بـاب و بـاپیر چـاتری
تۆ لە دووسەد خزم و خوێش و شێخ و دەسگیر چاتری
هەی بـە قوربـانی زرەت بم ڕۆژی سـەودا و مامەڵـە
تـۆ لــە شـیر و خەنجــەر و بڕنــەو گــەڵێ ئــازاتری
وا بــزانم بــێئــەدەب نــابم ئەگــەر ئەمــڕۆ بڵــێم
تــۆ لــە لوقمــان و ئەرەســتۆ عــالم و دانــاتری
من بە چاوی خۆم ئەبینم کـەمتیارت کـرد بـە شـێر
بەینی بەینەڵلا لـە خواجـە و فەیلەسـووف وریـاتری
چەن زەبەلاح و قوڕمساخ و تەڕاحەت کـرد بـە پیـاو
جـا کـە وا بـوو تـۆ لـە خوێنـدن چـاتر و بـالاتری
کلکی کەر بەرز کەیتەوە ئەیکەی بە پێشەنگی قـەتار
ئافـەرین بـۆ تـۆ فلـس، بـێشـک لـە مـن دانـاتری

**وەڵامی فلس:**

**قانعـا** گشـت کـەس ئـەزانێ تـۆ کزۆڵـە و سـەرکزی
تۆ لە گشت کەس بێفلوس و بـێدەس و ڕیسـواتری
کاکە ئانـە و مامـە درهـەم کۆمـەکم بـن بێمـە لات
تـۆ لـە جـەم جـەمتر، لـە دارا بـێخـەم و داراتـری
ئێستەکانێ چـۆن جـەنابی مـن لـە تـۆ دوورم تـەواو
تـۆ لـە ڕێـوی گـەڕ خراپتـر لات و بـێعـەنواتری
خوانەخواستە دەفعەیێ نەقشـم ببـینی تـۆ بـە خـەو
جا ئەزانم چۆن لە گشت کەس، هار و بێمـەعناتری

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

## تێکۆشین بۆ دەرمان

چخۆشە دەرد ئەگەر دەس دا لە لای یارانۆ دەرمانی
بیابان دوور نییە هەرگیز کە مەعلووماتە پایانی
لە مەزهەب عاشقا کوفرە بپارێزی وجوود و ڕۆح
ئەبێ گیانت نیشانگا کەی لە وەختی تیرەبارانی
دە سۆفی شەربەتی مەرگیش حەرامت بێ چجای نیعمەت
کە خۆی ناخاتە مەیدانی عیشق بۆ ڕاحەتی گیانی
ئەگەرچی شێت و سەودایم بە ئەم بێئەقڵیەش زانیم
کە نابێ خۆم بپارێزم لە گیروداری مەیدانی
کەوانی قەوسی ئەبرۆی بێ وەیا تیری مژەی چاوی
بە دینم عارە گەر چاوم بقووچێنم لە پەیکانی
ئەگەر عاشق خەمی کوشتن بخوا یا دەربەسی سەر بێ
وەکوو سۆفی خەجاڵەت بێ درۆیە عیشقی جانانی
حەکیمێ خۆی بە دەردی دڵ بناڵێنێ وەکوو **قانع**
وەکوو ئەشعاری **قانع** بێبەهایە فەننی دەرمانی

***

رابەری دیجیتاڵی www.rabari.org

## دڵدارەکەم کوانێ؟

سـەرم دانـاوە بـۆ گۆگـۆ، خـوا سـەردارەکەم کوانـێ؟
جگـەر بیمـار و پڕخوێنـە، دەوای بیمارەکـەم کوانـێ؟
مـن و خـەم هـەردوو هـاوڕێ بـووین لـە شارسـتانی بەدبـەختی
چخـەمخۆرێ خـەمی خـواردم، ڕەفیقـی شـارەکەم کوانـێ؟
بـە سـەد زەحمـەت دڵـم فێرکـرد کـە بـاری دەردم هەڵـبگرێ
کـەچی وا بارەکـەم دیـارە، حەماڵـی بارەکـەم کوانـێ؟
زەمانـە کەوڵـی خـەمخۆری لـە بـۆ کوشـتن بـە شـانا دام
لـە بـۆ بـەزمی چەمـەرچۆپی دە تـەپڵ و تارەکـەم کوانـێ؟
زەمـانێکی فراوانـە کـە وێڵـی یـاری ئـاوارەم
ئـەوا خـۆم بـووم بـە ئـاوارە، دەسـا ئاوارەکـەم کوانـێ؟
لـە خـەوما پـیری خۆشـبەختی بـە دڵـدارانە هـات بـۆ لام
کـە هەسـتام هـیچ نـەبوو **قـانع** بلـێ دڵـدارەکەم کوانـێ!

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



## پێنج‌خشتەکی لەسەر شیعری کوردێک

چون نەما عیزز و شەرەف، حەیسیەت و ناوی چی؟
بەخت ئەگەر یار نەبێ، مەکر و فەن و داوی چی؟
حورمەت ئەمڕۆ کە نەبوو، حورمەتی فەوتاوی چــی؟
**پارە ئەمــڕۆ شــەرەفە، پیــاوەتیی و پیــاوی چــی؟**
**ئیســـتە بــێ‌پــارەیی بەدناوییــە، بــەدناوی چـــی؟**

ئەوی ئێســتا لــە نەزەردایــە بــە فیکــرا نــەدەهات
دوێ بە دوو ئانەی ئەدا پێت چ بە خــۆت و چ بــرات
خوا ئیرادەی کە ببێ، سەیری کە ئەم هاتە کە هات
**ئەو کەسەی دوێنێ لە ژێر عالەمەوە ناڵەی ئــەهات**
**ئەمڕۆ سەردار و ڕەئیسە، گەزی چی جاوی چی؟**

بە خوا باوەڕت بێت و بــە هــەموو عیلمــی کــەلام
شەو لە بۆ چۆڵ ئەبرا، ڕۆژ ئەکرا ســەوقی حــەمام
سەری دایم لە کەنا بوو، کونی بوو وەقفــی عــەوام
**ئیستە ئەو کورسی نشینە و منی بێ‌پارە گــەدام!**
**وا بە گون گۆیژە ئەکێڵێ، کەنی ڕووخاوی چــی؟**

www.tabarf.org

سەرم سوورماوە کە بۆچ ئەو کەسە ئەهلی هونەرە

سەرکز و قوڕبەسەر و بێسەمەر و دەربەدەرە

خواردنی خوێنی دڵ و ئاوی زووخاوی جگەرە

**عەبد و مەحکوومی کەسێکە بە هەموو جلوەکەرە**

**سەیری بازاڕی خوا کە، دڵی سووتاوی چی؟**

ئەی فەلەک ڕاستۆ نەبی بۆ عەمەلی پڕ زەرەرت

بۆ بەخێوکردنی بێسوودی هەموو جاشەکەرت

بۆ هەزاران عولەمای دڵ بە خەمی دەربەدەرت

**سەیری ئەم ئیشە کە ئەیکەی، قوڕی عالەم بەسەرت!**

**تۆ کە ڕاوچی ...نی...ی، سەگی چی؟ ڕاوی چی؟**

کلکی کەر هەڵبڕی ئەیبەیە سەر ڕوتبەیی شا

شا بە شەق دەرئەپەڕێ ئەیخەیە ناو فەوجی گەدا

تاوێ باوی چەقەڵە و، ڕۆژێ دەمی دێڵە بە با

**گاهێ ڕێوی بە نەزانی ئەکەیە شێری هەجا؟**

**کەس بە تۆ فەخری نەبێ، دەمی چی؟ باوی چی؟**

**قانعا** ئیشی فەلەک پووچە وەکوو ئیشی مناڵ

هەرچی هات گوێیمەدەرێ، بێسەمەرەفیکر و خەیاڵ

بە یەکێ شەربەت ئەدات و بە یەکێ هەرزنی تاڵ

**هەر لە ڕۆژی ئەزەلا عادەتی بوو ئیشی بەتاڵ**

**چاوی ڕەحمی نییە بۆ کەس، کەسی چی چاوی چی**

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## نەسیم

نەسـیمی سـوبحدەم هەڵـکا لـە بـادی نەوبـەهارم چـی
هەتا ناڵەی دەروونم بێ، لـە دەنگـی عـود و تـارم چـی
لە دووکـانی خـەیاڵاتم ئەگـەر پارچـەی غـەزەل دانـێم
لەگـەڵ غـەوغایی کەللەمـدا لـە بـازاڕ و لـە شـارم چـی
ئەگەر شاد بم بە مـاچی لێـوی یـاری قـەدچناری خـۆم
لە ئاوی کەوسەری سۆفی و لە حۆری لار و خـوارم چـی
هەتا تاقی برۆی تۆ بـێ لـە بـۆ سـوجدەی سـەحەرگاهم
لە مزگەوتی کەچ و کـووڕ و لـە میحـرابی کـەنارم چـی
هەتا نووکی قەڵەم کار کا لـە ئەوسـافی وەتـەنخواهـان
لە تەعریف شاهی قاجار و لە حوکمی تورک و تارم چـی
ئەگەر مشتێ لە خـاکی کوردسـتانت دەس بـدا بـۆ مـن
لە تەختی قەیسـەری ڕۆم و لـە تـاجی زەڕنیگـارم چـی
کە هات جەننەت بە ڕیش و پرچی چڵکن دەسکەوێ **قـانع**
لە هاوڕێی ڕیش وەکوو سابرێن و یابوی بـەردەبارم چـی

***

www.rabari.org

## پێنجخشتەکی لەسەر شیعری موفتی پێنجوێنی

من خولامی ئەو کەسەم ئیشی هـەموو مەردانـە بـێ
وەک گولی مەجلیس بە چەشنی نەرگس و ڕێحانە بێ
بێتە سەر بازاڕی نووسـین گفـتوگـۆی پیاوانـە بـێ
**عەیبە شاعیر لەم زەمانـە یـاری زولـف و شـانە بـێ**
**یا سوپاسـی قامـەت و گولـزاری ڕووی جانانـە بـێ!**

بیر و هۆشی شوعلەوەر بێ هەر وەکوو نووری قەمـەر
هۆزی هەستێنێ لە خەو، لایدا لەسەر ڕێگـەی خەتـەر
دەسـتەئەژنۆ دانەنیشـێ دڵ پـڕی شـین و چەمـەر
**هەر کەسێ لافی ئـەدیبی و شـاعیری بێنێتـە سـەر**
**حەیفە ئەشعاری خـەرافی یـا قسـەی ئەفسـانە بـێ!**

بۆ ئەدیبان عارە لای مـن ترسـی بەنـد و دار و گـیر
هـەر ئـەبێ ئامـادە بـێ دایم لـە بـۆ زنجـیر و شـیر
عەیبە باسی قەوسی ئەبرۆ و چاوی مەست، برژانگی تیر
**شاعیری بیکەی بە کوردی، یانێ: خاوەن هۆش و بیر**
**چـۆن ئـەبێ هۆشـیار و زانـا هونـەری لەرزانـە بـێ؟**

کـاکی شـاعیر بـۆ ژیانـت بێـرە بـەزمی هـاتوچـوو
تێ بکۆشە بەڵـکوو بێیتـە ڕێـزی خەڵـقی زووبـەزوو
لابـە نـەفس و ئـارەزوو، دەربێنـە بـۆ خـۆت ئابـڕوو
**هەر ئەدیبێ خووی لەسەر خاڵ و خەت و ئەگریجە بوو**
**من لە حەق داوا ئەکەم خوا بیبـڕێ، هـەر بـا نـەبێ!**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قەت نەڵێی داخی گرانم حاڵی گەنجیم چوو لـە دەس

تـازە پـیر و داوەشـاوم ناگەمـە هاوشـانی کـەس

عەیبە بۆ خۆت حورِ نەبی، خۆت کەی بە تەیری ناو قەفەس

**پیاو کەسـێکە بـۆ ژیـان و جیفـە تـا ئـاخر نەفـەس**

**نۆکـەری شـێخ و خـولامی بەگلـەر و ئاغـا نـەبێ**

نانی مەردانە بخـۆ ئیقـرار ئەکـەم حاتـەم کـە تـۆی

بـۆ هەوانتـە تـێمەکۆشـە ئـەو زەمانـە هـات و ڕۆی

لابە، تێی‌هەڵدە براکەم! نانی مننـەت قـەت نـەخۆی

**خۆشەویستی خوایە هەرکەس قاچ و شان و دەستی خۆی**

**تووشی زەحمەت کات و لای کەس ملکەچ و ڕیسوا نـەبێ**

عـادەتی دنیـا وەهایـە هـەر لـە عەسـری ئادەمـا

پیـاوی دانـا گێـژ ئـەخوا دایم لـە گێـژی ماتـەما

قـەت نـەبوو عـاقڵ بـژی ڕۆژێ بـە دڵ لـەم عالـەما

**تێگەیشـتوو هـەر ئەناڵـێنێ لـەژێر بـاری خـەما**

**بـێمـەراقی بـۆ کەسـێکە سەرسـەری و دێوانـە بـێ**

**قانعا،** لـەم عەسـرەدا هـەرچی ئەڵـێی باسـی سـەرە

بـــاش ئــــەزانی ... ... ... ... ... ...، نۆکـــەرە

بەینی بەینەڵڵا کـەلامی مفـتی شـەهد و شـەککەرە

**مفتی! هەرچەند تۆ کە هۆنەر نیت و نـاوت هۆنـەرە**

**تــاوەکوو مــردن ژیانــت ژیــنی ئینســانانە بـــێ**

***

www.rabari.org

## قانع و سەری

سەرێ پڕ نەبێ لە سەودای نیشتمان
دایم گێژ نەبێ لە خەم بێ‌دەستان
گەر نەیەتە سوور بۆ دەوای دەردان
هەر تەوالێت کا و مێزەری گران
لە خوا ئەخوازم کە بەبڕین چێ
تا دوا هەناسەی بە زار و شین چێ
سەرێ خۆی بەرز بێ و چش بکا لە هۆز
بێ‌سەر ببینێ و خۆی بکا بە قۆز
فرمێسک نەڕێژێ بۆ جێماوی کۆز
ئاهـ هەڵنەکێشێ، ئاهی جگەرسۆز
لە خوا ئەخوازم کە بە بڕین چێ
تا دوا هەناسەی بە زار و شین چێ
سەرێ وەک مێو بێ لە حاستی دوژمن
بەلام پۆلا بێ بەرامبەر بە من
پڕ بێ لە خەیاڵ، بۆ کچۆڵە و ژن
دەک بیپێچێتۆ لە ناو تویێ کفن
لە خوا ئەخوازم کە بە بڕین چێ
تا دوا هەناسەی بە زار و شین چێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سـەرێ لـە حـەنای یـاران نـەرم نـەبێ
بـۆ کـەس و کـاری تـەواو گـەرم نـەبێ
لـە ڕێـی نامووسـا لەسـەر تـەرم نـەبێ
لەگەڵ ڕیـش سـپی پڕ لـە شـەرم نـەبێ
لـە خـوا ئـەخوازم کـە بـە بـڕین چـێ
تـا دوا هەناسـەی بـە زار و شـین چـێ

سـەرێ نـەزانێ سـەرداری چۆنـە
تێـر بـێ و نـەزانێ هـەژاری چۆنـە
هـەرگیز نەیـدیبێ خـەمباری چۆنـە
مـەس بـێ و نـەزانێ هوشـیاری چۆنـە
لـە خـوا ئـەخوازم کـە بـە بـڕین چـێ
تـا دوا هەناسـەی بـە زار و شـین چـێ

سەرێ لـە وەسـواس مەینـەت ئـازاد بـێ
بـە ملـهوڕیی خـۆی تـەواو دڵشـاد بـێ
ئەو بە مراد بـێ و خەڵـک بـێ مـراد بـێ
ئـەو سـەرە ئەگـەر کەللـەی فـەرهاد بـێ
لـە خـوا ئـەخوازم کـە بـە بـڕین چـێ
تـا دوا هەناسـەی بـە زار و شـین چـێ

سـەرێ نـەنواڕێ بـۆ دەور و پشـتی
قـەت تێنەکۆشـێ بـۆ سـوودی گشـتی
گـاڵ هەڵـنەوەرێ لـە درزی مشـتی
دۆشـەک ڕابخـا و شـان لەسـەر پشـتی
لـە خـوا ئـەخوازم کـە بـە بـڕین چـێ
تـا دوا هەناسـەی بـە زار و شـین چـێ

کتێبخانەی ڕابەری www.raberi.org

سـەرێ پـڕ لـە گـڕ، وەک تـەنوور نـەبێ
پـڕ لـە مێشـکی ڕوون وەک بلـور نـەبێ
لـە خۆپەسـەندی تـەواو دوور نـەبێ
ڕۆژی تەنگانـە بـە خـوێن سـوور نـەبێ
لـە خـوا ئـەخوازم کـە بـە بـڕین چـێ
تـا دوا هەناسـەی بـە زار و شـین چـێ

سـەرێ سەراسـێ نـەگرێ بـۆ وڵات
هـاواری لێکـەی نەگاتـە فریـات
پـەژارەی نـەبێ بـۆ بـێدەسـەڵات
بە کـەس نەبەخشـێ پیـاوەتی و خـەڵات
لـە خـوا ئـەخوازم کـە بـە بـڕین چـێ
تـا دوا هەناسـەی بـە زار و شـین چـێ

سەرێ بـەبێ خـەم چێتـە سـەر سـەرین
دوو گوێی خۆی کەڕ کا لە شـین و گـرین
جارێک نەیـەتـە سـەر ئاهـ و نـاڵـین
هیچ خەمخۆر نەبێ بۆ دەسـتەی بـێتـین
لـە خـوا ئـەخوازم کـە بـە بـڕین چـێ
تـا دوا هەناسـەی بـە زار و شـین چـێ

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## قانع و دڵی

دڵــێ نەناڵــێ بــۆ هــیچ نەخۆشــێ
ئــازاری نــەبێ بــۆ هــیچ پەرۆشــێ
هـەر بـۆ ئـارەزووی خـۆی تـێبکۆشـێ
بـۆ زامێکــی هــۆز زووخــی نەنۆشــێ
یــاخوا ئــەو دڵــە هــەر ئــاوارە بــێ
بــە تیغــی دوژمــن پارەپــارە بــێ
دڵــێ بمخاتــە کۆڵانــە و کــۆڵان
دایم کورکـەی بـێ بـۆ دیـدەی کچـان
قـەت ڕانەچڵـەکێ بـۆ بـێدەسـتەکان
گوێی خۆی شـل نـەکا بـۆ ناڵـە و گریـان
یــاخوا ئــەو دڵــە هــەر ئــاوارە بــێ
بــە تیغــی دوژمــن پارەپــارە بــێ
دڵێ ڕەحەت بێ کە چووە سەر کورسی
ئیتــر نــەنوارێ بــۆ حاڵــی برســی
تەماشای خەڵـک کـا بـە زەرد و سیسی
ئــەبێ ئــەو دڵــە بــۆ لێــی بپرســی؟
یــاخوا ئــەو دڵــە هــەر ئــاوارە بــێ
بــە تیغــی دوژمــن پارەپــارە بــێ

www.rabari.org

دڵـــێ مـــن و تـــۆ بکـــا لـــەل بـــرای
هەرچی خۆت خەیتە ژێـر سـایە و پـەنای
بێـــزت لـــێ بکـــا و بڵـــێ تـــۆ گـــەدای
مـــن دەوڵـــەمەندم تـــۆ کـــەی ئاشـــنای؟
یـــاخوا ئـــەو دڵـــە هـــەر ئـــاوارە بـــێ
بـــە تیغـــی دوژمـــن پارەپـــارە بـــێ
دڵـــی ژان نـــەکا بـــۆ ژانی هاوســـێ
لەبـەر فیـز کـردن هـیچ کـەس نەناسـێ
نەبیســـێ ناڵـــەی کـــوێر و کەساســـێ
توخـــوا ئـــەو دڵـــە بـــۆ هـــەر نەماســـێ
یـــاخوا ئـــەو دڵـــە هـــەر ئـــاوارە بـــێ
بـــە تیغـــی دوژمـــن پارەپـــارە بـــێ
دڵـــێ تێکۆشـــێ بـــۆ ماڵـــی دنیـــا
کـەس نەگرێتـە خـۆی بـە تـاقی تـەنیا
لـــە بـــیر باتـــەوە گشـــت خـــزم و بـــرا
هـــەروەک دوعاکـــەی پێشـــوو کـــە وتـــرا
یـــاخوا ئـــەو دڵـــە هـــەر ئـــاوارە بـــێ
بـــە تیغـــی دوژمـــن پارەپـــارە بـــێ
دڵـــێ ڕازی بـــێ بـــە کـــزیی یـــاران
هەر خـۆی پـارێزێ لـە دەسـتەی دەوران
جـارێ بـۆ هـیچ کـەس نەیەتـە گریـان
بـۆ خەڵـک نـەقرچێ و نـەبێ بـە بوریـان
یـــاخوا ئـــەو دڵـــە هـــەر ئـــاوارە بـــێ
بـــە تیغـــی دوژمـــن پارەپـــارە بـــێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دڵــێ بچێتــە ســەر شــەربەتی ئــاڵ
بـە بیریـا نەیـەت خـەم دراوسـێ مـاڵ
ئـەو بـیرە بخـوا و منـیش ئـاوی کـاڵ
ئـەو گـەنم بخـوا و منـیش گاڵـی تـاڵ
یــاخوا ئــەو دڵــە هــەر ئــاوارە بــێ
بــە تیغــی دوژمــن پارەپــارە بــێ
دڵــێ نەســووتێ بــە ئەحواڵــی مــن
هـیچ فـەرقی نـەخا چ دۆس، چ دوژمـن
بـا هـەر گێـژ بخـوا لـە دەریـای بـێبـن
ڕەبی ئــەو دڵــە داڕزێ و کــون‌کــون
یــاخوا ئــەو دڵــە هــەر ئــاوارە بــێ
بــە تیغــی دوژمــن پارەپــارە بــێ

***

## بەرهەمی ناوخۆ

مـەنعی بکـەن کـەلوپـەلی بێگانـە بـۆ وڵات[1]
تا پیشەسـازی وڵاتـت بـەهێز بێـت و دەرکـەوێ

بـۆ بەرهـەمی وڵات و لـە بـۆ دەفعـی لازمـات
هیوام بە عێلی هەجیجە خەریک بێت و نەسـرەوێ

شاربەدەری وڵاتـی بکـەن دەسـکردی ئەجنـەبی
تاکوو تەوژمی بەرهـەمی ئـەم خاکـە سـەرکەوێ

بۆ بەرگەکەت لە قوماشی گەبەردین و پەشم ئەکەی؟
چەن خۆشە سەربەسەر کە هەموو شاڵی بەرکـەوێ

شانازییە کە جـل و بەرگەکـەت لـە شـاڵ و جـاو
چـون بەرهـەمی وڵاتەکەتـە و بـاوی بەرکـەوێ!

تەشجیعی پیشەسازی نەکەن مـاڵ وێـران ئـەبن
بۆ زێڕی ئەم وڵاتـە بـە دەسـتی تەتـەر[2] کـەوێ؟

گۆزە و گڵێنە دروست کەن لەجیاتی بلووری خەڵک
بە زەبری سنعەتی ناوخۆ شتی خەڵکی لە دەرکەوێ

---

١. دێڕی یەکەمی ئەم پارچە شیعرە دیار نییە. لە دەسنووسەکاندا شوێنەکەی دڕاوە.

٢. لەبەر ئەوەی لە دەسنووسەکەدا کوژاوەتەوە، کـاتی خۆیشـی بـۆ چـاپی پاشمەرگەکـەی زۆر هەوڵماندا بە تەواوی بۆمان ساغ نەکرایەوە کە ئەم وشەیە چۆنە!

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


با ئەو نیزامە لە گۆڕ نێین لە بۆ غەیرە مـل کەچـە
تا هێزی دەستی ڕەنجبەر و سنعەت بەسەرکەوێ
جێی ئیفتیخارە لەبەر کەی فەرەنجی لە بەرگی مەڕ
پـارەی ولاتەکـەت لـە ولاتـا بەگـەڕ کـەوێ
بـۆچی لـە ئـەوروپاوە شـتومـەک بگاتـە لات؟
دەستڕەنجی پوختی خاکەکەشت، پشت چەپەر کەوێ؟
کۆشکی ولاتـی ئەجنـەبی لـە دزراوی ڕەنجتـان
ڕازاوەیـە، منالـی ئـەتۆش بـا لـە دەرکـەوێ
سەرچاوە نەوتەکەت کە ئەگەر بەرهەمی نەکـەی
زۆر زەحمەتە کە چاوت بە خێر و بە فـەڕ کـەوێ
نـەوتت هەیـە و ولاتـت بـە تـاریکی مایـەوە
کورد چاوەڕوانە کە ڕۆژی لەسەر کەل بەدەر کەوێ

***



ڕابەری دیجیتاڵی www.rabari.org

## وەسفی وڵاتم[1]

بۆ خزمەتی مودیری موحتەرەمی ژیان تەقدیمـە کـە دیم غەزەتـەی ژیـان خزمـەتی ئامالی وەتەن و میللەت ئەکات؛ منیش بە فکر و سەودای مەحەبەت و وەتـەن چەنـد غەزەلێکم لە ولاتی خۆما نووسی و لەبەر بێ مەتبووعاتی لـە گۆشـەی نسـیانا مـابۆوە ئەمجارە کە هاتمە سلێمانی و چاوم بە (ژیان) کـەوت، ڕەشـی کـەلیماتی... بـوو بـە سوورمەی چاوم، ئەوا جارێ ئەم غەزەلەم تەقدیم کرد. ئەگەر مـەقبوول بـوو، هـەموو هەفتەیەک بە فکری ناقسی خۆم ئەو شیعرانەی کە بـۆ وەتـەن و میللـەت بەکەڵـک بێت، غەزەل غەزەل تەقدیمی ئەکەم.

ئیتر ئیحترام

**قانع**

گوڵـی خـاکی وەتـەنی کـوردی خـەزانی نابـێ
چونکە هێندە پڕ سـەمەرە دەغـڵ گـرانی نابـێ
وەکوو خەڵکی لـەکن ئێمـە دەگـەڕێن بـۆ پـارە
کـورد بـە سـایەی وەتـەن دەردەگـەڕانی نابـێ
هەرکەسێ پارەی هەبێت، دێت بە سەمەر لێی ئەکڕین
کـێ دەڵـێ ئـەم وەتەنـە زێـڕ و قـەرانی نابـێ؟
پێی بڵێ بەو کەسەی وا دوژمنی خـاکی وەتەنـە
کوڕی غەوس بێ بە یەقین دین و ئیمـانی نابـێ!
بڵـێ بـەو شـێخە کـەوا قـەدری وەتـەن نازانـێ
بـێوەتـەن ڕیشـی زل و بـەرگی جـوانی نابـێ
**قانعا!** شاهی عەجەم ڕوو لە هـەرچی جێگـە بکـا
چـون غەریبـە بـە ئەبـەد قـەدری شـوانی نابـێ

***

---

١. یەکەمین شیعری بڵاوکراوەی **قانع**.
ژیان ژمارە ٤٢ تشرینی دووەمی ١٩٢٦ (کوردێکی مەریوانی)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کوڕێکم ئەوێ، کوڕێکم ناوێ[1]

کوڕێکم ئەوێ کوڕی مەیدان بێ
بۆ جێماوی خۆی پیشەی گریان بێ
بۆ گەل و هۆزی قوچی قوربان بێ
لە ڕێگەی خەبات ڕاست و ڕەوان بێ
**لە تێکۆشیندا بەبێ وچان بێ**
کوڕێکم ناوێ بێکارە وەک من
نەوێرێ بڕوات بۆ جەنگی دوژمن
سڵ کا و داچڵەکێ لە دەریای بێبن
بیری بخاتە سەر کچۆڵە و ژن
**هەموو خەباتی بۆ بەرگ و نان بێ**
کوڕێکم ئەوێ کە کوڕی قۆز بێ
خاکی نیشتمان لە لای پیرۆز بێ
هەوڵ و تەقالای بۆ بەرزیی هۆز بێ
خۆشترین جەژنی جەژنی نەورۆز بێ
**خزمەتگوزاری گەلی کوردان بێ**

---

١. گۆڤاری هەتاو ژمارەی ١٧٠ کانوونی دووەمی ١٩٦٠.

www.rabari.org

کـــورێکم نـــاوێ ڕۆن دا لـــه ســـەری
چەپکـــەگوڵ بـــدا لەبـــەر کەمـــەری
کۆڵانـــە و کـــۆڵان هـــەروەک سەرســـەری
بســـووڕێتەوە لـــە شـــوێن موشـــتەری
**گریـــی دڵـــەکەی داخـــی کچـــان بـــێ**
کـــوڕێکم ئـــەوێ دەســـت بداتـــە شـــیر
چـــاو نـــەتروکێنێ بەرامبـــەر بـــە تـــیر
خـــەمی وڵاتـــی دەرنـــەکا لـــە بـــیر
بە هەڵمەت لاو بێ، پـیر بـێ بـە تـەگبیر
**لە نەوەی کاوە و شـای کـەریمخـان بـێ**
کـــوڕێکم نـــاوێ شـــێت بـــێ بـــۆ دۆلار
ڕوو بکاتـــە دەرگـــای پیســـی ئیســـتعمار
بـــۆ چڵـــکاو خـــواردن بـــێ بـــە خزمـــەتکار
پێکـــــەوەبنێ هـــــەیوان و تـــــەلار
**کـــەری ژێـــر بـــاری مـــام کـــەپیتان بـــێ**
کـــوڕێکم ئـــەوێ وریـــا و زانـــا بـــێ
ڕۆژی تەنگانـــــە زۆر بـــــەتوانا بـــــێ
لـــە ڕێـــی نیشـــتمان ســـەری دانـــا بـــێ
ئەگـــــەر وا نـــــەبێ لەگەڵـــــما نابـــــێ
**مـــردن و ژیـــان لـــە لای یەکســـان بـــێ**

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ڕەسمی سەرداری[1]

عەزیزم! ڕەسمی سەرداری بە قەسر و بارەگا نابێ
بە سەرفی دەوڵەت و ماڵە، بە مفت و مەرحەبا نابێ
نە هەرکەس ئەقڵی خۆی تێکدا ئەبێتە عاشق و مەجنوون
کە شینی بێغەمیی لەیلی بە ڕووتی و بێ نەوا نابێ
نە هەرکەس پێکەنی ئیتر گوڵی گوڵخەندەرانێکە
هەناسەی عەتری گوڵخونچە بەبێ سروەی سەبا نابێ
نە هەرکەس پارە کۆ کاتۆ دروستە پێی بڵێی ئەشراف
کە (خواجەمووشی) با لۆرد بێ بە پیاوی خودا قەت نابی
کەشیدەی پشتی مام حاجی کە داوە بۆ گەلی لادێ
بە ئەسپابی نەجاتی مەحشەر و ڕۆژی جەزا نابێ
بڵێم چی پیری پێی وتم وا چاکە بیزانیت
کە ڕیشی بێعەمەل هەرگیز لە بۆ ئیشی خودا نابێ
لەناو ئەم هۆزە بەدبەختە لەسەد حەفتای فلاتوونە[2]
کەچی ئەم خۆرە خۆخۆرە بە دەستی کەس دەوا نابێ
براکەم فەیلەسووفی وا ئەزانن سەر نەتاشینە
ئەگەر تەرکی خەو و خواردن نەبێ، غاندی وەها نابێ
لە سایەی هیممەتی ژینە[3] کە **قانع** ناوی وا بەرزە
ئەگەر نا ئەم خەیالاتەی لە لای کەس ئاشکرا نابێ

***

١. ساڵی ١٩٤٥ وتراوە.
٢. فلاتوون مەبەست لە ئیفلاتوونە بۆ شیعرەکە وا نووسراوە.
٣. مەبەستی لە ڕۆژنامەی ژینی پیرەمێردە کە قانع ناوبەناو شیعرەکانی خۆی بۆ دەنارد.

www.rabari.org

## پێنجخشتەکی[١]

خوا کوا ڕۆستەمی ئەمڕۆ سەری خوێنخۆری بشکێنێ؟
خوا کوا ئاگرێکی وا کە پیاوی بەد بسووتێنێ؟
پزیشکێکیش نەبوو جارێ کە دەردی دڵ بفەوتێنێ
**سەرم ناوێ کە فیزی بەگلەری و سەرداری بنوێنێ**
**دەمم ناوێ کە تیکەی زلزلی تەنهایی بگلێنێ**
دەسا تا کەی لەناو گەلدا درۆ و فیشاڵ ئەنوێنی؟
ئەگەر خایەن بە هۆزت بی بزانە قابلی جوێنی
لەبەر قازانجی خۆت بۆچی دڵی بێدەست ئەڕەنجێنی؟
**خوا ئەو چاوە هەر کوێر بێ کە چاو بۆ خەلکی هەلبێنی**
**دە ڕەببی کەڕ ببێ گوێیێ نەبیسێ شینی هاوخوێنی[٢]**
خوایا ئەو کەسەی پیسە دوچاری گێژی مەینەت بێ
گرفتاری خەم و دەرد و پەشێوی باری نەگبەت بێ
لە ڕۆژی جەژنەدا ئیشی هەموو هەر شین و میحنەت بێ
**لچێ خوێنی فەقیری پێمژن یا ڕەببی دابڕزێ**
**زمانێ بەد بلێ هێندە بماسێ خێوی خنکێنێ**

---

١. پێنجخشتەکی شاعیرە لەسەر شیعرێکی خۆی کە بە ناوی سەرم ناوییە.
٢. ئەم دوو دێڕە بۆ پێنج خشتەکیەکە پاش و پێش خراوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


وەرە سەیر و تەماشاکە کە هەر ...ێک و هەر پەستێ
کە هەر جاسووسی بێدین و کە هەر بێهۆش و سەرمەستێ
کە دەستی بوو بە هەر جۆرێ لە بەدکرداری ناوەستێ
**دە بەسراوی کەلەبچەی دەستی زالم بۆ نەبێ دەستێ**
**کە ئەو دەستە بەشی بێدەستەلاتێ بگرێ، بڕفێنێ؟**

تەماشای شیوەنی من کە، ئەخوێنم هەر وەکوو قومری
برا ئەم شینە بۆ تۆیە کەوا بێجێگە و بزری
دەسا هاودەردی دڵ! فەرموو لەگەڵ من، تۆیش بە کوڵ بگری
**لە کۆتی حاکما ڕەببی، بمێنێ تا دوا عومری**
**قوڵوقاچێ کە بۆ هاواری خەڵکی سستی بنوێنێ**

ئەوا گەل پاکی سەرکەوتن، بەجێ ماوین لە ناو جێدا
وەکوو بێهۆش ئەسوڕێینۆ لە شاران و لە ناو دێدا
ئەمە گەردوون بە ئێمەی کرد، دەپەندی وا بەسەر کێدا؟
**وەرە بنواڕە، کاکم لافی خەمخۆری منی لێدا**
**کەچی بۆ تاکە یەک ئانە سەری سەد وەک من ئەشکێنێ**

برا من سەرزەنشتی تۆ ئەکەم، سا تۆش بە هەر جۆری
بزانە هۆزی بێدەس نیت، لە ڕووی گێتی تەواو زۆری
دڵت پاک بێ لەگەڵ هاودڵ، سپیت، سووری، ڕەشی، بۆری
**نەبوو دەستێ لە کوردستانەدا جارێ بە خەمخۆری[1]**
**کە پشتی بێسەر و پێیێ بە دڵسۆزانە بخورێنێ**

---

١. لە شوێنێکیتردا نووسراوە بێپارە و ئومێد.

ئەوا بەم جۆرە ڕابورد و لە دەس چوو عومری فەوتاوم
لە بیری یەکیەتی گەلدا، تەواو سووتاو و بڕژاوم
کە چۆن هاوڕێم چووە سەر کەل، لە بن کەلدا بەجێ ماوم
**نیزامی عالەمی هێندە بە لاری دێتە بەرچاوم**
**ئەگەر سەد جارە پینەی کەن، ئەپچڕێ و تازە نامێنێ**
ئەوەی دڵپیسی نیشتمانە خوا سا بەردی لێ بارێ
بە پارە و دەستەلاتی خۆی، نەبوو جارێ بکا کارێ
ئەزانم هیچ بە هیچ نابێ، بە هیچ نابین بە هیچ بارێ
**مەگەر دەستی تەبیعەت وەرگەڕێ بیخاتە سەرباری**
**کە ڕیشەی ئەهلی ئەم عەسرە، بە دەستی جەور دەربێنێ**
دەبا نووکی قەڵەم ئەمڕۆ بنووسێ و هۆشێ پەیدا کا
بخاتە مێشکی لاوان و سەراسەر گەنج شەیدا کا
هەزار وریای وەکوو وریا، بەجارێ شۆڕ و غەوغا کا
**لە پاشان دایکی ئەم خاکە، کوڕێکی تازە پەیدا کا**
**ئەویش تێکۆشێ وەک قانع براکانی بلاوێنێ**

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پێنجخشتەکی لەسەر شیعری خاتوو خورشید

کچ کـە کەوتـە چواردەساڵـە، هـەر کـوڕی لاوی ئـەوێ
پەرچەمی چینچین و لوول و ئەگریجەیی خاوی ئـەوێ
پەلکـــەیی شـــۆڕ و دریـــژ و زلـــفی قرتـــاوی ئـــەوێ
**هەنـدێ کـچ بـێتەجرەبـە سـووراو و سـپیاوی ئـەوێ**
**مێخـەک و عـەتر و بخـور و سـێوی نەخشـاوی ئـەوێ**

بـێ ئـەوەی ئیشـێ بکـا، خـاو و خلیچـک و مـانووە
بـــۆ وەڵامـــی داک و بـــابی، پـــڕ بەهانـــە و بیـــانووە
دەوریيـــەی کۆڵانـــەکان و حەسحەســـی ســـەرخانووە
**بـــیر لـــەوە ناکاتـــەوە ساڵـــێکیتـــر کـــەیبانووە**
**دائیمـــا ســـەیر و ســـەفا و بـــەزم و شـــەو ڕاوی ئـەوێ**

قەت دڵـی ڕاناچڵـەکێ، بێـژێ لـە لای پیـاو تـاڵ ئـەبم
بـەینێتـر مەسـئوولی ئـیش و تەربیـەی منـداڵ ئـەبم
دەســتەپاچەی نــاو ژنــان و بــێبــەها و بێحــاڵ ئـەبم
**ناڵـێ مـن بـەینێکیتـر کوێخـا و سـەرۆکی مـاڵ ئـەبم**
**ئـەو کەسـانەی وا سـەرۆکن، عەقڵـی گونجـاوی ئـەوێ**

دائیما هەر هـەوڵ ئـەدا بـۆ تـەوق و گـوڵ بیـدا لەسـەر
دەرکی لێ قایم بکـەی جـا سـەر لـە کـون دێنێتـە دەر
هەر خەریکی هیچ و پووچ و ئیشی بـێجێگـە و سـەمەر
**هـەر ئەڵـێ بـەخوا کراسـی سـوور نـەبێ نایکەمـە بـەر**
**ژێرچەناخـە و کرمـەک و گـوارە و کلـی چـاوی ئـەوێ**

کتێبخانەی ڕابەری www.rabari.org

زۆر کچــی وامــان هەیــە ئایــا لــە دێ یــاخود لــە شــار
سەیر ئەکەی چەن شۆخ و شەنگە جوانە وەک دەنکی هەنار
خــاوەنی زانــین و بــیر و کــانی نــاموس و ویقــار
**هەندێکیش دڵمردەیە و ژیرە لەسەر هــەر ئـیش و کـار**
**تف لە زەرق و بـەرق ئـەکات و شـۆرەت و نـاوی ئـەوێ**
ڕۆژ لـــە ڕۆژ ئیشـــکەرتر و زانـــاتر و پـــڕخێر ئـــەبێ
بۆ جوانیش دەم بـەدەم هـەروەک گوڵـی زەنـوێر ئـەبێ
دەربەســی شــوو نایــە ئایــا زوو ئــەبێ یــا دێــر ئــەبێ
**هەر تەماشای دەستی دایکی خۆی ئـەکا تـا فێـر ئـەبێ**
**پاش هەموو عەقڵ و شـعووریّ خزمـەتی پیـاوی ئـەوێ**
هەوڵ ئـەدا بـۆ پیـاوی ژیـر و تێگەیشـتوو و خوێنـدەوار
چـابوک و بـێفیـز و ئیشـکەر، کاسـبێکی بـێدەمـار
دوژمـنی قـڕ کـا بـە نرکـە هـەر وەکـوو شـێری شـکار
**نــانوارێ بــۆ کــوڕێکی قــنج و قیــت و مشــکی لار**
**پیــاوێکی پــڕ هــۆش و بــیر و، خــاوەنی نــاوی ئــەوێ**
نــانوارێ بــۆ یــەکێکی سەرســەری و بــێئـیش و کــار
نایەوێ گەنجی تەمەڵ بێ و دەس سپی بێ و زار و خوار
یــاخۆ مایــل بــێ بــە ئــارەق یــا حەشیشــە یــا قومــار
نایەوێ مێردی گەزەندە و پیس بێ هەروەک کوێرەمـار
**کاســبێکی گــورجوگــۆڵ و بــێبــەن و بــاوی ئــەوێ**
ئــەی کچــم! ئامــان بفامــە ئابــڕووی خــۆت بــۆ ئەبــەی؟
بۆ بە ناحەق خۆت لە پێش چاوی هەموو گەنجێ ئەخەی؟
دەوری تێکۆشـــینە ئەمـــڕۆ تـــۆش وەرە تێکۆشـــە دەی
**سەیری خۆرشید کە کچم، ئەمجا ئـەزانی چـی ئەکـەی**
**چون حەیا و ناموسی خـۆی و هـۆزی فـەوتاوی ئـەوێ**

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## باخەوانی باخ

باخەوانی بـاخی دولبـەر خۆشـترە نـەک سـەروەری
سـەیری بـازاڕی زەمانـە خۆشـترە نـەک قەیسـەری
بـۆ دڵـێکی بـێ گـرێ یـاخۆ دەروونی بـێ خـرۆش
هـیچ نەکـەی ئـیللا تەماشـای کردگـاری داوەری
پـیرە زاڵـێکە زەمانـە سـەدهەزار مێـردی هەیـە
ڕووسپی خوازبێنی ناوێ خۆی ئـەچێ بـۆ مشـتەری
لاوی کوردم! دەستەداوێنی کەسی وەک مـن مەبـە
بۆ خەیاڵی هیچ و پووچ و خۆ و ڕەوشتی سەرسـەری
لافی مەردی لێمەدە تـا دەس لـە دنیـا بەرنـەدەی
سەیری عیسا کە بە ڕووتی کەوتە سـەر پێغەمبـەری
ماڵـی دنیـا دەوری داوی پیاوەتیـت بـۆ نـاکرێ
بەنـدی گژنیـژەی تەڵایـە مـۆری نـاو ئەنگوشـتەری

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سەراوی ئازاد



نـاتوانم تـەرکی میللییـەت بکـەم لـەم عەسرەدا

چونکە پابەنـدم بـە شـەهـدی مـەنتقی کوردانـەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ساقینامە

دە ساقی! بەحەققی پیاڵەی شەراب
بە جەرگی پڕووزاوی هەر وەک کەباب
دەروونم لە خەم کەیلە، کەللەم لە تەم
جگەر پڕ لە زووخاو و دڵ پڕ لە خەم
بشۆرە بە مەی چڵک و ژەنگی دەروون
چ مەی؟ وەک چرای نوور، ڕووناک و ڕوون
ئەوا فەسڵی نەورۆز و وەعدەی گوڵە
سەدای چەهچەهەی شیوەنی بولبولە
گوڵاڵە بە خەیمە، سەمەن گڵ بە کۆڵ
سپی چووزەرە و ساق هەر وەک سەهۆڵ
لە بن قەڵبەز و شاخ و تافا چنوور
لەگەڵ بەرزەلنگ تێکەڵ و خوار و ژوور
کەمەر گوڵ‌گوڵ و بەرکەمەر ئاڵ و واڵ
نمی شەونمە بێ‌دەغێڵە و زەلاڵ
وەنەوشە بە گەردن‌کەچی وەک هەتیو
دڵۆپە لە ئەشکەوت وەک شووشە زیو
چەمەن سەوزپۆش و چیا زەرد و سوور
بریقەی سەراوان هەر وەک بلوور

***

دە ساقی! بە میحرابی هەردوو بڕۆت
بە ناز و گرشمەی دوو چاوانی خۆت
ژمارەی پیاڵەم مەکە تا بەهار
نەچێ، با بچێتە هەزاران هەزار

سەرم مەست کە با سووری مەستانە دەم
دەمم تەڕ کە با نوتقی مەردانە دەم
بڕێژم بە سەر خاکەدا سیم و زەڕ
بنێژم بەسەر بەردەدا سەوڵی تەڕ
کە هەرکەس لە سەوڵم گوڵێ بۆ بکا
وە یا پارەیێ زێڕ و زیوم ببا
لە مەستی هەڵیسێنم و بێتە باڵ
بە فرکە لە فرگە هەتا نووکی یاڵ
بکێشم قەڵەم وەک پەڕی جەبرەئیل
فوارەی تەڕی نیکتە وەک سەلسەبیل
بنووسم سەراسەر بە یەک داستان
لە ئێمە هەتا خیلقەتی جن و جان

***

دە ساقی! بە حاجەت ڕەزی لانزار
بە زەردی خەزان و بە سەوزی بەهار
من و خۆت و مەجلیس بە مەی داگرە
کە مەستی لە سستی، گەلێک چاترە
دوو گوێم پڕ کە پەی‌پەی لە قەهقاهی جام
شەکر دە وەکوو تووتی بێمە کەلام
شەرابێ کەرەم کە پیالەی بلوور
نەوەم پشت‌بەپشت مەست بێ تا نەفخی‌سوور
ئەگەر سەرخۆشم کەی بە دوو جامی مەی
ئەڕێژم حیکایاتی جەمشێد و کەی

***

دە ساقی! بە خاتر شەرابی دروست
بە نەشئەی سەری لاوی میللەت‌پەرست

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


هەتا چنگ و چەنگالی شەهبازی مەرگ
لە سینەم سەری هەڵنەداوە لە جەرگ
بڕێژە لە بارانی مەی سوبح و شام
زڕەی ئیستیکان و جەلاجیلی جام
وەها سەرخۆشم کەی بە سەیرانی گوڵ
لە مەستیم سەد مەرگ مات و خەجڵ

***

دە ساقی! بە سەرگەردی سەر پەنجەکەت
بە گۆزەی بلوورینی پڕ گەنجەکەت
بڕێژە و بگێڕە و بنۆشە شەراب
بە ناڵینی عوود و بە زیکەی ڕوباب
وەها بم کە ئاگام نەبێ قەت لە خۆم
کە خەم هات بە سەربەستی من خەم بخۆم
چ خۆشە بە مەستی بناڵێنی شەو؟
چ خۆشە نەترسی لە ئەم یا لە ئەو؟
چ خۆشە لەگەڵ کۆمەلا ئاهەنگ و ساز
چ خۆشە لەگەڵ دولبەرا وردەڕاز
بە گەرمی سەرم با بسووتێ وڵات
بە شۆری دڵم شێت ئەکەم کائینات
سەدایێ بخوێنم بە سۆزی گرین
مەلایەک بڵێن: سەد هەزار ئافەرین

***

دە ساقی! بە عەشقی سەری پڕ هەوەس
بە یادی بڕۆی چەوت و چاوانی مەس

کــەرەم کــە پیالـــەی گوڵـــی زەڕنیگـــار
هـــەتا فرســـەتە مـــاوە وادەی بـــەهار
کـــە فـــەوتا بـــەهار و نـــەما نەســـتەرین
من و بولبولیش دێینـە سـەر زار و شـین
ئـەمن هــەر ئەگریــەم لەبــەر داخــی دڵ
ئـەویش هــەر ئەزیــرێنێ بـۆ بـۆنی گـوڵ
ببارێنـــە بـــەحری ســـەخا و کـــەرەم
لەسەر دەر کە میحنەت، لە دڵ دەرد و خەم
دە ســـاقی خواجـــافیزی نازەکـــەت
سەر و ڕۆح پێشکەشی سەدای سازەکەت
بخوێنــە بــە دەم نــازەوە، فــەرد فــەرد
لەبەر دەفعی هیجـران و تەسـکینی دەرد
مــەقامێ بلــێ خــوێنی دڵ بێتــە کــوڵ
کــە یــادی زەمانــەی قــەدیم بێتــە دڵ
چ خۆشە سەدای مووزیک و چەنگ و نـەی
چ خۆشــە مــن و ســاقی و یــار و مــەی
چ خۆشـــە دەف و بـــەربوت و هەلهەلـــە
چ خۆشــە ســەدای شــیوەن و وەلوەلــە
هـەتا زینـدووم یـەک دوو جـامی گـران
کەرەم کـە بـە فدیـەی قـەزای باخـەوان
کە مردم وەکوو شـێخی سـەعدی قـەدیم
لـە ژێـر خاکـەدا ئەبمـە عـەزمی ڕەمـیم
نە ئیسـتە ئـەزانن کـە مـن چـیم و کـێم
نــە کــەس قابلــە پــێ بنــێ جێگــەپێم

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ئازیز هیلاکم

ئـــازیز هـــیلاکم، ئـــازیز هـــیلاکم
وەک تـەیری زامـار، غەڵـتانی خـاکم
پێچ ئەدەم وەک مار تـەواو خـەمناکم
بـێبـرا و بـێقـەوم، بـە تـەنیا و تـاکم
دەردم کارییـــە، بـــێیـــارم ئەمشـــەو
جەرگی لەت و کوت، زامـارم ئەمشـەو
نەخۆش و عاجز، مـەحزوونم ئەمشـەو
لە فەرهاد بەدتر، مـەجنوونم ئەمشـەو
ئـــەزانم وادەی ئـــاخر حەیاتـــە
قـەتعی زینـدەگی ڕووی سەربیسـاتە
ئاخ یاران لە کوێن؟ بـۆچی بێـدەنگن؟
بۆ نایەن بۆ لام؟ ئەڵـبەت پـێلـەنگن!
هەی داد هەی بێـداد، کوانـێ یـارانم؟
کوانـــێ براکـــەی جـــاری جـــارانم؟
وەتەن! کـوا نەسـیم عەترامێزەکـەت؟
کوا خاک و خاشاک عەنبەربێزەکـەت؟
بێ قەوم و عەشرەت، بـەبێ بـرا خـۆم
بێ هاودەردی دڵ، پشت و پـەنا خـۆم
**قانع** بە کردەی چەرخی چـەپگـەردە
چەن هـەزار وەک تـۆ هەناسەسـەردە

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.zubaz.org

## ماڵ بەش کردن لەگەڵ براکەم

بــرا، وا باوکمـــان ڕۆیی بـــە ڕەحمـــەت
چاک نـەجاتی بـوو لـە دەرد و زەحمـەت
بـاوک بـۆ هـیچ کـەس نامێنـێ تـا سـەر
کـوڕ ئـەو کوڕەیـە لـە کـڵ[1] بێتــە دەر
مەســـەلەی مەشـــوور: برامـــان بـــرایی
بـەلام بـەو شـەرتە کیســەمان جیـایی
ماڵـەکە بـەش کـەین، بـێ مـەلا و قـازی
یـەک لـە یـەکتری چـاک بـبین ڕازی
ئــەو هێســـرە شـــێتەی جووتەوەشـــێنە
دابنـــێ بـــۆ مـــن هـــیچ دامەمێنـــە
ئـەو پشـیلە جوانـەی پـڕ خـەت و خاڵـە
چـش بـا بـۆ تـۆ بـێ، ڕەونـەقی ماڵـە
ئـــەو جووتـــە مانگـــای زل و زۆرخـــۆرە
کــە یــەکێ شــینە و یــەکێکیان بــۆرە

---

١. وەکوو کلّی هەوڕ... دیزە و گۆزە، واتا لە تاقی کردنەوەدا دەربچێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ من... دوو مریشک لاری و هێلکەکەر
دابنێ بۆ خۆت، بەبێ دەردی سەر
ئەو ماینە پیرەی زین هەڵچراوە
مەرحوومی باوکم بۆ منی داناوە
بەشی تۆ لەسەر ئەم ماینە نییە
باوکم فەرموویە، خەتای من چییە؟
مس و مەسینەی لە ژەنگا پواو
دای‌بنێ بۆ من لە ساغ و شکاو
کیتەڵە و گۆزە، دیزە و دەرخۆنە
هەمووی بۆ تۆ بێ لە تازە و کۆنە
قەت پارە نادەی بۆ سپی کردن
مسگەر ناناسی، تا ڕۆژی مردن
زرنگەی مەنجەڵ و، زەحمەتی سینیی
لە خوام گەرەکە، تۆ قەت نەیبینی[1]
ئەو ئاوە ساردە لە ئەو جەوەنە
دایبنێ بۆ خۆت، هەر پێی پێکەنە
ئەو هیزە ڕۆنەی کولک و مووداره
دابنێ بۆ من، چارم ناچارە
لە دەرگای حەوشە تا وەکوو سەربان
دابنێ بۆ من سەر پاک هۆدەکان
ئەمما لە سەربان هەتا ئاسمان
هەمووی بۆ تۆ بێ، بێ کەسری و نوقسان

---

١. لە چاپە کۆنەکاندا نووسراوە: ... تەڵەبە، تۆ قەت نەیبینی.

www.rabari.org

هەر دووکیان بـۆ مـن گاسـوور و گـارەش
دوو سەگمان هەیە بۆ تۆ لـە جێـی بـەش
نـە کـای بـۆ بێنـە، نـە جێـی بماڵـە
هـیچ ئـەرکیان نییـە ئـەو دوو گەماڵـە
شـەو تـا بـەیانی بـە جـووت ئـەوەڕن
حەلـەلیان لێکـەی، سـک پیـاو ئـەدڕن
بـرا وا ماڵـمان تـەواوی بـەش کـرد
هـەموو بـە زیـاد و بەشـی خۆتـت بـرد
ئەلحەمـدولیللا بـەبێ دڵ یەشـان
جیا بووینۆ لە یەک، بـە سـەهل و ئاسـان
هەر چەن مەغدوور[1] بووم بەشیی تـۆ زۆرە
لـە بـەر تانـەی عـام، ڕازیم بـەم جـۆرە
بـا خەڵـقی نەڵـێن بڕوانـە حاڵـی
تـەماعی کـردە بـرای منالـی!

***

---

١. مەغدوور (مغدور): غەدر لێکراو (ن. ب.)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



## من و نان

ئـەی نـان! بـۆ تۆیـە شـەڕی بـرایی
ئەی نـان! بـۆ تۆیـە ئاژاولـەی جیـایی
بـــۆ تۆیـــە بـــرا، بـــرا ئـــەکوژێ
لـە ڕووی مەیـدانا مێشـکی ئـەپژێ
بـۆ تۆیـە دنیـا کەوتـە گـیر و داد
بـۆ تۆیـە تـۆرا، دایـک لـە ئـەولاد
بـۆ تۆیـە بـاوک، فرزەنـد دەرئـەکا
کوڕی خۆی دوچار سـەد خەتـەر ئـەکا
بـۆ تۆیـە جـەردە ڕێگـە قـەتع ئـەکا
ڕێگەی هاتوچۆ لـە عـام مـەنع ئـەکا
بـۆ تۆیـە ئاوسـێ لـە ئاوسـێ زیـزە
ماشەڵـلا شکڵـت چەنـدە تـەمیزە
تۆ هـەر ئـەو نـانی چـەن هـەزار فـەلا
بـۆ تـۆ دامـاوە و کەوتـە حـەلوەلا
کۆڕەی زیکری شێخ بۆ تۆیە ئەی نان!
زامـی دڵ بـۆ تـۆ بەسـۆیە ئـەی نـان!
هـەوڵ و تەقـەلای پاشـا بـۆ تۆیـە
ئابـڕوو چـوونی گـەدا بـۆ تۆیـە
ئاسـنگەر، بـۆ تـۆ پیـک ئەوەشـێنێ
زارع بـۆ تۆیـە ئـارەق ئـەڕژێنێ
هەر کـەس نـانی بـوو، ئیمـانی هەیـە
ڕووسووری مـەجلیس، دیـوانی هەیـە
ڕێـوی نـانی بـێ شـێرێ تـەواوە
شـێر نـانی نـەبێ پشـتی شـکاوە

***

www.rabari.org


## ڕەشبەڵەک لە جەژنی لادێدا

کورگەل وا دیسان ڕۆژی شادییە
بەزمی هەڵپەڕکێ و دڵئازادییە
چرپەی گەورە کچ، ڕوو ئەکاتە ماڵ
ئارایشت ئەکا بە لفکەی دەسماڵ
چارەکەی خامەک ئەکاتە کۆڵی
خرخاڵ مەچەکی چەشنی سەهۆڵی
ملوێنک لە مل، لوولە لەسەر دڵ
چاو پڕ لە غەمزە، ڕوومەت تۆپی گوڵ
قەف قەف زوڵفی ڕەش، پێچ و لوول وەک مار
تێکەڵ لاچەناخ لە سەر تا بە خوار
برقەی بەرچاوە و زرنگەی کلاوزەڕ
ئەگریجەی قرتاو وەک ڕێحانەی تەڕ
ورشەی گوارەگوێ، زریکەی لاگیر
هارەی پلپلە و سلسلە و زنجیر
شۆرتکە و کەمەرە، هەیاسەیی پشت
(گۆیەخە) تا خوار، جوانترین لە گشت
کەوشی یەمەنی، ڕەوشتی لادێ
لە هەڵپەڕکێدا کە هەر خشپەی دێ
کەوا تۆزێ ئاڵ، کراس مەیلەو سوور
سرکەیی کۆڵی بەرق ئەدا لە دوور
سوخمەی نارنجی گودەڵەک پێوە
لە ژێر سوخمەدا، دوو شەکرە سێوە
خاوخاو بە وێنەی نیمچە غەزالان
دێت بۆ ساراتی قەراخی مالان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەستەی هەرزەکار، ڕانکوچۆخە چاک
یەک یەک کۆ ئەبن وەک شێری بێباک
کڵاش هەورامی، پەستەکی بانە
پشتێن کەتانچین، ڕەسمی زەمانە
کەوا و پانتۆڵی لە فاسۆنی جوان
فەقیانەی دووگەز ئەخاتە سەر شان
دەمانچە لە پشت فیشەکلغ لە مل
تەزبێح کارەبا تۆزێ دەنک زل
خەنجەری دەبان، کالان تەواو زیو
نەخشین کراوە ئەمدیو و ئەودیو
دەسەسڕی ئاڵ، لفکەی بەر کەمەر
سووچی دەسەسڕ سەرمشتووی خەنجەر
کڵاو گروونی گرێچن تەواو
لفکە لە لاشان، مشکی تێکەڵاو
کوڕ و کچ لەویا تێکەڵاو ئەبن
هەموو بۆ سارای لامالان ئەچن
ئەو کچە جوانە و ئەو کورە قۆزە
دێننە کایە، جەژنە پیرۆزە
بە دەم پێکەنین، ئیشارە بە چاو
یەک بۆ یەکتری ئارام تیا نەماو
کاتێ زوڕناچی کە ئەیانبینێ
هیچ بیر و هۆشی لە لا نامێنێ
کاکەی دەهۆڵکوت دەهۆڵ لەسەر دل
ئەو لە زوڕناچی چاکتر دێتە کول

www.rabari.org

بەبێ پێوتن سا تف لە گۆچان
گرمەی دەهۆڵی ئەگاتە ئاسمان
زورناچی پیقەی زورنا دەردێنێ
سێ جار لەسەر یەک پیا ئەیقێنێ
پەنجە شل ئەکا ئەمجا لەسەر کون
دێنێتە سەما هەزار وەکوو من
بە بەکربەگی و فەتاحپاشایی
ئەخاتە جوولە تەواو ئاوایی
هەندێ شۆڕەژن کە مەیلەو پیرن
سپی و نەرم و شل، قاشی پەنیرن
بیری زەمانەی گەنجی دێننە دڵ
ئەدەن لە مێزەر هەریەک چەپکێ گوڵ
بە بۆنەی سەیرو دێن بۆ سەرشایی
یەک لە یەکتری موبارەکبایی
ئەمجا کچ و کوڕ بەزمی ڕەشبەڵەک
قەتار ئەپێکن، دەس ئەگرن بە یەک
یەک بێوەژنێ تەرپیری تەرپۆش
تۆزێ چەرمەڵە و تەواوی دڵخۆش
سەرچۆپی ئەگرێ بە لەنجە و لارە
کوڕ و کچ تێکەڵ، ڕیز بە قەتارە
ئەم شان و ئەو شان وەک کەوی پڕخاڵ
هەڵئەسووڕێنێ پەی لە پەی دەسماڵ
کوڕ و کچ تێکەڵ دێنە سەر شادی
ئەڵێی وەرئەگرن ئەمری ئازادی

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سـا دڵ بلـرزێ، سـا چـاو بـڕوانێ
سـا دەم پێکـەنێ، هـەتا ئـەتوانێ
سـا خـەم هـەڕا کـا، مـل خـۆی بشـکێنێ
سـەهەزار قەیسـەر لـەویا نانوێنـێ
مامـەی ڕیـش‌سـپی دێتـە سـەر سـەیران
هـەر بـیر ئـەکاتۆ لـە جـاری جـاران
ئـەزانێ ئەمـە ئیشـی خـۆی بـووە
(پـیری و هـەزار عـەیب) لـە دەسـتی چـووە
کـە سـەرچۆپی‌کـێش عیشـوە ئـەنوێنێ
مامـەیش بـەو جـۆرە سـەر ئەجووڵـێنێ
سـینگی پێـی جارجـار ئـەدا لـە زەوی
بـیر ناکاتـەوە لـە کۆکـەی شـەوی
لـە نـاو خـەیالا وەهـا مـەس بـووە
نازانـێ ئـاخۆ دێـرە یـان زووە
کیسـە تووتنەکـەی دەردێنـێ جارجـار
سـەبیل تـێ ئـەکا بەرامبـەر قـەتار
دووکـەڵ لـە لـووتی وەک قـەفی ڕەشمـار
پێچ‌پێچ دێتـە دەر لـە سـەر تـا بـە خـوار
بـەم جـۆرە بـەزم و هەلـلا و هەرایـە
کاتـێ ئـەزانن عەسـرە و دوایـە
بەتاڵـی ئەکـەن ئەچنـەوە بـۆ مـاڵ
بـۆ سـەر ئـیش و کـار نـاو مـاڵ و منـاڵ
شاباشـی چـاوەش، درەم و دینـار
دائـەبارێنن وەک هـەوری بـەهار
بـۆ تـەنیا ڕۆژێـک وا تـەکان ئـەدەن
ئـاخۆ بـۆ جـەژنی سەربەسـتی چـی بکـەن؟

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

## لە بارەی بەچکە شێخەکانەوە

کە شێخ وەفاتی فەرموو، گەیشــتە جێـی نیهـانی
شــێخزادە ئـەو ســەعاتە ئەبێتـە غەوســی سـانی
کەس نایـە بـۆ حیسـاب و کیتـاب و ئیمتیحـانی
چەسپاوی دەستی غەیبە، نەجمە و نیشانی شانی

دووبارە ئەڵێ:

وەک بێچووە سۆنە وانە، لەگەڵ لە هێلکە دەرچوون
ئەڕۆنە بەحری بێپەی، گەر ئـاوی لێڵـە یـا ڕوون
بێکەسب و بێنەسیحەت، ئوستادی عیلمی غەیبن
لەم مەدەرسە موهیممە بە دوو دەقیقە دەرچوون

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## هەتیو لە ڕۆژی جەژنا

جـــەژن ڕۆژێکـــە ڕۆژی شـــادییە
ڕۆژی ســــەیران و دڵئازادییـــــە
ڕۆژی نیشـــات و کـــەیف و دەماخـــە
ڕۆژی ســـەیران و ســـەیرانی باخـــە
گشت کەس بە دڵخۆش لـەناو منالـی
هـەموو بـە مـەرام حـاڵ و ئەحوالـی
هـــەموو لیباســـی تـــازە لـــە بـــەردا
هـەموو مێـزەری شـیرین لـە سـەردا
ئەم بۆ ماڵی ئـەو، ئـەو بـۆ ماڵـی ئـەم
ئەســـووڕێنەوە بـــەبێ دەرد و خـــەم
دەم بـە پێکـەنین، دڵ پـڕ لـە سـروور
لیباسی بەریان زەرد و سـەوز و سـوور
ئـــەمما بـــۆ هـــەتیو ڕۆژی زارییـــە
ڕۆژی گریـــان و بـــێقەرارییـــە
نـە دایـک سـەر و جلـی ئەشـۆرێ
نـە بـاوکی هەیـە بـەرگی بگـۆڕێ
نـە پـارەی هەیـە بیبـا بـۆ سـەیران
هەر وەکوو باقی دەسـتەی هاوسـەران
بـەبێ خـەمخۆر و بـێ پشـت و پـەنا
بـێ پێکـەنین و بـێ هـەرا و زەنـا
سـەرکز و پەشـێو لـە بـن دیـواران
عـاجز و مـەلوول، وەک ئازێتبـاران
دڵسـۆزێ نییـە دەس خاتـە شـانی
خـەرجی ئـەو ڕۆژە کاتـە گیرفـانی

***

## سكاڵای نەسرین لای قانع

- ســەلامون عەلــەيک مامــەی ئيختيــار
- عەلەيکەســــەلام کیژۆڵـــەی نـــازدار
- مامــە بــە ئاشــنا ديێتــە پـێش چـاوم
- ڕۆڵــەگيان ڕەنگــە، مــن زۆر گــەڕاوم
- بــێقــەيری نــەبێ، نــاوت نــازانم
- نــاوم قانيعــە و شــەيدای نيشــتمانم
- تــۆی مــەلا **قــانع**، شــاعيری هــۆزی؟
دايم چــاوەڕوان بــۆ بــەرزی کــۆزی؟
- ڕۆڵــــەگيان بەڵـــێ، **قــانعم** نــاوە
بــۆ خــۆم و بــۆ تــۆ جــەرگم ســووتاوە
- مامۆســتا ئيمــە گشــت بــەشخــوراوين
بــــەڵام لـــە لادێ تـــەواو فـــەوتاوين
بيســتوومە جارجــار کــە ناومــان ئەبــەی
ئــەی بــۆ هاوارمــان تــەواو بــۆ ناکــەی؟
ئەوەڵ تا ئاخر، هــەر بــەشخــوراو بــووين
لــەناو کۆمەڵــدا ســەر دانــەواو بــووين

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هـــەتا منداڵـــین زەلیـــل و خـــوارین
عـــاجز و مـــەلوول دایم خـــەمبارین
گا زەجر و لێدان، گـا بـە ڕووت و قـووت
چڵـکن و پڵـکن وێنـەی مەلکـەمووت
ئێمـە هێشـتاکو وایـن لـە دەورەی بـەرد
چـاو هەڵـدووراوین بـە هەناسـەی سـەرد
ئـەر بڵـێم ئەمشـەو ئەچمـە سـینەما
ئەڵـێن تـۆ کچـی حـەیات بـۆ نـەما
گـەر بڵـێم ئەمـڕۆ ئـەچم بـۆ قـەتار
ئەچم بۆ گـەڕان، لـەم شـار بـۆ ئـەو شـار
هەی لـەم نێـر کوڕکـە، کـە پەیـدا بـووە
ئابـڕووی شـیرینی لـە دەس دەرچـووە
یـا بڵـێین ئەمـڕۆ کـاتی بـەهارە
کـاتی سـەیرانی گـوڵ و گوڵـزارە
نیـوەڕۆ دوایـێ بچـین بـۆ هـەردان
بـۆ سـەیری بـەهار، لەگـەڵ هـامفـەردان
کچـێ تـۆ کچـی داکـەوە لـە مـاڵ
نابـێ بێتـە دەر، بـە درێـژایی سـاڵ

***

ئـەوەڵ تـا ئـاخر، ئێمـە هـەر دیلـین
ژیـان سـووتاو و زار و زەلـیلین
ئێمـە نـاوێرین بڵـێین ئینسـانین
دایکـی دوارۆژ دەسـتەی لاوانـین
حیسـابمان بکـەن بـۆ هەڵـبژاردن
ڕۆژی ئینتیخـاب بـۆ وەکیـل نـاردن

www.rabari.org

هــەر وەکــوو بەشــەر پێمــان بخــوێنن
لەســــەر خـــۆڕایی مەمانـــڕەنجێنن
ئێمەش وەکوو کوڕ حەز لە ژیـن ئەکـەین
حــەز لــە زانــین و تێکۆشــین ئەکـەین!

قانع:

کچــم! بەســەر چـاو، کۆرپــەی شــیرینم
یـــاخوا بـــە کـــزی ئیتـــر نـــەتبینم
هــیچ خەفــەت مــەخۆن، دنیـا گــۆڕاوە
کورد لـە خـەو چاوی چـاک هەڵـهێناوە
پێتـــان ئـــەخوێنن، زۆر بـــە ئـــارەزوو
بـە مـەیلی خۆتـان ئـەتاندەن بـە شـوو
لــە مــاڵ و مــیرات بەشــتان دائــەنرێ
لەگـــەڵ کوڕانـــا فـــەرقتان نـــاخرێ
ئیتــر خــەم مــەخۆن، نــووری چـاوانم
ئـــاهووی بیابـــان، دایکـــی کـــوڕانم

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## قانع و شوان

ڕۆژی ڕێم کەوتە سەربەندی شاخێ
کێـویکی دارسـان بـەرزەدەماخێ
کـاتیش چ کاتـە؟ کـاتی بـەهارە
کوردستان هەمووی چەشنی گوڵـزارە
کـاتی ئـازادی دیلـی زسـتانە
سـەیر و تەماشـای دیدەمەسـتانە
نـزار پـڕ لـە گـوڵ، گوڵـی فـراوان
سەوز و سوور و شین، وەک دڵی لاوان
کەرەس لەسەر چووز، مەنێ بە خەروار
هەڵەکۆک زۆر کۆک، کاشمە لەناو غار
ڕێواس سپی و ساف، وێنەی شووشەی زیو
شەماڵ لێی ئەدا ئەمدیو بۆ ئەودیو
پیچک بە یەک چڵ، وەک من تەنیا و تاک
ئەو لە سای سێبەر من ئامێتەی خاک
خـوژە گـەلاڵوول، قومـام کـلاولار
تریشـکە و تەرڵـە، هـەزاران هـەزار

www.rabari.org

وەنەوشە لە چەم، لە پای بەفراوان
هەلالەبرمە، فرمێسک لە چاوان
کە زانیم دنیا تەواو گوڵگەشتە
چەپکەی نزاران چەشنی بەهەشتە

***

پاڵم دا بە پاڵ دارمازوو داریٚ
ڕوانیم کە تکتک عەتری ئەباریٚ
نواریم لە لاما هەندیٚ حەیوانە
پرمەی مێگەل و تەقەی گۆچانە
دیم نەوجوانێک کەپەنک لەبەر
گاڵۆک لە مەچەک، کڵاو لەلای سەر
شمشاڵێکی زەرد لە توٚی پشتێنی
مەر چاک تێفکری، ئەرنا نایبینی
مەرحەبا خاڵۆ، چۆنی کاکە گیان
لەویا کەوتە بەین قانع و شوان
مامە بەخێر بێی، خەڵکی کام خێڵی؟
چیت لیٚ ون بووە، بەم جۆرە وێڵی؟
وتم: بابەگیان دڵم ون بووە
ئەی تۆ نازانی کە بۆ کویٚ چووە؟
پێکەنی وتی: مامە دڵ گشتمان
ئەسووڕێتەوە بۆ دەوای نیشتمان
توٚزیٚ ڕاوەستە بانگی بکەم بۆت
بیخەمەوە ناو سینەی تەنگی خۆت
نەوی لە شمشاڵ لە هەوای هەی دڵ
هەی دڵ، هەی نامەرد، هەی نازک وەک گوڵ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


که پەنجەی جوولان، هەریەک هـەوایێ

هەریەکـە دەنگـێ، هەریـەک نـەوایێ

گوێم گرت کەوتە سەر بەزم و شۆری نەی

چۆپی، چەمـەری مـەقامی (وەیوەی)

گـا (مینامینـا) تـاوێ (تـەلوبـەل)

گا (لەیلی لەیلی) هەوای لای مێگـەڵ

تاوێ (خزنگەکە) تاوێ (ئایـنەخشـان)

گاگا (چاوڕەشێ) بـەزمی (شانەوشـان)

تاوێ (سێپێیی) گـا هـەوای لای ڕان

گا (هەیسوار هەیسوار) بەزمی ڕووی مەیدان

گا (سەوزەسەوزە) تاوتـاوێ (حـەیران)

گا (بووک و خەسوو) بەزمی (ژنهێنان)

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.kitabarı.org

## ژیانی کچ

کچــی بەســتەزمان دەوری ژیــانی
ســـینەمایێکە ئەگـــەر بـــزانی
کـە لـە دایـک بـوو ئاهـەنگی نییـە
ئەڵـێن: ئـای کچـە! فائیـدەی چیـە؟
پــێپیرۆزانــەی کــەس بــۆ ناهێنــێ
هیچ کەس بە چاکە هەرگیز نایـدوێنێ
پـرِ و پـیرەژن دەور دایکـی ئـەدەن
هەریەک بەجۆرێ دڵخۆشـی ئەکـەن
خەم مـەخۆ خـوا لەسـەر کـەرەم بـێ
کوڕیشــت ئـەبێ خـاترت جـەم بـێ
بۆ ئیشی ناوماڵ، بـۆ هـاتوچـۆی دەر
ئەمیش پێویستە لـە جێـێ کارەکـەر!
سەدساڵ نەخۆش بێ، نابینێ دەرمـان
لە جێی دڵخۆشیی هەر چەپۆکلێدان
نابـێ نـان بخـوا تـا هـەموو خێـزان
نەچێتـە دواوە لەسـەر سـفرەی نـان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لـە پاشـان ئـەمیش ئەگـەر نـەتۆرێ
لە پاشخوان بخـوا و حاجـەت بشـۆرێ
ئەگـەر بتـۆرێ هـیچ کـەس نازانـێ
بـە برسـی ئـەگری هـەتا ئـەتوانێ

***

نابـێ بـە دارتـاش، نابـێ بـە توجـاڕ
نابـێ بـە ناڵـبەند، نابـێ بـە عـەتار
ئەگـەر لەحەوشـە سـەر بێنێتـە دەر
دایکی تێیئەخوڕێ: بێحەیای ماکەر!
ئـەم بەسـتەزمانە هـەتا پـازدە سـاڵ
دیـل و گـیراوە دەرناچـێ لـە مـاڵ
کاتـێ گـەورە بـوو دێنـە هـاتوچـوو
بەلای نـاخێری کـچ ئـەدەن بـە شـوو
لـە کـوڕی وەسـتا و بـەزاز و قەسـاب
داواکـاری ئـەبن لـە چـاک و خـراپ
نیـوە ئەفەنـدی و حـاجیی ژنمـردوو
بێچـووە خانـەدان کـۆن و ڕابـوردوو
ئـەمجا داک و بـاب ئەکەونـە تـەگبیر
گوێ نادەن بەوە جوان بێ یـاخۆ پـیر
تەماشای ئەکەن هـەر پـارەی زۆر بـێ
ئیتر کەیف خۆیە ڕەش بێ یا بـۆر بـێ
کچـی بەسـتەزمان ئاگـای لـێ نییـە
نازانـێ چیـەی داک و بـاب چییـە
بابی دێتـە جـواب: حـاجی زۆر چاکـە
خـاوەن پارەیـە و زۆر زۆر دڵپاکـە

www.rabari.org

گــویّ مــەدەن بــەوە دانی نــەماوە
تەمــەنی جــوانی تــەواو فــەوتاوە
لـیرە و مەجیـدی لـە تاکـە و جووتـە
کۆمەڵــی کــردووە تــا ئارەزووتــە
کاتێ کچ زانی کـە ئەیـدەن بـە شـوو
ئەیدەن بە حاجی و دنیای لە دەس چوو
خوڕـخوڕ فرمێسکی لە چاو دێتە خوار
پێچ ئەدا لـە خـۆی وەک مـاری زامـار
ئەڵێ: هەی جوانی، هەی دنیای ڕۆشن
هەی دایک و باوک، هەی دۆس و دوژمن
هەی گەورەکچان! هاوسەر، هاوفـەردان
هەی بەش خوراوان، هەناسە سـەردان
بـۆچی کۆمەڵـی حیمایـەی حـەیوان
ناپرســن لــە حــاڵ ژیــانی کچــان؟
ئەر ئینسانیش نین مەعلووم حەیوانین
بۆچی بێخەمخۆر لە ڕووی جیهـانین؟
خــوا حافیزتــان ئـازاد کـەن گـەردن
وا مــن ڕێکــەوتم بــۆ شــاری مــردن

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


## شیعری بێنوختە

کاکـــە ســـەلامم لـــە هاودڵـــدارم[١٨٠]
لە مام و کـەس و گـەورە و سـەردارم
لـە دوای سلسـلەی دوعـا و سـەلامم
هـاودڵ گـوێ گـرە سـا لـە کـەلامم
ئەلحەمـــــدولله ئـــــاڵا هەڵـــــکرا
مـــاوەی دەردی دڵ ئەمڕۆکـــــە درا
سوئال گەر ئەکـەی لـە ملـک و مالـم
لەســـەر مەرامـــە حـــاڵ و ئەحواڵـــم
لاوی دڵ گــــەرمم ســـا دەی وەرە لام
سەرکەوە کەم کەم، ڕوو لە ڕووی مەرام
ڕوو کەرە ڕاسـی داسـی ئـاڵای سـوور
درەو کــە عــەدووی لاروهــار لــە دوور
ئەگـەر لـە مـامی لارم سـام ئەکـەی
هەڵســە هەڕاکــە لــە مــەرام ئەگــەی
ئەو هەر عەدووی ڕۆح گـرۆی سـەلامە
هـــەر لـــە درۆدا ســـەرداری عامـــە
کاکـــە! ئـــەم ئـــاڵا مەرهـــەمی دەردە
مەرهـــەمی لاوی دڵ ســـڕ و ســـەردە
هەرکەس لـە هـەر لا وڕ و سەرسامە
ڕاکـــا ئـــەم ئـــاڵا کۆگـــای مەرامـــە

***

١٨٠. قانع لە ساڵی ١٩٤٧دا ئەم شیعرەی وەکوو نامەیەک لە مەهابادەوە ناردۆتەوە بۆ بێکەسی هاوڕێی مژدەی هەڵکردنی ئاڵای کۆماری مەهابادی تیاداوە، بەڵام لە چاپی یەکەمی شیعرە کۆنەکانیدا ڕێگا نەدرا دەقەکەی بڵاو بکرێتەوە لەبەر ئەوەی هونەرێکی شیعری تیایە بە دەستکارییەوە بڵاو کرایەوە.

## لای‌لایە

هەی لایەلایە، ڕۆڵە لای‌لایە
لە کزیی کوردان دەنگم دەرنایە
ڕۆڵەی خۆشەویست جگەر گۆشەکەم
مەرهەمی زامی بەپەرۆشەکەم
وەک تۆ پەروەردەی دامێنی منی
بێچووە شێرەکەی خاوێنی منی
منیش لە باوەش دایکێ ترا بووم
بە شیری ڕاستی بەخێو کرابووم
من ڕاسپاردەی باب و باپیرم
فەرموودەی ئەوان هەروا لە بیرم
با بۆت بەیان کەم وەسێتی ئەوان
بۆ چ غایەیەک منیان پێگەیان
منیان پێگەیان بۆ خزمەتی تۆ
بۆ بەخێو کردن، بۆ زەحمەتی تۆ
هەی لایەلایە، ڕۆڵە لای‌لایە
شاڵڵا لای‌لایەی گشت کەس وا بوایە
ڕۆڵە ئەم شیرە، شیری شێرانە
شیرەی نیعمەتی خاکی کوردانە
ڕۆڵە بێشکەکەت داری قەزوانە
نەمامی مەندەی باخی بابانە
بەنی دەسرازەت خوری شەکی کاڵ
دابەستەی کوێستان، چراگای سەر یاڵ
ئاوی خواردنەوەت کانی (جەیران)ە
چێشتت برنجی دەشتی (ماڵوان)ە

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

هــەی لایەلایــە، ڕۆڵــەی لای‌لایــە
خۆزگــە تــۆی نیفـاق هــەرگیز نەبوایــە
شــیرە ڕاســتەکەم نــەخۆی بــە درۆ
سەرســەری نــەبی نەمکــەی ڕەنجــەڕۆ
هــەرگیز نامووســت بــە پــارە نــەدەی
ئــاوەڵ‌کــوردی خــۆت ئــاوارە نەکــەی
ڕۆڵــە مــن بۆیــە تــۆ بــەخێو ئەکــەم
ڕەنجــی داماویــت لەگــەڵا ئــەدەم
تـۆش خزمـەتکار بی بـۆ گـەل و هـۆزت
قـەت قوسـور نەکـەی بـۆ بـەرزی کـۆزت
هــەی لایەلایــە، ڕۆڵــە لای‌لایــە
میللــەتی بــێ‌خێــو، ڕوو لــە بەلایــە
ڕۆڵــە خایــەن بی بــە ئــاو و خاکــت
دەک ئەجــەل بگــرێ دامــێن و چاکــت
تـۆ بـەخێو ناکـەم بـۆ خـەو و خـواردن
یا وەک هێندێ کەس بۆ چـاو شـۆڕکردن
کوڕم نەتبیستووە، مەشـوورتر لـە گشـت؟
(سەر بۆ سەر بڕین، نەک بۆ سەرزەنشت!)
ڕۆڵــە هــەرکاتێ خوێنــت بــڕژێ
بــە گوللــەی دوژمــن مێشــکت بپــژێ
ڕەنجــم حەڵاڵــت شــیرم نۆشــت بــێ
کــزی کوردســتان فەرامۆشــت بــێ
هــەی لایەلایــە، ڕۆڵــە لای‌لایــە
کۆمەڵــی نــەزان وەک کــا و بایــە

***

## ئاخ بۆ تەمەنی جوانی

تـافی جـوانی، ... ... ... ... ... ...

سـەرمایەی نیشـات، تـافی جـوانی

عەزیزتر لە ئـاو چەشمـەی حـەیوانی

واسـیتەی قـانون ڕەسمـی ئینسـانی

مەتاعی مەقبووڵ، پارچەی پڕقیمەت

تاجی سەر شاهان، نیشانەی ڕەحمەت

تا تۆ لەلام بووی ساحیب ڕەواج بووم

بە دەم خۆم نەبێ قابل بە تـاج بـووم

لاژووروونشین دەستەی ئەعیان بووم

زۆر خۆشەویستی دەستەی یاران بووم

باڵا ڕێک و ڕاست هەر وەکـوو چنـار

چاک و پێکەوتوو، لەسەر تا بـە خـوار

چاو وەکوو دووربین، ئەژنۆ بە تـەکان

هەناسەی سەردم ڕاست ڕێکوڕەوان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نە کۆکەی دەروون، نە هاژەی بەڵغەم
نە دەستە لەرزێ، نە دیدەی پڕ تـەم
نـــەوتووی ڕۆژنـــە لرخـــانی شـــەو
نە سیخەی سەر سنگ وتووی نێرەکەو
نە پەنجەی ناوک نە کۆڵـنجی شـان
نە بۆڵـەی منـاڵ بـۆ ئـیش و فرمـان
نە قەبزی مەجلیس، نە چـەپۆکی ژن
نە فلـچەی تیکـە، نـە لیـک ڕژانـدن
داخـــم ئـــەو داخـــە، تـــافی جـــوانی
لە دەسم دەرچـووی قـەدرم نـەزانی
ئیســـتە گـــیرۆدەی مـــەقامی پـــیریم
زەدەی زەمانـــەی بـــەزم و زویـــریم
مەیـدانی بـەزمم کـونجی مزگەوتـە
ئیقباڵـی ڕاسـتم خـەدەنگی چەوتـە
بـــــاری تـــــالعم ئەوەنـــــدە لارە
ئـەولادی خۆیشـم لـە مـن بێـزارە
زەوقـــی شـــیرینم تـــەواوی تاڵـــە
کـوێر و کـەڕ و کـز حاڵـم بەدحاڵـە
دڵە! پڕ لە زووخ، پەردەی ماتەم بێ!
لەمـە خراپتـر گـیرۆدەی خـەم بێ!
دەر کـــە مـــەیلی یـــار باڵانـــەمامان
سروە و چپەی ڕاز شـیرین کـەلامان
پڕ بە لـە وەسـواس بیمـی گۆڕخانـە
بـەتۆچی تـازە، گۆشـەی مەیخانـە؟

www.rabari.org

لرفه و قرمەی بـەزم یارانـت کوانـێ؟
نـاو و شـۆرەتی شـارانت کوانـێ؟
ئەی سەر! تۆ لەجێی مێزەرەی گران
هـەر قـوڕ بپێـوە تـا ئاخرزەمـان
وەختێ تۆ سەر بووی لەباوەش یار بووی
سەربەرز و ماقووڵ لە عام دیار بـووی
ئیستە بۆ ئەلحەد خۆت موهـەییا کـە
تـەرکی خراپـە و حـوببی دنیـا کـە
ئەی چاو! تۆ لەجێی سورمەکەی کۆی توور
قەبزی خودایی، سوختەی لقای نـوور
پڕ بە لە فرمێسک گـەرمی نەدامـەت
بۆ بـێتۆشـەیی سـەحرای نەدامـەت
تـازە تەماشـای یـاران بـە تـۆ چـی؟
سەیر و تەماشای شاران بە تـۆ چـی؟
کوانـێ تەماشـای بـاڵای نـازداران؟
یا سەیری گوڵزار، فەسڵـی بـەهاران؟
پشت جێگـەی نیشـان تیرئەندازیتـە
وەک منـاڵ دایم خـاکبازیتـە
ئەی دڵ! بناڵە بـە بـانگی بـێشـەرم
ئەڵئـەمانت بـێ بـە زایەڵـەی گـەرم
کوانێ گفتوگۆی قسەی ڕەنگینـت؟
شیعرو غەزەلیات نیکتەی شـیرینت؟
کوانێ فەساحەت مەجلیسی ئەعیان؟
دڵسۆزی و نەرمی لەگەڵ هامفـەردان؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەی زوان! سەدحەیف بۆ جەوهەری تۆ
بۆ نەقل و بەیان وەک گەوهەری تـۆ!
کلیلی دەرگای خەزنەی مەعنا بووی
چرای مەجلیس و دوڕی یەکتا بووی
ئەبی بە خـۆراک مـەل و مـۆر و مـار
یا ئەبی بە خاک هەروەک ئەوەڵ جار
ئیسـتە بـێهێـز و بـێنوتـق مـاوی
وەک لاڵ نیوەزوان، خلیچک و خـاوی
گەردن! تۆ بلوور، ساف و بێگەرد بووی
بە دەم خۆم نەبێ شەمامەی زەرد بووی
ئیستە چرچ و لـۆچ وشـک و پـڕباری
مـەکروهی نـەزەر زەلیـل و خـواری
قــانع! ئــەزانم دڵــت پـڕ خەمـە
هەتا زۆر بڵـێیت هێشـتا هـەر کەمـە

***

## دەردی دڵ لای یەزدان[1]

خــوا! بــا بــەس بــێ دەرەلنــگ‌دڕاو
بەس بێ موحتاجی بـۆ نـان و بـۆ ئـاو
چـڵ‌ودوو ساڵــە مــن دروسـت کـرام
ڕزقــی ساڵــێکی خەڵــکت پــێ‌نــەدام
دەســـتت بـــڕیوم لــە هـــەموو لایـــێ
بـــە هـــیچ کلۆجـــێ تەســـەللام نایـــێ
بـــۆ لای هەرکەســـێ کـــە پـــەنا ئەبـــەم
داوای ڕەبەیـــەک گاڵـــی لـــێ ئەکـــەم
ئەڵـــێ خـــەم مـــەخۆ خـــوا ڕازقـــە
پیـــاوی بـــێ‌بـــاوەڕ، مـــەعلووم فاسـقە
تەواو لـێم ئـەگرێ، ڕێگـەی ڕوونـاکی
ئـــەمکا بـــە فاســـق لـــە بـــاتی چـــاکی
یـا ئەڵـێ هەرکـەس کـە دیـانی داوە
مـەعلووم کـە دیـانی بـۆ نـان دانـاوە
تـــوخنی حیکمـــەتی خـــوا نەکـــەوی
ســـەری بـــێ‌ڕۆزی وا لـــە ژێـــر زەوی
تـۆ دیانـت دامـێ نـانم پـێ‌نـەخوارد
هەموو هەڵوەرین بە هەناسـەی سـارد
نـیم لـە ژێـر زەوی و ڕۆزیشـم نییـە
ئیتـر شـاردنەوەی فائیـدەی چییـە؟
خوا با بـەس بـێ قسـەی بـێ‌سـەمەر
وادەی مــن و تــۆ دیــوانی مەحشــەر

***

---

١. نوسخەی دەسخەتی ئەم شیعرە، دەسخەتێکی بێگانە و بە شێوە فارسیی کـۆن نووسـرابۆوە، ئەگەر هەڵەی تیابێ ئەوە نەمانتوانی بە وردی بەراوردی بکەین.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## لەگەڵ دارەکەی سەرکەل

دارە گەورەکەی سەرکەل (تاریدەر)!
نشینگەی ڕێبوار ئەمسەر و ئەوسەر
بالات سپیدار سەر سەراوانە
گەلات لاپەڕەی مێژووی دەورانە
هاژەی شا ـ لقت زاخاوەکەی دڵ
ڕیزی هێلانەی بولبول لەسەر چڵ
پانکەی تەبیعی شنەی سێبەرت
خاڵی ڕووی گەردوون، شکۆفەی سەرت
چەپەت (قزلجە) و ڕاستەت (سەرکانە)
تەماشاگاهت گشت کوردستانە
هەرچەن بەدیمەن دارێکی جوانی
بەلام بەواتە ماوەی زەمانی
من سوێنت ئەدەم بە دیدەی یاران
بە نیمنیگای ناز گۆشەی دەواران
بە تاقی ئەبرۆی ڕەشی سێوەنگی
بە پێچی زوڵفی وەک ماری جەنگی
بە لەنجەولاری نیمچە غەزالان
بە هاڕەی پۆیلەی نازک نەوهالان
راستم پێبێژە کێت دیوە بەچاو؟
چیت دیوە لە ڕووی گێتی ناتەواو؟

***

بە سەد ناڵە و دەرد دار هاتە وەلام
وتی: ئەی **قانع** دەروون پڕ لە زام!

www.rabari.org

مـــن توولـــه نـــه‌مام ده‌وری مـــادانم
چـــه‌قاوی ده‌س و په‌نجـــه‌ی کـــوردانم
کاتـــێ ماده‌کـــان لـــه ئـــه‌وروپاوه
بلاوه‌یـــان کـــرد بـــه ڕووی دنیـــاوه
هاتنـــه ئـــه‌کباتان کـــه هه‌مه‌دانـــه
کردیان به پێته‌خت، جێگـه‌ی شـاهانه
چون خۆیان کورد بوون ده‌وڵه‌تی کوردان
لـه کوردســتانا چـاک دایـان‌مـه‌زران
ئـه‌وه‌ڵ (دیـوکس) پادشـای کـوردان
ڕه‌شید و سه‌خی مه‌ردی ڕووی مه‌یـدان
زۆر چاک دایمـه‌زران ئه‌ساسـی شـایی
بناغـه‌ی خوێنـدن سـواره‌ی سـپایی
ئالای داچه‌قان سپی و سـه‌وز و سـوور
ئه‌دره‌وشـایه‌وه نزیـک تـا لـه دوور
ئـه‌و سـکه‌ی پـاره‌ی هێنایـه کایـه
لـه ڕووی دنیـادا، کردیـان بـه مایـه
جێگـه‌داری ئـه‌و (فره‌فـرتیش) بـوو
بۆ بـه‌رزی هـۆزی که‌وتـه هـات‌وچـوو
له پاش ئـه‌و نۆبـه هاتـه (هۆخشـته‌ر)
دانیشت له‌سه‌ر ته‌خت، شێری پرهونه‌ر
(ئاشـوری) فـه‌وتان لـه کوردسـتانا
وه‌ک شێر ئه‌ینرکان لـه ڕووی مه‌یـدانا
منـیش یادگـار شـاهانی ده‌ورم
به‌م سـه‌ر یالـه‌وه پـڕ جـه‌فا و جـه‌ورم

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


# لەگەڵ قەڵەم

قەڵـەم مـن و تـۆ و ژیـان[1] مەزڵـوومین
هەرسێ وێنەی یەک بەند و مـەحکوومین
من مەحکوومی چەرخ، تۆ مەحکوومی من
ژیـان گـیرۆدەی دۆسـتی دڵدوژمـن
هەرسـێ باخـەوان بـاخی بـێبـەرین
هەرسـێ مەلـەوان گێـژی خەتـەرین
قەڵـەم! لـەم بـەینا لـە نیوەشـەوا
چـاوم چـووە خـەو لـە شـیرین خـەوا
چوومـە مەرکـەزێ مدیرنشـینێ
سـاحیب قانونـات عیـزز و تـەمکینێ
بـە شـەرع و قـانوون، پیـاوی دەوڵـەمەند
گـەدای بـاڵ ئەبەسـت ئەیخسـتە پێوەنـد
هەرکەسـێ خـاوەن پـارە و دینـار بـوو
لای مـدیر مـاقووڵ لـە عـام دیـار بـوو
ئـەوەش هـەژار بـێ، هـەر قـوڕ بپێـوێ
بـە شـەقی پـۆلیس تـاوێ نەسـرەوێ

***

زۆر زۆر سـەرخۆش بـووم لـەم عەدالەتـە
لـەم سـەرکەوتنە و لـەم سـەعادەتە
بـۆ تێگەیشـتن وەزعـی زەمانـە
تـەنیا و بـێڕەفیـق چوومـە چاخانـە
کە ڕوانیم هیچکەس هیچکـەس نادوێنـێ
هەریـەک ڕۆژنامـەی شـارێک ئـەخوێنێ

---

١. مەبەست لە ڕۆژنامەی (ژیان)ـە.

www.rabarr.org

یەکێ تورکی بوو، یەکێ بە فارسی
یەکێ ئەرمەنی، یەکێ چەرکەسی
کە ڕوانیم مدیر بە پێچەوانە
جەریدە ئەگرێ لە ناو ئەمانە
تمەس کابرایێ نەخوێندەوارە
بە دەردی جەهل تەواو بیمارە
فەقەت بیستوویە مەئمورانی شار
جەریدە ئەکڕن بە پارە و دینار
ئەمیش یانێ های منیش مدیرم
خوێندەوارێ چاک بە دەرک و بیرم
لەبەرچاو خەڵقا جەریدەی ئەبرد
بەڵام سەرەوژێر تەماشای ئەکرد
منیش دانیشتم هەر وەکوو ئەوان
بانگم کرد چاچی بۆم بێنە (ژیان)
من کە خۆم کوردم، کوردیزمانم
بە ڕۆح کڕیدار، وتەی (ژیان)م
وتی: بابەگیان (ژیان)م نییە
...ی بەرئاگر قیمەتی چییە؟
بۆچی نازانی ئێمە نەزانین
حەز بە خەڵک ئەکەین، دوژمن خۆمانین؟
کوڕمان بە کچ خەڵک ئەگۆڕینەوە
وەها ئەزانین ئەیدۆزینەوە
ئەگەر وا نەبین ئێمەش وەک یاران
ئەگەینە هەوار مەنزڵگای ژیان

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## چۆنیەتی نەخۆشینمان

ئــەوا کابرایــەک عــومری تــەواوە
خێزانــە وردەی لــە شــوێن جێمــاوە
ئەو ڕۆژە کــابرا لەســەر جێگــە کــەوت
خەبــەر نەخۆشــی ئەگاتــە مزگــەوت
مــەلا بــە کوێخــا ئەڵــێ تــۆ کوێخــای
عیــادەت خێــرە بــا بچــین بــۆ لای
هــەر هــەنگاوێکت حــەجێ قبووڵــە
فەرموودەی حەزرەت شاهی ڕەسووڵـە
سۆفی تۆش وەرە دەروێش تۆش فەرموو
هەر لە هەرزەکار هــەتا ڕیـش‌چـەرموو
هــەموومان بــڕۆین چــون دەســەوامە
ئەمــڕۆ بــۆ ئــەوە، ســبەی بــۆ عامــە
***
هــەموو بــە کۆمــەڵ ئــەچن بــۆ ماڵــی
زۆر بــە موختەســەر ئەپرســن حاڵــی
ئەمجا دێنە سەر گفــتوگــۆی خۆیــان
بــەراتی مــەلا و گــرتنی شــوان

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.nusatrin.org

باسی دار بڕین، یا جۆگە و جۆماڵ
دێراوی تووتن، شێف و وەردی کاڵ
هەریەک ئیشی خۆی، هەر یەکە کاری
هەریەک گفتوگۆی بازاڕی شاری
ژنی نەخۆشیش خێرا هەڵئەسێ
نەخۆش جێ دێڵێ، هیچ لیێ ناپرسێ
مەجبوورە ئەبێ میوان ڕێ بخا
لایێ چێشت لێنێ، لایێ نان بکا
کوڕی نەخۆشیش خۆ چایچییە
کەس‌تر شک نابا دەسەڵات چییە
هیچ‌کەس چۆڕێ ئاو ناکاتە دەمی
کەسی‌تر نییە تا بخوا خەمی...
وەختێ کە ئەمرێ لەو زرم و کۆیە
لەو قرچەی دڵە و لەو باوکەڕۆیە
مەلا ئەیشۆرێ و ئەیبەن بۆ قەبران
تەسلیمی ئەکەن بە سەهل و ئاسان
ئەمجا قاو ئەکرێ بە دێهاتانا
تایفەلملووک.. کورد و گۆرانا
دەسە بە دەسە، فەوجفەوج و قەتار
بیست‌بیست و سی‌سی لە لادێ و لە شار
دێن بۆ ماڵ مردوو بۆ عەزاخوانی
ڕۆژی دە کەرەت ئەیکەن تالانی
سێ فەردە شەکر، دوو سنووق چایی
ئەبێ قەرز بکا، (خواهی نەخواهی)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ده دوازده تـەغار ئـارد بێنێتـە مـاڵ
سەلەم کا لە پێی توو سەوزی ئەمساڵ
ماڵـی ئیسـقات بـوو حـەیوانی زبـره
حـەیوانی وردەش بـۆ گۆشـتی سـفره
موختەسەر هەتا چەند مانگ ئەو ماڵـە
بـە دەس میوانـۆ حاڵـیان بـێحاڵـە
نـەیپەرژاوەتـە خەڵـە و خـەرمانی
هـەموو جێمـاون ئـیش و فرمـانی
سـەری چەنـد مانگـە تەماشـا ئـەکا
نـە بزنـە، نـە مـەڕ، نـە مانگـا، نـە گـا
شەست حەفتا دینار قەرزاره بـێجـێ[1]
نازانـێ پـەنا ببـا لـە بـۆ کـێ
ئـەمجا ئـەزانێ کۆسـتی کـەوتووه
بـە سـەد بـارەدا بـاوکی مـردووه
***
میللەت! تا بە کەی جەهل و نـەفامی؟
میللەت تا بە کەی شـێتی و عـەوامی؟
بـۆچی لـە دوورۆ دوعـای بـۆ ناکـەی؟
بـە نـاوی خێـرۆ بـە قوڕیـا ئەبـەی
***

---

١. لە ڕۆژگاری دانانی ئەم شیعرەدا ئەو مەبلەغە پارەیە زۆر بووە.

www.rabarr.org

## گۆرانی شیوەن

هـــامســـەران دەردیٚ، ... ... ... ... ...
ســەر داوە لــە دڵ یــەک گــراندەردیٚ
ئـاخ بـۆ دڵســۆزیٚ، داخ بـۆ هـامفـەردیٚ
یــا یــەکیٚ وەک خــۆم هەناسەســەردیٚ
دەس کەینە مل یەک، دانیشین بە هـەم
تێکەڵ بکەین دەرد، خەم لـە بـانی خـەم
مـن بـۆ ئـەو شـیوەن، ئـەو بـۆ مـن زاری
بـــدەین بەســـــەردا بـــەبیٚ قـــەراری
بــەرپا کــەین مــەجلیس زایەڵــە و رۆرۆ
واوەیــلا خەینــە ســەحرا و کــەژ و کـۆ
شومشاڵژەن شل کە پەنجە لەسـەر نـەی
چــۆپی چەمـــەری مـــەقامی وەیوەی
دەروێـش! تـۆ دینـت بـەرزۆ کـە دەفـت
بگـرە کەمـەی دەف بـە هێـزی کـەفت
لێـدە لـە مـەقام چەواشـەی چـەپگـەرد
چەپگەرد دەوران ساحەب مۆرەی نـەرد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تـارچی! تامووسـکت بـا ڕیشـەی دڵ بـێ
مـــەقامێ بڵـــێ کــە دڵ خـــەجل بـــێ
خۆش‌خوانان بانگ کەن هەڵکەنە (قـەتار)
فـــەردی مەولـــەوی دانـــەی گوهـــەربار
تــەمووورەی ناڵــە و کەمانچــەی گریــان
دەهۆڵــی حەســرەت، عــوودی ئــەلفوغان
هەریەک لە بەزمێ، هەر یەک لـە دەنگـێ
هەریەک هـەوایێ، هەریـەک لـە ڕەنگـێ
ســـا بدەنـــە یـــەک بـــەزمی نـــەقارە
ئارامتـــــان نـــــەبێ ســـــوبح و ئێـــــوارە
بەشـــکم ســـاکن بـــێ گـــرەی دەروونم
ببرژێتــــــۆ زام جـــــەرگی پـــــڕخوونم
سـەرم لـە وسـواس میحنـەت ئـازاد بـێ
قـەڵای مەینـەتم یەکســەر بـەرباد بـێ
ســـاتێ ســـەر بنـــێم وە بـــانی ســـەرین
بـــیر دەم وە کـــردار زەمانـــەی بـــەرین
یـادێ کـەم لـە حـاڵ، یـاری دوور وڵات
دوورکەوتەی گەردوون ڕەهەندەی بیسات
دەمـاخم بـە بـای وەتـەن ڕوونـاک بـێ
ئایەنـەی دەروون لـە خەفـەت پـاک بـێ

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

## نەونەمام

دیــدەم نەونــەمام، ... ... ... ... ... ...

دیـــدە ڕاســـتەکەم بـــاڵا نەونـــەمام

بـــۆچی ناپرســـی لـــە حاڵـــی خـــولام؟

هــەتا قیامــەت مــن هــەر بــە تــەمام!

دڵــەی نــازدارت لــە چــی ڕەنجــاوە؟

گەرمــە مەیلەکــەی ئەوســات نــەماوە!!

کام ئەمری تـۆ هـات نـەمنا سـەر سـەرم

عالــەم ئــەزانێ کــە مــن دولبــەرم

مـەیلت بـۆ سـاردە بـە قسـەی بـەدگۆ؟

بـە قسـەی ڕەقیـب مەمکـە ڕەنجـەڕۆ!

دیـــدەم، شـــابازم، تـــەڕلانی تـــەوار!

یـــارم، دڵســـۆزم، ڕەفـــیقم خـــەمخوار!

شـــلم، شـــێواوم، شـــۆخەکەی شـــەنگم!

یـــاری ئاڵـــۆزاو، مایـــل بـــە جـــەنگم!

حـــوورم، فریشـــتەم، نـــازی دڵـــبەندم!

مەســـتم، هوشـــیارم، زیـــرەک و ڕەنـــدم!

کوانـــێ ئیشـــارە و چاوەکـــەی جـــاران؟

لەنجـــە و وردە ڕەوت ســـوبح و ئێـــواران؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوانــێ موحیبــەت دوعــا و پــەیامت؟
کوا چرپــە و ســروەی شــیرین کــەلامت؟
قیبلــەم نــازارم! ئــاخر نەفەسمــە
دەردی بــێتــەبیب تــەنها و بێکەسمــە
ئەلویــدا[1] یــاران مــەرگ میهمانمــە
قــەتعی زینــدەگی ســەیری جیهانمــە
لاکــە بــە لامــۆ ببینــە ڕەنگــم
ڕۆشــن کــە حــوجرەی دەروونی تــەنگم
بەنــدی ئەجــەلم ئــازاد کــە گــەردن
وە مــەرگت قەســەم، شــادم وە مــردن
ئــەمما بــەو شــەرتە بێیتــە ســەرینم
بــە چــاوی پــڕ نــاز تێــر بکــەی شــینم
خــالان تــەڕ بکــەی بــە ئەشــکی دوڕبــار
یەخــەی زەڕنیگــار دادڕی تــا خــوار
پــاش کفــن و دفــنم بــبی بــە یــارم
بگریتــە بــاوەش گڵــکۆی مــەزارم
ســەربنێی بــە لای خــاکی گۆڕخانــەم
بــا دەرچــێ لــە دڵ خــەمی زەمانــەم

***

١. هەر (الوداع)ی عەرەبییە. یانی خواحافیز (ن. ب.)

## بەری یەکێتی

ئاشـــنا! وەرە بـــا ئاشـــنا بـــین
لە ئاشنا چاکتر هەر وەک بـرا بـین
نەتبیستووە (برا لە پشـت بـرا بـێ
مەگەر موقەددەر لە لای خـوا بـێ)
کۆمەڵــی ڕێـوی شـێر ئەشـکێنن
پۆلــە چۆلەکـــە بـــاز ئـــەڕفێنن
تەنها پەنجەیەک هیچی پێ ناکرێ
کەکردت بە پێنج کێ بەرگەی ئەگرێ
مشتەکۆڵ ئەبێ و ناودەم ئەشکێنێ
ڕەگی بنـاگوێی دوژمـن ئەپسـێنێ
ئێستەش من و تۆ با وەک برا بـین
وەکوو پەروانە و شوعلەی چرا بـین
مـن مـن و تـۆ تـۆ نەیەنینـە کـار
گوێ نەدەین بە قەول بەدی ڕۆژگـار
بە دڵێکی پاک بۆ یەک خەمخوار بین
بۆ سوودی یەکتر دایم هوشیار بین

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

که هات هاوخوێن و کوڕی یەک خاکبین
ئەبێدەرحەق یەک بۆچی ناپاک بین؟
تـەماع نەکەینـە نامووسـی یـەکتر
بۆ ڕۆحـی یـەکتر نـەبین بـە ئـاگر
بـــاو و باپیرمـــان وا بوونایـــە زوو
ئێستە ئیش ئێمە لە جێیێ تر بـوو
سەمەرەی وەحدەت نەبوو بۆ ئەوان
یەکێکیان کورد بوو، یەکێکیان گۆران[1]
ئەم (سەرشەقام)ی، ئەو (دەرگـەزێن)ی
دوژمنبوون بە یەک دوژمنی خوێنی
ئەم خەڵقی (گۆیژە) ئەو (سابوونکەران)
ئەشیشانە یەک بە شەق تێهەڵـدان
من مەنعیان ناکەم زەمان وەها بوو
ئیختیار بە دەست پیاوی بەلا[2] بـوو
کوێر دەستتکێشێ ئەتخاتە ناوچاڵ
تیایا دەرنایـەی هـەتا هـەزار سـاڵ

***

١. کورد و گۆران هەردوو هەر کوردن، بەڵام لەو سەردەمەدا بە کۆچەرەکانیان دەوت کورد و بە خانەنشینەکانیشیان دەوت گۆران. ناکۆکیی خێڵەکیانە هەمیشە لە نێوان هەردوو لایاندا بووە.
٢. ئیشارەیە بۆ گەورەکانی ڕابووردوومان.

## مازوو چنینی لادێ

ژیـــنی لادێ ســـەیرانە　　گــەرچی تــۆزێ گرانــە
ڕۆژی نەورۆز ئەوەڵ سـاڵ　　ئەکەونە ئیش کوڕ و کـاڵ
یا جووت، یا جۆگـەهێنان　　بۆ ئاو داشتن دەغڵ و دان
یــا تووتنــە یــا درەو　　ناوەسـتن بـە ڕۆژ و شـەو
یا گێرە　یـا شـەن کـردن　　هەڵمەت بۆ فرمان بـردن
فـەرقی نییـە نێـر و مـێ　　هەرچی دانیشتووە لە دێ
هـەموو خـەریک فرمـانن　　بەدەسـت هێنـانی نـانن
تـا تـەواو ئـەبێ هـاوین　　تـێئەکۆشـن زۆر بـەتین
بـەینێ لــەویا بەتاڵـن　　خـەریکی ئیشـی ماڵـن
تـیرەک لێـدان، گڵـەبان　　کۆڵان گرتن بـە تـەیمان
کە ئیش ڕووی کردە تەنکاو　　کۆ ئەبنۆ لـە حـەوز و ئـاو
چەند دارێبی لایمزگەوت　　هەندێڕاست و هەندێچەوت
بــۆ ســـێبەر نێـــژراوە　　ســەکۆی لــە بــن کــراوە
ئەهلی دێکـە زۆر و کـەم　　لەسەر سەکۆ ئـەبن جـەم
تــاوێ شــەڕە ئــاوپرژێن　　بـە گاڵـتەوە شـەڕەجوێن
تــاوێ باســی ژن هێنــان　　تاوێ تەریف دەغڵ و دان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دووسـێ ڕۆژێ بـەمجۆرە — بـە گـۆرانی و بـە هـۆرە
ڕائـەبوێرن بـە شـادی — گاگـا بـیری ئـازادی
گـا تـەگبیری جووتیـاری — گاگـا خـەمی هـەژاری
پیران بە سـەبیل کێشـان — باسی سۆفی و دەروێشان
باسـی ژیـنی نارەحـەت — باسـی قـەبر و قیامـەت
مـام خواکـەرەم دنیـادیو — بانگ ئەکا: هەتیوـ مـەتیو
بـۆچی هێنـدە منالـن؟ — هەتاکوو کەی لـە مالـن؟
بــەراوردم تــەواوە — تەقـەی[1] مـازوو شـکاوە
کێتـان کـوڕی مەیدانـە — یاڵــلا مازووچنانــە!
ئەمجا دەسەی کوڕ و کاڵ — ڕائەکـەنۆ ڕووەو مـاڵ
بانگ ئەکەن لـە یـەکتری — بـۆچی خـۆت دائـەگری
خۆت گورجۆ کە دەسوبرد — مامخواکەرەم بانگی کـرد
ئـەوەی کەوشــی دڕاوە — لـە مالـۆ تـووڕی داوە
ئەگــەڕێ ئەیــدۆزێتۆ — بـە بـەنێ ئەیـدووریێتۆ
ئـاوایی ئەیکـەن بـە قـاو — قیرەی منال، دەنگی پیاو
ئەوەی کە مـازووچن بـێ — پیاو بێ وە یـاخۆ ژن بـێ
چارەکەی کۆلـی دایکـی — یـا کراسـە کـۆنی بـاوکی
ئـەکا بـە چارەکـەی نـان — ئەوسا هەلئەگرێ گۆچان
ئـەوەڵ ڕۆژ و ئـاخر شـەو — پۆل ئەبەستن وەکوو کەو
لە ناو شەخسـی پـەناماڵ — هەر لـە گـەورە تـا منـاڵ
لەڕێی یـەک ڕائەوەسـتن — هەموو کۆمـەڵ ئەبەسـتن
ئەمجا ئـەدەن بـە هـەردا — بـە شــاخ و داخ و زەردا

---

١. لەو ناوچانەی کە مازوو دەکەن، نەریتێک هەیە کە هەموو ڕۆژێک دیاری دەکەن بۆ سەرەتای سەرەتای کاری مازو چنینەکە، بەو ڕۆژە ئەڵێن تەقەی مازوو.

| | |
|---|---|
| یەکێ دەوەن، یەکێ دار | یا لە بەرۆژ، یان نزار |
| یەکێ ئەچێتە سەردار | یەکێ لە دار دێتە خوار |
| یەکێ بۆ دار ڕائەکا | یەکێ باخەڵ دائەکا |
| جارجارێک ئەهۆڵێنن | دووراودوور یەک ئەدوێنن |
| قوولە و گۆرانی و هۆرە | لێیان ئەبێ بە نۆرە |
| کە ڕۆژ گەییە چێشتەنگاو | دەس ئەکەن بە قیڕوقاو |
| دێنە خوار لە گشت لاوە | ئەڵێن کاتی سەراوە |
| پۆل- پۆل ڕیزە ئەبەستن | تا سەر ئاو ڕاناوەستن |
| لەویا هەتا نیو سەعات | نان ئەخۆن بێدەنگ و مات |
| ئەمجا یەکێ هەڵەدەو | تێ‌ئەچریکێنێ وەک کەو |
| کلاوی لار دائەنێ | بە دنیا پێ‌ئەکەنێ |
| ئەڵێ بۆ ئاخری ئەمرن | هەتیو هەستن دەستبگرن |
| ئاوازی لێ هەڵئەبڕێ | ڕۆحی عاشقان ئەچڕێ |
| لەویا گشت ڕائەپەڕن | لە جێیەکا دەست ئەگرن |
| تەقلە چڵکن، ڕانک شڕ | لەویا ئەیکەن بە سمڕ |
| یەک گەنجێکی بالاجوان | سەرچۆپی ئەگرێ بۆیان |
| دەستەسڕی ئاڵ بۆ دەس | هەڵئەسووڕێنێ سەرمەس |
| نە زیاد ئەڕۆن و نە کەم | هەڵئەپەڕن بەبێ خەم |
| کچیش هەموو لەو لاوە | بەڕیزە ڕێک وەستاوە |
| کراس مۆر و سوخمە زەرد | کەوای‌ئاڵ، ڕوومەت بێگەرد |
| هەریەک دڵی لەلایە | بۆ خۆی خەریک سەودایە |
| جارجاری گۆرانی‌بێژ | گەنمڕەنگێکی درێژ |
| سەری وەرئەچەرخێنێ | ڕیزی کچان ئەدوێنێ |
| دڵی هەر لە لای یارە | تەواو بێ‌ئیختیارە |
| سەرچۆپی‌کێش ساحێب‌یار | خۆی ئەلەرێنێ جارجار |

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەرچـەن یـاری ئـەبینێ     وەختە خۆی بپـڕووکێنێ
لـە سـەرچۆپی تـا گـاوان     ئەکەونـــە هەڵــــەداوان
نـــازانن دنیـــا چۆنـــە     چۆنـە ئـەم چەرخەکۆنـە
سەرچۆپی هەردوو دەسـتە     یەک بۆ یەکتری مەسـتە
تێکەڵ ئـەبن کـچ و کـوڕ     بە چەشنی مێخەک و دوڕ
دەس ئەگرن بـە تێکـەڵاو     کچی شـۆخ و کـوڕی لاو
کچان کە جنسی نـەرمن     تۆزقاڵەیەک بـە شـەرمن
لــەویا شـــەرم نامێنـــێ     هەموو کەس خۆی ئەنوێنێ
تەقەی چەپڵە و هاژەی نەی     لەرەی‌مەمکەی چەشنی‌بەی
بـۆنی مێخـەک و سمـڵ     ئـەدا لـەناو پـەڕەی دڵ
کاتێ کە کچ مانـدوو بـوو     دەس بەرئەدەن بۆ پشـوو
یەکێ ئەڵـێ: ئـای دێـرە     با بڕۆین چی کەین لێـرە
کۆڵمان قورس و سـەنگینە     وا ئیشـــمان پێکەنینـــە
دووبارە چەشـنی کـەوباڕ     ئـاژین ئـەبن لـە نـزار
ڕووە و مـاڵ بـە دارەودار     ئەســـووڕێنۆ تـــا ئێـــوار
پێش ئەوەی تاریک دابێ     ئەگــــەنۆ نزیکـــــی دێ
یـەکێ گـەڵا، یـەکێ دار     یـا دوو ـلـق یـا پێڵـەوار
ئەیبەن بۆ پێویستی مـاڵ     ئاوایـــە ژیـــانی ســـاڵ

***

www.rabari.org

## شیوەن بۆ پیرەمێردی شاعیر

دیسـان سـەر لـە نـۆ ماڵوێرانیمـە
تـەم و تەمـەلوول سـەرگەردانیمە
دیسان وەک جاران شین و زاریمـە
خـەم و پـەژارەی دەردەداریمـە
دیسان چەرخەکەی چەواشەی بەدخوو
بـۆ ئـازاری دڵ کەوتـە هـاتوچـوو
دیسـان قرچـەی زام دەروونی ڕێشـم
زووخـاوڕێز ئـەکا جـەرگی پڕئێشـم
گەردوون هـەرتاوێ جـەورێ ئـەنوێنێ
چەشنی بایـەقووش بـەزمێ ئـەخوێنێ
گـەردوون کـردەوەی نامرادییـە
دۆسـت لەیـەک کـردن، دڵ ناشـادییە
گـەردوون بـەدکاری بـەینی دڵانـە
گـەردوون خـەزانی باخچـەی گوڵانـە
گەردوون هەر ڕۆژێ دوژمـن پیاوێکـە
زەهـری کوشـندەی خـاوەن‌ناوێکـە
حاجی تۆفیق بەگ، پیرەمێرد مەشوور
مامۆسای زانـای کـوردی خـوار و ژوور
کـام پـیر؟ ئـەو پـیرە بـە هوشـیاری
عـومری ڕابـوارد بـە فیـداکاری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کام پیر؟ ئەو پیرەی بە (ژیان) و (ژین)
گشت کوردستانی پڕ کرد لە زانین
کام پیر؟ ئەو پیرە هیممەتی نوان
بۆ کوردی نووسین، ئەو ڕچەی شکان
کام پیر؟ ئەو پیرەی (پەندی پێشینان)
کرد بە مامۆسای بێگانە و خوێشان
بۆ لای هامفەردان، کەوتە دەستوبرد
لە کۆڕی یاران مالاوایی کرد
ئەمجا، ئەزانم شوومی کوردانە
بەدبەختی هۆزی کوردی زمانە
گەردوون ڕیزی گرت بە شاعیرانی
یەک لە دوای یەک، بۆ دنیای فانی
(زێوەر) تیرێکی دا لە زامانم
(بێکەس)یش، قوڕی خستە سەر شانم
(دلدار)ی کۆیی، نەوچووزی لاوم
پەردەی تەریکی خستە سەرچاوم
کوا (حاجی قادر)؟ کوانێ (بەدرخان)؟
کوا بڕۆ بڕۆ و دەبدەبەی (بابان)
کوا (سوارە)ی شەمزین؟ کوا (زەند)ی دلێر؟
کوانێ (ئاردەلان) چەشنی نەڕەشێر؟
کوا دوکتور (فوئاد) شێری بەناموس؟
کوا (ئەمین زەکی)، لاوی مێژوونووس؟
کوانێ (شێخمەعرووف) خاوەنی دووبال؟
یەک عیلمی زاهیر، یەکێ عیلمی حال

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

کوا (نالی) و (ناری) و (کوردی) و (مەولەوی)؟
کوانێ (بێتوشی) مەلای مەسنەوی؟
کوا مەلای عاشق، لە (بێساران)م؟
کوا (حەمدی)، نەوەی (ساحیبقەران)م؟
وە نییە کوردستان ئەوەڵجاری بێ
تەنها شاعیری بە خەساری بێ
بەلام پیرەمێرد ئێشی گرانە
چون خاڵەی دەستەی گشت شاعیرانە
پیری دڵجوان، قەڵەمجوانم ڕۆ
خەمخۆری دەسەی بێکەسانم ڕۆ
جێماوی کۆچی (ئەمین زەکی)م ڕۆ
دوا قەترەی شاعیر، یەکییەکیم ڕۆ
ئاگری وەجاخی خانەدانم ڕۆ
دلسۆزی هۆز و نیشتمانم ڕۆ
قەڵەم نۆبەتە، بێرە دەستوبرد
بنووسە مێژوو بۆ مامۆستای کورد
قەڵەم مەردانە هاتە سەر جەولان
لەسەر ڕووی قاقەز گەوهەری ڕژان
بە پیتی ئەبجەد هاتە گفتوگۆ
(مامۆستای کورد و خاوەن ژینم ڕۆ)[١]

***

---

١. ١٣٦٩ی کۆچی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## لەگەڵ گردی سەیوان

ئـەی گـردی سـەیوان شـاری خامۆشـان
ئارامگـــای کـــۆڕی بلـــووری‌پۆشـــان
نـۆ هەوارگـەی خـێڵ دەسـتەی بابـانی
کوێســـتانی کـــۆچی نـــەوجوانانی
کـاروان بەزگـەی بـەرز، قافلـەی لاوانی
گلـــۆدەرەی کـــۆچ مـــیر و گـــاوانی
کاتـــێ گـــوڵ ئـــەکا ئەرخەوانەکـــەت
سـەوز ئەکاتـە بـەر، خاکـە جوانەکـەت
ئەڕازێیتـــەوە بـــە گوڵـــی زەرد و شـــین
چـەن مـن و بولبـول دێنیتـە گـرین
بـــووکی ڕازاوەی دەســـکاری خـــوای
لـە پـێش چـاو منـا، بـێ‌وێنـە و تـەنیای
کوێسـتانەکانمان هەرچـەن کـە جـوانن
ئێلاخـــی کـــۆچی جـــاف و گـــۆرانن
پاییز خێڵە و خوار، گشت چـۆڵ و هۆڵـن
جێگـەی بایـەقووش، هەوارگـەی چۆڵـن
تـۆ کـە هـەر لاوێ کـۆچی کـرد بـۆ لات
ئیتـر نـابینرێ لـە ڕووی سەربیسـات
دەستی گەییە تۆ هەر کـۆچ، هـەر خێڵـێ
قـەت دڵـی نایـە تـۆ بـەجێ بێڵـێ
هەوات هێن خۆشە لە ڕووی سەر زەمـین
دانیشـــتوانت بـــە کراســـێ ئـــەژین

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rafed.net

بـــەڵام نـــازانم لـــە کەیـــەو شـــاری؟
بینـــاکردەی دەســـت کـــام شـــەهرەیاری؟
ئەوەڵجـار کـێ بـوو کـۆچی کـردە لات؟
بـووی بـە مالـی کـێ؟ تـا واتـە لێهـات!
ڕاســـتم پـــێ بێـــژە مەنزڵـــگای یـــاران
ســـەیرانگای گشـــتی ســـوبح و ئێـــواران
جـــوابی دایـــەوە گـــردی دەروون پـــڕ
بە چەشنی سـەدەف، پـڕ لـە دانـەی دوڕ

وەلام:

وتـــی: ئـــەی قـــانع گـــردی لاشـــارم
بـە سـەیوان مەشـوور، لـە عـام دیـارم
(ئیـــبراهیم پاشـــە) لـــە قـــەلاچوالان
بـــۆ گوێزانـــەوە، هیممـــەتی نـــوان
ئەوســـا پێتـــەختیان قـــەلاچوالان بـــوو
قـــەلاچوالانیش زۆر تەنگـــەلان بـــوو
تـەئریخ هـەزار و یـەک سـەد و نـەوەد
لەل نۆ، ڕابوردبوو لـە هیجـرەت ئەحمـەد
دەشتی (مەڵکەندی) دەشتێکی پـان بـوو
جێی جلیتبـازی سـوارەی مەیـدان بـوو
دەشتی مەڵکەندی بۆ خۆی کرد بـە شـار
تیایـا درووسـت کـرد، قەیسـەری و بـازاڕ
لـەم جێگـا سـەرا، سـەرای دامـەزران
ڕازانیـــەوە زۆر شـــیرین و جـــوان
پاچیـان دا لـە خـاک بـۆ خەنـەک سـەرا
بـــە دەم پاچـــەوە مۆرێـــک هەڵـــکەنرا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نواڕییـــان (مـــۆری ســـلێمان) نـــاوە
ئـــاخۆ چـــەن ساڵـــە، لـــە خاکـــا مـــاوە
ئـــەو ڕۆژە کـــە وا مـــۆر دۆزرایـــەوە
لـــە مـــەجلیس پاشـــا، کـــە خوێندرایـــەوە
حـــەرەمی پاشـــا، کەوتـــە منـــاڵ بـــوون
کـــوڕێکی بـــینی وەک شووشـــەی ئاڵـــتوون
پاشـــا کوڕەکـــەی نـــاو نـــا ســـلێمان
وتـــی: ئـــەم مـــۆرە نگینـــە بۆمـــان
چونکـــە مۆرەکـــەی بـــە نگـــین زانی
شاریشـــی نـــاو نـــا بـــە ســـلێمانی
لـــەو ســـاوە منـــیش گۆڕخانـــەی شـــارم
هەوارگـــەی لاوی زرنـــگ و هوشـــیارم
چەن شێخی ڕاستی، چـەن عـالمی دیـن
چەن شۆڕەسواران خاوەن ئەسـپ و زیـن
چـــەن پاڵـــەوانان کلاوخـــود لەســـەر
چەن ڕم وەشێنان، چەن دەست بە خەنجەر
چـەن گـەورەکچان، خـانی کچـی خـان
چەن کوڕی لاوچاک، شێری ڕووی مەیـدان
چـەن گـەنجی تـازەی دنیـا نـەخواردوو
چـــەن پـــیری پـــاکی تەمـــەن ڕابـــوردوو
چەن حاجی پاکدین، چەن گەورە توجـاڕ
چەنـدە ئاسـنگەر، چـەن هـەزار عـەتار
چەندە عاشقان، چەند مەعشووقەی جوان
چەندە ئاغالـەر، ساحیب سفرە و خـوان

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.zobari.org

چـەن گرێـی دڵـی لاوانی خوێنگـەرم
چـەن لەنجـە و لاری کچـانی پڕ شـەرم
چـەن شـاعیری هـۆز، تەبیعـەت ڕەوان
سـاف و بـێ گـرێ وەک ئـاوی سـیروان
چەندە فەیلەسووف، چەند ئـەدیبی چـاک
چەن قەڵـەموەشـێن، نـەترس و بـێ بـاک
یەک یەک لـەلای مـن جـەماتیان جەمـە
قـانع بەڕاسـتی هـەر تۆمـان کەمـە
(زێوەر) و (خاکی)، (بێکەس) و (هوشـیار)
(سالم) و (حەمدوون)، (مەحوی) جەوهـەردار
یا (ساحیبقەران) حەمـدی فەیلەسـووف
لـە نـاو ئـەدیبان مەشـوور و مـەعرووف
(حاجی تۆفیق بەگ)، مامۆسـای کـوردان
پیرەمێـرد مەشـور لـە نـاو هاوفـەردان
فایـەقی (زێـوەر)، دوا کـۆچی یـاران
هـەموو لای مـنن پـۆلی نـاوداران
ئەرخەوانەکـەم، بۆیـە وا سـوورە!
نموونـەی خـوێنی لاوی مـەغرورە
هـەر ساڵـی جارێـک تـارا ئەپۆشـێ
خـوێنی شـەهیدە لـە خـاک ئەجۆشـێ
یانـێ هـا خەڵـکە خوێنمـان ون مەکـەن
بـاوەڕ بـە گـەزاف دڵ دژمـن مەکـەن

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

## لەگەڵ شاری خورماڵ

ئەی شـاری خورمـاڵ دەسـکاری شـاهان
یادگـــاری دەور حیشـــمەتپـــەناهان
خەزینـــەی مێـــژوو بـــۆ کـــوردەواری
نیشـــانەت دیـــارە کـــە کۆنـــە شـــاری
ئـــەم حەوشـــە و حەســـار، ئـــەم دیوارانـــە
ئـــەم بـــورج و قولـــەی ســـەر کۆســـارانە
ئـــەم ڕیـــزی بـــازاڕ زەمانـــەی قـــەدیم
ئـــەم گـــەچکارییـــە، بـــە ســـاغ و ســـەلیم
ئـــەم شـــوورای قـــایم هـــەتا پۆپـــەی شـــاخ
ئـــەم ئاســـاری (زەڵـــم) تەقســـیماتی بـــاخ
ئـــەم ئەشـــکەوتانە کـــە هەڵـــکەندراون
ئێستە چـۆڵوهـۆڵ لـە خێـو جـێ مـاون
دیـارە کـە جێگـەی شـەهریاران بـووی
وامەنـــدەی دەوران ڕۆزگـــاران بـــووی
مـن سـوێنت ئـەدەم بـە قوڵـنگی فـەرهاد
بـە کـوورەی کـاوە، بـە ڕەنجـی قوبـاد

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.zaniyari.org

کێ تۆی بینا کرد؟ کێ تۆی کرد بە شار؟
کـێ لـە گـێتی دا نـاوی نـای خولـمار[1]؟
ئەمـــە چـــەن ساڵـــە کـــە وا وێـــرانی
لـــە مـــن خراپتـــر، زەدەی زەمـــانی
کـام ڕەشـەبای سـەخت جـەوری بێگانـە
خـــاپوری کـــردی، بـــووی بـــە وێرانـــە؟!
کـام هێــزی دوژمــن بـەربادی کـردی؟
کـام پەنجـەی سـتەم لـە نـاوی بـردی؟
کام گێژەڵووکەی چـەرخی چـەپ‌کـردار؟
کـام دەردی دەوران لـە ڕووی ڕۆژگـار؟
کام هێرشی شەڕ؟ کام لەشکری جـەنگ؟
کام هوجـوومی زۆر شـەوی شـەوەزەنگ؟
کام تیر، کام کەوان، کـام گـورزی گـران؟
کام دەس، کام بازوو، کـام سـەر دلێـران؟
قـــوڕی دا بـــە چـــاو کوردەواریـــدا؟!
کوشـــتی لـــە ژێـــری بوردەباریـــدا؟!

وەڵام:

هەژاری مەزڵـووم، مـەجنوونی بـێ‌لـەیل!
لە من خراپتـر دەروون لـە خـەم کـەیل!
کـە لـە (سـیامێو)ە[2] پادشـای کـوردان
(قوبـاد)یی[1] فـەیروز هاتـە ڕووی مەیـدان

١. خورماڵ، خولمار، بە هەر دوو ناوەکە ناو دەبرێ.
٢. دێیەکە کەوتۆتە پشتی بناری شارەزوورەوە، میرنشینی سەرەتای زنجیرەی ئاردەڵانییـەکان بووە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شـارەزووری کـرد بـە مەڵـبەندی خـۆی
خـــەرجی جوانـــڕۆش ئەهاتـــەوە بـــۆی
تـــەختی هـــەورامان هـــەتا ژاوەرۆ
کوێســـتانی لهـــۆن هـــەتا گـــاوەرۆ
ئـــەترافی ســـنە هـــەتا بـــەرانان
سەرشـیوی سـەقز، دەشـتی مـەریوان
ئەمانیـــە تـــەواو هێنایـــە ژێـــردەس
بـوو بـە ئـەمیرێ گـوێی نـەدا بـە کـەس
لـە خوتبـەی جمعـە نـاوی خوێنـدراوە
دەروازەی شـادی بـۆ کـورد کـراوە
لـــە ســـیامێوەوە گوێزایـــەو خولـــمار
بۆ پێتەختی خۆی، چاک کـردی بـە شـار
حەســـارەی کێشـــا بـــە دەوری شـــارا
قـــەلا و قەلاچـــە لـــە ژوور و خـــوارا
بەرزی حەسـارەی شـەش مـەتری تـەواو
بـــە گـــەچ و جـــاڕوو، بـــەردی تاشـــراو
هەر بەین دوو گـوریس[2] قولەیـەک دیـارە
بـــۆ پاراســـتنی چـــواردەوری شـــارە
خێـــزانی پاشـــا لـــە بـــەر ئـــاوی ســـارد
لە چـاوگـەی (زەڵم)ـا ڕایـانئەبـــوارد
ئـەو شـاخ و داخـە و ئـەو کـەژ و کێـوە
کـە ئەڵـێی جێگـای جنۆکـە و دێـوە[3]

---

١. دامەزرێنەری زنجیرەی میرانی ئاردەلانییە.
٢. پێوانەی سەردەمی گێڕانەوەی باسەکەیە بەپێی ئەو سەرچاوەیە کە باسی کردووە.
٣. شاعیر بڕوای بە جنۆکە و دێو نەبووە، بەلام لەبەر کێش و سەروای شیعرەکانی ناوی بردوون.

کتێبخانەی تەبەری www.tabari.org

کردیــان بــە خــانوو، باڵــەخانەی جــوان
نزیــک بــوو تــەلار بگاتــە ئاسمــان
نــازانم وەســتا چــۆن ڕاوەســتاوە
بــەو شــاخە ســافۆ بــەردی دانــاوە
لە دەوری (سورخاب) تا (خانئەحمەد خان)[1]
لــە شــاری زەڵــما بــوون بــە حوکمــڕان
بنچینــەی نــەژاد تایەفــەی بابــان
ئەچنــە ســەر ڕەگــەز بابــا ئــاردەڵان
ئەم دوو تایەفە هەردوو هــەر یــەک بــوون
خــاوەن قەڵــەم و خــاوەنی چــەک بــوون
بــە واتــەی مێــژوو تــەواو کوردوســتان
مڵــکی بابانــە و بابــا ئــاردەڵان

***

---

١. دوو ئەمیری دەرکەوتووی ئاردەڵانییەکان بوون.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# خۆزگەی قانع

(١)

خۆزگە من ڕۆژێ ئەبووم بـە مـەئموور
ئـەهاتن بـۆ لام، نزیـک تـا لـە دوور
ئیشیان پێم ئەبوو، لـە چـاک و خـراپ
ڕامئەکێشـانە پـای حـەق و حیسـاب
ئاخۆ، ناوچاوم لە کـەس گـرژ ئـەکرد؟
دەستی تەماعم بۆ هـیچ کـەس ئـەبرد
یـا ئـەموت ئەمـە هــەژارەی هــۆزە
لــە مــن زیــاتر دڵســۆزی کــۆزە
بـە هـۆی چـوار واوە منـیش پیـاوم
دانیشـتووی کورسـی و خـاوەنی نـاوم
هــەژاری خۆمــە بــا نەیفــەوتێنم
بـە خـوتوخـۆڕایی دڵـی نەشـکێنم
گەر ئیش کەین بۆ یەک گەورە تا بچووک
ئەگەینە هەوار زۆر بە سەهل و سووک

(٢)

خۆزگە من حاجی یان توجـاڕ ئـەبووم
ئاشنای لادێ و خەڵـکی شـار ئـەبووم
کۆتـاڵ و چـایی و شـەکر بـە فـەردە
ئەمفرۆشت بە خەڵک بە هۆقە و یەردە
ئاخۆ هۆقەکەم قورس ئەبوو یـا سـووک؟
تەنەکەی دەخلم، گەورە یـا بچـووک؟
میترم ڕووسووری لای یەزدان ئـەبوو؟
ئایـەرەم تـەواو، یـان نوقسـان ئـەبوو؟

ئەگەر هەژارێ باوەڕی بوو پێم
چیتم پێ ئەدا بە نرخی کڕێم؟!
ئەموت بەوکەمە، کە چوومە ناوی
نەمخلەتانووی چاکم پێداوی؟
قەسەم بەو قوولفەی دەسم پێ گرتووە
مالی هیچکەسم بەفێل نەبردووە؟
یا ئەموت ئەمە هاوخوێنی خۆمە
ئەگەر پینەچی، یا وەکوو دۆمە
هەردوو هاوزمان هەردوو هاودینین
هەردوو زایندەی یەک سەرزەمینین
با نەیخلەتێنم کۆنە بە تازە
قازانجیش خۆشە؛ بەلام ئەندازە

(٣)

ئاخ تەبیب ئەبووم لە خەستەخانە
ئەهاتن بۆ لام خویش و بێگانە
بۆ ورد بوونەوەی نەخۆشی هەژار
قەت وەرئەگرت درهەم و دینار؟
ئەموت بە تادار دەخیل (ئیسقا[1])تە
فریای خۆت کەوە ڕۆژی نەجاتە؟!
یا ئەموت ئەمە بەبێ پارەیە
گیرۆدەی زالم، زۆر بێچارەیە
چاک وایە کە من دەرمانی بکەم
هەتا پێم ئەکرێ هەولی بۆ بدەم

---

١. ئیسقا نەخۆشییەکە. (ن. ب.)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چــوون مــردنی ئــەو، مــردنی منــە
گــورزی تەنگانــەی جــەنگی دوژمنــە
بــە بۆنــەی چــواری وەهــاوە پیــاوم!
ئەگەر ئەونــەبێ، کــەی خــاوەن نــاوم؟

(٤)

خۆزگە من ئاغای خــاوەن دێ ئــەبووم
خاوەن دەسەڵات شوێن و جێ ئەبووم
ئـــاخۆ هـــەژارم ئـــەبردە بێگـــار؟
یـــان ڕۆژنـــەڕۆژێ ئەمکێشـــایە دار؟
ئـــەموت بـــانگی کـــەن ئـــەو توولەبابـــە
ئـــیش و فرمـــانی بـــۆچی خرابـــە؟
پـــارەم وەرئـــەگرت بـــەهۆی ئاغانـــە
کـــاتی ژن هێنـــان ڕەسمـــی ســـوورانە؟
یـــا ئـــەموت ئەمـــە پایـــەی دەوڵـــەتە
خەزینـــەی مـــن و بـــازووی میللەتـــە؟
ئـــەو بنکـــی دارە، مـــن لقـــی دارم
ئەگـــەر ئـــەو ببـــڕن مـــن ســـەرەوخوارم
ئـــەو بـــە هاوینـــا غـــیرەت ئـــەنوێنێ
تـــکتـــک ئـــارەقی ناوچـــاو ئـــەڕژێنێ
نـــان پەیـــدا ئـــەکا بـــۆ دیوەخـــانم
ڕۆن کـــۆ ئەکاتـــەو بـــۆ ســـفرە و خـــوانم
بـــا خۆشـــم بـــوێ، تـــەواوی نەکـــەم
بـــەردی دامـــاوی لـــە ئـــەژنۆم نـــەدەم!

***

## بەهار

هـەوای شـنەی بـای نەسـیم دیـارە
مەعلوومـە وادەی گـوڵ و گوڵـزارە
یـاران دیسـان دەور بادەنۆشـانە
دەنگـی زایەڵـەی ماتـەمپۆشـانە
وادەی شەققەی بەرق ڕەعدی پڕ قینە
تەرزە و تاو و تۆف، ڕووی سـەرزەمینە
یاتاخ پڕدەماخ، نەرگس وە مـەس‌مـەس
سۆسەن هاتەدەر لە جێگـای هـەرەس
گوڵاوان پڕئاو، سەوڵان سەر بـە ئـەوج
شەتاوان یەک‌یەک ئەدەن لە یەک مەوج
گوڵ زەمەق لیباس سووری کردە بـەر
پـۆلی گـوڵاڵان پۆشـی دەشـت و دەر
نـەورۆزە لـە نـۆ، هاتـە دەر لـە خـاک
ڕووی زەوی گوڵ‌گوڵ بە وێنەی ئەفلاک
لاولاو پـێچ ئـەخوا بـە کەبووتـەری
شەوق ئەدا لە بورج بـەرزی ئـەخزەری
بەڕەزا و چنوور، کاوان ئەکـەن فـەرش
عەتری یاسەمەن دای لە قوولەی عەرش
سـوورهەڵاڵ خێـزا لـە پـای بـەفراوان
ڕێحانە سەرمەست لە گـۆی شـەتاوان
بەفر و هەڵـەکۆک کەوتنـە گفـت‌وگـۆ
هەڵەکۆک بە شـەوق، بـەفر ڕەنجـەڕۆ
کۆڵ و پسل و شنگ، هەموو بە دەماخ
هـاڕەی بـەفراوان ئەکنیـەت لـە شـاخ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەڕەسوور شەوگەرد، وەک شەماڵەی نوور
قەتارەی قولنگ سوپای سەلم و تـوور
جەیرانجەم بەستەن، نێچیران سەفسەف
سەیاد دانەوداو ئەگرێ لە ڕووی کـەف
دێوجامە گوڵگوڵ، پارێز بـە پـای ڕێـز
گا چاو لە جەیران، گا لە کەوت و خێز
ئەڵــــلاهوئەکبر پـــەپوو سلـــێمان
زیکــە و زایەڵــەی تــەیرانی کـــاوان
قشقەڕە پڕ شۆر، قاژەڕەش بـێ غـەش
هودهود ساحێب تاج، وێنەی تاجبەخش
قازلاخی بە عەیش، فیسقە بـە شـادی
کەوتوونــە ســـەیران ڕۆژی ئــازادی
کۆتر ئـەخوێنێ بـە دڵـەی خـەمگین[1]
یــاخوا ســەرکەوێ کۆمەڵـی بـێتـین
قەقبەی نێرەکەو، چەهچەهەی بولبول
قاژەی هاژەی بـاڵ تـەڕلانی سـەرچڵ
قـــمقـــم گـــاکۆتر، قیـــژەی قژاکـــە
ئەڵـێی مەعرەکـەی کـاوە و زوحاکـە
هووهووی گاکۆتر، یامنهـوی غـەزاڵ[2]
ماکەو بە عیشوە ڕشـتی مـێل و خـاڵ
زیکەی مشکگرە، فڕەی سەرسـەوزان
شلێپ و کۆی بۆرچین لە دەوری حەوزان

---

١. لە هەندێک دەستنووسدا بەو جۆریە.
٢. نوسخەکەی ترمان نەدۆزیەوە بەراوردی بکەین.

www.rabari.org

گەرمیان سەرگەرم، قـەرەداخ بـێ داخ
گۆیژە فەرەحمەند، کـاژا و پـڕ دەمـاخ

وێنــەی قەڵــبەزە، میرابــان شــەتاو
سیروان جاری بـوو بـە قرمـە و لێشـاو

پشــتی چنــارە پــڕ لــە ســنەوبەر
جنگە لە جەنگ شاد، بەردەڕەش دولبەر

دای لە دەماخم بـۆی گـەردی بـەران
عـەتری خــەلاوە دای لــە ئاسمــان

سەردەرە بێخـەم، تاریـدەر پـڕ گـوڵ
گوڵ بە نەزاکەت نیشت لە بـانی چـڵ

کـانی شــەفەقەت بـە مـەیل و مـراد
سێ‌کێوان لە دەس یـەخبەنـدان ئـازاد

میراجی سەرخۆش، بەردەبووک پڕشەوق
کانیەکەی گوڵبەند، خاوەن‌سەفا و زەوق

چاوگەکەی دۆڵاش وەک خولدی بەرین
تشـــتهی الانفـــس، تلـــذ الاعـــین

زرێبـار پـڕ قـاز، بێسـەران سـەردار
حـەرامی شـەیدا، وێنـەی دەردەدار

گردەڕەش پۆشی گوڵان ڕەنگاوڕەنـگ
بوو بە مەرهەمی زامـی دڵـەی تـەنگ

گـردەڵان هــاژەی ســەیلی دیــارە
هەمووی لە هیممەت سەخای بـەهارە

حـاجی بـایزی بـێ غوسـە و خەتـەر
کەشیدەی گوڵان، پێچـا دەوری سـەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قەلەبەرد بێدەرد هەڵئەدا بەیداخ
کۆنە هەوارگەی یاری پڕدەماخ
ئازیز دیارە مەعلوومی عامە
نۆبەی شادییە و خەفەت تەمامە
یەکێ چاوەڕوان گەلەی فراوان
یەکێ فەرەحمەند، مەزرەعە و خەرمان
یەکێ بە دڵشاد، یەکێ بە خوڕڕەم
یەکێ لە ئەملاک، یەکێ لە حەرەم
یەکێ تجارەت، یەکێ باخەوان
یەکێ جووت و گا، یەکێ ئاشەوان
غەیری من نەبێ حاڵم پەشێوە
بەختم گیرۆدەی تەلیسمی دێوە
لەوحی ئیقباڵم لە نو شۆریاوە
دەروازەی مەینەت بۆ من کریاوە
بەندی تەرازووی زینەتم بڕیا
دایەرەی مەجلیس، یارانم دڕیا
هەورەکەی نەگبەت تەرزەی خەمباری
ئەڕێژێ پەیپەی بە نادیاری
سەدای هەی هانا و هەی دەخیل، هەی ڕۆ
برژەی ئێشی جەرگ زامەکەی پرسۆ
خەم بوو بە شادی، شادی بوو بە خەم
هەڵدا چەتری ڕەش سیاخانەی تەم
هەی من گیرۆدەی بەندی بەلا خۆم
هەی من دوورکەوتەی زێد و ماوا خۆم

هەی من بەش‌براو دەستەی یاران خـۆم

هەی من سیاسـەنگ ڕۆژگـاران خـۆم

هەی من دڵ‌پڕ خەم لێو پڕ لە بار خۆم

هەی من بە قەقنەس، بە ژارەمار خـۆم

ئاوارەی وەتەن، تەنیا و بێکـەس خـۆم

کەوی باڵ‌شکاو، حەپسی قەفەس خـۆم

تـەیری سەرشـێواو، بـەبێ لانـە خـۆم

جێـی تـەوانجی زۆر تیروتانـە خـۆم

کۆنە قەیسەکەی تازە مەجنوون خـۆم

تلاوتل لە دەس چەرخی گەردوون خۆم

فەلەک! وێنـەی مـن زەدەی دڵان بی

فەلـەک! بـەش‌بـڕاو پـۆلی گـوڵان بی

فەلەک! زوخاوی جەرگت نۆشـت بـێ

پارچـەی نەخۆشـین بالاپۆشـت بـێ

فەلەک! وێنەی مـن بـێ وادە پـیر بی

فەلەک! گیرۆدەی حەڵقەی زنجیر بی

فەلەک! وەکوو من گەدا و غـەریب بی

فەلـەک! دائیمـا موحتـاج تـەبیب بی

فەلەک! وەکوو من بێ‌قەوم و خوێش بی

فەلەک! ڕۆژ نەخۆش، بە شەو دەروێش بی

فەلەک! وەک **قانع** بێ‌ئـیش و کـار بی

فەلەک! بەش براو سـەیری بـەهار بی

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org





## ژن مارە بڕینمان

با بێمە سەر باس ژن مارەبڕین
نەک مارەبڕین، بە پارە کڕین

جاران ڕەسم بوو ژن بەخۆڕایی
شەرعەن حەرام بوو پارەی شیربایی

ئیستە خوا دەوام مامۆستا بدا
قیل ئەدۆزێتۆ حەلالی ئەکا

لەسەر شیربایی مارە ئەبەستێ
حەلالی ئەکا و هیچ لێی ناوەستێ

ژنی بێباوک، بەبێ برایە
حەقداری تەنیا یەک ئامۆزایە

کە یەکێ هات و داواکاری بوو
سا بە هەر جۆر بێ خریداری بوو

ئامۆزا ئەڵێ خۆ من حەقدارم
مەسەلەی مەشوور، بەشە بەشدارم

پازدە دینارم ئەوێ شیربایی[1]
خۆ من شێت نەبووم هەر بەخۆڕایی

کچ ئەڵێ بە خوا پارە ناگرم
شوو بەمە ناکەم، چون من چاترم

بەڵێ ئامۆزام ڕاستە حەقدارە
هەر خۆی حیسابە، گەورە و سەردارە

ئەمما بەو شەرتە نەمدا بەم کابرا
ئەوم قبووڵە لەباتی برا

---

١. لە کاتی ڕۆژگاری دانانی ئەم شیعرەدا ١٥ دینار زۆر بووە ١٩٣٥.

ڕابەری دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم پیاوەی ناوی هەرسات لە جێیی
سەرسەری و بێماڵ، هەر تاو لە دێیی
ئەمجارە کابرا کە جواب کرا
پەنا ئەباتە بەر خزم و برا
پارە قەرز ئەکا بە سوود و سەلەم
پازدە دیناری بەبێ زیاد و کەم
وەختێ ئامۆزا پارە ئەبینێ
ڕەحم و ئینسافی لەلا نامێنێ
ئەڵێ مامۆستا، مارەیی ببڕە
با دابمەزرێ ئەم دەڵەشڕە
ئەمجا کچ ئەڵێ بەخوا شوو ناکەم
خۆم ئەخنکێنم، قەت ئیزن نادەم
ئامۆزام حەقی بە سەرمۆ نییە
نانیم نەخواردووە، حەقداری چییە؟
ئامۆزا ئەڵێ بێحەیای ماکەر!
چۆن ئیزن نادەی ڕۆحت دێنمە دەر!
دەس ئەداتە دار پڕی ئەداتێ
ئەیگرن نایەڵن دەستی بیگاتێ
ئەمجا کچ ئەچێ بۆ دراوسێ ماڵ
خۆی ئەشارێتۆ بە سەد هەزار حاڵ
چرا هەڵئەکا ئەیدۆزێتەوە
بە قژ ئەیکێشێ ئەیهێنێتەوە
خەنجەر دەردێنێ، فیشەک تێئەخا
بە لوولە تفەنگ جارجار لێی ئەدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


بە زەجـر و بـە داخ، بـە خەنجـەر لێـدان
ئەیکێشـــێ هـــەتا دێنێتیـــە مەیـــدان
ئەڵـــێ: مامۆســـتا خێـــرا کـــە دێـــرە
مـــن ئیشـــم زۆرە، نـــامێنم لێـــرە
کــچ هــاوار ئــەکا، ئەڵــێ کــاک مــەلا
پــەنام پــێ‌هانیــت ئــەی مــەردی خــوا
مەیەڵـــە بمـــدا بـــەم کـــابرا کـــەرە
لـــە عـــەقڵ و زانـــین زۆر بـــێ‌خەبـــەرە
مـــەلا دێتـــە جـــواب: دادە زۆر چاکـــە
پیـــاوێکی کاســـب، زۆر نیـــەت‌پاکـــە
تمـــەس مامۆســـتا زۆر بەکولـــە بـــۆی
پەلەپەلیـــەتی بـــۆ حەقەکـــەی خـــۆی[1]
کچـــی بێچـــارە دێتـــە گفـــت‌وگـــۆ
ئەڵـێ هـەی‌هـاوار، هـەی‌هانـا، هـەی‌ڕۆ
نەمکردووە و نایکەم ئەگـەر لـەتلـەت بم
یـاخۆ بـاڵ‌بەسـتەی گـوریس و پـەت بم
ئـــامۆزا دیســـان مشـــت ڕائەکێشـــێ
لـە کـەس ناترسـێ، هـیچ نـای‌ئەندێشـێ
فیشـــەک گولـــەکۆڵ[2] ئەنێتـــە تفـــەنگ
مشتی بۆ ئەگرێ، بـێ‌سـەدا و بـێ‌دەنـگ
ژن ئـــەقیژێنێ ئەڵـــێ: هـــەی مـــەلا
فریـــام بکـــەوە بـــۆ خـــاتر ئەڵـــلا

---

١. حەقی مامۆستا مارەبڕانەکەیە.
٢. جۆرە گوللەیەکی کاریگەرە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

مــارەم ببــڕی منــەت بــە گیــانم
زۆر زۆر مــەمنوونم بەنــدە فــەرمانم
مــارەی ئەبــڕێ ئــەمجا مامۆســتا
بــێئیجــازەی شــەرع، بــێ ئیـزنی خــوا
مەلا! دەک کوێر بی بـۆ زەهـد و وەرعـت
دەک پشتت شکێ بـۆ ئیجـرای شـەرعت
کـەی بـاوک و بـاپیر هــەروا زووبـەزوو
دروســتە بــە زۆر کــچ بـدەن بـە شـوو؟
ئەمە کەی دینـە و کـام ئیمـام فـەرمووی
پووکاوڵت بێ، خـۆ تـۆ ڕیـش چـەرمووی
زۆر تــەماعکار بی، ســێڕوپیــە ئەبــەی
بــۆ پارەیــێ کــەم بــۆچی وا ئەکــەی؟
ئــەوا ئــامۆزا وەحشــیـە و کــەرە
مــەلا دانیشــتووی جێــی پێغەمبــەرە
میللەت تـا بـە کـەی جـەهل و نـەفامن؟
میللـەت تـا بـە کـەی شـێت و عـەوامن؟
میللەت! هەموو کەس گەییە جێی مـەردی
ئـەی تـۆ کـێ ئـاوا لـە ڕێگـەی بـردی؟
میللــەت! قــانعی خوشــکی نــەماوە
خـەمی تـۆ ئـەخوا ئـەم بەنـد و بـاوە...

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



## یەک دواندن

ئەی کوڕ نەوەی کێی؟ — نەوەی شێرانم
تۆ لە کام هۆزی؟ — هۆزی کوردانم
بۆ ڕەنگت زەردە؟ — دەردم گرانە
دەردەکەت چییە؟ — کزیی کوردانە
جا بۆچی کزن؟ — چونکە جێ‌ماوین
جێ‌مانێکی چۆن؟ — تەواو فەوتاوین
نەخۆشینەکەت؟ — جەهل و نیفاقە
دەرمانی دەردت؟ — هەر ئیتییفاقە
پشت و کۆمەکت؟ — عیلم و زانینە
قەلا و قەلاچەت؟ — سیدق و یەقینە
سێبەری سەرت؟ — دیواری مەکتەب
تۆشووی غەریبیت؟ — ئەخلاق و ئەدەب
چی فەرزە بۆ تۆ؟ — خزمەتی هۆزم
گیانت بۆ چییە؟ — بۆ فیدای کۆزم
سەرت بۆ چییە؟ — بۆ گۆگۆی مەیدان
چاوت بۆ چییە؟ — بۆ سەیری کوردان

***

کتێبخانەی ڕۆژهەڵاتی www.rubarr.org

## لەگەڵ گەنم

**قانع:**

گەنم تۆو دینت! تۆ لە کام گیایت
ئەمە چەن قەرنە خەلکی سەر دنیایت؟
ڕاستم پێبێژە تۆ بۆچی چاکی؟
لە ناو دەغلانا تۆ بۆچی تاکی؟
کێ تۆ سەوز ئەکا؟ کێ تۆ ئەچێنێ؟
کێ لەگەڵ تۆدا ئارەق ئەڕژێنێ؟
کێ شێفت ئەبڕێ؟ کێ ئەتکا بە وەرد؟
کێ ئاوت ئەدا بە هەناسەی سەرد؟
کێ ئەتکاتە چاڵ؟ کێ ئەتکا بە نان؟
کێ هەڵتئەگرێ، بۆ نرخی گران؟
ڕاستم پێ بێژە کۆنەی کۆنەساڵ!
هەتاکوو ئێستە، کێت کردووە بە ماڵ؟

**گەنم:**

**قانع!** من گەنم پاشای نیعمەتم
بە واتای خەلقی، خەلکی جەننەتم
هەر منم کە هۆی ژینی ئینسانم
هەر من ڕەونەقی گەل و نیشتمانم
واسیتەی ئاشتی بووک و زاواییم
زینەتی تاج و تەختی پاشاییم
هەر بۆ من ئەولاد لە باوک تۆرا
هەر بۆ من برا ئەکوژێ برا
ڕووسووری مەجلیس یاران هەر منم
دەبدەبەی ئاغا و خانان هەر منم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بـۆ مـن هـەزاران ڕوو ئەکەنـە چـۆڵ
ئەسـووڕێنەوە هەمانـە بـە کـۆڵ
بـەڵام ئـەی **قـانع**، دەردم نیهانـە
دەردی دەروونم یـەکجار گرانـە
لە هـەوەڵ پـاییز، پیـاوی کـڵاش‌شـڕ
سەرسـام و لێـوە و شـێت و گێـژ و وڕ
کڵاشـەچەکێ ئەخاتـە سـەر، پـێ
لاشـە بـێ‌کـراس، بـێ‌کـەوا و دەرپـێ
بە زکی برسـی، بـە سـەرمای زسـتان
ئەمگرێتـە کـۆڵ، ڕوو لـە بیابـان
ڕۆژی ڕەشـەبا غـیرەت ئـەنوێنێ
بـە دەسـتی تـەزیو، تـۆوم ئـەچێنێ
جووتـێ گـاجووتی بەسـەزمان و لـەڕ
لەبـەر بارانـا سـەر و گـوێلاک تـەڕ
وێـژە[١] باڵـێ پـەت، نـەقیزە[٢] شـکاو
جلـەگا گۆنیـە، توو‌بـەرە[٣] دڕاو
هـەر لـە بـەیانی هـەتا ئێـوارە
ئـارامی نییـە فـەلای بێچـارە
کاتـێ سـەوز بـووم، نـۆرەی بـژارە
فـەلای قوڕبەسـەر، چـاری ناچـارە
خـۆی و کـوڕ و کـچ خـەریک بـژارن
بـۆ بژارکـردن زۆر بـێ‌قـەرارن

١. کەرەسە و پێتاڵی جووت کردنە بە گاجووت.
٢. کەرەسە و پێتاڵی جووت کردنە بە گاجووت.
٣. کەرەسە و پێتاڵی جووت کردنە بە گاجووت.

www.rabaz.org

کـە کەوتمـە بـەهار، نـۆرەی ئاودانـە
ئەگـەر تینـووم بـێ، ماڵـی ویرانـە
بـە چنـگ و نـاخوون ئـاوم بـۆ دێنـێ
شـەو تـا بـەیانی بـێل ئەوەشـێنێ
ئاخرمانـگ بـەهار، وەختـێ درەوە
فـەلای بـەشخـوراو لـە تەقلـەدەوە
درەوم ئـەکا بـە داسـێکی کـول
تـکتـک ئـارەقی ئـەتکێ لـە مـل
سـا درک دەسـی، سـا ئـارەق چـاوی
سـا گـەرما ببـڕە جـەرگ و هـەناوی
نیـوەڕۆ کاتـێ نـانی بـۆ دێـنن
بە نانی جۆی وشک باش ئـەیخنکێنن
لـە درەو نـەجات، نـۆرەی خەرمانـە
گـاگێرە بێـنن، کلـۆش کوتانـە
سـا بـە هـەر ئـەحواڵ گێـرە تـەواوە
ئـەمجا دەنـگوبـاس ئاغـا لـە نـاوە
خزمـەتکار ئاغا پێـی ئەڵـێن سـەرکار
دەمانچە لە پشت، خەنجەر جەوهـەردار
سواری ئەسپ ئەبێ، ئۆغر بۆ خـەرمان
فـەلاش پەلەپـەل دروسـت ئـەکا نـان
ئافرەت ئاو بێنە، ئاو و دۆی زۆر چـاک
ڕۆڵـە چـا تێکـە بـە دەسـتێکی پـاک
ڕاکـەن مریشـکێ بکـڕن بـە پـارە
بیـدەن لـە زمـە بـۆ ئـەم سـەرکارە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵکوو ناوچاوی تاڵ نەکا لێمان
جنێوی ناحەق هیچ نەدا پێمان
سەرکار ئەنواڕێ بۆ جەزی[1] خەرمان
دێتە گفتوگۆ، بەڵام جنێودان:
کوانێ گەنمەکە؟ بۆچی وا کەمە؟
مەعلووم دزیوتە، خاترم جەمە!
فەلای قوڕبەسەر دێتە گفتوگۆ:
بە سەری ئاغا، بە ناو چاوی تۆ
لە عومری خۆما گەنمم نەدزیوە
هیچ کەسێ بە دز منی نەدیوە!
سەرکار ئەزانێ سا بە هەر جۆرێ
مەسلەحەت وایە فەلا بتۆرێ
هەڵئەسێتە پێ بە لوولە تفەنگ
لەگەڵ فەلادا باش ئەیکا بە جەنگ
فەلای قوڕبەسەر نایەتە زمان
ئەتۆرێ و ئەڕوا جێ دێڵێ خەرمان
سەرکار ئەماڵێ و ئەمکاتە خەروار
لە ماڵی ئاغا ئەمکەنە هەمار
فەلاش لە پاش من ئەچێ بۆ سوال
ئەسووڕێتەوە لەم ماڵ بۆ ئەو ماڵ
من پەیدا ئەکا بە سواڵی ماڵان
ئەمچێنێتۆ خاکِ، بە وێنەی ساڵان

***

١. نیشانەکردنی خەرمانەکەیە.

www.rabati.org

## هاواری دایک

خوشـکی خۆشەویسـت، یـارانی دڵسـۆز!
دایکـــی کـــوڕانی لاوی جگەرســـۆز!
بنـواڕن بـــۆ ئاهــ دەروونـــی تەنــگمان
بنـــواڕن بـــۆ بـــار زمـــانی لـــەنگمان
بنـواڕن بـۆ ڕەنـج بـە بـاچووی خۆمـان
بـۆ شـین و زاری، هـاتوچـووی خۆمـان
ئێمـــە نـــۆ مانـــگ و نـــۆ ڕۆژ ئەکێشـــین
بە سەد ناڵە و دەرد بـە سـەد نەخۆشـین
کـوڕ پەیـدا ئەکـەین بـە هـەزار کێشـە
بـــەو ناڵەناڵـــە و بـــەو دەرد و ئێشـــە
کاتێ نەخۆش کەوت نوشتەی لای شێخان
یـــان خەســـتەخانە بـــۆ داو و دەرمـــان
هاشـــاوڵ بـــۆ لای دراوســـێ بـــردن
شـــەو و ڕۆژ گریـــان لـــە ترســـی مـــردن
هـــەتا منداڵـــە پـــەڕۆگوو شـــۆرین
بێشـــکە ڕاژەنـــدن لـــە کـــاتی گـــرین
بـــە ڕۆژ لـــە بـــاوەش، شـــەو لایەلایـــە
بەڵـکوو گـەورە بێـت، بـۆت بێتـە کایـە
کاتێ بوو بە کوڕ بیبـەن بـۆ ڕووی جـەنگ
بیکـەن بـە نیشـان بـۆ شـێلگی تفـەنگ
گوللـە تـۆپ بـدا لـە پـەڕەی دڵـی
کام دڵ؟ ئەو دڵەی وەک پـەڕەی گوڵـی!

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەتەلـــەت جـــەرگی لـــە دەم بێتـــە دەر
بـــە دەم نێـــزەوە یـــا نـــووکی خەنجـــەر
چـــاوی نـــازاری پـــڕ بـــێ لـــە خوێنـــاو
باڵـــەتەپێ کـــا وەک کـــەوی کـــوژراو
هـــاوار هـــەی دایـــە! هـــەی بابـــە ئامـــان!
فریـــام بکـــەون دەســـم بـــە دامـــان!
لـــە تـــاو گیـــان کەنشـــت دەم داچـــەقێنێ
لـــە گۆنـــای زەردی جوانـــاو بـــڕژێنێ
بـــەبێ چـــۆڕێ ئـــاو، بـــەبێ خـــەمخواری
ئـــەوە کـــەی دینـــە بـــەردتان لێبـــاری؟!
نامـــەوێ کـــوڕم چـــاو بکـــا لـــە کـــەس
خەڵـــقم بـــۆ بگـــرێ و بیکـــا بـــە ژێـــردەس
نامـــەوێ دنیـــام بـــۆ بکـــا بـــە بـــازاڕ
شـــتی تیـــا فرۆشـــم، بـــبم بـــە توجـــاڕ
نامـــەوێ کـــوڕم بـــۆ بکـــەن بـــە پـــەن
فێـــری کوشـــتاری نـــاو فڕۆکـــەی کـــەن!
فـــەقیر و هـــەژار بۆمباردمـــان کـــا
یـــاخود پیـــادە بـــێ و خەڵـــکی تـــاڵان کـــا
نامـــەوێ نێـــزە بەســـێتە پشـــتی
یـــان ئۆتۆماتیـــک[1] بگرێتـــە مشـــتی
کـــوڕ بۆیـــە چاکـــە غـــیرەت بنوێنـــێ
نـــان دایکـــەپیری خـــۆی بـــە دەس بێنـــێ

---

١. مەبەست لە چەکی ئۆتۆماتیکیانەیە.

کتێبخانەی ئەلیکترۆنی www.mabari.org

نەیەڵــێ بــاوکی کــز و بــێ‌دەس بــێ
نەیەڵــێ بــرای چــاوی لــە کــەس بــێ
بــە لــووتی گاســن، بــە هێــزی دەمــار
زەوی هەڵــدڕێ هــەر ئــەوەڵ بــەهار
نــانی خێــزانی خــۆی بــە دەس‌بێنــێ
بــە قرچــەی هــاوین ئــارەق بــڕژێنێ
هەی داد، هەی بێداد، ئەی ئەهلی ویژدان
ئەمــە کــام دینــە و، ئەمــە کــام ئیمــان؟
من کوڕ بــەخێو کــەم بــە دڵــێکی تــەنگ
بــە زۆر ڕایکێشــن بــۆ مەیــدانی جــەنگ!
بــۆ ســوودی مــەردوم ســەری ببــڕن
بــە نــووکی نێــزە زکــی هەڵــدڕن
بیکــەن بــە قوربــان، بــۆ کۆشــک و تــەلار
بیکــەن بــە فیــدای ســنووقی دۆلار
ئەی دایکی کوڕان، ئەی جنســی لــەتیف!
ئــەی شــۆخەژنان ســەرتاپا زەریــف!
غــیرەت و نــامووس بەرمــەدەن لــە دەس
کوڕ مەدەن بە کوشت بۆ قــازانجی کــەس
پڕ بە دەم خۆتان هاوار کەن یەک دەنــگ
بڵــێن کــوڕ خۆمــان نــانێرین بــۆ جــەنگ
ئیتــر هــەر بــژی ئاســایش‌خواهــان
بــژی ئاســایش لــە هــەموو جیهــان

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


## قانع و گۆڕی موفتی پێنجوێنی

قانع:

ئـەی بـرای شـیرین یـاری هاوفـەردم
کلێشـەی وێنـەی ڕەنگەکـەی زەردم
هـاوڕێی منالـی قوتابخانەکـەم
هـاوڕێی چـۆڵ گـەردی بیابانەکـەم
هـاوڕێی سـارای مـەیل مەریوانەکـەم
هـاوڕێی هـاتوچـۆی گەرمیانەکـەم
هـاودەردی دەروون، هاوخەیالـەکەم
هـاوڕازی پـەنهان، هاوئەحوالـەکەم
هـاوبیر، هاوگریـان، هاوشـین، هـاوزاری
هـاوئێش، هـاوبرین، هاوبـێ‌قـەراری
من و تـۆ هـەردوو قوربـانی خـاک بـووین
بـۆ جێمـاوی هـۆز دیـدە نمنـاک بـووین
من و تـۆ هـەردوو بولبـولی گـوڵ بـووین
یەک لە یەک بەدتر گیرۆدەی چڵ بـووین
مـن و تـۆ هـەردوو ئـاوارەی دەرد بـووین
مـن و تـۆ هـەردوو هەناسەسـەرد بـووین
چـەن تـیری تانـەی وەتـەن‌فرۆشـان
چـەن تـوانجی سـارد بێگانـە و خوێشـان
چەن کزەی جگەر، چەن قرچەی دەروون
چـەن ئـاهی شـەوان بـە زار و زەبـوون!
چـەن شـەوی پـاییز، تـا ڕۆژ دوو بـە دوو
چەن هەوڵی بێ‌سوود، چەندە هـاتوچـوو
بـۆ بـەجێت هێشـتم ڕوونـاکی دڵـم؟
دیلـی گـیراوی زینـدانی گڵـم

مفتی:

بــه دەنگــی نــەرم کــە هاتــە زمــان
وتــی ئــەی هاوفــەرد، وێڵــی بیابــان
ئــاخر چــۆن نــەمرم بـەم ئـاخودەردە؟
بـەم لێـوە وشـکە، بـەم ڕەنگـە زەردە؟
بــەم ناهەقانــەی بــە چــاو ئــەبینم؟
گـورگ سـەر ئەکاتـە لاشـەی بـێتینـم!
ئــــەبینم هــــۆزم تـــەواو جێمـــاوە
لەبـــەر نـــەزانین تـــەواو فـــەوتاوە
ئـــەبینم ســـوودی نیشـــتمانەکەم
دەسمایـــەی لاوی نەوجوانەکـــەم
بــە هــیچ کلۆجــێ ســۆراخی نییــە
نــازانم **قــانع**، ئــەم ســیحرە چییــە!
ئــەبینم هـــەتیو ناوشـــان داچـــەکاو
پـێ بـە پێخـاوس، برسـی و لـێقـەوماو
بێــوەژن بێهــۆش، لــە کــۆڵان کــەوتوو
پـیرە پیـاو بـێجـل، لـە سـەرما خـەوتوو
ئــــەبینم لادێ نەخوێنـــــــدەوارن
بـــە زکـــی برســـی کۆڵکێشـــی دارن
جـــەنابی یاشـــێخ چـــاو دائەپۆشـــێ
خـــوێنی هـــەزاران نـــەفام ئەنۆشـــێ
یـەک بـە پزیشـکی، یـەک بـە ئاغـایی
یەک بە ڕاو و ڕووت، یـەک بـە کوێخـایی
یـــەکێ ســـۆفیە و یـــەکێ دەروێشـــە
یـەکێ نوشـتەنووس، یـەکێ هووکێشـە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەی خۆزگەت بە خۆم، بە سەدهەزار جۆر
کــە نــەجاتم بــوو لــە ئــێش و ناســۆر
هەی خۆزگەت بە خـۆم، کـە نـەما ژینـم
ئیتــر نەجمەکــەی ناوچــاو نــابینم
هەی خۆزگەت بـە خـۆم، فەڕاشـی مـدیر
ئیشــم پێــی نییــە و لــێم نابــێ زویــر
هەی خۆزگەت بە خۆم، شاد و مەسـروورم
لــە ئیســتیهلاک و لــە گــومرگ دوورم
هەی خۆزگەت بە خۆم، چەندە سەربەرزم
ئیتــر لــە دەرگــای تەجنیــد نالــەرزم
هەی خۆزگەت بە خۆم جگەر وەک کـەباب
ئیتــر ئیتریبــات پــێم نالــێ ســەگباب!
هەی خۆزگەت بـە خـۆم کـە نـاوم نابـەن
لــە مزگــەوتانا غەیبــەتم ناکــەن...
چاک نـەجاتم بـوو، هـەتا نـەفخی سـوور
کـا و جـۆ نایـەنم بـۆ ئەسـپی مـەئموور
ئەگەر ئەتەوێ تـۆش خـۆت ڕزگـار کـەی
لــە دەس ئەمانــە تــەواو فــیرار کــەی
هەڵســە بێــرە نـاو گـۆڕی تـار و تـەنگ
بە جووت دانیشین بێسـەدا و بـێدەنـگ
ئیتــر بــرا گیــان ئــەم کوردســـتانە
زینــــدانی دەسَــــتەی ئێمەومانانــــە
بـە خـوات ئەسـپێرم دەروون پـڕ لـە زام
وا چــاوەڕێتم؛ زوو کــە، بــێ بــۆ لام

***

## وەسیەت بۆ وریا

وریـــا ســـەد ئامـــان دایم وریـــا بـــە
بــۆ هــەموو کەســێ چەشــنی بــرا بــە
نــە شــێخ، نــە ســۆفی، نــە مامۆســتا بــە[1]
ئـــارەق بـــڕێژە و ڕوو لـــە هیـــوا بـــە

***

ڕۆڵە! هەر کەسێ نـانی خەڵـکی خـوارد
وەکیلـی سواڵـی بـۆ سـەر خەڵـقی نـارد
بـۆ ڕۆن، بـۆ شـەکر، بـۆ پـارە، بـۆ ئـارد
یـــاخوا بمێنـــێ بـــە هەناســـەی ســـارد!

***

چـــەن خۆشـــە کـــوڕم ئـــارەق بـــڕژێنی
لـــە دەشـــت و دەرا غـــیرەت بنـــوێنی
نـــانی ســـەپانی خـــۆت بـــەدەس بـــێنی
ڕیشـــەی تەمبەڵـــی لـــە بـــن دەربـــێنی

***

چـــاکی و پیـــاوەتی بەرمـــەدە لـــە دەس
بۆ هاشە و هووشە گوێ مـەدە بـە کـەس

---

١. مەبەست لە هەندێک کۆلکەمەلایە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەنیــە تـۆ کـەو بی و ئـەم دنیـا قەفـەس
بــڕۆ هــەرلایێ کــە ئـارەزووت هــەس

***

ڕۆڵـــە پیـــاوێکی، تـــەواو پیـــاو بیـــت
لـــەناو مێـــژوودا خـــاوەنی نـــاو بیـــت
بـۆ گـەل و هـۆزت دەروون‌سـووتاو بیـت
نـەک وەکـوو یـارۆ[1] شـێتی دراو بیـت

***

نە بـەرتیل‌خـۆر بـە! نـە دوعـانووس بـە!
نـە نۆکـەر ئاغـا بـۆ نانـەخووس بـە!
نە شێتی کچان، نە شـەیدای لـووس بـە!
دوژمن بە گیانی دەستەی جاسووس بـە!

***

ڕۆڵـــە بـــە دایم ڕووکـــەرە خـــوا[2]
هـەرچی گـا کـێلای، نابـێ گـا بیخـوا
نیـوەی دەس‌ڕەنجـت، هـەر بۆ بـێ‌نـەوا
خـۆت ڕیسـوا مەکـە بـۆ کـراس و کـەوا

***

هێنـــدە بخوێنـــە کـــە خوێنـــدەوار بی
لـــەناو کۆمەڵـــدا زرنـــگ و هوشـــیار بی
بـــە نـــاوی چاکـــە، تـــۆزێ دیـــار بی
چ لـــە لادێ بی یـــاخۆ لـــە شـــار بی

***

١. زاتێکی پارەخۆشەویست بوو.
٢. مەبەست ڕاستگۆییە.

www.rabari.org

ڕۆڵـــه هــەر کاتـــێ کــەوا مـــن مــردم
لـــەناو گۆڕخانـــە تەســـلیمت کـــردم
مەڕوانــە بــۆ ئـــەو ڕەنجــە مــن بــردم
مەڵــێ مــن تــورکم، وەکــوو تــۆ کــوردم

***

ڕۆڵــە ســەد دەخیــل مــەلایی مەکــە
ئیشــی چاوشــۆڕی و ڕیســوایی مەکــە
درۆ و دەلەســـەی خـــۆڕایی مەکـــە
خــۆت بــە مــەحکوومی ئــاوایی مەکــە

***

ڕۆڵــە هــەر کەســێ کــە هوشــیار نــەبێ
بــۆ گــەل و هــۆزی خزمــەتکار نــەبێ
ئەگــەر بــرات بــێ، لــە لات یــار نــەبێ
دڵـــت بـــۆ ئێشـــی برینـــدار نـــەبێ

***

ڕۆڵـــە نۆکـــەری بـــۆ ئاغـــا مەکـــە
کــڕنووش بــۆ خــانم، بــۆ کوێخــا مەکــە
لــە شــێخ و ســۆفی مەرحــەبا مەکــە
بــە درۆ و چــاوڕاو، نــان پەیــدا مەکــە!

***

ڕۆڵـــە تـــەماعکار مـــەگرە بـــە بـــرا
خـــۆت بســـووتێنە و ببـــە بـــە چـــرا
بــۆ ســوودی هــۆزت دەس کــە بــە هــەرا
درۆ و دەلەســـەی ناپیـــاو دەرخـــرا

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆڵــــە عیســـــایی یـــاخۆ مووســـــایی
مـــــەچۆ بــــەگژیا هــــەر بــــەخۆڕایی
هـــــەتا ئـــــەتوانی بـــــە دڵنــــەوایی
بیهێنــــە ســــەرڕێ، ڕێگــــەی بــــرایی

***

چــون ڕۆژێ ئــەبێ کــە بــە کــارت بــێ
بــۆ بــاری شــانت کــە خــەمخوارت بــێ
لــە خــەم خواردنــا ئــەویش یــارت بــێ
وەک بــرای پشــتی هــەر هوشــیارت بــێ

***

ڕۆڵــــە مــــن دایم نــــامێنم بــــۆ تــــۆ
هۆشــت بــە خــۆ بــێ، نــەبی ڕەنجــەڕۆ
بــە هۆشــەی زۆردار مەبــە دەســخەڕۆ
لەســەر خــوو و ڕەوشــت پیاوانــە بــڕۆ

***

ڕۆڵــە مــن زەمــان یارمــەتی نــەدام
هــەلێ هەڵــنەکەوت بگــەم بــە مــەرام
دایم گــەردن‌کــەچ، کڕنووشــی ســەلام
لارەمــل بــەردەم ئاغــا و مــام کوێخــام!

***

www.rabari.org

## کۆتری ئاشتی

ئەی کۆتری ئاشتی، ئەی نووری چاوم
تەسکینی ئێشی جەرگی قرچاوم
بێرە گەردولوول، باڵ ڕاوەشێنە
بە ڕووی گێتیدا ئاشتی بنوێنە
چون ئێمە لە جەنگ تەواو بێزارین
لەبەر هەژاری یەکجار بیمارین
ئێمە هەوڵ ئەدەین بۆ ئاو و بۆ نان
ناشترسین لە جەنگ، یان لە ڕووی مەیدان
ئەی کۆتری ئاشتی، ئەی هۆی ئاسایش!
بە خۆت ئەکەوێ جلوە و نومایش
شەقەی شاباڵت با کەڕ کا دوژمن
بخە ئاسایش هەزار وەکوو من

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

## دڵداری لادێ

دڵــــداری لادێ ســـەیرێ جوانـــە
بـۆت بـەیان ئەکـەم زۆر چـاک بزانـە
کاتێ کوڕ و کچ تەمەن شـەش ساڵـن
یـەک بـۆ یـەکتری دراوســێ ماڵـــن
بە جووت ئەگەڕێن لە دەشت و سەحرا
بێ دایک و باوک، بـێ خوشـک و بـرا
یـــا چێچـــەقولێ، یـــاخۆ چاوشـــارکێ
گـــۆرانی وتـــن یـــاخۆ هەڵـــپەڕکێ
یـــا ماڵـــەکۆچێ یـــاخۆ گیاکەنـــدن
بۆ باوک و بـرا نـان بـۆ دەشـت بـردن
لـە ڕێـدا ترسـی مەشـکەدۆ ڕشـتن
تـــاوێ ڕاکـــردن، تـــاوێ دانیشـــتن
هـەتا ئەگەنـە سـەر گێـرە و خـەرمان
ئەچنـە ناوەڕاسـت کـۆڕی دەشـتەوان
نانیان دائـەنێن بـە جـووت دووبـەدوو
ئەگەڕێنـــەوە هـــەروا زووبـــەزوو
کاتـــێ دێنـــەوە بـــە گاڵـــتەکردن
هاشـاوڵ بـۆ گـوێی یـەکتری بـردن
کـە ئەگـەن بـە ئـاو، شـەڕە ئـاوپرژێن
تـاوێ پێکـەنین، تـاوێ شـەڕەجوێن
ئەم چەپۆکێ لەو، ئـەو چـەپۆکێ لـەم
ئەدەن لـە یـەکتر بـەبێ زیـاد و کـەم
کە ئەگەنۆ ماڵ هەریەک مـاڵ خۆیـان
دایکیـان خێـرا نـان دێنـێ بۆیـان

www.rabari.org

هـــەتا تەمـــەنیان دە، دوازدە ساڵـــە
پێکـــەوە ئـــەبن ئـــەو دوو منداڵـــە
ئـەمجا کـچ تـۆزێ تـووک ئـەوەرێنێ
دەموچـاو ئەشـوا و عیشـوە ئـەنوێنێ
لە مووروو سەوز، لە شین و لە سوور
لەرزانــە ئــەکا بــەرق بــدا لــە دوور
پێچکەی کەلانە یـا قۆشـەی عەجـەم
ئـاوێزان ئــەکا لــە زۆر و لــە کــەم
بۆ کیسەی سەرسنگ سمل و ڕێحانـە
تا بۆنی خـۆش بـێ ئـەو کچـە جوانـە
کلاشـی پـەڕۆ بـە بـەنڕەش چنـراو
کولەنجە چـیتی سـوور کـۆن و داڕزاو
قەلا قۆچکەکەی بستێ جاوی سـوور
کـەچی ڕوومـەتی بـە چەشـنی بلـوور
سـونکە سـابوونێ لـەل لـەتێ شـانە
لـــەتێ ئاوێنـــە لـــە گیرفانیانـــە
کوڕیش بسـتێ خـام فەقیانـەی ملـی
کـەواکۆن بـاوکی بـۆ بـەرگ و جلـی
نیوگەز چیتی سوور هەڵئەدڕێ سێجار
ئەیداتـە سـەریەک درێـژ وەکـوو مـار
چەپالـێ ڕەشـتی، مێـزەرەی سـەری
چـەپکێ گـوڵ ئـەدا لەبـەر کەمـەری
بسـتە خامەکـە ئەخاتـە سـەر شـان
دێت بۆ چاوبڕکێ، گوێبانە و گوێبـان
ئـەگا بـە کچـە لـە ڕێـی کـانی و ئـاو
مەرحــەبا گیانــە! مەرحــەبا ســەرچاو

ئەڵێت بە کچە خۆزگەم بە جاران
هەر پێکەوە بووین شەوسوو و ئێواران
بە پێکەنینۆ کچ دێتە وتار
چاوبڕکێ ئەکا لەگەڵیا جارجار
تاوێ ئیشارە، تاوێ پێکەنین
کچ لە ترسانا بۆ باوک نوارین
کوڕ ئەڵێ بە کچ، وایە نیازم
گەر بۆم ڕێکەوێ هەر تۆ ئەخوازم
حەزت لێ ئەکەم، سووچی خۆم نییە
دڵ لەسەر تۆیە، دەسەڵات چییە؟
کچ ئەڵێ بە کوڕ لاچۆ درۆزن
کەم گاڵتەم پێ بکە، پەن مەدە بە من
کوڕ کە ئەزانێ وا کچ حەز ئەکا
بە پێکەنینۆ سوێندی بۆ ئەخوا
وەو سەی سادقە[1]، وەو میری سوورە
دڵم هەر بۆ تۆ چەشنی تەنوورە
وە برایم سەمین ها لە گەرمیان
وە کابلەسوورەی ماڵ لە مەریوان
وە نەبی یونس، وە هۆمەرمەنان
دەست نابڕم سەولی خەرامان
بە ڕاستی ئەڵێم گاڵتەت پێ ناکەم
داوای هەرچی کەن زوو بەزوو ئەیدەم
بەڵام پەریخان، هیچ کەست نەمرێ
دەمەکەت بێنە ماچێکم بەرێ

---

١. ئەمانە مەرقەد و جێنەنزرگەن کە لە ڕابووردوودا سوێندیان پێ خواردوون.

www.rabari.org

پەری‌خان:

بێ‌فەڕ ئەو بالا و ئەو قول‌وقاچە
وەم ڕۆژە ڕوونە کەی وەختی ماچە؟
عالەم دیارە، ئابڕوومان ئەبەن
لە ئاواییدا ئەمانکەن وە پەن

شەریف:

ئەمجا کوڕ ئەڵێ گیانی شیرینم
بە وەڵلا بۆ تۆ، دڵ ئاگرینم
ئەمشەو وادەمان کەلاوەی لامال
بگەین بە یەکتر، سا بە هەر ئەحوال

پەری‌خان:

هەتیو ئەترسم دایکم بزانێ
تێر و پڕ لێمدا هەتا ئەتوانێ
کاکەم بزانێ، لەت‌لەتم ئەکا
باوکم خراپتر لە ناوم ئەبا

شەریف:

کچێ مەترسە، دنیا تاریکە
هاتمە کەلاوە بۆت ئەکەم فیکە
کە فیکەکەت بیست هەڵسە بێ بۆ لام
ئیتر خواحافیز وا من بەتەمام
لەویا جیا ئەبنۆ، ئەچنۆ ماڵ خۆیان
بەر و بەرئاوسێ ئەڕوانن بۆیان
ئەمجا ئەم کوڕە زۆر بێ‌قەرارە
هەر چاوەڕێیە لە بۆ ئێوارە
کاتێ کە شەو هات دنیا بوو تاریک
کوڕ لە کەلاوە ئەکا فیکە فیک

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کچ کە گوێی لێبوو، خێرا هەڵئەواسێ
هــەتا کــەلاوە هــیچ ڕاناوەســـتێ
کوڕ ئەڵـێ هـاتی؟ نـووری چاوەکـەم!
ئـــارامی دڵـــی لێقەوماوەکـــەم!
کە ئەگەن بە یەک دەس لە مل کردن
دەم بـۆ ڕوومــەتی یــەکتری بــردن
دەستێ لەسەر مل، دەستێ لـە سینە
بە دەم ماچ، بە دەس مەمکە گووشینە
کچ ئەڵی لاچـۆ، وەی وەی دایـەگیان
وازم لــێ بێنــە بــۆ خــاتر قورئــان!
هەتا یـەک سـەعات هـەر دەسـبازییە
کـچ و کـوڕ لـە یـەک زۆر زۆر ڕازییـە
لـە پـاش سـەعاتە ئەچنـەوە بـۆ مـاڵ
هەرکەس بۆ جێی خۆی سا بە هەر ئەحواڵ
دایکی کچ ئەڵێ، ڕۆڵە لە کوێ بـووی؟
بۆچی دیار نەبووی، توخوا بۆ کوێ چووی؟
کـچ دێتـە وەڵام بـە هـەزار قورحـان
نیوسەعات چوومە لای بـاجی ڕێحـان
توخوا دایـە گیـان، یـەکجار نەخۆشـە
هێنـدە هیلاکـە دڵ بـۆی پەرۆشـە
دایـک ئـەزانێ کـە بـۆ کـوێ چـووە
بەڵام دەنگ ناکا، پیشەی خۆی بـووە!

دایک:

کچی خۆم دەخیل، ئامان سەد ئامـان!
باوکت نەزانێ، چووی بۆ لای ڕێحـان!

بێــــت و بزانـــێ ســـەرت ئەبـــڕێ
بــە چەقۆیــە کــول، زگــت ئــەدڕێ

کوڕ:

کەوتــە بــەیانی کــوڕ بــە قیتــەقیت
ئەخاتــە ملــی دەسەســـڕێ چیــت
بۆســـــتە خامەکـــــە[1] ڕائەوەشـــێنێ
بــە بــەردەم کچــا عیشــوە ئــەنوێنێ
ئەوشەو تا بەیان هــیچ نــەبووە خــەوی
ئەچێ بــۆ دەرگــای یارەکــەی شــەوی
ئەگــەنۆ بــە یــەک ئــەم دوو دڵــدارە
ئــەنوارن بــۆ یــەک هــەتا ئێــوارە
نێـــوەڕۆ دوا، کچـــی بەڵـــەکچـــاو
گۆزە هەڵئەگرێ، بۆ سەر کــانی و ئــاو
دیسان کوڕ ئــەچێ، بــۆ ڕێگــای کــانی
لــە کۆڵانــا شــان ئــەدا لــە شــانی
وادە وەرئــەگرێ بــۆ شــەوی دووهــەم
ئــەچنۆ کــەلاوە، بــەبێ دەرد و خــەم
کــە لــە کــەلاوە نزیــک یــەک کــەوتن
ئیتــر حەرامــە خــواردن و خـــەوتن
لە پــاش دەســبازی و هــەرا و زەنایــان
دێنــە ســەر تــەگبیر بــۆ ئیســتاولایان
بــڕیارێ ئــەدەن هــەردوو، دووبــەدوو
نە ئەو ژن بێنــێ و نــە ئــەم بکا شــوو

---

١. فەقیانەیە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بـەیانی کـوڕە زۆر بـە بـێباکی
دەردی دڵی خـۆی ئەڵـێ بـە دایکـی
دایـە بزانـە، بـێتـرس و ئـازاد
کە من حەز ئەکەم لە کچ مـام مـراد
بڵـێ بـە بـاوکم، نەڵـێ منـاڵـە
گـەر بـۆم نەیـەنێ، ژیـانم تاڵـە
دایک لەسەر جێ، لـە کاتـێ نووسـتن
وتی بـە مێـردە، گـوێ بگـرە لـە مـن
شـەریفی کـوڕت، زۆر بـە خـاتر شـاد
داوای ژن ئەکات، پەخـەی مـام مـراد

باوک:

ئـافرەت شـەریفم هێشـتا منـاڵـە
وازی لـێ بێنـە دە دوازدە ساڵـە

دایک:

ئەی هوو پیاوەکـە، مـن خـۆم ئـەزانم
حەزی لێ ئـەکات، دەردی لـە گیـانم

باوک:

جا بەڵـکوو ئـافرەت، کـچ نـەبێ ڕازی
خوا خۆی ئەزانێ، کێ بـێ دڵـخوازی؟

دایک:

نـە نـە پیاوەکـە، ئـەو خراپتـرە
پەخـە بـۆ شـەریف، تـەواو حـازرە

باوک:

کچـێ مـام مـراد، هاومـاڵ مـن نییـە
کچـم ناداتـێ، دەسـەڵات چییـە

کتێبخانەی ئەلیکترۆنی کوردستانی www.mbarg.org

خۆی بە زل ئەگرێ، کچ نادا بە من
مەمخەرە تانەی گشت دۆست و دوژمن
ئەو چوار پێنج بزن و مەڕێکی هەیە
یەک دوو پەلاس و بەڕێکی هەیە
دوو دیزەی سوور و خوانەیێ گڵین
شەکردانی دار، بەرماڵی شاڵین
گوریسێکی گووش، پەتێکی چڕاو
هەمانە کۆنی لە گاڵ داگیراو
بێڵێکی داریـن، بێژنگێ دڕاو
گۆزەیێ تازە و گۆزەیێ شکاو
کچم پێ نادا، خۆیشم خنکێنم
بەرامبەر بە ئەو، من چۆن ئەنوێنم؟

دایک:

سا وەک تۆ ئەڵێی، قاروونە قاروون
چش دەوڵەمەندە، جەهەنم، بەتوون
باجی ئامانی ژنی حیسابە
ئەزانێ کچی دڵی کەبابە
با بۆت بەیان کەم، زۆر چاک و زەریف
حەز ئەکا پەخە بدا بە شەریف

باوک:

ئافرەت ئەو کچە بە نوشتەی قازی
بە ماڵی ئێمە قەت نابێ ڕازی
چونکە ئەو کچە نازک و نازدارە
بێچووە دەوڵەمەن لە دێ دیارە
بابیشم دەنێ، من هەر نامەوێ
بۆم بەخێو ناکرێ بۆ تەنیا شەوێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هـەتا ئـەم چەرخــە وا بخولێتــەوە
زامـــی هـــەژاران زوو بکولێتـــەوە
تۆیشم پێ زیـادە، بـووکم بـۆ چییـە؟
زۆردار نایەڵــێ هـیچ سـوودی نییـە!
ئـەرنا مــن خـۆم و شــەریفی کـورم
بـە نـووکی گاسـن کێـو هـەڵئـەدڕم
گــەر زۆردار نــەیبا، بــۆچی وا لاتم؟
شــڕ و شــیتاڵ و زەبــوون و مــاتم؟
بووک، کەوشی ئەوێ کە بیکاتـە پێـی
جاجمی ئـەوێ کـە شـەو بنـوێ پێـی

دایک:

نــە، نــە، پیاوەکــە، کچــە مەمنوونــە
دڵـــی بـــۆ شـــەریف زار و زەبوونـــە

کەوتـــە بـــەیانی مامـــە ڕەمـــەزان
کەوشی کردە پێ، کـۆڵان بـە کـۆڵان
سـۆفی مـەولان و کاکـە ئـەوڕەحمان
کوێخـــا بـــاوەیس و لالـــە نـــەریمان
بـۆ مـاڵ مـام مـراد سـەرپاکی بـردن
بـۆ دەنـگ و باسـی خـوازبێنی کـردن

مـام مـراد وتـی دەروێـش ڕەمـەزان
کچـــم نـــازارە، ئامـــان ســـەد ئامـــان
بـۆت بـەخێو نـاکرێ مـەچۆرە ژێـری
بەڵـــکوو کەنیشـــکێ‌تـــری بـــۆ بێـــری

باوک:

وتـی: هاچیـت کـرد، سـا بێقـەزا بی
تـۆ گـەورەی مـنی ئـەبێ ڕەزا بی
دەروێش و سۆفی کە ڕوویان تـێکـرد
گفتیـان لـێ سـەند، زۆر بەدەسـوبرد
دەسـتی مـاچ کـرا، موبـارەک بـادی
یەک بۆ یەکتری بـە ڕەویـەی شـادی
لـەپاش چـەن بـەینێ زەمـاوەن کـرا
پـەریخان بـۆ لای مـاڵ شـەریف بـرا
خـەتای قـانوونی چـەوت و چەوێڵـە
قانوون کام قـانوون؟ هـەر فـڕ و فێڵـە
گـەر شـەریف زۆردار وازی لـێبێنـێ
هـەر سـاڵـی بووکـێ ئـەتوانێ بێنـێ
دەس‌ساق و چاوساق، بۆ ئیش زۆر مەزبووت
بەڵام لەبەر جەور، تەواو ڕووت و قووت
دەس‌ڕەنجی شەریف ئەر زۆردار نـەیبا
سـاڵـی سـێقیمـەت ... پەیـدا ئـەکا[1]
لۆکـەی سـاڵانەی سـەلەمی حـاجی
تـووتن نیوەکـار، بـە نـاعیلاجی
بەش مامـە شـێخیش ئـەبێ جیـا بـێ
یـا لـە تەکیـە بـێ، یـا خانـەقا بـێ

***

---

١. ئەم دێڕە لە چەند دەستنووسـێکدا هـەر یەکـەیان بـە جۆرێـک نووسـراوە و هەندێکیشـیان ناخوێندرێنەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## شیوەن

لــــە کـــزیی کـــوردان گلاراومـــــە[1]
ڕۆژەکـــەی ئـــەیلوول تانـــەی چاومـــە
لـە بـیرت نـەچێ باخچـەی بەرسـەرا
بە خـوێنی کـوردی مەزڵـووم ئـاو درا
بە گولەی مـەترەلۆز ئـاوپرژێن کـراین
لەسەر حەق خۆمان بە ناحەق کوژراین
با پێی تێنەخەین ئـەو خوێنـە گەشـە
چـــون یادگـــاری ڕۆژێکـــی ڕەشـــە
سوێندی پێ بخـۆین تـا ڕۆژی مـردن
کۆتـــایی نەکـــەین لـــە تۆڵەســـەندن
ئـەو خـاک و خوێنـە کەینـە نموونـە
بـــۆ ئـــەو میللەتـــەی ئەمـــڕۆ زەبوونـــە
بـــا لـــە نـــاو پـــەڕەی مێـــژوو بمێنـــێ
کورد تۆڵەی خوێنی، بە خوێن ئەسێنێ

***

١. بە بۆنەی ڕاپەڕینەکەی شەشی ئەیلوولی ١٩٣٠ەوە وتراوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

(کیمدر بنی منع ایلەجک باغی جنانە
میراتی پد درتوت ڕزخانە بزم در[١])

## دوکتۆر فوئاد

ئەی دوکتۆر فوئاد، ئەی شێری نەمر!
هەتا قیامەت بۆ کورد کەڵگەر
نەمردووی، نامری، نەخشی دڵمانی
ئێمە بولبولین، هەر تۆ گوڵمانی
سەرتەقەکێشی، نیشتمان پەروەری
لاوی دلێری، کانی جەوهەری
هەرچەندە ئێستا، لاشەت پەنهانە
زەخیرەی مێژووی بۆ ئەم زەمانە
قارەمانی گەل، شێری ڕووی مەیدان
ئاخر لەسەرچی وا تۆیان خنکان؟
بۆیە وا تۆیان هەڵکێشایە دار
کە هەوڵت ئەدا بۆ چینی هەژار
سووچت ئەوە بوو کە فەرمووت کوردم
کوردی بەناموس بە دەس‌وبردم!

***

١. دوکتۆر فوئاد لە کاتێکدا لە سێدارەیان دا، ئەم دێڕە شیعرەی لە بەردەم سێدارەکەدا خوێندۆتەوە و بە دەستی خۆی پەتەکەی کردووە بە ملیا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئـاخر بـۆ کـوژرای، هەسـێرەی کـوردان؟
چـــرای ڕوونـــاکی هەناسەســـەردان!
تۆ هەرگیز نـامری، هـەر لـە پـێش‌چـاوی
لــــە مێژوومانـــا خــــاوەنی نــــاوی
تــۆ هــەرگیز نــامری، قوربـانی کـوردان
ڕوونـــاکی دڵــــی وێڵــــی بـــن‌بـــەردان
تــۆ هــەرگیز نــامری، لاوی نیشـــتمانی
لــە دڵ دەرناچیـــت تــۆ بــە ئاســانی
ڕۆحــت بێـدار بـێ، کـە گـەل هوشـیارن
ئێستا چاو بـەر بـوو، چـاک خوێنـدەوارن
تــازە بــە پــارە ناخڵــەتێن بــۆ کــەس
ڕێگــەیی ڕاســتی بــەر نــادەن لــە دەس
وەهــا نــەزانی کــە ئێســتەش کاســن!
دوژمـــنی خۆیـــان زۆر بـــاش ئەناســـن!
کچــان دەس‌ئــەگرن بــە دەس برایــان
ئەســـــوورێنەوە لــــە دووی هیوایـــــان
کـەس کـەس نـاکوژێ لـە ڕووی مەیـدانا
کــەس ناکــا بەپــەن لــە ڕووی جیهانــا
***

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabtki.org

## هەندێ تیرە و بنەماڵە

کوڕگەل! کوردستان هەر ئـەو باخەیـە
هەر ئەو کەژ و کێو، هەر ئەو شـاخەیە
لە گوڵ و بولبول لە پڵـنگ و لـە شـێر
پـــێئەگەیـــەنێ، ئـــازا وەک دلێـــر
یەکێ وەک بابـان، یـا وەک ئـاردەڵان
وەکیلـی میللـەت، یانـێ کـەریمخـان
مـیری لوڕسـتان، بـەگزادەی کەلـوڕ
فازیلی کوردی، هـەروەک دانـەی دوڕ
سمکۆ و سـاداتی نەهریـە و شـەمزین
لـە غـیرەت ئـەوان هـەزار ئافـەرین
هــەرکی و کاڵــەمۆ، مــامش و زەڕزا
مـوکری و دێبـوکری تـا کـوردی زازا
هــۆزی گــەورک و بــەگزادەی بانــە
خانــانی ســـەقز لـــە ئاردەڵانـــە
لــە کــۆن و تــازە، بــەگی مــەریوان
ئاغــای کۆماســی، ســانی هــەورامان
جوانـــڕۆ و لهـــۆن، هـــەتا ئێنـــاخی
مـەنمی و باجـەڵان هـۆزی گەلـباخی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاغـــای دزەیی، مـــیری شـــەقڵاوە
جـاف و هەمەوەنـد، خـانی شـیراوە
شێخ بزەینی و شوان، شێخی تاڵـەبان
شـێخانی ئیرشـاد، یانـێ کەسـنەزان
پـیری تەوێڵـە و شـێخی بیـارە
بـا منـیش نەڵـێم، لـە عـام دیـارە
شـێخی بەرزنجـە، سـاداتی کـیرام
گشت‌کێ کوڕی کێ؟ نەوەی نێک‌نـام
میری مـیراودەل، بـەگزادەی پشـدەر
ئاغایـانی کـۆ، شـێری پـڕ هونـەر
عەشـرەتی بلـباس، هـۆزانی ئەلـوەند
پارچـەی نەوڕۆلـی، لاوانی پەسـەند
سوورسوور و گەشکی، سنجەری نەڕان
لە ڕۆژی جەنگا، وەک شـێر ئەینـەڕان
زەنگنـە و شـیلانە، کاکـەیی و گـۆران
داسـنی و فـەیلی یـا هـۆزی سـۆران
قەڵەوزی و شێخان، شـێخی جـەباری
تـاوگۆزی و مەلکـەر، شـێری دیـاری
گـەورک و مـەنگوڕ، خـانی تیلـەکۆ
هەوشار و سـەرپێل تـا والی پشـتکـۆ
مـیری کرماشـان، یانـێ ئـەمیرکول
زەنگنـــە و داودە، عەشـــیرەتی گـــل
ئاغـای شـیوەکەڵ، هـۆزی کـافرۆش
یا مـیران بـەگی و شـێخی کۆنـەپۆش

www.rabart.org

لـەک و قـەراوڵ، چنگـی و وەرمزیـار
یـا ئاغـا سـوورەی تێغـی جەوهـەردار
نـاوداری و یـالان، غـەوارە و باشـکی
باڵەکی و وەجاخ، سوێسنی و سـینکی
یـا جافەڕەشـکە و کەڵـوێ و ئـاوکۆیی
بنچینـەی کـوردان، هـۆزی مـامۆیی
جـەلالی و زرار، بێسـەری و چوچـان
گێـژ و جـەباری، مەنتیقـەی بـارزان
بەرازی و سووسوو و هـۆزی قەڵـخانی
مـیری میرەجـاف، بـەگی شـیروانی
تیرە و ڕەگـەزی کـوردی کوردسـتان
ئەوەنـــدە زۆرن نایەنـــە بـــەیان
من چـیم نووسـیوە هەزاریـەک نابـێ
تـوولی نادەمـێ، ئیتـر کۆتـا بـێ

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## وتەی خەیاڵی لەگەڵ دارتووو[1]

ڕۆژێ لــە تەقــدیر پادشــای غــەففار
ڕەحمان و ڕەحــیم، ســەبور و ســەتتار
دای لـە دەمـاخم هـەوای کوێسـتانان
سەربەندی نەسیم ڕاوگــەی جــەیرانان
تفەنگێ لە کـار شـەش‌خـانی قـەدیم[2]
قایش لە قەڵتاخ، تەنکـە تـەلا و سـیم
خان بە تاق‌وجووت، پێچ و لوول تا سەر
کوولەکە و دەرمان، بەن و بەن‌کەمـەر
کێش و دەرمچاک، کەوان بە قـووەت
دەنگو نەعرەبەرز، چەخماخ بە حوججەت
ترەقــەی دووڕوو، گوللــەی فــراوان
سیپە و قەرەوڵ، ڕاست ڕێـک و ڕەوان
کردمـــە شـــانم، وتم یـــا ڕەزاق
ڕووم کـردە سـەحرا بـە تـەنیا و تـاق

---

١. باسێکی خەیالییە، کە شاعیر هەندێک مەبەستی تیا شاردۆتەوە.
٢. جۆرە تفەنگێکی ڕەشۆکی ساچمەزەنییە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

ناگاهـ لـە تەقـدیر واحیـدولـقەهــهار
ڕێم کەوتە شەخسێ، ژێر سایەی یەکدار
دارێ خەیلێ پـیر، بـێپـرژ و بـێبـاڵ
پـەلوپـۆ وەریـو، بـە وێنـەی عـەوداڵ
کلۆر و پـواو، بـێبـەرگ و بـێ ڕەنـگ
بێگەڵا و بێشەوق، وێنەی تەختەیسەنگ
تـــۆکڵ هەڵـــوەریو، ڕزاو و پـــواو
کرمەڕێز و وشک، ئەعزای سـاغ نـەماو
پـێم نایـە بـەر پـێ، سـەلامێکم کـرد
دەستی ئیخلاسیم بۆ سەر سـینە بـرد
پرسیم ئەی درەخت شەهەنشای داران
یاتــاخی مــیران، جەرگــەی نــاوداران
دوور بێ لـە حالـت خـەیلێ پەشـێوی
دەردی پیرییــە یــا زەدەی دێــوی؟
کوا بەرگ و نیشـان هـەردە جارانـت؟
کوا هاژەی شاــ لـق، سـەر دیارانـت؟
کوا حەریری زەرد، فەسڵـی خـەزانت؟
کـــوا بەرگـــەڕێزان گـــەڵاڕێزانت؟
نە نیشانەی توو، نە سێف، نـە هـەرمێ
لـە لات نـەماوە نـە زۆر، نـە کـەمێ
ئەگــەر هەڵــووژە، ئەگــەر چنــاری
ئەگــەر بنــاوەچ، گــەر مــازووداری
یــا ســپی چنــار بــەرزی تەماشــای
یــاخۆ ئەبــەنۆس، تــەختی پادشــای

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یاخۆ دار جەوهەر، پڕ لـە جەوهـەری
یاخۆ حـەیزەران دەسـتی عەسـکەری
ڕاسـتم پـێ بێـژە بـێدەردیسـەری
بێسەمەر بـوویی یـا هـی سـەمەری؟

وەلام:

بـە سـەد ناڵـە و دەرد دار هاتـە وەلام
وتـی: ئـەی **قـانع**، دەروون پـڕ لـە زام
ئیسـتە وا ڕەنگـم یـەژی عەوداڵـە
مەشور بووم بە تووی مەحمووی سەرەواڵە[1]
ئـەمن دەس نـەمام لـەیلی عـامریم
یادگـاری دەور مووسـا و سـامریم
خەڵـفە درەخـتی عەسـری شـەددادم
پێـوەن کـراوی ڕەنجـی فـەرهادم
ئاوخۆر بووم لە جام عیشقەکەی مەجنوون
چەن قەڕنم دیوە لە ڕووی دەهری دوون
من هەر ئەو نەورەس، هەر ئەو نەمامم
پەسـەندیدەی زاڵ ئـەولادی سـامم
خـەرامانی چـین، شـیرینی ئەرمـەن[2]
لـەیلی عـامری، زلـێخای یەمـەن
هەر ساڵێ سەدجار هاتن بـۆ لای مـن
پاڵـیان دا وە پـاڵ بـێخ و بـاڵای مـن

١. ناوی شەخسێکە لە ناوچەی مەریوان، لە نێوان دۆلاش و کانیسانانداپە.
٢. مەبەست لەو شۆخ و لاوانەی کوردەوارییە کە لە کاتی خێلەوخوار و خێلەوژووردا لە سێبەریا دانیشتوون.

تا من بووم، چنار بالای له کـوێ بـووی؟
تا من بووم، لاولاو هەر ڕەنجـەڕۆ بـوو!
ئەمما سەد حەسرەت، سەد ئاخ و سەد ڕۆ
سەد داخ و سەد دەرد، سەد ئێشی پرسۆ
پیری هات، بەزمی شادی بـەتاڵ کـرد
فەرەح و عەیشـی شـیرینی تـاڵ کـرد
ئیستە کوا نەشئە و کوا سایە و بەرگم؟
خـەیلێ ئینتیـزار ئـازاری مـەرگم
عـومر بـە پـیری نامـەوێ سـەدجار
هانـا هـا خـالق، تۆبـە و ئیسـتیغفار
مـن هـات لـەباتی دانـەی شـەکەربار
بووم بە خـۆراکی مـەل و مـۆر و مـار!
مـردنم فـەرزە، زینـدەگیم نـاوێ
بـۆچی بمێـنم لـە دنیـا تـاوێ؟
وتم ئەی درەخت بە عیشقی حەیـدەر
بە زرەی شمشـێر، قەلاکـەی خەیبـەر
بە قەتلی ناحـەق، حسـێنی مەزلـووم
بە پرووزەی جەرگ فاتمەی مەعسووم
بـە حەلقـەی تـەهلیل ئەولیائولـلا
بە قەنـدیلی نـوور، گۆشـەی بەیتولـلا
بـە تـاجی عیـززەت (خـتمالمُرسَـلین)
بە برقـەی شمشـێر شـەهیدانی دیـن
بـە یـاهو یـاهوی عابیـدانی چـۆل
ئەڵلا دۆست کێشان، شاخ نەفیر بە کۆڵ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



بـۆم بـەیان بکـە تـەواو گفـتوگـۆ
کێت دیوە بە چاو لەم دنیـای بـێپـۆ؟
وتـی ئـەی قـانع کۆنـە دۆلاشـی[1]
تۆش لە بەدبەختی بـۆ مـردن باشـی[2]
هـیچ درۆ ناکـەم بـێلاف و گـەزاف
مایـل بـوون بـە مـن ئـەمیرانی جـاف
شـەجەرەی توبـا، خـەلفی بـەرینم
(مـــاءٌطهورا) دانـــەی شـــیرینم
سەوڵـی گـولاوان لـەلام بـێزینـەت
سەرو و یاسەمەن، پڕ دەرد و مەینـەت
بە شەو دزکۆشـکەی[3] مـەریوانی بـووم
بە ڕۆژ گوزەرگای زلـفقـەترانی بـووم
فـڕەی فەقیانـەی هـەرزەکارم دی
لاچـەناخ و گـۆی شـەدەلارم دی[4]
مـەمانی لیمـۆ و سـینەی سـافم دی
عەرعـەر قامـەتان عێلـی جـافم دی

---

١. دێیەکە لە مەریوان کە بنەماڵەی شاعیر لەوێدا ژیاون تـاکو دەربـەدەر کـراون ئینجـا وێـران بووە، کەوتۆتە نێوان دێی (کانیسانان) و (نێ)وە لە مەریوان.
٢. لێرەدا چەند دێڕێکی شیعرەکە فەوتاوە.
٣. ئەو شوێنەیە کە شەوانە دز خۆیانی تیا ئەدەن لە مەکۆ، واتا پەناگای دز، وا دیارە لەو کاتـەدا دزیوە بەتایبەتی لەو ناچەیەدا باوی بووبێت.
٤. کەرەسەی ئارایشتی ئافرەتانی ئەو سەردەمە بووە.

کتێبخانەی ڕابەر www.rabarr.org

تــاقی و کــڵاوزەڕ[١]، لووتــەوانم دی[٢]
پەرچــەم وە تێکــەڵ زلــفەوانم دی
چیخــی ئەسمــەرپێچ[٣] تەڵـمیوارم دی
پـۆڕگ[٤] لــە ســێبەر، شـادەوارم دی
پەنجە وەک شومشاڵ نەقشی نوورم دی
قەد و قامەت خۆش، زەرد و سوورم دی
کەوشـــی عرووســـی پاژنـــەدارم دی
قاچی نەرم و شـل، لەنجـە و لارم دی
ئـەژنۆ وەک قـاقم، سـەردووکانم دی
تونـــد و نـــەژاکاو شـــلکەی ڕانم دی
کەلەکەی تەیار، تەسـک و تـەنگم دی
لیباسی گـوڵ‌گـوڵ، ڕەنگـاوەڕنگم دی
سینە وەک بلوور، گەردن مینـای تـەڕ
ورشەوپرشەی کولم، بە وێنەی شەسپەڕ
چـاو پـڕ لـە خـەمزە گـەلاوێژم دی
ئەگریجەی چین‌چین، کورت و درێژم دی
چـەن دیلـەکانێ هەڵـخرا لـە مـن
تەختەبـــەنانێی[٥] جووتـــە شـــۆڕەژن
مـــیر و میرئـــالای مـــەریوانم دی
ئەمن خنکانن (هەسـەن سـان)م دی[١]

---

١. ئەمانەش دیسان کەرەسەی ئارایشتی ئافرەت بوون.
٢. ئەمانەش دیسان کەرەسەی ئارایشتی ئافرەت بوون.
٣. جۆرە چیخێکی نایابە کە ئەسمەر ناوێک دایهێناوە.
٤. خۆرجێکی بەنینە شتومەکی نەختینەیان تێدەخست.
٥. جۆرە دیلەکانییەکە لەسەر تەختە دوو ژن سواری ئەبن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاتـە سـەر و کـار پردەکـەی گـاڕان[٢]
شەهەنشـای ئیقلـیم، ئامانولـلا خـان[٣]
یاتـاخی سـێبەر بـالای بـەرزم بـوو
عاشق بـە گـەڵای هـەزار تـەرزم بـوو
خشەی سفرەی زل، قەهقەهەی قلیان
چرکە و چرپەی باز، زرەی ئیسـتیکان
چەن کوژیاوم دی لاش وەبـانی لاش[٤]
چەندە شێخم دی لە ناو دێی دۆلاش[٥]
**قانع!** با بەس بێ قسـەی بـەبێ سـوود
ڕازی بـە بـە ئـەمر پادشـای مـەعبوود

***

---

١. سانی هەورامان بووە.
٢. پردێکە لە نێوان قەڵای مەریوان و شاری سنەدا، لە ناوچەی کەلی گاڕان.
٣. سەردارێکی دادکار کۆمەڵایەتی خواز بووە.
٤. لەو سەردەمەدا شەڕ و شۆڕی عەشایەر لە ناوچەی مەریوان زۆر بووە و بە تایبەتی لـە نێـوان دەرەبەگەکان و بنەماڵەی شاعیردا کە لە دێی دۆلاش بوون.
٥. لێرەیشدا چەند دێڕێکی‌تری شیعرەکە فەوتاون.

www.rabari.org

## لەگەڵ شاخی هەوراماندا

قەڵای هۆز و گەل شاخی هەورامان
پرسیارم هەیە دەستم بە دامان!
لە لام رووناکە شاخێکی سەختی
پشت و کۆمەکی وەخت و بێوەختی
سەرکڵاوانت کوێستانی پڕ گوڵ
تەماشای گوڵت زاخاو ئەدا دڵ
چنوور و شەوبۆ، بەڕەزا و کەرەس
رێواس و پیچک دامێنی هەرەس[1]
کەوی دەنووک سوور، کۆتری هاقوو
قیژەی قژاکە، قژقژی پەپوو
کوێستانێ بەرزی لە گێتی تاکی
خەتی ماجینۆی کوردی بێباکی
کوێستانی بەرزی، بەرزەدەماخی
گشت کەس ئەزانێ کە شاخ و داخی
کتێبی زەردەشت، کە ئاوێستایە[2]
وەک باقیی کتێب خەڵاتی خوایە
بە زمان هەورامی هاتە سەر بەشەر
یانێ های زەردەشت بووی بە پێغەمبەر[3]

---

١. ئەم ناوانەی لەم دێڕە شیعرەدا هاتوون هەریەکە جۆرە رووەکێکی بەهارییانەی کوێستانییە.

٢. ئاوێستای زەردەشت، کە تا ئێستا بە تەواوی روون نەبۆتەوە زادەگای چ ناوچەیەکە، نازانین شاعیر چ سەرچاوەیەکی بە دەستەوەیە، هەموو نوسخە دەسخەتیەکان گەڕاین لەم بارەیەوە هیچیان دەست نەکەوت بەڵام دیاکۆنۆف دەڵێ: لە یەکێک لە کۆمەڵە زمانەکانی ناوچەی ئاترۆپاتین نووسراوەتەوە.

٣. شێوەی زمانی هەورامی لەو کاتەدا یەکێک بووە لە کۆمەڵە زمانەکانی ناوچەی ئاترۆپاتین.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تا دەورەی خۆی بوو وەک باقی دینان
بەڵام نەسخ بوو ئەویش بە قورئان
(ماریفەتوپیر) وتەی شالیارە[1]
کە بە پیرشالیار، لە گشت دیارە
شاخی هەورامان! هەرچەند ڕەنجەڕۆم
زۆرچاک بزانە کە مەمنوونی تۆم
چونکە پاراستت تۆ ئەو زمانە
تێکەڵت نەکرد لەگەڵ بێگانە
نە ڕۆم، نە عەجەم، نە تورکی تاتار
نە ڕووس، نە ژاپۆن، نە دەس ئیستیعمار
نەهاتنە ناوت، سەربەخۆ ژیای
بۆ لاوەکانت تۆ پشت و پەنای
ئیستە نازانم بۆچی بێڕەنگی؟
دوور بێ لە گیانت، بۆچی دڵتەنگی؟
وتی: ئەی **قانع**! لە من بێکەستر!
لە من داماوتر، لە من بێدەستر!
بۆچی لێت پرسیم دەردم گرانە؟
وا من پێت ئەڵێم، زۆر چاک بزانە
تەماشا ئەکەم بەرزە دەماخم
لە ناو شاخانا سەرگەورەی شاخم
نە تانک و نە تۆپ ئیشم تیا ناکا
بە سەد تەیارە، بەردێک لانابا
مامۆستام نییە بە لاو بخوێنێ
ئەولادەکانم بۆ تێگەیەنێ

---

١. پیر شالیاری هەورامانە.

پزیشکم نەدی مـن لـە عـومری خـۆم
وەسام تیا نەبوو، جک لـە جـۆلا و دۆم
جێـی کشـتوکاڵـم تـا بڵـێی کەمـە
بـەڵام پـرچ و ڕیـش تـا بڵـێی هەمـە
لە هاڵ و شـەوە و خێـوەی سـەرکانی
جنۆکـەی زلزل، دێـوی شـەیتانی
مەکتـەبێک نـەبوو ئەمانـە لا بـات
زانـینی ڕاسـتی تێـدا پەیـدا کـات
منیش پێش کـەوم وەک بـاقی یـاران
بـەجێ نـەمێنم لەگـەڵ هاوسـەران
ئەوسـا بنـازم، بڵـێم مـن شـاخم
شـاخی هـەورامان بـەرزەدەماخم
بـاوەجوود هـەتا دەوران وەهـا بـێ
خەمخۆرێ بۆ مـن، قـەت پەیـدا نابـێ
ئەگـەر لـە نـاو مـن لابـەی نـەزانین
ئەبم بـە بەهەشـت سەراسـەر زەمـین
بـێ تەماشـام کـە لـە کـاتی بـەهار
گوڵی ڕەنگاوڕەنگ لە یـەک تـا هـەزار
قەڵـبەزەی تـاقم، قرمـەی بـەفراوم
چەپکەی لانزار، وەک بووک نەخشاوم
شـنەی نەسـیمم لـە بـەری بـەیان
ئـەدا لـە گۆنـای نـازک نـەوهالان
ئـەمجا ئـەزانی، کـە مـن بەهەشـتم
سەرتا بە خـوارم ڕاسـتە گـوڵگەشـتم

***

## تەڵقینەکەم

کوردە من ئەمرم دینم کوردییە
...نیم[1]، ژینم کوردییە
کاتێ کە ئەمرم، ئەمنێنە چاڵێ
کە دامئەپۆشن بە هەر ئەحواڵێ
با بە کوردی بێ دەنگی یاسینم
با سارێژ ببێ، پەترۆی برینم
ئەگەر مەڕنەمووک[2] بێتە سەرینم
بە زمانی ......[3]، بکا تەڵقینم
ئەنەوم لە دار زۆر بە ئاسانی[4]
لیستێ لە ڕانی، چوار لە ناوشانی
ئەگەر بە کوردی بپرسێ لە دین
جوابی ئەدەمۆ بە زمانی شیرین
ئەڵێم مەڕنەمووک خوام خوایە
محەممەد گەورەی هەردوو دنیایە
ژنی کورد خوشک و پیاوی برامە
کوردستان بەهەشت ئەوە دنیامە
زنجیرەی ژینم لەم کوردستانە
کرداری چاکە و پاکی زمانە
ئیستەش هەرچەندە جێم تەنگەبەرە
خولیا و کەڵکەڵەی کوردم لەسەرە

***

---

١. بەپێی نوسخەی دەستنووسەکەی نووسراوەتەوە.
٢. من ڕبک، ئەو فریشتەیەی گوایە دێتە سەر گۆڕ بۆ پرسیار کردن لە مردوو!
٣. ڕەگەزێکی ترە.
٤. لە چاپی نامەی **قانعدا** ئەم دێڕە بە نوختە دانراوە لەگەڵ چەند دێڕێکی ترا.

## ئێش و ئازار

کاکی کوردی هـەژار و دڵ گـەرمم
گوێ گرە سا، لە بانگی بـێ شـەرمم
بـۆ لـە نـاو نیشـتمانی پـیرۆزت
دیل و مەحزوونە لاوی دڵسـۆزت؟
بـۆ زمـانی فەسـیحی بـاپیرت
یا بـرای خۆشەویسـتی هاوشـیرت
مەنعی کەن لێت بە زەبری تێهەڵدان؟
بتخەنە کـونج و قـوژبنی زینـدان؟
بەرگی قەومی کە فەخرە بۆ کـوردان
مەنعە بیکەیتە بەر، وەکـوو یـاران؟
بۆچی کوفرە بە کوردی نووسینت؟
باسـی بـاپیر و حـوکمی دێرینـت؟
بۆ نـەخوێنن لـە وەسـفی ڕابـردوو
باسی ساسان و میـدیای زینـدوو؟[1]
بـۆ نـەوێری حقوقـت داوا کـەی؟
ئاشکرا بانگی کوردی بۆ هەڵـدەی؟
بۆ نەوێری بڵێی کـە مـن کـوردم؟
میللـەتێکی بـەغیرەت و گـوردم؟
یـا، ئـەبێ بـۆچی نـەوتی دزراوت
مایەکەی بەش کەن، لەبەر چـاوت؟
بۆچی ئاڵتوون و زیوی ئەم خاکـە؟
وا لـە گیرفـان و نۆشـی کۆلاکـە؟

١. ساسان و میدیا (ماد) دوو تیرەی ڕەگەز کورد بوون.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یا فەلای بەش‌خوراوی ماندووی پـیر
نانەجۆیـەکی بـۆ نـەبێ دەسـگیر؟
یـا کرێکـاری ڕووت، بـەبێ فرمـان
زیـاد لەمانیشـە کوشـتن و لێـدان
چەک بە دەس، بەدفەساڵ و دێوانە
نۆکەری خاسی کۆشـکی شـاهانە؟
ڕەزمئـارا و نـوورەدین سەگسـار[1]
بوون بە جەللادی قەومی کوردی هەژار
قەت لە بیرت نـەچێ، هـەتا مـاوی
قەسری قاجار و[2] بەرگی خوێنـاوی
شاپەرسـتی بنێـرە ژێـر پـێڵاو
دەک بە لەحنەت بێشا و تەختی‌گـڵاو
چەندە خۆش هاتە سەر نیگاری کەلام
شـاعیرێکی هـەژاری بـێئـارام
تێکی دەن، لێکی دەن، لە یەک ئانـا
سووک و سەنگین نەبێ، لە میزانـا

(بولشویکی است خضر راه نجات، بر محمد و آله صلوات...)[3]

***

١. هەردووکیان لە کاتی دانانی ئەم شیعرەدا سەرەک وەزیران بوون.
٢. بەندیخانەیەکی تایبەتی پڕ لە ئازار بوو لە تاران.
٣. دێڕی شیعرێکی شاعیری شۆڕشگێڕ لاهوتییە.

## دەمەتەقێی «ن» و «س»[1]

س: پاشـــا مەرحـــەبا، چۆنـــە ئەحوالـــت؟
چۆنـــە تـــەگبیر و پـــیلانی سالـــت؟
بـــۆچی عـــاجزی؟ بـــۆ دۆش دامـــاوی؟
خـــەریک پـــیلانی کـــام لێقـــەوماوی؟
ن: ئەفەنـــدم! قوربـــان! لێمـــان قـــەوماوە
لـــە ڕووت بـــەدوور بـــێ، حالـــمان شـــێواوە
عەبـــدی هـــەردووکمان کـــوردی سەرشـــێواو
نـــاوی ئـــازادی ئەخەنـــە ناونـــاو
کـــێ بـــێ حاجـــەتی مالـــمان بشـــۆرێ؟
سەدسـاڵ دەری کـەین، ئـەو هـەر نـەتۆرێ؟
بـــە نانەســـکی کارەکـــەرمان بـــێ؟
بـــە شـــەو و بـــە ڕۆژ بارەبـــەرمان بـــێ؟
س: پاشـــا مەترســـە، تـــۆ لەســـەرخۆ بـــە!
تـــازە نوێنـــەریان چووەتـــە بادکۆبـــە[2]
نوێنـــەری کـــوردان خـــان و ئاغایـــە[3]
باســـــی ئـــازادی لا کـــاو و بایـــە
کـــورد هـــەتا ئاغـــا و خـــانی تیـــا مابـــێ
خـــاترت جـــەم بـــێ کـــە بـــە هـــیچ نابـــێ

---

١. (ن) نوری سەعید، (س) سیراج ئۆغلۆ، بەم شیعرانەدا دیارە کە شاعیر بە تەواوی لە سروشتی ئیمپریالیزم گەیشتووە.

٢. یەکەم نوێنەری کوردان کە لە کوردستانی ئێرانەوە چوون بۆ باکۆ لە بارەی مەسەلەی ڕزگاریی کوردەوە قسەیان لەگەڵ ڕووسەکان کرد.

٣. زۆربەی ئەندامانی نوێنەرەکان ئاغا بوون.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ن: هـەی قوڕبەسـەرمان، کـورد وا ئەناسـی
وامـزانی زرنگـی، کـەچی زۆر کاسـی!
هـەتا هـەزارێ ئەچێتـە مەیـدان
هـەزاران ئاغـا ئـەبێ بـە قوربـان
س: بـیری پـێمـەدە، پاشـا مەترسـە
ئـازادی کـوردان لـە مـن بپرسـە
ئـەوەن بزانـە کـاکی ئیسـتعمار
خـۆی خسـتە ناویـان بـە چـار و ناچـار
بڕبـڕی کـردن هەریـەک لـە لایـە
هەریەکـە بـۆ خـۆی بـوو بـە کوێخایـە
تـا مامـە ئینگلیـز، مـامی خۆمـان بـێ
ترسـت نـە لـە کـورد، نـە لـە گـۆران بـێ[1]
ن: ئەفەنـدم ئیسـتە کـوردت نـەدیوە
کـوردان ئینگلیزیـان زۆر بـاش ناسـیوە
قسـەی کاپیتـان[2] لەگـەڵ وەڕەی دێـل
هـیچ فـەرقی نییـە، لـە دێهـات و خـێل
سـەد سـاڵ سـیر بخـوا، یـان زوڕنـا لێـدا
کـەس گـوێی ناداتـێ لـە شـار و دێـدا[3]

***

١. لە کوردەواری کورد و گۆران باوە.
٢. مەبەست لە ئینگلیزەکانە.
٣. ئەم شیعرە لە گۆڤاری (هەتاو) ژمارە ١٥٧ی ساڵی ١٩٥٩دا بلاو کراوەتەوە. دواتـر لـە لایـەن شاعیرەوە پاکنووس کراوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.iabari.org

## هەڵبژاردن[1]

ئینتیخاباتــــە عـــەزیزم، مـــوسمی ئازادییـــە
ڕۆژی سەربەستی وڵات و بەزم و جۆشــی شــادییە
مــیری جــاڕی دا کــە ئیتــر کۆتــە دیلــی لابــرا
گەل بەمــە مەســروورە، بــۆچی مــافی ئــازادی درا
گەل بە ئاوات بوو بە دڵ پێشوازی گەرمی خۆی نوان
نێرومێ، گەورە و بچووک، خان و مەلا، شوان و سەپان
جاڕ درا کێ ڕائــەبینێ، کــێ ئەچێتــە پەرلــەمان؟
فەرموو، خۆی تەرشریح بکا بۆ خزمــەتی هاونیشــتمان
ئەو زەمانە ڕۆیی نائیب مەرجــە خــاوەنپــارە بــێ
لاوی دڵســۆزی هــەژاریش جــەرگی پارەپــارە بــێ
(شادی) باڵی خۆی درێژ کرد (ها) وڵاتی گرتــەوە
با بزانین کێ بوو سەرکەوت، گۆی لە مەیــدان بــردەوە
ڕۆڵەی کوردی نیشتمانی مــارف و نــووری و بلــە
چەندەها ڕۆڵــەیتــریش ئامــادەبوون بــۆ ئــەم پلــە
کاتــێ تــەئمیناتی قــانوونی تــەواو تەســلیم کــرا
ڕێدران و بەنـــدی چـــاودێری لەســـەریان لابـــرا

---

١. بۆ هەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٥٤ وتراوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قۆڵبەقۆڵ، دەستەبەدەستە، خەڵقی شار و دێنشین
هەڵبژاردنیان تەواو کرد دەم بە خەندە و پێکـەنین
حەزرەتی پاشا کە زانی نوێنەری گەل دەرچـووە
تووڕە بوو چاوی زەقۆ کرد؛ چونکە کۆستی کەوتووە
ئەمری دەرکرد بۆ قەڵاچۆ، شـورتە ئاڵـۆزانە گـەل
دەس نەپاراستن لە گرتن، لاو و پیر و کوێر و شەل
نوێنەری شەرعی لە کونجی بەندیخانە توند کران
تاقمێکی هەرچی پـەرچی، دوژمـنی گـەل دانـران
بـا بـڕووخێ ئـەم نیزامـە بۆگەنـە فاشـستییە
پشتیوانی گـەل برایـی و یـەکێتی و سەربەسـتییە

***

## شیوەنی ئاگراوی

کوا، لە کوێیە، ئەو کەسەی لافی برایی لێ ئەدا؟[١]
میللەتی هێنایە مەیدان و بەڵێنی پێ ئەدا؟
کوانێ ئەو دڵسۆزە ئەیوت داشدیاری میللەتم؟
چی بەسەرهات؟ کوا، لە کوێیە، گیری داوی مەینەتم؟
لەشکری تاران وڵاتی کوردی کردە گۆمی خوێن[٢]
بۆچی فەریادڕەس نەماوە، پێم بڵێن ئێستا لە کوێن؟
سوورکرا یەکسەر شەقامی شار بە خوێنی لاوی کورد
بوو بە شیوەنگا مەیان و ماڵ و ڕێگا و بان و پرد
هەر لە حەوزی شاری بۆکان تا مەیانی چوارچرا
داری خنکانن چەقاوە و پەت لە گەردن هەڵخرا
وان بەسەر سێدارەوە میوانە شێری نرکەدار
چەندە ڕۆڵەی قارەمان و پێشەوای کوردی هەژار
چی بوو تاوانی ئەوانەی وا لە سێدارە دران
غەیری دڵسۆزی وڵات و دوژمنی داگیرکەران؟

---

١. مەبەست لە دەوڵەتێکی گەورەی پشتیوانی گەلانە کە لە مەسەلەی کورد کشایەوە. مەبەستی دەوڵەتی یەکیەتی سۆڤیەتە کە پشتیوانی لە (کۆماری کوردستان)ـەکەی پێشەوا قازی محەممەد نەکرد. (ن.ب.)

٢. ساڵی ١٩٤٧.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوژمنینــــە دڵـــنیا بــن کـــورد بەمـــە ناتوێتـــەوە
ڕەوڕەوەی بەڵکوو بەرەو پێش مل ئەنێ و ناکشێتەوە
قوڕبەسەرتان، ئێوە خاوەن تۆپ و تـەیارەی شـەڕن
میللـــەتی مـــن خـــاوەنی ئـــەتریخ و بـــیر و بـــاوەڕن
گەرچی نووکی نێزەتان سوورە بە خـوێنی لاوی مـن
بـــا لـــەناو یـــادا بمێنـــێ تـــاوەکوو ڕیســـوا ئـــەبن
لاوی کوردی، هوشیار بە! دەرسی کـە ئـەم کەوتنـە
شەرمەزاری کەن ئەوەی بڕوای بە خەندەی دوژمنـە
گەل بەهێزی دەست و بازوو فیکری خۆی ڕزگار ئەبێ
هەرچی بڕوای کرد بە خەڵکی کاری ئاهـەموار ئـەبێ
***

کتێبخانەی کوردستانی
www.Kaban.org

## سنوورەکەم

کوردستان بەهەشت رووی سەرزەمینە
بێشەی شێرانی خاوەن‌نگینە
داروبەردەکەی چەشنی گەوهەرە
ئاو و سەرچاوەی عەینی کەوسەرە
وەسفی کوردستان قەت تەواو نابێ
تووڵی نادەمێ، ئیتر کۆتا بێ
بەڵام سنووری بەبێ زیاد و کەم
بۆت بەیان ئەکەم بەبێ دەرد و خەم
بەپێی نووسینی جوگرافیاکان
تەرەفی غەربی بۆت ئەکەم بەیان
لە کێوی تووړووس تا ئەسکەندەروون[1]
هەتا بەحری ڕەش بەبێ چەند و چوون

١. وەرگیراوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تـەرەفی شـیمال هـەر لـە بـەحری ڕەش
هــەتا ئاردەهــان بــەبێ غــەل و غــەش
لـــە ئاردەهـــانۆ بـــۆ ئـــاوی ئـــاراس
ئەمـــە شـــیماڵە، بـــە عیلمـــی قیـــاس
تـــەرەفی شـــەرقی لـــە کێـــوی ئەڵـــوەند
تـا گـۆلی ورمـێ، بـەبێ چـوون و چەنـد
بچێتـــۆ ئـــاراس، گشـــت ڕۆژهەڵاتـــە
ئەمـــــە مەشـــــریقی کوردســــــتاناتە
لە کێـوی ئەڵـوەند تـا جەبـەل حـەمرین
ئـــەهواز و ژەنگـــار، پارچـــەی نەســـیبین
ئەمـــــە جنووبـــــە، چـــــاکی بزانـــــە
نـــاو ئـــەم ســـنورە خـــاکی کوردانـــە

***

دیوانی قانع
کتێبخانەی ئەلیکترۆنی کوردستانی
www.kibari.org

## ئاڵاکەم

ئەی ئـاڵای بـەرزی سـێ ڕەنگـی جـوان[١]
هــەر شــەکاوە بی، تــا ئــاخر زەمــان
تــــۆ یادگـــــاری ســـــەلاحەددینی
خــوا کۆمــەکت بــێ، چەنــدە شــیرینی

***

کوردان بەبێ تـۆ، چەشـنی ئەسـیر بـوون
لــەناو زینــدانا بەنــدی زنجــیر بــوون
لاوی کوردســــتان هیممــــەتی نــــوان
کــە تــۆی هەڵــکرد و زنجــیری شــکان
کــەریم خــانی زەنــد، بابــا ئــاردەڵان
فیــداکاری تــۆن، بــە دڵ و بــە گیــان

***

ســـــووریت نیشــــانەی شــــەهیدانمانە
ســەوزیت نیشــانەی دەخــڵ و دانمانــە
ســـپیت نیشـــانەی ئاشـــتی ولاتـــە
ڕۆژی ڕوونـــاکی ڕێگـــەی نەجاتـــە[٢]
گــەنمت یانــێ هــای کــوردە بزانــە
نــانی خــۆت مــەنێ دەســتی بێگانــە
قەڵـــەمت مانـــای، تـــا ڕۆژی مـــردن
تێکۆشــن لــە ڕێــی زانــین و خوێنــدن
ئیتــر هــەر بــژی ئــاڵای کوردســتان
هــەر پایــەدار بی تــا چــەرخی دەوران

***

١. ساڵی ١٩٤٦ وتراوە.
٢. لە دەستنووسێکی کۆندا نووسراوە: ڕۆژت، ڕووناکی ڕێگای نەجاتە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## خەونێک لە دەروونما[1]

دوێنێ لە سەعات پێنج و شەشی شەو
لەسەر جێ نووستم چاوم چووە خەو
ڕێم کەوتە چۆڵێ، دەشتێکی بێئاو
تیا دانرابوو قەنەفە شکاو
هەنارە کۆڵە و دوو بن سێفەتاڵ
وەک هەنارەکان دەربەن کەڕەجاڵ[2]
شیرێکی ترشاو، هەنگوینێ کۆنە
هەر من ئەزانم تامیان چلۆنە
تێکەڵ و پێکەڵ لەویا ڕژا بوو
زەردەواڵە و مێش، تێی ورووژا بوو
چەن پیرەژنێ چڵکن و پڵکن
کەپوولە نەماو، بناگوێ کولکن
لامل چرچ و لۆچ، هەموو کووڕە پشت
خۆیان ئەدۆزی و ئەسپێیان ئەکوشت
ڕیزێ کۆلیتی هەیوان گێچخواردوو
دیوار داڕووخاو، بێ دار و پەردوو

***

پرسیم لە پیاوێ زادەی ئەو جێیە:
کاکە گیان! ئەمە خێڵە یان دێیە؟
وتی: قوربەسەر، ئەمە جینانە
جێی مەلا و دەروێش، سۆفی و شێخانە

---

١. شاعیر لە خەویا چووەتە بەهەشت، خەوێکی کاریکاتێریانەیە.
٢. شوێنکە لە نزیکی شاری خورماڵ.

کتێبخانەی ئەلیکترۆنی www.mahabad-ari.org

وتم: خـۆ بەهەشـت، خۆشـی مەشـوورە
ئەمـە بـۆ وێـران، وەک شـارەزوورە؟[1]

وتـــی: بۆیـــەکا وا دارزاویـــن
هـــەزاران سالـــە، دروســـت کـــراوین

کارەبـا نـەبوو، گەرچـەکمان سـووتان[2]
سـەیارە نـەبوو، بـە کـەر ئەگـەڕان

کاتـــێ کارەبـــا هاتـــە ڕووی دنیـــا
ئێمەش بـۆ تـەعمیر، عـەرز و حالـمان دا

مـــدیری بەهەشـــت وەکیلـــی گشـــتە
کـە چارەنووسـی ئێمـەی لـە مشـتە

ئــەو ڕازی نــەبوو بــە عیلمــی کــافر
عـەرز و حالـەکەی خسـتە نـاو ئـاگر

***

جـاریَتـر داوای تـەعمیراتمان کـرد
بۆ باخ و حـەمام، کۆشـک و جـادە و پـرد

کـەم و کورتیمـان هـەموو تیـا نووسـی
بـەڵام شـێخ مـدیر هـیچ لێـی نەپرسـی!

ئەوەنـــدە ئـــێش و ئازارمـــان نۆشـــی
لـە دەس هـەژاری و پیسـی و نەخۆشـی

***

نوێنـــەرمان چـــووە خزمـــەتی مـــدیر
سـکالایان کـرد لـەبارەی تـەعمیر

---

١. لە سەردەمی دانانی ئەم شیعرەدا شارەزوور زۆر چۆڵ و وێرانە بووە.
٢. ڕۆنی گەرچەکیان ئەکردە قوتیلەی چراوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مــدیریش فــەرمووی ســەیرتان لایــە
داخـــوازی ئێـــوە لام کـــا و بایـــە
خەستەخانەی چـی؟ چـۆن دائەمـەزرێ؟
موختەبەری خوێن کەڵکی کـێ ئـەگرێ؟
حـەبی گـەورکرد![1] کـەی بـۆ ئیسـلامە؟
ئەبوودووجانــە[2] بــۆ خـــاس و عامــە
چیمـەنتۆ و شـیش و کارەبـاری بـێفـەڕ
لــەناو بەهەشـــتا قــەت ناکەونــە گــەڕ
بــۆ داوا ناکــەن بــۆ زەرگ و شمشــێر؟
یــەکتر ســەڕبڕن، وەکــوو بــەرخی نێــر؟
ئێـــوە چیتانـــە لــە پــرد و جـــادە؟
تــەپڵ و بەیـــداختان بکـــەن ئامـــادە[3]
خـــانووی کۆنکرێـــت بـــەکارتان نایـــە
هــی کافرەکـــانی ســـەر ڕووی دنیایــە
ئیجـــازەی مـــار و دووپشـــک داوا کـــەن
ڕادیـۆ و تەلسـز و خوێنـدن ڕیسـوا کـەن
وەفـــد گەڕایـــەوە بـــەدڵ یەشـــاوی
بــە ســـەرگەردانی و بــە لێقــەوماوی
ڕاچـەنیم لـە جـێ کـە ڕوانـیم شـەوە
بـۆم ئاشـکرا بـوو، چـیم دیـوە خـەوە...

***

---

١. واتا دەسکردی گاور، ئەوانەی کە ئیسلام نین!
٢. دوعا و نوشتەی شێخەکانە.
٣. تەپڵ و بەیداخی دەروێشی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



قانع و حەمەبۆر

جوندی مەجهولی کۆن لە بەغدا سەرەتای ساڵی شەستەکان وێنەکە گیراوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کارکەناری میکایل

ڕۆژێ میکائیـــل وتـــی بـــە خـــوا[1]
چــاکی؟ چلــۆنی؟ ئاغــام، مەرحــەبا
ئەمساڵ چەنـد هــەزار منالـی گـەدا
لــە ملــکی عــەدەم هێناوتــە دنیــا
هــەرچی ئەگــەڕێم هــەمار و قــوژبن
ڕزقیان ئەسڵەن، نییە لـە لای مـن؟
بەخێویان نەکـەی، لـە تـۆ ناپرسـن
لە گۆڕەی شـێخ و مـەلات ناترسـن
ئــەوە کلیلــی هـــەماری چۆڵـــت
ئــەوە حیســابی دەف و کەشکۆڵــت
پیاوەتیــت ناکــەم، نەڵــێی مەلەکــە
ئەبم بە بەردەســت کــەریم ئەلەکـە[2]

***

---

١. میکائیل ـ گوایە ئەو فریشتەیە کە ڕزق دابەش دەکات.
٢. کابرایەکی زۆر دەوڵەمەند و جوامێر بووە و یارمەتی هەژارانی داوە لە سلێمانی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rahini.org

## کوشتوبڕ

سـەرلەنوێ وا مەکینـەیی ئەفسـاد
کەوتە ئیش یەعنی دەستی ئیستیبداد
سـەرلەنوێ نۆکـەرانی ئیسـتیعمار
قاپیـەوانانی مەرکـەزی دۆلار
سەرلەنوێ چنگی ڕەجعیـەی غـەددار
سوور کراوە بە خـوێن کچـانی هـەژار
سـەرلەنوێ تـەختی گەندەڵـی تـاران
هاتـەوە کایـە بـۆ ئەجـەل بـاران[1]
چەندە زیندانی سەختی پـڕ ئەنـدێش
بوونە مەڵبەندی چینی زەحمـەتکێش
بـیری ڕۆشـن خـەلاتی لێدانـە
نیشـتەجێی کـونجی تـاری زیندانـە
لاوی ئـازادیخوا ئەناڵـێنێ
کـەی بـێ تۆڵـەی ولاتـی بسـتێنێ؟

١. گەڕانەوەی ڕژێمی کۆنەپەرستانەیە بەسەر دەسەلاتی نیشتمانی موسەدقدا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

موعتەقـەل لیـپ و بەندیخانـە پـڕە
پیـاوی زانـا تـەوژمی فیکـری سـڕە
سەربەسـەر ئـەم وڵاتـە خوێنـاوە
شـەربەتی شـادی مـەرگ و زووخـاوە
شـەق وەشـاندن شـیعاری قانوونـە
فیکـری میللـی زەبـوون و مەفتوونـە
جـوان و پـیر لـە ژیـان هەراسـانە
دەک بە لەحنەت بێ حوکمی شـاهانە
هـەر لەسـەر ئـەمری حـەزرەتی دۆلار
لاوەکانمـان کـران بـە عیبرەتـی شـار
چیت نەکرد، ئەی دۆلار و ئیستەرلین؟
خوێن ڕژانن کـرا، بـە پەیـڕەوی ژیـن
چیت نەکرد ئـەی گـرۆی خیانـەتکار؟
بە سەراسـەر وڵات و خەڵـکی هـەژار؟
گوێ گرە پێت ئەڵێم کـە ئـەم خاکـە
گـۆڕی تـەیموور[1] و قـەبری زوحاکـە[2]
کۆمـەڵان هێـزی تۆڵـە پێـک دێـنن
حـــوکمی دۆلار و شـــا ئـــەڕووخێنن

***

١. تەیموری لەنگ (شەل).
٢. زوحاک ـ ئەژدەهار.

## كۆچی دوایی ....... ئاغا

شۆرێ كەوتە ناو كۆمەڵی سەگان[١]
یەكێ ڕای‌ئەكرد، یەكێ ئەیقۆڕان
بوو بە زایەڵە و بە چەمەرچۆپی
بوو بە ئەوڕۆژە قەرەی تیا تۆپی
(نعوذبالله)، بوو بە هەرایێ
بوو بە عەجایەب ڕۆمەڵخەزایێ
وەرن جاڕ بدەن بە كوردستانا
تایەفەلملووک، كورد و گۆرانا
ئیتر سەگ ڕەحەت، سەگەوان ڕەحەت
ئیتر ئاش ڕەحەت، ئاشەوان ڕەحەت
كێ بێ جەریمەی ناحەق بسێنێ؟
ڕیشەی مەزڵوومان لە بن دەربێنێ؟
كێ شەكە زەكات كۆ بكاتەوە؟
سەرفیترەی مەلا گڵ بداتەوە؟
بۆساڵی فەوتی هاتە گفت‌وگۆ
(بڵێ ئەی بابە ئاغای دخۆن ڕۆ)

***

١. بۆ كۆچی دوایی ئاغایەكی دڕندە دانراوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

## لادێی و بزن فرۆشتن و هەڵبژاردن

ڕۆژێ کابرایـــەک دانیشـــتووی دێهـــات
دوو بـــزنی هێنـــا و بـــۆ نـــاو شـــار ئـــەهات
کـــە بیانفرۆشـــێ بـــۆ پێویســـتی مـــاڵ
گەیشـــتە ناوشـــار ســـا بـــە هـــەر ئـــەحواڵ
ئـــــەو ڕۆژە ڕۆژی هەڵـــــبژاردن بـــــوو
لـــە هـــەموو شـــارێک نائیـــب نـــاردن بـــوو

***

کـــوڕێکی شـــاری گەیشـــت بـــە کـــابرا
وتـــی: هـــا چـــۆنی ئـــەی دەســـتەبرا!!
خـــەریکن ڕەئـــی ئـــەدەن بـــۆ نوێنـــەر
تـــۆیش بـــڕۆ ڕەئیـــت بخـــەرە دەفتـــەر
لادێـــــیی وتـــــی ڕەئـــــی چلۆنـــــە؟
ئـــــاخۆ تازەیـــــە یـــــاوەکوو کۆنـــــە؟
مـــن بـــە تەمـــەن خـــۆم ڕەئـــیم نـــەدیوە
لـــە هـــیچ کەسیشـــم هـــیچ نەپرســـیوە
نـــازانم ڕەئـــی خواردنـــە یـــا پۆشـــاک
نـــازانم ئایـــا بـــێ‌فـــەڕە یـــا چـــاک!

www.rabati.org

مـن هـەموو ڕۆژێ دێم بـۆ نـاو بـازاڕ
بـۆ ڕەئـیم نـەدی لای حـاجی و توجـاڕ؟
ئـاخۆ بـە متـرە یـا بـە کێشـانە؟
ئـاخۆ بەرتەسـکە یـا بـەری پانـە؟
بـە دەسـتە ئەیـدەن یـاخۆ بـە دانـە؟
نرخـی گرانـە یـاخۆ هەرزانـە؟
ئـەر شـتی چاکـە هـەردوو بزنەکـەم
ئەیـدەم بـە ڕەئـی بـێ زیـاد و کـەم
ئەگـەر خراپـە بـۆچی بیکـڕم؟
نـانی خێـزانی برسـی ببـڕم؟
ئـەو بزنـە ئەیـدەم بـە ڕەئـی بێفـەڕ
ئەیدەم بـە کـڵاش بـۆ پێـی ئەحـە کـەڕ!
کـابرای شارسـانی لێـی هاتـە زمـان
وتـی: لادێـیی هـەژاری نـەزان
ڕەئـی بـۆ پیـاوی مەنـدووب دانـراوە
لـە وڵاتـێ یـەکێ دیـاری کـراوە
مەنـدووب یەکێکـە ئەچێتـە بەغـدا
بـۆ ناتـەواوی هەولـمان بـۆ ئـەدا
نایەڵـێ هـەرگیز زۆرمـان لـێ بکـەن
دەسڕەنجـی ئێمـە بـە بـایی ببـەن
قـەمچی بپـێچن لەسـەر و گوێمـان
بە خـوتوخـۆڕایی جـوێن بـدەن پێمـان
ئـەمانپـارێزێ چـون حـەقدارمانـە
لـە خۆمـان چـاتر ئـەو خەمخوارمانـە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لادێیی:

بـۆچی کاکـە گیـان! ئـەوە هـەر بـووە؟
ئیســـتە داهـــاتووە، یـــا پیشـــەی زووە؟

شارستانی:

نـــە، نـــە، براکـــەم! بـــووە تـــا بـــووە
مەجلیســـی نـــەواب، هـــەر پیشـــەی زووە

لادێیی:

ئەر مەنـدووب هەیـە، بـۆ دەسـەی زۆردار
هـــەر ڕۆژنـــەڕۆژێ ئەمبـــەن بـــۆ بێگـــار؟
ئەر مەنـدووب هەیـە بـۆچی مـام کوێخـا
لەســـــەر خـــــۆڕایی ئابـــــڕووم ئـــــەبا؟
ئەر مەنـدووب هەیـە و غـیرەت ئـەنوێنێ
ئاغـــا جەریمـــەم بـــۆ لـــێ‌ئەســـێنێ؟
ئەر مەنـدووب هەیـە تووتنەکـەم کوانـێ؟
ئەر مەنـدووب هەیـە دۆنمەکـەم کوانـێ؟
ئـەر مەنـدووب هەیـە بـۆچی هـەژاران
بـە برسـی ئـەگرین شەوسـوو ئێـواران؟
نـە ڕەئـیم هەیـە و مەنـدووبم ئـەوێ
بـزنم لـە مەنـدووب زۆر خۆشـتر ئـەوێ!
تـا ئیسـتە مەنـدووب هیچـی نـەکردووە
ئیتـر مـن چیمـە لـەم هـاتوچووە؟

***

## هاوڕێی خراپ

قەلەباچکەیــــەک لەگـــەڵ بولبولـــێ[1]
بوون بە دراوسێ، لـە باخچـەی گوڵـێ
کە وەختێ بەیان تلـووع دەرئەکـەوت
بولبـــولی هـــەزار ئیتـــر نەئەسـرەوت
بە ئاوازی خۆش، بە نەغمـەی حـەزین
دار و دیـــواری ئـــەهێنا گـــرین
وەک ئازیزمردوو، لەسەر پەڕەی گـوڵ
سەدای چەهچەهەی ئەیدا لـە نـاو دڵ
هەر تاوێ دەنگێ، هەر سـات مـەقامێ
هەر کاتێ شیعرێ، هـەر دەم کـەلامێ
موختەسەر بولبـول، بـە گریـە و زاری
پیاوی سەوق ئـەکرد، بـۆ بـێقـەراری
قەلەباچکـــە زۆر پێـــی نـــاخۆش بـــوو
لـە داخـی بولبـول دایم بێهـۆش بـوو
ئەیوت ئـەی خـوا، بـەختم بـۆ وایـە؟
بۆ بووم بە هـاوڕێی ئـەم بـێحەیایـە؟
ئەگەر بەدبەختی و بـێشانسـی نـەبێ
ئاخر من لە کوێ و سـازنە لـە کـوێ؟

---

١. فیکری ئەم شیعرە لە بەرهەمەکانی خوالێخۆشبوو سەعدیی شیرازی وەرگیراوە. لـە ئەسـڵا فیکرەکە هیندییە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خــوا! نامــەوێ هێلانــەی نــاو گــوڵ
بەو شەرتە نەبم بـە هـاودەم بولبـول!
لایـەق شــەئنی مـن، گــەر خــوا بیـدا
کــەرێ بتۆپــێ، لــە قــەراخ دێــدا
لــە بــەین ســەگەلدا کوتــێ بــڕفێنم
تــا دەمــم ئــەگرێ بــۆ خــۆم بقــڕێنم
بولبولیش ئەیوت خـوای بـانی سـەر
مـردن خۆشـترە لـە ڕەفیقـی کـەر!
خۆزگەم بەو کەسەی بۆ خۆی مـردووە
لــە هــاوڕێتی کــەر نــەجاتی بــووە
چەن خۆشە کە مـن نەغمـە بخـوێنم
دەمــاری خەفــەت لــە دڵ دەربێــنم
ڕەفیقەکەیشــم یــا خوێنــدەوار بــێ
یــاخۆ عــەوامێ ژیــر و هوشــیار بــێ
ئیستە ئەم کەرەم چۆن بۆ تـێبگـات؟
چــۆن تێــیگەیــەنم لــە ئــەدەبیات؟
چۆن تێیگەیەنم، کە ئـەدیب چاکـە؟
کە پیـاوی ئـەدیب خـادم بـە خاکـە؟
هــەر بــە ئەدیبــە لاچــوونی میحنــەت
هــەر بــە ئەدیبــە هوشــیاری میللــەت
هــەر قــەومێ قــەدری ئــەدیبی زانی
ئەگاتــە مەقســەد، زۆر بەئاســانی
گەر ئـەدیب نـەبێ، میللـەت مـردووە
هەر بژی ئەدیب، ئـەدیب زینـدووە...

***

کتێبخانەی ئەلیکترۆنی www.iabaa.org

## کۆلکە شێخێک و مەلەوانێک[1]

شـــێخە نووشـــتانێ لـــەل مەلـــەوانێ
بووبـــوون بـــە هـــاوڕێ، لـــە بیابانـــێ

یـا شـێخ ڕووی تێکـرد، وتـی بـە کـابرا:
هیچـت خوێنـدووە ئـەی دەسـتە بـرا؟

کابرا ڕووی تێ کرد وتی یـا شـێخ گیـان!
هیچ خوێنـدەوار نـیم، مالـم بـێ وێـران؟

یا شێخ خۆی گیف کرد، بۆی هاتـە وەلام
وتـی بـە کـابرا: هـەی ...ی نـەفام!

قابلـــت چییـــە؟ بێیتـــە نـــزیکم
لـە گفـتوگـۆدا بی بـە شـەریکم!

مـن زگـی ژنی نـەزۆک پـڕ ئەکـەم[2]
بـە دوعـا مـار و دووپشـک قـڕ ئەکـەم[3]

خێـوی سـەرکانی و جنۆکـەی هـەردان[4]
هالـی نـاوزگ ژن، شـەوەی منـالان

ژن لـە لای مێـردی خۆشـەویس ئەکـەم[5]
یا بـە نووشـتەی ڕەش نەگریسـی ئەکـەم

---

١. فیکری شیعرەکە لە ئەدەبی فارسییەوە وەرگیراوە.
٢. واتا بە زەبری نووشتە ژن ئاوس دەکەم.
٣. دیسان بە حوکمی نووشتە نووسین مار و دووپشک لە ناو دەبات.
٤. ئەمانە ناوی وەهمی و کەرەسەی خەلک پێخەلەتاندنی شێخەکان بوون.
٥. واتا بە زەبری دوعای چەوری و شیرینی و دوعای ڕەشی چۆن ئارەزووی بێ وا دەکا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بـە کـورتی یـا شـێخ لەگـەڵ مەلـەوان
ڕۆیـــن گەیشـــتنە ئـــاوی فـــراوان
یـا شـێخ ڕووی کـردە کـابرای مەلـەوان
وتـــی: چلـــۆنی کـــاکی پاڵـــەوان؟
کـــوێراییم دایـــە، مەلـــە نـــازانم
هیـوام هـەر تۆیـە، دەردت لـە گیـانم
خۆزگـە لـە بـاتی نووشـتە نووسـینم
مەلـەم ئـەزانی، گیـانی شـیرینم[1]
کـابرا کـە زانی یـا شـێخ ترسـاوە
لـە تـرس ئاوەکـە، هۆشـی نـەماوە
وتی: یا شێخ گیان، کوانێ نووشـتەکەت؟
کـوا جنۆکـەکوژ، تووشـووی پشـتەکەت؟
بە دوعا و نووشتە و حیلـەی نـاو دەفتـەر[2]
دەی خۆت نەجات دە، لە گێـژی خەتـەر

**قانع:**

پێویستە گشتکەس هەروا سەهل و سووک
خۆی بە زل نەگرێ و خەلکی بە پچووک
هـەر شـتێک ڕۆژێ بـە کـاری تـۆ دێ
هەر شت ئیشـی خـۆی ئـەکا جـێبـەجێ

***

١. لە دەستنووسەکەیدا بەم جۆرە نووسراوە: مەلەم زانیبا، گیانی شیرینم.
٢. لە دەستنووسەکەیدا بەم جۆرە نووسراوە: بە دوعا و نوشتە و کتێب و دەفتەر.

کتێبخانەی ڕەباز www.rabaz.org

## لەگەڵ تاوسی تانجیدا

تـاوس! مـن و تـۆ هـەردووکمان پیریـن
یـەک لـە یـەک بـەدتر، مـات و زویـرین
مـن دوعـا بـۆ نـان، تـۆ دوعـا بـۆ مـن
دۆس دێتە سەیرمان، چ جیـایی دوژمـن!
تـاوس! ئـەزانم حاڵـت بـێ‌حاڵـە
هـیچ خەفـەت مـەخۆ وا نیـوەی ساڵـە
پێـنج شـەش مـانگی‌تـر بـە ئیـزنی خـوا
یـا جووتـێ هێسـر، یـاخۆ جـووتی گـا
ئەخەمـە زەوی جـووتی پـێ ئەکـەم
بـە تێـر و تەسـەڵ نـانی تـۆیش ئـەدەم
کەواکـەی بـەرم حـەوت سـاڵ تـەواوە
هـیچ کـەس نازانـێ لـە چـی دووراوە
ساڵـێ تـر ئەیکـەم بـە جلـی بـەرت
بـا کۆڵـنج نەکـەی، نەداتـە سـەرت
بـەڵام وا ئیسـتە فەسڵـی زسـتانە
وادەی کلیلـەی بـەفری کوێسـتانە
دەسـا بتبیـنم، ئـەی شـێرەکەی خـۆم
کەروێشک و ڕێـوی چلـۆن ئـەگری بـۆم؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مــــەنوارە بـــــەوا کـــــز و دامـــــاوم
هـــــەتا بمێــــــنم عاشـــــق بـــــەڕاوم

وەڵامی تاوس:

قــانع! هــیچ کەســێ نازانــێ تــۆ چیــت
لــــە مـــــن خراپتـــــر، دائیمـــــە برســـیت
نە شێخ، نــە مــەلا، نــە ئــوممی، نــە بــەگ
تۆ خۆت نان بخۆ، چیت داوە لە ســەگ؟!
تــۆ کۆنــە فــەقێی پــەروەردەی مزگــەوت
ئەوەنــدەت دیــوە لــە لار و لــە چــەوت
ســــــەدهەزار شــــــرم بـــــە نیوەشـــــرت
دەســـم بـــە گـــونی (کوتــەک)ی کـــورت
ئــەو وەختــە زانــیم کــە تــۆ بــێ‌نــانی
لــــە مــــن خراپتــــر، دڵ پەرێشـــــانی
کە خەریک شــیعری، شــیعریش نەگبەتــە
ژیـــنی شــــاعیران خـــەیلێ زەحمەتـــە
تــا تــۆ شــاعیر بی و مــن تــانجیی تــۆ بم
لەمـــــە خراپتـــــر، هــــــەر ڕەنجـــــەڕۆ بم
وا مــــن خـــــەریکم لــــە برســـا ئــــەمرم
لــە بــاتی کەروێشــک مــەر گونــت بگــرم

***




www.raberi.org

## وەسیەت

ڕۆڵـە مـن ئـەمرم، لـە پێشـا هۆشـی ئیمانـت ببـێ
بـیری هـۆز و نیشـتمان و ژیـنی کوردانـت ببـێ
ڕۆڵـەکەم! هێنـدە بخوێنـە ڕووی شـارانت ببـێ
هەوڵی تەنها خۆت نەدەی، هەر هەوڵی یارانـت ببـێ
تۆش وەکوو من فەرموو فەرمووت با نەبێ، ئەی چاوەکەم!
هۆشی خۆتت بێ دەخیلـە، کـوێر نەکـەیتۆ ناوەکـەم

***

ڕۆڵـە، مـن تـاوێ مـەلاو و لـەحزەیێ دێوانـە بـووم
تاوێ سۆفی خانـەقا و گەهــ لـە نـاو مەیخانـە بـووم
تـاوێ هـاوڕێی کۆمـەڵ و تـاوێ تـەواو بێگانـە بـووم
تاوێ وەک ڕەندی قەلەندەر، جار جار شـێخانە بـووم
بەم هەموو جۆرە لەگەڵ کـوردا زەمـانم بـردە سـەر
ئاخری هەر یەک نەکەوتین، گشت بلاو و دەربـەدەر

***

ڕۆڵە گوێ بگرە بە جوانی بـۆ (بەڵـێ قوربـانی) مـن
بـۆ کـزی و لارەملــی لای ئاغــا و خانــانی مــن
جا ئەزانی چۆن بـووە و چـۆن ڕۆییـوە دەورانی مـن
کەس بە حاڵی من نەبێ، بۆ باری سـەر شـانانی مـن
سەد هەزار زانین بە پوولـێ ناچـێ لای ئـەربابی زەڕ
تا بزانی ئـەو خراپتـر لێـت ئـەبێ بـە شوملـی شـەڕ

***

ڕێگەیێکت پێنیشان دەم تا بژیـت بـۆ خـۆت جـوان
پرچی شۆڕی لێدروستکە و ڕیشی گرژ و لوول و پان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر وەکوو خۆت خەڵقی کەر کە و بیبە بۆ لای شـێخەکان
نیوی بۆ تۆ، نیوی بۆ شێخ، ڕەنجی سۆفی هیچنـەزان
لێخوڕە و لێدە و برۆ، لاباری خـۆت بگـرە لـە مشت
کوردیچی؟ نیشتمانیچی؟ بۆ کورد چلۆن خۆتدەی بەکوشـت؟[1]

***

گەر ئـەوەت لا زەحمەتـە هەسـتە بـڕۆ قـاپی سـەرا
وەرگـرە هـیچ گـوێ نەدەیتـە ئاشـنا و بـاوک و بـرا
لەو شەریکە تۆ شەریک بە، بـەش ببـە هـەرچی کـرا
مالــی مســکێنی هــەژارە بــۆ ئەفەنــدی دانــرا
پـارە پەیـدا کـە بزانـە دیـنی چـی؟ ئیمـانی چـی؟
خوێنی میللەت هەڵمژە، ئینسافی چی؟ ویژدانی چی؟[2]

***

ڕۆڵە، گەر قاپی سەرا هـات و نـەبوو بـۆ تـۆی هـەژار
باڵی لێهەڵماڵە چابوک دێ بە دێ و شـار بـە شـار
کۆمەڵی پێکۆ بنـێ، هەریـەک بـە نـاوی موسـتەعار
تا حکومەت پێت ئەزانێ و تۆش ئەخاتە ئـیش و کـار
چوویتە سەر کورسی بزانە، پارە چۆن پەیـدا ئەکـەی
چۆن بە ناحەق کوردی بێ پشتوپەنا ڕیسـوا ئەکـەی![3]

***

١. لەم شیعرەدا ڕوو دەکاتە زاتێکی بە ناو کوردپەروەر.
٢. تانەیە بۆ هەندێک کاربەدەستی گەورەی بە ناو کوردپەروەر.
٣. ئەم نیوە شیعرە بە دوو جۆری تریش لە دەستنووسەکانا هەیـە کـە سەرزەنشـتی هەنـدێک کۆمەڵی بەناو نیشتمانی ئەکات.

www.rabari.org

## باسی نۆکەری پیر

ڕۆژێ لــە ڕۆژان خزمــەتکاری پــیر
پیرێــک داوەشــاو، زۆر مــات و زویــر
بـۆ نـان و بـۆ بـەرگ کەوتـە ڕا و بـیر
چــارەی بــڕابوو، نــەیمــابوو تــەگبیر
چــوو بـۆ مــاڵ ئاغـا، ئاغاکـەی جـاران
چوون پاشخوانخۆر بوو، شەوسوو و ئێواران
وتی: ئاغای خۆم! خـاوەن دیوەخـان!
لــە ماڵــما نییــە تــەنیا لــەتێک نــان
فریــــام نەکــــەوی کــــارم تــــەواوە
زەنگــــی بــــەدناویم زۆر چــــاک زڕاوە
پێویســـتم بـۆ بـەرگ، بـۆ نـان و ئـاوە
تەمــەنی گــەنجیم بــۆ تــۆ فــەوتاوە
تــاکوو هێــزم بــوو، دێم بـۆ ســووتانی
پیــاوم بــۆ کوشــتی، تــاڵانم هــانی
دزیم بـــۆ کـــردی، زۆر بـــەنیهانی
چەن چەتەییمکرد، هیچکەس نەیزانی
ژنم بـۆ هێنــای، شــەو بـۆ کۆڵانــان[1]
بە پشت سەر تۆ بووم، گوێبانەوگوێبان

---

١. ئەم دێڕە ڕەوشتی دەربەگایەتی دەرئەخا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تۆ خەریک... بووی،من خەنجەرکێشان
ڕۆژی تەنگانەش، ئەچووم بـۆ مەیـدان
ئەچووی بۆ دیدەن، من لە پێشت بووم
وەک‌کەری چەرچی، هەر کۆلکێشتبووم
نۆکەری خۆت و خزم و خوێشت بـووم
شەریکی خەم و دەرد و ئێشـت بـووم
بێشـکەم ڕائەژەنـد بـۆ خـانم لـە مـاڵ
ئارەقم ئەسڕیت، بە گۆشەی دەسماڵ
هەڵـمئەکێشـای وەک ڕۆسـتەمی زاڵ
دەفـر شـۆرینی نـاو مـاڵ و منـاڵ

وەلام:

کوێخـا خواکـەرەم، پـیر و داڕزیـو!
گاڵتەجاڕی هۆز، گشـت هەتیومـەتیو!
بـۆچی نافـامی، کوێخـای دنیـادیو؟
تـازە تەماتـە بی بـە خـاوەن زیـو؟
ڕەسمـی نۆکـەری نـازانی چۆنـە؟
خزمـەتکار پـیر بـوو تـەقویمی کۆنـە
بـرۆ ناتناسـم، موختەسـەر کـەلام
نەخڵەتێی هەرگیز بۆ ئـیش بێیتـە لام

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabtt.org

## تۆبە کردن

وا پیــاوێ عــومری چــووە حــەفتا ســاڵ
بــێتێگەیشــتن، بــێعــەقڵ و کــەماڵ
چاکــەی نــەکردووە، خێــری نــەکردووە
قەسەمی بە ڕاســت هــەرگیز نــەخواردووە
نازانــێ ئیمــان چۆنــە و چــۆن نییــە!
بەهەشــت چلۆنــە و جەهەنــەم چییــە!
نازانــێ ئەســڵ و فــەرعی دیــن کامــە!
کــێ جوولەکەیــە یــا کــێ ئیســلامە!
وەختــێ کــە پــیر بــوو، قــووەتی نــەما
شــــەریکە دزی شــــەریکی ناکــــا
ئەگــەرچی جــاران بــە قــووەت بــووە
کــۆڵ هەڵــگرتنی لــە دەس دەرچــووە
دەرەقــەت هــیچکــەس نایــە بــە زۆران
تــا جــەردەیی کــا وەک جــاری جــاران
ئــەمجا ئــەزانێ هیچــی بــۆ نــاکرێ
ئەمــڕۆ و ســۆزییەک خاترجــەم ئــەمرێ
ئــەڕوا بــۆ تەکیــەی شــێخان بــۆ تۆبــە
ســەدهەزار کــەڕەت تۆبــە لــەو تۆبــە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شێخیش چ شێخێ؟ شێخی ناو ژنان
سمێڵ خەناوی، سەرتاپا جوان
بێفکر و بێبیر، لە کەس نەپرسێ
نەزان و ڕۆحزل، لە خوا نەترسێ
ئەڵێ بە کابرا تۆبەکەت چاک بێ
پیاوی تۆبەکار ئەبێ دڵپاک بێ
خۆت بهاوێژە ژێر بەیداخی من
من ئەتپارێزم لە دۆست و دوژمن
ڕزقت زیاد ئەکەم، کورت پێ ئەدەم
داخڵ بە کۆمەڵ بەهەشتیت ئەکەم
بەلام تۆش ئەبێ مانگێ دەفعەیێ
ئەگەر پێت نەکرا، چل شەو نۆبەیێ
دیاریم بۆ بێنە هەرچی ئەتوانی
هەر شتێ کە خۆت بە چاکیەزانی
خزمەتی من کەی چاکە تا خێزان!
خێزان لەگەڵتا نایەنە دیوان
فریات ئەکەوم لە ئازار قەبر
نەجاتت ئەدەم لە ڕۆژی حەشر
ئەمجا ئەم کابرا هێندە ئەحمەقە
هەتاکوو ئەمرێ کۆڵکێشی خەڵقە
دەس شێخ ماچ ئەکا و دێتەوە بۆ ماڵ
لێی کۆ ئەبنەوە ڕانکوچۆخە شاڵ
یا خۆڵی مەرقەد یا تیکەیەک نان
دێنێتۆ بۆ ناو کۆڕی مریدان
لە ماڵی شێخا هەرچی ئەبینێ
لەناو خێزانا یەکیەک ئەیخوێنێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabt.org

ئەڵێت ئەی خەڵکە شێخ چەندە جوانە
حەمەیاڵ لە مل، لفکە لە شانە
چەن نەرم و شلە دەستی جوانی
هەزار ماشەڵلا لە ناو چاوانی
کەوای گروونی، سەڵتەی تاقمدار
چەتفەی مەلیکی، کێش و کلاولار
خەنجەری دەبان، تەواو کالان زەڕ
سەرتاپا بالای وەک ڕێحانەی تەڕ
کە لەگەڵ شێخژن دانیشن لە ماڵ
شەیتان کوێر ئەکەن بە لفکەی دەسماڵ
ڕوومەت توند و تۆڵ، چاو و برۆ گەش
ڕەنگسوور و بۆخۆش، وەک گوڵاڵەی گەش
کە نواڕی بۆ من شێخی بالابەرز
وەک بی ڕووی شەتاو، کەوتمە لەرزەلەرز
لە پاش نیوسەعات هاتمەوە سەر هۆش
دیاریەکەم دانا، بە دڵێکی خۆش
ئەمجا شێخ فەرمووی مریدەکەی خۆم
بێنە بزانم چیت هێناوە بۆم؟

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## دەستی یەک بگرن

میللـەت دەخیلـە، هەسـتن بـزانن
ئێـوە شـەریفن، خـاوەن ویـژدانن
سەرێ بەرزۆ کەن، چاوتان ببینـێ
پیاوێک بە تەنیا، هۆزێـک ئـەژێنێ
دەوڵەمەن تۆزێ لـە خـوا بترسـێ
هەواڵـی هـەژار جارجـار بپرسـێ
با سێقات نەبێ خانوو و سەراکەت
پارەی قاتێکیـان بـدە بـە براکـەت
تـا بیـدا بـە نـان بـۆ بەچکـەکانی
ئەویش بـەش ببـا لـە زینـدەگانی
چەن خۆشە برسی تێر بکەی لە نان
خۆت بۆ بە کوشت دا، لە ڕۆژی مەیدان
دەوڵەمەن! مەڵێ قسەی بۆ خۆیە
نـەبوونی هـەژار، نـەبوونی تۆیـە
تۆ قەسری سێقات بۆ بکەی بەماڵ
من نەمبێ زنجێ بۆ خۆم و منـاڵ؟

***

## شیوەن بۆ فایەق بێکەس

دیسان هەوری خەم وەک جاری جاران
خەم ئەبارێنێ لە باتی باران
ناڵە و چەخماخە و بروسکەی لە دوور
هانی و ڕژانی لەسەر شارەزوور
دای لە بنچینەی زانینی کوردان
قوڕی دا بە چاو دەستەی هامفەردان
قەڵەمی لە دەس فایەق خستە خوار
لە دنیا دەرچوو، بێکەسی هەژار
بڵێن بە گوڵان هەر دیلی خاک بن
لە من خراپتر دیدە نمناک بن
گۆیژە هەر بگری تا ئاخرزەمان
کێ بتلاوێنێ بە ئەشعاری جوان؟
با پیرەمەگروون پیر و زویر بێ
تا ڕۆژی مەحشەر ئەوی لە بیر بێ
چونکە دوای بێکەس، بێکەس ئەکەوێ
کەس ناوی نابا و هیچکەس نایەوێ
زەڵم و تانجەرۆ بێنە سەر گریان
لافاوی فرمێسک بەرن بۆ سیروان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بڵـــێن شـــاعیری هـــۆزی کـــوردان ڕۆ
لــە شەشــی ئــەیلوول شــێری مەیــدان ڕۆ
کاتــێ کــە بیســتم، دایکــی خــاکی ڕەش
شـــاعیری وەهـــای گرتۆتـــە بـــاوەش
بــۆ ڕۆژی فــەوتی نــەویم لــە قەڵــەم
بــە چــاوی تــەڕ و دڵــەی پــڕ لــە خــەم
گــوێم گــرت کوردســتان بــە شــین و زاری
بــە هــەیڕۆ هــەیڕۆ و بــە بــێقــەراری
ڕوانـــیم قەڵـــەمی گرتـــووە لـــە دەس
مێـــژوو ئەنووســـێ بـــۆ فایـــەق بێکـــەس
شــەوی یەکشــەممە لــە هــەژدەی ســەفەر
لــە نــۆزدەی کــانوون، لــە کــۆڕ چــووە دەر
بــە پــیتی ئەبجــەد، نووســی بــۆ کــوردان
(خـــوێن ئـــەبارێنێ ئاسمـــانی نیشـــتمان)[١]

***

١. ١٩٤٩ی زایینی

## کۆتر و ڕاوچی

ڕۆژێک دەرویش ئەوڕەحمان ساچمەزەنی کردە شان
کوولەکەی بەستە کەمەر بۆ ڕاو لە دێ هاتە دەر
ساچمەزەنی گرتە مشت دوو سێ نانی بەستە پشت
تاوێ سەر شان، تاوێ شیو تاوێ چالایی نەدیو
تاوێ لە دەشت، تاوێ دۆڵ ئەسووڕاوە چۆڵ بە چۆڵ
ڕوانی داری بەرز و جوان سەوز و گەش و گەلاپان
بالابەرز و بن قەوی بوو بوو بە چەتری زەوی
کاتیش کاتی هاوینە خۆرەتاو زۆر بەتینە
ڕاوچی بەدبەخت و غەددار لای دا بۆ سێبەری دار
دانیشت وەنەوز ئەیبردۆ کیسەی لە پشتێن کردۆ
سەبیلێکی لاشکاو بە بنێشت پینەکراو
سەبیلی با دا تەواو دەری‌هێنا ئەستێ و قاو
ویستی کە دایگرسێنێ ئارەزووی پێ بشکێنێ
کاتێ ئەستێی دا لە بەرد کۆترێکی دەنووک زەرد
کەوتە خوێندن لە سەر دار هەروەک بولبولی بەهار
لەگەڵ بێچوولەکانی دەسیان کرد بە گۆرانی
بە دەنگێکی نەرمونۆڵ هەموو پێکەوە بە پۆل
ئەیانوت: بژی وڵات گشت کەس بگا بە ئاوات
کۆتر ئەی‌وت بە بێچوو دووبارەی ئەکرد زوو زوو
بڕوانن بۆ ئەم دارە چ مەڵبەندێ نازدارە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ڕۆڵە یاخوا گشت ولات    دوور بێ لە زوڵم و ئافات
ئەوڕەحمانی خواگرتوو    گوێی لە دەنگی کۆتر بوو
بێئینسافی مڵقەوی    سەبیلی نایە زەوی
بە سووک نەوی لە تفەنگ    مشتی لێ گرت بە بێدەنگ
ڕەحمی‌نەکرد بە بێچووی...    تازە لە هێلکە دەرچووی
تفەنگی هێنا سەر پێ    تەقانی و کوشتی لە جێ
ساچمە ئاژین بوو لە دار    کۆتری پێکراو کەوتە خوار
بە زمانی حاڵ، هاتە زمان    وتی: ڕاوچی بێئیمان
بۆچی وات کرد بە حاڵم؟    بۆچی شکانت باڵم؟
بۆچی لە بێچووت بریم؟    بۆچی جەرگت هەڵدڕیم؟
بۆچی لە گیانی شیرین    بێبەشت کردم لە ژین؟!
وەک تۆ ژینت لا خۆشە    دڵ منیش بۆی پەرۆشە
ئەوا خۆم هیچ! بێچووەکان    بێخۆم چی بکەن لە هێلان؟
لە عومرا زۆر مناڵن    هێشتا بێ پەڕ و باڵن
چۆن بژین؟ چۆن بمێنن؟    لە دەوری کێ بخوێنن؟
ئەشێ چی بێ گۆشتی من؟    وا لێم بووی بە دوژمن
ئەو گوللەیە تەقانت    بە دڵ منا چەقانت
ئەگەر بتدایە بە گۆشت    گۆشتی زۆرتر ئەکرد بۆت
بۆ هەر کەسێ کە کەسە    یەک تیری تانە بەسە
ئەگەر خاوەن حەیا بی    لە دنیا تاکوو مابی
ناچی بەگز هەزارا    تفەنگ ناخەی بە دارا

***

دیوانی قانع
کتێبخانەی ڕەهێڵ
www.rabeel.org

## فێڵبازیی ڕێوی

ڕێوییـــە گـــەڕۆڵ لـــە برســـا کـــەوتوو
لەبـــەر گەڕۆڵـــی لـــە کونـــا خـــەوتوو
پـیر و بـێ‌تـوک، دیـان شـاش و چـەوت
گاگـا لـە بـن بـەرد، گاگـا لـە ئەشـکەوت
لـــە ترسـی تـانجی بـە زگـی برسـی
ئەیخوێنـــد بـــە خۆیـــا ئایەتولکورســـی
لـــە تـاو برسـێتی ڕووی کـردە دێیـێ
بەڵـکوو پـەیا کـا شـتێ لـە جێیـێ
گەیشـت بـە پۆلـێ مریشـکی زۆر چـاخ
هـــەموو هێلکەکـــەر، هـــەموو بـــەدەماخ
کـە مریشـکی دی بـە شـادی و خەنـدان
کلکـی بـەرزۆ کـرد، دەمـی داچـەقان
زانی بـــە جـــارێ گشـــتی نـــاگیرێ
بـۆ خـۆی سـازانی فـێڵ و تـەگبیرێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕووی کــردە مریشــک وتــی: ئەســـلام
عەلەیکوم بیلخەیر ئــەی گــرۆی ئیسـلام[1]
چۆنــە تەهلیلـــە و نـــوێژ و ڕەفتارتـــان؟
چۆنـە زیکــر و فیکــر ســوبح و ئێوارتـان؟
مــن شــێخ ئێرشــادم، خــاوەن ئیمــانم
سەردەســـەی جـــەمیع مەشــــایخانم
بـــێن تۆبـــە بکـــەن دنیـــا فانییـــە
بــۆ هــیچ کــەس تــا ســەر بــە بــەقا نییــە
دەس‌نـــوێژ بشـــۆرن، نییـــەت دابەســـن
قـــەتار ببـــێکن، هـــەموو ڕاوەســـتن
چـــاو بنـــوقێنن بـــێ‌قســـە و کـــەلام
هـــەموو نـــوێژ بکـــەن بـــۆ خـــوای عـــەلام
گـــەر تەپـــە تـــەپێ یـــان فـــڕەی باڵـــێ
هاتــە گوێچکەکــەتان بــە هــەر ئەحواڵــێ
چـــاو هەڵـــمەبڕن ئامـــان ســـەد ئامـــان!
ئـــەوە مەلەکـــە دێـــت لـــە ئاسمـــان
بــە ئــەمری ڕێــوی دەس‌نوێژیــان شــۆری
قـــەتاریان پێکـــا، دڵـــیان نـــەگۆڕی
ڕێـــوی کـــە زانی نـــێچیری ڕێـــک بـــوو
بــۆ گــرتن مریشــک کەوتــە هــاتوچــوو
یـــەکێکی گـــرتن، خـــەیلێ بـــە دەوان
کــە فــڕەی باڵــی هاتــە گــوێی ئــەوان

١. سرووشتی ئیمپریالیزم دەرئەخات کە بە ناوی ئایینەوە دەست بە سەر سەربەستی فیکریدا دەگرن.

کتێبخانەی ڕەبەن www.rabaz.org

وتیان سەد دەخیل خۆتان بکەن مات
ڕێوی ڕاستی کرد وا مەلەکێ هات
دەخیلە هەرگیز یەکتر مەدوێنن
ڕوو لە قیبلە کەن، دوعا بخوێنن
ڕێوی دەمی برد یەکێ تری گرت
ملی هەڵکێشا زۆر بە دەستوبرد
دووبارە وتیان (صَدَقتَ) یا پیر
ئێمە هەموومان تۆمان هەی دەسگیر
یەک یەک و دوو دوو تەواوی کردن
زۆر بێڕەحمانە لە ناوی بردن
ئاخری خوای مریشک، هەقیان ئەسێنێ
بێچوە شێرێکی بۆ ئەگەیێنێ
ئێسک و پرووسکی ئەهاڕێتە یەک
بێ تەقەی تفەنگ بێ سیلاح و چەک
بێشک هەر کەسێ کە مەزلوومخۆرە
بۆ ئاخری ئاوا ئەڕوا بەم جۆرە

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## چی لە خاکدایە؟

بـرای نیشـتمانی، تـۆ خوێنـدەواری
سوپاس بۆ یەزدان، زرنگ و هوشـیاری
ئـەم خاکـە کـە تـۆی هێنایـە کایـە
ئەم خاکـە بـۆ تـۆ بـوو بـە دەسـتمایە
ئـــەم خاکـــە بێشـــکەی قارەمانانـــە
ئـــەم خاکـــە پـــەردەی شـــەهریارانە
ئەم خاکە لاشەی لاوی خـوێن‌گەرمـە
ئـەم خاکـە ئەنـدام کچـی پرشـەرمە
نەرگس و شەوبۆ، وەنەوشە و شەسپەڕ
پەلکەی کچانن، لـە خـاک دێنـە دەر
میـوەی سـەرزەوی بۆیـە شـیرینە
شـیرینی نیکتِـەی وتـار ڕەنگینـە
سـپی چنـاران وا بـەرز و چـاکن
نموونەی بـاڵای گـەنجی ژێـر خـاکن
ڕاستی سەروەکان پێـت بڵـێم چۆنن
تـەبعی مـەوزوونی شـاعیری کـۆنن

ئـەو گولاڵـە سـوورە، بەسـەر یاڵـەوە
ئەلـەرێ بــە دەم بــای شەماڵــەوە
ئـەوە سـەر گۆنـای نیمچـە غەزاڵـە
یـا لیمـۆی وێنـەی دوو لیمـۆی کاڵـە
هەر دارێـک ئێسـتە کـە زۆر بـەردارە
بزانــە لاشــەی پیــاوی هۆشــیارە
یــاخۆ ئــەو مــارە کــە ژەهراوییــە
شـینە یــا ڕەشــە، بــۆرە، ئاوییــە
ئەوانــە لاشــەی حــەرامزادانن
بێگانەپەرســت، زۆڵــی نیشــتمانن
یــاخۆ دڕنــدەی ئــادەمیزادخۆر
شێر و ورچ و گورگ، لە کەم تا بـە زۆر
ئەوانـە بەشـی خەڵـکیان خـواردووە
هــەر بــە بــەشخــۆری ڕایـانبواردووە
حەیفە لەم دەورە بـۆ نـاز و نیعمـەت[1]
بۆ دەورەی دووەم خۆت خەیتە زەحمـەت

***

---

١. شاعیر لێرەدا شوێن ڕێبازی تەناسوخە کەوتووە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# وێنەکەم

وێنـــەی ســـەرلێ‌شـــێواوم[١]    پێشکەش بە دەستەی لاوم
ئەم وێنــە گــەرچی پــیرە    بــە ڕاوێـــژ و بـــە بـــیرە
ڕۆژێ ئــەبێ کوردســـتان    ئـەدەب بکـرێ بـە گـران
یــەکێ ئەپرســـێ لــە دوو    نازانن ڕەنگی چـۆن بـوو؟
قــانع شـــاعیرێ کۆنـــە    خۆزگــە ئـەمزانی چۆنـە؟
وێنـــەم بـــۆ ئــەو زەمانــە    لـــک لابـــەری دلانـــە
وێنـــەم بــە پێــی وتــارە    بـــە شـــیعرەکانا دیـــارە
کــە بــێ‌پــارە و هــەژارم    هـــەژاری کـــوردەوارم
بۆیە بێ‌شوێن و بـێ‌جـێم    پەروەردەی کونجی لادێم
هەرچیم زانی کـەم و زۆر    هەمووم نووسی، بە سەدجۆر
ئەگەر چاک بوو لە لاتـان    پێشکەش بە خاکو پاتان
ئەگــەر خراپــە لاتـــان    ئێـــوە بـــن و خواتـــان
عەفوو فەرموون نوقسـانم    لـــەوە باشـــتر نـــازانم

***

---

١. شاعیر لە چاپی دیوانەکانی‌تریا بۆ هەر بەندێکیان شیعرێکی داناوە بەڵام ئێمە بە پێویســتمان نەزانی هەموویان بڵاو بکەینەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.tabalt.org

## سەرگروشتەیەکی مێژوویی

یـــاران فانییـــە، یـــاران فانییـــە
شـــادی و بەشـــارەت دنیـــا فانییـــە
سواری ئەسپ بووین ڕۆیین بـۆ شـکار
ئـەم شـیو و ئـەو شـیو بـە ڕۆژ و نـزار
ڕاوگەی ئەوەڵمان دۆڵی دۆڵـە سـوور[1]
ئـەمجا بنـاری دەشـتی شـارەزوور
لەبـەر (بەردەبـەل) ڕوانـیم ئاسـارە
دیارە کە جێگەی یەک گـەورە شـارە
قەیسـەری و بـازاڕ، سـەرا و دوکانـە
بنچینـەی خـانووی هـەروا عەیانـە
بـەکورتی سـێ ڕۆژ بـە کەروێشـکەڕاو
کـەلاوەی شـارمان بـۆ نـەکرا تـەواو
لە ڕۆژی چوارەم کەروێشکێکمان کوشـت
کە سەرمانبڕی و خوێنەکـەمان ڕشـت

١. دۆڵەسوور کەوتۆتە سەر ڕێگای نێوان پێنجوێن و شـارەزوورەوە. ئـەم شـیعرانە لـە نوسـخە کۆنەکانیدا چەند دێڕێکی بە باشی نەخوێندرانەوە ناچار دەسبەرداری بووین.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خـــوێن ڕژا بەســـەر بـــەردێکی پانـــا
کە خوێنی لێکەوت، لێم هات بە زمانـا
وتـــی: ئـــەی ســـوار لاوی پەســـەندم
پـــەترۆی زامـــانی کۆنـــت هەڵـــکەندم
وەنییە ئەم خوێنە، هـەوەڵجارم بـێ
زووخـــی دەروونی پـــڕ جـــەخارم بـــێ
چەن خوێنی پیادە، چەن خوێنی سوار
ڕژا بـــە ســـەرما، هـــەزاران هـــەزار[1]
کە بەرد ئەمەی وت، ســاتێ هەپەسـام
پشـــووم لـــێ بـــڕا، تـــەواو تەواســـام

**قانع:**

من سوێندت ئەدەم بە خوای لامـەکان[2]
بـــە ئافەریـــدەی دەورانی جیهـــان
بـــۆم بـــەیان بکـــە ڕازی نیهـــانی
هـــەوەڵ تـــا ئـــاخر، هـــەرچی ئـــەزانی
لە کۆشک و خانوو، لـە شـار و دێهـات
ئەم شارە گـەورە بـۆچی وای لێهـات؟

**بەرد:**

ســـەیری مێـــژوو کـــە ئـــەزانی چۆنـــە[3]
دەســـکاری کێیـــە ئـــەم شـــارە کۆنـــە

---

١. لە هەردوو شوێنەکەدا، لە هەریەکەیان دێڕێک لە نوسخە دەستییەکە کوژاوەتەوە.
٢. لە هەردوو شوێنەکەدا، لە هەریەکەیان دێڕێک لە نوسخە دەستییەکە کوژاوەتەوە.
٣. بەداخەوە لە کاتی دانانی ئەم شیعرەدا سەرچاوەی باوەڕ پێکـراو لـە بـارەی مادەکانـەوە زۆر کەم بووە، بۆیە شاعیر ئیشارەتی بۆ سەرچاوەکان نەکردووە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.kitabkhana.org

لە پێش میلاددا، لـە قـەڕنی حەوتـەم
هـۆزی مادەکـان لـە زۆر تـا بـە کـەم
لــە ئــەوروپاوە هاتنــە ئاســیا
کردیان بە مەڵبەند، گشت دەشت و چیـا
کـۆ بوونـۆ لـە یـەک زۆر و بـێ‌شـومار
دەولـەتی مادیـان هێنایـە سـەرکار
شـاری پایتـەختیان ناونـا ئـەکباتان
ئێستە پێی ئەڵێن شـاری (هەمـەدان)
یەکەم شا، دیوکس[1]، دانیشت لەسەر تەخت
بۆ خۆشی و شادی، کوتای تەپڵی بەخت
سوپای دروست کرد لە پیـادە و سـوار
مـەردی ڕووی مەیـدان پاڵـەوانی کـار
مامۆسـتای ڕاگـرت بـۆ خوێنـدەواری
شــاری ڕازانــۆ فــەنی میعمــاری
سـوارەی سـەربازی خسـتە نـاو ڕێگـا
هەتاکوو هیچ‌کەس ماڵـی کـەس نـەبا
مســکین‌نــەواز و هەژارپــەروەر بــوو
بۆ باقی شاهان، چەشنی سـەروەر بـوو
بــەبێ ئــاژاوە و بــێ‌شــەڕ و هــەرا
لەســـەر شـــارانا والی دانـــرا[2]
پەیـدای کـرد بـۆ کـورد نـاو و ئابـڕووو
بنچینـەی مـادی خسـتە نـاو مێـژوو

---

١. بەپێی وتەی هرۆدۆتی یۆنانی باسی کردووە.
٢. مەبەست لە ساتراپە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جێگـەداری ئـەو (فرەفرتـریش) بـوو[1]
پاش باوکی، ئەویش کەوتە هاتوچـوو
لـە شـوێنی بـاوکی غیرەتـی نـوان
چـاکتر لـە بـاوکی کـوردی پێگـەیان
سـنووری خـاکی بـلاو کـردەوە
گـۆی هونەرمەنـدی تـەواو بـردەوە
دەرەجەی سەرباز، لـە پیـادە و سـوار
چەپەربوو[2] بەرید، لەم شار بۆ ئەو شـار
ئـاڵوگـۆڕ لەگـەڵ دراوسـێکانی
پێویستی هۆزی چاک بـەدەس هـانی
زۆر زۆر تێکۆشـا بـە هۆشـیاری
هەتا پێشی خست پیشەی جووتیـاری
لەپاش چەند ساڵێ بەبێ دەردیسـەر
وڵاتی جێهێشـت لـە بـۆ (هۆخشـتەر)
هۆخشتەر کوڕی هاتـە ڕووی مەیـدان
چـاکتر تێکۆشـا، بـۆ هـۆزی کـوردان
سـوپای پێکۆنـا زوو بـە دەسـتوبـرد
دوژمـنی دەوری هـەموو لـەناو بـرد
کەمەربەسـتە بـوو تـا ڕۆژی مـردن
دایم ئامـادە بـۆ خزمـەت کـردن

***

بـۆ دەرکـردنی دەوڵـەتی ئاشـوور
لـە ئـەکباتانۆ، هاتـە شـارەزوور

---

١. کوڕی دیوک یان دیوکس بووە.
٢. وڵاخی تایبەتی بۆ پۆستە بردن هەبوو کە پێیان ئەوتن چەپەر.

زانی ئاشـــووری مـــەردی دلێـــرن
شـەڕکەر و وریـا، بـە کوشـتن فێـرن
ئـەمجا هۆخشـــتەر پادشـای عـادل
خوشکی خۆی بەخشی بە پاشای بابل
بـــەهۆی زاوایی ئـــەم پاشـــا گـــەورە
ئاشووریان دەرکـرد، نـەمان لـە دەورە
ئـەمجا پایتـەختی هێنـا شـارەزوور
شاری دروستکرد بە (نەویٚ) مەشوور[١]
(نەویٚ) و (بەردەبەل) هەتاکوو (خولـمار)[٢]
ئەم دەشتە گەورەی هەموو کرد بە شار
بڕوانــە ئیســتەش بنچینــەی مــاوە
تا چاو بـڕ ئـەکا، لـە هـەر چـوار لاوە[٣]
کـوڕی هۆخشـتەر[٤] نـاوی ئاژدیهـاک[٥]
کە مێژوونووسان پێی ئەڵێن زوحـاک[٦]
بڕوانــە وشــەی هێــرۆدۆت یونــانی
ئیســپاتی ئــەکا، زۆر بــە جــوانی
لەپاش ئاژدیهـاک نـۆرە هاتـە (زوور)[٧]
ئێستەش بەو خاکە ئەڵێن: شـارەزوور

١. شوێنەواری ئەو شارە کۆنە ماوە، بەڵام دێی نەویٚ لە بەشێک لە کەلاوەکانی ئەو شوێنە شارەی گرتۆتەوە کە شوێنەواری زیندانی زوحاک و کوورەی کاوەی تیایە.
٢. خوڵمار بە خورماڵ وتراوە.
٣. لە چاپی یەکەمدا نووسراوە تا چاو کار ئەکا.
٤. دوو ناوی زنجیرەی پادشایانی مادن.
٥. دوو ناوی زنجیرەی پادشایانی مادن.
٦. زوحاک: ضحاک.
٧. وا دیارە زوور کوڕی زوحاک بووە، بەڵام هیچ سەرچاوەیەک بە دەستەوە نییە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئـــاخر پادشـــای مادەکـــان زووره
لـــەناو مێـــژوودا تـــەواو مەشـــووره
له دەوری زووردا، دەوریان دوایی هات
حوکمیـــان نـــەما لـــە خـــاک و وڵات
پاشماوەی ئـەوان بـۆ هـۆزی کـوردان
تەپلـەی نەوگینـە و فەقێیانـەیی پـان
کـە بـەرد ئـەم ڕازەی بـۆ گێڕامـەوە
کڕنووشـم بـۆ بـرد، بـە سـەلامەوە
وتم مەمنون بووم ئـەی بـەردی کۆنـە
شـارەزات کـردم، کـە میـدیا چۆنـە
منـــیش دووبـــاره زامـــم کـــولاوە
خواحـــافیزیم کـــرد، گەڕامـــە دواوە

***

## دۆستی بە ئومێد[1]

دۆستی بە ئومێد، ڕۆژی دوانە
ئەویش نەک بە دڵ، بە سەرزمانە
ئەگەر بۆ تەماع دۆستی ئەکەی
نەوەڵڵا مەیکە، ئابڕووی خۆت ئەبەی
دۆستی بە ئومێد سێبەری دارە
سەد جێ ئەگۆڕێ، هەتا ئێوارە
مەیل ئەو مەیلەیە بەبێ هیوا بێ
بە دڵێکی گەرم وەک برا بێ
بە قازانجی دۆست زۆر شادمان بێت
زەرەر ڕووی تێکا، زۆر پەرێشان بێت
دۆستی دۆست، دۆستە، بەبێ درۆیە
دوژمنی دوژمن، خۆ دۆستی تۆیە

١. لە چاپی یەکەمدا چەند دێڕێکی ئەم شیعرە پەڕیوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

سالـــــێکیان مـــــن و ئاشـــــناییکم
لـــە ئاشـــنا چـــاکتر، وەک بـــراییکم
بـــۆ نـــەفعی شەخســـی بـــووین بـــە ئاشـــنا
پشـــتی یـــەکمان گـــرت هـــەر وەکـــوو بـــرا
من ئومێـد بـە ئـەو، ئـەو ئومێـد بـە مـن
دۆستمان کوێر ئەکرد، چ جیـایی دوژمـن
ئاخری هیوامان لە یەک دەست نەکـەوت
بووین بە زددی یەک، وەک ئاگر و نـەوت
مـن جنێـو بـە ئـەو ئـەو بـە مـن جنێـو
شیشاینە یـەکتر، هـەر وەک جـن و خێـو
مـن نـەویم لـە دار، ئـەو نـەوی لـە بـەرد
هەردوو خەجالەت، هەردووکمان ڕەنـگزەرد
ئـــاخری عاقیبـــەت کردمـــان بـــە هـــاوار
هاتنـــە ســـەیرمان مـــەخلووقی بـــازاڕ
هەرکـەس عـاقڵ بـێ قـەت وەهـا ناکـا
بـۆ دۆسـتی وەهـا، ئابـڕووی خـۆی نابـا

***

كوردی دیجیتاڵی www.zabazi.org

## راپەرین

ئەیا کوردینە تا کەی خەوی غەفڵەت؟
ئەیا کوردینە تا کەی دەرد و میحنەت؟
وەرن لەم عەسرەدا نۆبەی ژیانە
کە دەوری مەکتەب و بەرزی گەلانە
بە قەولی شێخەکانی گەردن ئەستوور
لە عەقڵ و مەعریفەت خۆتان مەکەن دوور
بڵێ: یا شێخ ئەگەر دنیا خرابە
دڵت بۆچی لە بۆ دنیا کەبابە؟
بەتەنیا دادەنیشێ شێخ لە ئەشکەوت
لە دووری ماڵ و ئاوایی و لە مزگەوت
هەتاکوو پێی بڵێن: پیاوی خوایە
ئەگەرچی مەقسەدی شێخ هەر ڕیایە
دەسا کوردینە بۆ خاتر خواتان!
لە گوێ مەگرن قسەی ڕیش گرژی مل پان!
بخوێنن،خوێندنە نووری سەعادەت
بخوێنن، خوێندنە ڕێگەی هیدایەت
بەڵێ پیرۆزە عیلمی ئاین و دین
بەلام کەی عیلمە عیلمی مردوو شۆرین؟
بە کەشکۆڵ و سواڵ و زەرگ و حووحوو
ئەسەف، وا کوردەواریمان لە دەست چوو
ئەزانم **قانع**ا دەردت گرانە
سکووتت چاکە لەم نەقل و بەیانە

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کەر و زەماوەند[١]

جارێ کەرێکیان بانگ کرد بۆ شایی
قاقا پێکەنی کەر بە ئازادی
کلکی بەرزۆ کرد، لووتی هەڵبڕی
بە دڵێکی خۆش جارــ جار ئەزەڕی
وتیان: تۆ بۆچی وا پێ ئەکەنی؟
تۆ بانگکراوی سەر زەماوەنی
وتی: من بۆیە وا پێ ئەکەنم
نە دەهۆڵکوتم، نە شومشاڵژەنم
نە سەرچۆپیکێش، نە دواییگیرم
لەبەر بارکێشان مات و زویرم
نە هەڵپەڕکێکەم وەک هەڵپەڕینە
نە ئاوازەکەم جوان و شیرینە
مەنواڕە بەوا کز و کەساسم
من وەک خەڵکی نیم، خۆم چاک ئەناسم
ئەزانم بۆچی من بانگ کراوم
حەماڵی دار و بەرمیلە ئاوم
چەن خۆشە گشتکەس جێی خۆی بزانێ
بەقەد جەوهەرێ شەئنی خۆی دانێ
نەک چۆلەکە بێ و وەک باز بێتە ڕاو
بەسەرە خەری خۆی خاتە ناو داو!

***

---

١. لە فارسییەوە وەرگیراوە.

## گلەیی لە یار

قیبلـــەم هـــا نامـــەرد............

دەک نامەردت کەن، ئازیزەکەی فەرد
ناپرسی لە حـاڵ هەناسـانی سـەرد
بەزەییت نەهات وە ڕووخساری زەرد
ڕەحمێکت نەکرد بە دڵەی پڕ دەرد
ناترسی لە چەرخ چەواشەی چەپگەرد
ڕۆژێ بە وەسڵێ، جارێ بـە کـارێ
بە سەرم ناکەی، بەردت لـێ بـارێ
بە نووکی برژانـگ مـژەی تازەسـاو
کون کە بـا بـڕوا شـەپۆلی زووخـاو
سەر کـە بـەردەباز ڕێگـای کانیتـە
چـاو کـە جێگـەپێی نەوجەوانیتـە
هەتا نەیداوە لە ئەلحـەدی سـەنگ
نەبووە بە مەتاع گۆڕخانەکەی تەنگ
مەیەڵە ڕەقیب شـاد بـێ بـە کـارم
شـادوکام ببـێ بـە دڵـەی زارم
هەروەخت ئارەزووی نەبوونت کردم
لەمـە زیـاتر مـەجنوونت کـردم
تایـێ لـە کـڵاف خەیاتـەی دێـزت
کـرژ و لوولەکـەی عەنبـەرئامێزت
پێچ دە وە گەردن وشکی پـڕ بـارم
بێنـەوە یـادم هیجـرانی یـارم
نـەجاتم بـدە لـەم دنیـای بـێپـۆ
بەڵام بەو شـەرتەی بڵـێی **قـانع** ڕۆ

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# گەشتێک لە بەهەشتا[1]

لە سەدەی نۆزدە کە لـە دایـک بـووم
تا سـەدەی بیسـتەم ژیـاوم دەرچـووم
نامیانـە نـاو گـۆڕ کاتـێ کـە مـردم
زۆر بـە ئاسـانی تەسـلیمیان کـردم
منیش چاوەڕوان زنجـیری مـل بـووم
چاوەڕێی دووپشک، ماری زل زل بووم
هەتا چوار سەعات هـیچم لـێ نـەهات
بۆ خۆم ڕاکشام، زۆر بـە کـش و مـات
گـوێم گـرت، ورەور هاتـە سـەرینم
لـە ترسـا لـەرزا، دڵـەی بـێتیـنم
چـاوم هەڵـهێنا ئـەوا دوو مـەئمور
بـۆ مـن ئەگـەڕێن خەیڵـی بـە زەروور
هاتنـە ژوور سـەرم کـە زانییـان پـێم
چـاک ئـەیانزانی کـێم و کـوڕی کـێم
وتیان: هەتاکوو لە ڕووی زەمین بووی
ڕاستمان پێ بڵێ لەسەر کام دین بووی
ئێمـە مـەئمورین لـە لای خـواوە
جوابمـان نـەدەیتۆ ناچینـە دواوە

---

١. لە ئەدەبی بێگانەوە.

www.rabarr.org

بە لیس ئەتکوژین، شەلەما کەین
لەناو دۆزەخدا گرفتارت ئەکەین
ئەگەر وەراممان بدەیتۆ بە دڵ
ئەتبەین بۆ بەهەشت بۆ ناو باخچەی گوڵ
وتم: فریشتە قەزات لە گیانم
بێقەدری نەبێ ناوتان نازانم
وتی من ناوم کاک ئەرنەمووکە
هاوەڵەکەیشم، شێخ مەرنەمووکە
خوا ناردووینی پرسیارت لێ کەین
وەرام نەدەیتۆ بۆ دۆزەخت ئەبەین
وتم: بۆ خوا ئاگادار نییە
ئیشم چلۆنە و کردەوەم چییە؟
تۆ عەرزی نەکەیت، نازانێ من چیم؟
ئاخۆ بەهەشتیم یا جەهەنەمیم؟
باوەڕ بفەرموو کاکە ئەرنەمووک
تەبع ئەسابع، یا حوسنی سلوک
یا ڕەسم و هەویە یا دەفتەر خدمە
بەبێ زیاد و کەم گشتم لا جەمە
موتەخەللیف نیم لە نوێژ و ڕۆژوو
وازم لێ بێنە، دەرچۆ زوو بە زوو
کاکە ئەرنەمووک کە لێم هاتە پێش
سەرێکی سووڕ دا بە چەشنی دەروێش
وتی: من چیمە لە نوێژ و ڕۆژووت؟
لەسەر سەرفیترە ئەبەم ئابڕووت!

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فێــل و فــەرەجت بنــێ بــەو لاوە
پــارەی مالانــەی مــەلات نــەداوە
ئیســتە مەحکەمــە وا حوکمــت ئــەدا
تەسلیم بــە ســجنی دۆزەخــت ئــەکا
سوێندم بۆ خواردن بە شێخی پڕ نــوور
یەعنی سەی سادق، شێخی شارەزوور
لــەو ڕۆژەوە خــوا مــنی کــردووە
مالانــەی مــەلام هــەرگیز نــەخواردووە
شــاهیدی ڕاســتیم موختــاری دێیــە
بــۆ هــەموو ئیشــێ ئــەو ئاگــای لێیــە
وتیــان: کەوایــە، بــا تــەئجیل بکــرێ
هــەتا جــەنابی مــام کوێخــا ئــەمرێ!
ئەگەر درۆی کرد چــاک ئــەیبوغزێنین
بە لیسێ بــارخۆش ڕۆحــی دەردێــنین
تــەئجیلیان کــردم ڕۆیشــتن لــە لام
بــەجێیان هێشــتم ئــاخر ســەرئەنجام
بە چنگ و ناخون، بە سەد دەردیســەر
گۆڕم هەڵدڕی و لــە گــۆڕ هاتمــە دەر
ڕوانــیم خــەلایق ڕیــز ڕیــز و قــەتار
ڕێــک ڕاوەســتاون هــەزاران هــەزار
پرسیم لە پیاوێ، ڕێی بەهەشت کامە؟
نیشــــانم بــــدە زۆرم مەرامــــە
پــردی ســەراتیش هێشــتا نەمــدیوە
ڕاستم پــێ بێــژە لەســەر کــام شــیوە؟

کتێبخانەی ئەلیکترۆنیی کوردستانی www.ratari.org

پێی وتم: لێره بە سێ چوار فرسەخ
بڕۆی ئەگەیتە قەراغی دۆزەخ
بەسەر دۆزەخا پردێ کێشراوه
ئەڵێی گوێزانی تازه ساوراوه
لە موو باریکتر، لە ئەڵماس تیژتر
ژێری پردەکە، هەر گڕه و ئاگر
ڕۆیم کە ڕوانیم پرد ڕاکشاوه
دوو شورتەی دۆزەخ لەوێ وەستاوه
وتیان: ها کابرا، خەیاڵت چییە؟
بگەڕێ دواوه هیچ ڕێگە نییە
وتم: باشچاوەش ئەچم بۆ بەهەشت
بۆ دیدەن خزم و بۆ سەیران و گەشت
وتی: جەوازی عبورت پێیە؟
بێنە بزانم کە ئیمزای کێیە؟
وتم: کاکەگیان جەوازم نییە
کەس پێی نەداوم، دەسەڵات چییە
وتی: قوڕبەسەر، لە لای مەرنەمووک
بۆ وەرتنەگرت بە ئاسان و سووک؟
هەرکەس جەوازی ئەوی پێ نەبێ
خاترجەم، نابێ بۆ هیچ کوێ بچێ
نیوەی کفنەکەم دا بە شورتەکان
ڕێم بۆ چۆڵ کرا بە سەهل و ئاسان
تێپەڕیم، دەرچووم، ڕۆیشتمە ئەو بەر
ڕوانیم بەهەشتە و باخاتە یەکسەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە درگای بەهەشت حەرەس وەستا بـوو
هەر وەک حەرەسـی قـاپی دنیـا بـوو
وتـی: ئـۆغر بـێ؟ وتم: ئەچمـە ژوور
وتـی: کـوا پێتـە جـەوازی عبـور؟
وتم: مـال مـدیر بەهەشـت برامـە
مـەعاون بەلـەدەیش پشـت و پەنامـە
ڕێگـەم بـدەرێ بـا بچمـە لایـان
بحەوێمـەوە لـە سـا و پـەنایان
هەرچی پـاڕامۆ گـوێی نـەدا بـە فیـل
بـاقی کفنەکـەم دایـە بـە بـەرتیل
بـە لنگـی ڕووتـی کـە چومـە ژوورۆ
ڕایـان کـرد بـۆ لام هـەموو لـە دوورۆ
ڕوانـیم ئیتریبـات عەمامـە بەسـەر
باخـەڵ فشـوفۆڵ گشـت جبەلەبـەر
وتیان: ئەم کابرا شێتە بـووە بـە پـەن
بیبەن تەسلیمی ناو شـێتخانەی کـەن
بە هەر جۆرێ بـوو وازیـان لـێ هێنـام
کەوتمە فکری خۆم، ئاخر سـەرئەنجام
ڕوانـیم برسـیمە و نانیشـم نییـە
کەسـیش ناناسـم جاچـارەم چییـە؟
چووم بۆ لای چێشتکەر، ڕاشین وەربگرم
نـەوا لەبرسـا بـە بێکـەس بمـرم
وتـی: تـۆ نـاوت هـیچ نەنووسـراوە
بەشـە خواردنـت بـۆ دانـەنراوە

ڕابەری دیجیتاڵی www.rabari.org

لــە خواوەڕاســان کەوتــەوە بــیرم
نوێژ و ڕۆژووەکـەی نەنکەکـەی پـیرم
زانیم لە بەهەشت کـە ئـیش‌بەدەسـتە
یـا پایـەی بـەرزە یـا تـۆزێ پەسـتە
لــەجێی ئــەو هــەموو نــوێژ و ڕۆژووە
ئێســـتا ناوبــانگی تــەواو دەرچــووە
گــەڕام دۆزیمــۆ حاڵــم تێگــەیان
بوو بە خەمخۆرم زۆر شـیرین و جـوان
کارتێکی دامێ بـۆ لای نفـووس‌نـووس
لە بابەت چێشت و نووسـینی نفـووس
کە زانی ڕەنـگ‌زەرد، تـەواوی برسـیم
دەفتـەری هێنـا و ناوەکـەی نووسـیم
تەزکــەرەی دامــێ و گەڕامــە دواوە
دەروازەی شــادیم بــاش لــێ‌کــراوە
ئەمجا بەبێ ترس چوومـە چێشـتخانە
تەشتێکم وەرگرت، لەو چێشتە جوانـە
هۆدە و حەسیر و پـڕ شـەربەیەک ئـاو
چەن مۆمی تـازەی هـیچ دانەگیرسـاو
تەسلیمیان کردم بێ کەسر و نوقسـان
بووم بە بەهەشـتی، وەک بـاقی یـاران

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ژنی دوو مێرد

شـاوەیس و بـاوەیس شـەریکی ژن بـوون
جێگەی پێکەنین دۆست و دوژمـن بـوون
خـاتوون کـە ژنی هـەر دوو لایـان بـوو
بـۆ خزمـەت کـردن کەوتـە هـاتوچـوو
ئەگەرچی خاتوون چوست و چـالاک بـوو
بـە شـەو و بـە ڕۆژ دڵـی خـەمناک بـوو
چـون تەبیعـەتیان لـە یـەک جیـا بـوو
ئـەمیان بـێحـەیا، ئـەو بەحـەیا بـوو
ئەم بێخوێی ئەویست، ئەو سوێری ئەخوارد
ئەم جێگەی ئەویست، ئەو بۆ ئاوی ئـەنارد
ئـەمیان ئـارەزووی باخەڵـی ئـەکرد
ئـەویان بـۆ وەچـی تـووتنی ئـەبرد
تـا ئـاخر خـاتوون، گـەیی بـە گیـانی
هاتـەوە سـەر خـۆ هـۆش و سـامانی
وتی بە بـاوەیس، هـەی کۆسـتت کـەوێ
پرسـیارم هەیـە، وەرامـم ئـەوێ

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.iabari.org

ئەگـەر تـۆ مێـردی شـاوەیس بـۆ چییـە؟
شـاوەیس مێـردم بـێ تـۆ جێگـەت نییـە
وەرامـــی داوە: نـــازانی مـــن کـــێم؟
من کوێخا باوەیس هەم نێـر و هـەم مـێم
بـۆ شـاوەیس ژنم، لـە چـاو تـۆ پیـاوم
پیـــاوێکی تـــەواو خـــاوەنی نـــاوم
نەتبیســـتووە دنیـا کـە خلـەی ئـەگا
خلـەیش هـەڵئەسـا مـام بلـەی ئـەگا
گـوێ مـەدە بـە فیـل، بـووە تـا بـووە
ئـەم ئیشـە حیـزە هـەر ئیشـی زووە

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## لەسەر گۆڕی فایەق زێوەر

ئەی دایکی ئەسڵی ئەی خاکی بێـدەنگ!
ئەی ماڵی تاریک پەردەی شـەوەزەنگ!
ئـەم لاشـە لاشـەی کـانی جەوهـەرە
ئەمـە سـەرچاوەی دانـەی گەوهـەرە
هۆشـت بـێ دەخیـل ئەزیـەتی نەکـەی
بـەبێ ڕەحمانـە ئـازاری نـەدەی
ئـەی خـاک وەک ئـەهلی زەمانـە مەبـە
دەرهـەق بـەم لاشـە بێگانـە مەبـە
مەڵـێ خـۆ ژیـنی پـڕ لـە ناسـۆر بـوو
ڕۆژی ژیـانی شـەوی دەیجـوور بـوو
قەسـری سـێ قـاتی قـەت بینـا نـەکرد
هەناسەسـارد بـوو تـا ئـەو ڕۆژەی مـرد
ڕۆژێ دێتـە پـێش بـۆی پەشـیمان بی
لـە مـن خراپتـر بـۆی پەرێشـان بی
پـاش مـەرگی زێـوەر و فایـەق بێکـەس
کـێ قەڵـەم بـۆ تـۆ بگرێتـە نـاودەس؟

کـێ بتلاوێنـێ بـه هـۆنراوەی جـوان؟
بتهێنێتـه ڕیـز بـاقی هاوسـەران؟
کـێ گـۆیژه و ئەزمـڕ بخاتـه نـاوان؟
کـێ پیرەمـەگرون بباتـه ئاسمـان؟
کـێ شـیوەن بکـا بـۆ جێمـاوی هـۆز؟
کـێ فیـداکار بـێ بـۆ هـۆز و بـۆ کـۆز؟
ئەی خاک لای ئێمـه هـەر بـاوەش تۆیـه
هـەر لـه داوێنـت مەجلیسـمان کۆیـه
هــەموو بــه نۆبــه دێینــەوه بــۆ لات
دایکی خۆشەویست دێینه خاک و پـات
خوا تـۆ بـەرز کـا و لـه ئێمـه خـۆش بـێ
سەتتارەلعویوب[1] بۆمان عەیبپـۆش بـێ

***

١. (ستارالعیوب): داپۆشێنەری عەیبەکان. (ن.ب.)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ئەبوو عەلای معەڕی

بیستم بولعەلا، تا دنیای ڕابوارد
لە کەم تا بە زۆر هیچ گۆشتی نەخوارد
چون ئەیوت: ئەویش وەک من گیاندارە
حەز لە ژین ئەکا، لە مەرگ بێزارە
وەختێ کە کەوتە حاڵەتی مردن
ڕۆژی سەرەمەرگ گیان تەسلیم کردن
حەکیم بۆی نووسی گۆشتی سوورۆ بوو
بیدەنێ بیخوا هەروا زوو بە زوو
بە ئەمری حەکیم، خزمەتکار ڕای کرد
کەڵەشێرێکی هێنا دەستوبرد
سووری کردەوە لە پاڵیا داینا
قسەی حەکیمی چاک بەجێ هێنا
وەختێ بولعەلا، کە تەماشای کرد
لە داخ کەڵەشێر بە تەواوی مرد

ڕابەری دیجیتاڵی www.rabari.org

ڕوانی بـه گۆشـتا و زار زار بـه گریـان
ئـاهی ئەکێشـا لـه جـەرگی بوریـان
وتی: ئەی فەقیر بۆچی هـار نـەبووی؟
یا هەر وەکوو شێر یا ڕەشمار نەبووی؟
تا کـەس نـەوێرێ دەسـتت بـۆ بێنـێ
یـا لــه نـاو ڕۆنـا هەڵـتقرچێنێ
بـەڵام بـەش هـەژار تـەنها مردنـه
دەوڵـەمەند لـه خـۆ ڕازی‌کردنـه
مـردن لـه ئـەزەل بـۆ پیـاوی فـەقیر
بـڕا بـه بـاڵای وەک کـەوای حـەریر
دەوڵەمەند ئەمرێ ئەمما یـەک جـاره
مـردنی هـەژار، سـوبح و ئێـواره

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## من و بەخت

بەختە! خەو تا کەی؟ ڕاستۆ بە لە خەو
بە ناحەق ڕۆژت بۆ کردووە بە شەو
چون وا خەواڵووی سەرلێشێواوی
لەمە خراپتر هەر بەشخوراوی
ڕاستۆ بە لە خەو بشۆرە چاوت
تۆش وەکوو خەڵکی بەرزۆ کە ناوت
بۆچی بێبادە مەست و مەخمووری؟
بۆچی بە تەنها زار و ڕەنجووری؟
بەختە با بەس بێ، دەی تەماشا کە
سەرێ بەرزۆ کە و سەیری دنیا کە
عالەم بە دەماغ مەسروور و شادن
لە بازیچەی چەرخ دەوران ئازادن
کاتێ بە ئیشێ، جارێ بە کارێ
دەستت نەگرتم بەردت لێ بارێ
کام ئیمامم کوشت؟ کام شێخم سووتان؟
کام ماڵی خوام بە ناحەق ڕووخان؟

کتێبخانەی ڕەبەری www.rabari.org

کـام قەباحــەتم لــە دەس قــەوماوە؟
بــۆچی ناوچــاوم لای تــۆ نــەماوە؟
کام هاوماڵی من وەک مـن بێهۆشـە؟
کــام بــرادەرم وەک مــن نەخۆشــە؟
بەختــە بیرکــەرۆ بــۆ زەمــانی زوو
غەیر خزمەت کردن گوناهم چی بـوو؟

**وەلامی بەخت:**

**قـانع!** بـە ناحـەق گلـەم لـێ ئەکـەی
لەمــە زیــاتر ئابــڕووی خــۆت ئەبــەی
من لای یەکێکم کـە خوێنـدەوار بـێ
هەر وەکوو خەڵکی ژیر و هۆشـیار بـێ
نــەفعی خسووســی بــە هــیچ نــەزانێ
کۆمــەک هــەژار بــێ هــەتا ئــەتوانێ
ڕەحمت پـێ ئەکـەم کـە نایەمـە لات
تۆ کەی شایەنی بۆ مووچـە و بـەرات؟
تۆ کە جـاهیلی لـە ئـیش تـێناگـەی
من نەبم خۆت تووش چەند زەرەر ئەکەی
هـەتا کـەمتر بـێم، بـۆ تـۆ زۆر چاکـە
**قـانع** جێگــەی مــن ژووری ئەفلاکــە

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کورتەی بەسەرهاتی میری ڕەواندز

بۆ گەنجی لادێی، کوردی دڵسووتاو
یادگاری کۆن ئەخەینە پێش چاو
میری ڕەواندز، میری میران بوو
ڕەشید و نەبەز شێری شێران بوو
قارەمانی گەل نەترس و دلێر
وریا و بێ‌ڕەفیق، شێری بێچووە شێر
خادمی گەل بوو، خاوەنی ناو بوو
لە کاتی خۆیا میری تەواو بوو
لە ڕەواندزا لەو شاخ و کێوە
حوکمی پاشایی ئەبرد بەڕێوە
لە دەورەی خۆیا نەیهێشت کوردستان
سەردانەواو بێ بۆ بێگانەکان
بە هێزی سوپا، وەکوو شێری مەس
کەمێ لە تورکی هێنایە ژێر دەس
لە ڕۆژهەلاتۆ میللەتی ئێران
لەم میرە گەورە بە دڵ ئەترسان
ڕەواندزی کرد بەو شارە جوانە
کردی بە پایتەخت، جێگەی شاهانە
بە دەستووری جوان، زۆر بە گومڕاهی
ڕازاندنیەوە تەلاری شاهی
سەرای وەزارەت قشلەی عەسکەری
خوێندنگای گەورە بێ دەردیسەری

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

هـــەتا ڕۆژی بـــوو، حوکمـــڕەوا بـــوو
سەردەسەی مەجلیس وزەرا و شا بـوو
بنچینــەی پایــەی عــەدلی دامــەزران
بــۆ پاراســتنی نەتــەوەی کــوردان
خزمــەتگوزار بــوو بــۆ هێــز و ســوپا
دایم چـــاوەڕوان بـــۆ ڕۆژی هـــەیجا
تـۆپ و تفـەنگ و دەرمـانی گـۆگرد
لـــە ڕوانـــدزا دروســـتیان ئـــەکرد
تـا زەمـان ڕەنگـی شـەڕی بـۆ ڕژان
لەگـەڵ تورکـەکان پێکـا هەڵـگژان
ڕۆژ بـــە ڕۆژ تـــورکی ئەشـــکانە دواوە
لەشـــکری تـــورکی ئـــەبرد بـــەولاوە
تورکـــان کەوتنـــە حاڵـــەتی خەتـــەر
وتیـان: وا فـەوتاین، خاکمـان بەسـەر
چارەمان چییـە؟ بـا تـەگبیرێ کـەین
بەشکوو ئەم سوپا گـەورە لـەناو بـەین
هیچ چارمان نییە، یەک شتمان مـاوە
مەلای میرئەحمەد کـە خـەتێی نـاوە
بـە زەبـری پـارە بیکەینـە خۆمـان
ئەم دەردەی ئێمە ئەو ئـەیکا دەرمـان
ئەگـەر بگەینـە لای مـەلای خـەتێ
گشت ئیش و کارمان ئەبێ جێبـەجێ
کاغـەزیان نووســی زۆر بـە نیهـانی
بۆ مەلای خەتێ هیچ کـەس نـەیزانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مقـــدارێک پـــارە بردیـــان بـــۆ مـــەلا
هەم ناوی دیـاری، هـەم دەفعەلبـەلا[1]
مـــیر بـــێخەبـــەرە لـــەم هـــاتوچـــووە
لە حاست ئـەم کـارە ئەڵـێی مـردووە
مـــەلا وەکیلـــی میرئەحمـــەد شـــایە
زیـــاد لـــە وەکیلـــی قـــازی و مەلایـــە
هەرچی کە بیکا، هەر خـۆی حیسـابە
لای شـــا مەعقوولـــە و یـــەکجار نایابـــە
کـــە مـــەلای خـــەتێ کاغـــەزی بـــینێ
فـــــرێی دا لاوە ئیمـــــان و دیـــــنێ
کەوتە سەر تەگبیر کە مـیر فـەوتێنێ
پایـەی کۆمەڵـی کـورد لـە بـن بێنـێ
هەســـتا کەوتـــە ڕێ بـــۆ تـــەلاری شـــا
بـردی لەگـەڵ خـۆی وەزیـری سـوپا
شـــا هەســـتایەوە زۆر بـــە ئیحتـــرام
وتـــی: بـــەخێر بێـــی وا هـــاتی بـــۆ لام
لـــەپاش گفـــتوگـــۆ وتـــی بـــە پاشـــا:
ئەترسـم هـۆردوو لێمـان کـەن حاشـا
هەڵـگەڕێنەوە تەسـلیمی تـورک بـن
بمانخەنـــە ژێـــر چـــەپۆکی دوژمـــن
ئەمـەوێ بـڕۆم بـۆ جەبهـەی هـۆردوو
وەعـــزێ بخـــوێنم بۆیـــان زوو بـــە زوو

١. دفعالبلا: دوور کردنەوەی بەلا. (ن.ب.)

دیوانی قانع
کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

میر وتی: بەخوا فکرێ جوانە
کەوابوو منیش یەم لەگەڵتانا
مەلا پێکەنی وتی: بۆ میرم؟
من لا خۆی مەلام، خاوەن تەگبیرم
هیچ لازم ناکا تۆ تەشریف بێنی
زەحمەت بکێشی و عارق بڕژێنی
بۆیە هاتمە لات ئیجازەم ئەوێ
ئیجازەت فەرموو، من ئەڕۆم شەوێ
پاشا ڕووی تێکرد وتی: مامۆستا
مان و نەمانی کورد وا لە دەستا
سا دەی غیرەتێ بۆ کوردەواری
لابەن لە ناوا کزی و هەژاری!
خۆ مەلا خایەن بە گەل و هۆزە
میکرۆبی خاکە و دوژمنی کۆزە
سێ حوکمی هەبوو، ڕوی کردە سوپا
وەکیلی شایە و قازیە و مەلا
وەختێ گەییە ناو سوپای بەسەزمان
وتی: موبارەک، دینی تازەتان
ئەم دینی ئێوە، لەسەر کام دینە؟
لەسەر کام پەیڕەو لە کام ئایینە؟
مەگەر نازانن بەرامبەر تورکان
هەرکەس بە شەڕۆ تفەنگی تەقان
خۆی بێبەش ئەکا لە ئایین و دین؟
خۆی ئەکا بە ... لە ڕووی سەرزەمین؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بـــا قیامـــەتیش بنـــێین بـــەولاوە
کـە شـەرع چەنـدی لـە سـەر دواوە!
کــە وەختــێ هــۆردوو ئەمیانــە زانی
کەوتنــە باوکــەرۆ بــە ســەرگەردانی
بـوو بـە زایەڵـە و بـە شـین و زاری
ئـەهاتن و ئـەچوون بـە بـێقـەراری
وتیـان: مامۆسـتا، ئامـان سـەد ئامـان
چیمان لێ ئەکەی؟ دەستمان بە دامان!
مامۆســتا وتــی: بــێن تۆبــە بکــەن
کڕنووش لـە دەرگـای خەلیفـە ببـەن
من تکا ئەکـەم، هـەوڵ ئـەدەم بۆتـان
بەشـکوو خەلیفـە خـۆش ببـێ لێتـان
هەسـتانە سـەر پـێ بـە ئـەمری مـەلا
چــەک و ســلاح و تۆپیــان فــڕێدا
سوپا بەبێ شەڕ تەسلیمی تـورک بـوو
بـۆ گـرتنی مـیر کەوتنـە هـاتوچـوو
مەلا و قووەتێ لـە دەسـتەی تورکـان
گـەڕانۆ بـۆ سـەر مـیری کوردسـتان
لــە ڕەوانــدزا گرتیــان بــێهــەرا
کــوژرا و دەولــەتی کــورد لــەناو بـرا
مـەلا خەجاڵـەت هـەر دوو دنیـا بـوو
نە ئەم و نە ئەو، هەردووی لە دەستچوو

***

کتێبخانەی ئەلیکترۆنی کوردی
www.kibari.org

## کوڕ ئەبێ چۆن بێ؟

کوڕ ئەبێ جێگەی شاخ و بن‌بەرد بێ
ڕەنگ‌زەرد و زایف، هەناسەسەرد بێ
خەمبار و پەشێو سەرسام و بێ‌ڕەنگ
بێ‌کەیف و دەماخ وەک‌نەقشی ڕووی‌سەنگ
وەک پڵنگ چاپک، وریا وەک ڕەشمار
بە زاهیر سەرکز وەک مەردە موردار
مردن و ژیان لە لای یەکسان بێ
بۆ بەجێماوی پیشەی گریان بێ
زۆر چاک تێکۆشێت بۆ بەرزی هۆزی
خۆ بکات بە قوربان بۆ خاکی کۆزی
هەتا ئەتوانێ دەس هەژار بگرێ
سارد نەبێتەوە هەتاکوو ئەمرێ
جەنگ لابا لە ناو برادەرانی
ئاشتی خاتە بەین کەس و کارانی
هێندە تێکۆشێت چاک خوێندەوار بێ
لە ڕێی ئازادی زرنگ و هۆشیار بێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ولات نەفرۆشـێ ببێ بە جاسـوس
پـارە وەرنـەگرێ لـەباتی نـاموس
خـۆی پـلاو نـەخوا و بـرای نـانی جـۆ
فاسـۆن نەپۆشـێ و براکـەی پـەڕۆ
خـەمی تێکـەڵاو خـەمی یـاران بـێ
پڵـنگی نەبـەز لـە ڕووی مەیـدان بـێ
ژیـانی گـەلی نـەدا بـە پـارە
لەسـەر حـەق بـڕوا بـۆ ژێـر قـەنارە
زینـدان لـە لایـا بـاخ و بێسـتان بـێ
بەرزی یا نزمـی لـە لای یەکسـان بـێ
ئەوسـا پێـی ئەڵـێم، کـوڕی جوانـە
شێری بێچوە شێر، بێشـەی نیشـتمانە

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.zubaz.org

## ئادەمیزاد وەکوو گوڵاڵەیە

بازێ گـوڵ بـێ بـۆن، بـەلام جوانـە
تەماشـای ئەکـەیت، پـڕ جنگـێ پانـە
ئەو گوڵە چونکە هـیچ عـەتری نییـە
هـیچ کـەس نایـەوێ فائیـدەی چییـە؟
مەگەر منالێ بێ عەقڵ و کـاس بـێ
هـەتا سـیس ئـەبێ بـەلایۆ خـاس بـێ
بـەلام هـەر گوڵـێ خـاوەنی بۆنـە
خـاوەن حورمەتـە تـازە یـا کۆنـە
هـەتا تازەیـە گوڵـی مەجلیسـە
ئـەکرێ بـە گـوڵاو وەختـێ کەسیسـە
وەختێ عەتر ئەدەی لەسەر و سەر دڵ
هـەزار ڕەحمـەتیش ئـەنێری بـۆ گـوڵ
پیـاوی وا هەیـە خـاوەن جەمالـە
ئەمما حەیف سەد حەیف، زۆر بێکەمالـە
هیچ کەس نایەوێ بە خێری مـردوو
مەگـەر نـەزانێ، عـەقڵ نـەگرتوو
زۆری وایـش هەیـە کـە ناشـرینە
بـەلام لـە فیکـرا عەقڵـی تەئمینـە
ئـەوە واجبـە سـەری بـۆ دانێـی
ڕۆحـت دەربـێنی بیخەیتـە بـەر پێـی
چون ڕۆژێ ئەبێ بە عەقڵ و ئـەرکان
نـەجاتت بـدات لـە گێـژی تۆفـان
بـەلام لـە کـوردا ئـەم بـیرە نییـە
ئیتـر نووسـینی فائیـدەی چییـە؟

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## چیرۆکی پشیله و مشک

ڕۆژێ گوربەیـەک پـڕ خـەت و خاڵـێ
هەڵتروشـکابوو لـە گۆشـەی ماڵـێ
تـۆزێ ئـارەزووی خـواردنی ئـەکرد
هـەرچی ئـەبینی لـووتی بـۆ ئـەبرد
لـووت بـۆ تەشـتەنان، بـۆ تیکـە نانـێ
دەم بـۆ نـاو چڵـکاو لـە بـۆ ئێسـقانێ
ڕووەو کـەیبانوو جارجـار ئـەی‌میـاوان
لـە ڕووی کـەیبانوو ئیخلاسـی ئـەنوان
خۆی هـەڵئەسـاوی لـە شـانی منـاڵ
پیـاوی بـۆ ئـەبوو بـە کۆگـای زوخـاڵ
زۆر بـە هـەژاری خـۆی نیشـان ئـەدا
ئـەتوت: سـۆفییە و عیبـادەت ئـەکا
گا خۆی ئەشـاردۆ کـە کـەس نـەزانێ
گاگـــا ڕائەکشـــا بەقـــەد مژانـــێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.ra...

تـاوێ لـە هـەیوان، تاوتـاوێ لـە ژوور
ئەســـووڕایەوە خـــەیلێ بـــە زەروور
لـە تـاو برسـیەتی، زکـری یامـەتین
کردبووی بە وێرد، بە دڵـەی غـەمگین
ئیقــراری ئــەکرد کــە گوناحکــارم
بۆیـــە وا لات و برســـی و هـــەژارم
شــەرتە ئێســـتاولا، نــوێژ نەفــەوتێنم
ڕۆژوو قـــەت نـــەخۆم هـــەتا بمێـــنم
لـە نـوێژ و ڕۆژوو، لـە ئـەدای زەکـات
لە حـەج و عـەمرە یـا لـە حەسـەنات
گەر من بـە دڵ پـاک ڕوو کەمـە خـوا
خـوداش بـە چـاکی ڕزقـی مـن ئـەدا
چەن هەزار وەک من دەسـتی دا ئیرشـاد
بۆ خۆی خۆش ئەژی بـە مـەیل و مـراد
خەلیفــە ئــەگرم لــە نــاو مشــکانا
لــە نــاو دەســەبرا و دەستەخوشــکانا
مشکێ گوێی لێ بوو، لەم قسـە و باسـە
زوو بـاوەڕی کـرد کـە ئەمـە ڕاسـە
هـات کـە زیـارەتی دەسـتەکانی کـا
تــاکوو پاشــەڕۆژ بــۆ بەهەشــتی بــا
کاتـێ پشـیلە، مشـکی چـاو پێکـەوت
لە خۆشی مشکە دڵـی نـە ئەسـرەوت
مشـکە کرنووشـی گـەورەیی بـۆ بـرد
لە پێش دەم گوربە، خاکەکەی مـاچ کـرد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وتی: ئەسسەلام، شێخی خاوەنوەرع!
عولەمای عالم شارەزای ڕێی شەرع!
سەد شوکری خوا، خاوەن ئیمانی
تۆ پشت و پەنای گوناهکارانی
منیش وا هاتم خۆم خستە پەنات
بۆیە کە هاتووم، تۆبە بکەم لات
پشیلە ڕوانی کە نیوەشەوە
هیچ دەس ناکەوێ و مشکەش قەڵەوە
وتی: سۆفی مشک بێ ئاو و نانم
شێخیم بۆ ناکرێ، زۆر پەشیمانم
خانەقام کوانێ؟ تەکیەم لە کوێ بوو؟
بۆ مەلا لە کوێ بێمە هاتوچوو؟
بۆ من واچاکە بە ڕا و بیرم
بچمە سەر ڕەوشت باو و باپیرم
شەو گەر ماڵەوماڵ بۆ مشک گرتن
زۆر زۆر چاکترە لە تۆبەکردن
مشکە کە زانی چاک لێی قەوماوە
عومری شیرینی تەواو فەوتاوە
وتی: ئاغای خۆم خاوەن دیوەخان!
شێری کوڕی شێر، خاوەن سفرە و خوان
ژێر دیوەخانت، زیندان و کۆتە
بکوژ و ببڕ، قابل بە خۆتە
جەریمەی مسکێن، بێگاری هەژار
خوا بۆ تۆی دانا لە ڕووی ڕۆژگار

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rudaw.org

زەوی دێمـــەکار بـــە نیوەکـــاری
زیـــادە لەمیشـــە ڕۆنی دیـــاری
ئـەوەش بـەرئاوە بـە فتـوای مـەلا
سێ بەشـی بـۆ تـۆ و بەشـێ بـۆ فـەلا
فەلای قوڕبەسـەر خەلـەی بـۆ چییـە؟
خـۆ دیوەخـان و چێشـتخانەی نییـە

**وەڵامی پشیلە:**

وتـــی بـــە مشـــکە: نامخلّـــەتێنی
بـــە تـــاریف کـــردن ملـــم بشـــکێنی
تیکـــەیی چـــەوری لـــەم نیوەشـــەوە
کەوتوویتـە دەسـتم لـەم وەختـی خـەوە
لـە زووۆ چـاوەڕوان بـۆ شـوێن و جێـتم
گـەر بـەرت بـدەم، دیـارە کـە شـێتم
بۆیـــەکا، خـــوا چنگـــی پـــێداوم
ئێـــوەی پـــێ بگـــرم، هـــەتاکوو مـــاوم
خـــــودا پێـــــیداوم دانی درێـــــژم
کـە خـوێن هـەزاری وەک تـۆ بـڕێژم
گـەر دەسـتم بـڕوا، سـەد هـەزار وەک تـۆ
لەبـەر خـاتر خـۆم، ئەکـەم ڕەنجـەڕۆ

**مشک:**

شـــازادەی چنـــگ‌تیـــژ! ئەمـــە بزانـــە
کـە یـەزدان گـەورەی ئـەرز و ئاسمانـە
کەی‌خوا فەرموویە هەرکەس دەستی ڕۆی...
هـەزاران بکـوژێ، لەبـەر سـوودی خـۆی؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لــە نــاو قورحانــا لــە دووســەد لاوە
نەحلــەت لــە ناوچــاو زاڵــم کــراوە
زاڵــم و شــەیتان هــەردوو مــەلعوونن
ڕۆژی قیامــــەت هــــەردوو زەبــــونن
تــۆ ئەگــەر دڕکــێ بچــێ بــە پێتــا
بــێ ئــارام نــابی لــە نــاوی جێتــا؟
ئەگــەر تــۆ تــۆزێ ســەرت بێتــە ئــێش
هــاوار نــانێری بــۆ بێگانــە و خــوێش؟
بزانـــە منـــیش کـــەوا گیانـــدارم
لـە ژیـن حـەز ئەکـەم، لـە مـەرگ بێـزارم
هــیچوەخــت مــەنازە بــە شــان و بــاهوو
کاتــێ بزانــە دنیــات لــە دەســت چــوو؟
بــیر بکــەرەوە لــە حاڵــی هیتلــەر
لـە خـوێن مـژین و لـە جـەوری قەیسـەر
(لیوســی شــازدە) چەنــدە خوێنخــۆر بــوو
تەماشــا ئەکــەی، بــە چ دەردێ چــوو؟
شـــازادە گوربـــە دنیـــا هەروایـــە
هــــەروەک شــــریتی ســــینەما وایــــە
زۆر زۆر خوێنمژ بی، هـەر وەکـوو زوحـاک
کاوەیــەک ئــەبێ بتنێتــە ژێــر خــاک
بــە ماڵــی دنیــا هــەرگیز مــەنازە
گشــت تــەواو ئــەبێ چ کــۆن، چ تــازە

زۆر دەوڵەمن بی، ئەبی بە (عەدەس)[1]
هەموو ڕەنجەکەت ئەچێ بە عەبەس
باخێ داگیر کەی لە یەکێ وەک من
سەد هەزار وەک من ئەبێ بە دوژمن
جۆگەی (دەڵێن) و (ماڵوان) و (تەینال)
نامێنێ بۆ تۆ، هەتا هەزار ساڵ
تو سەری باوکت، مسکێنی هەژار
جوێنی پێ مەدە و مەیبەرە بێگار
خوسنی مێژوو مەهێنە سەر خۆت
گێتی هەتا سەر هەر نامێنێ بۆت
کوڕ چیت بۆ ئەکا لە پاش مردنت؟
تۆزێ بفامە، دەستت بە گونت

پشیلە:

مشکی تەرەسباب! تۆزێ بفامە
شەئنی ئاغایی یەکجار گرانە
هەتا ئیستعمار بێ لە مەیدان
ئاغا هەر ئاغاس، وەک جاری جاران
ئێوە و جووجەڵە و چۆلەکەی پاسار
بۆی حەلاڵ کردووم، کاکی ئیستعمار

***

---

١. عەدەس کابرایەکی دەوڵەمەندی عەرەب بوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## سکاڵای دڵ

خوا! داخی تۆ دای لە سەلای سەر
خۆم پێ ناگیرێ تا ڕۆژی مەحشەر
ئێستە ئەڕێژم داخی دەروونم
تەواو عەرز ئەکەم حاڵی زەبوونم
کەی پارامۆ لێت بمخەیتە دنیا؟
بێ قەوم و عەشرەت، بە تاقی تەنیا
ئەگەر وجوودم فاییدەی نییە
دروست کردنی بێ فاییدە چییە؟
دۆم بە دۆمی خۆی کە کلاش ئەکا
ئەیبا ماڵەوماڵ، درگا بە درگا
بانگ ئەکا: خەڵکە! کلاشی چاکە
چونکە باش وەستام، دەستکارم چاکە
تۆ خۆت عالمی و هەم خۆیشت قازیت
لە دەسکاری خۆت، بۆچی ناڕازیت؟
جۆلایێ بووە لە زەمانی زوو
هەر پارچەیەکی لەلا دەرئەچوو

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.ibook.org

لــەباتی حــەقی ئەگــەر بتدایــە
ئەیوت نامەوێ، چون بـەکار نایـە
دەوڵەتی دنیا ئـەدەی بـە دوژمـن
لە برسا ئەکوژی هەزار وەکـوو مـن
ئەگـەر ڕازقـی وەکـوو تـۆ بکـەم
ڕسقی سەد ملیۆن خەلایق ئـەدەم
بڕوا سواڵکەری دۆس و دوژمن بـێ
ئاهـ و نزولەی بە ئەستۆی من بـێ
خوا عـەفوم کـە لـەم گفـتوگۆیـە
زوان و قەڵــەمم دەســکاری تۆیــە
بمبەخشە چونکە، گەیوە بە گیـانم
ئەگــەرنا موتیــع، بەنــدە فــەرمانم
گەر منال بۆ نـان ئـەگرێ دامانـت
لـە مـن خراپتـر ئـەگا بـە گیانـت

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## نەتیجەی خۆ هەڵکێشان پەشیمانییە[1]

ساڵێ کابرایەک چەخماخسازی چاک
ژیر و لەسەرخۆ دەس و دەساو پاک
لوولە کۆنێکت ببردایە بۆی
ئەیکرد بە تفەنگ وەک کارخانەی خۆی
بە چاوی خۆم دیم لە شارەزوور بوو
بەڵام بە ژیری خۆی زۆر مەغرور بوو
چووە سەر دووکانی دۆمێ
دۆمی سەد ساڵە پیر و پشت کۆمێ
کاتێ چاوی‌کەوت بە (مشتە) و (گازن)
(دەزگا) و (چەرمێڵە) و (پێکنە) و (پەرۆچن)
زۆر زۆر پێکەنی بەم ئەسبابانە
ئەی‌وت: ئەمیشە ئەسبابی نانە؟
دانیشت لە جێگەی پیری کۆماوە
تاکێ کلاشی هێنا بەم لاوە

١. لە ئەدەبی فارسییەوە.

شــفرەکەی هەڵــگرت بــۆ بــڕیامانی
چــون ئیشــی نــەبوو، هــیچ لێــی نــەزانی
کاتــێ شــفرەکەی نایــە ســەر پــەڕۆ
پەنجەی خۆی قرتاند، خۆی کرد ڕەنجەڕۆ
هەرچی هەوڵیدا دەستی سەقەت بوو
ســەنعەتی خۆشــی لــە دەســتی دەرچــوو
لــەم ئاخریــەدا تــەواو کەوتــە ســواڵ
ئەســووڕایەوە لــەم مــاڵ بــۆ ئــەو مــاڵ

کەڵک:

کاکە گشت بەشــێ بــە بەشــی خوایــە
بزانــە ســەنعەت یــەک لــە یــەک جیایــە
نابــێ مــەغرور بی بــەوە کــە ئەیکــەی
لە دەسکاری خەڵک قەت تەعنــە نــەدەی
ئــەبێ بــزانی کــە خــوای هــەموان
هەریــەک بــە جــۆرێ دنیــای دامــەزران
یــەکێ بــە شــێتی، یــەکێ بــە ژیــری
یــەکێ بــە جــوانی، یــەکێ بــە پــیری
خــوا ئــەم دنیایــەی هــەروا دانــاوە
بــەم جــۆرە ئــەڕوات هــەتاکوو مــاوە

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## دوژمن بەخێو کردن[1]

سەعدی فەرموویەتی: افعی کشتن و بچه نگاه داشتن کار خردمندان نیست.

سالێ لە شوێنێ مارێ هاتە رێم
لێم هاتە سەر کلک خۆی خستە بەرپێم
مار چ مار! ڕەشمار، بەقەد مژانێ
ژێر چەناگە سوور عەجەب سەرپانێ
تەمای بوو لەویا بمکوژێ بێکەس
منیش کوڕانە لێی هاتمە دەس
کوتەکێ سەرخڕ، داری بەلاڵوک
بزمارڕێژکراو، سەرزلی خۆسووک
ئاراستەم کرد و کێشام بە ملیا
دووبارە کێشام بە سەری زلیا
هەر وەکوو ژیژوو خۆی گلۆلە کرد
لە پاش نیوسەعات بە تەواوی مرد
ڕوانیم بەچکەیەک سەر ڕەشی سوورکار
ئەجوولێتەوە لە ژێر لاشەی مار
بەزەییم پیا هات نامە ناو قوتوو
بردمەماڵەوە هەروا زووبەزوو
بە ماست و کەرە، بە شیر و پەنیر
پەروەردەم ئەکرد بە ئومێدی خێر

---

١. لە فارسییەوە وەرگیراوە بە دەستکارییەوە.

هەتا گەورە بوو بەچکە بوو بە مار
لە باوکی زلتر پیس و ژەهردار
نەمزانی قینی باوکی لە دڵە
بۆ ڕۆژ ئەگەڕێ لە من بە کوڵە
زەربولمەسەلم لە بیری خۆم برد
کە مارم کوشت و بەچکەکەم بەخێوکرد
لە نیوەشەودا فرسەتی هانی
هاتە سەر جێگەم زۆر بە نیهانی
لە ناخافلا[1] دای بە پێمەوە
ئەمە شەش ساڵە ئەتلێمەوە
هەرچی هەوڵمدا هیچ سوودی نەبوو
چۆن بۆم نەکوژرا لە دەستم دەرچوو
هەرکەس ئاقڵ بێت ئیشی وا ناکا
دوژمنی ڕۆحی بۆ لای خۆی نابا
کوردە وەسیەتم چاک بگرە لە دڵ
نەوا دوژمنت بتنێتە ژێر گڵ
ئەگەرچی هیچکەس گوێ ناگرێ لێم
من وەزیفەمە ئەبێ هەر بیڵێم
ئەی براکانم ئێوە کوردانن
لە پاش مردنم قەدرم ئەزانن

***

١. ئەم شیعرە لە ڕۆژنامەی ژین ژمارە ٦٦٧ی ساڵی ١٩٤٢دا بڵاوکراوەتەوە. نووسراوە: لە تۆڵەی باوکی دای بە پێمەوە...

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


# خزمەتکاری خراپ[١]

ساڵـــێ کابرایـــەک کـــردی بێســـتانێ
لـــە گـــوێ چـــەمێکا، لـــە زیخـــەڵانێ
بێستانچاک هەڵکەوت، کاڵەکی گەورە
بێســـتانی وەهـــا نـــەبوو لـــەو دەورە
بـــارێ کاڵـــەکی بـــرد بـــۆ ئاغـــا دێ
بەڵـــکوو خـــەڵاتی چـــاکی بـــداتێ
ئاغـــادێ پیـــاوێ قـــاپیوانی بـــوو
لـــە ســـەگ خراپتـــر، پاســـەوانی بـــوو
یەخەی کـابرای گـرت، وتـی ڕێ نییـە
ئاغـــا نووســـتووە، خەیاڵـــت چییـــە؟
کـــابرا بـــە ئومێـــد نەگەڕایـــەوە
کـــەر بـــە بـــارەوە ئەســـووڕایەوە
قـــاپیوان وتـــی بـــە کـــابرای فـــەقیر
لە ڕێـی خـودادا بـۆت ئەکـەم تـەکبیر
ســـەنەد بنووســـە خـــەڵات و بـــەرات
ئاغا هـەرچی دا نیـوەی بـە مـن گـات
کـــابرا نـــاعیلاج ســـەنەدی نووســـی
ئیتـــر قـــاپیوان هـــیچ لێـــی نەپرســـی
چـــووە لای ئاغـــا کاڵـــەکی دانـــا
شـێوەی بچـووکی چـاک بـەجێ هێنـا
ئاغـا دەسـتی بـرد چـوار دینـار پـارە
بـــەراتی فـــەرموو بـــۆ ئـــەو بێچـــارە
کـابرا عـەرزی کـرد نامـەوێ قوربـان
ئـەم چـوار دینـارە ئەکـەم بـە سـنان

---

١. لە فارسییەوە وەرگێراوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rafari.org

هـەتا دە دینـار ئاغـا هـەر بـۆی چـوو
فەقیر هەر نەیویسـت! ئاغـا تـوورە بـوو
کـابرا عـەرزی کـرد بۆیـە هاتمـە لات
سـەد شـەقم ئـەوێ لـەجیاتی بـەرات
ئاغـا ئـەمری کـرد وەرن تێـیهەڵـدەن
بە هـیچ کلۆجـێ ڕەحمـی پـێمەکـەن
پەنجایان لێـدا زۆر چـاک بـە هـەوەس
سـەر پەنجاویەکـە فـەقیر وتـی: بـەس
ئـەو پەنجاکـەی تـر لـە بـۆ قـاپیوان
سـەنەدمان داوە لـە بـەینی خۆمـان
ئاغـا تەماشـای سـەنەدەکەی کـرد
قـاپیوانی گـرت زوو بـە دەسـتوبـرد
پەنجای تێ هەڵدا لـەباتی حـەق خـۆی
پـەنجای زیـادەی حەواڵـە کـرد بـۆی
لـەپاش سـەد شـەقە، لـەوێ دەرکـرا
قاپیوانـێ تـر لـە جێـی دانـرا
فـەقیر و هـەژار هـەموو ڕزگـار بـوو
خاوەن کاڵەکیش بـە خۆشـی دەرچـوو
هـەر خزمـەتکارە ئیشـی وا ئـەکات
ئابڕووی سەد ساڵەی ئاغای خۆی ئەبات
لازمـە لەسـەر ئاغـای سـاحێبمـاڵ
خۆی تەماشا کا لـە حـاڵ و ئـەحواڵ
نـەوا سێسـەد دێ موڵـکی ئاغا بـێ
لـە نیـوەی سـاڵا بـۆ نـان دامابـێ

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## گفتوگۆی دوو بولبول[1]

جـارێ بوولبولـێ سەربەسـت و ئـازاد
ئەسـووڕایەوە زۆر بـە خاترشـاد
لەم دار بۆ ئەو دار، لەم چڵ بۆ ئـەو چـڵ
لەم باخ بۆ ئەو باخ، لەم گوڵ بـۆ ئـەو گـوڵ
مانگێ لە کوێستان، مانگێ لـە گـەرمیان
ڕۆژێ لـە دێهـات، ڕۆژێ لـە شـاران
ڕۆژێ ڕێـی کەوتـە دالانی ماڵـێ
خـاوەن دەسـەلات حـاڵ و ئەحواڵـێ
نـواڕی قەفـەزێک لـە زێـڕ کـراوە
لـە گۆشـەی دالان هەڵواسـراوە
بولبـولی تیایـە ئـەخوێنێ بـە گـەرم
تـێئـەچرکێنێ بـە بـانگی بـێشـەرم
قاپـێ پـڕ دانـە و قاپـێ پـڕ ئـاوە
لـەناو قەفـەزدا بـۆی دانـراوە

١. لە ئەدەبی بێگانەوە.

دیجیتاڵی www.rabari.org

بولبولی ئازاد وتی: ئەی بولبول
لە من خراپتر ئاشق بە ڕووی گوڵ
جێم بکەرەوە، بمبە ژووری خۆت
لەو دان و ئاوە کە ئەیهێنن بۆت
بەخێوم بکە با دراوسێت بم
هەروەک خزمەتکار خاکی بەرپێت بم
بولبولی گیراو وتی بە سەربەست:
لە شێت خراپتر، بەخۆڕایی مەست!
مەگەر نازانی ئەمە زیندانە
ئەم دان و ئاوە گشتی سندانە
ئەو گۆرانییە کە من ئەیخوێنم
شین و گریانە، خۆم ئەلاوێنم
ژیانی گیراوی وەک ژەهری مارە
کەی ئەساچێنێ هەرکەس هۆشیارە
بە سکی برسی لە چلەی زستان
سەربەست بگەڕێم کوێستان بە کوێستان
خۆشترە لەناو قەفەزی ئاڵتوون
لەسەر تەختی شا بە زاری و زەبوون
ئەم دان و ئاوە بە میراتم بێ
چون هیوام نییە قەت نەجاتم بێ!

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## قانع و باز

ئەی باز! ئـەی مـەلی باڵـداری خـوێنخـوار!
لـــە نـــاو مەلـــەکان مەشـــوور بـــە زۆردار
ئـــازاری گیـــانی گیانـــداران ئـــەدەی
بـــەلای دەردتـــۆ خـــۆت بـــەخێو ئەکـــەی
هـــــەموو باڵـــــدارێ ژیـــــانی هەیـــــە
بـــە ئەنـــدازەی خـــۆی ویـــژدانی هەیـــە
هیچیـــان وەکـــوو تـــۆ نـــابن بـــە خـــوێنخـــۆر
گیـــانی باڵـــداران ناکێشـــن بـــە زۆر
نـــابن بـــە ســـەگ و ناکەونـــە وڵات
هـــیچ نـــابن بـــە هـــۆی زەرەر و ئافـــات
تـــۆ لەبـــەر خـــاتر ژەمێکـــی خـــواردن
گیانـــدارێ وەک خـــۆت ئەخەیتـــە مـــردن
مردنـــــت باشـــــە تـــــا ژیـــــانی وات
شـــۆرەت خـــوێنخۆریـــت بخەیتـــە وڵات

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.ktebart.org

مـن بـه تـۆ ئەڵـێم: هـەی سـتەمپیشـه
ئەمـــه کـــردار و کـــردوه و ئیشـــه؟

***

ئـــەی بـــازی زاڵـــم! کـــردەوە بۆگـــەن!
ڕۆژێ هـــەر ئـــەبێ بچیتـــه نـــاو بـــەن
زۆری پـــێناچـــێ هـــەر کـردەوەی خـــۆت
چنگـی خـوێنڕێژیـت ئەتخاتـه نـاو کـۆت
وەک تۆ حـەز ئەکـەیت لـه ژیـن و خـواردن
حـەز ناکـەی بگـەی بـه پلـەی مـردن
هـــەموو گیانـــدارێ وەکـــوو تـــۆ وایـــه
نایـــەوێ مـــردن بـــۆی بێتـــه کایـــه
تـۆ بـه دەسـتی خـۆت زەنگـی خـۆت زڕان
پـــەردەی شـــەرەف و ویژدانـــت دڕان
تـــۆ لەبـــەر نـــەختێ ســـوودی تـــەنیایی
چـەن هـەزار ئـەکوژی هـەر بـەخوڕایی
مـن بـه تـۆ ئەڵـێم: هـەی سـتەمپیشـه
ئەمـــه کـــردار و کـــردەوە و ئیشـــه؟

***

ئـەو کەسـەی بـۆ ڕاو تـۆ بـەخێو ئـەکا
ئەتخاتـه وەتـراق گۆشـتت پـێ ئـەدا
سـەد ئەوەنـدەی تـۆ بۆگەنـه و خـوێنمژ
بـۆ قـازانجی خـۆی ئـەبێ بـه پیـاوکوژ
هـەر کـەس کـرداری ئـێش و ئـازارە
ئـەوە لـه نـەوەی سـەگ و سەگسـارە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


هـەر کـەس حـەز ئـەکا لـە خـوێن ڕژانـدن
زوو کەوێتـــە نـــاو کـــەلاوەی مـــردن
بمـریٚ ئـەو کەسـەی کـە شـەڕی ئـەویٚ
ئـــازاریٚ بگـــریٚ ژانی نەســـرەویٚ

**وەلامی باز:**

قـانع! خـوێنخـۆریم خـەتای خـۆم نییـە
سروشـــتم وایـــە، دەســـەلات چییـــە؟
ئەگـــەر تەبیعـــەت دەنـــووک نـــەدا پـــێم
سـەربەندی شـاخان، دانـەنیٚ بـۆ جـێم
چنگـی قولاپـدار وەک نێـزەی خـوێنڕێـژ
نەخاتـــە پەنجـــەم مەحکـــەم و درێـــژ
نینـــۆک وەک ئەڵـــماس نەخاتـــە پەنجـــە
هـیچ مەڵـیٚ لـە مـن نابـیٚ دڵڕەنجـە
منـــیش وەک کـــۆتر دانـــەخۆر ئـــەبووم
بـۆ خـۆم ئـەژیام، بـە هـەر جـۆر ئـەبووم

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.ktebxane.org

## جووتیار و گاجووتەکەی

گـارەش نـووری بینـاییم ئـەی کۆمـەکی تـەنیاییم
چـــاوی ڕوونی ژیـــانم دەستمایەی بەرگـونـانم
پشـــــتیوانی منالـــــم هێــزی دەمــاری بالـــم
ڕاگیرکـــەری خێـــزانی ڕووســـووری لای میـــوانی
فەخری مزگەوت و مالـم مەکینـەی کشـتوکالـم
گـارەش وا سـەری سالـە وادەی نـــانی منالــــە
کام مێرگی پڕ لـە زەلـە؟ دەریبێـنین بـۆ خەلـە؟
بە چنگ، بە پاچ، بەگاسن هەلـــیکەنین هــەتا بـــن
بەلکوو وەکوو پـار نـەژین ئەمسال لە پار چاتر بـین
بۆ تۆ، بۆ من، ئەی گاجووت ڕائەبوێرین برسی و ڕووت؟
نە من پـیر و نـە تـۆ پـیر بـۆ تـۆ لات و مـن زویـر؟
لـە تـۆ سـەرم سـووڕماوە چییــە وا لێــت قــەوماوە
نە تۆ ئەوەستیت، نـە مـن لە بەرچاو دۆست و دوژمن
کە چی هـیچ دیـار نییـە چییە ئەم سیحرە، چییە؟

**وەلامی گاجووت:**

مــام سمایــل، جووتیــارم ڕەفیقـــــی کۆهســــــارم
تۆ شت زۆر پەیدا ئەکـەی بە هیچ لـە نـاوی ئەبـەی
بـاوەجوود، خـەتات نییـە دەســـتەلاتی تــۆ چییـــە؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەک تۆ، بەڵکوو هەمووکەس     شتی زۆرتر دێتە دەست
بەلام ئەرکی گرانە     ئەمەش خەتای زەمانە
لایە شەکر، لایە چا     بەشی شێخ، بەشی مەلا
تاپۆی ئاغا، حەقی شوان     شەرتی خادم و گاوان
مووچەی گزیر و سەرکار     بەشی قۆڵچی، قەراخ شار
خۆ دایەرەی (...)ک     گسکی لێ ئەدا سەرپاک
کاتێ پۆلیس دێتە دێ     ئیشی بکا جێبەجێ
سەد ساڵ بلێی جۆ نییە!     نابیسێ، سوودی چییە؟
کە بانگ ئەکا، های ترێ     منال وەختە بۆی بمرێ
بەش سەلەمی پارەدار     کە ئەیکەی هەوەڵ بەهار
ڕاتووی فەقێ و شەلوکوێر     نانی میوانی بێخێر
هەرچی لەمانە زیادە     بە دەست دزۆ بەربادە
وایە ژیانی ساڵت     بۆیە ڕووتە منالت
ئەو ڕەنجە کە من ئەیدەم     ئەوەی من پەیدای ئەکەم
ئەگەر گشتی بۆ خۆت بێ     ئیشت ئەکا جێبەجێ

***

rabari.org

## سوودی گەڕان[1]

هەرکەس وەک سێبەر لە ماڵ دەرنەچوو
فایـــدەی مانـــگ و ڕۆژ بــۆ ئــەو نــەبوو
تــا نەچیتــە بــن بــەحرێکی بــێ پــەی
جــەواهیر و دوڕ چــۆن پەیــدا ئەکــەی؟
هەرکەس تەمەڵ بێ لـە ئـیش و فرمـان
قـــەت زێـــڕ و زیـــوی نایەتـــە گیرفـــان
ئەگــەر هونەرمەنــد نــەچێ بــۆ ســەفەر
بــە کــاری نایــەت جەوهــەر و هونــەر
بــاز لەســەر هــێلان گــەر نــەچێ بــۆ ڕاو
کــەو و کــۆتری چــۆن بــۆ دێتــە داو؟
درەخـــت بجووڵـــێ لێـــرە بـــۆ ئـــەوێ
تـــەور و تەوراســـی نزیـــک ناکـــەوێ
ئـــاو گـــەر نەجووڵـــێ فایـــدەی چییـــە؟
خەڵـــە داشـــتنی بـــە ئەبـــەد نییـــە
دێـــی چـــۆڵ ســـەدهەزار قـــانعی فـــەوتان
شـــوێنی دیـــار نییـــە تـــا ئـــاخر زەمـــان

***

١. لە فارسییەوە وەرگیراوە بە دەستکارییەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## خۆت بە گەورە مەگرە

کوێخایەک نانی بۆ ڕەنجبەرێ برد
زۆر زۆر بە سووکی تەماشای ئەکرد
ڕەنجبەر پێی زانی، وتی: ئاغای خۆم
تۆ وائەزانی ئافریدەی تۆم؟
من پارەم ئەوێ، تۆ زۆرت ئەوێ
فیزی چی ئەکەی؟ هەی کۆست کەوێ!
تۆ لەگەڵ مندا سەرف ئەکەی پارە
من ڕۆح سەرف ئەکەم سوبح و ئێوارە
ئەگەر وەکوو من بێڵ بوەشێنی
ئەوسا ئەزانی چۆن دائەمێنی
من نان و بەرگی تۆ پەیدا ئەکەم
عومری عەزیزی خۆم بە با ئەدەم
من بە خۆڕایی قەت ناخۆم نانت
تەنها نیو سەعات نابمە میوانت
من زۆر و تۆ زێڕ ئەدەین بە یەکتر
هەردوو مەمنوون بین، یەک لەیەک چاتر
گەوهەری عارق ئەڕژێنمە زەوی
بەتاڵ ناخەوم مل بکەم قەوی
یەکێ نەبەخشێ بە یەکێ بەرات
هیچ هەقی نییە فیزی لەسەر کات
ئەگەر هات کردی، ئەوە کەرییە
لە کەری بەدتر دەردیسەرییە

***

## دڵی دایک[1]

جارێکیان لاوێک سەرگەرم و مـەغروور
لـە نـاو یارانـا بـە نـەزان مەشـهوور
ئەیـدا لـە دایکـی هـەتا ئـەیتوانی
وتـاری بـاوکی بـە هـیچ ئـەزانی
دڵـی چـووە سـەر دراوسـێ ماڵـێ
ژنێکی زۆر جوان، خۆش خەت و خاڵێ
ئیشارەت بـە چـاو، پێکـەنین بـە دەم
بـە بـەینیانا چـوو لـە زۆر و لـە کـەم
گـا شـەڕەچەپۆک، گـا پـاڵ پێوەنـان
هـەتاکوو ئیشـیان لـە ئـیش تـرازان
دایکـی لاوەکـە، بـەم ئیشـەی زانی
کەوتـە تـەدبیری زۆر بـە ئاسـانی
وتـی: خوشـکەکەم، مەیـە بـۆ ماڵـم
خراپمـان مەکـە و مەشـکێنە باڵـم
ئەم کـوڕەی منـە، سەرسـەری مەکـە
لـە ژیـنی دنیـای بـێبـەری مەکـە

١. له ئەدەبی بێگانەوە (شاعیری فارس (ئیرەج میرزا))

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژنی دراوســـێ کـــە زانی وایـــە
تـەرکی ماڵـی کـرد نـەهات بـۆ کایـە
لەپاش یەک دوو ڕۆژ کوڕە هیلاک بوو
بۆ نـەهاتن یـار، تـەواو خـەمناک بـوو
شەوێک لـە شـەوان زۆر بـە پـەنهانی
چوو بۆ لای دۆستە هیچکەس نەیزانی
وتی: گیانەکـەم! بـۆ تـەرکت کـردم؟
بـە چـاوت قەسـەم ئـەوا مـن مـردم
وەرامـــی داوە مەعشـــووقەی عـــەیار
وتـــی: خۆشەویسـت بـۆ مـن بریـندار
دایکـــت زانیویـــە، ئابـــڕووی بـــردم
نـازانی پێـرێ کـەچی پـێکـردم؟
تـازە مـن و تـۆ بـۆ یـەکتر نـابین
هەتاکوو مـردن بـۆ لای یـەک نـاچین
کـوڕ هاتـە وتـە: ئامـان سـەد ئامـان!
لێم زویـر نـەبی، دەسـتم بـە دامـان!
تۆ چی ئەفـەرمووی، سـەرم لـە ڕێتـە
پـەردەی دڵـەکەم خـاکی ژێـر پێتـە
وتـــی: ئەتـــەوێ بم بـــە میوانـــت؟
دەست کەمە ملت، بێمە سـەر ڕانـت؟
دایکـت زک بـدڕە و دڵـی دەر بێنـە
مەیخە بـەیانی، ئـەم شـەو بـۆم بێنـە
منـیش ئەوسـاکە وەکـوو جـارانم
هـەرچی پـێم بڵـێی، بەنـدە فـەرمانم

کـوڕ بـه نـه‌زانی ڕایکـردۆ بـۆ مـاڵ
زک دایکی دڕی، سا به هـه‌ر ئـه‌حواڵ
دڵی ده‌رهێنـا و خسـتیه سه‌رده‌سـتی
بـردی بـۆ یـاری دوو دیـده مه‌سـتی
هێنده په‌له‌ی کـرد کـوڕی مـل‌قـه‌وی
پێـی هه‌ڵخلیسـکا دڵ که‌وتـه زه‌وی
بـه زوانی حـاڵ دڵ هاتـه زمـان
وتی: ئـه‌ی ڕۆڵـه ئامـان سـه‌د ئامان!
هۆشـت بـێ ده‌خیـل، برینـدار نـه‌بی
لـه نه‌خۆشـخانه زار و خـوار نـه‌بی
قـه‌زات لـه گیـانم له‌سـه‌رخۆ بـڕۆ
ئێشـت پـێ نـه‌گا، بمکـه‌ی ڕه‌نجـه‌ڕۆ
هـه‌ر کـه‌س بزانـێ کـه دایـک کامـه
هـه‌تاکوو مـردن چه‌شـنی خولامـه
چـاو بقونجێنـه لـه نـان و ئـاوت
په‌ڕۆ گوو شـۆرین بێنـه پـێش چـاوت
ئـه‌مجـار ئـه‌زانی کـه دایـک چییـه
بـۆ تـۆزێ ئێشـت ئـارامی نییـه

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## قانع و لێفەکەی[١]

لێفە کۆنەی دارزیوو / پڕتووکاوی خوا بڕیوو
نە ساردیت و نە گەرمی / نە بەرگە دەف، نە چەرمی
مار نیت، وەکمار ئەگەزی / تیژی بە چەشنی دەرزی
بۆنت وەک سەگی تۆپیو / ئەڕوا ئەمدیو بۆ ئەو دیو
نە بەرت هەس، نە پشتت / باوکیشم هەر تۆ کوشتت
لۆکە کۆنی، هێند کۆنی / کەس نازانێ چلۆنی
نە سووریت و نە شینی / خاوەن درز و برینی
نە سەوزیت و نە بۆری / نازانم تۆ چ جۆری؟
وەکوو مەشکاڵە ڕەقی / خاوەن کون و شەبەقی
کاتێ ئەتکێشمە سەرۆ / پشتێنەم وا بە دەرۆ
کاتێ ئەتدەم بە پێما / لاشەم بێلێفە جێما
ڕۆنم نییە بۆ دەوری / ئاخر تۆ بە چی چەوری؟
خۆزگەم بەو ڕۆژەی زستان / ڕێگوم ئەکەم لە کوێستان
لە ناو بەفر و سەهۆڵا / لە پۆپەی شاخی چۆڵا
چونکو لە تۆوە دوورم / لەویا شاد و مەسروورم

١. **لێفەکەی قانع**: لەسەر وەسیەتی شاعیر لێفەکەی خرایە گۆڕەکەیەوە.

www.rabari.org

نالـــێم بـــۆچی دڕاوی؟ ئـــەزانم کـــە فـــەوتاوی
بـــەلاَم ڕاســـتم پـــێ بێـــژە بـــە وردی بـــۆم هەلـــڕێژە
کێ تۆی دڕی یەکەم جار وا تۆی هاوردە ڕووی کار؟

وەلاَمی لێفە:

**قـــانع**، لـــە مـــن دڕاوتـــر لـــە مـــن زیـــاتر فـــەوتاوتر
کاتـــێ ئـــادەم دەرکـــرا لە بەهەشـــت بەشـــی بـــرا
منیان دایـــە بـــە خـــەلاَت منی هێنا ڕووی بیســـات
لە لای ئادەم هەزار ساڵ مامەوە بە هـــەر ئـــەحواڵ
بەمیراتکەوتمە لای شیس لە شیسەوە بۆ ئیـــدریس
دەسبەدەس پێغەمبەران تا کەوتمە دەس سولێمان
ئەوسا کەوتمە لای شاهان حوکمـــدارانی جیهـــان
لە جەمشید و کـــەیقوباد حـــامووڕابی تـــا شـــەداد
ئەسکەندەر و فەیلەقووس چار قەیاســـەرەی ڕووس
بۆیـــە وەهـــا فـــەوتاوم یـــەکجاری مـــن نـــەماوم
ئیســـتە چاکـــە، هاوینـــە گـــەرما تـــەواو بەتینـــە
ڕاوەســـتە تـــاکوو زســـتان بەفر ئەرژێتـــە کوێســـتان
قوڕ بە سەرت بـــۆ بـــیرت چلۆن ئەکەی تـــەگبیرت
ئەگەر بـــە هیـــوای مـــنی جێگەی ئۆخەی دوژمنی
وەک کلاَشی سۆفی لـەڕ[1] کاتێ تـــیرەی دێتـــە دەر
لـــووتی ئـــەدا لـــە پاژنـــەی بەکار نایەت لای ئەبـــەی
تۆیش لە سەرما تەوێڵت گیری ئەژنۆی چەوێڵـــت
خۆتکووڕ ئەکەیوەکژیژوو ژیژووی لە سەرما مردوو

---

١. **کلاَشی سۆفی لەڕ**: ڕەگەزێکن لە دۆمەکان، دەستکارەکانیان بەکەلک نایەت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ئەوسا ماڵــت وێرانــە    ئەوسـا دەردت گرانـە
ئەوسا ئـەزانی کـە مـن    خراپتــرم لــە دوژمــن
ئەگەر هیوات بە من بـێ    هەردوو دەست بە گون بێ
ئەگەر حەز ناکەی بمری    بەڵکوو کەڵکێکیش بگری
بــڕۆ بــۆ لای پــارەدار    یـا مـاڵ ئاغـا، یـا توجـار
ببــە بــە کارەکــەریان    یــاخۆ، بــە بارەبــەریان
داری ئاغــا بگــرە دەس    بکوژە و گوێمەدە بە کەس
شەق لە مسکێنی هـەژار    هەتا ئەیبـەی بـۆ بێگـار
بەسەر ئاغا سوێن خواردن    دیـاری بـۆ خـانم بـردن
بەڵکوو بتکەن بە سەرکار    خەرمان هەڵگری بۆ هەژار
لە دە پێنجـی تـاپۆ بـێ    ماوە نیـوەی بـۆ تـۆ بـێ
ئەوسـا بچـۆ دیوەخـان    بەهار بـێ یـاخۆ زسـتان
لێفەی جـوانی ڕەنگـاوی    یا سەوز و سوور یا ماوی
لەسـەر دۆشـەکی نـەرما    لــە دیوەخــانی گــەرما
بۆ خۆت بنوو بە بێخـەم    من هەروامە، کـەوا هـەم

***

کتێبخانەی ... www.rabar.org


## تاکەشیعرەکان

که تیرت هاویشت بەرەو ڕووی دوژمن        خــۆت بــە نیشــانەی تــیری بزانــە

***

بەبێ ئومێدی شیرین، بێستوونی عیشق مەئوامـە
لە یادا هەر ئەمێنێ، فیکر و یـادی (نانـەوازادە[1])م

***

لە ناخی جەرگی زەردەشت، گومبەدی ئەفسانە بەرپا بـوو
لە جێگەی ئـاگری بـاپیرە گـەورەم بارەگـای هەڵـدا

***

ئافـەرم وەســتا ڕەجــەب، بـۆ ســنعەت و دەســکارەکەت
تۆپەکانت چەنـد قـەڵای تـورک و تەتـەریان پـێشـکان

***

لە داخی بێکەسی ئەم خاکە دایم ڕۆژی شەبڕەنگە
مەگەر بەرقی غەزەب ئەم تاری بەرچاوەم تەوەڵلا کـا

***

ئەگەرچی (ئاسنەوە) بێنـازە ئەمـڕۆ        هــەزاران مەعـدەنی قورســی تیایــە

***

نیعمەتە ئەم ئاوە پاکە، قەت بە لێڵی تـێنەگـەن
ئابیاری کێڵـگەکان و دەخـڵ و دانی پـێ بکـەن

***

---

١. مەبەست سەرهەنگ محەممەد نانەوازدەیە. فەرماندەی هێزی کۆماری کوردستان کـە لـە کەوتنە خوارەوەی هەلیکوپتەر شەهید بوو. (ن.ب.)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەکیەتی و دۆستایەتی خەڵکی کەوا پیرۆزە لام
من بە ناخی فەلسەفەی ئەفکاری قەومی تێئەگەم

***

کە ئەسپ و فیل لە بەر دەرکی قەلا پڕ عەزم و سابت بوون
وەزیری موددەعی هەڵهات، لە عەرسەی جەنگ و، شا مات بوو

***

رەقیب بۆیە شکانی تای شوعاعی چاوی ئیدراکم
هەتاکوو کوێر ببم ئیتر نەبینم بەژن و ڕوخسارت

***

دوژمن بە ئەمەل پێئەکەنێ، کوردە حەزەر کەن!
شێری (سەفەوی) سوورە لە خوێناوی جگەرما

***

بخوێنن، هەوڵی زانین دەن، جەهالەت دوژمنی کوردە
کەسێ دانابێ هەرگیز دوژمنی خۆی وا بەخێو ناکا

***

چەلەنگەر! سەفحەکانت، ڕەزمگاهی پالەوانانە
لە عەرسەی بەزمی وەحدەتدا ئەسەف باسێ لە کورد ناکا

***

سەگ پەلامارت بداتێ دانیشی ڕزگار ئەبی
هەرکەسێ هەڵمەت لە کەوتوودا لە سەگ زۆر کەمترە

***

کچ ئەگەر وەک کوڕ نەکا سینگی بە قەڵخانی گولە
زەحمەتە تەنیا بە کوڕ ئیشی گەلت بۆ سەرکەوێ

***

مەنازە قەت بەوەی زالم بە تەنیا دەستی تۆ بگرێ
ژیانی تۆ بەبێ هاوماڵەکانت، نوقمی گریانە

***

www.rabari.org

سوژده بۆ زانین ببەن، حیکمەت بە زاری فێر ببن

ئەی برا بیگرنە گوێ (ماریفەت)ی پیر شالیار

***

سەروەرا! ئەم کارە کاری تۆ نەبوو

یان بڵێم ئەم بارە، باری تۆ نەبوو!

***

من بە جەرگم بەم هەژاری و بێکەسی و داماوییەم

شەڕ لەگەڵ ڕۆژ و سروشت و حاکمی شاران ئەکەم

***

تێغی دەبان چ فەزلی هەیە لای زمانی من

نوتقم کە ئیددیعای ژیان و وەتەن ئەکا

***

پاشا هەزاران وڵاتی داگیر کرد کوردستان بوو بە گۆڕی ئەسکەندەر

***

بە ئاوێنە نەکەن بڕوا ئەگەر خەندەی بە ڕووتا هات

لەگەڵ جەمعی خەلایق دڵ ئەگۆڕێ ڕۆژی سێسەدجار

***

بەبێ تەوحید و سنعەت ناتوانن جەنگێ بەرپا کەن

بەبێ کەسبی هونەر، چۆن لەشکری بێگانە توونا کەن؟

***

ئەگەر دولبەر زەکاتی نازی خەندەی خۆی بە من بەخشی

تەسەللام دێ، کە مەرجە بۆ هەوێنی شیعری دڵداریم

***

ڕێگا مەدەن بە قودرەت و ئەفکاری ئەجنەبی

تەئسیر بکاتە فیکری وەتەنخواهیی کوردستان

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەموو خۆکردە میرم، من هەژار و تۆ بە عینوانی
تەمەننای وەحدەتم بۆ کوردەواری داو و دەرمانە

***

گوێ لە شمشاڵ بگرە چۆن هاوار ئەکا
تێ ئەگەی هاوار لە دووری یار ئەکا...

***

ڕۆژگار شێواوترە، یا زولفی تۆ، یا کاری من؟
خونچە تەنگە، یا دەمی تۆ، یا دڵی بیماری من!

***

سەبا! دەستم بە دامانت کە چوویتە ناو گوڵ و گوڵزار
سڵاوی ئێمە بۆ سەرو و گوڵ و ڕێحانە بنوێنە

***

باخەوان! گوڵ ناکەمۆ با ڕووت لە من عاجز نەبێ
پارچەپارچەی جەرگمە دامێنەمی ڕەنگ کردووە

***

بەهای ئینسان گرانە، گەر عەیاری خۆی نەدۆڕێنێ
کەسێک ئێسکی گرانە بۆ فلس مەهتووک و ڕیسوا بێ

***

خێری قەدەمە، یا قەدەمی خێرە لە بۆمان
ئەو کیژە سەراسیمە و عەودالی وەتەن بوو

***

خەمی کۆنە هبە با نادەم، خەمی تازە یەخەم ئەگرێ
مەگەر دەستی قەدەر بێت و لە جەمعی خەم نەجاتم با...

***

کوفر نابێ بخوێنی عیلمی دەریا      بزانی سیرڕی گەردوون چەندە قووڵە

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabaz.org

لە دووری مەسکەنی ئەژدادی خۆم پێم نایە دنیاوە
بە ئاواتم کە ڕۆژێ خزمەتی خاکی مەریوان کەم

***

نەفەسبەرزی سەروەتێکە، لای هەموو دەس ناکەوێ
لای کەسێکە ڕووتەڵ و بۆ نیشتمان دێوانە بێ

***

قەدری زانین لای کەسێکە، قەدری زانینی هەبێ
گوڵ بە دەستی تفلەوە، شەیداسەر و دێوانەیە

***

ماڵ و حاڵم بۆ چییە گەر میللەتم زیللەت بژی
تاجی سەرشۆڕی فڕێدە، تۆش وەکوو میللەت بژی

***

کە شیشە پێکەنی پەرداخی خستە گەردشی دەووار
بە نەشئە لەشکری جەم کرد و تاراجی خەمی تێکدا

***

تا بە کەی فیکری سیراتەلموستەقیم ئەگرن بە دڵ؟
خزمەتی ڕێی نیشتمان بۆتە سیراتەلموستەقیم

***

تاکە تاکەی دێڕەکانم جەوهەری فیکری دڵن
ئاگری عیشقی بەسۆزی کوردەواری دەرئەخەن

***

شوان و سەپان و ئاغا، سەردار و میر و گاوان
گەر یەک نەگرن هەمووتان وێرانە حاڵی کوردان

***

تەعەسسوب لا بەرن، بەزمی عەشیرەتکاری توونا کەن!
بچێنن فیکری وەحدەت، بەسیەتی هەنگاوی کوێرانە!

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەتا کەی خاکی کوردان بێکەس و بێیار و پەرچەم بێ[1]؟
تەماشای مانگی (نیسان) کە هەور بۆ کوردستان ئەگری

***

کە من نەردم لە دەسچوو چی بکەم جووتم بە تاکی هات؟
فەلەک وەک دوژمنە سەیری کە نەردم تاکی هێناوە

***

تەسەللای ڕۆحە دیدارت، تەمەننای سۆزە ڕوخسارت
شەهادەی مەکتەبی عیشقم بەبێ تەوقیعی تۆ ناچێ

***

کێ ئەڵێ ئەسپی ڕەسەن، مەهجوورە یا ملکی منە؟
چونکە ماکی تەربیەی ئەم کوردستانەی پێوەیە

***

نامەوێ پشتم لە جەنگا دەرکەوێ بۆ دوژمنم
لاشەکەم با غەرقی خوێن بێ تا ئەگاتە گەردنم

***

دڵ بە حاڵی ئەم گەلە تاکەی نەسووتێ ئەی ڕەقیب
سەیری بێنازی زمان و خاک و سامانی بکە

***

نارۆمە دەر لە خاکی عەزیزی وڵاتەکەم
سەربازی قیبلەگاهی ئاگر و ویژدانی ئەم گەلەم

***

حەقمە گەر شەیدای وەتەن بم، ئەی ڕەقیبی نابەکار!
سەیری ئەم شاخ و چیا و ئاو و هەوای کوێستانە کە

***

١. پەرچەم: واتە ئاڵا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabar.org

نیعمەتە ئەم خاک و خۆڵەم، تا ئەبەد جێی نایەڵم
خاکی سووتاوی وەتـەن بـۆ سـورمەیی چاوانمـە

***

سەرم سوڕماوە نازانم چ وەرزێـک، وەرزی شـیوەنمە
خەنەبەندان ئەکا دار ئەرخـەوان یـا خـوێنی لاوانـە؟

***

زەردەشت مامۆسـتای گـەورەی ئینسـانە
ئاوێســـتا خـــەڵات بـــەرزی ئاسمانـــە

***

لە خاکی کوردەواریدا تەماشـای حـیرفی ئوممـەت کـە
بە نیسبەت دەستی، گۆڕهەڵکەن زیادە تـاکوو میعمـارم

***

بە ئاوێستا، بە زەردەشت، یان بە ئاگر چۆن نەنازم من
بناغەی وەحدەت و ئەفکاری ئینسانی کە دامـەزران؟

***

مشـــتە خۆڵـــێک لـەم وڵاتــە بــردنی جـایز نییــە
باجی ئەو خۆڵە دەمێکە، ئێسک و خوێنی ئەم گەلـەس

***

فەلەک عیلم و نیزامە، تێنەگەی لێـی چـاوت نابینـێ
بخوێنە تاوەکوو ئەسراری گەردوون بێتە ژێـر دەسـتت

***

ئەسپی ڕاستم خۆ و ڕەوشتی ئەسپی مادی گرتـووە
بێتـە جـونبش ئەیبـەزێنێ فیلـی هیندسـتانەکەت

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەبەسسوم سیحرە لای من گەر دەوای دەردێکی پێنەکرێ
تەماشای سۆزی سینەم کەن، غەریقی زیکـری کوردانـە

***

گشت ساڵێ لە بیستویەکەمی (ئازەر)ی بـەدکار
شینی منـە یـا جەژنـە لـەبۆ ئێـوەیی خونخـوار؟

***

ئەڵێن تەلحەند لە شەڕ کوژرا و بەسەرهاتی بە (شەترەنج) بـوو
لەبــەر چــی یادگــاری شــاری بۆکــانم فەرامۆشــە؟

***

نەهامـەت باڵـی ڕاکێشـا بەسـەر ئیقلیمـی ئیقباڵـم
لە زیکرا ناوی مەحۆو بوو حسـێنی زادەگـای چـۆڕم

***

نازی تۆ ئاغام، لە نـاو ڕەنجـی منـا پـەرواز ئـەبێ
ڕەنجی بازووی من نەبێ، ئەم نازی تۆ بێناز ئەبێ

***

دەستی مەردی توند لە حەڵقەی کاسبی مەحکـەم بکـە
پووڵــێ ناکــا، هیممــەتی پیرشــالیار و کۆنــەپۆش

***

وڵاتت چاوەڕوانی سنعەتە تا پرچ و زەرگ و ڕیش
خەرافات و درۆ لابـە ئەگـەر تـۆ ئـەهلی ئیمـانی

***

لــە بێگانەپەرســتی دوور کــەون خزمینــە، هــاوارە!
چ خەندەی دوژمنت هەرگیز، دەوای دەردی وەتەن ناکا

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabt...

مەسیح فریا کەوە، گیانی شەهیدانم بپارێزە

نیشانەی ئیفتیخارە، ئینديحاری شاری بۆکانم

***

لە تەکیە و دیوەخانی بابی خۆم ئاوارە بووم بۆیە

لە (ڕیشێن)ی بناری شارەزوورا هاتمە دنیاوە...

***

لە سۆزی عیشقەدا سووتام، کەسێ یارم نەبوو جارێ

قوڕی ئەم خاک و سەحرایە، بەسەر خۆدا نەکەم چی بکەم؟

***

فیلی ڕەش هێزی نەما، ئەسپی ئەجەل هاتە سەری

قەلعە دەربەستە، وەزیر بێشوێنە، شاهم ماتەمین

***

ڕەقیب! بێسوودە دەرناچم لە خاکی باب و باپیرم

کە گیانم جەوهەری بەندی سروشتی خاکی کوردانە

***

تەخەللوس (کۆرە) بوو، چاوی دڵی تانەی بەسەردا هات

ئومووری لەشکری کەوتە خەتی داوی (خەتێ) ناوێ[1]

***

بە ڕەنجی شان و باڵ و فیکری خۆت چاری وەتەن نەکرێ

نە تەکیە و خەناقا هیچیان دەوای دەردی وەتەن ناکەن

***

گوڵی بێ دڕک و داڵ، بێبۆیە قوربان

جلوبەرگی خەلات، بێ(شوێیە) قوربان

***

---

١. ئاماژەیە بە بەسەرهاتی میری ڕواندز کە بە (پاشا کۆرە) بەناوبانگ بوو. باسەکەی لە شیعری کورتەی بەسەرهاتی میری ڕواندز (ل. ٥٢٩) دا هاتووە. (ن.ب.)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تۆ کە قەسری جەننەتە ڕووت ، فەرموو سا بـۆ ڕووتـی ڕووت

ئودخولوهـــا قـــانعین، ئەگریجەکــەم پــەرژین ئــەکا

***

بە عەقڵی خۆم قیاسی چاوی ئەو شۆخەم بـە ئەختـەر کـرد

بە عیشوە چاوی بەرزۆ کـرد، هـەزار جـوێنی بـە ئەختـەردا

***

**قانع** بە زمانی کوردی، مەدحی خـوای ئەنووسـێ

تا کەس نەڵێ بە کوردی، نەکراوە وەسفی وەهاب

***

بۆ قیمەتی تۆ تاجی کـەی و تـەختی سـولەیمان

کێشانە بکـەن، سـووکە لـە نـاو تـایی تـەرازووت

***

کچ کە وەختێ کوڕ ئـەبینێ، قـانعی پەیـدا ئـەکا

جا کەوا بوو کوڕ بە هیچ و قابیلی تەحسـینە کـچ

***

ئەچمە بەر مەیدانی دوژمن با حەلاڵ کا گـەردنم

نامـەوێ ئـەم ژینـە تاڵـە، یـا وەتـەن یـا مـردنم

***

با بناڵێنم لە داخی ئیشی چـەرخی کـاری پـووچ

بـۆ نـەبوونی بـازە ئەمـڕۆ، ئیتتیفـاقی پـۆڕ و زاخ

***

بۆ سەعادەت تـێئەکۆشـم، تـا سـەعادەت بێتـە ڕێم

دەنگی هاژەی قەڵبەزەم، هـاواری کوردسـتان ئـەکا

***

كتێبخانەی دیجیتاڵی www.ra...

هەردوو هەروەک بەیدەقی سالک بیابان تەی ئەکـەین
ئەو بە هیوای بوونە فـەرزین و منـیش بـۆ کوردسـتان

***

ئەڵێن زوحاک دڵـی بـەردی بـە بەندیخانـە دانـا بـوو
بەڵام شمشێری مەرگی خۆی لە کوورەی کاوە ئاودا بـوو

***

قەت لە بیرت دەرنەچێ کوردە زڕەی زنجیری پێـت
تۆ تەماشا کە لـە دەس بێگانـەکان چـی هاتـە ڕێـت

***

سەیری لوبنان و گەڕانی چـین و مـاچین بـۆ بکـەم
تا ببێ بەفراو و مێرگ و چیمەن و کوێسـتانی کـورد

***

لە عیشقی تاکە خاڵێ بوو لە چاهی غەبغەبی شیرین
کە ئێستاش جۆشی هەر ماوە ئەساسی شۆڕشی فەرهاد

***

**قانعا** خـۆت و دڵـت هـەر قـوڕ بپێـون دەم بـە دەم
تۆ لە داخی ئـەم زەمانـە و ئـەو لـە بـۆ دیـداری یـار

***

ئـەو منداڵـەی ئەمـڕۆ بـێنـازە، سـبەی سـەرکردەیە
گیانی خۆتی بـۆ دەرێنـە، گـەر نـەوەی لاوت ئـەوێ

***

شەخس وەختـێ عالمـە، عـالم بەهـەر ئەشـیا ببـێ
بێسەواد وا تێئەگا زانین هەمووی دەسنوێژە و نـوێژ

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



تاقی (خانئەحمەد) لەگەڵ تاقی (کلاوزەڕ) پێکەوە
ناخی سەختی ئارەزووی میرانی کوردم دەرئەخەن

***

مەکەن هەرگیز خەیاڵی ژێردەسی خەڵک
دەسا کۆشش لەهەر کاری فەنا بەس

***

ئەگەر زاهید تەنەففور کا لە سەیری ڕوومەتی ئاڵت
ئەبێ تووشی جەزای خۆی بێت، بە ئەمری ئامیرانی شەرع

***

گەر بە نازۆ بێتە سەر باری کەرەم بۆ عاشقان
سەد کەڕەت بێجا ئەکا شێخ ڕوو ئەکاتە سەر سلووک

***

دەستی تەڕەب و قەلبی تەڕ و کەللەیی پڕشەوق
هەر سێ بە فیدای خاڵی لەب و پەرچەم و سونبووڵ

***

یادگار و تانەیی چاوە لەبیر ناچێتەوە
چۆن مەهاباد باوەشی خۆی بۆ شەهیدان گرتەوە

***

لەناو هەر مشتەخۆڵێک چەندەها ئەسراری تیا کەتمە
هەمووی کانی زەڕ و زیوە، وڵاتی کوردەواریمان

***

شەو و ڕۆژ دێت و من بیرم لەلای ئەم خاکە سووتاوە
کە شیوەن پیشەمە ئیتر لەسەیرانی بەهارم چی؟

***

چ فەرقێکی نییە لای من گەدایی یاخو پاشایی
کە هەردوو هەر ئەمانەت بن، خەیاڵی تەختی شا ناکەم

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.ra...

موقەددەر باڵی توند بەستم، دەری کردم لەناو یاران
مەگەر ئەمجا بە ناچاری ڕەفیقی جنیـی و دێوکـەم

***

**قـانع** ئەمـڕۆ لـە زینـدانا بـە ئـازادی ئـەژیم
سەد هەزار لەحنەت لەوەی وا نۆکەری بێگانەیـە

***

ئەلا ئەی عاشقی فلس و فیداکاری مەڕ و مێگـەل
بزانە قەدری مەعنای خۆم بە پارەی ناڕەوا نـادەم

***

لە ڕۆژ بێزارم و مەحرەم بە من هەر تاریکی شەو بـوو
کە سێبەر هەر ڕەقیبم بێ، لە ڕۆژی ئاشکرا چی بکـەم؟

***

زوڵفی ئەو نازداری خۆمە، ڕێ نەدەن بێت بەهەشـت
شەرتە **قانع**، تەرکی دووسەد کەوسەر و ڕیـزوان ئەکـەم

***

خەڵکی گەییە جەلبی ڕوح و ئـەو خـەریکی شـانەیە
حەز لە تەزبیحی گڵـین و خـرنووک و قـەزوان ئـەکا

***

نەڵێی بەخوا بە گوێی ناکەم، وتاری گشتی بێسوودە
هەتا مەعلووم نەبێ ئایا کە ئـەم شـێخ **قانعـە** کێیـە؟

***

وەرە بنوارەکـــاکم لافی خـــەمخۆری مـــنی لێـــدا
کەچی بۆ تاکە یەک ئانە، سەری سەد وەک من ئەشـکێنێ

***

گوێ لە یاری پڕگـەزاف و پـڕ درۆ مـەگرە بـە هـیچ
چـون شـەریکی کـردنی پیـاوی درۆزن نەگبەتـە

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەگەر **قانع** لـە لافی عیشـقەدا کەڵلـەی بەجۆشـش بـێ
هەزار مەجنوون و سەنعانیش بە زەوقی شیعری شەیدا بـێ

***

چـەپکی گـوڵ و خـوێنی جگـەرە یـادی حـوزەیران
ئەشـنێتەوە دایم لـە دڵـی کـوردی بـە ویـژدان

***

خەتابارە خـەتێ، مێـژوو خـەتی ئـەخلاقی کێشـاوە
کە دەستی نایە ناو دەستێکی ئاسن، دەستی خوێناوی

***

بۆیە پێم خۆشە کـە تـابووتم لـە بـەرزی دابنـێن
تا نەسیم و بای شەماڵـی کوردسـتان بیگرێتـەوە

***

پیاوێ ئازا بێ لە ژێر کێشە و خولی گـەردوونی دون
ڕائەوەستێ و شانی خۆڕسکە وەکوو ژێر بەردی ئـاش

***

موخەییـەر بم لـە بـەینی تـۆ و بەهەشـتا
لە جەننەت دوور ئەبم، سەیرانی تۆ خۆش

***

گوڵی عەنبەر نییە، ڕەمـزی گوڵـێکە عەنبـەری نـاوە
تەجەللای بەختی شۆخێک بوو، ئەساسی جامعی دانا

***

## چوارینەکان

دەستەپاچەتێنەگەی لێم، ئەی ڕەقیبی هۆزەکەم!
میحنەتی تۆ فیکری قەومیمان لە بیر ناباتەوە
با من و تۆ پێکەوە هەردوو برا بین ئەی عەرەب!
بێت و یەک بین موددەعی گۆی هونەر ناباتەوە

***

بە سیحری تێمەگەن عیلمی زەمانە
بخوێنن چونکە خوێندن پشتیوانە
نەجاحی ئەجنەبی وا ئەچنە کەوکەب
بەهێزی خوێندنە، چاکی بزانە

***

فەرهاد بۆ شیرین چەکوشی ئەوەشان
بەردی ئەتاشی و بەردی تێکئەشکان
ئەی بۆ فەرهادێک نەهاتە ڕووی کار
شیوەن بتاشێ لە ڕووی کوردستان؟

***

بە ناوی دینۆ جەڵەیان کردین
بەڕێزە بۆ ناو سەنگەریان بردین
کاتێ زانیمان ڕۆژمان لە دەس چوو
یەکێئەیکوشتین، یەکسەیریئەکردین

***

لەگەڵ فەرهادا دڵمان ئەبرژان
فرمێسکی سوورمان بەکوڵ دائەڕژان
هەردوو زوخاوی فیرقەتمان نۆشی
ئەو بۆ شیرین و من بۆ کوردستان

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حیلفی بەغدای شوومی فاشیستی کە هاتە گـۆڕەوە
بۆ نیـازی پـڕ لـە کینـەی دوژمـنی سەرشـۆڕەوە
ماهـەکی پـەیمانی سـەعدابادە، پـەیمانی بـەغا
خۆزگە میللەت ڕای‌ئەماڵی و شۆڕیەکردە گۆڕەوە

***

لە (ئامێدی) و لە (پالوو) تا وەکوو (وان)
مس و قورقوشـم و ئاسـن تێکـەڵاوە
(دیاربەکر)م هەمووی زێڕە لەبۆ خەڵک
لە (سیرت)ـا، نەوتی باپیرمان بـراوە

***

عەسبتولئوموم ئەگـەر حەقـدارە
لە حاڵی عالەم چاک خەبـەردارە
بۆچی لە ئەحواڵ کوردان ناپرسێ
مەگەر لە لەعنەت تەئریخ ناترسێ؟

***

زۆر بـێ‌خەبـەرین ئێمـە لـە ئـەوزاعی ویلایـەت
بێ‌خوێنـدن و بـێ‌سـنعەت و تـەفکیر و درایـەت
عالـەم هـەموو سـەییاحی سـەماوات و بیحـارن
ئێمەش کە بەهۆی جەهلەوە وا بووینە حیکایـەت

***

شەپۆلی لەشکری یۆنان، کە خـاکی مـادی یـەغما کـرد
تەبەسسوم غەرقی خوێناو و سـەر و سـامانی بـەربا کـرد
لـەڕووی دوازدەهـەزار پێسـتەی وڵاخ نووسـرابوو ئاوێسـتا
ئەوەی فەنی پزیشکی و فەلسەفی بوو بردیان، بـاقی لـەناوا بـرد

***

من و تۆ هەردوو زادەی یەک خـاکین
بـۆ تـۆ حـاکم و مـن ئاشـەوان بم
ئەگەر لای دوژمن هەردوو مەکروهین
چۆن تۆ وەزیـر و مـن پاسـەوان بم؟

***

کتێبخانەی ڕۆژهەڵاتی www.rojhelat-bari.org

کاکی ڕەنجبەر لە کاتی گـۆرانی مەکە مەدحی ئەمیر و سولـتانت
باسی هەوڵ و ژیانی ڕەنجبەر کە باشـتره تـاکوو وەسـفی خانانـت

***

بە فیت و مالّی عوسمانلی لە خوێنی ئاردەلانیـدا
سەری نینۆکی سوور بوو لەشکری میرانی بابـانم
ئەسەف دارێک ئەبێتە کلکی تەور و دارێتر ئەبڕێ
بە ئەم دەردە گرفتارە سەراسـەر خـاکی کـوردانم

***

سکەندەر خەڵقی کوشت و ماڵی سـووتان
کەلاوەی کرد لە جیاتی کۆشک و بوونیان
لـــە چــەرخی ئاردەشـــیری بابـــەکان‌دا
بـە وەحـدەت دانـرا، فەرهـەنگی ساسـان

***

خـاوی کـردەوە کـرژی دەمـارم کەوتــەوە بـیرم، یـاری دڵـدارم
کزکز بۆی گریام، تا تەواوی کـرد زانی پەشـێوم، شمشاڵـی لابـرد

***

سـووچت ئـەوەبوو فـەرمووت نیشـتمانیم؟
بیشـــم‌خنکێـــنن هـــەر کوردســـتانیم!
سووچت ئـەوە بـوو دوژمـن هـۆز نـەبووی!
سووچت ئەوە بـوو جاسـووس کـۆز نـەبووی!

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# DÎWANÎ QANÊ

## Şayerî Çewsawekanî Kurdistan

Ko Kirdnewey:
**Borhan Qane**

شابک ۲-۳۹-۷۱۰۵-۹۶۴-۹۷۸
9 789647 105392

طرح جلد: فاروق دستوره
Zanko4222@gmail.com

پەخشانگای پانیز